

# وتارو وتووێژەکانی

## هاوڕێی تێکۆشەر د. ئاسۆ حەسەن زادە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٨ ...................... لاپەڕەی ........ ٢٨٩


١- مەرجەکانی سەرکەوتنی جووڵەی جەماوەریی ئەمجارە لە ئێران.............................................................

٢- کوردەکانی ئێران لەتە ونەکەی پازڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.........................................................................

٣- باس و بڕیارەکانی پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی.......................................................................

٤- کورد و ئایندەی ئێران..................................................................................................

٥- ساڵ جیهاد بەدژی خەڵکی کوردستان.........................................................................................

٦- پرێس کۆنفرانسی جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان.......................................................................

٧- دەقی قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی تەواوبوونی دەوری ٢٣٠ی سەرەتایی پێشمەرگە.............


### بەشێک لە لێدوان، دیدار، سیمینار و کۆبوونەوە


٨- لێدوان بۆ ڤی ئۆ ئەی تورکی سەبارەت بە خۆپێشاندانەکانی ئێران........................................................

٩- کۆبوونەوە لەگەڵ ڕاوێژکارانی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سەنای ئەمریکا.............................................

١٠- پێکهاتنی مێزگردێک لە "واشینگتۆن ئینستیتوت"..................................................................

١١- دیدار لەگەڵ یاریدەدەری دێسکی عیراق و ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا......................................

١٢- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکانی ئەمریکا.................................................................

١٣- بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حدک..........................

١٤- ڕێژیمی ئێران، خەڵکی ئەو وڵاتەی بە بارمتە گرتووە.............................................................

١٥- دەستی ئێران لە ناوچەکە کورت دەکرێتەوە".......................................................................

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٩ ...................... لاپەڕەی ........ ٤٧

١٦- قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران...

١٧-پوختەیەک لە قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی خوێندکاری کورددا...

١٨- دانپێدانانێکی درەنگ وەخت بە «گوناح»...

١٩- وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم: بۆ "ئا"؟ بۆ "نا"؟...

٢٠- قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە پارلمانی سوئێد...

## بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠ ...................... لاپەڕەی ........ ٧٠

٢١- ئەزموونی ئەو غەدرە دەگمەنە!...

٢٢- نامەیەک بۆ کچەکەم (نووسینی: ئیدیر)...

٢٣- حەفتا و پێنج ساڵ کوردایەتی و ئازادیخوازیی...

٢٤- بەیادی "ئەسیری فریشتەوەش"!...

٢٥- بۆ خاتری خوا و لەبەر خاتری "ماریان"...

٢٦- ڕۆڵـە گۆشکراوەکەی نێو شۆڕش و دکتۆرە گەنجەکەی ئەمڕۆ...

## بەشێک لە وتووێژەکان ...................... لاپەڕەی ........ ٩٤

٢٧- تاراوگە و سیاسەتی کوردی، لە دیمانەیەک........................................................ خالید محەممەدزادە

٢٨- حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی گەنج دەکاتەوە.................................................. سۆران پاڵانی

٢٩- کورد گەورەترین غایبی بزوتنەوەی ئەمڕۆی ئێرانە................................................. ڕۆژنامەی ئاوێنە

٣٠- شۆڕشە ڕەنگییەکان و بزووتنەوەی سەوز وەک شۆڕشێکی ڕەنگی........................................ گۆڤاری لاوان

٣١- کورد، هەڵبژاردنی سەرکۆمار و "پرێسترۆیکا"ی ئێرانی............................................. کەریم مەرەسەنە

٣٢- پرسی دروستکردنی ئوستانێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان......................................... کوردستان و کورد

٣٣- پەسندکرانی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان................................... عەلی بداغی

٣٤- ئەمەریکا و فەڕەنسا زۆر زیاتر لە رابردوو سەرنج دەدەنە فاکتەری کورد لە ئێران........................ رۆژنـامەی وشە
٣٥- بەهێزبوونی کورد لەخانەی سەربازیدا دەتوانێ............................................ رۆژنامەی کوردستانی نوێ
٣٦- وتووێژی لەگەڵ رۆژنامەی وشە..................................................................... هیدایەت جان
٣٧- پرسی کورد و چاوەدێریی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران............................................ جەماڵ ئیختیار
٣٨- بە بۆنەی سەت ساڵەی پەیمانی سایکس - پیکۆ.................................................... رۆژنامەی کوردستان
٣٩- وجودی مسعود بارزانی هۆکارێکی بەهێزە بۆ ئەکتیڤبوونی پرسی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا........... گۆڵان
٤٠- گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە.................................................................... دیدار: م.ئازاد
٤١- کاریگەریی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە لەسەر شێوازی خەباتی کورد.................................. ڕۆژنامەی کوردستان
٤٢- کۆماری ئیسلامی ناتوانێ وەڵامدەری داوای خەڵکی ناڕازی بێ.................................... دەنگی کوردیی ئەمریکا
٤٣- بۆ ڕۆژنامەی "ئەلقەبەس"ی کوەیتی: ڕێژیمی تاران مەحکووم بە نەمانە.................................. مەسعود محەممەد
٤٤- لەبارەی دەرەنجامەکانی لەبارچوونی بەرجام............................................................................ ڕووداو
٤٥- کاری هاوبەشمان نابێ هەر بەیاننامە دەرکردن بێ!......................................................... مەنسوور مروەتی
٤٦- با جارێک بۆ هەمیشە قبووڵی بکەین کە هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستییان بە یەکترە...... رۆژنامەی کوردستان



## بابەتی ساڵی: ٢٠١٨

## مەرجەکانی سەرکەوتنی جووڵەی جەماوەریی ئەمجارە لە ئێران

(دەقی قسەکانی د. ئاسۆ حەسەن زادە, جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە سیمیناری «مێراو» لە واشینگتۆن)

لەگەڵ سڵاو لە دۆستانی خۆشەویست و سوپاس و دەسخۆشی لە «مێراو» بۆ پێکهێنانی ئەم سیمینارە کە بەلەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێران تەواو بەوەخت و بەجێیە. پێش هەموو شتێک پێم خۆشە بڵێم ئەوە کە منیش باسەکەم لێرەدا بە زمانی فارسی پێشکەش دەکەم، ئەوە تەنیا هۆکاری عەمەلیی هەیە و بۆ ئاسانکارییە، واتە ئەوە کە فارسی تەنیا زمانە کە هەموو بەشدارانی ئەو سیمینارە لێی تێدەگەن، دەنا بە باوەڕی من هیچ زمانێک لە زمانێکی دیکە فەرزتر نیە و باوەڕم بە داهاتوویەکە کە لەودا تێگەیشتنی هاوبەش و دوولایەنە لە ڕوانگەکانمان پێش هەموو شتێک بە فێربوون و بەکاربردنی زمانەکانمان نیشان بدەین.

وەک ڕاگەیەندراوە، تەوەری ئەم سیمینارە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەهەندە نوێیەکانی جووڵە و هەستانی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێرانە. لەگەڵ ئەوەدا کە لەگەڵ سەردێڕی سیمینارەکە تەواو کۆکم چونکە جۆش و خرۆشی ئەم دواییانە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی نوێ و جێگای هیوای هەیە کە پێویستە زەق بکرێنەوە، بەڵام لەو باوەڕەدام کە نابێ تەنیا بە شرۆڤەکردن قەناعەت بکەین، بەڵکوو پێویستە هەوڵیش بدەین سەبارەت بە دەکارخستن و باشترکردنی ئەم ڕەهەندە نوێیانە بە چەشنێک کە ئەم حەرەکەتە یا حەرەکەتەکانی لەم جۆرە درێژە بکێشن و سەرەنجام سەرکەون، بۆچوونی خۆمان بڵێین، بەتایبەتی کە پانێلیستەکانی ئەم سیمینارە هەموومان سەر بە کۆمەڵێک لایەن و ڕێکخراوین کە لەم دواییانەدا لە چوارچێوەی شووڕای دێموکڕاسیخوازانی ئێراندا لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەمای هاوبەش بۆ لەمەودوای خەبات و ئایندەی ئێران ڕێک کەوتووین، و هەلومەرجی ئێستا باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی بزانین بەڕاستی ئەم جۆرە ڕێککەوتنانە چەندە قابلییەت و کەیفیەتیان هەیە.

هەروەک گوتم جوڵە و جۆش و خرۆشی ئەم دواییانەی ناوخۆی ئێران کۆمەڵێک ڕەهەندی نوێی هەیە کە خاڵی بەهێزی ئەم

حەرەکەتەیە، بەڵام هێندێک تایبەتمەندیشی هەن کە لە حەرەکەتەکانی پێشووشدا بوون و خاڵی لاواز و پانیەی ئاشیلی حەرەکەتەکەش هەر ئەم تایبەتمەندییە دووبارەبووانەن. ئەمن لە باسەکەمدا وێڕای هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی حەرەکەتەکە، ئاماژە بە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دەکەم و بەو کارە لەڕاستیدا تێدەکۆشم پێویستییەکانی گۆڕینی ئەم حەرەکەتە بۆ بزوتنەوە یا ڕەوتێکی گۆڕان ساز دەستنیشان بکەم.

ئەگەر تا ئێستا لە دەستەواژەی جووڵە و جۆش و خرۆش کەڵکم وەرگرت لەبەر ئەوەیە کە ئەم دەستەواژانە نۆترال و ناڕوونن و کانسێپت یان چەمک نین. بە پێچەوانەی دەستەواژەگەلی وەک بزوتنەوە، ڕاپەڕین یا ئینقلاب کە ئەوانە هەم لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا چەمکی دیار و پێناسەکراون و هەم لە مێژووی ئێراندا هەڵگری بارێکی واتایی تاقیکراوەن. بە پێی گۆشەنیگا یان ئەو چوارچێوە تیئۆریکەی هەڵی دەبژێرین هەڵسەنگاندن و ئاکامگیرییەکان دەتوانن زۆر جیاواز بن، بەڵام ئەگەر لەڕادەبەر بەدوای تیئۆری سازی و جۆرناسیدا نەڕۆین و شتەکە سادە بکەینەوە، دەتوانین بڵێین کە بۆ ئەوەی حەرەکەتی ئێستای خەلکی ئێران ببێتە بزوتنەوە یان کارزارێک کە گۆڕان دروست بکا (جا ئەو گۆڕانە لەڕێگای پاشەکشەی هەنگاو بە هەنگاوی ڕێژیم بێ یا لە ڕێگای ئینقلابێکی دیکەوە)، پێویستە ئەو حەرەکەتە بە هێندێک تایبەتمەندی تەیار بکەین. بە پێچەوانەی حەرەکەتەکانی پێشوو، حەرەکەتی ئەمجارەی خەڵک لە ئێران کاکڵ و جەوهەری زۆربەی ئەو تایبەتمەندییە پێویستانەی تێدایە بەڵام بەشێوەی سەقەت و زەفەرهەڵگر. کەوابوو داهاتووی ئەم حەرەکەتە و حەرەکەتەکانی لەمەودوا بەستراوەتەوە بە هاوهەنگاوی و لێهاتوویی هەموو ئازادیخوازانی ئێران بۆ دروستکردن، باشترکردن و قووڵکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییانە و لە بەرامبەردا کەمکردنەوە و نەهێشتنی لاوازی و کەموکورییەکان.

نموونەکانی ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی جیهاندا یەکجار زۆر و جیاوازن و لەبەرهەڵگرتنەوە و بەگشتی کردنی هیچ مۆدێلێکی گۆڕانی بنەڕەتیش نە مومکینە و نە بە قازانجیشە. دیارە ئەزموونی گەلانی دیکە بۆ نموونە سێ چوار شەپۆلی دێموکڕاتیزاسیۆن لە دنیادا بەبێ شک دەتوانێ بەسوود و ئیلهامبەخش بێ، بەڵام لە هەمووی گرینگتر لە ڕوانگەی منەوە واقعیاتی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران و ئەزموونی سەد ساڵەی چەرخەی بێ ڕاوەستانی سەرەڕۆیی - گۆڕان - سەرەڕۆییە. ئێستا ئایا ئەم تایبەتمەندییانەی ئەمن هێندەی پێ لەسەر دادەگرم کامانەن؟ مادام هەموومان لەسەر ئەوە هاوڕاین کە نە درێژەکێشانی وەزعیەتی مەوجوودمان قبووڵە و نە دەشمانەوێ جارێکی دیکە تاقمێک (چ لەنێو نیزام چ لە دەرەوەی نیزام) سەرلەنوێ بەرهەمی نارەزایەتی و فیداکاریی خەڵک بۆخۆیان ببەن، دەبێ سەرنج بدەینە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و پێویستی کە لە ڕوانگەی منەوە لانیکەم شەش دەستەن:

مەرجی یەکەمی هەر بزوتنەوەیەک کە گۆڕانی بنەڕەتیی لە وڵاتێکدا لێ بکەوێتەوە، ڕەسەنایەتی و خۆجێی بوونی سەرچاوە

و هۆکارەکەیەتی، واتە ئەوە کە بەستێن و پاڵنەری ڕاستەقینەی ناڕەزایەتی و ویستی گۆڕان لە قووڵایی کۆمەڵگادا و لەسەر بنەمای کێشەی خەڵک و دەسەڵات هەبێ بەدەر لە کێشە و مشت و مڕە دەرەکی و نێونەتەوەییەکانی نێوان حکومەتەکان. بەباوەڕی من ئەم یەکەمین تایبەتمەندییە لە هەمووان کەمتر جێگای باسە و تەنانەت دەتوانین بڵێین موناقشە هەڵناگرێ. ڕاستە کە لە حاڵەتی لەمجۆرەدا هەمیشە کێشەکان ڕەهەندێکی نێونەتەوەییش بە خۆوە دەگرن و لەهەرحاڵدا کۆماری ئیسلامی هەموو بزوتنەوەیەکی ئێعترازی بە بێگانەکان نیسبەت دەدا، بەڵام بۆ هەموو لایەک روون و ئاشکرایە کە پاڵنەری ئەوەڵ و ئاخری ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانە هەروەک هی ئەوانەی پێشوو پڕبوونی کاسەی سەبری خەڵک و وەزاڵە هاتنیان لەو هەموو زوڵم و ستەم و ناکارامەییەی ڕێژیمە. ئەم حەرەکەتە نەک تەنیا ئاکامی کەڵەکە بوونی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی وڵات لەبواری هەژاری، بێکاری، ئیختلاس، ڕانتخۆری، بەرزبوونەوەی نرخەکان، نەمانی یارمەتییەکان و شتی لەم بابەتەیە و بزوێنەری دەسپێکی حەرەکەتەکەش هەر ویستی مەعیشەتییە، بەڵام هەروەک لە ئاقارەکانی دواتری حەرەکەتەکە و دروشمەکان ڕا وەدەرکەوت خەڵک زۆر چاک ئاگاداری ڕەهەندی سیاسی و ریشەی سەرەکیی کێشەکانیش هەن و لێیان غافڵ نین، واتە بوونی ئیستبدادێکی مەزهەبی کە بەپێچەوانەی زەرفییەتە رواڵەتییەکانی لەبواری رکابەری بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا، بە زۆر شێوە هەموو ڕێگاکانی ئاڵوگۆڕ و تەنانەت دەرفەتی دەربڕینی خواستی ئاڵوگۆڕ لەو نیزامەیدا بەستووە، نیزامێک کە لەودا گرینگترین نیهادی بەرپرس لەبواری عەداڵەت و لێپرسینەوە واتە دەسەڵاتی قەزایی بووە بە ترسناکترین و گەندەڵترین و باوەڕپێنەکراوترین دەزگای دەوڵەتی، نیزامێک کە بۆ نموونە بەجێگای بەڕێوەبردنی دروستی بنیاتە داراییەکان یا بردنەسەری ئاستی وڵامدەریی دامودەزگاکانی حکومەت لە کاتی کارەساتە سروشتییەکاندا، هێشتا هەر ئەولەوییەت بە بەرنامە تێکدەرە پرتێچووەکانی لە ئاستی ناوچەیی دەدا و بەمجۆرە خەڵکی ئێرانی نەک هەر لە ئازادی بەڵکوو لە پێداویستیی ژیانیش بێبەش کردووە. ئەم حەرەکەتە لەپڕ دروست نەبووە و بە چەشنێک نەک هەر درێژەی ناڕەزایەتییەکانی پێشوویە بەڵکوو ریشەی لە مێژووی ئێرانیشدا هەیە چونکە هەموو ئەو خەفەقان و فەرق و جیاوازییانە و نائومێدی لە ئیسلاحی نیزام کە نزیک بە چل ساڵ پێش ئێستا خەڵکی هێنایە سەر ئینقلاب کردن، ئەمڕۆش هەمان ئەو هۆکارانە خەڵکیان ڕژاندۆتە سەر شەقامەکان.

تایبەتمەندی و پێویستیی دووەمی بزوتنەوەیەکی گۆڕانساز بەربڵاوی و فراوانیی لەسەر ئاستی سەرجەم وڵات و کۆمەڵگادایە. دیارە دەکرێ لە وڵاتێکدا گرووپێکی زۆر بچووکیش کوودێتا بکا، لە زۆربەی ئینقلابەکانی دنیاشدا چین و توێژێکی دیاریکراوی نێو کۆمەڵگە ڕۆڵی بڕیاردەری گێڕاوە. بۆ نموونە ئینقلابی فەڕانسە بە ئینقلابی بۆرژواکان ناسراوە، ئینقلابی ئۆکتۆبر لەسەر دەستی کرێکارانی پێترۆگراد بە ئەنجام گەیشت، دەزانین کە لە ئینقلابی ١٣٥٧ ی ئێرانیشدا تەنیا توێخێکی کۆمەڵگە، واتە رووحانییەتی شیعە بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی حاسڵی تێکۆشان و فیداکاریی خەڵکی ڕفاند. ئەمن دووپات بوونەوەی وەها سیناریۆیەک بۆ جارێکی دیکەش لە ئێران بەدوور نازانم. بەڵام ئەگەر دەمانەوێ ئەو

نیگەرانییە وەدی نەیە، دەبێ بزانین کە تەنیا کاتێک لە ئێران بزوتنەوویەکی گۆڕانساز سەردەکەوێ و بەرهەمی دڵخوازی دەبێ کە هەموو یا لانیکەم زۆربەی چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە تێیدا چالاک بن. حەرەکەتی ئێستا لەڕووی بەربڵاوییەوە لە سی و نۆ ساڵی ڕابردوودا بێ وێنە بووە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەم بەربڵاوییە تەنیا بەربڵاوییەکی جوغرافییە هەروەک کە هەیە، یان لەپاڵ ئەوەش، لەڕووی پێکهاتەی سۆسیۆلۆژیی حەرەکەتەکەشەوە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە بزوتنەوەکانی پێشوودا بەشدار بوون، یان بەهەرحاڵ هەڵگری ناسنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتین بەشدارن و ڕەنگدانەوویان لە پێکهاتەی خۆپێشاندەران و خواستە دەربڕدراوەکانیاندا هەیە؟ ئەگەر قەرار بێ (وەک دەردەکەوێ) کۆڵەکەی سەرەکیی حەرەکەتی ئێستا زۆرتر لاوانی چینی هەژاری کۆمەڵگە بن، ئەودەم دەبێ هەوڵ بدرێ کە چین و توێژەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە بۆ نموونە چینی مامناوەندی، کارمەندەکان، تێکۆشەرانی بزوتنەوەکانی پێشوو (بزوتنەوەی خوێندکاری، بزوتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی ٨٨) سەرەڕای هەموو ئەو زەبرانەی لەلایەن ڕێژیمەوە لە قابلیەتی خۆڕێکخستنیان دراوە، لە حەرەکەتی ئێستاشدا زۆرتر ڕۆڵ و بەشداریان بێ.

لێرەدایە کە وەک کوردێک دەمەوێ پێداگری لەسەر ڕۆڵی نەتەوەکانی نێو ئێران بەتایبەتی کوردەکان بکەم. ئەمن کە تا ئێستا چەمکی خەڵکی ئێرانم بەکاربرد، لەبەر ئەوەیە کە هەم لەڕووی حقووقی و هەم بەهۆی هاوبەشی لە وەزعیەت و چارەنووسدا، ئەو چەمکە بە دروست دەزانم، و بەمجۆرە دەمەوێ نیشانیش بدەم کە کێشەی ئێمە لەگەڵ یەکتر نابێ هەمیشە هەر لەسەر وشەکان بێ. بەڵام ئەوەم تەنیا بە مەرجێک قبووڵە کە لایەکەی دیکە و لەروانگەی منەوە گرینگتری مەسەلەکەش ببینین کە ئەویش بریتییە لە فرەیی و ڕەنگاورەنگیی دێموگرافیی ئێتنیکیی ئێران واتە بوونی میللییەتە جیاوازەکان. تا ئەو جێگایەش کە دەگەڕێتەوە سەر خودی کوردەکان، سەرەڕای فەزای ئەمنیەتیی یەکجار نائاسایی کە هەمیشە بەسەر کوردستاندا زاڵ بووە، خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی شارە گەورەکانی ئێران نەبوون بۆ ئەوەی حەرەکەتی نارەزایەتی وەڕێ بخەن. ئەگەر لە ئاستی وڵاتدا هەر چەند ساڵ جارێک حەرەکەتی لەو جۆرە دەبینرێ، لە ساڵانی ڕابردوودا لە کوردستان هەر ساڵ چەند جار خەڵک بە ئیعتراز لە سەرکوت و تەبعیز بزوتنەوەی نارەزایەتیی لەم چەشنەیان وەڕێ خستووە. لە هەلومەرجی ئێستاشدا لەگەڵ ئەوە کە تێچووی ئەم جۆرە حەرەکەتانە لە کوردستان زۆر لەسەرترە و زەمینەکەشی لە هەموو شارەکانی کوردستان وەکیەک نیە، بەڵام گەورەترین شارەکانی کوردستان لە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییەدا

بەشدار بوون، دەیان کەس لە خۆپێشاندەرانی کورد هەر ئێستا لە زینداندان و بەشێک لەوانەش کە لە زیندان گیانیان لێ ئەستێندراوە کوردن. بەهەرحاڵ دەمەوێ بڵێم کە بەبێ دیتن و دروستکردنی پێوەندی و رایەڵە لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و دەکارخستنی پۆتانسیەلی خەباتی هەموو ئەو چین و توێژانە، هیچ بەشێک لە کۆمەڵگا بەتەنیایی

ناتوانێ سەرکەوتوو بێ. بۆ ئەمەش، پێویستە بژاردە سیاسی و ڕووناکبیرییەکان لەسەر ساز و کار و گوتارێک ڕێک بکەون کە هەموو هێزەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران بەتایبەتی نەتەوەکانی ئەم وڵاتە خۆی تێدا ببیننەوە.

تایبەتمەندی و پێویستیی سێهەم بۆ حەرەکەتێکی گۆڕانساز کە لە حەرەکەتی ئێستاشدا هەیە بەڵام هێشتا کامڵ و کارا نیە، ڕوونبوونەوەی سنووربەندیی نێوان خەڵک و نیزامە. من هیچ گومانم نیە کە زیاتر لە سی ساڵیشە زۆرینەی خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامییان ناوێ. بەڵام لە تەواوی ئەو ساڵانەدا دوو شت بووونە هۆی ئەوە کە ئەو ڕێژیمە یاریگەرێکی باشی سەر تیئاتری مەشرووعیەتی سیستم بێ، یەکێکیان بەشداریی خەڵک لە هێندێک لە بڕگەکانی گەمەی هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتردا، ئەوی دیکەش کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم کە تا پێش ئەم حەرەکەتە بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو و بووە هۆی ئاشکرابوونی بەشێک لەو ڕاستییانەی لەسەر کاسەی سەبری خەڵکیەوە ڕشت. بە باوەڕی من هەردووکی ئەم هۆکارانە ئەمڕۆ بە ڕادەیەکی زۆر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. باڵەکانی ڕێژیم لەگەڵ ئەوەدا کە کێشەکانیان بە هیچ جۆر کۆتایی نەهاتووە، بەڵام لەپێناوی پاراستنی نیزام و لە بەرخورد لەگەڵ خەڵکدا بەتەواوی هاودەنگ و هاوهەنگاو بوون. دیارە ئەگەری ئەوە کە لە حاڵەتی لە کۆنترۆڵ چوونەدەرێی دۆخەکە یا لە دوورەدیمەنی جێنشینیی ڕێبەری نیزامدا بەشێکی ئەو ڕێژیمە بۆ نموونە سوپا لەدژی بەش یا بەشەکانی دیکە شتێک بکا بە دوور نازانرێ، بەڵام جارێ ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بە شێوەی ڕێژەییش بێ، بە قەولی خومەینی وەحدەتی کەلیمەی لەنێوان باڵەکانی ڕێژیم لە بەرامبەر خەڵکدا بەدواوە بووە.

ئەوەمان لە یەکەمین نوتقی خامنەیی لەدوای ئیعترازەکانەوە دی کە بەجێگای بیستنی پەیام و هاواری خەڵک، وەک جاران دیسان حەرەکەتی ئەوانی بە پیلانی بێگانە وەسف کرد. ئەم ڕۆژانە زۆر باسی قسەیەکی محەممەدڕەزا شا کراوە کە لە خەزەڵوەری ١٣٥٧دا بە خەڵکی ئێرانی گوتووە دەنگی شۆڕشی ئێوەم بیست. ئەمن نموونەیەکی باشترم هەیە. نموونەی ڕاستەقینە و پێچەوانەی شارل دوگۆل. دوابەدوای ڕووداوەکانی ئەلجەزایر، ڕۆژی ٤ی ژووئەنی ١٩٥٨، ژەنڕاڵ دوگۆل لە باڵکۆنی فەرمانداریی دەوڵەتەوە لە ئەلجەزیرە ڕوو بە خەڵک وتارێکی پێشکەش کرد کە پێم خۆشە لێرەدا چەند ڕستەیەکی لێ بخوێنمەوە. دوگۆل لە وتارەکەیدا گوتی «ئەمن لە ئێوە تێگەیشتم. ئەوە بە مانای ئەوەیە کە پێویستە لەمەولا هەموو هاووڵاتییان لە ماف و ئەرکدا یەکسان بن. بەو مانایەیە کە پێویستە لەمەولا هێندێک ڕێگا بکەینەوە کە تا ئێستا داخرابوون. بەومانایەیە کە پێویستە ئیمکاناتی ژیان بدەین بەو کەسانەی تا ئێستا لێی بێبەش بوون. بەو مانایەیە کە پێویستە عیزەت و کەرامەت بۆ ئەو کەسانە بگەڕێنینەوە کە لێمان ئەستاندبوون. بەو مانایەیە کە پێویستە سەرەنجام نیشتمانێک پێشکەشی ئەو کەسانە بکەین کە گومانیان هەبوو کە خاوەنی نیشتمانێک بن». ئەمانە قسەی خامنەیی نین، قسەی دوگۆلن. فەڕانسە چاو لێ بکەن و ئێرانیش چاو لێ بکەن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئیسلاحتەڵەب یا ئیعتدالگەراکان، ئەوان نەک هەر ئەو چاوەڕوانییانەیان کە بۆخۆیان لە کاتی هەڵبژاردندا بردبوویانە سەر وەدی نەهێنا و هەموو جارێ لە بەرامبەر بڕۆ تێکنائێکی ڕێبەری نیزامدا پاشەکشەیان کرد، بەڵکوو بە هەمان ئەدەبیاتی ئوسوڵگەراکان و بە هەمان مێتۆدەکان لەگەڵ ناڕازییان ڕووبەڕوو بوونەوە. لەخۆڕا نیە کە لەحاڵێکدا کە لە سەرەتادا دەگوترا خۆپێشاندانەکان بە فیتی ئوسوڵگەراکان بەدژی دەوڵەتی ڕووحانی وەڕێ خراون، خۆپێشاندان بوو بە کارزارێکی سەرتاسەری بەدژی تەواوی نیزام و خۆپێشاندەران بە گوتنەوەی دروشمی ‹ئیسلاحتەڵەب ئوسووڵگەرا، ئیدی کارتان تەواوە› ویستیان بڵێن کە چیدیکە نایانەوێ لە خولی پووچی هەڵبژاردن لەنێوان خراپ و خراپتردا سەرگەردان بمێننەوە.

بەڵام ئایا ئەوە کە تەواوی خۆپێشاندەران و بەدڵنیاییەوە زۆرینەی خەڵک ئەم ڕێژیمە لە تەواوەتیی خۆیدا ڕەت دەکەنەوە، بە مانای ئەوەیە کە ئەوان دەزانن چیان دەوێ؟ ئەمە پێویستیی چوارەمە، واتە ناسین و خواستنی ئەلتەرناتیڤی نیزام. هەروەک دەزانین ساڵی ٥٧ خەڵکی ئێران دەیانزانی چیان ناوێ، بەڵام نەیاندەزانی یا لانیکەم دەرفەتی بیرکردنەوە و دەربڕینی بۆچوونی خۆیانیان سەبارەت بەو شتە کە دەیانەوێ پێ نەدرا. ئەمڕۆش تەنانەت ئەگەر هەموو پایە و پێناسەکانی کۆماری ئیسلامی خەت لێ بدەین و بڵێین لە بەرامبەر هەر خەسڵەتێکی ئەو ڕێژیمەدا پێچەوانەکەی دابنێین، هێشتا هەر جێگرەوەی ئەم ڕێژیمە ڕوون نابێتەوە. لە نارەزایەتییەکانی ئەمجارەدا لەبواری سیاسیدا تەنیا دوو شت بەڕوونی لە نێوەرۆکی دروشمەکان ڕا دەردەکەوێ: یەکەم، دەربڕینی جۆرێک ئێرانیگەری، هەڵبەت ئێرانیگەری نەک بە مانای ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەڵکوو بە مانای تەرکیز لەسەر کێشەکانی خەڵک لە ئێران و گرینگیدان بە نێوخۆی وڵات و کۆتاییهێنان بە دەستێوەردان و قەیمومیەتگەرییەک کە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا هەوڵی بۆ دەدا و سەروەت و سامانی وڵاتی تێدا بە فیڕۆ دەدا، دووەم کۆتاییهێنان بە سەرەڕۆیی مەزهەبی لە ئێراندا. دیارە لێر و لەوێ هێندێک شوعارمان بە لایەنگری لە هێندێک خەتی سیاسیی دەرەوەی نیزام گوێ لێ بووە، بەڵام ئەمن پێم وانیە کە دەنگدانەوەی مێدیایی هێندێک دروشمی سازماندراو حەتمەن لەگەڵ ویستی سەرجەم یا زۆرینەی کۆمەڵگە یەک بگرێتەوە. بێگومان بەهۆی دەستڕاگەیشتنی زۆرتر و ئاسانتری خەڵک بە ئامرازەکانی پێوەندی و فەزای مەجازی لە سەردەمی ئێستادا، لانیکەمی هەماهەنگی لە ئاقاری حەرەکەت و شوعارەکاندا هەبوو، بەڵام بە هیچ جۆر ناتوانین بڵێین کە هێزێکی پاڵنەر و هەڵگری ئالترناتیوی سیاسی لە پشت خۆپێشاندانەکانەوە بووە، بەڵکوو حەرەکەتەکە ئەمجارەش زۆرتر خۆڕسک بوو.

بەوحاڵەش لەوەدا کە درێژەکێشان و سەرکەوتنی ئەم جۆرە حەرەکەتانە بە بوونی لانیکەمی ڕێکخستن و ڕێبەری بەستراوەتەوە گومان نیە، واتە تایبەتمەندی و پێویستیی پێنجەم. دیارە هەروەک لە شۆڕشەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبیدا دیتمان، زۆر چاک دەکرێ لە وڵاتێکدا حکومەتێکی دیکتاتۆر لە ئاکامی شۆڕشی خۆڕسکی خەڵک و بەبێ بوونی

ڕێبەری و نەخشە ڕێگایەکی ڕوون بڕووخێ. بەڵام عادەتەن لەو جۆرە حاڵەتانەدا سەرەڕۆیی و داخران جێگای خۆی دەدا بە بێسەرەوبەرەیی و ئایندەی ناڕوون. بۆ ئەوەی حەرەکەتی ئەمجارەی خەڵکی ئێران شکستی پێ نەهێنرێ و دوایەش نە تاقمێک بتوانن بەرهەمی ئاڵوگۆڕەکە بدزن و نە بێسەرەوبەرەییش دروست بێ، ئێمە ڕێگایەکمان جگە لە ڕێبەریی بەکۆمەڵ لە پێش نیە. بۆیە دەڵێم ڕێبەریی بەکۆمەڵ چونکە بە باوەڕی من سەردەمی کاریزماکان بەسەر چووە و «کاریزماگەرایی» و «چەلەبی سازی»ش دەرکەوت چیان لێ شین دەبێتەوە. بە باوەڕی من هەم هۆشیاریی سیاسیی لەسەرتری خەڵک لە سەردەمی ئەمڕۆدا و هەم بەرژەوەندیی جێخستنی زێهنیەتی دێموکڕاتیک ئەوەمان لێ دەخوازێ کە لایەنەکان و بژاردە سیاسییەکان بە پلەیەک لە تەوازووعی سیاسی بگەن کە لەودا هیچ کەس و هیچ ڕێکخراوێک بەتەنیا خۆی نەخاتە شوێنی ڕێبەریکردنی سەرجەم کۆمەڵگە و نە بەهۆکاری مێژوویی و سروشتی و نە بە هۆکاری فیکری و سیاسی ڕیسالەتێکی ئەوتۆ بۆ خۆی دیاری نەکا. هاوکات بەڵام پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بەپێچەوانەی ڕەوتی شکستخواردووی کۆبوونەوەکانی یەکگرتن کە لە ساڵانی دوایی لێر و لەوێ لە دەرەوەی وڵات لە ئارادابوون، ئەمجارە بتوانێ لە دەروونی خۆیدا بەدوور لە پێشداوەرییە مێژوویی و سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکان لەسەر کۆمەڵێک بنەما و سازوکار کە دەبێ هەمەلاگیر بن بە لێکگەیشتن و ڕێککەوتن بگا، هەوڵ بدا چەندی دەکرێ پێی خۆی بخاتەوە نێو مەیدانی ڕاستەقینەی خەبات کە نێوخۆی وڵاتە و لەنێو خەڵکدا حزووری هەبێ. دیارە مەبەستی من یەکگرتن بەهەر قیمەتێک نیە و بێگومان نابێ هەمەلاگیری و وەخۆگریی پلاتفۆرمی یەکگرتن لەسەر حیسابی کەیفیەت و نێوەرۆکی ئەو پرەنسیپ و بەهایانە بێ کە یەکگرتن دەبێ لەسەریان دروست بێ، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئەمڕۆ سنووربەندییەکان کەمڕەنگ بوونەوە و دۆخەکەش ئەوەمان لێ دەخوازێ، پێم وایە هەموو لایەک دەبێ بتوانن ئەوەندە زەرفییەت لە ڕوانینیاندا دروست بکەن کە بتوانن لە مەیدانی بەکردەوەدا پێکەوە کار بکەن.

خاڵی کۆتایی کە دەمەوێ عەرزتان بکەم زەروورەتی ڕێککەوتن و هەماهەنگی لەسەر شێوەکانی خەبات و بەتایبەتی جۆری مامەڵە لەگەڵ ئەو سیاسەت و تاکتیکانەیە کە ڕێژیم دوای ئەم لاپەڕە نوێیەی خەباتی خەڵک دەیگرێتە پێش. لێرەشدا دەمەوێ ئاماژە بە سێ شت بکەم. یەکەم، ویستی ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی ئازاد یا هەر ڕێکارێکی ئاشتیخوازانە کە ئیمکانی گواستنەوەی دێموکراتیک ئەگەر هەنگاو بە هەنگاویش بێ پێک بێنێ. بە باوەڕی من تەنانەت ئەگەر وای دابنێین کە کۆماری ئیسلامی شتی وا قبووڵ دەکا کە من بە دووری دەزانم، ڕیفراندۆمێک کە کۆماری ئیسلامی بۆخۆی ڕێکی بخا و بۆخۆی گوزارشەکەی بداتەوە، ناتوانێ لەو هەڵبژاردنە پاکتر بێ کە بەشار ئەسەد لە سەرەتای قەیرانی سووریەدا بەڕێوەی برد. بەگشتی و بەدەر لەوە کە داخوا حەرەکەتی ئەمجارەی خەڵک تا کەنگێ و چەندە دەتوانێ لەلایەن ڕێژیمەوە مەهار بکرێ، لەو باوەڕەدام کە لە هەلومەرجێکدا کە دیواری ترسی خەڵک ڕووخاوە، خەڵک قسە لە تێپەڕین لە تەواوی حاکمیەت دەکا و وێنەکانی خامنەیی لە شەقامەکاندا دەدڕێنن، بەهێزکردنی هەرجۆرە گوتارێکی ئیسلاحتەڵەبانە لەو قۆناغەدا تەنیا بە

قازانجی درێژەکێشانی یارییەکانی ناوکی سەرەڕۆیی و هەرمانی ڕێژیم تەواو دەبێ. هەربۆیە دەبێ ئاگاداری لۆبیە ئیسلاحتەڵەبەکان بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات و تەنانەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا بین کە هەروا چالاک و لە جارانیش چالاکترن. خۆ ئەگەر موعجزە ڕووی دا و کۆماری ئیسلامی بەڕاستی لە بەرامبەر هەموو یا بەشێک کە لە داواکانی خەڵکدا پاشەکشەی کرد، ئەودەم ئێمەش دەتوانین هەڵوێستی شیاوی دۆخەکەمان هەبێ.

ڕەنگە دوودڵیی هێندێک کەس و لایەنی ئێرانی لەو بارەوە نەک بەهۆی خۆشویستنی نیزامی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لە ترسی دوو شت بێ کە لە خاڵی دوو و سێدا باسیان دەکەم، واتە دەستێوەردانی دەرەکی و توندوتیژی کە گۆیا دەبنە هۆی باڵکانیزە بوون یان بە قەولی ئەمڕۆیی بە سووریەیی کرانی ئێران، واتە هەمان ئەو شتە کە کۆماری ئیسلامی لەجیاتی پەرچەمی حاکمییەتی خەڵک چەندین ساڵە وەک داوەڵێک بەسەر گەلانی ئێرانیدا ڕادەوەشێنێ. لە پێوەندی لەگەڵ هۆکاری دەرەکی، پێویستە بڵێم لە جیهانی پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆدا ئاڵوگۆڕی گەورە لە هیچ وڵاتێکی گرینگ و ستراتژیکی وەک ئێران بەبێ دژکردەوە و دەرەنجام لە ئاستی نێونەتەوەییدا تێ ناپەڕێ. ئەساسەن لە مێژووی نوێدا گۆڕانی بنەڕەتی لە هیچ جێگەیەکی جیهان بەبێ بوونی پێوەندیی کارتێکەری لەگەڵ دنیای دەرەوە نەبووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ڕێژیم هەر جۆرە جووڵەیەکی ئازادیخوازانە بە بێگانەکان دەبەستێتەوە (ئێمەی کورد لەمێژە لەگەڵ ئەو قسە و تۆمەتانە ڕاهاتووین)، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە جیا لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتە بێگانەکان، پرسی مافی مرۆڤ و دێموکراسی بە هیچ جۆر مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە، دروست وایە کە لەنێوان دەستێوەردانی دەرەکی و سەرنج و پشتیوانیی نێونەتەوەیی جیاوازی دابنێین. هەرچی دەستێوەردانی دەرەکییە، ئاشکرایە کە هیچ هێزێکی بەرپرسیار هێزەکانی بێگانە بۆ دەستێوەردانی نیزامی لە وڵاتەکەیدا دەعوەت ناکا، بەڵام ئەگەر قەرار بێ ڕێژیم ویست و جووڵەی ئاشتیخوازانەی خەڵک هەر بە ئاگر و ئاسن وڵام بداتەوە، پاساوێک نابینم بۆ ئەوەی ئەگەر سبەینێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە هەر جۆرێک بە فریای خۆپێشاندەران و خەڵکی سەرکوتکراووە هات، ئێمە موخالفی ئەو کارە بین. سەبارەت بە سەرنج و پشتیوانیی دەرەکییش، ئێمە حەتمەن دەبێ تێ بکۆشین کە هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی ئەوولاتر لەوە بڕوا کە ئێستا دەیبینین و تەنیا لە تویتەکانی سەرۆک ترامپدا خولاسە نەبێتەوە. هەروەها پێویستە هەوڵ بدەین فوکۆسی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە پەروەندە ئەمنییەکان و دۆسیەی ناوکیەوە بگوازینەوە بۆ سەر پرسی دێموکراسی و ماف و ئازادییەکانی خەڵک. تەنانەت دەبێ وا بکەین کە دنیای دەرەوە لە زەرووڕەتی بەهێزکردنی ئەو عونسورانەی نێو کۆمەڵگە و ئۆپۆزیسیۆنی ئێران تێ بگەن کە دەتوانن ئایندەساز بن و باوەڕیان بە کۆمەڵگایەکی کراوە و فرەچەشن هەیە کە لەودا هەم مافی هاووڵاتی و هەم مافی گەلانی ئێران ڕەچاو بکرێ.

سەبارەت بە شێوازە توندەکانیش، هەروەک دەزانین ڕاست بەهۆی ترس لە دەرەنجامە نێونەتەوەییەکان، ڕێژیم جارێ دەستی خۆی لە سەرکوتی بەربلاو و خوێناوی پاراستووە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ڕێژیم، بەتایبەت هێندێک بەشی ڕێژیم،

بەدوای دۆزینەوەی بیانوو و وەرگرتنی مجەوز بۆ سەرکوتێکی لەم جۆرەیە. هەربۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا پێویستە ئەولەوییەت بە درێژەدانی حزوور و جووڵەی ئاشتیخوازانەی خەڵک بدرێ، کاتێکیش دەڵێین شێوازی ئاشتیخوازانە نابێ ئەوە لەگەڵ ڕێکاری ئیسلاحتەڵەبانە تێکەڵ بکەین کە هەرووەک گوتم دەبێ خۆی لێ دوور بگرین.

سوپاسی سەرنجتان دەکەم.

(لە ژمارەی ٧١٩ و ٧٢٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ و ٢٠ی فێبریویەری ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## کوردەکانی ئێران لەتە ونەکەی پازڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

لەدوای شەڕی داعشەوە، فاکتەری کورد بۆتە توخمێکی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەڵام ئەم سەرنجدانە بە چارەنووسی کورد بە شێوەیەکی سەرەکی جەختی لەسەر کوردەکانی عێراق کردووە، هاوکات ڕێگای دەرکەوتنی سیاسیی زۆرتری بە کوردەکانی تورکیە و سووریە داوە. کوردەکانی ئێران ئەو بەشە لە کوردن کە لەلایەن بازنە سیاسی و ئاکادێمییەکانی ڕۆژئاوایی کەمترین ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە.

بۆ شیکاریی هۆیەکانی پاشگوێخرانی کوردەکانی ئێران دەتوانین ڕوانگەیەکی پێکهاتەیی و مێژوویی ڕەچاو بکەین. ڕووداوەکانی ئەم دواییانە، بە پێشهاتەکانی دوای گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردەکانی عێراقیشەوە، جارێکی دی سەرکەوتنی ستراتێژیی ئێران لە ناوچەی نیشان دا، و تراویلکەی کورد بەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕەنگبێ جۆرێک هەستی پاشەکشە و داکشان لە لای گشت کوردێک. بەڵام ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی ئێران لەوانەیە ئاسۆی ئاقارێکی جیاوازی بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو ئاشکرا کردبێ.

ئەم ڕاستییە کە فاکتەری کوردەکانی ئێران بە شێوەی پێویست نەهاتۆتە ئەژمار شتێکی پارادۆکسە، بەتایبەتی بە لەبەرچاو گرتنی کێشە و گرژییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران. سیاسەتی یەک بان و دوو هەوا ڕاستییەکی هەمیشەیی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە. هەڵوێستی دەوڵەتانی خۆرئاوایی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانیشەوە بەرامبەر بە

کوردەکانی هەر وڵاتێک، بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئەم دەوڵەتانە بەرامبەر بە هەر کام لە وڵاتانی ئاماژە پێکراو.

بەڵام ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە کورد یەک نەتەوەیە هەرچەند بەسەر چەند وڵاتاندا دابەش کراوە و پرسی کورد یەک پرسە ئەگەرچی لە هەرکام لەو وڵاتانە وەک یەک نیە، ناتوانین بەشێکی بەرچاوی ئەو پرسە گشتییە پاشگوێ بخەین. کوردەکانی ئێران گرینگییەکی مێژوویی بەرچاویان لە جوڵانەوەی کوردیدا هەیە و خاوەنی پۆتانسیەلێکی بەرچاویش لە داهاتووی ئێران دان.

کوردەکانی ئێران ئەزموونی ئازادی و خۆبەڕیوەبەرییان هەیە و سەردەمێک ناوەندی قورسایی گشت جووڵانەوەی کوردی بوون کە کاردانەوەی لەسەر پێناسەی سیاسی و نەتەوەیی سەرجەم کوردەکان هەبووە، ئەمەش دوای دامەزراندنی تەنیا کۆماری کوردستان لە مێژوودا لە ١٩٤٦ و دوای شۆڕشی ئێران لە ١٩٧٩. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ئاڵای هەمان کۆماری هەڵکردووە.

ئەمڕۆ کوردەکانی ئێران ستاتۆیەکی تایبەتی و ستراتێژیکیان هەیە. ئەوان ئەو گرووپەن کە بەرچاوترین ئاستی وشیاریی سیاسی و توانایی مەزنی خۆڕێکخستن و هێزخڕکردنەوەیان هەیە. ئەوان دووهەمین کۆمەڵگەی کوردی لە ناوچە و سێهەمین تاقمی ئەتنیکی ئێران پێک دێنن. ئەوان دانیشتووی ناوچەیەکن کە لە بواری سامانی سرووشتییەوە دەوڵەمەندە و بۆ کشتوکاڵ گونجاوە و دەستیان بە هێڵە بازرگانییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین و ناوەندی ئاسیا ڕادەگا. بەڵام باڵانسی دێموگرافیی ئەوان جیاوازترە. بە پێچەوانەی دووجەمسەریی ئەتنیکی کە لە وڵاتانی دی لە نێوان کورد و عەرەب یا لە نێوان کورد و تورک دەبینرێ، ڕەنگاوڕەنگیی ئەتنیکی لە ئێران گەلێک ئاڵۆزترە کە خاوەنی شەش کەمە نەتەوە و چەندین کەمینەی دیکەیە. کوردەکانی ئێران بەرەورووی دەسەڵاتێکی ناوەندی بوونەوە کە لەسەر نەریتێکی دەوڵەتداری و دەسەڵاتداریی گەلێک کۆنتر دامەزراوە کە بناخەکەی لە سەر ناسیونالیزمێکی فەرمی بە تێکەڵاوێک لە زمانی فارسی و ئایینی شیعە پتەو کراوە. کوردەکانی ئێران زۆرینەیان سوننین، ئەگەرچی فاکتەری ئایین فاکتەری یەکلاکەرەوە لە پێناسەی سیاسیی ئەوان نیە هەروەک لە گەشەسەندنی هەستی نەتەوەیی لەنێو کوردە شیعەکانی پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان لەو ساڵانەی دواییدا ئاشکرا بووە.

لە پەیوەندی لەگەڵ بەرەورووبوونەوەی ئاستەنگەکان، کوردەکانی ئێران ناتوانن خۆیان لە سرووشتی دژە دێموکراتیک، ناوەندگەرا و سەرکوتکەری ڕێژیمی تاران دەرباز بکەن. ئەمە دەوڵەتێکە کە بە پێچەوانەی عێراق نە ئەزموونی میراتی

ئیستیعماریی کە ببێتە هۆی دانپێدانان بە فرەلایەنیی ئەتنیکی هەیە و نە ئاڵوگۆڕی سیاسی پەیتاپەیتای بە خۆیەوە بینیوە کە ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی دەرفەت بۆ داخوازە ئەتنیکی و دێموکڕاتیکەکان. لە هەمان کاتدا، بە پێچەوانەی تورکیە، ئێران ئەزموونی کەش و هەوای نیمچە دێموکڕاتیکی نەبووە کە دەرفەتی بەشداریی سیاسی بڕەخسێ و کارتێکەریی دەرەکیش لە ئارادا نەبووە وەک ئەوەی کە یەکیەتیی ئورووپا چەند ساڵ لەوەپێش لە بواری ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و کەمینە نەتەوەکان بەرامبەر بە تورکیە کردنی.

ئەوەی کە کوردەکانی ئێران داوای دەکەن جیاوازییەکی لەگەڵ داواکاریی کوردەکانی وڵاتانی دی نیە. ئەوان خوازیاری دانپێدانان بە ناسنامەی جیاوازیان، کۆتایی هاتنی هەڵاواردن و سیاسەتی سەرکوتکەرانە، مافی خۆبەڕیوەبەریی ناوچەکەیان، و دەستڕاگەیشتنی یەکسان بە دەسەڵات و سامانەکان لە ئاستی وڵاتن. لە کاتێکدا کە ئەوان داخوازییەکەیان لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆنووسینە، کوردەکانی ئێران داوای جیابوونەوە لە ئێران ناکەن. ئەوان خەبات بۆ دانپێدانان بە مافە نەتەوایەتییەکانیان لە ئێرانێکی دێموکڕاتیک و فیدڕالدا دەکەن. ئەم ڕاستییە کە ئەوان خەباتی خۆیان هەم لەسەر بنەمایەکی کوردی و هەم لە چوارچێوەیەکی ئێرانیدا دەبەنە پێش، دەرەنجامی ناکۆکی لەبواری سیاسی و ناسنامەدا لێ کەوتۆتەوە. ئەمە بۆتە هۆی بێباوەڕی لەلایەن ئەو ئێرانییانە کە پێیان وایە هاوپەیوەندیی نێوان کوردەکانی ئێران و کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان گەلێک بەرچاوە. شتێک کە لە کاتی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق بە زەقی دیترا. ئەمە هەروەها بۆتە هۆی گومانی کوردەکانی ئێران کە دەبینن داخوازییەکانیان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندی و تەنانەت لەلایەن زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران نە دەبینرێ و نە قبووڵ دەکرێ.

ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردەکانی ئێران هەمیشە بە هەندێک پرەنسیپی ئەخلاقی سیاسی وەفادار بوون. ئەوان هیچکات نەیانویستووە وەک ئامراز نە لەلایەن دەسەڵاتە دەرەکییەکان و نە لەلایەن وڵاتانی ناوچەوە کەڵکیان لێوەرگیرێ، تەنانەت لەکاتی شەڕی ئێران عێراق (١٩٨٨ - ١٩٨٠). ئەوان بڕیاریان داوە کە خەباتە سیاسییەکەیان نابێ بە زیانی برا کوردەکانیان لە وڵاتانی دراوسێ بێ. بۆ وێنە، سەرەڕای توانایی سەربازییان، لەدوای دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستانی ئیران چالاکیی خۆیان سنووردار کردووە هەتا هەڕەشەی ئێران بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە. ئەم ڕێکخراوانە خۆیان لە تیرۆریزم بوارد و تەنانەت ئامادەی دیالۆگ لەگەڵ تاران بوون. بەڵام وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی ئێران زۆر جار تێچووی گەورەی بەدواوەیە. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لەسەر مێزی وتووێژ لە ڤییەن لە ١٩٨٩ لەلایەن نێردراوانی ئێرانیی لە بەرگی دانوستانکاردا کوژرا. سەرەڕای ئەمە، کوردەکان لە چەند دەرفەتدا هەوڵی بەشداری لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانیان دا بەو هیوایە کە بەربژێرە ڕیفۆرمخوازەکان دۆخەکە بگۆڕن. بەڵام هەڵوێستی ڕێژیم هەرگیز نەگۆڕا. لەکاتێکدا کە سەرکوتی

کۆماری ئیسلامی بەردەوامە، ئەو ڕێژیمە درێژە بە حاشاکردن لە داخوازیی ئاشتیخوازانەی کوردان دەدا. ڕێژیمی ئێران ئامادەیە کوردی وڵاتی دی تەحەممول بکا، بەڵام هیچ مافێک بۆ کوردەکانی خۆی قبووڵ ناکا. ڕێژیمی ئێران ڕێگە بە منداڵانی کورد نادا بە زمانی خۆیان بخوێنن. ئەو چالاکانی مەدەنی و سیاسی دەگرێ، زیندانییان دەکا، ئەشکەنجە و ئیعدامیان دەکا. ڕێژیم تەنانەت دەستی کردۆتەوە بە ئاکاری تێرۆریستی و کوشتنی دژبەرەکانی کە پەنایان بۆ کوردستانی عێراق بردووە. سەرەڕای بەڵێنییەکانی کاتی هەڵبژاردن، کوردستانی ئێران هەروا بە میلیتاریزەکراوی ماوەتەوە و ئێستاش بەدەست هەڵاواردن و گەشەنەسەندنەوە دەناڵێنێ.

پەرش و بڵاویی نێوخۆیی کوردان یاریدەدەری ڕێژیمی ئێران بۆ درێژەدان بە پێشێلکردنی مافەکانی ئەوان بووە. ڕێژیم ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکیی لاواز کردووە ئەمەش بە نۆرەی خۆی بۆتە هۆی قایمتربوونی چەنگداگرتنی ڕێژیم بەسەر دەسەڵاتدا. ڕێکخراوە کوردییەکانی ئێران بەو خەڵکە کە ئەوان نوێنەرایەتیی داخوازییەکانیان دەکەن قەرزدارن کە نێوماڵی خۆیان ڕێک بخەنەوە و هەوڵ بۆ ئامانجی هاوبەش بدەن. بەم دواییانە حیزبە کوردییەکانی ئێران هەنگاوی گرینگیان بەرەو ئامانج و چالاکیی هاوبەش هەڵێناوە.

جگە لەمە، فاکتەری نێونەتەوەیی گرینگیی مەزنی هەیە. ئێران کەڵکی خراپ لە جێگە و پێگە ستراتێژییەکەی و توانایی ناسەقامگیرکردنی ناوچە وەردەگرێ. لەخۆڕا نیە دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە پارێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێران دەکەن. ئێران تەنیا لەژێر زەختدا پاشەکشە دەکا، هەر ئەوە بوو کە هاتە سەر مێزی وتووێژ لەبارەی بەرنامە ناوکییەکەی.

سەرەڕای ئەم زەختە، ڕێژیمی ئێران درێژە بە چالاکییە ئاژاوەگێڕانەکەی لە وڵاتانی ناوچە دەدا. بە هۆی نەبوونی ستراتێژیی ڕوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەمەڕ شێوەی هەڵسوکەوت بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران، ئەم ڕێژیمە ئێستاش دەوری تێکدەرانە لە عێراق، سووریە، یەمەن و لوبنان دەبینێ. ستراتێژییەکی ئەوتۆ نابێ لە هەڵبژاردنێک لەنێوان دەستێوەردانی سەربازی و دۆخی هەنووکەییدا قەتیس بمێنێتەوە. ئابلۆقەکان تەنیا کاتێک کاریگەر دەبن کە هاوکات بن لەگەڵ هەنگاوی بەکردەوە بۆ سنووردارکردنی نفوزی ئێران لە ناوچەدا. جگە لەمانە، زەختی نێونەتەوەیی دەبێ ڕێگاخۆشکەری وەدیهاتنی ئاواتی خەڵکی ئێران بۆ دێموکراسی، ئازادی و پێشکەوتن بێ نەوەک ئەو ئاواتە تەریک بخاتەوە.

ناڕەزایەتییە جەماوەرییە بەردەوامەکان داوای ئاڵوگۆڕ دەکەن. ئەوان لەڕووی فرەلایەنیی داخوازییەکان و ڕادەی بەشدارانەوە بێوێنە بوون. سەرەڕای نەبوونی ڕێبەری و ئەگەری سەرکوتی بێبەزەییانەی ڕێژیم وێدەچێ ناڕەزایەتییەکان درێژەیان هەبێ. لێرەدایە کە فاکتەری نێونەتەوەیی دەتوانێ یەکلاکەرەوە بێ. جیهانی ئازاد دەبێ پشتگیری لە خەڵکی ئێران بکا، لە

ناویاندا خەباتی کوردان بۆ ئازادی و مافەکانی سیاسی و نابێ لە تووڕەیی ڕێژیم سڵ بکەنەوە. ڕێژیم بە شێوەیەکی سیستەماتیک مۆرکی ئامرازی دەستێوەردانی دەرەکی لە هەر شێوە نارەزایەتییەک دەدا. ئێران نابێ بتوانێ بە بیانووی سەروەری لەژێر بەرپرسیاریی بەهۆی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ دەرباز بێ. جگە لەمە، گرینگە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نیشاندانی پشتگیریی نێونەتەوەیی بەرامبەر بە خەڵکی ئێران بە تەنیا نەمێنێتەوە. ئەم پشتگیرییە دەبێ بکرێتە هەنگاوی بەکردەوە بۆ بەهێزترکردنی لایەنە میانڕەوەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران و یارمەتیدان بە خۆپیشاندەران، ئەگەر ڕێژیم هەوڵ بدا ئەوان سەرکوت بکا.

گونجاوترین ڕێگای بەرەوپێشچوون لە ئێران هاتنە سەر کاری دوڵەتێکە کە نوێنەر و وەڵامدەری خەڵکی ئێران بێ. کوردەکان هەوڵ دەدەن کە مافە سیاسی و کولتوورییەکانیان لە ئێرانێکی ئەوتۆدا دەستەبەر بکەن. خەڵکی ئێران بە سەرجەم پێکهاتە ئەتنیکییەکانیەوە داوای ئاڵوگۆڕ دەکەن و ڕژاونەتە سەر شەقامەکان بۆ ئاشکراکردنی داخوازییەکانیان. ئەوان شایانی پشتیوانی لەلایەن جیهانی ئازادەوەن.

وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

سەرچاوە: سایتی ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی نیزیک

(لە ژمارەی ۷۲۱ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۷ی مارچی ۲۰۱۸**

---

## باس و بڕیارەکانی پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی

(پیادەکراوی بەشی سیاسی لە قسەکانی د. ئاسۆ حەسەن زادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، لە کۆبوونەوەی ساسی - تەشکیلاتی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب)

بە پێی ڕۆتینی ئەساسنامەیی کۆمیتەی ناوەندی هەر وەرزە لانیکەم جارێک کۆ دەبێتەوە و پلینۆمی ئەمجارەشمان کەوتبووە سەرەتای ساڵێکی تازەی کار و تێکۆشانی حیزبی. جیا لەوانە ئەم پلینۆمە بە دوو هۆی دیکەش گرینگی و تایبەتمەندیی

خۆی هەبوو. یەکەم ئەوە کە تەقریبەن ساڵێک پێش ئێستا بوو کە هێندێک ئاڵوگۆڕ لە کادری ڕێبەریی ئەم حیزبەدا کرا و ئەم پلینۆمە بە جۆرێکیش دەرفەتی ئاوڕدانەوە لەم یەک ساڵە کارییەی ڕێبەری حیزب بوو؛ لەوەش گرینگتر ئێمە ساڵێکمان تێپەڕ کرد کە بۆ ناوچە و بۆ گەلی کورد ساڵێکی گرینگ و پڕ لە چاوەڕوانی و هیوای دەسکەوت و سەرکەوتن بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر شکست و نسکۆ و ناخۆشیشی بۆ گەلەکەمان تێدا بوو. لەڕاستیدا لەم ساڵەدا حەد و حدوودی زەرفیەتەکان چ لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لە ناوچەدا و سیاسەتی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا و چ بەتایبەتی بۆ بزوتنەوەی کورد لەم قۆناغەدا روون بوونەوە. هەربۆیە بۆ ئێمە وەختی جەمعبەندییەکیش سەبارەت بە بارودۆخێکی نوێ بوو کە خەباتی لەمەودوای گەلەکەمان و خەباتی حیزبی ئێمەی تێدا دەچێتە پێش، بۆ ئەوەش هەم بەربەستەکانمان لەبەرچاو بوو هەم دەرفەتەکان بۆ ئەوەی بەو پێیە بەرنامەڕێژی بۆ ئاقاری سیاسی و تێکۆشانی حیزبیی خۆمان بکەین. چونکە نیشانەکان هەرگیز یەکدەست نین و ئەگەر لە جێیەک یا لە بەستێنێکدا بەربەست هەبوو، دەبینین کە لە جێیەکی دیکە یا لە بەستێنێکی دیکەدا دەرفەت هەیە. بۆ نموونە یەکلابوونەوەی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم یەک ساڵە بەتایبەتی لە پاییز و زستانی رابردوودا بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا زۆرتر بەلای زەقبوونەوەی کۆسپ و تەگەرە بۆ خەباتی ئێمەدا شکایەوە، کەچی لە کۆتاییەکانی ساڵدا هەم لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا و هەم لە دۆخی نێوخۆی ئێراندا، دیتمان کە دۆخی نوێ دەتوانێ هەڵگری دەرفەت و زەرفیەتی تازەش بۆ ئێمە بێ.

وەک هەموو جارێک ئێمە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی خەباتی خۆمان بە سەرنجدان بە بارودۆخی نێونەتەوەیی دەست پێ دەکەین. بۆچی ئێمە دەبێ سەرنج بدەینە بارودۆخی نێونەتەوەیی؟ چونکە دنیای ئەورۆ دنیایەکی پێکەوە گرێدراوە و دیاردەکان و ڕووداوەکان زۆر لە جاران زیاتر کاریگەری لە یەکتر وەردەگرن. لەڕاستیدا کێشە و ناکۆکییە ناوچەیی و محەلییەکان درێژکراوەی ململانێ و بەریەککەوتنە جیهانییەکانن و یەکتر تەغزیە دەکەن. ئەو ناوچەیەش کە نیشتمانی ئێمەی لێ هەڵکەوتووە، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە هەموو ئەو هۆکارانەی دەیزانین مەوقعیەتێکی تایبەتی و گرینگییەکی ستراتژیی هەیە و مەرکەزی سیقلی هاوکێشە نێونەتەوەییەکانە.

ئەو دەوڵەتانەش کە حاکمن بەسەر کوردستاندا بەتایبەتی ئێران ئەکتەری دیار و ئەکتیڤی ئەو ململانێ و ناکۆکییانەن و ئاڵوگۆڕ لەو هاوکێشانەدا راستەوخۆ بەمانای گۆڕانی مەوقعییەتی ئەم دەوڵەتانە و کەوابوو گۆڕانی هەلومەرجی خەباتی گەلی ئێمە و حیزبی ئێمەیە.

هەروەک دەزانن ئەم هاوکێشە و ململانێیانەی ناوچە چەند ساڵێکە لە قەیرانی سوریەدا چڕ بوونەوە و دەمێکە ئەم قەیرانە و هەرچی بەدەوری ئەم قەیرانەدا سەری هەڵداوە و پەرەی گرتووە، هەموو ئەکتەرە جیهانی و ئیقلیمی و محەللییەکانی

ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی بۆ لای خۆی راکێشاوە. سەرباری ئەو قەیرانە کەموێنەیە کە بەسەر خەلکی ئەو ولاتە و بەهۆی ئەم قەیرانەوە بۆ ناوچە دروست بووە، و لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر باسی چارەسەرێکی هەمەلاگیری نێودەوڵەتی بۆ قەیرانی سوریە دەکرێ، بەڵام ئەوە هێشتا شکلی نەگرتووە و ئاڵوگۆڕ و نیشانەکانی ئەم دواییانەش زۆر دژبەیەکن. لەلایەک ئاڵوگۆڕە مەیدانییەکان لەو ماوەیەدا زۆرتر بە قازانجی دەوڵەتی بەشار ئەسەد بووە، بەڵام لەولاشەوە هەروەک دیتمان ئەمریکا و بریتانیا و فەرانسە بەهۆی بەکاربردنی چەکی شیمیایی گورزی نیزامیان لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد وەشاند، شتێک کە دەتوانێ وەک نوختە وەرچەرخانێک لە مامەڵەی نێودەوڵەتی لە گەڵ قەیرانی سووریەدا چاو لێ بکرێ. بۆ ئێمەش لەبەر ئەوە گرینگە کە هەنگاوی عەمەلی بەدژی بەشار ئەسەد هاوکات بەرخوردە بەو لایەنانەی پشتیوانی لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد دەکەن، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی. بەو حاڵەش، لەبەر ئەوە کە ئایندەی ململانێ ناوچەییەکان زۆریش بە رکابەریی نێوان ئەو دوو هێزەوە بەستراوەتەوە کە جارێکی دیکە بەکردەوە لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا لە بەرامبەر یەکتردا راوەستاون (واتە ئەمریکا و روسیە)، و لەبەر ئەوەی هەروەک گوتم هێشتا نیشانەکان دژبەدەنگن و تروسکایی کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی بەدی ناکرێ، جارێ زۆر زوویە کە بڵێین کە ئەمە سەرەتای سیاسەتێکی مونسەجیم و بێگەڕانەوەی نێودەوڵەتی بە دژی حکوومەتی بەشار ئەسەد و لەوەش گرینگتر بەدژی کۆماری ئیسلامیشە. هەربۆیە خوێندنەوەی ڕێبەریی حیزبی ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێ زەرفیەتە نێودەوڵەتییەکان ببینین و کەڵکیان لێ وەربگرین، بەڵام دەبێ ئاجێندای خەباتی خۆمان لەپێشدا لەسەر بنەمای واقعیەتەکانی نێو کۆمەڵگای خۆمان و پۆتانسیەلی هێزی خەڵک تەنزیم بکەین و هەر چاومان لەوە نەبێ کە داخوا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چ مامەڵەیەک لەگەڵ موشکلاتی ناوچەی ئێمە یا لەگەڵ جمهوریی ئیسلامی دەکا.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر نێوخۆی ئێران هەروەک دەزانن لە یەک ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتی لە مەودای نێوان دوو پلینۆمدا، بارودۆخی خەڵک لەڕووی ژیان و گوزەران و ماف و ئازادییەکانیانەوە خراپتر بووە و سەرەتای دەورەی دووەمی دەوڵەتی ڕووحانییش زیاتر لە هەر کاتێک نیشانی دا کە کۆماری ئیسلامی ئیرادە و کارامەیی چارەسەری گیروگرفتەکانی وڵات و کۆتایی هێنان بەفیرۆدانی سەروەت و سامانی وڵات بۆ ماجەراجوویی ناوچەیی و هیچ چەشنە کرانەوەیەکی سیاسیی نیە. ئەمەش خەڵکی لە هەر جۆرە ئیمکانێکی ئیسلاحی نیزام بێ ئومێد کردووە. هەربۆیەش بوو کە لە مانگی بەفرانباری ڕابردوودا شەپۆلێکی دەتوانین بڵێین بێوێنە لە ئیعترازاتی خەڵک لە سەرتاسەری ئێراندا وەڕێ کەوتەوە کە لەڕووی بەربڵاوی و شکانی ترسی خەلک و ئەوە کە خەڵک کولییەتی نیزامیان بە هەدەف دەگرت خیسڵەتێکی تەواو تازەی هەبوو، بەڵام وەک حەرەکەت و نارەزایەتییەکانی پێشوو زۆر کەموکوڕیشی هەبوو کە خاڵی لاواز و پانیەی ئاشیلی ئەم جۆرە حەرەکەتانەن. وەک هاوڕێیەکمان لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا نووسیویەتی، لەڕاستیدا ئەمڕۆ خەڵکی ئێران لەنێوان بەرداشی بێ متمانەیی بە دەسەڵات و بێهیوایی بە ئایندەدا گیریان کردووە. بێ متمانەیی بە ڕێژیم مەعلوومە لەبەرچی؟ بێ هیوایی‌ش

بە ئایندە لەبەر ئەوە کە ئەو داوەڵە کە ڕێژیم سەبارەت بە "بەسووریەیی کردن"ی ئێران بە خەڵکی نیشان دەدا واتە ئەوە کە گۆیا هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ئێران مەرگ و ماڵوێرانی و بێسەروبەرەیی بەدوای خۆیدا دێنێ تا ڕادەیەک کاری خۆی کردووە، بەتایبەتی لە نەبوونی ئادرەس و مەرجەعیەتێک لە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی ڕێژیمدا کە بتوانێ خەت و نیشان بەمجۆرە ناڕەزایەتییە خەڵکیانە بدا و ئەلترناتیڤێکی دڵخواز و جیددی بۆ دوای ڕێژیمی لێ بکەوێتەوە.

لەو نێوەدا ئەوەی کە ئێمە دیتوومانە بە نیسبەت ڕێژیمەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە گوتار و کرداری سەرانی ڕێژیم بە هەموو باڵ و پێکهاتەکانیەوە هەرچەند هەمیشە وەکیەک نیە بەڵام لە نیهایەتدا ڕێژیم لە تەواوەتیی خۆیدا ئێستاش حازر نییە پەیامی ناڕەزایەتیی ئەو خەڵکە ببیستێ و هەنگاوی بە کردەوەی بۆ هەڵێنێتەوە. دیارە وەختی وا، کێشە نێوخۆیەکانی ڕێژیم بەرجەستەتر دەبنەوە و بەو شێوەیە کە دیاردەیەکی وەک ئەحمەدینژاد زیاتر لە ڕابردوو سەرنج ڕادەکێشێ و جەنجاڵ دروست دەکا. ئەگەر ڕۆژێک هێندێک لایەن لە ناوخۆی ئێران بەڕاستی هەنگاو هەڵێننەوە بۆ ئەوەی بچنە نێو بەرەی خەڵکەوە ئەو دەمە حیزبێکی سیاسی یا بڕاردە سیاسییەکان دەزانن بەو جۆرەی کە بە قازانجی سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکە هەڵوێست بگرن. بەڵام تا ئەو وەختە کە ئەو شتە ڕووی نەداوە، دەبێ بڵێین کە کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم لەگەڵ ئەوەدا کە شەڕی زێڕینگەری نین، بەڵام شەڕی خەڵکیش نین. ئەوان شەڕی خۆیان لەگەڵ یەکتر دەکەن نەک ئەوەی لەسەر مافەکانی خەڵک شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەن. هەربۆیە خەڵکی ئێرانیش و خەڵکی ئێمەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ ئەم شەڕە بە شەڕی خۆیان بزانن و لە هە حاڵدا پێویستە خەباتی خەڵک تەواوەتیی نیزام بە ئامانج بگرێ.

تا ئەو جێگایە کە پێوەندیی بە کوردستانەکەی خۆمانەوە هەیە، لە هەمووان ئاشکرایە کە وەزعیەت لە کوردستان لەچاو شوێنەکانی دیکەی ئێران چەند قات خراپترە. بەو حاڵەش خەڵکی ئێمە لە یەک ساڵی ڕابردوودا و لە مانگەکانی دواییدا لە ڕابردووش زیاتر لەسەر پێ و لە مەیداندا بووە. خەڵکی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابردوویەکی دوور و درێژی لە خەبات و خۆڕاگری و خۆڕێکخستن هەیە. شتێک کە ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی دەبێ ببینین ئەوەیە کە شعووری سیاسی و نەتەوەیی و مەدەنیی خەڵکی ئێمە هەتا دێ زیاتر دەبێ. لە یەک ساڵی ڕابردووشدا لە قەزیەی کۆڵبەران و ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان و بوومەلەرزەی پاییزی ڕابردوو و ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان و مانگرتنەکەی ئێستای شارەکانی کوردستاندا، ئەوەمان بە باشی بەدی کرد کە خەڵکی ئێمە بە دیدێکی شوناسخوازانەوە زۆر زیاتر لە جاران خەریکی خۆڕێکخستن و خۆدەرخستنە. حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی شۆڕشگێڕە. بەڵام حیزبێکی سیاسی دەبێ کۆمەڵگا بە مەیدانی سەرەکیی خەبات بزانێ. هەربۆیە لەگەڵ ئەوە کە ڕیسالەتی ئێمە وەکوو حیزبێکی سیاسی و شۆڕشگێر لە ڕیسالەتی چالاکانی مەدەنی جیاوازە، هەرلەوکاتەدا بەڵام حیزبی ئێمە زیاتر لە ٤٥ ساڵە بەستێنی ناوخۆ و فۆڕم و شێوازە

جۆراوجۆرەکانی لە مەیداندابوونی خەڵکی بۆ گرینگە. لە دە دوازدە ساڵی ڕابردوودا حیزبی ئێمە زیاتریش هاندەری بەستێنی ناوخۆ بووە و تێکۆشاوە متمانەبەخشی بداتە چالاکانی مەدەنی. لەم ڕێگایەدا ئەگەر جاری وا بووە حیزبەکەمان رووبەڕووی ڕەخنە و تیر و توانجیش بۆتەوە، بە تێپەڕینی زەمان دەرکەوتووە کە هەوڵە گوتارییەکانی ئەو حیزبە بەرهەمی هەبووە و تەنانەت جۆرێک فەرهەنگسازیی لە کۆمەڵگای سیاسی ئێمەدا لێ کەوتۆتەوە. دیارە ئێمە نابێ هەر بە پشتیوانیی گوتاری قەناعەت بکەین و پێویستە لە بەرنامەی کار و تێکۆشانیشماندا کە دواتر باسی دەکەین ئەمە زیاتر رەنگ بداتەوە بۆ ئەوەی بەستێنی کۆمەڵگا و بەستێنی حیزبەکان بەکردەوە و بە دائیمی پێکەوە گرێ بدرێنەوە.

کە دێینە سەر باسی بەستێنی حیزبەکان چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی کوردستاندا، وەک هەمیشە گوتراوە، یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆن مونسەجیم و یەکگرتوو نیە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو کەمایەسییە چارەنووسسازە هەروا بەردەوامە، ئەرکی ئێمەشە کە لە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریی ئێران غافڵ نەبین. مادام ئێمە هێشتا باسی چارەسەری مەسەلەی کوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی ئێراندا دەکەین، ئاڵوگۆڕ لە پێتەخت و بارودۆخی هەموو ئێران بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش گرینگە و دەبێ لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانەی ئیدیعای سەراسەری بوون دەکەن لە پێوەندیدا بین. ئێمە لە یەک ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ژمارەیەک ڕێکخراوی نەتەوەیی و ئێرانی چوارچێوەیەکمان بۆ لێکگەیشتن و هاوکاری بە ناوی "شووڕای دێموکراسیخوازانی ئێران" دامەزراندووە و لەگەڵ هێندێک هەمایشی تری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییش لە پێوەندیداین هەتا یارمەتی بە شکڵ گرتنی ئاڵترناتیڤ یان لانیکەم بنەماکانی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی بکەین، دیارە بە مەرجێک کە ڕوانگە و ئارەزووکانی خەڵکی کوردستان لەم پرۆسەی ئاڵترناتیڤ سازییەدا ڕەنگدانەوەی هەبێ.

ئەولەویەت بەڵام بۆ ئێمە نێومالی کورد لە پێشدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە یەک ساڵی ڕابردوودا بە خۆشییەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەسڵێکی تازەیان لە لێکنزیکبوونەوە و پێکەوە کارکردن دەست پێکردووە و ئێستا هاوفکری و هاوهەڵوێستی لەنێویاندا بۆتە عادەت. مەعلوومە یەکگرتن و هاوکاریی نێوان حیزبەکان هێشتا ئاستەنگ و کەموکوڕیی زۆرە. بەڵام ئەوە کە بە ناوی "ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی کوردستانی ئێران" درووست بووە، چوارچێوەیەکی باش و هیوابەخش بۆ یەکخستنی هێز و وزەی خەباتگێڕیی گەلەکەمانە. دیارە حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە بۆ ئەوە کە ئەم پرۆسەیە بەرهەمدارتر بێ، پێویستە توانا و کەرەسەی کاریی حیزبەکان لە هەموو بوارەزیاتر لە هەنگاوی بەکردەوەدا دەکار بخا؛ پێویستە ئەو ناوەندە بە جۆرێک کار بکا کە هاوکاری و هاوخەباتیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهادینە بێ و لە نیهایەتدا بەرەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێ بکەوێتەوە؛ دەمەوێ ئەوەش زیاد بکەم کە حیزبی ئێمە بەو تایبەتمەندییە سیاسییەی هەیەتی و بەو زەرفیەتە سیاسیانەی لە خۆیدا درووست کردووە، چاوەڕوانیی ئەوەشی هەیە کە ناوەندی هاوکاری زیاتر بە کۆمەڵگای نێوخۆی ڕۆژهەڵات وەسڵ بێ و ئیلهام و کاریگەریی زۆرتر لە واقعیاتی نێوخۆ

وەربگرێ.

لەنێو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا ئەوەی بۆ ئێمە نزیکتر و گرینگترە وەک بنەماڵەی سیاسی، بێگومان لایەنەکەی دیکەی دێموکراتە. پرسی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکراتیش یەکێک لە بڕگەکانی کاری ئەم دانیشتنە سێ ڕۆژییەی کۆمیتەی مەرکەزیی حیزب بوو. بەخۆشییەوە لە ئاکامی سیاسەتی دروستی حیزبی ئێمە کە سیاسەتی بەو پرسەوە نەکردوە و بە دیدێکی ستراتژییەوە کاری جیددیی بۆ کردووە (تەنانەت ئەوەندەی کار لەسەر کردووە کە زۆر جار لە ڕیزەکانی خۆشماندا ڕەخنە و گلەیی هاتۆتەوە سەر)، کۆمەڵێک دەسکەوتی باش لەو پرۆسەیەدا وەدی هاتووە. بەڵام دەزانین کە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هێشتا وەدی نەهاتووە؛ ئەگەر وەدینەهاتووە و ساڵانێکی زۆر خەڵکی لە چاوەڕوانی دا هێشتۆتەوە، مەعنای ئەوەیە کە هێشتا کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە لەسەر ڕێگای بەئەنجامگەیشتنی پرۆسەکە ماون. وەک دەزانن بەهۆی کۆنگرەی شازدەهەمی حدکا و ئەو پرسیارانە کە گۆڕینی پێکهاتەی حیزبیی هاوڕێیانمان لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی دروست کردبوون، ماوەیەک بوو دانیشتن و گفتگۆی دوو لایەن بۆ یەکگرتنەوە ڕاوەستابوو. ئێستا پلینۆمی ئێمە هێندێک ڕێنوێنیی داوە بە هەیئەتەکەمان هەتا لە مانگەکانی داهاتوودا بە جیددییەتەوە تەعقیبی ئەو پرسە دەست پێ بکاتەوە و وا بکەین کە بە وەبەرچاوگرتنی چاوەڕوانیی تەشکیلاتی خۆمان، بەڵام لەوەش گرینگتر چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان، ئەو پرۆسەیە بە ئەنجامی دیار و دڵخواز بگا.

ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە هەر جار کە کۆبوونەوە دەگرێ، پێویستە چاوی لە وەزعیەتی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بێ، چونکە ئێمە بەشێکین لە نەتەوەیەک کە دابەش کراوە؛ وەزعیەتی وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستاندا وای کردووە کە هەمیشە بزوتنەوەی هەر پارچەیەکی کورستان، پارچەی دیکەی کوردستان وەک سەکۆیەکی بۆ خەباتی خۆی بەکار ببا. بۆ ئێمە باشووری کوردستان بەداخەوە هێشتا ئەو سەکۆیەیە. بۆیە دەڵێم بەداخەوە چونکە ئیدەئال ئەوەیە ئێمە بە ئازادی لەنێو خەڵکی خۆمان و لەسەر خاکی خۆمان خەبات بکەین و سەرکردایەتیی ئێمە لە دەرەوەی جوغرافیای ئەسڵیی خەبات نەبێ. لەلایەکی دیکەوە خەبات و بارودۆخی پارچەکانی کوردستان کارتێکەری لە یەک دەکەن، هەم دەتوانن ئیلهام بە یەکتر بدەن، هەم دەتوانن ببنە کۆسپ و تەگەرە بۆ یەکتر. ڕێبەرایەتیی ئێمە پێی وایە ئەوە کە پاییزی ڕابردوودا دوای دونیایەک ئۆمێد و چاوەڕاونی لە باشووری کوردستان ڕووی دا بەشێکی گرینگی دەرئەنجامی نایەکگرتوویی هێز و لایەنەکانی ئەو بەشەی کوردستان بوو. ئێستا کە ئەگەرچی کاتی ململانەی هەڵبژاردنە، بەڵام لەسەرێەک هەرێمی کوردستان خەریک خۆڕێکخستنەوە و دەسپێکردنەوەی دیالۆگ لەگەڵ بەغدایە، هیوادارین ئەمجارە ئیدی بەخۆداچوونەوەیەک و یەکخستنەوەیەکی ڕوانینە ستراتیژییەکان لە باشوری کوردستان وا بکا کە جارێکی دیکە ناکۆکی و ململانەی حیزبی و سیاسی نەبێتە هۆی ئەوە کە شتی ناخۆش بۆ گەلەکەمان لەو بەشە لە کوردستان دووپاتە بێتەوە. لە باکووری کوردستان، ئێمە ئەو وەزعییەتەی کە

ئێستا لەوێ زاڵە، زۆر بە جێگای داخ دەزانین و ئارەزووومان ئەوەیە کە بەستێنی دیالۆگ و دەرفەتی چارەسەری سیاسی و شارستانیانەی کێشەکان دروست بێتەوە. سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستانیش، کەوتنی عەفرین و هەموو ئەو نەهامەتییەی بەسەر گەلی ئێمە لە ڕۆژئاوا هات زۆر تاڵ بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوە کە خۆڕاگری و قوربانی دانی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە لە ڕۆژئاوا یەکجار شیاوی ڕێز لێگرتن و ستایشە، بەڵام لەو باوەڕەشداین کە بەدەر لە سیاسەتی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان، کوردیش دەبێ بناخە و ئاجێندای خەباتی خۆی وەها دابنێ کە ئەزموونێک کە لە پارچەیەکی کوردستاندا شکڵ دەگرێ ئەوەندە نایەکگرتوو نەبێ یان ئەوەندە مۆرکی تابعیەت لە هێزی پارچەیەکی دیکەی کوردستانی لێ نەدرێ کە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا ئەوەندە رووهەڵماڵاوانە لێی وەخۆکەون و کۆمەڵگای نێونەتەوەییش متەقی لێوە نەیە.

سەبارەت بە سەرجەم بزوتنەوەی کورد، ئێمە یەک میللەتین و دەبێ هاوپێوەندیی نەتەوەیی‌مان هەبێ و ئەگەر دیسان باس لە دروست کردنی چوارچێوەیەک بۆ موناقشەی و لێکگەیشتنی نێونەتەوەیی کرا، حیزبی ئێمە وێڕای ئەوەی قسەی خۆی هەیە و سەنگی ڕۆژهەڵات دەکاتە پێوەر، پێشوازییش لە شکلگرتنی هەر چوارچێوەیەکی هەمەلاگیر دەکا کە پەرە بە هاوپێوەندی نەتەوەیی و جێخستنی ئوسووڵێک بۆ موناسباتی نێوخۆیی بزوتنەوەی کورد بکا. بەڵام لەهەر حاڵدا لەبەر ئەوەی هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەلەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە، دەستتێوەردانی هێزی هەر پارچەیەی کوردستان لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا زەربە لەو پارچەیە لە کوردستان و لە پێشوەچوونی سەرجەم خەباتی کورد دەدا. لەم پلینۆمەشدا ڕێبەریی ئێمە بە روونی سیاسەتی هێندێک هێزی کوردیی کە دیانەوێ لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ئیمتدادیان هەبێ لەحاڵێکدا کە لە ئەسڵدا و لەپێشدا بۆ خەبات لە پارچەکەی خۆیان دروست بوون بە زیانبەخش بۆ خەباتی پارچەکانی دیکە و تەنانەت بۆ خەباتی خۆشیان دەزانێ. وەک خۆمان ئێمە لە عەینی ئەوەدا کە هاوپێوەندی نەتەوەییمان بۆ گرینگە بەڵام تەئکید لەسەر ڕۆژهەڵاتتەوەری دەکەینەوە، چونکە ئەرکی یەکەمی ئێمە کارکردنە بۆ ڕۆژهەڵات. لەولاشەوە، هێزەکانی دیکەش دەبێ ڕێز لەوە بگرن کە هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێ بۆخۆی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی بکا و ئاجێندای خەباتی خۆی تەنزیک بکا؛ هێز و لایەنی هیچ پارچەیەکی کوردستان نابێ کۆسپ و لەمپەر لەسەر چوونە پێشی خەباتی کورد لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان دروست بکا. لێرەدا پلینۆمی بە راشکاوی سەرنجی خەڵکی خۆمان لە نێوخۆی وڵات بەتایبەتی لەنێو توێژی لاویدا بۆ ئەوە راکێشاوە کە ئاگادار بن سیاسەتی لە پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا کاری دەوڵەتی حاکم بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە، بەڵکوو بەداخەوە بە هەر هۆ و بۆ هەر مەبەستێک بووە، چەشنێک هاوکاری و هاودەستیی هێندێک هێزی کوردیشی لەگەڵە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٨

------------------------------------------------

# کورد و ئایندەی ئێران

دەوری نوێی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لەمرۆڕا دەست پێ دەکا. وەک ڕاگەیاندراوە گەمارۆکان لە پێشدا کەرتی ئۆتۆمۆبیل و کانزا، دواتر کەرتی وزە و مامەڵە بانکییەکان دەگرێتەوە تا ئەوە کە کۆماری ئیسلامی دەرەتانی ئاسایی مامەڵەی بازرگانی و هەناردەکردنی نەوتی بە تەواوی لێ بستێندرێ. بەو پێیە ئابووریی هەرئێستا داڕماوی ئێران لە مانگەکانی داهاتوودا هێندەی دیکەش خەڵکی ئەو وڵاتە لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان دەستەوەستان دەکا. هەر کەس لە خەمی ژیان و ئاسوودەیی خەڵکی وڵاتەکەیدا بێ، هەرگیز ئارەزووی دۆخێکی ئاوا ناکا. بەڵام ئەوەی دەبێ سەبارەت بەم دۆخە لۆمە بکرێ و جەزاکەی بدا، تەنیا و تەنیا کۆماری ئیسلامییە.

ئەگەر تا ئێستا وا باو بووە کە فشارە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی وەک کاریگەرترین فاکتەری دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ڕێژیمە چاو لێ کراوە، ماوەیەکە ئەکتەرێکی دیکە هاتۆتەوە نێو سەحنەی گۆڕانکارییەکانی پێوەندیدار بە ئێران، ئەکتەرێک کە هەتا دێ زیاتر باڵا دەکا و بەهێز دەبێ، ئەکتەرێک کە ئەگەر دروست عەمەل بکا، قابلییەتی یەکلاکردنەوەی مشتومڕ و ململانێیی پێوەندیدار بە ئایندەی ئەو وڵاتەی هەیە. ئەو ئەکتەرەش خەڵکە. نیزیکبوونەوەی وادەی گەڕانەوەی گەمارۆکان چەند ڕۆژە خەڵکی تاران و زۆر لە شارە گەورە و گرینگەکانی ئێرانی هێناوەتەوە سەر شەقامەکان. ئەم شەپۆلە نوێیە لە نارەزایەتییەکان درێژەی هەمان ئەو ناڕەزایەتییانەیە کە لە بەفرانباری ڕابردوودا بەدژی حاکمانی گەندەڵ و ناکارامە و دژەئازادیی ئێران وەڕێ کەوتن. ئەمجارەش پاڵنەری سەرەکیی ناڕەزایەتییەکان ئابووری و کۆمەڵایەتییە، بەڵام ڕەهەندی سیاسیی تێدا بەرجەستەیە. ئەمجارەش حەرەکەتەکە، حەرەکەتی خەڵکە بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بتوانێ ئیدیعای سەرکردایەتیکردنی بکا. ئەمجارەش هێندێک تەیفی نێو ڕێژیم دەیانەوێ دەست بخەنە نێوی و بۆ قازانجە جیناحییەکانی خۆیان و لە نیهایەتدا بۆ پەڕاندنەوەی کەشتیی نیزام لەو ئاوە نائارامانە کەڵکی لێ وەربگرن، بەڵام خەڵک لەوە وشیارترن کە ڕێگە بە وەها بەلاڕێدا بردنێک بدەن و بە دروستی کۆی ڕێژیمیان بە ئامانج گرتووە. ئەگەرچی بزوتنەوەی ئەمجارەش بەشێک لە کەموکورییەکانی بزوتنەوەکانی پێشووی تێدایە بەتایبەتی نەبوونی نەخشەڕێگایەکی ڕوون و سازوکارێکی یەکگرتوو بۆ ئاقاربەخشین و بەئەنجام گەیاندنی هەستانی خەڵک، بەڵام حەرەکەتی ئەمجارە لە زۆر ڕووەوە لە حەرەکەتەکانی دیکە لە پێشترە: بنەمای جەماوەریی حەڕەکەتەکە فراوانترە و چین و توێژی نوێی کۆمەڵگەبەتایبەتی لەنێو کارمەندان و ژنان و نەتەوەبندەستەکان بەشێوەیەکی دیارتر لە پێشوو پەیوەستی بوون؛ دروشمەکان لەڕووی سیاسییەوە لە جاری پێشوو ڕاشکاوترن؛ دیواری ترسی خەڵک زیاتریش شکاوە؛ هێزەدژەگەلییەکان لە جاری پێشووش زیاتر لە سەرکوتی بەربڵاوی خەڵک دوودڵن؛ سەرەنجام ئەزموون و پێگەیشتووییەکی زیاتر بە شێوازی خۆپێشاندان و خۆپاراستنی خەڵکی ناڕازییەوە دیارە و پردەکانی پێوەندی لەنێوان بژاردەکانی نێوخۆ و دەرەوە لە جاران

پتەوتر و کاراتر دێنە بەرچاو.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ڕێژیم، ڕاڕایی و دۆشداماں و سەرلێشێواوییەکی ئاشکرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە دیارە. ئەوان بەڵام ئەمجارەش وەک جاری پێشوو لە دوو شتدا یەکدەست و یەکگرتوون: بێ کیفایەتی لە چارەسەری کێشەکانی وڵات، بێ ئیرادەیی بۆ بیستنی پەیامی خەڵک.

ئەگەر زۆر لە نیشانەکانی دۆخی ئێستای ئێران وەبیرهێنەرەوەی ئاخرین مانگەکانی ڕێژیمی شا و دوایین ساڵەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتن، بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە جووڵەی ئەمجارەی خەڵک سەردەکەوێ یا نا؟ لەلایەک درزەکان، مەوداکان و هۆکارەکانی دابەشبوون و نایەکگرتوویی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران هەروا بەردەوامن. لەلایەکی دیکەش، زەرفیەت و تواناکانی ڕێژیم چ بۆ سەرکوتی خەڵک و یەکدەستکردنەوەی زیاتری دەسەڵات لە نێوخۆ و چ بۆ سات و سەودا و سازان لەگەڵ دنیای دەرەوە ئەگەر لە کەمیشیان دابێ، لەنێو نەچوون. جێگای خۆشحاڵییە کە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران ئێستا ئیدی بۆتە تەوەرێکی بنەڕەتیی گوتاری دیپلۆماسیی ئەمریکا و هێندێک دەوڵەتی گرینگی ڕۆژئاوایی. بەڵام هەروەک ڕاگەیاندراوە، ئەولەوییەت و ستراتژیی نێودەوڵەتی ئێستاش گۆڕینی ڕێژیم نییە و لەحاڵەتێکدا کە کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی مەیل و ماهییەتی خۆی بۆ ماوەیەک و بەڕواڵەت مل بۆ گۆڕینی ڕەفتاری خۆی ڕابکێشێ، نابێ بەدووری بزانین کە حاڵەتێک بێتە پێش کە ئاجێندای ئازادیخوازانەی خەڵکانی ئێران بۆ چەند ساڵی دیکەش شل بێتەوە.

بۆ پێشگیری لە ڕوودانی وەها سیناریۆیەک، بۆ ئەوەی ئەگەر تەنانەت ڕێژیمیش نەڕووخێ پاشەکشەی نێودەوڵەتیی ڕێژیم پاشەکشەی نێوخۆییشی بەدوادابێ، پێویستە هەموو تاکەکان، هەموو لایەنەکان، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە نێوخۆ و لە دەرەوە یارمەتی بەوە بکەن کە ئەو دینامیزمە ئینقلابییە کە لەنێوخۆی ئێراندا سەری هەڵداوە جارێکی دیکەدانەمرکێتەوە. ئەوە لە ئاستی ئێراندا موستەلزەماتی خۆی هەیە کە زۆری لەسەر گوتراوە و دەکرێ لە شوێنی خۆیدا ئێمەش قسەی لەسەر بکەین.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خۆمان وەک کوردی ڕۆژهەڵات، کوردستان بەو ڕابردووە درێژە لە پێشەنگایەتیی خەبات بە دژی دیکتاتۆری لە ئێران و بەو پلەبەرزە لە ڕێکخستن و وشیاریی سیاسی و مەدەنی، کەس لە ئێران نابێ دەرسی خەبات و خۆڕاگریی فێر بکا. بەو حاڵەش، ئەگەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەریەکەوە چاو لێ بکەین، دەبینین کە ئەم ڕۆژانە چ لە بەستێنی حیزبەکان و چ لە بەستێنی کۆمەڵگەدا بێدەنگی و بێهەستییەک بەدی دەکرێ کە لە ئاستی دۆخی سەراسەریی ئێران و سێناریۆ و پێشهاتە نادیارەکانیدا نییە. بەلەبەرچاوگرتنی لەرز و تای ئەم ڕۆژانەی کۆمەڵگەی ئێران و بە هەموو

ئەو هەڕەشە و چالێنجانەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا لە زۆر لاوە بەرەوڕووی دەبێتەوە، کاری جیددی و مشووری خێرا بۆ یەکخستنی نێومالّی کورد لە ڕۆژهەڵات، بۆ لێدانی جێپەنجەی کوردی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان، بۆ لەمەیداندابوونی ورد و درشتی تاکەکانی خەلّک و سەرجەم چین و توێژەکان لە هەموو بەستێنەکاندا، سەرەنجام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هاوبەش و یەکگرتووانەی ئاستەنگ و ئالەنگەرەکان زەروورەتێکی وەک ڕۆژ ڕوونە. دەزانین کە بەداخەوە یەکنەبوون نەخۆشییەکی کۆنی کوردە، بەلاّم ئەگەر بەڕاستی هەموو لایەک بە ئیرادە و تەوازوعەوە چاو لە ئەرک و ڕیسالەتی خۆیان بکەن، کارەکە هێندەش دژوار نییە.

کۆمەلّگەی سیاسیی ئێمە بێگومان دەبێ زۆر کار لەسەر خۆی بکا بۆ ئەوەی مێژوو و ناسنامەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێژینگ بدا، بۆ ئەوەی درزەکانی دەروونی خۆی پڕ بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەستیاری و ڕوانگە و شێوازە نالێکەکان پێکەوە ئاشت بکاتەوە. هاوکات دەبێ چ ڕوو بە ناوچە و جیهانی دەرەوە و چ بەتایبەتی ڕوو بە دەسەلاّت و کۆمەلّگەی سیاسیی سەرجەم ئێران یەکدەست و یەکگرتوو قورسایی هێزی مەیدانیی خۆی و تۆکمەیی جەهانبینیی پێشکەوتنخوازانە و شوناسخوازانەی نیشان بدا. بە ئەزموونێکی تالّ و هێشتا نادلّخواز کە لەگەلّ دەسەلاّت و تەیفە سیاسییەکانی ئێران هەمانە، بێگومان کوردستان لەپێشدا دەبێ لە فکری خۆی و ئایندەی خۆیدا بێ.

ئێمە پێویستە لەسەر بەستێنی ڕەسەن و مێژوویی پرسی کورد کە پرسی نەتەوەیەکی چل میلیۆنیی دابەشکراوە، بە گوتارێکی سەرووەریخوازانە کە ڕوو بە دەرەوەی خۆمان متمانەبەخۆ و لە دەروونی خۆماندا هەمەلاگیر بێ، بە کەرەسەی نوێ و بە ڕێکاری سەردەمییانە، لە هەموو بەستێن و ڕەهەندەکانەوە بە هەنگاوی بچووک و گەورە کار بۆ جێخستنی بێگەڕانەوەی دیفاکتۆیەکی کوردی لە ئایندەی ئێراندا بکەین. بەلاّم ئەو دەستناوەلاّیی و ئەولەوییەتە کە کورد بۆ ئایندەی خۆی لە ئێراندا دەبێ بیکاتە پرەنسیپی کار، نابێ بە مانای کەمتەرخەمی و غافلبوون لە حاند ڕووداوەکانی سەرتاسەری ئێراندا بێ. ئەوەندەی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ بۆ ئازادیی خۆی کار بکا، ئەوەندەش دەبێ پشتیوانی لە هەموو هەناسەیەکی ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری ئێراندا بکا. ڕاستە کاری سیاسی و خەباتگێڕی بۆ کورد لە ئێران هەمیشە تێچووی لەسەرتر بووە، ڕاستە کورد نابێ پاشکۆی هیچ ڕەوتێکی بەناو سەرتاسەری لە ئێران بێ (بەتایبەت ئەگەر ئەو ڕەوتانە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بە گەلی ئێمە نیشان نەدەن)، بەلاّم پێویستە بە ڕێکاری ژیرانە و گونجاو هەم پۆتانسیەلی جەماوەریی خەلّک لە کوردستان زیاتر خۆی بنوێنێ، هەم بە شێوازی خۆمان تێ بکۆشین تەقویەتی ئەو دینامیزمە ئینقلابی و گۆڕانخوازە بکەین کە هەرچەند بەشێوەی پەرش و بلاو و ناهاوسان بەلاّم سەرتاسەری ئێرانی گرتۆتەوە. ئەوە بە قازانجی کوردستانیشە. کەوابوو بەلّێ بۆ هاوپێوەندی و پشتیوانیی کورد بە ڕەنگ و ڕوانینی تایبەت بە خۆیەوە لە بزاڤی

گۆڕانخوازانەی نێو کۆمەڵگەی ئێران، براڤێک کە چیدیکە نابێ خۆی بە بەکارهێنانی زەرفیەتەکانی ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامییەوە خەریک بکا، بەڵکوو دەبێ کار بۆ کۆتاییهێنان بەو حاکمییەتە بکا.

لە ژمارەی ٧٣١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---

## ٣٩ ساڵ جیهاد بەدژی خەڵکی کوردستان

٢٨ی گەلاوێژ لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی گەلی کورد لە ئێراندا ڕۆژێکی ڕەشە. ٣٩ ساڵ پێش ئێستا، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، واتە تەنیا چەند مانگ پاش ڕزگاربوونی گەلانی ئێران لە چنگ دیکتاتۆریی شاهەنشاهی، ئایەتوڵڵا خومەینی فەتوای جیهاد بە دژی گەلی کوردی دەرکرد و دەستووری بە هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمەکەی دا بە توندترین شێوە خەڵکی ئازادیخوازی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان سەرکوت بکەن. چەند مانگ پێشتریش ئەرتەشی ئێران بەتایبەتی لە سنە خەڵکی بێدیفاعی بۆمباران کردبوو و بە سەدان کەسی لێ کوشتبوون، بەڵام ئەم فەتوای جیهادە ڕاگەیاندنی ڕەسمیی شەڕ و دەسپێکی هێرشێک بۆ سەر کوردستان بوو کە لەڕووی بەربڵاوی و جبەخانەی بەکارهاتوو لەلایەن ڕێژیمەوە هیچی لە کێشەیەکی چەکداریی نێودەوڵەتی کەمتر نەبوو.

سەرەتا مەریوان و پاوە، ئینجا مەهاباد و سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان کرانە ئامانج. لە پێناو سەرخستنی کەمپەینی داگیرکردنەوەی کوردستان و زاڵبوون بەسەر خۆڕاگریی پێشمەرگەکانی کوردستان، ڕێژیم وێڕای گەمارۆ خستنەسەر کوردستان، پەنای بۆ وەحشیانەترین و قەدەغەکراوترین جۆرەکانی توندوتیژی برد. ئاخوند خەڵخاڵی لە دادگا نمایشی و سەرپێییەکانیدا بە سەدان کەس لە لاوانی کوردستانی ئێعدام کرد، فانتۆم و هێلیکۆپتێر و تۆپخانەی ڕێژیم نێو شارەکانیان بۆردوومان کرد، خەڵکی بێدیفاع لە گوندەکان قەڵاچۆ کران. قارنێ، قەڵاتان، چەقەڵ مستەفا، خەلیفەلیان (لە نەغەدە)، ئیندرقاش، وسووکەند، سەوزی و قەرەگۆل (لە مەهاباد)، هەڵەقۆش و گێچە (لە ورمێ)، ساروقامیش (لە بۆکان)، سۆفیان (لە پیرانشار)، بایزاوێ (لە شنۆ) تەنیا بەشێک لەو گوندانەن کە کۆمەڵکوژییان تێدا کرا. تەنانەت زۆر گوندی کوردستان بۆ نموونە لە دەڤەری برادۆست بە تەواوی لە دانیشتووانیان پاک کرانەوە. هەمووی ئەمانە تاوانی شەڕ، تاوان بەدژی مرۆڤایەتی و تاوانی ژێنۆسایدن.

فەتوای جیهادی خومەینی بەدژی گەلی کورد لە کاتێکدا بوو کە هەلومەرجێک کە لە کوردستاندا زاڵ بوو هاوشێوەی ئەوە بوو کە لە باقیی شوێنەکانی ئێران هەبوو، واتە هەلومەرجێکی ئینقلابی کە لەودا خەڵک بە هەوڵ و لە خۆبوردوویی خۆیان شۆڕشیان سەرخستبوو و کۆنترۆڵی بارەگاکانی دەوڵەت و پادگانەکانیان بەدەستەوە گرتبوو. بەو جیاوازییە کە خەڵکی کوردستان ڕازی نەبوون بەرهەمی خەبات و فیداکارییان لەلایەن ئاخوندەکانەوە بەتاڵان بچێ. ئەوان هەر لە سەرەتاوە ماهییەتی ڕێژیمی تازەیان ناسیبوو و کوردستان تەنیا بەشی کۆمەڵگەی ئێران بوو کە ڕێفراندۆمی دیاریکردنی نیزامی بایکۆت کردبوو. کێشەی کوردستان بۆ دەسەڵاتی تازەی تاران هەر ئەوە نەبوو کە کوردەکان داوای خودموختارییان دەکرد،

بەڵکوو بەپێچەوانەی ئەو فەزا داخراو و کۆنەپەرستانەیە کە ئاخوندەکان دەیانویست بەسەر ئێرانیدا بسەپێنن، لە کوردستان فەزایەکی لائیک و کراوە زاڵ بوو، فەزایەک کە لەودا هەموو فکرەکان بە ئازادی ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە و بە کردەوە کار بۆ یەکسانیی ژن و پیاو دەکرا. لە تارانیش هاواری ئازادیخوازی کپ کرا، لە تورکمەن سەحراش ویستی شوناسخوازانە خەڵتانی خوێن کرا. بەڵام لە هیچ شوێنێک بە ئەندازەی کوردستان دڕندەیی و بەربەرییەت بەکار نەبرا، چونکە کوردستان لە هەموو شوێنێکی ئێران زیاتر لەسەر دیفاع لە ئازادی سوور بوو؛ هەر لە بنەڕەتەوە مۆدێل و جەهانبینیی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە پێچەوانەی مۆدێل و جەهانبینیی کۆماری ئیسلامی بوو.

سەرەڕای تەبلیغاتێک کە کۆماری ئیسلامی هەمیشە ویستوویەتی لە بیروڕای گشتیی ئێراندا جێی بخا، کوردەکان ئاشقی شەڕ و توندوتیژی نەبوون و نین؛ ئاشقی ژیان و خوازیاری ئاشتین. ئەوان هەمیشە پشتیوانی کرانەوە و بەشداریی سیاسی بوون و تەنانەت ڕێبەرانیان لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت تێرۆر کراون. کەچی ئەوەی ٣٩ ساڵ پێش ئێستا لە ٢٨ی گەلاوێژدا ڕووی دا، هەموو ساڵێک و هەر ساڵە بە چەشنێک لە خەڵکی کوردستان دووبارە بۆتەوە. لەو چوار دەهەیەدا کوردەکان هەروا قوربانیی ستەم و تەبعیزی دوو چەندان بوون؛ هەزاران کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە زیندانەکاندا شکەنجە و ئێعدام کراون؛ پارتە سیاسییەکان و پێکهاتە مەدەنییەکان لە هەر جۆرە دەرەتانێکی ڕاستەقینەی تێکۆشانی ئازاد بێبەشن؛ خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان هەروا قەدەغەیە؛ دێموگرافیی قەومی لە دەڤەرە ستراتژییەکانی کوردستان تێک دراوە؛ تەنانەت زیانی گەورەیان بە ژینگەی کوردستانیش گەیاندووە: بە ئەنقەست ئاگر لە دارستانەکان بەر دەدەن، ئاوەکانی کوردستان لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێران دەگرن، ئاسار و کانزا گرانباییەکانی کوردستان بەتایبەتی لە ناوچە جنووبییەکانی کوردستان بە تاڵان دەبەن. کوردستان زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لە گەشەسەندن بێبەش کراوە؛ هێزە ئەمنییەکان تەنانەت دەست لە کۆڵبەرانیش ناپارێزن و هەموو ڕۆژێ چەند کەسێکیان دەکەنە قوربانی.

٣٩ ساڵە فەتوای جیهادی خومەینی لەژێر سانسۆری دەوڵەت بۆ سەر پرسی کوردستان و لە تەفریبەن بێتەفاوەتیی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێراندا بەڕێوە دەچێ. ئێستا کە تێگەیشتنی ٣٩ ساڵ پێش ئێستای کوردەکان بۆ ماهیەتی کۆماری ئیسلامی و چارەنووسێک کە ئەو ڕێژیمە بۆ ئێرانی بە دیاری هێنا دروست دەرچووە؛ ئێستا کە ڕێژیم لەژێر باری فشارە دەرەکییەکان و ئیعترازاتی خەڵکدا لە سەرەولێژیی ڕووخان دایە هەموو لایەک دەبێ بزانن کە لەژێر پێستی نەخشەی سیاسیی ئێراندا ئەوەی هەیە تەنیا ویستی ئازادی و دێموکراسی نییە. فرەچەشنییەکی نەتەوایەتیشە، شوناسخوازییەکی ڕەوا و مەعقولیشە. ئەوانەی ئایندەی ئێرانیان بۆ گرینگە دەبێ بزانن کە بەبێ دەرس وەرگرتن لە ٢٨ی گەلاوێژ و ئاوڕدانەوەی دروست و ئازایانە لە پرسی کوردستان و بەگشتی مەسەلەی پێکەوەژیانی گەلان لە ئێران، ئەو وڵاتە هەرگیز ئەو ئایندەیەی نابێ کە ئەوان ئارەزوویانە.

چەند ساڵێکە بەتایبەتی بەهۆی ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی تێرۆر و داعشدا دەرکەوتووە کە کورد فاکتەرێکی گرینگی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بەڵام لێرەشدا کوردەکانی ئێران لەبیر کراون و پەراوێز خراون. ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵات نێوەڕاست و پێوەندیی سالمی ئەم ناوچەیە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەبێ هاتنەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکرات و میانەڕەو لە ئێراندا مومکین نییە. هەر دەوڵەتێک، هەر لایەنێک، ئەو ڕاستییەی قبووڵ بێ دەبێ بزانێ کە پشتیوانی لە کوردەکانی ئێران و بەهێزکردنیان، یارمەتی بە وەدیهاتنی ئەو ئامانجە دەکا.

لە ژمارەی ٧٣٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---

## پرێسکۆنفرانسی جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ی خەرمانان بەئامادەبوونی نیزیک بە ٢٠ پەیامنێری ئاژانس و هەواڵدەرییە بیانی و نێوخۆییەکان پرێسکۆنفرانسێک بۆ جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێو ەچوو.

لەو پرێسکۆنفرانسەدا د. ئاسۆ حەسەن زادە، وێڕای باس لە وردەکارییەکانی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەڵامی پرسیاری میدیاکاران و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی بەشدار لە پرێس کۆنفرانسەکەی دایەوە.

**لێرەدا دەقی قسەکانی د. ئاسۆ حەسەن زادە لەو پرێس کۆنفرانسەدا دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی "کوردستان":**

سڵاو لە هەموو لایەک. سوپاس کە لەم پرێسکۆنفرانسەدا بەشدارن. ئەمن سەرەتا بە وەبیرهێنانەوەیەکی کورتی ڕووداوەکە دەست پێ دەکەم. پاشان ڕوانگە و هەڵسەنگاندنی خۆمانتان پێشکەش دەکەم. دواتریش چاوەڕوانیمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باس دەکەم. بێگومان کاتیش دادەنێین بۆ وڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئێوە.

ڕووداوەکە ئێستا بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە. ڕۆژی شەممە، ٨ی سپتامبر، لە کاتێکدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمە لە حاڵی بەستنی پلینۆمدا بوو، دەوروبەری سەعات ١٠:٤٠ بنکەی سەرەکیی حیزبی ئێمە و ڕێک شوێنی کۆبوونەوەکە کەوتە بەر هێرشی مووشەک بارانی کۆماری ئیسلامی. بۆ ئەوانەی شارەزا نین، بارەگای سەرەکیی ئێمە لە نیزیک شاری کۆیەی پارێزگای هەولێر و زیاتر لە ١٥٠ کیلۆمیتر لە سنووری ئێرانەوە هەڵکەوتووە. هێرشەکە بووە هۆی گیان لەدەستدانی پازدە کەس (کە دواتر بوون بە ١٦ کەس) کە شەش کەسیان لە ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبی ئێمە بوون و نزیکەی چل کەسیش بریندار بوون. لەنێو قوربانی و بریندارەکاندا ژنان و منداڵان هەن. لەگەڵ ئەوەدا کە دەفتەری سیاسیی ئێمە لەنێو بنکەی نیزامیی ڕێژیمی پێشووی عیراق هەڵکەوتووە و لەلایەن پێشمەرگەکانیشمانەوە دەپارێزرێ، بەڵام ئەو شوێنە شوێنێکی نیزامی نییە. ئۆرگانە سیاسی و مەدەنییەکانی ئێمە و ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان و منداڵپارێزی لەوێ هەڵکەوتوون. هەروەک یەکسەر پاش هێرشەکە ڕامانگەیاند، ئێران بەرپرسیاری ئەو هێرشانەیە چونکە ئێران تەنیا ڕێژیمە کە ئێمە بەدژی لە خەبات داین و چەندین مانگیش بوو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی زەربەوەشاندن لە ئێمەیان دەکرد. سەرچاوە و سروشتی هێرشەکە ئێستا ڕوون بۆتەوە. مووشەکەکان، کە وا دیارە ٥ تا ٧ دانە بوون، لە بنکەی ئەلمێهدی لە ورمێ ڕا هاوێژراون. دیارە زانیاریی جۆراوجۆر و تەنانەت پێچەوانەی یەکتر سەبارەت بە ژمارە و شوێنی هاویشتن و جۆری موشەکەکان لەو چەند ڕۆژەدا بڵاو بۆتەوە. کۆمەڵێک فڕۆکەش کە ڕەنگە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بووبن لەکاتی مووشەک بارانەکەدا لە ئاسماندا خولاونەتەوە و پێ دەچێ بۆ ئەوە بەکار هاتبن کە شوێنی ئامانجی موشەکبارانەکە بە وردی دەستنیشان بکەن و وێنە هەڵ بگرنەوە. ئێمە ئەو فڕۆکانەمان تەنانەت ڕۆژی دواتر لە کاتی ناشتنی شەهیدەکانمان لە ئاسماندا بەدی کرد. تەنانەت ئەم بەیانییەش جمۆجۆڵی نائاسایی فڕۆکەوانی لە ئاسمانی کۆیە بەدی کرا کە دیارە هی ئەمرۆ دڵنیا نین کە فڕۆکەی کوێ بوون. قەڵای دێموکڕات ئامانجی سەرەکیی مووشەک بارانەکە بووە بەڵام بەشێک لە موشەکەکان خوارتر یا سەرتر لە قەڵای دێموکڕات کەوتوونەتە سەر عەرز و بەم جۆرە دوو پێشمەرگەی حدکاش لە شوێنی ڕاهێنانی پێشمەرگەکانیان شەهید بوون. ئەمە بەبێ دوودڵی قورسترین و بێ سابقەترین هێرشی لێدانی ئاسمانییە کە ڕێژیمی ئێران تا ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بۆ سەر لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی کردبێ. لە حاڵەتەکانی پێشوودا بۆ نموونە ئەوەی موجاهیدین توانای زیانگەیاندنی موشەکەکان زۆر لەوانەی لەسەر ئێمە بەکارهاتوون کەمتر بوو و هێرشەکانیش زۆربەی کات هەر لەنێو خاکی

عیراق ڕا و بە هاودەستیی حکومەتی عیراقیی لایەنگری ئێران یان تاقمە شیعەکانی سەر بە ئێران بەڕێوە چوون. لە دیدی ئێمەوە، هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر بارەگای ئێمە لە هەموو ڕوویەکەمەوە ناقانوونییە. ڕاستە کە حیزبی ئێمە حیزبێکە کە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکا. ڕاستە کە ئێمە لە ڕابردوودا موقاوەمەتی چەکدارانەمان لە دژی ئەو ڕێژیمە بەڕێوە بردووە و ئێستاش هێزی پێشمەرگەمان هەیە، بەڵام چالاکیی پێشمەرگەکانی ئێمە لە ساڵانی ڕابردوودا لە نێوخۆی ئێراندا زۆرتر بەمەبەستی سیاسی و تەشکیلاتی بووە. لە زۆربەی ئەو دەرگیریانەشدا کە ڕوویان داوە دەرگیرییەکان بەهۆی کەمین و هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر پێشمەرگەکانمان ڕوویان داوە. هەربۆیە ئەوە کە ڕێژیم دەڵێ ئەم هێرشە وڵامێکە بۆ چالاکیی سەربازیی ئێمە لەنێو ئێران هیچ بنەمایەکی نییە. بەپێچەوانەوە، لە ساڵانی ڕابردوودا حیزبی ئێمە ئەو حیزبە بووە کە زۆرترین جەختی لەسەر شێوازە ناچەکدارییەکانی خەبات و بەهێزکردنی بزووتنەوەی مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. بەشێوەیەکی گشتی بەدرێژایی چوار دەیەی ڕابردوو، ئێمە هەمیشە گوتومانە پرسی کورد لە ئێران ڕێگاچارەی نیزامیی نییە. هەمیشە پشتیوانیمان لە شێوازەکانی سیاسی و مەدەنیی کار وتێکۆشان کردووە. ئێمە تەنانەت ڕێبەرانمان لەسەر مێزی موزاکرە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون. بەڵام کۆماری ئیسلامی حیزبی ئێمەی و حیزبەکانی تری لە وڵات دەرکردووە و هەمیشە وڵامی داواکارییەکانی خەڵکی ئێمەی بە ئینکار و تەبعیزی زیاتر بەدژی گەلی کورد و بە زیندان و شکەنجە و ئیعدام و تێرۆری تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە و تەنانەت چالاکانی بێچەکی مەدەنی لە نێوخۆ داوەتەوە. هەر بەیانیی مووشەک بارانەکە، سێ کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە زیندانەکانی ئێراندا ئێعدام کران. بۆ دەربڕینی بێزاری و ئیعتراز لە ئێعدامی چالاکانی نێوخۆ و موشەکبارانی بنکەکانمان ئەمڕۆ و هەر ئێستا مانگرتنێکی سەراسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە کە تەواوی خەڵکی کوردستان پێشوازیی لێ کردوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر ئایندە و مانەوەی خۆی لە مەترسیدا دەبینێ. بەلەبەرچاوگرتنی شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵک لەم دواییانەدا، ئەوەی ڕێژیم زۆرتر لە ئێمەدا لێی دەترسێ، زۆرتر توانمان بۆ ڕێکخستنی هێزی جەماوەریی خەڵکە نەک چەکەکانمان. ئەم پرسە ڕەهەندێکی حاشاهەڵنەگری نێودەوڵەتیشی هەیە. ئەگەر سەرنج بدەینە خێرایی و سەرکێشیی سوپای پاسداران بۆ وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتیی مووشەک بارانی سەر ئێمە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ڕێژیمە بەم جۆرە هەروەها ویستی پەیامێکیش بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەمریکا بنێرێ هەتا توانای تێکدەرانە و خراپکارانەی خۆی پێ نیشان بدا. بەو حاڵەش دژکردەوە نێودەوڵەتییەکان لەئاست قورسی و دڕندەیی مووشەک بارانەکە نەبوون. بێگومان لێرە و لەوێ هێندێک مەحکوم کردنمان دیوە. بەڵام ئەوە بە هیچ جۆر کافی نییە. هەربۆیە زەرووره کە شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر بێنە سەر خەت و هەرچی زووتر هەنگاوی بەکردەوە هەڵگرن بۆ ئەوەی پێش بە ئێران بگرن کە ئەو جینایەتە کە لە هەقی ئێمەدا کردی دووبارە بکاتەوە. هەر دوێنێ سەرۆکی ستادی گشتیی هێزە نیزامییەکانی ئێران هەڕەشەی لە ئێمە کردوە کە بە نیازن زەبری دیکەشمان لێ بوەشێنن. ئەوە مووشەکانەی وە ئێمە کەوتن هەر هەمان ئەو مووشەکانە بوون کە ڕێژیمی ئێران داونی

بە حیزبوڵڵای لوبنان. نەتەوە یەکگرتووەکانیش قبووڵی کردووە کە ئەوە مووشەکانەی لە عەرەبستانی سعوودی وە عەرزی کەوتوون سەرچاوەکەیان ئێرانە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە مووشەک بارانی بارەگای ئێمە نابێ تەنیا وەک کێشەی نێوان ئێمە و کۆماری ئیسلامی چاو لێ بکرێ بەڵکوو پێویستە بخرێتە چوارچێوەی گشتیی ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش. لە کۆتاییدا ئەمن لە هەموو ئێوە داوا دەکەم کە بانگەوازی ئێمە ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڵاو بکەنەوە بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکا ئەو دەستدرێژییانە ڕابگرێ و بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کەمپەکانمان و ئەندامانمان و خانەوادەکانیان بپارێزێ. لەلایەکی دیکەشەوە، بە لەبەرچاوگرتنی زیانەکان و ئاکامە ئینسانییەکانی ئەو مووشەک بارانە، لە هەموو ڕێکخراوە بەشەردۆست و ئینسانیەکان داوا دەکەم کە بێن لە کۆیە سەردانمان بکەن و لە نزیکەوە پێویستییەکانمان و ئەوە کە چۆن دەتوانن بە هانامانەوە بێن هەڵبسەنگێنن.

سوپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## دەقی قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی تەواوبوونی دەوری ٢٣٠ی سەرەتایی پێشمەرگە

### پێشمەرگە خۆشەویستەکانی دەورەی ٢٣٠ی سەرەتایی پێشمەرگە!

تەواوکردنی سەرکەوتووانەی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە و لەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگانەتان لێ پیرۆز بێ. هیوادارم ئەمڕۆ سەرفەسڵی ڕۆژگارێکی بەردرێژ و بەبەرهەمی خزمەت و تێکۆشانی ئێوە لەپێناو مافە ڕەواکانی میللەتەکەماندا بێ. تەنانەت ئەگەر ڕۆژی ڕزگاری و دەرهێنانی خاکی وڵات لەژێر پۆتینی داگیرکەرانیش دوور نەبێ، کاری ئێوە نەوەی نوێ بۆ پاراستنی کوردستان و حەساندنەوەی دایکی نیشتمان تازە ئەودەم دەست پێدەکا. دەمەوێ لێرەدا سەبارەت بە زەحمەت و ماندووبوونی بێوچانیان لەپێناو پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ئێوەدا، هەروەها سوپاس و ئەمەگناسیی خۆم و حیزب پێشکەش بە بەرپرسی فێرگە کاک برایم چووکەڵی و سەرجەم کارگێڕانی فێرگە و مامۆستا بەڕێزەکانی ئەو دەورەیە بکەم.

دوو مانگ پێش ئێستا قەڵای دێموکرات و پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە مووشەکباران کران کە هەروەک دەزانن لە ئاکامی ئەو هێرشە بێوێنەیەدا پۆلێک لە باشترین سەردار و سەربازانی ڕێبازی دێموکرات شەهید بوون. بەڵام هەروەک ئەوەدەم بەڵێنمان دا، حیزبی ئێمە لەژێر باری ئەو زەبرە قورسەش هەستایەوە و نەیهێشت ئاڵای دەستی شەهیدەکانمان لە هیچکام لە سەنگەرەکانی تێکۆشانی ئەواندا بکەوێتە سەر عەرز. ئەوە بێگومان بەرهەمی ورە و ئیرادە و مشوورخۆریی ڕێبەریی حیزبی ئێمە و ئەندامانی ئەو حیزبە لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات و پشتیوانیی کەموێنەی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام نەدەکرا ئەگەر دڵگەرم و پشت ئەستوور بە پێشمەرگە قەدیمی و لاوەکانمان نەباین. ئەوان هەر لە یەکەم چرکەساتی ئەو جینایەتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکەدا لە هیچ ماندووبوون و شەونخوونییەک درێغیان نەکرد و بە ڕەفتاری بەرپرسیارانە و قارەمانانەیان نیشانیان دا کە ئەو ئەمانەتە کە مامەقالە و مام شێرکۆ و هاوڕێ و پێشەوا و جەماڵ و مەنسوور بۆ هەمیشە ئەرکی پاراستنەکەیان بەوان سپاردبوو، بە باشترین شێوە دەپارێزن. ئەوەی ئەوان دوابەدوای مووشەکبارانەکە و لەو ماوەیەدا کردیان هیچی کەمتر نەبوو لەو قارەمانەتییە کە دەکرا لە سەنگەری خۆڕاگریی چەکدارانەدا بیکەن. بوونی ئێوەش ئەمڕۆ لێرە بە ژمارەیەکی زۆرتر و جۆراوجۆرییەکی زیاترەوە بە بەراورد لەگەڵ دەورەکانی پێشوو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە وەک چۆن گوتمان مووشەکباران ئیرادەمان ناشکێنێ، مووشەکباران ئاگردانی خەباتیشمانی دانەمرکاند.

بە پێچەوانەوە، ئەوەی دیتمان بووژانەوە و گەشانەوەی کوانووی خەبات بوو.

**پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**

دڵنیام ئەو دەورەیەی تێپەڕتان کردووە خاڵێکی وەرچەرخانە لەسەر ڕێچکەی ژیان و گەشەکردنی کەسایەتی و شکڵگرتنی ڕوانینتان بۆ وجوودی ئینسانی و کوردانەتان لە جیهانی ئاڵۆز و پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆدا. ئێوە لەم دەورەیەدا زۆر شتی نوێ سەبارەت بە ڕابردووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و سروشتی مەسەلەی کوردستان، ڕێباز و ئامانجی حیزبی دێموکرات و ڕوانینی ئەو حیزبە بۆ چارەسەری پرسی کورد و پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگە، ماهییەتی کۆماری ئیسلامی و لایەنە جۆربەجۆرەکانی خەبات بەدژی ئەو ڕێژیمە، ئەکتەرەکانی دیکە و دنیای دەرەوە، هەروەها خیسلەت و کەرەستەی شۆڕشگێڕی فێر بوون. بێگومان زۆر شتی دیکەش ماوە فێری بن، چونکە ئەساسەن زانین شتێکە کە مرۆڤ قەت بە تەواوی پەیدای ناکا و هەمیشەش دەکرێ لێی ببڕێ. ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە لە پەروەردەی بەردەوامی ئێوە بۆ قۆناغەکانی دواتر غافڵ نەبین و ڕێنوێن و هاوکارتان بین. بەڵام بۆخۆشتان دەبێ لەگەڵ خۆتان سەختگیر بن و هەردەم خەریکی فێربوون و خۆپێگەیاندن بن، ئەوە هەم ئێوە وەک تاک لە کۆمەڵگەدا متمانەبەخۆ و سەرکەوتوو دەکا، هەم بۆ خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و بردنی ئەو گەلە بۆ نێو ڕیزی کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی تەیارتان دەکا.

ئێوە لەو دەورەیەدا ئەگەر وڵامی زۆر پرسیارتان وەرگرتەوە، بە دووری نازانم زۆر پرسیاری تازەشتان بۆ دروست بووبێ. بەڵام خەمتان نەبێ، بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکان و تۆکمەکردنەوەی باوەڕێکی هاوبەش کە مەرج نییە باوەڕێکی وشک و یەکدەست بێ، کات و دەرفەت نابڕێن. بە قەولی ڕێبەری شەهید دوکتور شەرەفکەندی، بۆ خەبات چ زۆرە ڕێگا. ئەوەی دەمەوێ بیزانن و هەمیشە لەبیرتان بێ ئەوەیە کە بوونی ئێوە لێرە بە ڕێکەوت نییە، ئەوە بەرهەمی مێژوویەکە، مێژووی ڕێگابڕینی سەدان ساڵەی کاروانێک، کاروانێک کە لە دەمی پێگەیشتن و دەرووەستیی ئێوەدا بە قۆرتی زۆر گەورە و چارەنووسسازدا ڕادەبڕێ، کاروانێک کە لەدوای ئێمەش هەر لەسەر ڕێگابڕینی خۆی بەردەوام دەبێ. ئەو کاروانە کاروانی هەنگاونانی ئەگەرچی بەداخەوە ناڕێک، بەڵام شێلگیرانەی کۆی میللەتێکە بۆ گەیشتن بە مەقسەدێکی مەوعوود و مەشرووع. مەقسەدێک کە لەودا گەلی کورد هەست بکا چارەنووسی خۆی بەدەست خۆیەتی، زمانی قەدەغە نییە، ناسنامەی ناشێوێندرێ، خاکەکەی جرجانخواردوو ناکەن، سەروەت و سەرچاوەکانی نادزن، ڕۆڵەکانی دەستگیر و ئەشکەنجە و ئێعدام ناکرێن، خەڵکی دەستکورتی لەسەر پەیداکردنی پاروو نانێک گیانیان لێ ناستێندرێ. مەقسەدێک کە ئینکار و تەبعیز و سەرکوتی فەرمانڕەوا یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان کۆتایی دێ و کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی دنیا بە ئازادی و بەختیاریی دەگا.

ئەو ڕۆژەی من لە یەکێک لە کلاسەکانی ئەم دەورەیەدا لە خزمەتتاندا بووم، بۆم باس کردن کە چۆن دنیای ئەوڕۆ بۆ میللەتێکی وەک میللەتی ئێمە و بۆ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی وەک بزوتنەوەکەی ئێمە پڕە لە ئاستەنگ و بەربەست، بەڵام هاوکات پڕیشە لە ئامراز و دەرفەت. ئەوە ئێمەین کە نابێ بەربەستەکانی بوارێک یان سەختییەکانی قۆناغێک لە بەردەوامبوون لە خەبات شلمان بکاتەوە. ئەوە ئێمەین کە دەبێ دەرفەتەکان زۆرتر و باشتر دەکار بخەین بۆ ئەوەی ئەو خەباتە بە ئەنجام بگا و ئاواتی شەهیدەکان وەدی بێ.

بۆ ئەو مەبەستە ئێمە وەک کورد بەگشتی و وەک کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی پێویستە بە زۆر شتدا بچینەوە. پێداچوونەوە بۆ میللەتێک کە شەرم لە ڕابردووی خۆی نەکا و شانازی بە مێژووی خۆیەوە بکا، قەت نابێ بە مانای گەسک لێدان و ڕامالین بێ، تەنانەت ئەگەر بەشێوەی بنەڕەتییش ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕوانینمان لە مەسەلەیەکدا بێنین. پێداچوونەوە دەبێ بە مانای پێداهاتنەوە و بژارکردن بێ. ئێمە کاتێک دەڵێین دەبێ لەگەڵ ڕووحی عەسر بژین و ڕۆڵەی سەردەمی خۆمان بین، ئەوە بەو مانایە نییە کە پاشخانی خۆمان لەبیر بچێتەوە و لێگەڕێین سامانی مێژوویی و مەعنەویمان هەڕاج بکرێ. ئەگەر بێگومان باڵەکان پێویستن بۆ ئازاد فڕین، ئەوە ڕەگ و ڕیشەکانن کە بە خاکت دەبەستنەوە. ئەو بەڕۆژکردنەوە و دووبارە خوێندنەوەیە بێگومان تەعامولمان لەگەڵ نەیارانی کۆن و نوێی کورد و لەگەڵ هاوکێشە جیهانی و ناوچەییەکان و کارتێکەریی بەرژەوەندییە بچووک و گەورەکان لەسەر ئێستا و ئایندەی مەسەلەی کورد و خەباتی ئەو میللەتە دەگرێتەوە.

بەڵام بزوتنەوەی کورد پێش هەموو شتێک دەبێ ئەولەوییەت بداتە کارکردن لەسەر خۆی، هەم بۆ تۆکمەکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و هاوبەشکردنی جۆراوجۆرییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری لە یەک پرۆژەی گەورەی سیاسیدا، هەم بۆ کەمکردنەوەی دابەشبوونە نێوخۆییەکان و پڕکردنەوەی درزەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە.

لێرەدا بۆ ئەوەی ئێوە پێشمەرگە لاوەکان بە چاوی کراوە و پشووی درێژەوە ملی ئەو ڕێگایە بگرن کە لەمڕۆڕا دەست پێ دەکا، ناچارم بڵێم کە بەداخەوە سەرباری پەرەگرتن و چڕبوونەوەی هەڕەشەکانی سەر میللەتەکەمان، ئەو میللەتە هێشتا زۆر دابەش و نایەکگرتوویە. ئەوە یەک لە نەریت و شانازییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە کە وێڕای ئەوە کە ئەو حیزبە هەوڵ دەدا خەباتگێڕان و نیشتمانپەروەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بەدەوری ئامانج و ڕێبازێکی ڕوون و لە سازوکارێکی مونسەجیمدا ڕێک بخا، بەڵام ئێمە ئازادیی بیرکردنەوە لە ئەندامەکانمان ناستێنینەوە، کۆیلەی فیکری پەروەردە ناکەین، دژی دەمارگرژیین، حیزب وەک سەربازخانەیەک ئیدارە ناکەین، هەڵگری دنیایەک زەرفییەتی سیاسی و ڕێکخراوەیین. پشتقایم بەو خیسلەتەی حیزبەکەمان پێم خۆشە بڵێم بێگومان چاوەڕوانیمان لە ئێوەش ئەوەیە کە لەو کات و ساتەدا کە بەتایبەتی پاش ئەو مووشەکبارانە هەموو سەرنجەکان لەسەر حیزبی دێموکڕاتی کوردستانن، بۆ خۆتان و ڕەفیقەکانتان بەتایبەتی ئەوانەی دوای ئێوە دێن بۆ پێشمەرگایەتی، نموونەی نەزم و تێکۆشانی شێلگیرانە لە چوارچێوەی بەرنامە خەباتگێڕییەکانی حیزبدا بن. بەڵام هەر لەو کاتەدا دەبێ لەبیرتان بێ کە ئەگەر هەمووما بەسەریەکەوە حیزبێک پێک دێنین، هەر کامەشمان لە شوێنی خۆی و لە جێگە و پێگەی خۆیەوە دەتوانێ بۆ کاری بەکۆمەڵی میللەتەکەمان کارساز و شوێندانەر بێ، چونکە بە هەموو سیستم و قەوارەیەکەوە کە کۆمەڵگەیەک یا پێکهاتەیەک دەتوانێ هەیبێ، کۆمەڵگە و پێکهاتەکان لە ئاخیریدا شتێک نین جگە لە ڕەنگدانەوەی کۆی تاکەکان، لە جەهانبینی و بەهاکانیان، لە نیاز و ئارەزووەکانیان، لە مەنێش و ڕەفتاریان.

بۆ دەرمانی ئەو دەردە بنەڕەتییەش کە باسم کرد واتە دەردی دابەشبوون، نایەکگرتوویی، یەکتر قبووڵ نەکردن، مەزنیخوازی، تاکڕەوی و تاکڕەهەندی دەبێ بزانن هەموو لایەک هەڵگری بەرپرسیارێتیی گەورەیە. ئیدەئال ئەوەیە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆریەکانیەوە بە نەخشەڕێگا و ئالیەتێکی هاوبەشەوە ڕووبەڕووی زەرووڕەتەکانی ئێستا و ئایندە بێتەوە، بەتایبەتی لەو هەلومەرجەدا کە کۆماری ئیسلامی بەشێوەی هەرگیز نەدیتراو گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی. ئەگەر ئەوەشمان هەر ئێستا بۆ ناکرێ، لانیکەم دەتوانین لە درز و دابەشبوونەکان کەم بکەینەوە و نەهێڵین ئەو درز و دابەشبوونانە دەرفەتەکانی ئایندە لەبار بەرن. بەشێکی ئەو درز و دابەشبوونانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانینمان بۆ شێوەکانی خەبات و ڕابردووی خۆمان و تەنانەت جێگە و پێگەی پێشمەرگە. ئێمە بەدەر لەوە کە لایەنەکانی دیکە چۆن دەجوڵێنەوە، دەبێ هەمیشە حازر بین بۆ سالمسازیی کایەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات

و یەکخستنی ڕیزەکانی گەلەکەمان خۆمان ئەرکدار بکەین. بۆ نموونە بۆچوونمان لەبارەی ئاقار و تاکتیکەکانی ڕابردوو و ئەمڕۆ و ئایندەی خەبات هەرچییەک بێ، دروست وایە لەو پرۆسەی بەخۆداچوونەوە و ڕەخنە لەخۆگرتنەدا کە بێگومان پێویستە (بەتایبەتی بۆ ئەو بەشە کە پێوەندیی بە نێوان ناخۆشی و گرژی و نایەکگرتوویی هێزەکانی کورد یان کەمتەرخەمی لە نوێبوونەوە و گونجان لەگەڵ سەردەمی نوێ هەیە)، هەرگیز نابێ شکۆ و شەوکەتی میللەتەکەمان و رابردووی ئەو میللەتە بشکێنین؛ قەت نابێ فیداکاری و قوربانیدانی گەلێک ببەینە ژێر پرسیار کە جگە لە هەڵبژاردن لە نێوان تەسلیمبوون و خۆڕاگریی پێشمەرگەکان بژارێکی دیکەیان بۆ نەهێشتبۆوە؛ تێبینیمان لەسەر بەکاربردنی شێوەیەکی خەبات بۆ نموونە خەباتی چەکداری لە قۆناغێکدا هەرچی بێ، هەر حەرەکەتێک کە شەهید دەدا (جا هی خۆمان بێ یا هی لایەنی دیکە) پێویستە بە ئیحترامەوە ناوی بێنین؛ لەگەڵ ئەوە کە دەبێ پشتیوانی بەکردەوەی بەستێنی مەدەنی و جەماوەریی خەبات بین و شەخسیەت و متمانە بە چالاکانی نێوخۆ ببەخشین، نابێ لێگەڕێین خیسڵەتی شۆڕشگێڕانەی خەباتی ئێمە بە فەرزیەی بێجێی ئیحتمالی ئاڵوگۆڕ لە ماهییەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیدا خەوشدار بێ، ڕێژیمێک کە تازەترین زمان کە فێری بووە و قسەشی پێ دەکا، زمانی مووشەکە.

ئەوانە کە لێرەدا دەڵێم لەبەر ئەوەیە کە هەرووەک ئەو ڕۆژە عەرزم کردن ئێوە هەر لە ڕەهەندە نیزامییەکەیدا پێشمەرگە نین. جیا لەوە کە ئەرک و ڕیسالەتی پێشمەرگە زۆر لە کاری چەکدارانە فراوانترە، وەک پێشمەرگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێشمەرگەی خەباتێکی فرەڕەهەندیشن. ئەوەش دەخوازێ کە ئەوەندەی کلاشینکۆفەکانتان حازر و لەسەر پێن، ئەوەندەش ئەقڵیەت و ڕوانین و کار و کردەوەتان یارمەتیدەری دەکارخستن و یەکخستنی هەموو زەرفیەتەکانی نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بێ.

لە کۆتاییدا وێڕای پیرۆزبایی دووبارە، سوپاسی سەرنجتان دەکەم و بە هیوای سەرکەوتن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

---------------------------------------------

## کۆبوونەوەی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ راوێژکارانی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سەنای ئەمریکا

بەیانیی رۆژی سێ شەممە ٢٣ی ژانویەی ٢٠١٨، د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بۆ هێندێک کاروباری سیاسی و حیزبی سەردانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردووە، بە هاوڕێیەتیی کاک کامران باڵنوور نوێنەری حیزب لە ئەمریکا سەردانی مەجلسی سەنای ئەو ولاتەی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی سێ کەسی پێکهاتوو لە ئێریک تراگەر راوێژکاری باب کۆرکەر سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سەنا، ئالێکس ئێبلین یاریدەدەری سیاسی و کریس هاڤڵ یاریدەدەری یاسایی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سەنا پێشوازییان لێ کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا، سەرەتا د. ئاسۆ حەسەن زادە وێڕای خستنەڕووی پاشخانی مەسەلەی کورد لە ئێران و بارودۆخی ئێستای بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلات، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سەرباری گوتار و ئاقارێکی نوێ کە بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆک ترامپ سەبارەت بە ئێران گرتوویەتەر بەر، هەروەک رووداوەکانی ئەم دواییانەی باشوور و رۆژئاوای کوردستان و بەگشتی ناوچە دەری خستووە، کۆماری ئیسلامی لە بردنەپێشی سیاسەت و ستراتژییەکانی پێشووی بەردەوامە. ئەمەش بێگومان نەک هەر بە زیانی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک و گەلانی ئێران بەڵکوو بە زیانی ئایندەی ئاشتی و تەناهی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست و بەرژەوەندی و ئەمنیەتی رۆژئاوا تەواو بووە. هەربۆیە ناوبراو ئاماژەی بە پێویستیی گرتنەبەری ستراتژییەکی روونتر و کاراتری ئەمریکا لە مامەڵە لەگەڵ دۆخی ناوچە و نفوز و پەلکێشانی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی کرد.

ئاسۆ حەسەن زادە لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا هەڵسەنگاندنێکی بزوتنەوەی نارەزایەتیی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێرانی پێشکەش کرد و روانگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چ لەمەڕ چۆنیەتیی بە ئەنجام گەیاندنی ئەم جۆرە بزوتنەوانە و چ سەبارەت بە جێگە و پێگەی نەتەوەکان لە ئێرانی داهاتوودا خستە ڕوو.

دواتر هەیئەتی راوێژکارانی کۆمیتەی کاروباری سەنای ئەمریکا وێڕای خستنەڕووی کۆمەڵێک پرسیار و وەرگرتنەوەی ولام لە هەیئەتی حیزبی دێموکڕات سەبارەت بە بارودۆخی ناوخۆی ئێران و خەباتی کورد لە ئێران، هۆکارەکانی ئەم ناڕوونی و ناڵێکییانەیان باس کرد لە سیاسەت و مامەڵەی رۆژئاواییەکان و ئەمریکا سەبارەت بە ئێران بەدی دەکرێ و خستیانە خانەی فراوانتری کێشە و ململانە ناوچەیی و جیهانییەکان و جیاوازیی بۆچوون نەک هەر لەنێوان رۆژئاواییەکان بەڵکوو لەنێو خودی دامودەزگاکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

دواتر راوێژکارانی سەنای ئەمریکا وێڕای ئاماژە بە ئەولەوییەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران و ناوچە بەگشتی، بۆچوون و پێشنیاری خۆیان سەبارەت بە شێوازی باشتر بردنە پێشی بیروبۆچوونی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی لەلای دامودەزگا سیاسیەکانی ئەمریکا بۆ هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باس کرد.

لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا، هەردوولا سەبارەت بە چۆنیەتیی درێژەدانی پێوەندی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا سەبارەت بەو پرسانەی قسەیان لەسەر کرا، گفتگۆ و هەماهەنگییان کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانیوێری ٢٠١٨

-------------------------------------------------

## پێکهاتنی مێزگردێک بۆ جێگری سکرتێری گشتیی حدک لە "واشینگتۆن ئینستیتوت"

ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ناوەندێکی سەرەکیی توێژینەوە و سیاسەتسازی سەبارەت بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و یەکێک لە گرینگترین تینک تانکەکانی ئەمریکایە، مێزگردێکی تایبەتی بۆ جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان رێک خست.

واشینگتۆن ئینستیتوت کە کاریگەریی زۆری لەسەر ئاقارە ستراتژییەکانی حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتیی دۆناڵد ترامپ هەیە، دوانیوەڕۆی سێ شەممە ٢٣ی ژانویەی ٢٠١٨ پێشوازیی لە د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزب کرد بۆ ئەوەی سەبارەت بە دۆخی ئێستا و ئایندەی ئێران لە روانگەی کوردەکانەوە باسێک پێشکەش بکا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ژمارەیەک توێژەری ئەکادیمی و راوێژکاری سیاسی تێیدا بەشدار بوون، سەرەتا جێگری سکرتێری گشتیی حیزب باسەکەی پێشکەش کرد. لە سەرەتای باسەکەیدا ئاسۆ حەسەن زادە لە پێشدا ئاماژەی بەوە کرد کە لەگەڵ ئەوەدا کە لە ساڵانی رابردوودا فاکتەری کوردی وەک عونسورێکی گرینگی ئایندەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیندوو بۆتەوە و سەرنجی پێ دەدرێ، بەڵام ئەو سەرنج پێدانە کەمتر کوردەکانی ئێرانی گرتۆتەوە. ناوبراو دانی بەوەدا نا کە ریال پۆلیتیک هەروا بەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا زاڵە و سیاسەتی هەر دەوڵەتێک لەگەڵ کوردی هەر پارچەیەکی

کوردستان پاشکۆی سیاسەتی لەگەڵ دەوڵەتی حاکم بەسەر ئەو بەشە لە کوردستاندایە، بەڵام گوتی ئەگەر قبووڵمان بێ کە یەک نەتەوەی کورد و یەک پرسی کورد هەیە، ناکرێ کورد لە ئێران کە چ لە رووی حەشیمەت و چ لەڕووی مێژوییەوە گرینگییەکی بنەڕەتیی لە بزوتنەوەی کورد بە گشتیدا هەیە و لە ئێرانیش سێهەمین گرووپی ئێتنیکی و لەڕووی سیاسییەوە رێکخراوترین و وشیارترین گرووپە، پشتگوێ بخەین.

ئاسۆی حەسەن زادە ئینجا هاتە سەر پاشخانی خەباتی کورد لە ئێران و ناوەرۆکی ئامانجەکانی ئەو گەلە کە ویستی ئینسانی و نەتەوەیی و دێموکراتیکن. ناوبراو گوتی لەگەڵ ئەوەدا کە کورد لە ئێران و حیزبی دێموکڕات هەمیشە خەباتی سیاسی و ئاشتیخوازانەیان تەرجیح داوە و لە خەبات و خۆڕاگریی چەکداریشدا هەمیشە پابەندی مافی مرۆڤ بوون، بەڵام وڵامی کۆماری ئیسلامی هەمیشە ئینکار و سەرکوت و تێرۆر و تەبعیز بووە.

ناوبراو ئینجا ئاماژەی بە ئاستەنگ و بەربەستەکانی سەر رێگای بردنەپێش و سەرخستنی خەباتی کورد لە ئێراندا کرد کە بریتی بوون لە تایبەتمەندیی پاشخانی مێژوویی و جیاوازیی مەوقعیەتی دێموگرافی و حقووقیی کورد لە ئێران و تەبیعەت و ماهیەتی دەسەڵات لە ئێران کە بەهۆی ئەقلیەتی یەکدەستخوازانە و ناوەندگەرایانە و لەرێگای سەرکوت و سەرەڕۆییەوە دەرفەتی هەر جۆرە کرانەوەیەکی دیموکراتیک و هەرچەشنە بەستێنێکی سالم بۆ خستنەڕوو و چارەسەری پرسی نەتەوەکانی نێو ئەو وڵاتەی لەبار بردووە. د. ئاسۆ هەروەها ئاماژەی بە وەدەرنانی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هێزە کوردییەکان لە جوغرافیای سەرەکیی خەبات لە ئێران و کاریگەریی واقیعەتەکانی پاش شەڕی کەنداو و دروستبوونی هەرێمی کوردستان و باڵادەستیی ئێران لە عیراق لەسەر خەباتی کورد لە رۆژهەڵات کرد. حاشاشی لەوە نەکرد کە نایەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی کوردیش یارمەتیی بە درێژەکێشانی ئەو دۆخە نالەبارە کردوە.

ناوبراو بەڵام فاکتەری نێونەتەوەیی بە فاکتەری هەرە بڕیاردەر زانی و گوتی کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە مەوقعیەتی ستراتژی و توانای تێکدەرانەی لە ناوچەدا هەمیشە رۆژئاواییەکانی ناچار بە نەرمی و سازان کردووە. ئەو کاتانەش فشاری بە کردەوە خراوەتە سەر ئەو رێژیمە، تەنیا سەبارەت بە پرسە ئەمنیەتیەکانی وەک دۆسیەی ناوکی بووە کە هەروەک لە پاش ریفراندۆمی باشووری کوردستان دیتمان، رێگای لەوە نەگرتوە کە رێژیم درێژە بە سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەدا بدا.

لێرەدا ئاسۆ حەسەن زادە پێداگریی لەسەر پێویستیی روونبوونەوە و پوختکردنەوەی ستراتژیی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێراندا کرد. ئەو گوتی گەمارۆکان بەهۆی هەڵوێستی ئورووپاییەکان کاریگەریی گەورەیان نابێ، مەگەر ئەوە کە هاوکات کۆمەڵێک

هەنگاوی بە کردەوە هەم بۆ سنووردارکردنی کردەوەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا و هەم بۆ بەشدارکردنی خەڵکی ئێران لەڕێگای سەرنجدان بە پرسی مافی و ئازادییەکانیان هەڵبگیرێنەوە. ناوبراو گوتی ستراتژیی ئەمریکا نابێ لە هەڵبژاردن لەنێوان دەستێوەردانی نیزامی لەلایەک و درێژەدان و خراپتر بوونی وەزعیەتی مەوجوود لەلایەکی دیکەوە کورت بکرێتەوە، بەڵکوو لەنێوان ئەو دووانەدا زۆر ڕێکاری لەباری سیاسی و حقووقییەوە قابلی قبووڵ هەن و حەرەکەتی ئێستای خەڵکی ئێران باشترین دەرفەت بۆ تاقیکردنەوەی ئەو ڕێکارانەیە.

لە کۆتایی قسەکانیدا، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای ئاماژە بە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێران و بەشی خەڵکی کوردستان لەم بزوتنەوەیەدا، روانگە و پێشنیارەکانی خۆی لەمەڕ نەخشێکی هانابەخش کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانن لەو بارەوە بیگێڕن، خستە ڕوو.

بەشی دووەمی کۆبوونەوەی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ توێژەران و راوێژکارانی بەشداربووی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ پرسیارەکانی ئەوان تەرخان کرابوو. لەو بەشەدا بەشداران ژمارەیەکی زۆر پرسیار و داوای روونکردنەوەیان سەبارەت بە بارودۆخی ناوخۆی ئێران و هەلومەرجی زاڵ بەسەر بزوتنەوەی کورد لە ئێران و روانگەکانی حیزبی دێموکڕات بۆ ئایندەی ئێران و ناوچە خستە ڕوو کە لەلایەن جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە وڵام درانەوە.

شایانی باسە هاوڕێ کامڕان باڵنوور نوێنەری حیزب لە ئەمریکا لەو دانیشتنەدا هاوڕێیەتیی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانێوێری ٢٠١٨

---

## دیداری جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ یاریدەدەری دێسکی عیراق و ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

لە درێژەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانیدا لە واشینگتۆن، دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٢٦ی ژانویەی ٢٠١٨، د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ بەڕێز کریستۆفەر کلارک یاریدەدەری بەرپرسی دێسکی عیراق و ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کۆبۆوە.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پاش وەبیرهێنانەوەی پاشخان و ئامانج و بەستێنی خەباتی

کوردەکانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئیشارەی بە کاریگەریی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بەتایبەتی هەلومەرجی پاش ریفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان و بەگشتی جموجۆڵ و مانۆڕەکانی کۆماری ئیسلامی لە عیراق و ناوچە لەسەر ئەو خەباتە کرد. ئاسۆ حەسەن زادە ئینجا قامکی خستە سەر ناڵێکی و ناڕوونییەکانی ستراتژیی ڕۆژئاواییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مامەڵە لەگەل هاوکێشەکانی ناوچە و نەخش و نفوزی کۆماری ئیسلامیدا و کاریگەریی ئەم مامەڵەیە هەم لەسەر بزوتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران و هەم لەسەر سەقامگیریی ناوچە و ئەمنیەتی جیهانی. جێگری سکرتێری حیزب ئینجا بۆچوون و ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتی لەمەڕ ئایندەی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی ئێران و ڕێگاکانی بەهێزکردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک و گەلانی ئێران شی کردەوە.

دواتر کریستۆفەر کلارک ڕوانگەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئەولەوییەتەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و عیراق و ئێران بەتایبەتی، و پێوەندی و کاریگەریی نێوان کێشە و ململانێکانی ناوچە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە خستەڕوو. یاریدەدەری بەرپرسی دێسکی ئێران و عیراق لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئینجا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسیار و پێشنیارانەی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب سەبارەت بە ستراتژیی لەمەودوای ئەمریکا خستبوونیە ڕوو، بۆچوون و هەڵسەنگاندنی خۆی و زەرفیەتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای باس کرد. شایانی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا کاک کامڕان باڵنوور نوێنەری حیزب لە ئەمریکا هاوڕێیەتیی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانێوێری ٢٠١٨

---

## کۆبوونەوەی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکانی ئەمریکا

لەسەر بانگهێشتنی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا، ڕۆژی ٢٧ی ژانویەی ٢٠١٨، کۆبوونەوەیەک بۆ جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و هەروەها چەند کەسایەتییەکی سەربەخۆ لە وڵاتی ئەمریکا بۆ تاوتوێ کردنی دۆخی ئێستای کوردستان و ناوچە و هەروەها پێویستی و چۆنیەتیی تێگەیشتن و هاوکاریی زیاتری لایەنە کوردستانییەکان بەڕێوەچوو.

حیزب و لایەنە بەشداربووەکانی ئەم کۆبوونەوەیە کە سەر بە هەر چوار پارچەی کوردستان بوون بریتی بوون لە: پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دێموکڕاتیکی گەلان (هەدەپە)، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، یەکێتی دێموکڕاتی کورد لە سوریە، خۆسەری دێموکراتی لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەنجومەنی سوریەی دێموکراتیک لە ڕۆژئاوای کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز کامران باڵنوور نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان، ئامانجی سەرەکی دانیشتنەکەی خستە بەرباس و باسی لەوە کرد کە بەپێی شوێندانەری وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر هاوکێشەکانی جیهان دەبێ وەک کورد لەسەر هەست بین بۆ ئەوەی بتوانین لە کاتی پێویستدا بەیەکەوە و وەک کورد دەنگی خۆمان بە گوێی کاربەدەستانی ئەمریکا بگەیەنین. دواتر نوێنەری حیزب، داوای لە دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە کرد کە بەڕێوبەرایەتی دانیشتنەکە وەستۆ بگرێ.

جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە قسەکانیدا سەرەتا وێڕای سپاس لە بەشداریی نوێنەرانی لایەنە کوردستانییەکانی ئەمریکا و بەپیلەوە هاتنی بانگەوازی حیزب بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، خوێندنەوە و ڕوانینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی ناوچە و دوایین ڕووداو و پێشهاتەکانی هەرکام لە پارچەکانی کوردستان و کاریگەریی ئەم ڕووداو و پێشهاتانە لەسەر پێوەندی و هاوکێشە نێوخۆییەکانی نێو بزوتنەوەی کوردی خستەڕوو. ناوبراو ئیشارەی بەوە کرد کە دەمەساتی ئێستا بۆیە لە مێژووی نەتەوەی کورددا گرینگ و هەستیارە چونکە بە شێوەیەکی کەمتر دیتراو هەر چوار پارچەی کوردستان بەیەک ئەندازە و بەشێوەی هاوکات و هەماهەنگ لەلایەن دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا کە سەرەڕای کێشەکانی خۆیان لە هەمبەر پرسی کورددا یەکگرتوون، لەژێر هێرش و پەلامار و گوشاردایە.

جێگری سکرتێری حیزب وێڕای ئیشارە بەوە کە بەداخەوە ئەو هەمووە پەلامار و مەترسییە هاوبەشە بۆ سەر نەتەوەی کورد نەک هەر ریزەکانی کوردی یەکگرتوو نەکردووە بەڵکوو درز و دابەشبوونی زیاتریشی لەنێو بزوتنەوەی کورددا لێ کەوتۆتەوە، جەختی لەوە کردەوە کە بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو درز و دابەشبوونانە و پەرەپێدانی یەکگرتوویی هێزە کوردییەکان، پێویستیمان بە ئەقڵ و بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و دوور ڕوانین و یەکتر قبووڵ کردنی زیاتر هەیە. بۆ ئەوەش پێویستە پێشدا لەسەر ئاستی هەر پارچەیەکی کوردستان و پاشان لەسەر ئاستی هەموو پارچەکان، ئەگەر نەشتوانین هەر ئێستا هەموو لایەک لەژێر چەترێکی هاوبەشدا یەک بخەین، لانیکەم کۆمەڵێک پرەنسیپ بۆ دارشتنی نەخشەڕێگایەک بۆ پرسە نەتەوەییەکان، دەستێوەرنەدانی کاروباری پارچەکانی دیکە، و کاری هاوبەش لەو شوێن و کاتانەدا کە پێویستە هەموو کورد بە هانا و یارمەتیی یەکترەوە بێن پەسند بکەین و کاریان پێ بکەین.

لە بەشی دووەمی ئەو کۆبوونەوەیەدا، نوێنەرانی هەر کام لە حیزب و لایەنە بەشدارەکانی ئەم دانیشتنە کوردستانییەی واشینگتۆن خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی خۆیان و حیزبەکانیان سەبارەت بە هەلومەرجی ئێستای کوردستان و پێوەندیی نێوان پارچە جیاکان و رەنگدانەوە و کاریگەریی ئەو دۆخە لەسەر ئاست و جۆری هاوکاریی لایەنە کوردستانییەکان لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لە ئەمریکا روون کردەوە. لە ئاکامی گفتگۆیەکی کراوە و بەنێوەرۆکدا پێداگریی هەموو لایەک لەسەر ئەوە بوو کە سەرەڕای هێندێک ناڵێکیی روانین و سیاسەتی لایەنە سیاسییەکانی کورد و سەرباری ئەو کێشە و ئاستەنگانە کە بۆ دروستکردنی پلاتفۆرمی نەتەوەیی و هەماهەنگیی نێوان پارچەکانی کوردستان لە ئارادا بووە و هێشتا لە ئارادایە، بەلەبەرچاوگرتنی دۆخێکی یەکجار هەستیار کە نەتەوەی کورد پێیدا تێ دەپەڕێ پێویستە لایەنە کوردستانییەکان رێکاری ئەوتۆ بدۆزنەوە کە رووحی هاوپێوەندی و هاوکاریی نێوانیان پەرە پێ بدەنەوە. بۆ ئەوەش هێز و لایەنە کوردییەکانی ئەمریکا پێویستە مێکانیزمەکانی پێشووتری کاری هاوبەش لەو وڵاتە زیندوو بکەنەوە و لەسەر بنەمای رێککەوتن لایەنەکان لەسەر پلاتفۆرمێک بۆ روانین و چالاکیی هاوبەش، رێکاری نوێش بۆ دروستکردنی بەستێنێکی لەبارتر بۆ کۆکردنەوە و دەکارخستنی هێز و وزەی دیپلۆماسی و رەوەندی کوردی لەو وڵاتە بدۆزنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٣٠ی جانێوێری ٢٠١٨

---

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆبوونەوەیەکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە کادر و پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات. پێشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ٥ی بانەمەڕ، بە مەبەستی باسکردنی بابەت و بڕیاراتی هەشتەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە تێکۆشەران و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو و لە کۆبوونەوەدا بەڕێز دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە جێگر سکرتێری گشتیی حیزب، بۆ بەشداربووان قسەی کرد.

بەڕێزیان لە دەسپێکی قسەکانیدا ئیشارەی بە بەرنامەی کاری پلینۆمی هەشتەمی حیزب کرد و بە وردی سەرنج و خوێندنەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی بۆ رووداو و ئاڵۆگۆڕە سیاسییەکانی جیهان، بەتایبەتی رووداوە ناوچەییەکان کە کاریگەریی هەیە بەسەر پرسی کورد و خەباتەکەی، خستە بەرباس.

بەڕێزیان سەرەتا ئاورێکی لە رووداوەکانی ساڵی ڕابردوو دایەوە و، باسی لەوە کرد کە لە ساڵی ٩٦ی هەتاوی ئەگەرچی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان هندێک لە دەسکەوتەکان بە هۆکارگەلێک شکستیان هێنا و کۆبەندی ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵی ڕابردوو و شی کردنەوەیان کە لە بەرنامەی کاری ٨ مین پلینۆمدا هاتبوو بۆ بەشدارانی باس کرد و سەبارەت بە ئاڵۆگۆڕەکانی ناوچە نێوانی دوو پلینۆمی حیزب و دەنگدانەوەیان لە بیروڕاگۆڕینی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، لەو بارەوە وتی: بۆ ئەوەی زیاتر لە دۆخی سیاسیی ئێران و بەتایبەتی کوردستان تێبگەین پێویستە سەرەتا باردۆخی نێونەتەوەیی لە پێش‌چاو بگرین.

چونکە لە دنیا ئەمرۆدا کێشە ناوچەییەکان بەجۆرێک درێژکراوەی کێشە نێونەتەوەییەکان و بێگومان لەسەر ئێمەش وەکوو کورد کاریگەریی دەبێ.

دوکتور ئاسۆ حەسەن‌زادە بۆ روونتر گەیاندنی هەڵسەنگاندنی کۆمیتەی ناوەندی حدک لە هەمبەر ڕووداوە ئیقلیمی‌یەکان و ڕەوشی سیاسیی کورد و مەعامەڵە و ململانێی زلهێزەکان، بارودۆخی سووریە و عێراقی بە نموونە هێنایەوە.

جێگرسکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی قسەکانی‌دا پەڕژایە سەر دۆخی سیاسیی ئێران و وەزعیەتی ئێستاکەی کۆماری ئیسلامی.

بەڕێز ئاسۆحەسەن‌زادە سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسیی ئێران، بە تایبەتی لەساڵی ڕابردوودا لەو بارەوە وتی: ئەوەی ئێستاکە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەبیندرێ، خراپبوونی باری ئابووری و هەدەردانی سروەت وسامانی وڵات و کێشەکانی بەردەم حەسەن رووحانییە و ناکارامەیی دەوڵەتەکەیەتی.

ئەزموونی دەوڵەتەکانی پێشووتر و هەروەها دەرفەتی دووبارەی حەسەن رووحانی و جێبەجێ نەکردنی وادەو بەڵێنیەکانی و بێزاری خەڵکی ئێران، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە خەڵکی ئێران لە هەرچەشنە چاکسازییەک لە سیستەمی کۆماری ئیسلامی نائومێد بوون.

بەڕێزیان لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی نێو باڵەکانی ڕێژیم و یەکتر تاوانبارکردنیان، ڕایگەیاند: ئێمە وەکوو کۆمیتەی

ناوەندی حیزب لەسەر ئەو باوەڕەین کە شەڕی نێوباڵەکانی ڕێژیم، شەڕی خەڵک نیە و بەڵکوو شەڕی دەسەڵات بەدەستەوە گرتنە.
ئەوەی بەلای ئێمەوە گرینگە سەرنجدانە بە وەزعیەتی کوردستان، کە یەکێک لە بەرنامەی کاری ٨مین پلینۆمی حیزب بوو.

ئاسۆحەسەن زادە بە پشتبەستن بە بڕیارات و هەڵسەنگاندنی کۆمیتەی ناوەندی لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتیی کوردستان، لەو بارەوە وتی: ئاشکرایە گرفت و کێشەکانی خەڵکی کورد لە ئێران چەند قات زیاتر و خراپترە بەنیسبەت گەلانی دیکە، بەڵام شعووری سیاسی و مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا دێ زیاتر گەشە دەکا و شکڵی پۆزتیڤ بە خۆی دەگرێ.

هەربۆیە حیزبەکانی کوردستان بە خۆشییەوە زۆرجار بەشێوەی تاکڕەهەندی چاویان لە مەسەلە سیاسییەکانی کوردستان نەکردووە بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەماوە ١٠ساڵی ڕابردوودا زیاترو جیددیتر هەوڵی داوە بۆ فەرهەنگسازی و متمانە بەخشین بە چالاکانی نێوخۆ.
ئەوەی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان گرینگە بێتەفاوەت نەبوونی خەڵک و هاتنە مەیدانی خەڵکە لە بوارە جیاجیاکاندا و تەنانەت لەوبارەشەوە تانەو توانچی لێدراوەو بەڵام ئەمرۆ شاهیدی بەربڵاوی جموجۆڵە مەدەنییەکانی کوردستانین.

بەڕێز ئاسۆحەسەنزادە لە درێژەی قسەکانیدا کۆمەڵێک باسی دیکەی پێوەندیدار بە بەرنامەڕێژیی حیزب و هەروەها پەسندکراوەکانی پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتە ناوەندی حدک، بۆ بەشداران شی کردەوە.

دوای وتەکانی دوکتور ئاسۆحەسەنزادە لە گفتگۆیەکی کراوەدا چەند کەس لە بەشداران، ڕاوبۆچوون و تێبینی خۆیانیان باس کرد، کە دواتر لە لایەن بەڕێز ئاسۆحەسەنزادەوە وەڵامدرانەوە.

شیاوی باسە لە ڕۆژانی ١٤ تا ١٦ی خاکەلێوەی ٩٧ی هەتاوی هەشتەمین پلینۆمی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسانی بەشێک لە ئۆرگانەکانی حیزب بەڕێوەچوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٨

-----------------------------------------------------------

## دەستی ئێران لە ناوچەکە کورت دەکرێتەوە"

### کوردستان ۲۴ - هەولێر

**دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ١٢ گوڵان دوا بڕیار لەسەر مانەوە یان هاتنەدەری وڵاتەکەی لەرێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دەدات، لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێیانوایە کە ئەگەر ئەمریکا گۆرانکارییەکی جیدی لەنێوخۆی ئێراندا نەکات، هاتنەدەر یان مانەوە لە رێککەوتنەکە سوودێکی ئەوتۆی بۆیان نابێت. ئەندامێکی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی ئێران رایدەگەیەنێت، لەمەودوا دەستی ئێران لە ناوچەکە کورت دەکرێتەوە.**

هەفتەی داهاتوو دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا دەبێ دوا بڕیار لەسەر هاتنەدەر یان مانەوەی لەرێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بدات، ئەو بڕیارەی کاریگەرییەکی زۆری نێودەوڵەتی و ناوچەیی دروستدەکات و بەشی زۆری وڵاتانی جیهانی چاوەڕێی ئەم رۆژە دەکەن، لەهەموویان نزیکتر کوردەکانن. حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رایانوایە، رێککەوتنەکە هەرچییەکی لێ بێت، بەڵام ئەگەر ئاورێک لەنێوخۆی ئێران نەدرێتەوە، سوودێکی ئەوتۆی بۆ ئەوان نابێ.

ئاسۆ حەسەن زادە، جێگری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان بە کوردستان ٢٤ راگەیاند: "پێویستە ئەمریکا فشار بخاتە سەر ئێران و رۆڵی لە ناوچەکە کەمبکاتەوە، هەروەها تا سەرنج نەدرێتە ژیانی خەڵک بە تایبەتی پرسی ئازادی و دیموکراسی، لە ئێران، باوەڕناکەم هیچ بڕیارێک گۆڕانکاری لە ژیانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بکات".

ئەگەر ئەمریکا لە رێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بکشێتەوە، گەمارۆکانی سەر ئێران دەگەڕێنەوە، رێککەوتنەکە قورساییەکی ئەوتۆی نامێنێ،و ئەگەری هەڵوەشانەوەی زۆرە،و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ پشتیوانیکردن لە رێککەوتنەکەش هێزی جارانی نامێنێت، لەگەڵ ئەوەش ئەمریکا و هەندێک وڵاتی رۆژئاوایش چاویان زۆرتر لە سنووردارکردنی چالاکییە ناوچەییەکانی ئێرانە، نەک گۆڕانکارییەکی بەپەلە و جیدی لەنێوخۆی ئێران، کوردەکانیش هەستیان بەوە کردووە.

ه.م

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان ٢٤ - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٨

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٩

### دەقی قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران

**ئێمە وەک هێزە شوناسخوازەکان هەرگیز ناچینە نێو هیچ پلاتفۆرمێکەوە کە حاشا لە مافە ڕەواکانی میللییەتەکانی ئێران بکا**

(قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران»)*

**دۆستانی خۆشەویست!**

لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی بە هەموو ئەو کەسانە دەڵێم کە لە پێناو پێکهاتنی ئەم هاوپێوەندییەدا تێکۆشاون. لەگەڵ ئەوە کە ڕەوتی یەکگرتنی ڕێژەیی ئەوەندە ڕێکخراوەش لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێویستی بە گفتوگۆ و هاتوچۆی زۆر بووە و ڕەنگە چەند ساڵی پێ چووبێ تا گەیشتووینە ئەمڕۆ، بەڵام ئەوەی لە کاتی ڕاگەیاندنی دەسپێکی تێکۆشانی ئەم هاوکارییەدا دەبێ لەبەرچاومان بێ ئەوەیە کە ئەمە خاڵی گەیشتن نییە بەڵکوو تەنیا سەرەتای کارەکەیە. بە لەبەرچاو گرتنی قورسایی ئەو هێزانەی لەو هاوپێوەندییە دان و هەروەها کەیفییەتی لێکگەیشتننامەی نێوانمان، ئەم هاوپێوەندییە لە هەلومەرجی قەیراناوی و چارەنووسسازی ئێستای ئێراندا دەسکەوتێکە کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر خەباتی لەمەودوا بە دژی کۆماری ئیسلامی هەبێ بە مەرجێک کە سازوکاری بەکردەوەی لە هەموو بوارەکاندا لێ بکەوێتەوە و لە فکری فراوانکردنەوەی پێکهاتەکەی و پەرەپێدانی بنەماکانیدا بین.

چەند ڕۆژ پێش ئێستا سەرانی کۆماری ئیسلامی، چل ساڵەی هاتنەسەرکاری خۆیان کردە جەژن. کاتێک ئەوان بە دەسەڵات گەیشتن، ئەمن تازە هاتبوومە دنیا. هەربۆیە لە ئینقلاب و ئەوەی کە ئەودەم گوزەراوە هیچم لەبیر نییە. بەڵام نەسلی منیش باری هەمان ئەو دەرەنجامانەی هەڵگرت کە ئینقلاب بۆ باقیی خەڵکی ئێرانی بەدواوە بوو. ئەوەی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران لەو چل ساڵەدا لەدەست ئەو ڕێژیمە چێشتوویانە بۆ هەموان بە یەک ئەندازە و بە یەک

شکڵ نەبووە؛ هەر کام لە ئێمە ئەو چل ساڵە ڕێگای خۆی بە شێوەی خۆی بڕیوە؛ تەنانەت بەشێک لە ڕەنجەکانمان بەتایبەتی بۆ ئێمە نەتەوە بندەستەکان ساختارین و لەژێر سایەی ئەو نیزام و ئەم نیزام هیچ فەرقی نەکردووە. بەڵام ئەمڕۆ هەموومان لەوەدا کۆک و هاوبەشین کە سەرچاوەی سەرەکیی درێژەکێشانی ڕەنجەکانمان مانەوەی کۆماری ئیسلامییە.

ئەوە کە قوربانییەکان هەموویان قوربانیی هەمان دەسەڵاتی سەرەڕۆ بن، نابێ ببێتە هۆی پشتگوێخستنی جیاوازیی نێوان قوربانییەکان. ئەگەر ئەوەمان وەک سووڕەتی مەسەلەکە قبووڵ بێ، پێویستە هەر ئەمەش دووڕەدیمەنی داهاتوو و ڕێگاچارەکانمان بۆ دیاری بکا. بە پێچەوانەی ئەوە کە هێشتا لە نێو تەیفێکی دیاری ئۆپۆزیسیۆندا هێشتا بەدی دەکرێ، بەخۆشییەوە هاوپێوەندییەک کە ئێمە دامانمەزراندووە هەردووکی ئەو خاڵانەی بەدروستی ڕوون کردوونەوە: یەکەم ئەوە کە ئەم نیزامە ئیسلاحهەڵگر نییە و، هەرجۆرە یەکگرتنێکی جیدی و پایەداری ئۆپۆزیسیۆن پێویستە بۆ تێپەڕین لە نیزامی ئێستا بێ؛ دووەم ئەوە کە یەکگرتنی ئێمە لەسەر بنەمای خاڵە هاوبەشەکانمانە وێڕای پاراستنی تایبەتمەندی و جیاوازییەکانمان.

ئەوە کە چۆن بوو کە لە کۆمەڵگەیەکی زیندووی وەک ئێران بە ئەزموونێکی سەد ساڵەی گەڕان بەدوای حاکمیەتی خەڵکدا دیکتاتۆرییەکی مەزهەبی بەو ماهییەتەوە هاتە سەر کار و لانیکەم چل ساڵیش درێژەی کێشا (دەڵێم لانیکەم چل ساڵ چونکە سەرەڕای پەرەگرتنی قەیرانە نێوخۆییەکان و ئیعترازاتی خەڵک و فشارە نێودەوڵەتییەکان هێشتا ڕوون نییە ئەم ڕێژیمە کەنگێ دەڕوا)، وڵامی هەموو ئێمە بەو پرسیارە کەم و زۆر یەک شتە. هەموومان لەسەر ئەو خاڵەش بۆچوونمان وەک یەکە کە لەنێو هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیمدا نەبوونی ئینسجام و یەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆن بە جۆرێک کە ببێتە هۆی ئالترناتیوێکی واقیعی کە بتوانێ بزووتنەوەکانی نێوخۆ بە ڕێگایەکی ڕووندا ببا، هۆکاری هەرە بڕیاردەرە. ئەمڕۆ هیچ بەشێکی کۆمەڵگە و هیچ تەیفێکی ئۆپۆزیسیۆن و هیچ کەس بە تاقی تەنیا لە جێگە و پێگەی ڕێبەریکردنی گۆڕان یان نوێنەرایەتی کردنی هەموو کۆمەڵگەی گۆڕانخوازی ئێراندا نییە. ئەگەر کەسێکیش بە هۆکاری مێژوویی یا بە هەر هۆیەکی دیکە ئیدیعایەکی ئاوای هەبێ، ڕاست لەبەر میراتێکی مێژوویی کە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ و بۆ بەشی بەرچاوی خەڵک لە ئێران بە تایبەتی میللییەتەکان زێهنییەت و ڕابردوویەک وەبیر دەخاتەوە کە گەڕانەوەی چیدیکە قبووڵ ناکرێ، هیچ شانسێکی نییە کە لەلایەن زۆرینەوە پێشوازی و پشتیوانی لێ بکرێ. جیا لەوە کە سەردەمی خولانەوە بەدەوری یەک کەس یان یەک جۆر بیرکردنەوەدا بەسەر چووە و یەکێک لە هۆکارەکانی دووبارەبوونەوەی سەرەڕۆیی لە مێژووی ئێرانیشدا هەر ئەوەیە، ئینسجام و یەکگرتن و ئالترناتیو تەنیا کاتێک جێبەجێ دەبێ کە تەیفە جیاوازەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن بەدوور لە سنووربەندییە سیاسی و ئیدئۆلۆژی و مێژووییەکانی ڕابردوویان و بە تێگەیشتن لە بۆچوونی بەرامبەر و نیاز و پێویستییە جیاوازەکان یارمەتی بە زەرفیەتسازی و هەمەلاگیریی ئالترناتیو بکەن. ئەمەش تەنیا بە دووبارەکردنەوەی کۆمەڵێک قسەی

جێکەوتووی گشتی لە بواری یەکسانی و هەڵنەواردن کە کاتی خۆی خومەینیش لە «نۆفل لۆشاتۆ»ش دەیکردن، وەدی نایە.

سروشتییە کە ڕێککەوتنی هەر ئێستا لەسەر هەموو شتێک و لەبارەی هەموو وردەکارییەکانەوە مومکین نییە. ئاساییە کە هەر لایەنەش ئامانج و بەهاکانی خۆی بخاتە ئەولەوییەتی بنەماکانی یەکگرتن. بۆ نموونە هێزێکی چەپ بە ئاسانی ناچێتە ژێر باری پلاتفۆرمێک کە بەهاکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی وەژێر پێ بنێ؛ یان ئێمە وەک هێزە شوناسخوازەکان هەرگیز ناچینە نێو هیچ پلاتفۆرمێکەوە کە حاشا لە مافە ڕەواکانی میللییەتەکانی ئێران بکا، بەڵام ئەوانەی بەڕاستی نیگەرانی پەرشوبڵاویی پوتانسییەڵی خەباتگێڕی و یەکگرتوویی داهاتووی خەڵکانی ئێرانن دەبێ بزانن کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا چ لە نێوخۆی کۆمەڵگەدا و چ لەسەر ئاستی هێز و لایەنە سیاسییەکان کۆمەڵێک گێتۆی سیاسی، میللییەتی، بەهایی، تەنانەت نەسلی و سینفی و چینایەتی دروست بوون کە تەنیا بە قازانجی مانەوەی کۆماری ئیسلامی تەواو بوون. خاڵی بەهێزی هاوپێوەندییەکەی ئێمە کە پێویستە لە گفتوگۆکانی لەمەودوای نێوان خۆمان و لەگەڵ تەیف و هەمایشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆندا زەقی بکەینەوە ئەوەیە کە ئەم هاوپێوەندییە هەروەک «شووڕای دێموکراسیخوازانی ئێران» کە ساڵێک لەمەوبەر هەر لەم ئاڵمانە دامانمەزراند، حاڵەتی پردێکی پێوەندی لە نێوان جەمسەر و ڕوانگە جیاوازەکانی هەیە.

ڕێککەوتننامەی هاوپێوەندی لە زۆر لەو مەوریدانەدا کە هێشتا ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەسەر ئەوان درێژە بە ناکۆکی و دابەشبوونەکانی خۆی دەدا، لەگەڵ ئەوەدا کە ئازایەتیی تابووشکێنی بەخەرج داوە، سیاسی و سازەندەش جووڵاوەتەوە. واتە فۆڕموولەکانی بە جۆرێک داڕێژراون کە ئیمکانی سەنتێز و ئاشتکردنەوەی ڕوانگە جیاوازەکان دەهێڵێتەوە. ئەمن لێرەدا ئیشارە بە چەند نموونەیەک دەکەم:

یەکەم شت کە لە ڕوانگەی ئێمەوە بێگومان دەکەوێتە سەرەوەی هەموو شتێکەوە مەسەلەی نەتەوایەتی و ئایندەی پێکەوەژیانی نەتەوەکان، میللییەتەکان، گرووپە ئێتنیکەکان و کەمایەتییە مەزهەبی و زمانییەکان لە ئێران دایە. ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی ئەو چل ساڵەدا کە ئێئتلافێک لە جەریاناتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەڕوونی باسی هەقی دیاریکردنی چارەنووس و مافی یەکسانی میللییەتەکانی ئێران لە هەموو بوارەکاندا و یەکیەتیی ئازادانەی ئەوان دەکا و پێکەوە مانەوەی ئەوان لە نامەرکەزی و دابەشکردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵی بە سروشتێکی سیاسیدا دەبینێ. هەموومان دەزانین کە ئەوە بۆ بەشی بەرچاوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئێستاش قابلی قبووڵ نییە. هەربۆیە پێشنیار دەکەم کە هاوپێوەندیی بەشێکی سازوکارەکانی خۆی بە کەلکوەرگرتن لە زەرفیەتە سیاسی و زانستییەکانی بەردەستی خۆی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێراندا تەرخان بکا. کەسانێک کە هێشتا گوێی بیستنی ئەو قسانەیان نییە و لە ئاوازەکانیاندا تەنیا یەک هەوا دەزانن کە ئەویش هەوای تەواوەتیی ئەرزی و ترسی لەبەریەک

هەڵوەشانی ئێرانە، دەبێ بزانن کە ئینسانەکان و کۆمەڵگە مرۆییەکان لە هیچ چوارچێوەیەکدا هەتا سەر بەزۆری پێکەوە ڕاناگیرێن. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمن ئەوەم پێ باشە کە لێکگەیشتننامەکەی ئێمە مافی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام بەبێ موبالغە دەتوانم بڵێم کە مەسەلەی نەتەوایەتی لەگەڵ هیچکام لە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەراورد ناکرێ. هەلومەرجی چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمی ئەو هەلومەرجانە هەمیشە دەکرێ گۆڕانیان بەسەردا بێ، ڕۆژێک سەرهەڵ دەدەن، گەشە دەکەن، دەگۆڕێن و سەرەنجام ڕەنگە ڕۆژێک لەنێو بچن. بەڵام یەکەیەکی ئێتنیکی کاتێک بە پلەیەک لە وشیاریی سیاسی گەیشت هەرگیز لەنێو ناچێ یا لانیکەم چەند سەد ساڵ یا تەنانەت مەودایەکی هەزار ساڵە و بگرە زیاتریش دەکێشێ هەتا گۆڕانی ناسنامەیی بەسەردا دێ. نەیارانی بەڕەسمی ناسینی فرەنەتەوایەتی لە بەستێنی گشتی و حکوومەتیدا دەبێ بزانن کە لە بەرامبەر واقعییەتەکانی مێژوو و کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێراندا تەنیا سێ بژارمان لە پێشە:

١- ئاسیمیلاسیۆن (تواندنەوە) کە هەروەک دەزانن لە سەد ساڵی ڕابردوودا لە ئێراندا بەکار هاتووە و سەرکەوتوو نەبووە و قەتیش سەرکەوتوو نابێ؛

٢- دێموکراسیی چەند نەتەوەیی کە لەسەر هەر دوو کۆڵەکەی مافی هاووڵاتی و ڕێککەوتنی نەتەوەکان ڕاوەستابێ؛

٣- پێکەوەژیانی بەزۆریی نەتەوەکان لە ڕێگای حکوومەتی ئاسنین و درێژەکێشانی سەرەڕۆیی.

ئێمە هەروەها دەبێ ئەو بروبیانووانەش بەرپەرچ بدەینەوە کە موخالفانی فێدرالیزم لە ئێران لەو سیستەمەی دەگرن و دەڵێن دۆخی ئێران وەک هیچ کوێ نییە یان ئەوە کە گۆیا فێدرالیزم پەرە بە ئاقارەکانی دوور کەوتنەوە لە ناوەند و، گرژیی قەومی دەدا. لە جیهاندا زۆر وڵات هەیە کە وەزعییەت و پێکهاتەی ئێتنیکییان زۆر لە هی ئێران ئاڵۆزترە و بە فێدراڵیش بەڕێوە دەچن. ئەگەر ڕاستە کە فێدرالیزم دەرفەتی ئەوە بە قەوارە نەتەوەییەکان دەدا کە سەرزەمین و کاروباری خۆیان بە سەربەستی بەڕێوە ببەن، بەڵام هاوکات ئەوان لە بەڕێوەبردنی هەموو وڵات و کاروباری هاوبەشیشدا یەکگرتوو دەکا. کەوابوو ڕەخنەی هەڵاتن لە ناوەند شتێکی ڕێژەییە. ئەگەر لە جێیەکیش گرژیی قەومی هەیە، ئەوە خەتای لامەرکەزی و فێدرالیزم نییە.

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەبێ بزانێ کە لە غەیری قبووڵی ڕێگاچارەیەکی بنیاتنەردا، بەشێوەی سروشتی ئاقارە ڕادیکاڵ و بەهەقەکان شکڵ دەگرن، بەهێز دەبن و درز و مەودای نێوان نەتەوەکان بەتایبەتی نەتەوەی کورد و باقیی کۆمەڵگەی ئێران هەر ڕۆژ زیاتر دەبێ. دۆستانی کوردم کە لێرەن دەزانن کە هەر جار کە ئێمە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی

ئێرانیدا بەشدار دەبین دواتر توێژێکی گرینگی کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان بەتایبەتی لەنێو ڕووناکبیرەکان چاودێری و لێپرسینەوەمان لێ دەکەن کە ئایا بە هەمان ئەو باوەڕبەخۆبوونەی لە کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان و بە زمانی کوردی داکۆکی لە مافی نەتەوەی کورد دەکەین لە کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکان و بە زمانی فارسیش ئەو کارە دەکەین؟

لێرەدا پێم خۆشە بە کورتی باسی هێندێک لایەنی باشی دیکەی لێکگەیشتننامەکە بکەم بۆ ئەوەی ببنە تەوەر و هەوێنی کارەکانی داهاتوومان:

هەروەک لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئیدارەی ترامپ و کۆنفرانسی وارشۆدا دیتمان، جۆری مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی یەکێک لە بابەتەکانی جێگای ناکۆکی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دایە. بەداخەوە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی موخالفەتی خۆی لەگەڵ هەر جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ جیهانی دەرەوە بە ڕوانینێکی ئەوەندە پۆست کۆلۆنیالی و دژە ئەمپریالیستی و هێندێک جاریش بە ڕواڵەت پاتریۆتیستی دەردەبڕێ، کە قازانجەکەی یەکڕاست دەچێتە گیرفانی ڕێژیمەوە. بێگومان خەڵکی ئێران بۆخۆیان دەبێ ببنە هۆکاری گۆڕانکاری لە ئێران نەک لە ڕێگای دەستێوەردان و ئالتێرناتیوسازی لە دەرەوەڕا کە تازە لە گۆڕێش نین. بەڵام ئەمە نابێ بە مانای غافڵبوون لە گرینگیی فاکتەری نێودەوڵەتی بێ. ئەگەر قەرار بێ کۆماری ئیسلامی عامیلی ناوچەیی تا ئەو ئەندازەیە بۆ مانەوەی خۆی بەکار ببا، دەلیلێک نابینم بۆ ئەوەی ئەو لایەنانەی ئیدیعا دەکەن ببنە ئالترناتیوی ڕێژیم و ئەگەر سبەی ڕۆژ بوونە ئالتێرناتیو دەبێ پێوەندیی نێودەوڵەتییان هەبێ، لە ترسی تەبلیغاتی ڕێژیم و تۆمەتی شەڕخوازی و بەستراوەیی بە بێگانە مامەڵە لەگەڵ دنیای دەرەوە بە قازانجی خەڵکی ئێران نەکەن. لەڕاستیدا بەبێ دروستکردنی پێوەندی لەنێو بزووتنەوەی خەڵک و فشارە نێودەوڵەتییەکان کۆماری ئیسلامی ناڕوا.

لەمەڕ شێوازەکانی خەبات، بێگومان هەموومان پێمان خۆشە و پێمان باشترە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە ڕێگای سیاسی و مەدەنی و بە کەمترین تێچووی ئینسانییەوە بێ. هەر لەو کاتەدا «هاوپێوەندی» دەبێ زۆر وریای ئەو پرۆژانەش بێ کە لەژێر ڕواڵەتی گۆڕانکاریی نەرمدا لە ڕاستیدا دەبنە هۆی درێژەکێشان و مانەوەی نیزام. لەلایەکی دیکەوە، بەڕاستی لە بەرامبەر ڕێژیمێک کە تا سەر ئێسقان تەیار و چەکدارە، ناتوانین مافی بەرگریی ڕەوا لە هیچ کەس بستێنین.

لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک پرسی وەک کێشەی چینایەتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی کە دەکرا وەڵامێکی ئیدئۆلۆژیکمان بۆیان هەبێ، ئەمن بەڕاستی قەدرزانی لەو لایەنە چەپانە دەکەم کە لێرە لەگەڵمانن بۆ قبووڵی ئەو فۆرموولەی لەو بارەوە لە

ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە. ئەو فۆڕموولە جەوهەرێکی چەپگەرایانە و عەدالەتخوازانەی هەیە، بەبێ ئەوەی تووشی سەرێشەی هەڵبژاردن لەنێوان لیبرالیزم و سۆسیالیزم مان کە جارێ کێشەی ئێمە ئەوە نییە، بکا.

سەرەنجام لە بارەی پێوەندیی نێوان هەمگەرایی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە و بزوتنەوەی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، دەبێ بزانین کە ئەو دیوارە زەینی و عەینییانەی لەو چل ساڵەدا لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە و چالاکان و بەگشتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات دروست بوون، زیانی زۆریان بە مەشرووعییەت و ئاستی شوێندانەریی ئۆپۆزیسیۆن گەیاندووە. لەلایەکی دیکەوە، هەتا کاتێک مەرجەعیەتێکی سیاسی دروست نەبێ کە ئیعترازاتی خەڵک هیدایەت بکا، نارەزایەتییەکان بە هیچ کوێ ناگەن. دەشزانین کە بەهۆی داخراوی و سەرکوتی ڕێژیم ئەم مەرجەعیەتە بەزەحمەت لە نێوخۆی وڵات پێک دێ. هەربۆیە زۆر زەرووره کە هاوپێوەندی لە سازوکارەکانی بەکردەوەی خۆیدا ئەم پرسە لە سەرەوەی ئەولەوییەتەکانی خۆی دابنێ.

سپاسی سەرنجتان دەکەم.

* (هانۆڤەری ئاڵمان، ٢٣ی فێوریەی ٢٠١٩)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

## (پوختەیەک لە قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی خوێندکاری کورددا)

### پێویستە بەستێن و شێوازە جیاوازەکانی خەبات بە تەواوکەری یەکتر چاو لێ بکرێن

خوێندکارانی خۆشەویست، هاوڕێیانی بەڕێز!

پیرۆزبایی ڕۆژی خوێندکاری کوردتان لێ دەکەم و دەسخۆشی بە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد دەڵێم بۆ هەموو ئەو کار و چالاکییەی لە چەند ساڵی رابردوودا لە پەنا ئەرکی حیزبی و خەباتگێڕییان، لە بەستێنی خوێندکاریدا کردوویانە.

هەرچەند جێی داخە کە گەلەکەمان لە دیاریکردنی ڕۆژەکان و داهێنانی هێماکانیشدا پەرشوبڵاو و دابەشە، بەڵام دیاریکردنی ڕۆژی شەهیدبوونی سمایلی شەریفزادە وەک ڕۆژی خوێندکاری کورد تەواو لەجێی خۆی دایە. میللەتان کاتێک ڕۆژێک وەک ڕۆژی خوێندکار دیاری دەکەن عادەتەن ڕووداوێک هەڵدەبژێرن کە مانا و مەفهوومەکەی ئەولاتر لە بەستێنی خوێندکارییە. لە ئاستی نێونەتەوەییدا ١٧ی نۆڤامبر وەک ڕۆژی خوێندکاران دیاری کراوە کە ئەو ڕۆژەیە خوێندکارانی پراگ بە ئیعتراز لە داگیرکاریی ئاڵمانی نازی خۆپێشاندانیان کرد و ژمارەیەکیان لێ شەهید بوو. لە ئێران دەزانین کە ئەو ڕۆژە ١٦ی سەرماوەزە کە ئەویش ڕۆژی گیان لەدەستدانی چەند خوێندکاری زانکۆی تارانە کە بەدژی هاتنی ڕیچارد نیکسۆن لەپاش کوودێتای ٢٨ی گەلاوێژ خۆپێشاندانیان کردبوو. ڕۆژی خوێندکاری ئێمەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یا لانیکەم لە بنەماڵەی دێموکڕاتدا ڕۆژی شەهید بوونی سمایلی شەریفزادەیە، لەبەر ئەوەی سمایلی شەریفزادە هەر تەنیا خوێندەوار و ڕووناکبیر نەبوو، بەڵکوو تێکۆشەرێکی بەئیمان و بەکردەوەی ڕێگای ڕزگاریی میللەتەکەشی بوو و لە تاقیکاریی هەردوو بەستێنی ئەساسیی خەباتدا سەربڵندانە دەربازی نەمری ببوو. ئەو کوڕی میللەتی خۆی بوو، بەڵام بە بازنە فراوانەکانی خەبات و سیاسەتیش لە کوردستان، لە ئێران و لە ناوچەدا ئاگادار بوو و دەیزانی لە جیهاندا چ دەگوزەرێ.

هەروەک چۆن سمایلی شەریفزادە دوو ژیانی یەک لەدوای یەکی هەبوو واتە لەپێشدا ژیانی خوێندکاری و ڕووناکبیری و پاشان ژیانی خەباتگێڕی و پێشمەرگانە، یاد و سەمبولی شەریفزادە لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی ئێمەشدا دوو قۆناغ ژیاوە. قۆناغی یەکەم کە بەردرێژترە بریتییە لە ئەزموونی سمایلی شەریفزادە وەک تێکۆشەرێکی دیاری بزوتنەوەی ٤٧ - ٤٦. وەک دەزانین خوێندنەوەی جۆربەجۆر لەبارەی ئەنگیزەکانی ئەو بزوتنەوەیە کراوە و پرسیار دروست کراوە کە داخوا ئەو بزوتنەوەیە چەندە لەژێر جەبری واقیعێکی سەختدا و چەندە بە ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانەوە وەڕێ خراوە. بەداخەوە ئەوەی لە ناخودئاگای ئێمەدا جێی گرتوە شکستی ئەو بزوتنەوەیەیە. زێهنیەتێکی خراپ کە لەنێو ئێمەدا هەیە ئەوەیە کە زۆر جار دروستی و بەجێبوونی حەرەکەتێک بە سەرکەوتنی حەرەکەتەکە دەبەستینەوە. سەرکەوتنیش تەنیا لە باڵادەستیی مەیدانی و ئازادکردنی خاک و گەڕانەوە و مانەوەمان لەنێو خەڵکدا دەبینین بەبێ ئەوەی دەسکەوتە زێهنی و گوتاری و هێماییەکانی حەرەکەتەکان لە مەسیری تاریخیدا لەبەر چاو بگرین. ئەگەر قەرار بێ بە ڕەی سەرکەوتن حوکمی هەقانییەت بۆ بزوتنەوەی ٤٧ - ٤٦ و گیانبازیی سمایلی شەریفزادە و هاوڕێیانی سادر بکەین، ئەودەمی کۆی خەبات و خۆڕاگریی میللەتەکەمان دەچێتە ژێر پرسیار، چونکە هەتا ئێستا بەداخەوە کاروانی ئەو خەباتە بە مەقسەدی ئامانجەکانی خۆی نەگەیشتوە. لەوەش زیاتر، ئەگەر بەڕاستی ئەو حەرەکەتە بەرهەمی ئیرادە نەبا، ئەوا پاش تێکشکانیشی نەدەبوو بە سەرمەشق و ڕچەشکێن بۆ حەرەکەتی لەم چەشنە لە ئاستی ئێراندا. هەروەک دەزانین بزوتنەوەی «سیاهکەل» کە لە یادەوەریی بەکۆمەڵی سەرجەم ئازادیخوازانی ئێران (نەک تەنیا هەر لەلای چەپەکان) وەک ئەزموونێکی پڕشنگدار چاو لێ دەکرێ، دوای بزوتنەوەی ٤٦ - ٤٧ بەڕێوە چووە.

قۆناغی دووەمی بەسەمبولبوونی سمایلی شەریفزادە لە کۆگای هەست و نەستی سیاسیماندا ڕەهەندی یەکەمی ژیانی ناوبراو و ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ ئێمە بۆی کۆبووینەوە، واتە ئەوە کە ئەو کەسەی باسی دەکەین جیا لەوە کە سەردارێکی چەکبەدەستی میللەتەکەمانە، خوێندکار و ڕووناکبیرێکیش بووە. بەخۆشییەوە ئەو ڕەهەندە دووەمەی کەسایەتی و ژیانی سمایلی شەریفزادە لە ساڵانی ڕابردوودا تا هاتووە زیاتر باس کراوە و هیوادارم لەمەودواش هەروا بە زیندوویی ڕابگیرێ. ئەم هەڵدانەوەیەی ڕەهەندی دووەم دەرفەتی ئەوەمان پێ دەدا کە هەردوو لایەنی ژیان و کەسایەتیی ناوبراو و هەردوو بەستێنی سەرەکیی خەباتمان بە یەکتر ببەستینەوە. سەرنجڕاکێشە کە لەبیرمان بێ کە لەو شوێنەی «قندچی»یەکان و «بزرگ نیا»کان و «شریعت رضوی»یەکان لە زانکۆی تاران شەهید دەبن، خوێندکارە خەباتگێڕەکەی ئێمە لە «دارێنە»ی بانە شەهید دەبێ. ئەوە لەخۆڕا نیە و بۆ دۆخی گەلی ئێمە و بۆ جۆری خەباتی میللەتەکەمان مانا و مەفهوومی تایبەت بە خۆی هەیە.

لەنێو هەموو ئەو دەرسانەدا کە دەبێ لە ژیان و کەسایەتیی سمایلی شەریفزادە فێری بین، لە دیدی منەوە دوویان زۆر گرینگن: یەکەم، ئێمە لە عەینی ئەوەدا کە دەبێ ئاگاداری ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕ و پرۆسە سیاسییەکانی دەوروبەری خۆمان لە ئێران و ناوچە و جیهاندا بین و شوێنەوار لە مەسایل و چەمکەکانی سەردەم وەربگرین و خۆمان لەگەڵ هەلومەرجە جیاوازەکان بگونجێنین، پێویستە پێش هەموو شتێک پشت بە هێزی خۆمان ببەستین، چەمکەکان بەخۆماڵی بکەین و ڕوانین و ئاجێندای تایبەت بە خۆمانمان هەبێ. دووەم، دەبێ تێ بکۆشین پێوەندیی نێوان کۆمەڵێک شت بە قازانجی خەباتی میللەتەکەمان بگۆڕین یان وردتر بڵێم کۆمەڵێک ئالێکی لە دەروونی بزوتنەوەی کوردیدا هەن کە دەبێ هەوڵ بدەین نەمێنن. ئەزموون و چارەنووسی شەریفزادە نوختەی تێکگیرانی کوردبوون و لە ئێراندا ژیان، هەروەها کوردی ڕۆژهەڵات بوون و کەوتنە باشووری کوردستان لەلایەک و خاڵی بەیەکگەیشتنی شۆڕش و زانست یان خەبات و مەعریفەت لەلایەکی دیکەیە. دەزانین کە سمایلی شەریفزادە کاتێک بۆ خوێندن لە مەهابادەوە دەچێتە تاران، وێڕای ئەوە کە پێشتر ڕەکێشی خەباتی حیزبی دێموکرات بووە، ئەوە هەروەها لە پەراوێزی هاوپێوەندی لەگەڵ شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستانە کە قاچاغی ئەم دیوەی کوردستان کە ئەو کاتە سەرکردەکانی حیزبی دێموکراتیشی لێ بوون، دەبێ. کەچی ئەو کاتە نە پێوەندیی نێوان شۆڕشی کورد لە هەردوو بەشی کوردستاندا بە چەشنێک بووە کە دەرەتانی بردنەپێشی خەبات بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو جۆرەی بۆخۆیان ئارەزوویانە هەبووە؛ نە وەزعیەتی نێوماڵی حیزبی دێموکراتیش وەک پێویستە توندوتۆڵ و یەکگرتوو بووە هەتا ڕووناکبیرێکی وەک وی بتوانێ بە تەواوی خۆی تێدا ببینێتەوە. ئێمە ئەمڕۆش لەگەڵ ئەم کەمایەسییانە بەرەوڕووین. ئێستاش هەم هاوپێوەندیی نێوان پارچەکانی کوردستان بەتایبەتی لەنێوان باشوور و ڕۆژهەڵات لاسەنگ و پڕ لە کەموکوڕییە و زۆر جار بەرژەوەندییە خەباتگێڕییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات دەبنە قوربانیی بەربەستەکانی دۆخی زاڵ بەسەر پارچەی دیکەی کوردستان، هەم ڕیزی تێکۆشەرانی گەلەکەمان بەتایبەتی بنەماڵەی دێموکرات یەکگرتوو نییە؛ هەم جێگە و پێگەی فیکر و توانای سەردەمی لە سازوکاری خەبات و بەرنامەی

تێکۆشانماندا وەک پێویستە ڕەنگدانەوەی نییە. ئێستاش ئەو زەروورەتە کە هەر چەشنە سیاسەتسازییەکی جیددی و هەر بەرنامەیەکی بەکردەوەی خەبات دەبێ لەسەر بنەمای زانستی گرێدراو بە واقیع بێ جێ نەکەوتووە. ئێستاش زۆر جار ڕووناکبیر و پێشمەرگە لە بەرامبەر یەکتر دادەنێین لە حاڵێکدا هەردووکیان دەتوانن شتێک لەوی دیکەیان تێدا بێ، یا لانیکەم یارمەتیدەر و پشتیوانی یەکتر بن. ئێمە ئەمڕۆ چ لە وڵات و چ لە دەرەوە، بە سەدان و هەزاران کەسی ڕووناکبیر و خوێندەوارمان لە هەموو بوارەکاندا هەیە کە وەک پێویست نەمانتوانیوە جەزبی خەباتیان بکەین یان لە ڕیزی خۆمان و لە دەوری خۆمان ڕایانبگرین. کۆمەڵگەیەکی سالم کۆمەڵگەیەک نییە کە هەموو تاکەکانی خەریکی سیاسەت بن، بەڵام گەلێک کە لە حاڵی خەبات بۆ ئازادی دایە سەرناکەوێ -سەریش بکەوێ بە بەختیاری ناگا- ئەگەر هەموو چین و توێژ و تاکەکانی هەر کامە و لە شوێنی خۆیەوە لە حیکایەتی گەورەی ئەو گەلەدا خۆی بە بەشدار و ئەرکدار نەزانێ.

مێژووی گەلان نیشانی داوە کە چینی خوێندکار دەتوانێ لە ئاڵوگۆڕە موسبەتەکاندا نەخشی گرینگ و کارساز بگێڕێ. بۆ ئەوەش ئەوەندە بەسە کە چاو لە ئینقلاب و ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی وەک لەهستان، پۆرتوغال، ئەمریکا، بریتانیا، چین، ژاپۆن، پێروو و ...دەیانی دیکە لە سەدەی ڕابردوودا بکەین. تایبەتمەندیی هەرە دیاری بزوتنەوەی خوێندکاری ئەوەیە کە خوێندکاران تەنیا بۆ داخوازییە سینفییەکانی خۆیان ڕاناسێن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەم لاون و هەم زۆر پەنجەرەی ڕوانین بەسەر مێژوو و بەسەر دنیایان لەبەردەمە، جیهانبینییەکی فراوانیان هەیە و خەون و ڕۆئیای وان بۆ هەموو کۆمەڵگەیە. لە بزوتنەوەی خوێندکاریی مانگی مای ١٩٦٨ی فەڕانسەدا خوێندکاران هەر تەنیا بەدژی هەلومەرجی خراپی ژیان و خوێندن و پێکهاتە و نێوەرۆکی وشک و داخراوی زانکۆ و مادده دەرسییەکان ڕانەپەڕیبوون، بەڵکوو بەگشتی دژی کۆمەڵگەی مەسرەفی و کۆنەپارێز بوون و خوازیاری ئازادی و یەکسانیی زیاتر و کۆمەڵێک نۆرم و بەهای نوێ بۆ سەرجەم کۆمەڵگە بوون. لەخۆڕا نەبوو کە چین و توێژەکانی دیکەش نەک هەر لە فەڕانسە بەڵکوو لە وڵاتانی دیکەش پشتیوانییان لێ کردن هەتا ئەو بزوتنەوەیە بە قیمەتی بوومەلەرزەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دامەزراوەیی لە فەڕانسە تەواو بوو و گەورەترین دەوڵەتمەردی مێژووی وڵات لەدوای ناپلیۆن، واتە ژنڕاڵ دوگۆل، ناچار بوو بە قازانجی دێموکڕاسی و ئازادیی زیاتر ئاکامگیریی لێ بکا.

ئێمە دەبێ ئەزموونی بزوتنەوە خوێندکارییەکانی دنیا و پێوەندییان بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانەوە بۆ باشکردنی ئەمری سیاسەت لە وڵاتی خۆمان بەکار ببەین. لە پۆلێنبەندیی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دوو پێوەر هەن کە زۆر بەکار دەبرێن: یەکەمیان بریتییە لە بەرفراوانی و پێگەی جەماوەریی بزوتنەوەکان، دووەمیشیان بریتییە لە جۆری داواکان و ڕادەی ڕادیکاڵیی داخوازەکان. بزوتنەوەی خوێندکاری بە سروشتی خۆی هەم پۆتانسیەلی بەجەماوەری بوونی زۆرە، هەم قابلییەتی ڕادیکاڵیزم. ئەوە نموونەی خاسیەتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە کە دەتوانێ لە ئاشتکردنەوە و پێکەوە گرێدانی

بزوتنەوەی سیاسی و بزاڤی مەدەنی یارمەتیمان بدا. ئێمە زۆر جار لەخۆڕا بەستێنی شۆڕشگێڕی و بەستێنی مەدەنی لە بەرامبەر یەک دادەنێین. هەڵە دەبێ ئەگەر پێمان وابێ هەرچی لە بەستێنی مەدەنیدا بکرێ ئەوە تەنیا لەپێناوی داوای بچووکە، ئەوە تەنیا بۆ سازان لەگەڵ سیستمی مەوجوود و ئەوپەڕەکەی بۆ ریفۆرمی سیستمە. بە پێچەوانەشەوە، هەڵە دەبێ ئەگەر بڵێین هەرچی لە بەستێنی چەکداری و شۆڕشگێڕیدا بکرێ ئەوە مسۆگەر لەپێناو داوای گەورە و ویستی ڕادیکاڵە. ئێمە دەبێ ئەو بەستێنانە تەنیا وەک زەرفێک بۆ کاری سیاسی و خەباتگێڕی چاو لێ بکەین بەبێ پێشداوەری لەسەر ماهیەت و مەرام و بەرهەمیان لە درێژخایەندا. دەکرێ لەژێر پێستی بەستێنی ناوخۆدا ڕادیکاڵیزمێکی ڕەوا هەبێ کە لەبەر ئەوەی سەرنجی نادرێتێ پۆتانسیەلەکەی بە فیرۆ دەچێ، هەروەک کە دەکرێ بەستێنی حیزبەکانیش لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە کۆتایی بە ڕکابەری و تاکڕەوییەکانی نێوخۆی بێنێ، لە ئەنجامدا ببێتە هۆی دابەزاندن و دوورکەوتنەوە لە وەدیهێنانی ئامانجە ستراتژییەکان. لەهەرحاڵدا دروست وایە ئەو بەستێن و شێوازە جیاوازانە نەک بە موزاحیم بەڵکوو بە تەواوکەری یەکتر چاو لێ بکەین و بۆ ئەوەش بزوتنەوەی خوێندکاری دەتوانێ یەک لە باشترین نموونەکانی وەها هەماهەنگی و پێکگرێدانەوەیەک بێ.

هەمووی ئەم قسانە لەگەڵ واقیعیەتی ئێستای بزوتنەوەکان لە نێوخۆی وڵات زۆر لێک دوورن. بزوتنەوەی خوێندکاری لە مێژووی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێراندا هەمیشە نەخشی گرینگ و چارەنووسسازی گێڕاوە. ئەگەر ڕۆڵی ڕێکخراوی خوێندکاریی حیزبی توودە، کۆنفێدراسیۆنی خوێندکاران، و زۆر تەشەکولی دیکەی خوێندکاری لە سەردەمی ڕێژیمی شا کە دواتر دروستبوونی ڕێکخراوی گەورەی سیاسییان لە ئێران لێ کەوتەوە لەبەرچاوبگرین، ئەوەدەم تێدەگەین کە بۆچی لە سەرەتای ئینقلابدا کۆماری ئیسلامی زانکۆکانی داخست. هەروەها ئەگەر مەترسیی بزوتنەوەی کەمپی زانکۆ لە ساڵی ١٣٧٨ و ئیعترازاتی خوێندکاران لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ بۆ سەر نیزامی کۆماری ئیسلامیمان لەبەرچاو بێ، ئەوەدەم دەزانین کە بۆچی سی ساڵ پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ڕێبەری نیزام تازە لە فکری بەڕێوەبردنی ئینقلابێکی دیکەی فەرهەنگیدا بوو. بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ لە ئاستی ئێراندا لەگەڵ ئەوە کە خەڵک زیاتر لە هەر کاتێک لە کۆی ڕێژیم بێزار بوون و جەسوورانەتر و بەربڵاوتر لە هەر سەردەمێک ناڕەزایەتیی خۆیان بەدژی ئەو سیستمە دەردەبڕن، کەچی سۆراغێک لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و بزوتنەوەی خوێندکاری بەتایبەتی بەدی ناکرێ. ئەوەش لەبەر ئەوە نییە کە بڵێین سەردەمی بەناو ئیسلاحات بۆ هەڵدانی ڕێکخراوەکان لەبار بووە و ئەحمەدی نژاد لەباری بردووە یان ئەوە کە بڵێین دەورەی ئەوەڵی سەرکۆماریی ڕووحانی لە دەورەی دووەمی باشتر بووە. بەڵکوو دەبێ لە شوێنی دیکە، لەبەر ڕووناکایی پیلانەکانی دەسەڵات و بێمتمانەیی خەڵک و سیناریۆ نادیارەکانی ناوچە و لە دینامیزمەکانی تایبەت بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە زێهنیەت و مەرامی نالێک و ڕارای ئێلیتەکاندا بۆ هۆکارەکەی بگەڕێین.

ئەوە بۆ کوردستانیش ڕاستە. جاریٚ هەر لە بنەڕەت ڕا دڵنیا نیم کە لە کوردستان هەرگیز خاوەنی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆمان (چ بۆ خوێندکاران چ بۆ چین و توێژەکانی دیکە) بەدوور لە هەر جۆرە پاشکۆیەتییەک لەناوەوە و لە دەرەوەی خۆماندا بووبین. ئێمە لە دەهەکانی ڕابردوودا بە هەزاران چالاکی خوێندکاری و زۆر تەشەکول و ئیبتکار و فیداکاریمان لەو بەستێنەدا دیتووە، بەڵام بزوتنەوەیەکی خوێندکاریی تایبەت بە کورد و داماڵڕاو لە پاشکۆیەتیی ڕەوتە سەراسەری و دەرەکییەکان کەمتر ڕۆئیەتی هەبووە. ئەمڕۆ لەحاڵێکدا کە سەرکوت لە جاران زیاتر نییە، لەحاڵێکدا کە خەڵک لە جاران زیاتر لە مەیدان دایە، لە حاڵێکدا کە چینێکی بەرفراوانتری نەوەی نویٚ خوێندکار و وشیارە، کەچی تاکەکان لە سۆنگەی چین و توێژی خۆیانەوە و لە چوارچێوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک پێویستە خۆ دەرناخەن. ئەوەندەی دوورکەوتنەوە لە تەعەلوق و ئینتما خێڵەکی و شارەکی و فەرهەنگییەکان لە بەستێنی گشتی و بۆ دەروەستیی سیاسی شتێکی پێویست و بەجێیە، ئەوەندەش کاڵبوونەوەی بنیاتی بزوتنەوە جەماوەرییەکان لەسەر بنەمای چین و توێژەکان بۆ جووڵەی سیاسیی کۆمەڵگە بەزیانە.

لە بەرامبەر وەها دۆخێکدا و وەک دوا وتە، دەمەویٚ ئیشارە بە قسەی دوو کەس بکەم. ئالبێرت ئەنشتاین دەڵیٚ خوێندکار دەفرێک نیە کە دەبیٚ پڕی بکەین، بەڵکوو مەشخەڵێکە دەبیٚ دایگیرسێنین. شتێکی سروشتییە کە ئێمە وەک حیزبەکان هەر کامەمان ڕێکخراوی تایبەت بە توێژی خوێندکار یان توێژەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگەمان هەبیٚ. لە فەڕانسەش هەر بەم جۆرەیە. بەڵام هەموومان کاتێک لەو کارەدا سەرکەوتوو دەبین کە لێگەڕێین بزوتنەوە جەماوەرییەکان بەجیا لە خۆمان و تەنانەت سەربەخۆ لە ئێمە شکڵ بگرن. ئێمە نابیٚ پێمان وابیٚ ئەوە ڕۆڵ و کاریگەری لە حیزبەکان دەستێنێتەوە. بەپێچەوانەوە حیزبەکان لە کۆتایی ڕۆژدا لەمە سوودمەند دەبن نەک بەو مانایە کە پاڵی لیٚ بدەنەوە و ئەرکی دروستکردنی گۆڕانکاری تەنیا بۆ خەڵک بەجیٚ بێڵن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەر کاتێک کۆمەڵگە هەستا دواتر دادەنیشێتەوە و ئەوە سیاسییەکانن کە دەبیٚ ئیدارەی کۆمەڵگە بگرنەوە دەست. ئەمڕۆ لە دنیادا تۆڕێکی خوێندکاران هەیە بە ناوی ئینقلابی دائیمی، ئەمەش نەک بە مانا مارکسیستی و «ترۆتسکی»یەکەی، بەڵکوو بە مانای ئەوە کە هەمیشە لە کاری سیاسی و جڤاکیدا دوورەدیمەنێک لە ئیدەئال و بەها ئینسانییەکان لەپێش خۆمان ڕابگرین و قەت ئەو خەون و ئیدەئالانە تەسلیمی واقیعە هەنجارکوژ و ئومێدئەستێنەکان نەکەین. بە باوەڕی من ئینقلابێک کە لەودا بزوتنەوەی خوێندکاری ڕۆڵی تێدا نەگێڕیٚ، ئینقلابێکی بیٚئارمانە.

قسەکەی دیکەم بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ ئەساڵەتی خۆمان لە عەینی نوێبوونەوە دایە. لێرەشدا دەمەویٚ ئیشارە بە بەیتە شێعرێکی نەمر مامۆستا سەید جەلالی حوسەینی بکەم لەبارەی بەقەولی خۆی «نەقڵی دارێنە» و خیانەتی کوێخاشەریف و گیانبازیی سمایلی شەریفزادە فەرموویەتی. من لێرەدا هەم بە هۆکارێک شێعرەکە نائێم، هەم بۆ ئەوەی خوێندکارانی

بەهەست بۆیان پرسیار بێ و بۆخۆیان وەدوای بکەون. بەڵام چەند سەرنجڕاکێشە کە ڕابەرێکی ئایینی شێعری بۆ ڕووناکبیرێکی لاو کە بیروباوەڕی فەلسەفییان وەکیەک نەبووە، داناوە. ئەوەیە داستانی میللەتی ئێمە، ئەوەیە غرووی میللەتی ئێمە. بەو هیوایە کە نەقڵی دارێنە هەر بە زیندوویی ڕابگرین بۆ ئەوەی کوێخا شەریفەکان لەنێو میللەتی ئێمەدا نەمێنن و لەجیاتیان شەریفزادەکان هەر زۆر و زۆرتر بن. سوپاستان دەکەم و هەربژین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٩

---

## دانپێدانانێکی درەنگ وەخت بە «گوناح»

لەکاتێکدا کە جموجۆڵی نیزامیی ئەمریکا لە کەنداو هەر دێت و زیاتر دەبێ و دەنگی دەهۆڵی شەڕ تا ڕادەیەک دەبیسترێ، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا قسەیەکیش لە بەستێنی سیاسەتی نێوخۆی ئێراندا سەرنجەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بەپێی ڕاپۆرتی ڕاگەیەنەکان، محەممەدی خاتەمی سەرکۆماری پێشووتری ئێران، لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی شووڕای شاری تاراندا فیدرالیزمی بە گونجاوترین شێوەی حکومەت و بەڕێوەبردنی وڵات لەقەڵەم داوە.

پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێین لە غەیری ئەوەدا کە ئەستێرەی بەختی خاتەمی جارێکی دیکە بدرەوشێننەوە، ناوبراو ئیدی لە مەیدانی هاوکێشە نێوخۆییەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا عونسورێکی کاریگەر نییە، ئەوە جیا لەوە کە ئەو کاتەش کە لەسەر کورسی بوو، ئەو نەخشەی کە هێندێک کەس چاوەڕوانییان لێی هەبوو، نەگێڕا. بەشێوەیەکی گشتی، کارنامەی نەرێنیی کۆماری ئیسلامی لە بواری ڕێفۆرم و زەرفیەتسازیی ڕاستەقینەدا و هەروەها دۆخی لەرزۆکی ڕێژیم لە ئێستادا هیچیان بۆ ئەوە نابن کە لێدوانی لەم جۆرە بە جیددی بگرین. سەرەڕای ئەوەش، لەبەر ئەوە کە حیزبی دێموکڕات وێڕای خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، هەمیشە پێی باشتر بووە کێشە و مەسەلەکان لە ڕێگای سیاسی و بنیاتنەرەوە چارەسەر بن، هەروەها چونکە حیزبی ئێمە و زۆربەی هەرە زۆری لایەن و بژاردەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران خوازیاری فیدرالیزمن، لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک بە پێویست دەزانرێ.
ئەگەر قبووڵمان بێ کە هزر و گوتار خاڵی دەستپێکی هەر جۆرە کردار و مێتۆدێک لە بەستێنی سیاسەت و حکومەت دایە، ئەوکاتە دەبێ پێشوازی لە هەر جۆرە تابووشکێنییەک لە بواری ئەو ئامانج و چەمکانەدا بکەین کە بۆ وەدیهێنانیان تێ دەکۆشین، بەتایبەتی ئەگەر تابووشکێنی و پێداچوونەوەکە لە لایەن کەسانێکەوە بێ کە تەواوی ژیانیان بۆ دژایەتیی ئەم

چەمکانە تەرخان کردوە. سەرەڕای ئەمەش، دەمەساتێک دێ کە پێویستە بە وردبینی و جیدیەتی زۆرترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانە بکەین کە بۆ ژیان و ئایندەی گەلان گرینگن.

ئەگەر چاو لە لێشاوی ئەو دژکردەوانە بکەین کە لێدوانەکانی ئەم دواییەی خاتەمی بەدووی خۆیدا هێنان، دەتوانین دژکردەوەکان بەسەر دوو گرووپدا دابەش بکەین: لەلایەک، دڵنیگەرانەکانی یەکپارچەیی ئێرانمان هەیە کە لەگەڵ هەر جۆرە دابەشکردنێکی ستوونیی دەسەڵات، چ دیکتاتۆری و چ دێموکراتیک، موخالفن. لەلایەکی دیکەوە، لایەنگرانی بەڕەسمی ناسینی فرەنەتەوایەتی بەتایبەتی لەنێو میللیەتەکانی ئێرانمان هەیە کە بە ساردی و گومانەوە چاو لەو «دانپێدانان بەگوناح»ە درەنگوەختەی ئاغای خاتەمی دەکەن و زۆرتر وەک مانۆڕێک بۆ گەرمکردنەوەی تەندووری ئیسلاحتەڵەبی و لە کۆتاییدا وەک هەوڵێک بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی بە قازانجی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لێی دەڕوانن، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە خاتەمی بۆخۆی هێشتا لەگەڵ کۆمەڵێک بەربەست بەرەورووە و ناتوانێ هەرکات هەرچییەکی پێی خۆش بوو، دەری ببڕێ.
ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر گرووپی یەکەم؛ لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێین کە جیا لەوە کە هیچکام لە هۆکارەکانی سڵەمینەوە لە فیدرالیزم لە ئێراندا بنەمای زانستییان نییە، ئەگەر تەنانەت وای دابنێین کە نەتەوەکانی ئێران خوازیاری دیاریکردنی چارەنووس لە پێشکەوتووترین شکڵی خۆی دان، لەسەر چ بنەمایەکی حقووقی و ئەخلاقی ئەوانە بە زەبر و سەرکوت و بە نرخی درێژەدانی سەرەڕۆیی بەسەر یەکەوە ڕادەگیرێن؟

بەڵام سەبارەت بە گرووپی دووەم؛ لایەنگرانی ڕاستەقینەی ئازادی و یەکسانی و دابەشکردنی دەسەڵات لە ئێران، بەتایبەتی ئەوانە کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخی ئێران باری قورسی ستەمی دوو چەندانیان بە کۆڵ هەڵگرتووە، هەقیانە کە بەو لێدوانانەی ئاغای خاتەمی شاگەشکە نەبن. ئەوەش نەک تەنیا لەبەر کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە بواری دەسەڵاتی خەڵکیدا، ڕێژیمێک کە لە وڵامی داخوازیی نەتەوەکانی ئێراندا زمانێک جگە لە تۆقاندن و هەڕەشە نازانێ. بەڵکوو لەبەر کۆمەڵێک خێچ و خواریی جیددی کە لە ناخی قسەکانی خاتەمیدا خۆیان مۆڵ داوە.

ئاغای خاتەمی وێڕای بەگونجاوزانینی فیدرالیزم بۆ ئێران، ئاماژەی بە دوو کۆسپ لە سەر ڕێگای فیدرالیزاسیۆنی ئەو وڵاتە کردوە کە یەکەمیان قانوونی ئەساسییە. گریمان ئەو قسەیە بەشێوەی ناڕاستەوخۆش بێ بە مانای قبووڵکردنی پێویستیی پێداچوونەوە بە قانوونی ئەساسییە. بەڕاستی وەها دانپێدانانێک لەلایەن کەسێکەوە کە بەدرێژایی دەورانی سەرکۆماری و تەنانەت دواتریش پێداچوونەوە بە قانوونی ئەساسیی نیزامی بە خیانەت لەقەڵەم دەدا، چەندە دەتوانێ بە جیددی وەربگیرێ؟ ئەگەر لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی جێگایەک بۆ فیدرالیزم نییە، خۆ شووڕاکانی شار و دێ لەوێدا باس

کراون. ئەدی بۆ بیست ساڵ (واتە دە ساڵ پاش کۆتایی هاتنی شەڕ لەگەڵ عێراق)ی خایاند هەتا ڕێبەری نیزام ڕازی بوو هەڵبژاردنی شووراکان بەڕێوە بچێ؟ خاتەمی هەر لەو قسانەی ئەمجارەیدا دەڵێ کە لە سەردەمی سەرکۆماریی خۆیدا نەیتوانیوە بنەمایەکی قانوونیی پتەوتر بۆ شووراکان جێ بخا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەپێچەوانەی ئیدیعای ناوبراو، تەگەرەی سەرەکی، ناکۆکیی نێوان شووراکان و شارەدارییەکان یان ڕکابەریی نێوان شووراکان و بەخشەکان نییە، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ هەر جۆرە خەڵکسالارییەکی ڕاستەقینە لە هەر ئاستێکدا کێشەی هەیە.

ئەوەش دەمانگەیەنەتە کۆسپی دووەمی فیدرالیزم بە بۆچوونی خاتەمی. بە باوەڕی سەرکۆماری بانگەشەکاری پێشکەوتن و پێکەوەژیانی شارستانییەکان، هەلومەرجی سیاسیی ئێستای ئێران بۆ فیدرالیزاسیۆنی ئەو وڵاتە لەبار نییە. کاکڵی شتەکەش هەر لێرەدا پەنگ دەخواتەوە. ئەوە یەک لە تایبەتمەندییەکانی هەموو سیستمێکی سەرەڕۆیە کە هیچ زەمانێک بۆ ئەنجامدانی بەڕاستیی ئەو شتە کە خەڵک دەیانەوێ بە لەبار نازانن. ئەگەر قەرار بێ بەهۆی گرژییەکانی دەرەوە و مەترسیی شەڕ یان لەبەر نارەزایەتیی خەڵک و دۆخی ڕوو بە تەقینەوە لە نێوخۆ، بیرکردنەوە و هەنگاونان بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و پێکهاتەیی دوایین خەمی حاکمانی وڵاتێک بێ، دەبێ لە خۆمان بپرسین کە سەرچاوەی ئەو گرژی و فشارانە چییە و چ کەسانێک یان کامە دامەزراوانە بە دروستکردن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی قەیرانەکان پێش بەوە دەگرن کە نەتەوەکان لە ئارامیدا بە پرسەکانی پێوەندیدار بە بەڕێوەبردنی تەندروستانەی کاروبار و پێوەندیی بنیاتنەری نێوانیان ڕابگەن؟

ئێمە لەگەڵ ئەوە کە ئەولەویەتی کارمان خەبات لەپێناو وەدیهێنانی داخوازەکانی خەڵکی کوردستانە، لە بەرامبەر ئەوەشدا کە لە ئێران و ناوچەدا دەگوزەرێ، بێخەم نین. هۆی هەبوونی حیزبی ئێمە شوناسخوازیی کوردانە. بەڵام ئاگاداری ئەو ڕاستییەش هەین کە بۆ بردنەپێشی مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتێکدا دەبێ یان واقعییەتە مەیدانییەکان بگۆڕدرێن یان یارمەتی بە دروستبوونی بوارێکی دێموکراتیک لەو وڵاتەدا بکرێ. هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە هەردوو ڕەهەند دەگرێتەوە. بێگومان ئێمە پێشوازی لە هەر جۆرە گۆڕانێکی ڕاستەقینەی ئاقارەکان کە ببێتە هۆی چارەسەری کێشەکان لەڕێگای سیاسی و نیهادییەوە دەکەین. بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا لەو باوەڕە داین کە پێویستە هۆش و سەرنجی هێزە بەڕاستی دێموکڕاسیخوازەکانی ئێران بەتایبەتی لە کۆمەڵگای سیاسیی کوردستان و لەنێو نەتەوەکانی ئێراندا پێش هەموو شتێک لەسەر خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم: بۆ "ئا"؟ بۆ "نا"؟

بزوتنەوەیەکی سیاسیی واقبعین و بەرپرسیار ناتوانێ چارەسەری کێشەی خۆی و دەسەڵاتی حاکم لە ڕێگای ئاشتییانە و وتووێژەوە وەک ئەسڵێک ڕەت بکاتەوە. بزووتنەوەی کوردیش بە سروشتی ئاشتیخوازانەی و بەهۆی دۆخێکی سەخت و نالەباری نێوخۆیی و دەوروبەر کە هەمیشە لەگەڵی بەرەوڕوو بووە، قەت ئەسڵی وتووێژی تەنانەت لەگەڵ سەرسەختترین دەسەڵاتیش ڕەت نەکردۆتەوە. ئەگەر بزوتنەوەی کورد لە مەیدانی وتووێژدا زۆر جار ڕەخنەی هاتۆتەوە سەر، ئەوە لەبەر ئەوە نییە کە وتووێژ وەک خۆی خراپ بێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە لە بەرامبەر دەوڵەتانێکدا کە تەنیا زمانی ئینکار و سەرکوتیان زانیوە، زۆربەی کات کورد لە بەستێنسازیی پێش وتووێژ و لە خودی وتووێژدا وەها نەجووڵاوەتەوە کە بە دەستی پڕ و بە سڵامەتی لەسەر مێزی وتووێژ هەستێ.

وتووێژ پرسێکی فەلسەفی نییە هەتا بەشێوەی ڕەها حوکم لەسەر دروست یا هەڵەبوونی بدەین، بەڵکوو پرسێکی سیاسییە کە دەبێ وەک یەکێک لە شێوازەکانی گەیشتنی لایەنێک بە بەشێک لە ئامانجەکانی چاو لێبکرێ. دەکرێ لە سەردەمێکدا شێوازێکی خەبات مومکین و کاریگەر بێ، لە سەردەمێکدا شێوازێکی دیکە. جاری وایە شێوەیەکی خەبات هیچ چەشنە کارایییەکی سیاسی و عەینیی نییە، بەڵام لە بەستێنی حقووقی و مێژوویی‌دا مانادار و بەجێیە. مادام هیچ کێشەیەکی سیاسی لە دنیادا لە درێژخایەندا ڕێگاچارەی نیزامیی نییە، دەتوانین بڵێین هەموو شێوەکانی خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە بۆ ئەوە بەکار دێن کە لە کۆتاییدا لایەنەکانی کێشە لە ڕێگای گفتگۆوە بە چارەسەرێکی ڕاستەقینە و چەندی بکرێ هاوسەنگ بگەن. هەربۆیە قسە نەک لە ڕوانینێکی ئیدەئالیستانە و بەهاگەرایانە، بەڵکوو لە باڵانسی سوود و زیانەکانی ئەم شێواز یان ئەو شێواز لە دۆخی هەنووکە و لە چارەنووسی درێژمەودادا هەم لەباری زەینی و جەهانبینییەوە و هەم لەباری عەینی و سیاسییەوەیە.

بەو پێیە ئەوەی دەبێ قسەی لەسەر بکرێ ئەسڵی وتووێژ نییە، بەڵکوو ئەو فاکتەرانەن کە شانسی سەرکەوتن و بەرهەمدار بوونی وتووێژ و سنووردارکردنی زیان و مەترسییەکانی وەها ڕێکارێک دیاری دەکەن و پێمان دەڵێن کە ئەگەر وتووێژ دەکەین، چۆنی بکەین. گرینگترینی ئەو فاکتەرانە بریتیین لە:

١- لایەنی وتووێژ؛

٢- کاتی وتووێژ؛

٣- مەبەست لە وتووێژ؛

٤- بابەتی وتووێژ (ئەم دووانەی دوایی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە و بەسەریەکەوە باسیان دەکەین)؛

٥- تێکنیکی وتووێژ. تەنیا لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بەسەریەکەوەی ئەم فاکتەرانەدایە کە دەکرێ وتووێژ لە قۆناغێکدا یا لە کەیس و کانتێکستێکدا بە دروست یان بە هەڵە بزانین.

## لایەنی وتووێژ

لە کانتێکستی کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکاندا، لە بنەڕەتڕا وتووێژ ڕێکاری مامەڵەی نێوان نەیار و ناتەباکانە. ئەمە تەنانەت ئەو کاتەش کە لایەنێک بۆ ڕووخان و نەمانی لایەنی نەیاری خۆی خەبات دەکا، ڕاستە. نەک هەر بزووتنەوەکان، بەڵکوو ئەو دەوڵەتانەش کە لەگەڵ یەکتر لە شەڕدان یا تەنانەت یەکتر بەڕەسمی ناناسن، لەبەر ئەوەی دەزانن کە سەرەڕای دژایەتیی بنەڕەتی لە بەرژەوەندی و بەهاکاندا یەکتریان پێ لەنێو ناچێ، بە شێوەی تاکتیکی یا لەژێر جەبری واقیع لە خاڵێکدا هەر ناچار دەبن پێکەوە گفتگۆی ڕاستەوخۆ بکەن. ئەوان ئەوە وەک ڕێکارێک بۆ پاشەکشە بە لایەنی نەیار و ئەگەر بکرێ بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارانە بەکار دەبەن کە بوونە هۆی ئەوەی خوازیاری نەمانی لایەنی نەیار بن.

کوردەکانی ئێران لە خەبات لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لەچاو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران تێچووی قورستریان داوە. لەلایەکی دیکەوە، بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی مەسەلەی کوردستان، حیزبە کوردییەکان - وێڕای هاوپێوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی سەراسەری_ هەمیشە ئیبتکاری کردەوەی سەربەخۆ و بەجیایان لە هێندێک بواردا بە مافی خۆیان زانیوە. لەم ڕووەوە و بۆ نموونە، وتووێژی کوردەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نابێ لە ڕەوتی ئاشتیی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیل یا موزاکرەی ئەمریکا لەگەڵ تاڵیبان سەیرتر بێتە پێش چاو.

دیارە هەروەک دواتر ڕوونی دەکەینەوە، دیاریکردنی بەکردەوەی لایەنی وتووێژ بەوە بەستراوەتەوە کە ڕەسمیەت و "ماندەیت **mandate**" (ڕاسپێردراوی)ی هەیئەتی بەرانبەر وەها بێ کە پێشکەوتن یان ئاکامەکانی وتووێژ ئەرک و دەروەستی بۆ کۆی لایەنی بەرامبەر دروست بکا.

## کاتی وتووێژ

کات فاکتەرێکی سەربەخۆ نییە و بە فاکتەرەکانی دیکە کە ئەوان بۆخۆشیان بەرهەمی هاوکێشەی هێز لەنێوان لایەنەکانی وتووێژدان، بەستراوەتەوە. لەڕاستیدا هەموو کاتێک بۆ وتووێژ گونجاوە ئەگەر لە ئاکامی هەڵسەنگاندنی هاوکێشەی هێزدا بتوانین بڵێین نیشاندانی مەیلی لایەنەکان (لێرەدا بەتایبەتی حاکمییەت) بۆ وتووێژ کەمترین جیدییەتی هەیە. کاتێک

لەگەڵ دەوڵەتێک بەرەوڕووین کە بە ماهییەت نادێموکڕاتیکە و بەشێوەی عەقڵانی ناجوڵێتەوە، تەنیا وەختێک دەتوانین ئیرادەی وتووێژ لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە بە جیددی بگرین کە لەڕووی مەیدانییەوە یان لە کۆی ئەو قەیرانانەی دەوڵەتەکە لەگەڵی بەرەوڕوویە، لەژێر فشار و نیگەرانی ئایندە و هەرمانی خۆی بێ. ئەگەر ئەو فاکتەرە لەسەر ئەمڕۆی کورد و کۆماری ئیسلامی جێبەجێ بکەین، سەرەڕای لەسەرپێبوونی بزووتنەوەی کورد و هەموو ئەو کێشانەی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی ئێستادا لەگەڵیان بەرەوڕوویە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە وێدەچێ ئێستاش بەو قەناعەتە نەگەیشتبێ و خۆی لە دۆخێکدا نەدیوە کە مل بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران یا هەر نەبێ کرانەوەیەکی ڕێژەیی بەڕووی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستاندا رابکێشێ.

## ئامانج لە وتووێژ/ بابەتی وتووێژ

ئەوە کە مەبەستی لایەنەکان بۆ ڕووکردنە وتووێژ هەمیشە وەکیەک نەبێ، تەواو سروشتییە. بەڵام گرینگە کە جیاوازیی نێوان ئەو دوو مەبەستە ئەوەندە نەبێ کە دژایەتیی سروشت و نالێکیی ئاشتیهەڵنەگری لێ بکەوێتەوە. پێویستە مەبەست و مەرامە جیاوازەکان لانیکەم لە خاڵێکدا پێک بگەن بۆ ئەوەی بابەتی وتووێژ بۆ هەردوولا کەم و زۆر یەک شت بێ (تەنانەت ئەگەر وڵامی هەردوولا بۆ هەمان پرسیار جیاوازیش بێ). مەبەستی حیزبی دێموکڕات و لایەنەکانی دیکەی نێو بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات شتێک نییە جگە لە چارەسەر یا لانیکەم بردنەپێشی پرسی کورد لە ئێراندا (بە هەموو قۆناغبەندی و قەتەعاتێکەوە کە ئەو پرسە هەیەتی). دیارە ئەگەر خەللاق و واقعبینانە سیاسەت بکەین، نابێ نە وتووێژ و نە بەگشتی چارەسەری پرسی کورد بەشێوەیەکی خەتی و یەکساتە چاو لێ بکەین، بەڵکوو لە دیاریکردنی نەخشەڕێگای خەبات و ڕێکارەکانیدا، وێڕای لەبەرچاوبوونی جەوهەری مەسەلەی کورد و دووردیمەنی ستراتژیکی خەباتی ئەو گەلە، دەکرێ هەنگاو بە هەنگاویش بجوڵێینەوە (بە مەرجێک لایەنی بەرامبەر واتە دەسەڵاتی حاکم قابلیەتی گۆڕانی تێدا هەبێ). دیارە ئەوەش کە دۆخی ئێستای خەبات و ئایندەی بزووتنەوە لە بڕیاری حیزبەکان بۆ چوونە نێو وتووێژ دەخیل بێ هەر شتێکی ڕەوایە، چونکە هۆکاری بوونی ئەم حیزبانە داخوازەکانی خەڵکی کوردستانە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کۆماری ئیسلامی، بەهۆی ئەو ناکۆکییە بنەڕەتییەی ئەو ڕێژیمە لەنێوان ویستەکانی کورد و مانەوەی خۆیدا دەیبینێ (چونکە دەزانێ کە قبووڵکردنی مافەکانی کورد ئاکامی ڕاستەوخۆی لەسەر دێموکڕاتیزاسیۆنی ئێرانیش دەبێ)، ئاشکرایە کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا چارەسەری پرسی کورد لە ئێران نەبووە. ئەگەر وابا، ئەو ڕێژیمە دەیتوانی لە چل ساڵی ڕابردوودا دۆخی مافەکانی کورد لە ئێران لەسەر پەیژەیەکی گریمانەیی سفر بۆ سەت، لە سفرەوە لانیکەم بکا بە یەک، بە دوو، بە پێنج،... بەپێچەوانەوە، سیاسەتی هەڵاواردن و سەرکوت دەرهەق بە گەلی کورد لە سایەی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام درێژەی بووە.

ئەگەر مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە وتوویژ لە سەرەتای ئینقلابدا کڕینی کات بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی و داگیرکردنەوەی کوردستان بوو؛ سی ساڵ پێش ئێستا بۆ تیرۆری دوکتور قاسملوو بوو؛ لەم ساڵانەی دواییدا بۆ نانەوەی تەفرەقە لەنێو بزوتنەوەی کورددا بوو؛ وێدەچێ مەبەستی ئەمجارەی ڕێژیم لە وتوویژ کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانە بێ کە لە دۆخی ئێستادا ئەو ڕێژیمە هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوە لەسەر خۆی هەست پێدەکا. نابێ ئەو واقعییەتە دیارە پشتگوێ بخەین کە ئاستی ڕێکخراوی و ئینسجامی سیاسی لە کوردستان لەچاو هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێران بەرزترە؛ حیزبە کوردییەکان هەم لەنێو خەڵکدا خۆشەویستن، هەم سەرنجی ئەو ئەکتەرە نێودەوڵەتییانەی لە دیاریکردنی چارەنووسی ناوچەدا ڕۆڵ دەگێڕن، بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا لەبەر دۆخی قەیراناویی خۆی و نیگەرانیی لە ئاییندە (نەک لەڕووی باوەڕ بە چارەسەری مەسەلەی کورد) دیسان حەزی لە وتوویژ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردە، ئەگەرچی مزگێنیدەری ئاکامی دڵخوازی وەها ئاقارێک نییە، بەڵام هۆکارێکیش نییە بۆ ئەوەی لایەنە کوردییەکان پێشنیاری وتوویژ ڕەت بکەنەوە. بەپێچەوانەوە، ئەوان بەدروستی لە هەر دەرفەتێک بە قازانجی خەڵکی کوردستان و ڕەوتی گشتیی خوازیاری گۆڕان لە ئێراندا کەلک وەردەگرن. پرسیار تەنیا ئەوەیە چلۆن دەکرێ کارێک بکەین کە وەڵامی موسبەتی کوردەکان بە پێشنیاری گفتگۆی سیاسی تەنیا بۆ سەلماندنی ئاشتیخوازبوونی ئەوان نەبێ (کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات زۆر لەمێژە و زیاتر لە جارێک لایەنگریی خۆی لە ئاشتی و ڕێگاچارەی سیاسی بە تاڵترین شێوە سەلماندوە). بەڵکوو کارتی وتوویژ بۆ ئەوە بەکار ببەین کە دۆخی مەوجوود هەر نەبێ تا ڕادەیەک بە قازانجی جووڵانەوەی کوردستان بگۆڕدرێ. لێرەدایە کە دەبێ لە خۆمان بپرسین کە ئایا ئەو بزوتنەوەیە حازرە لە بەرامبەر کامە دەسکەوتانە لە کورتماوە یان نێوان ماوەدا لە کامە ئامرازانەی فشار بۆ سەر کۆماری ئیسلامی کە لەبەر دەستیدایە، بگوزەرێ؟

لە حاڵەتێکدا کە مەبەستی هێزە کوردییەکان و کۆماری ئیسلامی لە وتوویژ ئەوەندە لێک دوور بێ، تەنیا بە دوو مەرج دەکرێ بەشێوەی تاکتیکیش وتوویژ ڕەت نەکەینەوە : یەکەم ئەوە کە هەتا ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی ڕەفتاری خۆی دەرهەق بە خەڵکی کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نەگۆڕیوە، لەسەر خەباتی خۆمان هەر بە فەلسەفەی پێشووی ئەو خەباتە بەردەوام بین؛ دووەم ئەوە کە کۆمەڵێک مەرج لە تێکنیکی وتووێژدا ڕەچاو بکرێن.

## تێکنیکی وتووێژ

مۆدێلەکانی دانوستان و بنیاتنانی ئاشتی (Peacebuilding) لە دنیادا یەکجار زۆرن. بە ڕوانینێک لە ڕابردووی خۆمان و بە چاوخشاندنێک بە ئەزموونی گەلانی دیکە لەو بوارەدا، دەبێ چەند مەرجێکمان لەبەرچاو بێ:

**یەکەم**، پێکهاتە و ئاستی وەڤدەکانی دانوستانکارە. لەگەڵ ئەوە کە لە گفتگۆ سەرەتاییەکانی ئێستادا، قەڵەمبازێکی نەوعی (هەرچەند لاواز) لە ئاستی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەدی دەکرێ، بەڵام هێشتا ناهاوسەنگی لە ئاستی نوێنەرایەتیی نێوان دوو لایەنی وتووێژدا هەیە. جیا لەوەش، هێشتا زۆر روون نییە کە هەیئەتی کۆماری ئیسلامی متمانە و مەئمورییەتی کۆی نیزامی پێیە، یان هەر جێبەجێکاری مانۆڕی بەشێکی نیزامە (دەوڵەت) کە بەدەر لەوە کە بۆخۆیشی چەندەی باوەڕ بە چارەسەری پرسی کورد یا لانیکەم گۆڕینی ڕەفتار دەرهەق بە کورد هەیە، دەکرێ ئەو بڕە مانۆڕەش لەلایەن بەشێکی دیکەی نیزامەوە (ڕەهبەری؛ نیهادە نیزامی - ئەمنیەتییەکان) بنکۆڵ بکرێ. هەڵبەت خاڵێکی پۆزەتیڤ کە لەم ڕەهەندەی تێکنیکی وتووێژدا دەیبینین ئەوەیە کە هەموو حیزبەکانی ئەندام لە "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"دا پێکەوە چوونەتە نێو ئەو پرۆسەیە و لەوێشدا تا ئێستا یەکگرتوو جووڵاونەوە.

**مەرجی دووەم** لە تێکنیکی وتووێژدا بوونی لایەنێکی سێهەمی نێودەوڵەتییە کە ئەرکی نێوبژیوان یا لانیکەم ئاسانکەرەوە بگرێتە ئەستۆ. بەپێچەوانەی ئەو وتووێژانەی لە وڵاتانی دێموکڕاتیکدا لەنێوان حکومەتی ناوەندی و نوێنەرانی بەشێک لە خەڵک بەڕێوە دەچن، لەو وڵاتانەدا کە زەمینەی دێموکراتیکیان نییە و لەوێ کێشە سیاسییەکان دەبنە رووبەڕوونەوەی چەکدارانە، بوونی لایەنێکی سێهەم (چەندی بکرێ خانەخوێیەکی تەواو دەرەکی) بۆ ئیعتباری ڕەوتی ئاشتی و بۆ ئەمنیەتی گفتگۆکان زەرورییە. لەگەڵ ئەوە کە ئەو لایەنە سێهەمەی ئیبتکاری گفتگۆکانی ئەم دواییەی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی گرتۆتە دەست نە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و نە تەنانەت دەوڵەتێکیشە، بەڵام نیهادێکی ئوروپاییە کە جیدیەت و ئیعتباری پێویستی هەیە و دەبێ ئەوە وەک پێشوەچوونێکی موسبەت و پێشتر نەدیتراو لە مێژووی وتووێژی کورد و دەسەڵات لە ئێراندا چاو لێ بکەین.

**سێهەمین مەرج** بۆ گونجاوبوونی تێکنیکی وتووێژ، ڕەسمیەت و ئاشکرا بوونی وتووێژە کە دیارە نابێ ئەوەمان لەگەڵ شەفافیەتی وتووێژ لێ تێک بچێ (یەکەمیان هەمیشە زەرووره، دووەمیان هێندێک جار بەزیانە). هیچ وتووێژێک لە سەرەتاوە نە لە ئاست و شکڵی دڵخوازدا و نە بە ئاشکرا بەڕێوە ناچێ؛ تەنانەت کاتێک بەمێدیاییش کرا، دروست نییە یەکجێ هەموو وردەکارییەکانی بخرێتە دەرەوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ کارەکە ئاکامی خوازراوی لێ بکەوێتەوە؛ لایەنەکان هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی کەموکوڕیی بنەڕەتیی پرۆسەکە نەبنەوە و خۆشمان لە بەرامبەر خەڵکدا بە بەرپرسیار بزانین (چونکە ئەو پرسە پرسی گەلە، نەک هی کەس و لایەنێک)، نابێ لە درێژخایەندا گفتگۆی نهێنی و بەهەرحاڵ

دانپێدانەنراو بەدروست دابنێین. لەگەڵ ئەوە کە چاوەڕوانیی لایەنی نێوبژیکار لە نهێنی مانەوەی دەسپێکی وتووێژی ئەمجارەی کورد و کۆماری ئیسلامی قابیلی دەرکە، بەڵام ئێستا کە بە هەر هۆیەک نەک هەر ئەسڵی کارەکە، بەڵکوو زۆر لە وردەکارییەکانیشی دزەیان کردۆتە دەرەوە و بەرپرسانی لایەنە ڕۆژهەڵاتییەکانیش بەڕێوەچوونی گفتگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییان بە بەشێک لەو وردەکارییانەشەوە تەئید کردوە (ئەگەر تەنانەت هێشتا نەتوانین باس لە "موزاکرە" بە مانای راستەقینەی وشەش بکەین)، خۆبواردنی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی لە پشتڕاستکردنەوەی ئەم ڕەوتە بەشێوەی رەسمی و لە بەرزترین ئاستیدا چیدیکە پاساو هەڵناگرێ.

## متمانەسازی

هەموو ئەو فاکتەرانەی لەسەرەوە باس کران تەنیا کاتێک مانایان هەیە کە هەر لە سەرەتاوە هێندێک هەنگاو لەبواری متمانەسازی و نیشاندانی "حسن نیت" هەڵگیرێتەوە. جیا لەوە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا لەپێوەندی لەگەڵ گفتگۆکانی ئەم دواییانەیان لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و چارەسەی مەسەلەی کورد لە ئێران (یا هەر نەبێ دروستکردنی زەمینەی وەها چارەسەرێک) ئیرادە و ئامادەیی خۆیان ڕانەگەیاندوە، ڕەفتاری ئەو ڕێژیمە دەرهەق بە خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش هەروەک خۆی درێژەی بووە. لەبیرمان نەچێ بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ لەکاتێکدا کەوتەبەر هێرشی مووشەکیی سووپای پاسداران کە ئەو حیزبە هیچ جۆرە چالاکییەکی نیزامیی لە نێوخۆی وڵات بەڕێوە نەدەبرد، لەحاڵێکدا ئامادەکارییەکانی بەڕێوەچوونی دانیشتنی ڕاستەوخۆی حیزبە کوردییەکان و کۆماری ئیسلامی چەند مانگێک بوو لە ئارادا بوو.

حاشای لێ ناکرێ کە پرۆسەی ئەمجارەی گفتگۆی "کورد" و ڕێژیم قازانجی خۆیشی لەبواری دانپێدانانەوەی دوفاکتۆ بە پرسی کورد لە ئێران لەلایەن دەسەڵاتەوە و راکێشانی سەرنجی نێونەتەوەیی بۆ فاکتەری کورد لە ئێران و راهێنانی نوێنەرانی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان بۆ کاری هاوبەش و تێکنیکی دیپلۆماسی و دانوستان هەیە. بەڵام هەمووی ئەمانە لە شرۆڤەی کۆتاییدا جێگایەکی کەمتریان وەبەر دەکەوێ.

بۆ پرسێکی وەک پرسی وتووێژ کە لەسەر سنووری نێوان ئیبتکاری سیاسیی کورد (لەگەڵ دەسەڵات لە ئێران و هاوپەیمانییە جیهانی و ناوچەییەکان) و تابووە ئەرزشییەکان (لە نێوخۆی بزوتنەوەی کورد و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا) گیری کردوە، تەنیا کاتێک دەکرێ ئومێدی بێجێ لەسەر وەها ئاقارێک هەڵنەچنین کە کۆماری ئیسلامی هەرچی زووتر بە ڕوانین و ڕەفتاری خۆی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەی کورددا بچێتەوە. لە حاڵەتێکدا کە وەها ئەگەرێک بەدوور دەزانرێ، پێویستە بە پارێزی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٩

---------------------------------------------------

## دەقی قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە پارلمانی سوئێد

**خوشک و برایانی بەڕێز!**

بۆ من شەرەفێکی گەورەیە کە دەرفەتی ئەوەم هەیە لەو شوێنە بەپرستیژە باسی کوردەکان لە ئێران و خەباتی ڕەوای ئەوان بکەم. سوپاس بۆ هاتنتان. سوپاسیش بۆ دۆستانی لیبرالمان لە پارلمانی سوئێد بەتایبەتی فرێدریک ماڵم کە ئەم سیمینارەیان ڕێک خست.

من وای دادەنێم کە هەمووتان کەم و زۆر لەگەڵ مەسەلەی کورد ئاشنان. چەند دەهە لەمەوبەر کەم کەس لە ئورووپا لە بوونی گەلێک بەناوی گەلی کورد و "وڵات"ێک بەناوی کوردستان ئاگادار بوو. ئەمڕۆ هەموو کەس کاکڵی مەسەلەی کورد دەناسێ، وەک هەوڵی نەتەوەیەک بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆی (ئەگەر تەنیا لە شکڵی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیشدا بێ)، نەتەوەیەک کە خاکەکەی لە دوو برگەی مێژووییدا بەپێچەوانەی مەیل و ئارەزووی خۆی دابەش کراوە.

ئەم هۆشیارییە جیهانییە لە دۆزی کورد پێش هەموو شتێک بەرهەمی خەباتی گەلی کورد و هەروەها دەرفەتەکانی جیهانی ئەمڕۆ لەبواری ڕاگەیاندن و واقیعییەتە نوێیەکانی پێوەندیی نێونەتەوەییە. بەڵام لە سایەی ئەو سەرنجەشەوەیە کە هێندێک دەوڵەت بە گەلی ئێمەیان داوە. دەوڵەتی سوئێد یەک لەو دەوڵەتانەیە کە سەرنج و یارمەتییەکانی بۆ گەلی ئێمە شایانی ئەمەگناسییە.

بەو حاڵەش، سەرنجێک کە لە دنیای دەرەوەدا بە کورد دەدرێ، بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان وەکیەک نییە. بە کۆمەڵێک هۆکاری پێوەندیدار بە مێژوو و سروشتی دەسەڵاتی سیاسی و دۆخی نێودەوڵەتی، کوردستانی ئێران ئەو پارچەیە لە کوردستانە کە ئەمڕۆ کەمتر لە پارچەکانی دیکە ئاوڕی لێ دەدرێتەوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە کوردستانی ئێران دووەمین پارچەی گەورەی کوردستانە بە حەشیمەتێکەوە کە لانیکەم هێندەی حەشیمەتی سوئێدە. سەردەمێک کوردستانی ئێران ناوەندی قورسایی هەموو بزوتنەوەی کورد بوو. لەوێیە کە لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیدا یەکەمین و تەنیا کۆماری

کوردی لە مێژوودا دامەزرا. ئەم کۆمارە هەرچەند کەم ژیا، بەڵام شوێنەواری گەورەی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی مۆدێرنی هەموو کورد بەجێ هێشت.

دەتوانم هەروەها ئاماژە بە مانگ و ساڵەکانی پاش شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران بکەم کاتێک گەلی ئێمە دیسان ئازادیی خۆی وەدەست هێنایەوە و ڕێکخراوە سیاسییەکانمان کۆنترۆڵی خاکی کوردستانیان بەدەستەوە گرت. بەڵام لێرەشدا دەسەڵاتی نوێ نە ئارەزووە نەتەوەییەکانمان و نە روانگە دێموکڕاتیک و پێشکەوتنخوازەکانی ئێمە بۆ باقیی ئێرانی تەحەمول نەکرد. هەربۆیە لە بەرامبەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان ڕێگایەکمان جگە لە دەستکردنەوە بە خەبات و خۆڕاگری بۆ نەمایەوە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەمیشە لایەنگریی خۆی لە ڕێگا سیاسییەکان و چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد نیشان داوە. بەڵام ئەو حیزبە ئێستاش لە ئێران قەدەغەیە. نەک هەر ئەندامانی ئێمە، بەڵکوو چالاکانی مەدەنییش بەردەوام لە مەترسیدان. کوردستان زۆرترین ژمارەی گیراو و لەسێدارەدانی هەیە و تەنیا بەشی ئێرانە کە ئێستاش ئێعدامی سیاسیی لێ بەڕێوە دەچێ. زمانی کوردی ئێستاش لە خوێندنی دەوڵەتی و بەگشتی لە بەستێنی حکومەتیدا قەدەغەیە. ناوچەی ئێمە هەروا بە گەشەنەسەندوویی ماوەتەوە.

## هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هەموو ڕۆژێک گیانی کۆڵبەران دەستێنن.

ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی بەهۆی نیگەرانی لە ئایندەی خۆی وا جارێکی دیکە ئیدیعا دەکا کە حازرە وتووێژمان لەگەڵ بکا. هەر ئێستا هەوڵ و دەسپێشخەریی لایەنێکی ئورووپایی لەو پێوەندییەدا لەئارادایە. بەڵام لەو ماوەیەدا ڕێژیم هێرش و سەرکوتی خۆی بۆ سەر گەلی ئێمە و حیزبەکانی ڕانەگرتوە، بەڵکوو خەستتری کردۆتەوە. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی هەرگیز ڕوانینی ئەمنیەتیی خۆی بۆ کوردستانی وەلا نەناوە. مانگی سێپتامبر بۆ ئێمە پڕە لە ڕووداوی تاڵ. لەو مانگەدا بوو کە چل ساڵ پێش ئێستا هێزەکانی ڕێژیم دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی فەتوای جیهادی ئایەتوڵلا خومەینی بەدژی خەڵکی کوردستان. هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە نزیک بە دە ساڵ دواتر ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانیی سیاسی لە ئێران کە زۆریان کورد بوون بەڕێوە چوو. ئەمڕۆ، ١٧ی سێپتامبر، ساڵوەگەڕی تێرۆری ڕێبەری ئێمە دوکتور شەرەفکەندییە کە ٢٧ ساڵ لەمەوبەر لە بێرلین تێرۆر کرا. ناوبراو جێگرەوەی دوکتور قاسملوو بوو کە سی ساڵ پێش ئێستا لە ڤییەن لەسەر مێزی وتووێژ لەلایەن نێردراوانی کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کرا. زۆر سەربەرزم بەوە کە ئەمڕۆ تۆماس هاماربێری لێرە لەگەڵمانە. کاتێک وەزوور کەوت یەکسەر پەیامە جوانەکەی ویم وەبیر هاتەوە کە لە کاتی ناشتنی دوکتور قاسملوو لە

گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس پێشکەشی کرد. ئەم هەفتەیە هەروەها یەکەمین ساڵوەگەڕی مووشەکبارانی بارەگای سەرەکیی حیزبی ئێمە لە قووڵایی خاکی کوردستانی عیراقدا بوو. لەو هێرشەدا ١٦ کەس لە هاوڕێیان و کەسوکارمان لەدەست دا.

لەکاتێکدا کە پرسی تێرۆریزمی دەوڵەتی و موشەکە بالیستیکەکانی ڕێژیمی ئێران تەنیا خاڵە کە ئورووپاییەکان و ئەمریکا لەسەری کۆکن، ئێمە پێمان سەیر بوو کە ڕێژیمی ئێران توانی جینایەتێکی وەها ئەنجام بدا بەبێ ئەوەی هیچ دژکردەوەیەکی نێونەتەوەیی جیددیی بەدوادا بێ. ئەندامانی ئێمە لە کوردستانی عیراق و بنەماڵەکانیان ئێستاش لە ئەمانی پیلان و جینایەتی لەم جۆرەی ئێراندا نین.

ئەمن پێم خۆشە بەشی زۆری کاتەکە بۆ پرسیارەکانی ئێوە تەرخان بکەین. هەربۆیە قسەکانم بە چەند سەرنجێک لەبارەی مامەڵەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێران کۆتایی پێ دێنم. ئێمە لەوە تێدەگەین کە دەوڵەتی سوئێد و وڵاتانی دیکەی ئورووپا پێش هەموو شتێک بەدوای بەرژەوەندیی نیشتمانیی خۆیانەوە بن. ئەوەشم پێ سەیر نییە کە گۆشەنیگاتان بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان وەکیەک نەبێ. بەڵام ئەگەر لە درێژخایەندا بیر بکەینەوە، زۆر گرینگە کە ئورووپا هەڵوێستێکی مونسەجیم سەبارەت بە پرسی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا بگریتەبەر. ئەمەش نەک تەنیا لەبەر ئەوە کە قسە لە یەک نەتەوە یان یەک پرسە. بەڵکوو لەبەر ئەوە کە لەنێوان مەسەلەی کورد لە هەموو وڵاتانی ناوچەدا و پرسی ئاشتی و جێگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا (بە هەموو ئەو دەرەنجامە ئەمنیەتی و ئینسانی و کۆچبەرییەکانی بۆ وڵاتانی ئورووپا بەتایبەتی بۆ سوئێد) ئەڵقەیەکی پێوەندی هەیە کە بڕیاردەرە، ئەویش ڕۆڵی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

هەروەک دەزانن لە مانگەکانی ڕابردوودا گرژییەکانی کەنداو بەشێوەیەکی پێشتر نەدیتراو ڕوویان لە هەڵچوون کردوە و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامیش هەیە. هاوکات هێندێک هەوڵ بۆ دەستپێکردنەوەی دیالۆگ و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ لەنێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە ئارادان. ئێمە لایەنگری فشاری زیاتر بۆ سەر کۆماری ئیسلامیین. هەرلەوکاتەدا ڕوانگەی نێونەتەوەیی بۆ ئێران نابێ تەنیا لە هەڵبژاردنێکدا کورتدا بکرێتەوە لەنێوان شەڕ لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە درێژەدانی دۆخی ئێستا کە نە خەڵکی ئێران و نە جیهانی شارستانی لەگەڵی مورتاح نین. بۆ دەرچوون لەم دیلەمایە پێویستە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییە بڕیاردەرەکان سەرەنجام قبووڵی بکەن کە بەکردەوە ویست و ئارەزووی خەڵکی ئێران و نەتەوەکانی ئەو وڵاتە وەبەرچاو بگرن و بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزە دێموکڕات و میانەڕەوەکانی کۆمەڵگای ئێران بەتایبەتی کوردەکان کار بکەن.

ئەمڕۆژانە زۆر دەبیسین کە دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خەون و خەیاڵە. هەرچۆنێک بێ، ڕاستییەک هەیە کە کەس ناتوانێ خۆی لێ دەرباز بکا: تەنیا کاتێک دەوڵەتی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرپرسیارانە دەجوڵێتەوە کە ئەو ڕێژیمە لەپێشدا لە بەرامبەر خەڵکی خۆیدا وەڵامدەر بێ.

سوپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---

## بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠

---

### ئەزموونی ئەو غەدرە دەگمەنە!

ئەوەی لە سەت ساڵی ڕابردوودا بەسەر کورد هاتووە و حاڵی ئەو گەلەی بەو ڕۆژە گەیاندووە، هەمووی هەر لە دابەشبوونی کوردستان و زوڵمی ژێئۆپۆلیتیک، یان ملهوڕی و دڕندەیی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان و بێمەیلی و بێوادەیی کاربەدەستانی دنیا نیە؛ بڕێکی باش سووچی خۆیشی تێدایە. کۆمەڵێک خیسڵەتی خراپی تایبەت بە کورد دەندەکانی ئەو چەرخی بێدادەی ناخ و جەستەی ئەو گەلە دەهاڕێ، گریس دەکەن.

سەرباری هەموو ئەو گەشەسەندنەی خەبات و بوونمانی نەتەوەیی کورد لە سایەی خۆڕاگری و فیداکاریی مرۆڤە پاک و دەروەستەکانی پێیگەیوە، بەهۆی نەبوونی دووربینی هاوبەشی ستراتژی، ناکاملیی ئەقڵیەتی نەتەوەیی، لێکنەهاتنەوەی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لەگەڵ سەرخانی مەدەنی و سیاسی، زاڵبوونی بەرژەوەندیی تەسک و وەفاداریی بچووک، خۆخۆری و خۆنەناسی، ساویلکەیی و کارکردی هەرەمەکی،... هتد، سەقەتیی پێکهاتەیی لەنێو ناخ و نێوماڵی کورددا وەک خۆی ماوە؛ سەقەتییەک کە هەر سەردەمە و بە جۆرێک هەڵەکان بە ئەکتەرە سیاسییەکانی کورد دووبارە دەکاتەوە، دەرفەتەکانی مێژوو بۆ کورد لەبار دەبا و تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردی لە بیرکردنەوە و هەنگاونان بە ڕۆئیای نیشتمانی و بە ژیریی ئەمڕۆیی دەگێڕێتەوە.

بە هەمووو ئەوانەشەوە، دوو دەهە بوو لە پانتایی گەورەی بزوتنەوەی کورددا هێندێک دیاردەی قێزەون و ترسناک لە رەفتاری خۆبەخۆی هێزە سیاسییەکانی کورددا رەوییبوونەوە. ئەگەر شەڕی براکوژی سەرتۆپی ئەو دیاردە قێزەون و ترسناکانەی رابردووی کوردە، رادەستکردنەوەی تێکۆشەرانی پارچەیەکی کوردستان بە داگیرکەرانی پارچەیەکی دیکە هیچی لەو کەمتر نەبوو. بە کۆتایی هاتنی مەزڵوومانەی پەلەقاژەی مستەفای سەلیمی بۆ ژیان لەژێر پەتی سێدارەدا، ئەوەی چنگوڕک لە هەناوی تاکی بەویژدانی کورد بەتایبەت کوردی رۆژهەلات دەگرێ هەر خودی ئەو غەدرە دەگمەنە نیە؛ مۆتەکەی دەسپێکردنەوە و ئاسایی بوونەوەی ئەو جۆرە دیاردانە و پەرەگرتنی دڕدۆنگی و ناکۆکیی گەورەتر لەنێوان هێز و بەشەکانی کوردستانیشە.

مستەفای سەلیمی لە کۆڕۆنای بچووک (کۆڤید ١٩)ی نێو بەندیخانەی کۆڕۆنای گەورە (کۆماری ئیسلامی) رایکردبوو، بێخەبەر لەوە کە هەردوو کۆڕۆنا بەزوویی لە دوا لاپەڕەکانی تراژیدیای ژیان و مەرگیدا دەنووسرێنەوە. دەریشکەوت لەو ماوەیەدا کە پەتای کۆڕۆنا لە هەمووو دنیادا (بە کوردستانیشەوە) باڵی بەسەر سیاسەت و خەونەکاندا کێشاوە، کۆماری ئیسلامی هەڵمەتی دژە ئینسانی، دژەگەلی و دژەکوردانەی خۆی پەک ناخا.

جیهان لە ساڵ و مانگەکانی پێش کۆرۆنادا بەشێوەیەکی کەموێنە ئاڵۆز و لە بەها و ئیدەئال داماڵرابوو، بە چەشنێک کە ئەوەندە تروسکاییەی هیواش کە سی ساڵ پێش ئێستا لە ئەقڵانیەتی نێونەتەوەییدا سەری هەڵدابوو، لە هەمووو کاتێک زیاتر لە کزیی دابۆوە. بەهۆی پێکەوە گرێدراوی و لێکهاڵاویی کێشە لۆکاڵی و پرسە گلۆباڵەکان، هیچ دەستەبەرێک نیە کە خراپتر بوونی ئەم ئاقارە لە جیهانی پاش کۆرۆنادا ئەولەوییەتەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و سروشتی خەبات و ململانێ و هاوپێوەندی و پابەندییەکان بە جۆرێک نەگۆڕێ کە بە زیانی میللەتانی هەڕەشەلێکراو بشکێتەوە. لە وەها سیناریۆیەکدا بۆ گەلێکی وەک گەلی کورد ماڵ تەکاندن و بەخۆداچوونەوە لە هەمووو سەردەمێک زەروورترە.

ئێستا کە مەزڵوومیەتی مستەفای سەلیمی بەو ئەندازەیە بیروڕای گشتیی کوردی لە دوو پارچەی هەمیشە نزیکتر و پێکەوە گرێدراوتری کوردستان - واتە رۆژهەلات و باشوور- شەڵقاندووە، ئەزموونی ئەو بەسەرهاتە تاڵە ئینسانی و نەتەوەییە دەبوو و دەبێ ببێتە دەرفەتی لەخۆفکرینەوەیەکی بەرفراوان و راچەنینێکی درێژمەودا لەنێوان کوردەکان بە گشتی و کوردی رۆژهەلات بەتایبەتی.

**کەیسی مستەفای سەلیمی کۆمەڵێک راستیی تاڵ و شیاوی دەرس لێوەرگرتنی وەبیر خستینەوە، وەک:**

١- ئەو کەیسە جارێکی دیکە دەریخست کە سەرباری ئەو هەمووە ئازادییەی ڕادەربڕین و ئەو هەموو مێدیۆمەی گەیاندنی زانیاری کە کورد لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە خۆی بەخشیوە، بیروڕای گشتیی کورد ئێستاش بەدەست نەبوونی هاتوچۆی بێخەوش و بێمەبەستی زانیاری و کەمیی سەرچاوەی بێلایەن و باوەڕپێکراوی هەواڵەوە دەناڵێنێ. هیچ گەلێک ناتوانێ ئازاد بیر بکاتەوە و بە سەربەستی و بەختیاری بگا ئەگەر بێت و لە دەروونی خۆیدا بەرچاوی لێڵ بکرێ و بە گەمەی گوماناویی پێوەست بە ڕکابەرییە نێوخۆیی و تیۆەگلانە دەرەکییەکان سەری لێ بشێوێندرێ. لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستاش هەموو کەلێن و کەلەبەرەکانی چارەنووسی مستەفا سەلیمی بە تەواوی دیار نین، بەڵام کەمترین شت کە دەبێ بیڵێین ئەوەیە کە ئەگەر هەوڵی کۆمەڵێک چالاکی ڕۆژنامەوانیی دەرەوەی مێدیا فەرمی و جێکەوتووەکان و تەوژمی بیروڕای گشتیی کورد لە فەزای مەجازیدا نەبا، هیچ دوور نیە ڕیوایەتی کۆماری ئیسلامی لەپێوەندی لەگەڵ شوێنی دەستگیرکردنەوەی مستەفا سەلیمی بردبایەوە.

٢- ئەو کەیسە جارێکی دیکە دەریخست کە یەکەمین دەرەنجامی یەکگرتوو نەبوونی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا نایەکگرتوویی نێوان پارچەکانی کوردستانە. حەوت ساڵ لەمەوبەر کاتێک قەرار بوو هەموو هێز و لایەنەکانی نێو بزوتنەوەی کورد لە هەولێر کۆنگرەی نەتەوەیی بگرن نووسیم کە ئەگەر دەمانەوێ لانیکەمی تەوافوقی نەتەوەیی لەنێوان هەموو پارچەکانی کوردستاندا دروست بێ، پێویستە لەپێشدا یەکگرتوویی نێوماڵی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا وەدی بێ. بێگومان هێزە سیاسییەکانی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان دەتوانن ئاخێزگە و ڕوانینی جیاوازیان هەبێ و بەشێوەی سالم و دێموکراتیک لەگەڵ یەکتر ڕکابەرییش بکەن. بەڵام ئەوان تەنیا کاتێک دەتوانن لە بەرپرسیارێتییان لە بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت لە بەرامبەر پارچەکەی خۆیاندا تەواو سەربەرز بێنە دەر کە ناکۆکی و مەودایان لەگەڵ هێز و لایەنەکانی پارچەکەی خۆیان بە جێگایەک نەگا کە ناچار بن زیاتر لەوەی پێوەندیی دۆستایەتی و دراوسێیەتی دەیخوازێ، تێکەڵ و گرێدراوی دەسەڵاتە دەرەکییەکان بن.

٣- ئەو کەیسە جارێکی دیکە دەریخست کە نەک تەنیا دژمنانی کورد، بەڵکوو کورد بۆخۆیشی ئێستاش لە دەستی دێ رووداوە بێزراو و ناخۆشەکانی ڕابردوو لە خۆی دووپات بکاتەوە. لەم ڕۆژانەدا هێندێک کارناسی دڵسۆز بە دروستی، ناڕەوایی و نایاسایی بوونی ڕادەستکردنەوەی مستەفای سەلیمی چ لەڕووی یاسای نێودەوڵەتی و چ لەڕووی یاسای عیراقییەوەیان باس کردووە. ئەمن لێرەدا تەنانەت ئەوەش بە پێویست نازانم، چونکە ئەو تاوانە بە هیچ پێوەرێکی ئینسانی و کوردانەش جێگای باس نیە. بەرپرسایەتیی ئەخلاقی و نەتەوەیی لە نێوخۆی بزوتنەوەی کورددا هەر تەنیا قسەیەکی ڕووت نیە، پێویستییەکی عەمەلی و حەیاتییە. ئەگەر سروشتییە کە هەر پارچەیەکی کوردستان بەپێی تایبەتمەندی و بەرژەوەندی

خۆی بجوڵێتەوە و ئێستاش دانانی هیچ ئالیەتێكی جیددی بۆ كاركردنی هاوبەشی هەموو كورد لەپێناو بردنە پێشی مەسەلەكەی لە ئاستی ناوچە و دنیادا مومكین نیە، خۆ لانیكەم دەكرێ بەشێوەی نافەرمییش بێ هەموو كورد جارێك بۆ هەمیشە لە بەرامبەر هەموو كورددا دەروەست و پابەندی كۆمەڵێك پرەنسیپی روون و سادەی ئینسانی و نەتەوەیی بێ.

٤- ئەو كەیسە جارێكی دیكە دەریخست كە لە هەرێمی كوردستان بەهۆی بەردەوامیی دوو ئیدارەیی لە كردەوەدا یان بەهۆی پێنەگەیشتوویی فەرهەنگی سیاسی و دەوڵەتداری، ئێستاش سنووری نێوان حیزب و حكومەت یا تەنانەت حیزب و گرووپ زۆر روون نیە و سەرچاوە و مێكانیزمی بڕیاردان و قانوونمەندی بەو جۆرەی شیاوە تۆكمە و كارا نین. ئەگەرچی ئێستاش بە دڵنیایی نازانرێ كە بڕیاری رادەست كردنەوەی مستەفا سەلیمی بە كۆماری ئیسلامی لە چ ئاستێكدا دراوە، ئاشكرایە كە ئەگەر هێزە سەرەكییەكانی ئەم بەشە لە كوردستان یەكگرتووانەتر و بەپشتبەستن بە رێوشوێنی ورد و پتەوی نیهادی و یاسایی دەسەڵاتی یەكگرتووی حكومەتی كوردستانیان لە تەواوی جوغرافیای ژێر دەسەڵاتی ئەو حكومەتەدا جێ خستبا، نە مستەفای سەلیمی رادەست و ئێعدام دەكرا، نە حكومەتی هەرێمیش ناچار دەبوو بێئاگابوونی خۆی لەو كەیسە رابگەیەنێ.

٥- كەیسی مستەفا سەلیمی جارێكی دیكە دەری‌خست كە لەنێو كورد هەقیقەتی رووداوەكان هەرچی بێ، قودسیەتی سیمای حیزب و باڵادەستیی ئینتیما بچووك و بەرتەسكەكان پێش لە شكلگرتنی بیروڕایەكی گشتیی چاوەدێر و فشارهێنەر كە نەهێڵێ هەڵە و تاوانی گەورە لە بەستێنی گشتیدا روو بدا و ئەگەر رووی دا بەرپرسیاران ناچار بە وڵامدانەوە بكا، دەگرێ. لەو شوێنەدا كە هەڵە یان كەمتەرخەمییەك بە رەهەندی نیشتمانییەوە دەبوو ببێتە مایەی كۆكبوونی هەموو لایەك بۆ پێڕاگەیشتن و راست كردنەوەی، لەجیاتیان خودی بابەتەكە دەبێتە هەوێنی دابەشبوون و ناكۆكیی زیاتری نێوماڵی كورد، بە توێخی حیزبی و ناحیزبی و رووناكبیریشیەوە.

ئەمە رەنگە لەبەر ئەوە بێ كە ئێمە بەو جۆرەی پێویستە سنووری نێوان ئەو دوو شتە كە ماكس ڤێبێر بە "ئێتیك (ئەخلاق)ی باوەڕ" و "ئێتیكی بەرپرسیارێتی" ناوی دەبا، نابینین و لێكیان ناكەینەوە. بە باوەڕی ماكس ڤێبێر لە كاری سیاسیدا ئەوانەی تەنیا بە ئێتیكی باوەڕ (بە پرەنسیپ یا ئامانجێكی سەرووتر) دەجوڵێنەوە، هەمیشە لە قسە و مەرامی خۆیان دڵنیان و دیسیپلینی حیزبی تووشی هەژاریی فیكرییان دەكا. هەربۆیە ئەگەر هەڵەیەك یان خراپكارییەك رووی دا، هەمیشە خەتاكەی دەخەنە ئەستۆی ركابەرەكانیان، یان دەوروبەر و تەنانەت قەدەری خودا. لەحاڵێكدا كە ئەگەر بە ئێتیكی بەرپرسیارێتی بجوڵێنەوە، وای دادەنێن كە مرۆڤی سیاسی دەبێ بیر لە دەرەنجامە پێشبینیكراوەكانی كار و بڕیارەكان بكاتەوە و لە حاڵەتی هەڵە و لادان لە پرەنسیپە جێكەوتووەكان دەبێ حازر بە وڵامدانەوە بێ. ماكس ڤێبێر كە بۆخۆی پیاوی باوەڕ بە پرەنسیپەكان بووە، لایەنگری ئێتیكی دووەم واتە ئێتیكی بەرپرسیاری بوو. ئێمەی كوردیش ئەگەر

بەڕاستی دەمانەوێ وەک نەتەوەیەک رەفتار بکەین، چ وەک بژاردەی سیاسی و کاربەدەست، چ وەک تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردستان، پێویستیمان بە هەڵسەنگاندن و هەڵوێست وەرگرتن بەپێی ئێتیکی بەرپرسیارێتییە بۆ ئەوەی دەمارگرژی و نزیکایەتی لە هەر رووبەکەوە پێش لەوە نەگرێ کە لایەنەکەی خۆشمان ناچار بە وڵامدانەوە و راستکردنەوەی هەڵەکان بکەین.

٦- ئەو کەیسە جارێکی دیکە دەریخست کە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مێدیاییەکانی سەر بە گەلانی حاکمی کوردستان (بەتایبەتی فارسەکان) بە سەرنج و ئیشتیایەکی تایبەتییەوە بایەخ دەدەنە کەموکوڕییەکانی نێومالی کورد و لە پێناو مەبەستە سیاسییەکانی خۆیان و نیشاندانی وێنەیەکی چەواشەکراو لە خەباتی کورد و ئەزموونی حکومەتی کوردی، حازرن زۆرترین رووماڵی بابەتێکی وەها بکەن (تا ئێستا هیچ ئێعدامییەکی کورد ئەوەندەی مستەفای سەلیمی لە مێدیا ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتدا گرینگیی پێ نەدراوە!) بێگومان ئیدەئال ئەوە بوو کە کورد کێشە و کەموکوڕییەکانی خۆی لەنێو خۆیدا چارەسەر بکا و ئەو جۆرە باس و بابەتانە کەمترین دەنگدانەوە و رەنگدانەوەیان لە کۆڕوکۆمەڵەکانی دەرەوەی کورددا هەبێ. بەڵام ئەوە نابێ بەو مانایە بێ کە بڵێین بۆ ئەوەی نەیارانی کورد پێمان خۆش نەبن، نابێ ئاوڕ لە هەڵە و سەقەتییەکانی خۆمان بدەینەوە و سەرپۆشیان لەسەر دابنێین. ئەزموونی گەلانی دنیا نیشانی دەدا کە ئەو گەلانە باشتر و خێراتر بە سەربەستی گەیشتوون و پێشکەوتوون کە "خۆشەللافکاری" دەکەن و بێ‌منەتن لەوە کە لێپرسینەوە لە بەرپرسەکانیان تەنانەت لەبەر چاوی دنیاش ئەنجام بدەن.

٧- ئەو کەیسە جارێکی دیکە دەریخست کە کورد هەمیشە لە دیاریکردنی سنوورەتی مەسەلەکان و پۆلێن و قاتبەندیی پرسەکانی خۆیدا کێشەی هەیە. ساڵی ١٩٩٣ فرانسوا میتران لە رێورەسمی ناشتنی "پییەر بێرێ گۆڤووا"ی سەرۆک وەزیریدا کە بەهۆی تۆمەتێکی ناڕەوا کە درابووە پاڵی خۆی کوشت، بە گریانەوە روو بە مێدیاکان گوتی :"ئێوە کەرامەتی مرۆڤێکتان فڕێ دایە بەردەم سەگەکان!". بەداخەوە پاش ئەو کۆتاییە مەزلوومانەیە کە بەسەر مستەفای سەلیمی هات، هێندێک کەس چ بەمەبەستی دڵپاکانەی روونکردنەوەی شتەکان و چ بەمەبەستی بەلارێدابردنی بەئەنقەست، ئەوەندەی جەختیان لەسەر گۆیا "کۆنە چەتە بوون"ی مستەفا سەلیمی کرد، ئەوەندە نەپرژانە سەر ئەو غەدرە دوو غەدرەی لەو ئینسانە کوردە کرابوو. جیا لەوە کە رەفتار و چارەنووسی هەر مرۆڤێک دەبێ لە کۆنتێکستی دۆخێکدا کە حاکمیەت بەسەریدا سەپاندووە چاو لێ بکرێ، ئەگەر تەنانەت هێندێک لەو قسانە رەگێکی کورت و باریکیشیان لە راستیدا هەبا، چ گەلێکی هەرەشەلەسەر و لە حاڵی خەبات بۆ ئازادیدا یەکێک لە رۆڵە ئێعدامکراوەکانی خۆی کە پێشتر بەرەسمی پێشمەرگەی هێزێکی شۆڕشگێڕ بووە و خودی کۆماری ئیسلامی بە تاوانی موحاربە حەڤدە ساڵ لە گۆشەی زینداندا راگرتووە، بە چەتە ناو دەبا؟! وەها قسەیەک ئەگەر بۆ شەڕی نێوخۆیی ریوایەتەکان و پاکانەبۆکردن و بەگژداچوونەوەی ئەم و ئەو ناکرێ، ئەدی بۆ چییە و جگە لە

خەوشدارکردنی بیرەوەریی قوربانییەکە و لاوازکردنی کەیسەکەی و ئازاردانی بنەماڵە دڵبریندارەکەی چ سوودێکی هەیە؟ تازە ئەوە چ شتێک لە غەدر و تاوانەکە کەم دەکاتەوە؟

٨- ئەو کەیسە جارێکی دیکە دەریخست کە هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە پێوەندی لەگەڵ هێندێک پرسدا لە موراعاتی ئەم لایەن و ئەو لایەن و خۆسانسۆرکردندا بەشێوەیەکی کەموێنە تووشی موبالەغە بوون. بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە دۆخی جوغرافی و ئەمنیەتیی ئێستای سەرکردایەتیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان هەستیارە و بێگومان ئەوان ناتوانن وەک چالاکانی نێو فەزای مەجازی هەڵوێست بگرن. ئەوان تەنانەت ئەگەر لە دۆخێکی ئەمنی و جوغرافیی جیاواز لە ئێستاش دابان، مادام هێزی سیاسیی بەرپرسیارن و تەبایی نێوماڵی کوردیان بۆ گرینگە، هەر نەدەبوو بەو جۆرە بدوێن و بجوڵێنەوە کە هێندێک کەس چاوەڕوانییان هەیە. بەپێچەوانەوە ئەوە چالاکانی ڕۆژهەڵاتیی نێو فەزای مەجازیین کە لەگەڵ هەموو ڕەوایی پرسیار و لێپێچینەوەکانیان، هەمیشە دەبێ لەبیریان بێ کە وەدەنگ هاتن لە پرسەکانی پارچەی خۆیان نابێ بە قیمەتی دابەشبوونیان بەسەر جەمسەربەندییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و دنەدانی لێکترازانی زیاتری نێوماڵی کورد تەواو بێ.

بەوحاڵەش با ئەو ڕەخنەیە لە خۆمان بگرین کە خۆبەخاوەنکردن و وەدەنگ هاتنی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات لە کەیسی مستەفا سەلیمی بە هیچ جۆر لەئاست ترسناکیی حاڵەتەکە و لەئاست ریسالەتی ڕۆژهەڵاتتەوەرانە و نەریتی سەراحەتبێژانەی واندا نەبوو. لەبیرمان نەچێ لە ساڵە ناخۆشەکانی شەڕی ناوخۆیی لە باشووری کوردستاندا کە پریشکەکانی ئەو شەڕە زۆر کارەساتی تاڵی بەسەر تێکۆشەرانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش هێنا و کۆماری ئیسلامی جیا لە فشاری جۆربەجۆر و هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر لایەنەکانی ڕۆژهەڵات، لە ڕێگای دەست و پێوەندەکانیەوە سەدان کەس لەو تێکۆشەرانەی لە باشووری کوردستان تێرۆر کرد، حیزبی دێموکڕات کە لەچاو ئێستا لە دۆخێکی ئەمنی و سیاسیی زۆر خراپتریشدا بوو، هەرگیز دوودڵ نەبوو لەوە کە بە ڕاشکاوانەترین شێوە لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتیی خۆیان لە پاراستنی گیانی تێکۆشەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵات بکاتەوە. لە بنەڕەت ڕا ئەگەر قەرار بێ دۆستایەتی بە مانای بێدەنگ بوون و چاوپۆشی لە شتە خراپەکانی دۆست تەنانەت لە بەرامبەر خۆتدا بێ، ئەوە ئیدی دۆستایەتی نیە.

٩- سەرەنجام و لە هەمووی گرینگتر کەیسی مستەفای سەلیمی وەبیری هێناینەوە کە کەیسە گەورەترەکە واتە کەیسی ڕۆژهەڵات، سەرباری ئەو هەموو خەباتە پاک و خۆڕاگرییە پڕشنگدارەی هێزە سیاسییەکان و خەڵکی ئەو بەشە لە کوردستان، هێشتا لە پەراوێزدایە و دەستی نادیار و ئەکتەری نامەشرووع دەتوانن چیان پێ خۆش بێ لێی بکەن. لەگەڵ ئەوە کە ئەرک و چاوەڕوانیی نێوان پارچەکانی کوردستان لە بەرامبەر یەکتردا نەک هەر ڕەوا بەڵکوو زەروور و لە قازانجی

کۆتایی هەموویاندایە، بەڵام روونە کە ئەوە هەر رۆژهەڵات بۆخۆیەتی کە دەبێ مشوورێک لە خۆی بخوا. ئەو مشوورخواردنەش بە یەکتر تاوانبار کردن و دابەشبوون بەسەر ئەم جەمسەر و ئەو جەمسەر یان لایەنگری لەم شێوە لە خەبات لە بەرامبەر شێوەکەی دیکە ناکرێ، بەڵکوو بە پشت بەخۆبەستن، بە سینگفراوانی لەگەڵ یەکتر، بە لێزانی و ئیرادە، و بە بەرپرسیاری لە بەرامبەر چارەنووسی ئەو گەلەدا دەکرێ. ئاشکرایە هەتا کاتێک سەرکردایەتیی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات لە مەوقعیەتی ئێستایاندا بن، کارەکە سەختترە. بەڵام تەنانەت ئێستاش دەکرێ ئەو هێزانە بە یەکگرتێکی بەکردەوەتر و بەبنەماتر لە ئێستا، بە سەنتێزی روانین و ئامانجەکان، بە پێکبەستنەوەی هەموو جۆغرافیاکانی خەبات و بە زۆر رێگا و رێکاری دیکە، سەنگی رۆژهەڵات لە مەیدانی سیاسیی کوردستان و ئێران و دەرەوەدا زۆر لە ئێستا زیاتر بەرنە سەر و پێکەوە مەرجەعیەتێکی حیساب بۆکراوی خەباتگێڕی دروست بکەن کە هەم غروور و هیوا بۆ رۆژهەڵات بگەڕێنێتەوە، هەم بتوانێ رووبەڕووی ئاستەنگ و ئالەنگارەکانی دوارۆژی ئەو بەشەی کوردستان بێتەوە. بێگومان نەک هەر کۆماری ئیسلامی بەڵکوو رەنگە هێندێک لایەنی نێو بزوتنەوەی کوردیش وەها ئاڵوگۆڕێکیان نەوێ. بەڵام بەربەستی هەرە گەورە ئەوان نین. بەربەستی هەرە گەورە مەزنیخوازی و یەکتر قبووڵ نەکردن و نەدیتنی هەموو زەرفیەت و فرەچەشنییەکان لەنێو خودی رۆژهەڵاتییەکاندایە، واتە هەمان ئەو شتەی دەردی هەموو کوردە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠٢٠

---

## نامەیەک بۆ کچەکەم (نووسینی: ئیدیر)

بە یادی "ئیدیر" شاعیر و گۆرانیبێژی ئەمازیغی ئەلجەزائیر کە ئەمشەو لە پاریس مرد: گۆرانیی "بەبێ کچەکەم" و پەخشانی "نامەیەک بۆ کچەکەم" کە کاتی خۆی لە ساڵڕۆژی بەردبارانی دووعادا لەوم وەرگێڕابوو.

وەک هەموو بەیانییەک لەبەردەم ئاوێنەکە راوەستای بۆ ئەوەی لێچکەی سەرت وا قایم بکەی هەتا ئێواری لێک نەبێتەوە. بەر لەوەی لە ماڵ دەرکەوی بە نیگایەک لێت روانیم و ماڵئاواییت کرد. پاسەکە دەتبا بۆ زانکۆ.. لەوێ داهاتوویەک بۆخۆت بنیات دەنێی. بێ جووڵە مامەوە. بیری تۆ هەموو جەستەمی داگرت. بۆ ساتێک هەستم کرد چەند بەختەوەرم کە لە ماڵی ژیانمدا تۆ دەژی. ئەوەم بە دەنگی بەرز نەگوت، تەنانەت بە سرتەش نا، لە دڵی خۆمدا گوتم. ئاخر کچم، لە وڵاتی ئێمە هێندێک شت هەن قەت نایانڵێین! ئەمن بە باشترین شێوەی خۆم تۆم گەورە کرد. هەمیشە هەوڵم دا یاسا و رێساکانی خۆمان وەبەرچاو بگرم، نەریتەکان درێژە پێ بدەم. تۆم گەورە کرد وەک چۆن دایک و باوکمان ئێمەیان گەورە کرد.. تۆم

گەورە کرد وەک چۆن ئەو پیاوانەی بە ڕۆژ لە مزگەوت دەیانبینم کچەکانیان پەروەردە دەکەن، وەک هەموو خەڵکی وڵات و دەڤەری خۆمان. بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ لە خۆم دەپرسم : ئایا ئەمە لەپێناوی بەرژەوەندیی تۆدا بوو یان هەر بۆوەی منیش وەک وانم کردبێ؟ ئێستا ئەمە و زۆر گومانی ترسناکی تر دەوریان داوم.. من تۆم گەورە کرد، بەڵام ئایا تۆ بەختەوەری؟ دەزانم منیش لەگەڵت زاڵم بووم. دەزانم ژیانت پڕ بووە و پڕە لە قەدەغەکان... دوای قوتابخانە دەبێ یەکسەر بێیەوە ماڵێ.. شەوانی شەممە بۆت نیە بچیە دەر! هەتا دێ ئەو پرسیارە زیاتر مێشکم دەکرۆژێ کە ئایا کاتێک هاواڵەکانت دەچن بۆ دانس، تۆ بە تەنیا لە ژوورەکەتدا بیر لە چی دەکەیەوە؟ هەموو لایەک شانازیت پێوە دەکەن، ئەتۆ هەمیشە قوتابیەکی نموونە بووی، بەڵام ئەرێ بەڕاست چەند جار بزەیەکی راستەقینەمان لەسەر لێوی تۆ دیوە؟ ئەمن هەموو ئەو پرسیارانە لە خۆم دەکەم، بەڵام قەت ڕووبەڕووی خۆت نا. ئاخر کچم، لە وڵاتی ئێمە هێندێک شت هەن قەت نایانڵێین! چ دەبێ بۆ جارێکیش بووە گوێ نەدەینە ئەم و ئەو؟ چ دەبێ بۆ تاوێکیش بووە لەژێر باری قورسی ئەو ڕێککەوتن و چوارچێوانە بێینە دەر؟ چ دەبێ بۆ ساتێکیش بووە مافی ئەوەت هەبێ چۆنی بۆخۆت پێت خۆشە وا بکەی؟ چ دەبێ بۆ تاقە کەڕەتێکیش بووە پرچت بکەیەوە و سەما بکەی؟ کچەکەم، باوەڕ بکە حەز دەکەم بەڕووی جیهاندا هاوار بکەی و گۆرانی بڵێی. حەز دەکەم هەموو ئەو هەستانەی لە وجوودتدا چرۆیان کردووە، گوڵ بکەن.. حەز دەکەم بچیە دەرێ، پێ بکەنی، باسی خۆشەویستی بکەی. حەز دەکەم مافی ئەوەت هەبێ بڵێی تەمەنم بیست ساڵە... هەر نەبێ بۆ چەند ڕۆژێک! دەبوو غیرەتێکی زۆر وەبەر خۆم بنێم هەتا بتوانم هەستی خۆمت بۆ بنووسم. ئەو نامەیە بۆ ئەوەیە بزانی شێتانە خۆشم دەوێی. ئەگەرچی نایبینی، ئەگەرچی لە وڵاتی ئێمە هێندێک شت هەیە قەت نایڵێین..

وەک هەموو بەیانییەک l بەردەم ئاوێ h نەکە بۆ ئەوەی لێچکەی سەرت وا قایم بکەی هەتا ئێوارێ لێک نەبێتەوە. بەر لەوەی لە ماڵ دەرکەوی بە نیگایەک لێت ڕوانیم و ماڵئاواییت کرد. پاسەکە دەتبا بۆ زانکۆ.. لەوێ داهاتوویەک بۆخۆت بنیات دەنێی. بێ جووڵە مامەوە. بیری تۆ هەموو جەستەمی داگرت. بۆ ساتێک هەستم کرد چەند بەختەوەرم کە لە ماڵی ژیانمدا تۆ دەژی. ئەوەم بە دەنگی بەرز نەگوت، تەنانەت بە سرتەش نا، لە دڵی خۆمدا گوتم. ئاخر کچم، لە وڵاتی ئێمە هێندێک شت هەن قەت نایانڵێین! ئەمن بە باشترین شێوەی خۆم تۆم گەورە کرد. هەمیشە هەوڵم دا یاسا و ڕێساکانی خۆمان وەبەرچاو بگرم، نەریتەکان درێژە پێ بدەم. تۆم گەورە کرد وەک چۆن دایک و باوکمان ئێمەیان گەورە کرد.. تۆم گەورە کرد وەک چۆن ئەو پیاوانەی بە ڕۆژ لە مزگەوت دەیانبینم کچەکانیان پەروەردە دەکەن، وەک هەموو خەڵکی وڵات و دەڤەری خۆمان. بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ لە خۆم دەپرسم: ئایا ئەمە لەپێناوی بەرژەوەندیی تۆدا بوو یان هەر بۆوەی منیش وەک وانم کردبێ؟ ئێستا ئەمە و زۆر گومانی ترسناکی تر دەوریان داوم.. من تۆم گەورە کرد، بەڵام ئایا تۆ بەختەوەری؟ دەزانم منیش لەگەڵت زاڵم بووم. دەزانم ژیانت پڕ بووە و پڕە لە قەدەغەکان... دوای قوتابخانە دەبێ یەکسەر بێیەوە ماڵێ.. شەوانی شەممە بۆت نیە بچیە دەر! هەتا دێ ئەو پرسیارە زیاتر مێشکم دەکرۆژێ کە ئایا کاتێک هاواڵەکانت دەچن

بۆ دانس، تۆ بە تەنیا لە ژوورەکەتدا بیر لە چی دەکەیەوە؟ هەموو لایەک شانازیت پێوە دەکەن، ئەتۆ هەمیشە قوتابیەکی نموونە بووی، بەڵام ئەرێ بەڕاست چەند جار بزەیەکی راستەقینەمان لەسەر لێوی تۆ دیوە؟ ئەمن هەموو ئەو پرسیارانە لە خۆم دەکەم، بەڵام قەت رووبەڕووی خۆت نا. ئاخر کچم، لە وڵاتی ئێمە هێندێک شت هەن قەت نایانڵێین! چ دەبێ بۆ جارێکیش بووە گوێ نەدەینە ئەم و ئەو؟ چ دەبێ بۆ تاوێکیش بووە لەژێر باری قورسی ئەو رێککەوتن و چوارچێوانە بێینە دەر؟ چ دەبێ بۆ ساتێکیش بووە مافی ئەوەت هەبێ چۆنی بۆخۆت پێت خۆشە وا بکەی؟ چ دەبێ بۆ تاقە کەڕەتێکیش بووە پرچت بکەیەوە و سەما بکەی؟ کچەکەم، باوەڕ بکە حەز دەکەم بەڕووی جیهاندا هاوار بکەی و گۆرانی بڵێی. حەز دەکەم هەموو ئەو هەستانەی لە وجوودتدا چرۆیان کردووە، گوڵ بکەن.. حەز دەکەم بچیە دەرێ، پێ بکەنی، باسی خۆشەویستی بکەی. حەز دەکەم مافی ئەوەت هەبێ بڵێی تەمەنم بیست ساڵە... هەر نەبێ بۆ چەند رۆژێک! دەبوو غیرەتێکی زۆر وەبەر خۆم بنێم هەتا بتوانم هەستی خۆمت بۆ بنووسم. ئەو نامەیە بۆ ئەوەیە بزانی شێتانە خۆشم دەوێی. ئەگەرچی نایبینی، ئەگەرچی لە وڵاتی ئێمە هێندێک شت هەیە قەت نایڵێین..

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠

-------------------------------------------

## حەفتا و پێنج ساڵ کوردایەتی و ئازادیخوازیی

چوارچرای ئێمە چلچرای ژینە
باوەڕ هەتوانی شیفای برینە
حیزبی دێموکڕات ڕابەری رێیە
هەڵگری ئاڵای بەختی نگینە

حەسیب قەرەداغی

ئەمڕۆ هەمووومان حەفتا و پێنج ساڵین. هەموومان تەمەنی تۆمان هەیە. لەبەر هەموو ئەو رێگایەی بەدرێژایی سێ چارەگە سەدە بڕیت و نەوەستای، لەبەر هەموو ئەو سەروەرییانەی تۆمارت کرد و لەخۆبایی نەبووی، لەبەر هەموو ئەو زەبرانەی وێت کەوت و نەکەوتی، لەبەر هەموو ئەو چاکەیەی کردت و بە چاوت دانەدانەوە، لەبەر هەموو ئەو ناجوامێرییەی لەگەڵیان کردی و وەک وانت نەکرد، لەبەر هەموو ئەو ڕەنگانەی ڕەنگدانەوەیانی، لەبەر هەموو ئەو تاقیکارییەی تێت پەڕاند، لەبەر پاکی و ڕاستگۆییت، لەبەر سادەیی و سەنگینیت؛ بە هەموو پێچ و قۆرتەکانی ڕاستەڕێگاکەتەوە، بە هەموو

درزەکانی تەلاری شانازییەکانتەوە؛ ئێستاش جێ متمانەترین چراوگی ڕێی رزگاریی گەلەکەمی. حەفتا و پێنج ساڵ کوردایەتی و ئازادیخوازیی نەوە لە دوای نەوەت پیرۆز. حەفتا و پێنج ساڵ بیرکردنەوە و خوێن لەبەر ڕۆیشتن و خۆڕاگری و پشوودرێژیت پیرۆز. حەفتا و پێنج ساڵ کۆمار و خەباتی نهێنی و شەڕی پارتیزانی و دەربەدەرییت پیرۆز. پیرۆز بێ لە پێشمەرگە قارەمانەکانت، لە دایکانی جەرگسووتاوت، لە باوکانی بەئیمانت، لە منداڵانی بێنازت، لە کەمئەندامانت، لە مەلە یەخسیرەکانت، لە ئەندامانت لەنێو گەرووی ئەژدیها، لە خەڵکی هەژارت، لە لاوانی دڵ پڕ لە هیوات، لە ناکامانی گۆڕغەریبت، لە رووحی بەرزی شەهیدانت، لە خۆت ئەی پیرەبابە چوست و خولیادارەکەی رۆژهەڵات، ئەی حیزبی دێموکڕات کە بە پەڕ و باڵ بەستراویش لە چریکەت و لە فڕینت دەترسن!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

------------------------------------------------------

## بەیادی "ئەسیری فریشتەوەش"!

هێندێک کەس هەن کاتێک لەدەستیان دەدەی، ئەوەندە گەورەن نە دەتوانی لەسەریان بنووسی، نە دەتوانی لەسەریان نەنووسی! پاش ئەو کۆستە مەزنە کە بەیانیی دوێنێ بە کۆچی دوایی سەرکردەی دێموکڕات کاک جەلیل گادانی لەو حیزبە و لە گەلی کورد کەوت، تازە پێڕادەگەم بە پەیڤێکی هەژارانە تەعزیەنامەی خۆم لە بەرامبەر رووحی هەمیشە پاک و بۆ هەمیشە هەڵکشاوی کاک جەلیلی خۆشەویستدا بنووسم و حەسرەتی دڵم لەگەڵ هاوڕێیانی و بەگشتی خەڵکی کوردستان بەش بکەم.

-----

لە چاو و زەینی منداڵدا هەموو شتێک ئەفسووناوییە: مزگەوتی نەڵۆسە، شەوی نەورۆزی ١٣٦١. خەڵکێکی زۆر پاڵیان وێک داوە. بە دیواری پشت سەرمانەوە وێنەی پێشەوا قازی و مەلا ئاوارە و مەلا قادری وێردی وەک ئەرواحی زیندوو لێمان دەڕوانن. هۆڵەکە بە گرفەی زالکی سۆبەی داران و هەنیسکی فانۆس و گڕی چراتۆرەکانەوە رووناک بۆتەوە. بۆنی تەندوورەکانی دێ کە تەواوی رۆژ بابۆڵەی نان و هەڵوایان بۆ پێشمەرگە کردووە، هەوای نێو مزگەوتیشی داگرتووە.

ئەمن و چەند منداڵی دیکە سروودێکمان پێ دەڵێنەوە: "پێشکەوە، بۆ پێشەوە، ئەی کوردی ئازا". پیاوێکی عەینەکی - لە تەمەنی ئێستای خۆمدا - جەمەدانی لەسەر و کەواپاتۆڵێکی مەیلەو سپی لەبەر، هەڵدەستێتە سەرپێ بۆوەی قسە بکا. خەڵکەکە یەکتر دەنگ دەدەن هەتا گوێ بۆ قسەکانی یەکێک لە ناسراوترین سیماکانی پشت میکرۆفۆنی میتینگەکانی پاش ئینقلابی حیزبی دێموکرات رادێرن. کاتێک بێدەنگی باڵ بەسەر ئاپۆراکەدا دەکێشێ، ئەو پیاوە سەرەتا بەدوور لە چاوەڕوانیی خەڵک و بەشێوەی "ئاکاپێلا" (بەبێ مۆسیقا) سروودێک دەڵێ؛ سروودی نەورۆز. چریکەیەکی تیژ و لوولدراو لە دەنگیدایە.

کە دەگاتە ئەو شوێنە کە دەڵێ "وا رۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە، خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە"، هەست دەکەم دەنگی ئەو پیاوە وەک تیشکی سپیی چراتۆڕەکان دەچێ. ساتەوەختەکە وەک دیمەنێکی سینەمایی خەیاڵاوی و وەک حیکایەتێکی دم ئاگردانی زستان بەشکۆیە.

### ئەو پیاوە جەلیلی گادانی بوو!

پێش ئەو شەوەش کاک جەلیلم زۆر دیتبوو. لەوەتی لەبیرمە ئەو و باوکم و بنەماڵەکانمان هەر پێکەوە بوون. نەڵۆسە دەفتەری سیاسیی ژمارە (١)ی حیزبی لێ بوو. حیزب هەموو ئەو کوردانە بوون کە لە بەرامبەر هێرشی عەجەماندا حازر بوون لەسەر یەکتر بکەنەوە، تەنانەت بشمرن. ئەگەر چەکیان پێ با، پێشمەرگە بوون. کاتێکیش دەمردن، دەبوون بە شەهید. بەڵام لەوە زیاتر نەمدەزانی ئەو داستانە لەچیڕا دەستی پێ کردووە و بۆچی ئێمە هەر ڕۆژەی لە شوێنێکین.

پێشتر لە مەهاباد بووین. مەهابادم بەحاڵ و باڵ لەبیرە: قەناتی پێش ماڵەکەمان لە کانیی مامقەمبەران کە تەپەی قازی و پادگانی گەورەی شاری لێ دیار بوو، تەق و تۆق و هەڵاتنە ژێرزەمین و ناشتنی ئاڵبۆمەکانی بەغدا پێش ئەوەی شار بەجێ بێڵین... "خومەینی لەتکە دێوە، قاسملوو لەتکە سێوە": ئەوەش منداڵی گەڕەک بەحیساب تەزاهوراتیان دەکرد! دوای ئەوە لەم دێ بۆ ئەو دێ، زۆر شەو بە سواری وڵاغ و تەنانەت بە ڕۆژ بە پێیان بەنێو مەیدانی شەڕدا؛ دایکم مەچەکی توند دەگرتم و بە هیچ بەری نەدەدا.

-----

هەتا دوێنێ کە نوقمی شۆک و ماتەمی ڕۆیشتنی یەکجاریی خۆی کردین، هەر کەس بە مام جەلیل ناوی بردبا دەنگم دەدا چونکە بۆ من وشەی "مام" بۆ کەسێک کە مامی هەقت نیە تەعبیر لە پیاوێکی پیر یا نەخوێندەوار دەکا. کاک جەلیل نەک هەر خوێندەوار و زانا بوو، لە ڕوانگەی منەوە هەتا سەر بە فکر و بە کار لاو مایەوە. پاییزی ساڵی ١٩٩٧ کاتێک لە

پاریس لەلای کاک عەزیزی مامڵێ کاک جەلیل ئەمنی بە کاک سەید برایمی عەلیزادە ناساند، وەک "لاوێکی بە ئیحساس و بەئیستعداد" پێناسەی کردم. یەکسەر گوتم کاک جەلیل ئەو مەواسیفاتە لە ئەسڵدا بۆخۆت دانراون. رۆژێک دواتر لە مەلە بەزاندمی. ڕاستییەکەی، ئەمن قەت رۆژێک کاک جەلیلم بە پیری نەدیت. تەنانەت دەتوانم بڵێم بۆ من وەک جوانەمەرگ بووبێ وایە. ئەگەر جوانەمەرگ بوون بە مانای مەرگی لاوێکی ناکامە، ئەوا کاک جەلیل بە هزر و وزە، بە باوەڕ و هیوا، بە ئیمان و ورە، لە هەموومان لاوتر بوو. پێش ئەوەش کە بەری رەنجی هەشتا ساڵەی خۆی بچنێتەوە و بە ئاواتەکانی بگا، بەجێی هێشتین.

پاش رۆیشتنی بنکەکانی دەفتەر لە دۆڵی دێموکڕات، ماڵەکانی ئێمە لە شیوەجۆ لە شوێنیان نیشتەجێ بوون. لەبن ئەو دیوارەی دوکتور قاسملوو و ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات (لەنێوواندا شەهیدان حوسێن شەمامی و ڕەحیم قاڕنجی) وێنەیەکی بەکۆمەڵیان گرتووە، ئەمنیش وێنەیەکم لەگەڵ کاک جەلیل و چەند هاوڕێ و هاواڵی ئەو سەردەمە هەیە. لە وێنەکە ورد دەبمەوە. کوڕەکەی خۆی لە پەنایەتی، کەچی دەستی لەسەر شانی من داناوە (بابم لەوێ نەبوو).

**بەخۆم دەڵێم پێشمەرگەکانیش هەقیان بوو بە کاک جەلیل بڵێن "مامە".**

سووڕی تازەی دوورە وڵاتی و درێژ بوونەوەی خەبات دەستی پێ کردەوە. بەهار گەڵ و گەزۆی داوەریو لە چڵ و چرۆی خۆی بە هاوین دەسپارد کۆیان وەکا؛ زستانیش بۆوەی غافڵگیر نەبین، خەبەری هاتنەوەی خۆی بە پاییزدا بۆ دەناردین. گەورەدێ بوو بە وێستگەی سێهەمی بەسەرهاتی کاک جەلیل و ئێمە. ئەوجار ئیدی کاک جەلیل هەر مامێکی ڕووخۆش نەبوو. خەمخۆری پەروەردەشمان بوو. جار هەبوو لە ژووری دەرگای لەسەر منداڵەکانی خۆی دادەخست بۆ ئەوەی کتێب بخوێننەوە. ئێمەشی بەهەمان شێوە هان دەدا کە بخوێنینەوە و شت فێر بین.

لەو ساڵانەش - وەک لە ساڵانی دوایی ژیانیدا - ئەوەی زیاتر لە زەینمدا لە کاک جەلیل بەجێماوە، دەنگە نەرم بەڵام پڕ لە وزەکەی بوو کە لە ڕێگەیەوە هەمیشە مێهرەبانانە جویای حاڵت دەبوو و دەموودەست لە بەخشندەیی بەردەوامی ئەرخەیانی دەکردیەوە، بەخشندە لە ڕێنوێنی، لە مشوور، لە زانیاری و بیرەوەری. زۆر پێش ئەوەی خەڵک شایەتیدانی کاک جەلیل لەبارەی کۆماری کوردستانەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان ببینێ، ئێمە ڕاستەوخۆ لێمان بیستبوو. وەک هەمیشەش کە دەگەیشتە لەدارداني پێشەوا، گریان ئەوکی دەگرت.

لە قەندیل زۆر کەم پێکەوە ماینەوە. پاش دەهەیەک دەرکەوتن و دەرەوشانەوە لە ریزی هەرە پێشەوەی رێبەرانی حیزب، دوای کۆنگرەی هەشت - زۆر بەجیددی و سادقانە - بەرپرسایەتیی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی حیزبی وەرگرت و ڕاستەوخۆ بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان کە ناوی لە "شەهید فایق و شەهید چرچە"وە ببوو بە "نیشتمان".. پیاوی گەورەمان

ناچێتە ناودڵ، تاکوو کۆچ نەکا و نەچێتە ژێر گڵ: سی ساڵ دواتر، تازە سەرنج دەدەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم هەمان خاوەنماڵی یەکەمین قوتابخانەی ئازادی کورد، قوتابخانە کوردییەکەی یەکەمین کۆماری کورد، قوتابخانەی گەلاوێژ، بووە. هەر ئەو مێرمنداڵە کە ناوی لە رۆژنامەی کوردستانی کۆماردا هەیە.

بە جێژنێکی دیکەی نەورۆز و یادکردنەوە لە نەورۆزەکەی مزگەوتی نەڵۆسە رانەگەیشتین کە کێشەی هەمیشەیی نێوماڵی کورد بۆ چەند ساڵ کاک جەلیلی لەبەر چاوان ون کردم. جاروبار لە رادیۆیان گوێم لە دەنگی دەبوو. لەگەڵ ئەوە کە کەشێکی گرژ و نەشیاو کەوتە نێوان دوو دێموکڕاتەکەی ئەودەم، سەرنجم دابوو ئەو لەو دۆخەشدا دڵپاکی و زمانخاوێنیی خۆی وەلا نەنابوو.

-----

کاتێک بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات وەسەریەک کەوتەوە، لە فەڕانسەڕا بە سەفەر گەڕابوومەوە کوردستان و لە کۆیە بە دیداری کاک جەلیل شاد بوومەوە. ئەوجار زمان و سەرچاوە و بەسەرهات و دۆستە فەڕانسەییەکانیش پێکی دەبەستینەوە. لەو دیمانە سەرلەنوێیەدا، ئەو پێداگرانە لە خوێندنەکەمی دەپرسی و بۆ پلەکانی دواتر هانی دەدام، کەچی مێشکی من هەر شریتەکەی مزگەوتی نەڵۆسەی لێدەدایەوە!

سروودەکەی نەڵۆسەمان لای من خۆشترین سروودی شۆڕشگێڕییە. لەوێدا قانیع دەڵێ: "بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ". هاوینی ١٩٩٧ کە لە قەڵای دێموکڕات چەند مانگێک لە بەشی "تەحقیق و تەرجومە"ی حیزب لە خزمەت پیاوی کتێب و موتالعەدا بووم، کاک جەلیل بۆی گێڕامەوە کە چۆن لە زیندانەکانی حەمەڕەزاشادا خۆی فێری زمانی فەڕانسەوی کردووە و تەنانەت هەر لە زیندان کتێبێکیشی لە فەڕانسووییەوە وەرگێڕاوە. کتێبەکە ڕۆمانێکی ژنە نووسەری فەڕانسەیی بەڕەچەڵەک رووس، "کۆنتێس دوسێگوور"، بوو کە گادانی لەژێر ناوی "اسیر فرشتەوش" کردبووی بە فارسی.

جەلیل گادانی وەک کاراکتێری نێو ئەم نۆڤڵە دەهە و نیوێکی بەهاری ژیانی، دیلیی نێو زیندانەکانی چاشتبوو. بەڵام لەگەڵ هەموو ئازادەگییەکەی، ئەو تا لەژیاندا بوو ئەسیری دەستی شتێکی دیکە بوو، ئەسیری عیشقی ئازادی، ئەسیری ئەوینی گەلەکەی، بەچەشنێک کە هەموو ژیانی بۆ خەبات لەپێناو رزگاریی خاک و خەڵکی خۆی تەرخان کرد و هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر لە هاوقەتارە بێنازەکانی دوور نەکەوتەوە.

کاک جەلیل "ئەسیری فریشتەوەش"ی خوێندبۆوە، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەو دەرسە کە دەکرێ ئەسیریش بی و دڕندەخووش نەبی، ئەو لەو نووسەرە ئەشرافییە فەرەنگییەی فێر بووبێ. بۆخۆی دەیزانی. هەر لە سەرەتای ژیانییەوە ئەوەی سەلماندبوو.

-----

شەڕی نەسلەکان لەلای کاک جەلیل وجوودی نەبوو. کاتێک بۆخۆم بۆ ماوەی سێ ساڵ بەرپرسایەتیی دووەمی حیزبم وەرگرت، لەو شوێنە کە بۆ زۆرینەی خەباتگێڕانی نەسلی پەنجا و هەشت هەزم کردنی سەرکردایەتیی کەسێکی لاوتر لە خۆیان ئاسان نیە، سەروەری بەڕێز هیچ حەوتوویەک نەبوو لە ژوورەکەی خۆم لە قەڵا گەورەم نەکا و بە مشوور و ڕێنوێنی و هاوکارییەکانی دڵگەرمم نەکا. ئەو ئەوەندەی باوەڕ بە نەوەی نوێ هەبوو کە لە کۆنگرەی حەڤدەی حیزب لەپشت میکرۆفۆن لە کاتی ناوهێنانی مندا گریا و تکای کرد خۆمان کاندید بکەینەوە...

بە کۆچی دوایی بەڕاستی ناوەختی کاک جەلیل گادانی حیزبی دێموکڕات یەکێک لە ڕەمزە هەرە ناسراوەکانی مێژووی خۆی لەدەست دا. نەمانی فیزیکیی کاک جەلیل گادانی لەنێو کۆڕی تێکۆشەرانی دێموکڕات و بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە هەردوو حیزبی دێموکڕات ڕووبەڕووی دڵەکوتەی جەبری ژیان و چوونەسەری تەمەنی ئەو هێمایانە دەکاتەوە کە لە سەرجەم قۆناغە مێژووییەکانی تێکۆشانی ئەو حیزبەدا لەگەڵ بوون، لە هەموو مەیدانەکاندا تاقیکاریی خۆیان تێپەڕ کردووە و سەرباری هەموو دابەشبوون و کەموکوڕییەکانیان، هێز و ئیرادە و ئیعتباریان بە کاروانی خەباتی ئەو حیزبە بەخشیوە. لە سەردەمێکدا کە ئاڵەنگارییەکانی سەر ڕێگای حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵات بۆ قۆناغەکانی لەمەودوا زۆر لەوە کە بیری لێ دەکەینەوە زۆرتر و ترسناکترن، جێی خۆیەتی لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا کە هاوکات ٧٥ ساڵەی هاتنی کاک جەلیل بۆ نێو کایەی گشتیی کوردیشە، مشوورێکی جیددی لە گواستنەوەی مەشخەڵ لەنێوان نەسلەکان و دەکارخستنی هەموو هێز و تواناکان و لەوەش گرینگتر یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕات بخورێ. ئاخر وەسیەتی ژیانی کاک جەلیل لە خەڵوەتی دیداری دۆستانەی سەرکردە و سیماکانی هەردوو دێموکڕاتدا، وەسیەتی یەکخستنەوەی هەرچی زووتری ڕیزەکانی دێموکڕات بوو.

بەداخەوە کاک جەلیل نە یەکگرتنەوەی دێموکڕاتی دی، نە ڕزگاریی کوردستان، بەڵام هەردووکیان کە تەنیا بەوان رووحی کاک جەلیل و شەهیدان شاد دەبێ، لەدەست خۆماندان.

لە دەستەڕاست و سەرەتای گۆڕستانی شەهیدانی دێموکڕات لە کۆیە، گڵی تەڕی گۆڕێکی تازە بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان داپۆشراوە. ئەو گڵکۆیە گڵکۆی دوایین یادگاری زیندووی کۆماری کوردستان، هێمای کوردایەتیی پاک و خۆڕاگریی

بزوتنەوەیەک، کاک جەلیلی گادانییە. هەڵکەوتەی شوێنی گڵکۆی کاک جەلیل، وەک لە ژیانیدا، لە پاش مەرگیشی، ئەوی کردۆتە میواندار و بەخێرهێنەری زائیران و هۆگرانی بارەگای خەبات بۆ ئازادیی کورد و کوردستان.

ئەگەر لە کێلی خوارەوەی قەبرەکەی کاک جەلیلڕا هێڵێکی ڕاست بەرەو باکوور بکێشین، هێڵەکە زۆر زوو دەگاتە سەر سەری شەهید جەماڵ ئەکبەری، ئیسکۆرتەکەی کاک جەلیل کە لە مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕاتدا گیانی بەخشی..

ئەگەر لە کێلی سەرەوەشی ڕا هێڵێکی ڕاست بەرەو ڕۆژهەڵات بکێشین، ئەو هێڵە، نە زۆر درەنگ، دەگاتە مەهاباد.

نەعشی کاک جەلیل کە جارێ لە زێدەکەی حاجی قادرڕا ڕووەو چوارچرا ڕاکشاوە و لە ڕۆژهەڵاتی وڵات دەڕوانێ، لە هیچ کفنێکدا جێی نابێتەوە، مەگەر ئی خۆشەویستیی خەڵکی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---

## بۆ خاتری خوا و لەبەر خاتری "ماریان"

تاوانە بەربەرییەکەی نۆتردامی "نیس" کە ڕاست لە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلامدا بەڕێوە چوو، ئەڵقەیەکی دیکە لە فەسڵی نوێی زنجیرەی هێرشە تێرۆریستییەکانی بنیاتگەراکان بەدژی خەڵک و دەوڵەتی فەڕانسەیە، وڵاتێک کە لەنێو وڵاتانی "ڕۆژئاوایی"دا لە چل ساڵی ڕابردوودا زۆرترین جار بۆتە ئامانجی ئەو جۆرە هێرشانە و سەدان کەس لە هاووڵاتییانی بەم جۆرە بوونە قوربانی.

ئەوە کە ئەم هێرشانە بە مۆدێلی فەڕەنسیی لائیسیتە و ئازادیی بەیان بەتایبەت بابەتی کاریکاتۆرەکانی پێغەمبەری ئیسلامەوە گرێ دەدرێنەوە، هی ئەم ساڵانەی دواییە. ئەو کاتەی لە هەشتاکانی زایینیدا حیزبوڵڵای لوبنان و کۆماری ئیسلامیی ئێران کردەوەی تێرۆریستییان لە پاریس ئەنجام دەدا، ڕۆژنامەی ساتیریکی "شارلی ئێبدۆ" هەر دەریش نەدەچوو. لە نەوەدەکانی زایینیشدا ئەودەم کە گرووپە توندڕەوە مەغریبییەکان هەڕەشەیان لە گیان و ئاسایشی خەڵکی مەدەنیی فەڕانسە دەکرد، هێشتا لە بەستێنی گشتیی فەڕانسەدا خەبەرێک لە کاریکاتۆری سەمبولەکانی ئیسلام نەبوو. هەتا

سەرەتای شەڕی داعشیش کەس نەیدەگوت هێرشە تێرۆریستییەکانی سەر خەڵک و سەمبولەکانی فەڕانسە دژکردەوە بە جۆری مامەڵەی دەوڵەتی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئایینی ئیسلامن.

بە هیچ ئەقڵێکی سەلیمدا نایە کە دەوڵەتێک بەو پاشخانە سەدان ساڵەیە لە تێکەڵاوی لەگەڵ دنیای موسڵمان کە بۆخۆی نزیک بە پێنج میلیۆن هاووڵاتیی موسڵمانی هەیە و دە میلیۆن کەس لە دانیشتووانی بە ڕەچەڵەک موسڵمانن؛ دەوڵەتێک کە لەودا ئیسلام لەرووی ژمارەی باوەڕمەندانەوە ئایینی دووەم و لەڕووی ژمارەی شوێنەکانی عیبادەتەوە ئایینی سێهەمە؛دەوڵەتێک کە ئەو هەموو بەرژەوەندییە ئابووری و نوێنەرایەتییە سیاسییەی لە دنیایەکی تەنراو بە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان (بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا)دا هەیە؛ دەوڵەتێک کە بۆخۆی ئەو هەموو کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییە کەڵەکەبووەی هەیە؛ لە سەردەمێکدا کە قەیرانی کۆڤید لە زۆربەی دەوڵەتانی دیکە خراپتر بەرۆکی گرتووە، ئێستا بۆخۆی بێت بەئەنقەست بێڕێزی بە ئایینی ئیسلام بکا و ئەو شەپۆلە بەربەرینە لە ناڕەزایەتی لە جیهانی موسڵماندا کە هەڵگری پۆتانسیەلی یەکجار ترسناک بۆ دوارۆژی ئاسایشی نیشتمانیی فەڕانسەیە، بەدژی خۆی وەڕێ بخا. تیئۆریسیەنەکانی پێکدادانی شارستانییەکان هەرچی بڵێن، ئەگەر بەدەست ئێمانوێل ماکرۆن خۆی با، لە "خێر"ی ئەو یەک دۆسیە زیادی و نۆژەنکراوەیەی قەیرانی نێوخۆیی بە ڕەهەندی بەهێزی نێونەتەوەییەوە، دەگوزەرا.

بەکاربردنی ئامرازیی بابەتی کاریکاتۆرەکان وەک کەرەستەیەک بۆ بەئایینی کردنی بەریەککەوتنی سیاسیی نێوان فەڕانسە و ئەو دەوڵەت و لایەنانەی بە هۆکاری دیکە (کە هاوکاریی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان یەک لەو هۆکارانەیە) لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە ناڕازیین، ئەو زەروورەتە بۆ کورد دروست دەکا کە بە وشیاریی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە بکا و بەبێ زانیاریی ورد و ناسینی دروستی هەقیقەتی پرسەکە (وەک لە فەڕانسە لە ئارادایە) لەگەڵ شەپۆلی زۆر و بۆری ناڕەزایەتیی پان - ئیسلامیست نەکەوێ کە هێندێک دەوڵەت و لایەن بەمەبەستی سیاسیی تایبەت بە خۆیان و نەک بۆ داکۆکی لە موقەدەساتی ئیسلام وەڕێیان خستوە.

لەو شوێنە کە تەنانەت دەوڵەتانی سەرکردە لە دنیای موسڵماندا بەبێ خۆبەستنەوە بە بنەماکان مۆدێلی خۆیان لە ئیسلام دەخەنە ڕوو، لەو شوێنە کە وڵاتان هەڵوێستیان لەمەڕ پرسە سیاسی و ئابوورییەکانی دنیا وەک بۆ بابەتە مێژوویی و فەرهەنگی و فەلسەفییەکانی نێوان میللەتان بە پێوەری بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان دیاری دەکەن، هیچ بە قازانجی کورد نیە کە ئەو فرەڕەنگی و فرەدەنگییەی بۆ ئەم پرسە لە کوردستان (بەتایبەت لە باشوور) هەیە، وێنەیەکی شێواو و نیگەرانیساز لەبارەی گەلی کوردەوە لەلای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دروست بکا، ئەویش لە بەرامبەر دەوڵەتێکی وەک دەوڵەتی فەڕانسە کە بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە و سەرەڕای بەرپرسیارێتیی قورسی لە دۆخی مێژوویی کورددا، لەو

قاتوقڕییە بەردەوامەی دۆستانی ستراتژیک بۆ کورددا، لە سی ساڵی ڕابردوودا و لەچاو دەوڵەتانی دیکەی دنیا (بە دەوڵەتانی موسڵمانیشەوە) باشترین کارنامەی لە بەهاناوەهاتنی کورددا هەبووە.

کورد ئەگەر بیەوێ دەتوانێ لە وڵاتی خۆیدا هەم گەشە بکا و هەم خودا لە خۆی ڕازی بکا، بەبێ ئەوەی لە ئاستی دەرەوەدا لەخۆڕا دۆستان و نیمچە دۆستان لە خۆی دوور بکاتەوە و ئەو دژمنانەی بە خۆی دڵخۆش بکا کە بۆخۆیان لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان ئەو وەختەی بۆیان نالوێ وەک ئامراز کەڵک لە ئایین وەربگرن، بە بەربەستیشی نازانن.

ئەو باسە لە ڕوانگەی دینامیزمی گەشەسەندنی نێوخۆیی کوردیشەوە گرینگە، چونکە بەبێ کارلێکە دەرەکییەکانیش، قۆناغی گواستنەوەی کورد بەرەو مۆدێرنیتە هەڵگری کۆمەڵێک درز و بەریەککەوتن لە کۆمەڵگای کوردستاندایە کە ئەگەر ژیرانە و بە دیدێکی ستراتژیک ئیدارە نەکرێن، دواجار سروشتی کۆمەڵایەتی و کولتورییان بۆ سیاسی و نیشتمانی دەگۆڕێ و بنکۆڵبوونی ئینسجامی نەتەوەیی کوردیان لێ دەکەوێتەوە. ئەم مەترسییە ئەو کاتە زیاتر خۆی دەردەخا کە بزانین ئەو بەستێنە لە هەژاری و ناعەداڵەتی کە ئیسلامی سیاسی بە کایەکردن بە یادەوەری مێژوویی دژە کۆلۆنیالی و هەستیارییە بان-نەتەوەییەکان لە قەراغ شارەکانی پاریس و مارسەی پەنای بۆ دەبا، هاوشێوەکەی لە ناوچە و وڵاتی ئێمەشدا بەردەستە.

-----

سیاسەتی بژاردەکان و هەڵوێستی تاکەکان لە بەرامبەر هەر ڕووداو و دیاردەیەک دروست و بەقازانج دەرنایە ئەگەر بێت و داوەرییان لەبارەی ئەو دیاردە و ڕووداوانە پشتبەستوو بە ناسینی قووڵ و زانیاریی ڕاست لەسەر بابەتەکان نەبێ. بەداخەوە لە کوردستان زۆر کەس (تەنانەت لەنێو مێدیاکاراندا) بەبێ ئەوەی خۆیان بە بەدواداچوونی کرۆکی مەسەلەکانەوە ماندوو بکەن، بەمەبەست یا بێمەبەست قەناعەتی خۆیان و خەڵک ڕادەستی گواستنەوەی ڕووکەشانە و هەڵسەنگاندنی چەواشەکارانە و مەبەستداری ڕووداوەکان لەلایەن سەرچاوەکانی تروە دەکەن. ئەگەر لەو تین و تاوە ورد بینەوە کە بەهۆی ڕووداوەکانی دوو حەوتووی ڕابردووی فەڕانسە لە کوردستانیش وەڕێ کەوتووە، دەبینین کە زانیارییەکانی خەڵک نە لەسەر خودی ڕووداوەکە (بۆ نموونە فکر و ڕەفتاری مامۆستا "پاکی"ی سەربڕاو و پێوەندیی (نەبووی) قاتڵ و قوربانی و وردەکاریی جینایەتەکە) و نە لەسەر پاشخان و فەلسەفەی دەوڵەتی فەڕانسە لە پرسی لائیسیتەدا زۆر ورد و دەوڵەمەند نین.

بەهۆی ئەوە کە ئەو پرسە بەگشتی قسە زۆر هەڵدەگرێ، ئەمن لێرەدا خۆم لە ماندووکردنی خوێنەر بە وەڵامی پرسیاری یەکەم (وردەکاریی فاکتەکان) دەبوێرم بۆ ئەوەی سەرنجم بخەمە سەر تەوەری دووەم، واتە ڕوونکردنەوەی پاشخانی چەمکی لائیسیتە لەلای فەڕانسەوییەکان و واقعیەتی مامەڵەی دەوڵەتی فەڕانسە لەگەڵ ئاینی ئیسلام.

ئەوەی گرینگە لێرەدا بیزانین ئەوەیە کە دەوڵەتی فەڕانسە لە جێخستن و داکۆکی لە مۆدێلی سێکولاری خۆیدا هیچ ئایینێکی وەک خۆی بە ئامانج نەگرتووە، ئەگەریش لەم ساڵانەی دواییدا بەریەککەوتنێک لەنێوان ئەو مۆدێلە و ئاینی ئیسلامدا بەرجەستە بووبێتەوە، ئەوەی دەوڵەتی فەڕانسە مەبەستیەتی خودی ئایینی ئیسلام یان ئیسلام لە جیهاندا نیە، بەڵکوو ئیسلام لە فەڕانسەیە. دەزانین کە ئەو جیاکارییە لەگەڵ مێتۆدی ئیسلامییەکان کە بەڕوانگەیەکی جیهانییەوە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنووری نێوان گەلان بۆ جێگە و پێگە و بنەماکانی ئیسلام دەڕوانن یەک ناگرێتەوە، بەڵام هەروەک پێشتر گوترا ئەگەر بۆ تورکیە و سعودی و ئێران کە زۆرینەی خەڵکەکەیان موسڵمانن ڕەوا بێ مۆدێلێکی جیاواز و تایبەت بە خۆیان لە ئیسلام بخەنە ڕوو، زۆر سەیرە کە بۆ دەوڵەتێکی ئورووپایی کە کەمینەیەکی موسڵمانی هەیە و بۆتە پەناگا و فریادڕەسی زۆر لە موسڵمانەکانی جیهان، بە گوناح دابنرێ بیەوێ لەنێو سنوورەکانی خۆیدا داکۆکی لە ناسنامە و مۆدێلی مێژوویی و جێمتمانەی خۆی بۆ پێکەوەژیان و بەڕێوەبردنی وڵات بکا.

ئەوەی هێندێک کەس تەنانەت لەنێو کورددا نایانەوێ قبووڵی بکەن ئەوەیە کە کێشەی فەڕانسە نە لەگەڵ ئاینی ئیسلامە نە لەگەڵ هیچ ئاینێکی دیکە، بەڵکوو بۆ گەل و حکومەتی فەڕانسە گرینگ پاراستنی مۆدێلی لائیکی خۆی بۆ پێکەوە ژیان و ئیدارەی وڵاتە. ئەو مۆدێلە پاش شەڕ و ململانەیەکی زۆری ناوخۆیی و بە قیمەتێکی زۆر گران وەدی هاتووە. بەستێن و مێژووی دروستبوونی ئەو مۆدێلە هیچ پێوەندییەکی بە ئایینی ئیسلامەوە نیە و لە شکڵ و ناوەرۆکی ئەمڕۆیدا بۆ سەردەمێک دەگەڕێتەوە کە فەڕانسە هیچ حەشیمەتێکی موسڵمانی لێ نەژیاوە و لەوودەمەدا پێشبینیی دەرەنجامەکانی تێوەگلانی دواتری فەڕانسەش لەگەڵ سەرزەمینە موسڵمانەکان نەکراوە.

بەلەبەرچاوگرتنی شەڕی ئایینی لە ئورووپا و ڕۆڵی کلیسا لەو نەزمە کۆمەڵایەتییەدا کە شۆڕشی فەڕانسە سەرلەبەری هەڵوەشاند، پاشەکشە بە ئایین و دەسەڵاتی کلیسا یەکێک لە دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە بوو کە نزیکترین دەرەنجامی دەستداگرتن بەسەر زەوی و زاری کلیسا و کۆتایی هێنان بە تەمویل (پارەپێدان) بە هیچ مەزهەبێک لەلایەن دەوڵەتەوە بوو. بەڵام بە هۆکاری سیاسیی ناوخۆیی و دەرەکی دواتر ناپلیۆن بە پەسندکردنی سیستمی "کۆنکۆردا " (١٨٠١) لەگەڵ کلیسا ئاشت بۆوە و بەبێ ئەوەی زەوی و زارەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە، ڕێگەی دا پیاوانی ئایینی لەژێر چاوەدێریی دەوڵەت و بە مووچەی دەوڵەت دەست بە تێکۆشانی خۆیان بکەنەوە. پاش کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ناپلیۆن کێشەی جێگە و پێگەی کلیسا

بە چەشنێکی دیکە سەری هەڵدایەوە تا ئەوە کە پاش شۆڕشی ١٨٤٨ بۆرژوازیی لیبرالی فەڕانسە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ کاتۆلیکەکان رێککەوت و کۆمەڵێک ئیمتیازی بۆ پەرەپێدانی چالاکییەکانی کلیسا لە بەستێنی گشتیدا پێبەخشیەوە.

بەهۆی دەرەنجامەکانی دەسترۆیشتوویی هێشتا دیاری کلیسا لە بەستێنی گشتیدا و لەگەڵ بەهێز بوونی چەپەکان لە کۆماری سێهەمی فەڕانسەدا، کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی فەڕانسە شایەتی رەوتێکی پێچەوانە بە زیانی دەسەلاتی دامەزراوە مەزهەبییەکان بوو. لەژێر کاریگەریی هێندێک دەوڵەتمەداری چەپی وەک "ئێمیل کۆمب" کە کۆنە قەشەیەکی هەڵگەڕاوە لە ئایین بوو، هەموو بنیاتە گشتیی مەزهەبییەکان هەڵوەشانەوە و لەمەولا تەنیا بە رەزامەندیی دەوڵەت و لە شکلی ئەنجومەندا دەیانتوانی درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن. کۆی ئەو هەنگاوانە جیا لەوە کە پچڕانی پێوەندییەکانی فەڕانسە و ڤاتیکانی لێکەوتەوە، لە هەموو ئەو کێشانەدا کە رەهەندێکی مەزهەبییان هەبوو (بەتایبەتی لە کاتی قەزیەی درێفووزدا کە کاپتێنێکی جوولەکەی تۆمەتبارکراو بە خیانەت بوو) هەستیارییەکی دروست کردبوو کە سیستماتیک کۆمەڵگای فەڕەنسیی بەسەر دوو جەمسەردا دابەش دەکرد.

هەموو ئەم کێشە و ململانێیانە (کە دیسان دەڵێم شەڕی فەڕانسە بوو لەگەڵ خۆی لەپێوەندی لەگەڵ ئایینی مەسیحیدا نەک هیچ ئایینێکی دیکە) سەرەنجام وای لە بیروڕای گشتی و زۆرینەی بژاردەکانی فەڕانسە کرد کە شێلگیرانە لەسەر بەمەقسەد گەیاندنی کاروانی لائیسیزاسیۆن (بە عیلمانی کردن)ی دەوڵەت سوور بن. مێعماری ئەم قۆناغە چارەنووسسازەش دەوڵەتمەردی گەورەی مێژووی فەڕانسە "ئاریستید برییان" بوو کە یاسای ساڵی ١٩٠٥ لەپێوەندی لەگەڵ "جیاکردنەوەی دەوڵەت و کلیساکان"ی بەپەسند گەیاند، یاسایەک کە وێڕای راگەیاندنی ئازادیی ویژدان و گەرەنتیی تەمرینی ئازادانەی ئایین، سیستمی کۆنکۆردا بۆ سەرجەم فەڕانسە (جگە لە دەڤەری ئەلزاس و مۆزێل)ی هەڵوەشاندەوە، هەر جۆرە بودجەیەکی دەوڵەتی بۆ بنیاتە مەزهەبییەکانی راگرت و لەسەر ئەو بنیاتانەی فەرز کرد کە وەک ئەنجومەن کار بکەن و بۆخۆیان خۆیان بژیەنن.

سەرنجڕاکێشە کە بزانین لە سەردەمێکدا کە ئایینی ئیسلام هیچ حزوورێکی لە دیبەیتی سیاسیی فەڕانسەدا نەبوو، مەسیحییە ئۆرتۆدۆکسەکانیش لە باس و خواسی نێوخۆیی ئوروپادا - وەک ئیسلامی سیاسیی ئەمڕۆ دەیکا - یادەوەریی مێژوویی خۆیان و خەڵکیان بەلای شەڕە خاچییەکاندا نەدەبردەوە و کەس فکری بۆ دەرەنجامە کۆچبەرییەکانی سیاسەتی ئیستعماری یان پێداویستیی دواتری فەڕانسە بە هێزی کاری موسڵمان نەدەچوو (بەشی زۆری موهاجرانی موسڵمان لە شەستەکانی زایینیدا روویان لە فەڕانسە کردووە)، سەت و بیست ساڵ پێش ئێستا ئاریستید برییان ناچار بوو بەردەوام وەبیر بیروڕای گشتیی

بێنێتەوە کە سەقامگیرکردنی پرەنسیپی جیایی دەوڵەت لە نیهادی دین بەمەبەستی سەرکوتکردنی کاتۆلیکەکان نیە!

گرینگیی ئەم یاسایە بۆ ژیانی دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتیی فەڕانسە بە چەشنێکە کە دەستووری کۆماری پێنجەمی فەڕانسە (١٩٥٨) بە پێویستی زانی هەر لە مادەی یەکەمی خۆیدا لائیک بوونی کۆماری فەڕانسە رابگەیەنێتەوە.

-----

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئەمڕۆ و ئایینی ئیسلام لە فەڕانسە، دەبێ بزانین کە دۆخی پەیڕەوانی ئەو ئایینە بۆ پراکتیکی مەزهەبەکەیان (نەک لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە) لە پەیرەوانی هیچ ئایینێکی دیکە یان لە دۆخی موسڵمانان لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئورووپایی خراپتر نیە، ئەگەر باشتر نەبێ. بەپێچەوانەی پرۆپاگەندای هێندێک کەس و لایەن، نەک هەر پراکتیکی ئیسلام لە بەستێنی تاکەکەسیدا تەواو ئازاد و پارێزراوە، بەڵکوو ئیسلام لە گوتاری رەسمیی حکومەتیشدا (بە وتارەکانی ماکرۆنیشەوە) زۆر رێزلێگیراوە و دەوڵەتی فەڕانسە دامەزراوەیەکی رەسمیشی بەناوی شووڕای نوێنەرایەتیی ئایینی ئیسلام و بنیاتێک بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاساری ئیسلامیی دامەزراندووە. تەنانەت بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە تەمویلی دەرەکی، چەندین جار پێشنیاری تەمویلی دەوڵەتی بۆ بنیاتە ئیسلامییەکانی فەڕانسە لەلایەن هێندێک سیاسیی مەسیحیی فەڕانسەویشەوە کراوە، بەڵام بەهۆی پابەندیی فەڕانسە بە پرەنسیپە لائیکەکان ئەو پێشنیارە نە بۆ دینی ئیسلام و نە بۆ هیچ ئایین و مەزهەبێکی دیکە قبووڵ نەکراوە.

زۆر لەو شتانەی لەبارەی فشارهێنان بۆ سەر موسڵمانان لە فەڕانسە دەگوترێ راست نین. بۆ نموونە حیجاب (وەک نیشانە دیارەکانی ئایینەکانی دیکە بۆ نموونە "کیپا" واتە کڵاوی جوولەکان) تەنیا لە قوتابخانەی دەوڵەتیدا قەدەغەیە (یاسای ٢٠٠٤). نیشانە بچووکەکانی وەک خاچی ملوانکە و دەستی فاتمە و ئەستێرەی داود لە قوتابخانەی دەوڵەتییشدا ئازادن. نیشانە دیارە ئایینییەکان هەروەها بەپێی پرەنسیپی بێلایەنیی کەرتی گشتی لە دامەزراوە حکومەتییەکاندا قەدەغەن، بەڵام لە زانکۆ و کۆمپانیاکاندا بەڕێوەبەرانی ئەو شوێنانە دەتوانن بۆخۆیان بڕیار بدەن کە رێگەی پێ دەدەن یان رێگەی پێ نادەن (ئەمڕۆ تا دێ کەمتر قەدەغەن). دیارە لە فەزای گشتیدا (بۆ نموونە لەسەر شەقام) شاردنەوەی تەواوی روخسار بۆ هەموو کەس قەدەغەیە (یاسای ٢٠١٠)، جا بورقەع بێ یان ماسکی تەواو، بەڵام ئەوە هیچ پێوەندیی بە ئایینەوە نیە و لەسەر بنەمای پاراستنی ئاسایشی گشتی پاساو دەدرێ.

راستییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر کێشە یان هەستیارییەک لەگەڵ ئاینی ئیسلام لە فەڕانسە هەبێ، ئەوە نەک بۆ دژایەتیی حکومەت و خەڵکی فەڕانسە لەگەڵ ئایینی ئیسلام بەڵکوو بۆ ئەو بەکاربردنە ئامرازییە دەگەڕێتەوە کە هێندێک دەوڵەت و

گرووپی توندڕەو بەمەبەستی سیاسی لە ئایینی ئیسلامییان کردوە و لەژێر ناوی کاری خێرخوازی و تەمویلی بنیاتە مەزهەبییەکاندا، بەشێک لە پانتایی کۆچبەری موسڵمان لە فەڕانسەیان کردووە بە عەرزێکی بەڕێز بۆ چاندنی تۆوی بنیاتگەرایی و کردەوەی تێرۆریستی.

دەوڵەتی فەڕانسە نە دژی ئایینی ئیسلامە و نە ئەگەر باسی ئیسلامیش بکا، مەبەستی هەموو ئایینی ئیسلام یان ئیسلام لە دنیادایە، بەڵکوو مەبەست ئیسلام لە فەڕانسە و ئامانج ئاشتکردنەوەی ئیسلام لەگەڵ بنەما کۆماری و لائیکەکانی ئەو وڵاتەیە و هیچی دیکە. بۆ نموونە پاش هێرش بۆ سەر شارلی ئێبدۆ و سوپەرمارکێتێکی جوولەکە لە پاریس (ژانویەی ٢٠١٥)، سەرۆک وەزیری ئەوسا (مانوێل ڤالس) ئاماژەی بە زەروورەتی یارمەتیدانی ئیسلام لە فەڕانسە کرد بۆ ئەوەی خۆی لەو کارتێکەری و دەستێوەردانانە رزگار بکا کە لە ناوخۆیدا دەیانەوێ بنکۆڵی بکەن. ئەوەی ئەمڕۆش سەرکۆماری فەڕانسە دەیڵێ شتێک نیە غەیری ئەوە و بۆ ئەو مەبەستە دەیانەوێ ئەو ناوەندە ئایینییانەی بە سامانی دەرەکی بەڕێوە دەچن و لەژێر ناوی وەعزدا بوونەتە کارگەی بنیاتگەرایی، دابخەن و چیدیکەش ئیمامەکان لە دەرەوەڕا بۆ مزگەوتەکان دیاری نەکرێن، بەڵکوو پەروەردە و دیاریکراوی خودی فەڕانسە بن. ئەگەر لە کوردستان باس لە پێویستیی کۆنترۆڵی ناوەرۆکی خوتبەکانی رۆژی جومعە بکرێ، بۆ دەبێ دەوڵەتێکی ئورووپایی کە ئەو هەمووە بۆتە قوربانیی تێرۆریزمی بنیاتگەرا نەتوانێ لە سەرچاوەی داهات و بەڕێوەبەریی ناوەندێکی ئایینی بپرسێتەوە؟

خۆ ئەگەر مەبەستی دەوڵەتی فەڕانسە ئیسلام تەنیا لە فەڕانسە نەبا و ئیسلام وەک خۆی یان لە هەموو دنیاشیدا گرتبایەوە، مەعلووم نیە کە بۆچی سەرکردەی زۆر لە وڵاتە ئیسلامییەکان هەموو رۆژێ دەتوانن بە زبرترین زمان باسی مۆدێلی ژیان و ئایینی رۆژئاواییەکان بکەن، بەڵام سەرکردەی وڵاتێک کە لەودا ئیسلام ئایینی دووەمە بۆی نیە باسی پێویستیی گونجاندنی پراکتیکی ئایینی ئیسلام لەگەڵ بنەما هەزاران ساڵەییەکانی دەوڵەتەکەی خۆی بکا. بە قەولی هاوڕێیەکی عەرەبی مەسیحیم دوێنێ لە بەیرووت نووسیبووی، ئیسلام ١٤٠٠ ساڵە خاوەنی پێغەمبەری شایستەی خۆیەتی، بەڵام هێشتا چاوەڕوانی "لوتەر"ێکە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خودی بابەتی کاریکاتێرەکان دەبێ چەند شتمان لەبەرچاو بێ. پێش هەموو شتێک دەبێ بزانین بۆ خوردکردنەوەی زیاتری راگەیاندراوی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیی شۆڕشی فەڕانسە لەو بوارەدا، یاسای ئازادیی رۆژنامەکان کە ساڵی ١٨٨١ (واتە هەشتا ساڵ پێش ئەوەی موسڵمانەکان بە لێشاو روو لە فەڕانسە بکەن) پەسند کراوە، مافی "بلاسفێم" واتە بردنەژێر پرسیار و گاڵتەکردن بە ئایین و پیرۆزییەکانی مەزهەبی بەڕەسمی ناسیوە. دیارە ئەو مافە - لە پێوەندی چ لەگەڵ ئایین و چ سیاسییەکاندا- بۆ ئەوەی لە شکڵی ئەمڕۆیدا جێبەجێ بکرێ، رێگایەکی دوور و درێژ و پڕ

هەوراز و نشێوی بڕیوە، هەر لە نیگارەکەی ئێدوارد مانێ بە ناوی "بێڕێزیکردنی سەربازەکان بە مەسیح" ەوە بگرە کە کاتی خۆی هەڵلای زۆری لێ ساز ببوو هەتا ئەو کاریکاتۆرەی لەبارەی مەرگی ژەنراڵ دوگۆلەوە شارلی ئێبدۆ بڵاوی کردبۆوە و ئەودەم ببووە هۆی داخستنی ڕۆژنامەکە. نموونەی ناسراوتر فیلمی "دوایین حەزی مەسیح"ی مارتن سکۆرسێزە کە لەسەر بنەمای ڕۆمانەکەی نیکۆس کازانتزاکیس ڕیوایەتێکی دژە-ئینجیلیانەی ژیانی حەزرەتی عیسا دەگێڕێتەوە. سکۆرسێز پاش ئەوەی لە ئەمریکا بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکەی لەگەڵ دژایەتی و بەربەستێکی زۆر ڕووبەڕوو ببۆوە، ڕووی لە فەڕانسە کردبوو و وەزیری پەروەردەی حکومەتی فرانسوا میتران (جاک لانگ)ی ڕازی کردبوو کە بودجەی ئەو فیلمە دابین بکا. دواتر ئەگەرچی حکومەتی فەڕانسە لە بەرامبەر نارەزایەتی دەربڕینی کلیسا و باوەڕدارانی کاتۆلیکدا لە پشتگیریی دارایی فیلمەکە کشایەوە، فیلمەکە لە فەڕانسە چووە سەر ئێکران، بەڵام ساڵی ١٩٨٨ چەندین ڕووداوی ناخۆشی لێ کەوتەوە: لە شاری بزانسۆن هۆڵی ئەو سینەمایەی فیلمەکەی نیشان دابوو (پاش تەواوبوونی فیلمەکە و چۆڵبوونی هۆڵەکە) سووتێندرا؛ لە شاری مێتز بە هۆی سەردانی پاپ نیشاندانی فیلمەکە ڕاگیرا؛ و ئاگربەردان لە سینەما سەنت میشێلی پاریس تەنانەت زیانی گیانیی لێ کەوتەوە.

سەرەڕای ئەوانەش ئەمڕۆ تەنز بە گشتی و کاریکاتێر بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگای فەڕەنسیدا شتێکی تەواو قبووڵکراو و جێکەوتوویە. لە فەڕانسە هیچ ئایینێک بە ئەندازەی ئایینی مەسیحی لە کارە هونەرییەکاندا گاڵتەی پێ ناکرێ و هیچ پێشەوایەکی ئایینیش بە ئەندازەی مەسیح کاریکاتۆری لێ دروست ناکرێ. ئەوە بۆ سیاسییەکان قبووڵکراوتریشە کە زۆریان بۆخۆیان ئارەزوو دەکەن کاریکاتۆریان لێ دروست بکرێ، چونکە دەزانن کە مەرج نیە هەمیشە ئەو شتە بە زیانیان تەواو بێ ( بۆ نموونە هێندێک لە چاوەدێرەکان پێیان وایە کە بەشێکی سەرکەوتنی ژاک شیراک لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی ١٩٩٥ بۆ ئەو کاراکتێرە گەمژە و لائوبالییە دەگەڕێتەوە کە لە بەرنامەی تەنزیی "گینیۆل"دا لەویان دروست کردبوو).

بوونی مافی بلاسفێم لە فەڕانسە بەو مانایە نیە کە قانوون و دادگا هیچ جۆرە کۆت و بەندێکیان لەو بوارەدا دانەناوە. پاش ئەو سکاڵایانەی سەبارەت بە کاریکاتۆرەکانی پێغەمبەری ئیسلام لەدژی ڕۆژنامەی "شارلی ئێبدۆ" تۆمار کران، دادگای پاریس ڕایگەیاند کە ئەو کاریکاتێرانە دەچنە خانەی ئازادی ڕادەربڕین و خوڵقی هونەری، مەگەر ئەوە کە ڕۆژنامەکە بەئەنقەست، بەخۆڕایی و ڕاستەوخۆ بیهەوێ ناوی موسڵمانەکان بزڕێنێ (تشهیر)، یان لەم ڕێگەیەوە ببێتە هۆی هاندانی ڕق و قینی نیژادی و هەڵاواردن و توندوتیژی بەدژی وان. ئەوەی قانوون و دەوڵەت لە فەڕانسە لەو بوارەدا پارێزگاریی لێ دەکا خودی مەزهەب و سەمبولەکانی نیە کە دەکرێ لەلایەن هەر هاوڵاتییەکەوە و لە هەر شکڵێکدا ببردرێنە ژێر پرسیار و تیروتوانجیان تێ بگیرێ، بەڵکوو کەرامەت و ئاسایشی ئیمانداران و مافەکانیان لەبواری مەزهەب و بوارەکانی دیکەدایە.

ڕەنگە موسڵمانێک پێی وابێ کە کێشانەوەی وێنەی پێغەمبەر بۆخۆی گوناحە چ بگا بەوە کە کاریکاتۆری لێ دروست بکەن و ئەمە بە بێڕێزییەک لێک بداتەوە کە هەستی وی بریندار بکا و ببێتە هۆی پێشێل بوونی مافەکانی لەو بوارەدا. بێگومان ئەوە هەستێکی ڕەوا و شیاوی بەهێندگرتنە. بەتایبەتی لە وڵاتێک یان سەردەمێکدا کە هەستیاریی ئایینی و دابەشبوونی قووڵی ئێتینکی و کۆمەڵایەتی تێدا بێ، نووسەر و هونەرمەند هەروەک سیاسەتمەدار و میدیاکارەکان نابێ بێڕێزی بە پیرۆزییەکانی ئیمانداران (لە هەر ئایینێک) بکەن.

بەڵام ئەوەڵەن دەبێ بزانین کە کێشانەوەی وێنەی پێغەمبەر لە مێژووی ئیسلامدا هەمیشە و لە هەموو جێیەک قەدەغە نەبووە (تەنانەت دەگێڕنەوە کاتێک مەککە فەتح کراوە و بوت و نیشانەکانی "شرک" تێک شکێندراون، پێغەمبەر ڕازی نەبووە تاندێم و نیگارەکانی مریەم و عیسا مەسیح بشێوێندرێن). پاشان پێش ئەوەی هەڵوێست بگرین، پێویستە بزانین ئەو کاریکاتۆرانە چین و باسی چی دەکەن؟ لە زۆربەی ئەو کاریکاتۆرانەدا کە موسڵمانانیان بەدژی فەڕانسە پێ دنە دراوە، زۆر ڕوون نیە کە کاریکاتۆریستەکە بە فکری خۆی حەزرەتی محەممەدی کێشاوەتەوە یان هەر پیاوێکی موسڵمان. جیا لەوەش، لەو کاریکاتێرانەدا نەک هەر بێڕێزی بە پێغەمبەر نەکراوە بەڵکوو سیمای پێشەوایەکی دلۆڤان و مرۆڤدۆست لە پێغەمبەر پێشان دراوە. بۆ نموونە لەسەر دوو لە ناسراوترینی ئەو کاریکاتۆرانەی شارلی ئێبدۆ بڵاوی کردبوونەوە، لەوەیاندا کە پێش هێرشەکە کێشرابۆوە و ئەو هەموو خەڵکەی لەسەر کوژرا، لە زمان پێغەمبەرەوە نووسرابوو: "بێزار بووم بەدەست ئەو هەموو توندڕەوەوە.. چەند ناخۆشە گەمژەکان خۆشیان بوێی!" (مەبەست دیسان توندڕەوەکانە). لەو کاریکاتۆرەشدا کە پاش کوشتاری شارلی ئێبدۆ بڵاو کرایەوە، لە زمانی پێغەمبەرەوە نووسراوە "ئەمنیش شارلی ئێبدۆم. بەناوی کوژراوەکانەوە دەتانبەخشم!".

گرینگتر لە هەموو ئەو سەرنج و تێبینیە پێویستانە، مەسەلە ڕێژەیی بوونی دژکردەوەکان لە بەرامبەر بۆچوونی جیاواز و نەیاردایە، تەنانەت ئەو کاتەی پێمان وایە بێڕێزی بە باوەڕەکانمان دەکرێ. بەڕێز "دەلیل بووبەکر" ئیمامی مزگەوتی گەورەی پاریس لە نووسراوەیەکدا کە لەژێر ناوی "ڕاگەیاندراوی ئیسلام لە فەڕانسە" ساڵی ٢٠١٧ بەناوی ئەنستیتۆی ئەو مزگەوتەوە بڵاوی کردەوە ڕایگەیاند کە ئیسلامی فەڕانسە کۆماریخواز و مۆدێرن و پێشکەوتنخوازە، دژی جیهادیسم و توندئاژۆییە و هەموو ئەو ڕەوت و ڕەفتارانە ڕەت دەکاتەوە کە بەها کۆمارییەکانی فەڕانسە دەبەنە ژێر پرسیار، بەتایبەتی یەکسانیی ژن و پیاو (هەربۆیە دژی فرەژنیشە).

دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە مزگەوتی گەورەی پاریس تەئیدی کاریکاتۆرەکان بکا. هەستیاری بە موقەدەساتی ئاینی تا ئێستا لەلای مەسیحییەکانیش ماوە. هەر سەرەتای ئەمساڵ کاتێک ڕادیۆی "فرانس ئەنتێر" (کە ڕادیۆیەکی دەوڵەتییە)

گۆرانییەکی هونەرمەند "فردریک فۆمیّ"ی بڵاو کردەوە کە لەودا بێڕێزی بە عیسا مەسیح کرابوو، لەژێر تەوژمی نارەزایەتیی کاتۆلیکەکانی فەڕانسەدا بەڕێوەبەرایەتیی رادیۆکە ناچار بوو بەفەرمی "بەداخبوون"ی خۆی (بخوێنەوە داوای لێبوردن) لەو لەدەستدەرچوونەی رادیۆکە دەرببڕێ، شتێک کە هیچ کەس بە مۆڵەت (مجوز)ی سەربڕینی گۆرانیبێژەکەی لێک نەدایەوە! لە پێوەندی لەگەڵ کاریکاتۆرەکانیشدا ئەنستیتۆی مزگەوتی گەورەی پاریس وێڕای دەربڕینی بریندار بوونی خۆی لەو کاریکاتێرانە، دژکردەوەی توندوتیژ بەدژی ئەو کاریکاتۆرانە مەحکوم دەکا.

-----

لە بەرە بەری شۆڕشی فەڕانسەدا دوو ناوی کچانەی "ماری" و "ئان" لەنێو چین و توێژە هەژارەکان بەتایبەت ژنە خزمەتکارەکانی خانەوادە بۆرژواکاندا زۆر باو بوو. وای لێ هاتبوو ئەشرافییەکان ئەگەر بیانویستبا گاڵتە بە کەسێک بکەن یان بە کەمی بگرن، پێیان دەگوت "ماری - ئان". لە شۆڕشی فەڕانسەدا کە شۆڕش بوو بۆ ئازادی و یەکسانی و برایەتی، "ماریان" بوو بە هێمایەکی خەیاڵیی خەبات لە پێناو ئەو ئیدەئالانەدا کە هەمان ئەو ئیدەئالانەن کە لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ دروشمی مۆدێلی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فەڕانسەن.

بێگومان فەڕانسە وەک هەر دەوڵەتێکی خاوەن نفووزی دنیا، چ لە رابردوودا و چ ئەمڕۆ، لە نێوخۆیدا وەک روو بەدەرەوە، رەخنەش هەڵدەگرێ و پێویستە لە بەرامبەر بەرپرسایەتیی سەرشانی دەرهەق بە پێکهاتەکانی وەک دەرهەق بە رابردووی کۆلۆنیالی و ئایندەی مرۆڤایەتی ئازایانە راوەستێ. بەڵام واقعیەتی هاوکێشە ئینسانی و نێونەتەوەییەکانی ژێر سایە یان ژێر کاریگەریی فەڕانسە لەو وڵاتە و لە دنیادا هەرچییەک بێ، ئەو ئیدەئالانەی ماریان سەمبولیانە درۆ نەبوون و درۆ نین. ئیدەئالگەلێکن کە بۆ گەلی کوردیش پێویستن. هەر بۆیە هەم بۆ خاتری ئەو چرا داگیرساوەی مێژووی مرۆڤایەتی کە ماریان هێمایەتی، هەم تەنانەت لەبەر خۆشەویستیی خودا و پێغەمبەرەکەی، دروست نیە هەستیاریی مرۆڤی موسڵمانی کورد بە ئاقارێکدا بچێ کە ببێتە ئامێری ئۆرکێسترای ئەو ئاجێندا سیاسییە دەرەکی و مەبەستدارانەی پەرە بە کوشتاری بێهودەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ دەدەن و لایەنگری لێیان سیمای لێبوردە و دۆست خۆشەویستی کوردیان پێ دەشێوێ. زۆرینەی کورد موسڵمانە، بەڵام ئەو شەڕە شەڕی کورد نیە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

-----------------------------------------------------

## بەشێک لە وتووێژەکان

### تاراوگە و سیاسەتی کوردی. لە دیمانەیەک لەگەڵ ئاسۆی حەسەن زادە دا

**ئاسۆی حەسەن زادە: بانگی 'هەر ماوە قەومی کوردزمان' لە تاراوگە زۆر چاکتر دەنگ دەداتەوە**

**سازدانی دیمانە: خالید محەممەدزادە**

جێگەی تاراوگە و تاراوگەنشینیی کورد لە قسە و باس و دانیشتنەکانماندا هەمیشە بۆشاییەک بووە، بەو مانایە کە ئێمە هەتاکو ئێستاش کەمترین قسەمان لەسەر ڕۆڵی تاراوگە لە کەلتوری کوردیدا و بەتایبەتی کاردانەوەی تاراوگەنشینی لە سیاسەتی کوردیدا کردووە. هەربۆیە بە باشمان زانی لە چاوپێکەوتنێکدا ئەم پرسە گرینگە بوروژێنین و بیکەین بە سەرەتایەک بۆ باس و خواسی زیاتر. لەم پێوەندییەدا ڕووی پرسیارەکانم لە بەڕێز ئاسۆی حەسەن زادە دەکەم.

**پرسیار:** سەرەتا ئەگەر بۆم باس لە بیۆگرافی و ئەزموونی تاراوگەنشینیی خۆتان بکەن، و بڵێن چ شتێک ئێوەی لە دەرەوەی وڵات گیرساندۆتەوە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە:** ئۆتۆبیۆگرافی، واتە ئەوە کە مرۆڤ بۆخۆی باسی ژیان و ڕابردووی خۆی بۆ خەڵک بکا قەت کارێکی خۆش نییە، یا هەر نەبێ ئەمن زۆرم حەز لێ نییە. بەڵام بۆ ئەوەی پرسیارەکەی بەڕێزتانم بێ وەڵام نەهێشتبێتەوە، هەوڵ دەدەم لە گۆشەنیگای تەوەری وتووێژەکە واتە تاراوگەنشینیی کورد و سیاسەتەوە ئاماژە بە هێندێک شتی بیۆگرافیی خۆم بکەم. لەپێشدا دەمەوێ بڵێم کە بە باوەڕی من تاراوگە و سیاسەت دوو عونسوری کلیدیی سایکۆلۆژیی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤی کوردن. دەڵێن نووسەر بیەوێ و نەیەوێ هەر تاراوگەنشینە. ئەگەر ئێمەش پێناسەیەکی ڕووتی جوغرافی لە تاراوگە نەکەین و تاراوگە لە ڕەوشێکی نەخوازراوی ڕووحیدا ببینین و بە نەبوونی سەربەستیی تاکی ببەستینەوە، دەکرێ بڵێین کوردیش بیەوێ و نەیەوێ تاراوگەنشینە یا تاراوگەنشین بووە. هەرچی سیاسەتیشە، دەڵێن یەکێک لە نەخۆشییەکانی تاکی کورد ئەوەیە کە زۆر حەزی لە سیاسەتە، یان هەموو کوردێک دەیەوێ ببێ بە سیاسەتمەدار. ئەمن ئەوەم قەبووڵە کە کۆمەڵگەی سبەینێی ئێمە تەنیا بە ڕێژەیەکی دیاریکراو سیاسەتمەداری پرۆفشناڵی پێویستە و دەبێ زۆربەی هەرە زۆری

ڕۆڵەکانی کورد وێڕای پاراستنی هەستی سیڤیسم و نیشتمانپەروەری بۆ بواره غەیره سیاسییەکان هان بدرێن چونکە هیچ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەختەوەر و پێشکەوتوو نە تەنیا بە سیاسەتمەداران وەدیهاتووه و نە تەنیا لە سێبەری وانیشدا حەساوەتەوه! بەو حاڵەش نابێ ئەوه لەبیر بکەین کە بوونی کورد لە خۆیدا بوونێکی سیاسییه، چونکە قسە لە بەرزکردنەوەی شوناسێکە کە "ئەوانی دیکە" حاشای لێدەکەن و ئەوه بۆخۆی ژێستێکی سیاسییه، تەنانەت ئەگەر ئەو ژێستە لە سادەترین شتی وەک قسەکردن بە زمانی کوردیشدا خۆی بنوێنێ. دیموکراتیک نەبوونی وڵاتانی کوردنشینیش بە شێوەیەکی سروشتی سیاسەتکردن و تاراوگەنشینیی کوردی لێک هاڵاندووه. دیاره کوردێک بۆ ئەوەی سیاسەت بکا مەرج نییە هەمیشە ئاواره بێ، بەتایبەتی ئەگەر بە هێندێک جۆر لە سیاسەتکردن قەناعەت بکا. بەڵام کوردی ئاواره ناتوانێ بیر لە سیاسەت نەکاتەوه؛ سیاسەتیشی نەگرتبێتە پێش، سیاسەتە ئاوارەی کردووه.

هەرچی دەگەڕێتەوه سەر خۆیشم، وەک دەیان و سەدان هەزار کوردی دیکە، سیاسەت و تاراوگە دوو شاخسی دایمیی ژیانی منیش بوون. بیۆگرافیی من بە تاراوگە دەستپێدەکا و بەداخەوه تا ئێستا هەر بە تاراوگەیش چۆتە پێش. چالاکیی سیاسییش کە بەبێ ئەوەی بۆخۆم بەدوویدا چووبم وەدووم کەوتووه. ئەمن پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە بەغدا کاتێک باوکم و هاوڕێیانی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو خۆیان بۆ "ئاسۆ ڕوونەکەی مامۆستا هێمن" ساز دەکرد لەدایکبووم. لە سەردەمی ئازادیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە مەهاباد و پاشان هەر ڕۆژەی لە گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیاوین، و پاش ئەوەی جیهادچییەکان هەموو کوردستانیان داگیرکردەوه سەرلەنوێ کەوتینەوه ئەم دیوی سنوور. حەز ناکەم هیچ خەلەیەک بخەمە سەر خەرمانەی قسە و ڕوانینە باو و سوواوەکان، بەڵام دەبێ بڵێم کە تاراوگەکەی ئەوسا بەبێ ئەوەی بۆخۆم داوام کردبێ ئەمنی لە پرۆسەیەکی هەڵدان و خۆناسین هاویشت کە پرۆسەی پەروەردەیی کەشێکی شۆڕشگێڕی بوو. ئەگەر ڕاستە کە تاراوگەی دووەمم (ئەورووپا) فێری کردم کە ڕوانینێکی ئاوەڵا تر و بێگیان ترم لە شتەکان هەبێ و بەو قەناعەتەی گەیاندم کە بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن لە سیاسەتی کوردیدا پێویستە زۆر خوو و خدە و ڕێفلێکسی سوونەتی کە کۆمەڵناسیی سیاسیی کورد کاراکتەریزە دەکەن تەرک بکەین، بەڵام ناتوانم موتەئەسری دەورانی شۆڕشی شاخ لە تاراوگەی یەکەمم نەبم کە سەرەڕای هەموو بێبەشی و مەترسییەکی لەجیاتی هەموو دیارییەک پێشکەشی کردبووم، و سەرەڕای هەموو ئەو کەمایەسییانەی ئێستاش بەردەوامن، بۆ من یەکەمین و فێرکارترین قوتابخانەی ژیان و شوناس بووه و بە سۆز و ئەمەگەوه لێی دەڕوانم. ئەو قسەیە بۆیە دەکەم چونکە دەزانم ئەمڕۆ کەموکوورییەکانی بزووتنەوەی کورد زۆر لە ڕووناکبیرانی بە چەشنێک لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کردووه و بێزارییان لە هێندێک شت وای لێکردوون حەرفێکی موبهەمی "ڕۆشنگەری" بە هەزار بانگی ڕەوانی کوردایەتی نەگۆڕنەوه! ئەوه جێگەی داخە. من نائێم کە فەرەحترین نوێنوبان بۆ ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لە ماڵی دەسەڵات ڕاخراوه. بەڵام لاکردنەوەی لە ڕادەبەدەری ڕۆشنبیریش لە ئێلیتی سیاسی لە دنیای ئێمەدا کە زۆری ماوه ببێتە کۆمەڵگەیەکی موئەسساتی ڕەنگە کارێکی زۆر سوودبەخش نەبێ و قەناعەتی قووڵم هەیە

کە کۆمەڵگەی ئێمە لە حەوزەی قودرەتڕا نەبێ ڕیفۆرم ناکرێ. جگە لەوەش بە باوەڕی من هەنگاوە وردەکانی تاکی کورد ئەگەر لە ڕاستایەکی جیاواز لە حەزی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیشدا بن کە ئەمن پێم وایە ئەوە شتێکی باشە، دەبێ هەمیشە لە ڕاستای ئەو هەنگاوە گەورەیەدا بمێننەوە کە گەلەکەمان بەو جۆرە کە هەلومەرج دەرەتانی پێدەدا بۆ بردنە پێشی دۆزی کورد هەڵیدێنێتەوە.

سەبارەت بە پاشماوەی بیۆگرافییەکەم، کاتی خۆی بۆرسی خوێندنی دەوڵەتی فەرانسەم پێدرا و لەوێ ڕشتەی مافی نێونەتەوەیی (حقوق بين الملل)م تەواو کرد و ئێستاش خەریکی تێپەڕاندنی تێرمی کۆتایی دوکتۆرا هەر لەو ڕشتەیەدام. جگە لە کاری سیاسییش، چەند ساڵێک لە زانکۆی ستراسبورگ دەرسم گوتۆتەوە، و هۆگرییم بە نووسینی حقووقی و وەرگێڕانی ئەدەبی و هێندێک بوار و وردەخوونی دیکەش هەیە. سەبارەت بەوەش کە هێشتا لە تاراوگە بەندم، مرۆڤ لە هەر جێگایەکی ئەو دنیایە بێ دەتوانێ چقڵێکیش لە لەشی میللەتەکەی خۆی دەربێنێ. بەڵام داهاتووی خۆم لە کوردستان دەبینم و مانەوەی ئێستام لە دەرەوەی وڵات تەنیا دەگەڕێتەوە سەر هەلومەرج.

**پرسیار**: بەڕێز حەسەن زادە، بە حوکمی ئەوەی چەند ساڵە لە دەرەوەی وڵاتی، چ وێنەیەک لە دۆخی کوردەکانی ئەورووپامان بۆ دەکێشییەوە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە**: ئەمن کۆمەڵناسی کۆچبەری نیم. هیچ داتایەکی خۆماڵییش لە بواری دێمۆگرافیی موهاجرەتیدا شک نابەم کە بتوانم پشتی پێ ببەستم. تەرسیمکردنی پانۆڕامەیەک لە دۆخی کوردەکانی ئەورووپا کارێکی ئاسان نییە، چونکە نە هۆکاری لە دەرەوە گیرسانەوەی ئەوان و نە هەلومەرجی تایبەتی وڵاتانی ئەورووپایی وەک یەک نین و شتەکەش دەکرێ بەپێی تەمەن و دۆخی تایبەتیی هەر کام لە تاراوگەنشینان جیاواز بێ. پاشان مەسەلە ئەوەیە لە چ ڕوانگەیەکەوە چاو لە دۆخی کوردەکانی دانیشتووی ئەورووپا دەکەین. ئایا مەبەست باری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ئەوانە؟ ئەگەر کەیسی ئەو پەنابەرە کوردانەی لێدەرکەین کە بەداخەوە کاروباری سەقامگیربوونیان ڕوو لە لێژییە، لەسەریەک پێموایە کوردەکان لە شتە مەلمووس و عەینییەکانی ژیانی ئەورووپایان ناڕازی نین. بەڵام تاراوگە هێندێک دەرەنجامی رووحیی دژواری بۆ زۆر لە کوردەکان لێکەوتۆتەوە کە سەرچاوەکەیان هەم لە ئەزموونی ڕابردووی خۆیاندا نەهۆفتەیە هەم بە سەختییەکانی خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی مەنفاوە بەستراوەتەوە. هۆگۆ دەڵێ: "تاراوگە وەک بێخەوییەکی درێژ دەچێ". ئەمن دەڵێم تاراوگەنشین خەوی لێدەکەوێ، بەڵام خراپ دەنوێ. خۆشترین و سەرکەوتووترین ژیانیش لە دوورەوڵاتی ئەو چێژەی نییە. تاراوگەنشین کەسێکە کە وەک دەڵێن لە هەردووک دینان بووە، ڕیشەی هەڵقەندراوە و لە هیچ کوێیەک ڕاحەت نییە. لەلایەکی دیکەوە شەڕی نەسلەکان کە لە هەموو جێیەکی دنیایێ هەیە، بۆ بەشێک لە کوردەکان لە ئەورووپاش (وەک بۆ خەڵکانی دیکەی لە ڕۆژهەڵاتڕا هاتوو) دەستی وەدەستی شەڕی کەلتورەکان داوە و قەیرانی کۆمەڵایەتیی جۆربەجۆری لێ

پەیدا بووە کە بەداخەوە هێندێک جار لە تراژیک ترین فۆرمیدا خۆی دەرخستووە. ڕاست نابێ ئەگەر بڵێم کوردەکانی ئەورووپا لە دۆخێکی خراپدا دەژین. بەڵام بە سەداقەتیشەوە دەڵێم ئەورووپا بە هیچ جۆر ئەو "ئێلدۆرادۆ" (سەرزەمینی زێڕ)ە نییە کە هێندێک کەس حازرن گیانی خۆیانی بۆ بخەنە مەترسییەوە. ئەورووپا بۆ لاوەکان کە بیانەوێ درێژە بە خوێندن بدەن یان ئەوانەی هەوڵدەدەن لە دەرفەت و دەرەتانە شارستانی و تەکنۆلۆژییەکانی کەڵکی بەکەڵک وەربگرن گونجاوترە.

**پرسیار**: ئێستا دەمەوێ پرسیارەکەم تایبەت بکەم بە کوردەکانی ئێران. تا ئێستا کەمترین قسە لەسەر کوردە تاراوگەنشینەکانی ئێرانی کراوە و لە بنەڕەتدا بێدەنگییەکی گەورە باڵی بەسەر پرۆسەی تاراوگەنشینیی ئەواندا کێشاوە. جارێ ئایا مێژووی تاراوگەنشینی لای کوردەکانی ئێران بەتایبەت کۆچیان بۆ ئەورووپا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە**: کە باس لە تاراوگەنشینی وەک پەدیدە دەکەین دەبێ ڕوونی بکەینەوە مەبەستمان چییە. ئەمن تاراوگەنشینی لە بوعدە دەستەجەمعییەکەیدا تەنیا لە سازبوونی دیاسپۆرادا دەبینم. دیاسپۆراش کاتێک بوونی هەیە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی گەلێک لە هەندەران بگیرسێنەوە. هەربۆیە بۆ نموونە ئەگەر پەنجا ساڵ پێش ئێستاش کوردێک یان چەند کورد بۆ کاری سیاسی، بۆ خوێندن، بۆ عیلاج، بۆ مەئمووریەتی فەرهەنگی یان بۆ تەجارەت ڕوویان لە وڵاتێکی بێگانە کردبێ و لەوێ گیرسابنەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە مسۆگەر لەو وڵاتەدا لەو کاتەوە دیاسپۆرایەکی کوردی ساز بووە. دیاریکردنی مانگ و ساڵی ڕوونی سازبوونی دیاسپۆرا سەختە. ئەوەندەی من بزانم چ لە باری دیرۆکی گەیشتنی تاراوگەنشینان و چ لەڕووی حەشیمەتیانەوە، لەسەریەک کوردەکانی ڕۆژهەڵات لەدوای کوردەکانی باکوور و باشووری کوردستانن. سروشت و هۆکاری تاراوگەنشینییەکەیشیان کەمێک جیاوازە. ئەگەر بۆ نموونە تاراوگەنشینیی زۆربەی کوردەکانی باکووری کوردستان لە ئەورووپا زۆرتر سروشتێکی ئابووریی هەبووە (واتە ئەو کاتەی بەتایبەتی دەوڵەتانی باشووری ئەورووپا لە شەستەکان و حەفتاکاندا پێویستییان بە قوەتی کار هەبوو)، کوردەکانی ڕۆژهەڵات ئەگەرچی زۆر کەسیان هەر لە حەفتاکانەوە لە ئەورووپا جێگیر بوون، بەڵام ئەوانە زۆرتر نوخبە بوون و چالاکیش بووبن بەهۆی کەمبوونی ژمارەیان دیاسپۆرایان لێ ساز نەبووە. کەوابوو دەکرێ بڵێم مێژووی تاراوگەنشینیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە ئەورووپا زۆر تازەیە، و ئەگەر بەگشتی قسە بکەین دەتوانین بڵێین کە تاراوگەنشینیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە ئەورووپا لەدوای ئینقلاب پەرەی گرتووە. بەڵام تەنیا لە سەرەتای نەوەدەکانی زایینی بەولاوە دیاسپۆرای لێ ساز بووە و زۆرتریش سروشتێکی سیاسی و پەنابەریی هەیە.

**پرسیار**: ئایا تاراوگە چ شوێنێکی لەسەر کەلتور و سیاسەتی کوردەکانی ئێران داناوە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە**: ئەمن باس لەو تاراوگەیە دەکەم کە بۆخۆم لێی دەژیم، واتە ئەورووپا. کەلتوری هەر گەلێک وەک دایکی سیاسەتی ئەو گەلە نەخشی خۆی یاری دەکا. جا بۆیە با هەوڵ بدەین ئەو مەسەلەیە لە ڕوانگەی شوناسی کەلتوری و شوناسی سیاسییەوە چاو لێبکەین. سێ مانگ لەوە پێش لە بابەتێکدا کە بۆ وێبسایتی دیمانەم نووسیبوو، سەبارەت بە مەسەلەیەکی جیاواز لە تەوەرەی ئەم وتووێژە ئاماژەم بە قەیرانی شوناسی مرۆڤی کورد کردبوو. ئەو قەیرانی شوناسەی ئەمرۆ بەو مانایە نییە کە کورد پێشتر لە باری شوناسەوە ڕاحەتتر بووبێ، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە هەستی خۆناسینی کوردی ئەمڕۆ زیاتر پەرەیگرتووە. جا لە سەردەمێکدا کە گلۆبالیزم دەرگا و پەنجەرەی هەموو چوارچێوە سوونەتییەکانی هۆویەتی تاکەکانی بەزاندووە و لە کاتێکدا تەزادە زاتییەکانی هۆشیاریی سیاسیی کوردیش هەروا لەئارادان، قەیرانی شوناس بۆ تاکی کورد بوعدێکی حادتر بەخۆوە دەگرێ. دنیای ئەورۆ وای کردووە کە قەیرانی شوناس تاکەکانی زۆربەی کۆمەڵگەکان گیرۆدەی خۆی بکا. نووسەرێکی فەرانسەوی هەیە دەڵێ فرۆکەخانە ئاوێنەی دنیای ئەمڕۆیە، چونکە لە هەمان کاتدا سەمبوولی تێکەڵبوونی مرۆڤەکان و بەن نەبوونی ئەوانە. جا مرۆڤی کوردیش لەو نێوەدا شاز نییە. بەڵام شتەکە بۆ کورد هەستیارتر و بگرە ترسناکترە. ماوەیەک لەوە پێش لەگەڵ سیمایەکی سەرکردایەتیی کورد لە باشووری کوردستان لێمان ببوو بە "پۆلێمیک" لەسەر پرسی وڵامدەربوونی حکومەتی کوردی بە خواستە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک و کاردانەوەی لەسەر مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی سیاسی. تێزی بەڕێزیان ئەوە بوو کە نابێ لەبەر کارە چووکەکان کارە گەورەکان فیدا بکەین. ئەمنیش دەمگوت ئەگەر کارە چووکەکان جێبەجێ نەکەین ژێرخانی کارە گەورەکان بنکۆڵ دەبن، شارەگی قەزییەکەمان کە شوناسی کوردییە هەنجن هەنجن دەبێ و لە ئاخیریدا هەمووومان دەیدۆڕێنین. ئێوە ڕووداوەکانی ئەم زستانەی شارەکانی فەرانسەتان دیت. ئەوە بە باوەڕی من پێش ئەوەی قەیرانی بێکاری و بێ داهاتوویی و شتی وا بێ، قەیرانی شوناس بوو. بەڵام جیلی ئەورۆی فەرانسە قەیرانی شوناسیشی هەبێ، فکر ناکەم ئەو قەیرانە هەڕەشەیەکی حەیاتی لە شوناسی سیاسیی فەرانسەویبوون بکا. لە حاڵێکدا ئەگەر جیلی ئەورۆی کورد قەیرانی شوناسی هەبێ و ئەو قەیرانە تەنیا هۆکار و دەرکەوتی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیشی هەبێ، ئەوە دەتوانی بۆ شوناسی نەتەوەیی و سیاسیی کورد زۆر مەترسیدار بێ. ئەمن جارێ خوێندەوارییەکەم بە پلەیەک نەگەیشتووە کە لە بوونی نەتەوەیەک بە ناوی کورد وەشک بکەوم، بەڵام ئەمنیش دان بەوەدا دەنێم کە شوناسی سیاسیی کورد بەهۆی لەتلەتییەکەی و لەبەر ئەوەی هێشتا بە چاکی لە بێژینگ نەدراوە شوناسێکی زۆر ئاسیبپەزیرە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کوردەکانی تاراوگەش، پێموایە شوێندانانی تاراوگەنشینی لەسەر شوناسی ئەوان شوێندانانێکی پڕ لە پارادۆکسە. دیارە تاراوگەنشینیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە ئەورووپا لەبەر ئەوەی هەروەک عەرزم کردی مێژوویەکی کۆنی نییە، شوێنەوارەکانیشی لەسەر کەلتور و سیاسەتکردنی ئەوان جارێ بە دروستی قابیلی هەڵسەنگاندنێکی یەکجارەکی نین. لەڕاستیدا قسە زۆرتر لە پرۆسەیەکە کە لە حاڵی تێپەڕیندایە و ئێمە جارێ زۆرتر شاهیدی کاردانەوە

هەنووکەییەکانین تا دەرەنجامە درێژخایەنەکەی. هەڵبەت فکر ناکەم جۆری شوێنوەرگرتنی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە تاراوگە شتێکی زۆر تایبەتمەندیش بێ کە بەڕاستی پێویست بێ بەجودا لە کوردی پارچەکانی دیکە یا تەنانەت بەجودا لە موهاجیرانی هێندێک گەلی دیکە چاوی لێبکەین. لە باری کەلتوورییەوە، بەرەوڕووبوونەوەی فەرهەنگی کوردەکانی ڕۆژهەڵات وەک کوردی پارچەکانی دیکە و هی سەرجەم شەپۆلە کۆچبەرییە تازەکانی میللەتانی دیکە لەگەڵ فەرهەنگی وڵاتانی ئەورووپایی دەرفەتی زەقبوونەوەی جیاوازییە هۆوییەتییە ستروکتورییەکان و تەنانەت جۆرێک لە بەگژیەکدیداچوونەوە و یەکتر فرێدان بووە. قەیرانی شوناسی کەلتوریی کوردەکانی تاراوگە شتێکە کە تا ئێستا نە لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر کراوە نە هیچ دامودەزگایەکیش بە شێوەی سیستەماتیک مشورێکی لە ئاکامەکانی خواردووە. من باوەڕم بەوە نییە کە بۆ ئاسوودەتر ژیان کورد بەگشتی یا کوردی تاراوگە بەتایبەتی پێویستیی بە کلێشە و ستێریۆتیپی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆی هەبێ، بەڵام پێیشم وایە پێویستە کوردەکان هەڵاواردنێکی ئاگاهانەتر و دەستەجەمعیتر بکەن لەنێوان "چاک و خراپ"ی ئەوەدا کە دەبێ لە فەرهەنگی ئەورووپییەکان وەریگرن و "چاک و خراپ"ی ئەوەدا کە دەبێ لە کوردبوونی خۆیاندا بیپارێزن. هەرچی کەلتوری سیاسییشە، ڕەنگە بتوانین هەڵسەنگاندنێکی تۆزێک دڵخۆشکەرتر لە مەسەلەکە بکەین. کوردەکانی تاراوگە بەتایبەتی نوخبەکانیان پاش تێپەڕاندنی ساڵانێک لە وڵاتانی ئەورووپا بە شێوەهایەک لە سیاسەت و سەقافەت ئاشنا بوون کە لە باری سالمبوون و عەقلانیبوون و دیموکراتیکبوونەوە هەزار فرسەخ لەوەی لە ناوچەی خۆمان باوە لەپێشترە. ئەوە تەئسیر وەرگرتنێکی زۆر باش و بەکەڵکە کە سبەیرۆژ ئەوان دەتوانن لە کوردستان بەکاری بێنن و بەم جۆرە بە نۆرەی خۆیان یارمەتی بە سالمسازیی یاریی سیاسی و تەهوییەی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن. چونکە بەڕاستی مەقوولە و ڕەفتارە دیموکراتیک و مەدەنییەکان هەر ئەوەندە بەس نییە مرۆڤ پێیان ئاشنا بێ و لێیان حاڵی بێ بۆ ئەوەی بەڕاستی پیادەیان بکا و ئەگەر بمانەوێ وەک بەرازەکانی ساتیرەکەی جۆرج ئۆروێڵ نەکەین دەبێ لەنێویاندا بژین و تەمرینیان بکەین و سیکەدانەی هاووڵاتییانەمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فرەوانتر بکەینەوە. ئەگەر لە یەک ڕستەشدا بەتایبەتی باس لە کوردە تاراوگەنشینەکانی ڕۆژهەڵات بکەم، جیا لە سەرجەم بوارەکان کە هەروەک گوتم لەگەڵ کوردەکانی دیکە زۆر جیاواز نین، شتێکی کە تاراوگەنشینی لە شوناسی سیاسیی ئەواندا زیاتر لە کوردی پارچەکانی دیکە پرسیار و گومانی بۆ خوڵقاندوون مەسەلەی پێوەندیی نێوان هۆویەتی کوردیی ئەوان و ئەو قەوارە سیاسییەیە کە لەتەکەی خاکەکەیانی تێدا هەڵکەوتووە، واتە مەسەلەی "ئێرانیبوون."

ئەوە باسێکە کە زۆری هەڵدەگرێ و لە شوێنی دیکەشدا لەو بارەوە بۆچوونی خۆم دەربڕیوە.

**پرسیار**: کاک ئاسۆ، تاراوگە بۆ زۆر لە میللەتانی بێدەوڵەت شوێنێک بووە بۆ خۆناسین و خۆدۆزینەوە. بۆ نموونە جوولەکە توانی سوود لەم تاراوگەنشینییە وەربگرێ، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارە دەرەکییەکانی وەک پاڵشتی سیاسیی

نێوەدەوڵەتیش. بەڵام دەبینین کە تاراوگە بۆ کورد بەم شێوەیە نەبووە و هیچ کات نەبوو بە شوێنێک بۆ خۆناسین و خۆدۆزینەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بووە بە شوێنێک بۆ توانەوە و ونبوون. هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێننەوە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە:** ئێمە دەبێ شتی قابیلی موقایسە پێکەوە موقایسە بکەین. یەهوودی میللەتێکن کە ئەمڕۆ پشتیوانیی بەربڵاوی نێودەوڵەتییان لێدەکرێ. پشتیوانییەک کە کورد لێی بێبەشە. جیا لەوەش حاڵەتی یەهوودییەکان زاتەن لەگەڵ حاڵەتی کوردەکان زۆر فەرقی هەیە. یەهوودییش وەک کورد تووشی پەرێوەبیبوون و تەنانەت جاری وا بووە لە "تاراوگە"ش هەر سەرکوت کراون. بەڵام مێژووی جێگیربوونی یەهوودییەکان لە هەندەران مێژوویەکی چەندین سەدەیی و بگرە هەزارەییە. لەلایەکی دیکەوە فاکتەری مەزهەبی بە چەشنێک لەلای ئەوان دەوری هەبووە کە یەهوودییەکان لە هەر کوێوە هاتبن و بۆ هەر کوێ چووبن هەمیشە ئینسجامێکی کۆمۆنۆتاریستی زۆر بەهێزیان تێدا بووە. مێژووی دوورودرێژی دیاسپۆرای جوولەکە بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بۆتە هۆی ئەوە کە ئەوان بەشێکی ڕیشەدار لەو کۆمەڵگەیانە بن کە تێیاندا ژیاون و تەنانەت لە بەخشە کلیدییەکانی هەڵسووڕانی وڵاتیشدا نەخش و نفووزیان هەبێ. جا لەبەر ئەوەی هاوپێوەندیی قەومیشیان بەهێز بووە، ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە سوونەتێکی گەشەکردن و بەخۆوەژیوی کە هەر لە سەرەتاوە هەیانبووە و هەر هاتووە و ئەزموونی زیاتریان تێدا کەڵەکە کردووە، لە ئاخری سەدەی نۆزدەڕا تا ئەمڕۆ زۆر چاک بیخەنە خزمەت قەزیە سیاسییەکەیشیان. ئەسڵەن یەهوودییەکان بە یەکێک لە داهێنەرانی تەکنیکی لۆبیگەری و گرووهی فشار لە توێخی مۆدێرنیدا لەقەڵەمدەدرێن. دیاسپۆرای یەهوودی کە بە تەواوی دنیادا بڵاوبۆتەوە و لەنێو دەوڵەتە هەرە ستراتیژی و بڕیاردەرەکانیشدا حزووری هەیە، چەندین سەدە پێش دروستبوونی کیانی قەومیی ئەوان ساز بووە. لە زێهنی زۆر لە یەهوودییەکاندا خاڵی دەسپێک تاراوگە بووە (هەرچەند ئەمن وشەی تاراوگە بۆ زۆربەی یەهوودییەکان بە دروست نازانم) و خاڵی گەیشتن کیانی قەومی بووە. لە حاڵێکدا بۆ دیاسپۆرای کورد، کە دیاسپۆرایەکی زۆر کەمتەمەن و لە باری ڕێکخستنەوە نوتفەییە، خاڵی دەسپێک کوردستان بووە و تاراوگە بۆتە خاڵی گەیشتن، چونکە بۆ کوردی تاراوگەنشین کاتی بەجێهێشتنی ماڵ و خاکەکەی لێی نزیکترە و بەرگەهی ڕزگاریی تەواوی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دوورەدەست تر. کەوابوو کەیسی یەهوود ئەگەرچی ئەزموونی زۆری بۆ کورد تێدایە بەڵام کەیسێکی بە سروشت جیاوازە. ئەمن ئەگەر قەرار بێ ئەزموونی تاراوگەنشینیی میللەتێکی دیکە بکەمە خاڵی ڕجووع، زۆرتر چاو لە ئەزموونی ئەرمەنییەکان دەکەم چونکە لە باری ماوەی مانەوەوە لە تاراوگە (ئەگەرچی سێ هێندەی ماوەی مانەوەی کوردەکان لە تاراوگەیە) و لە باری ژمارەی تاکەکانی تاراوگەنشین و هۆکاری جێگیربوون و زەمینەی گەشەکردنیان زۆر لە هی کوردەکان نزیکترە، کەچی بۆ نموونە دەبینین لۆبیی ئەرمەنی لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا لۆبییەکی زۆر کاریگەر و بەهێزە و ئێستاش کۆڵەکەیەکی ئابووریی ئەرمەنستان نەخشی زیرەکانەی ئەرمەنییەکانی تاراوگەیە. لەولایشەوە تاراوگەنشینیی کوردەکان تاراوگەنشینییەکی زۆر سستر و کەمبەرهەم ترە.

**پرسیار**: سەبارەت بەوانەی تەمەنێکیان لە کوردستان تێپەڕکردووە و دوایە هاتوونە ئەوروپا (بەتایبەتی ژنان)، تۆ بڵێی ئەو قالبسازییە کە کۆمەڵی کوردەواری بەسەریدا سەپاندوون ئەوەندە ڕەوا و سازەندە و ڕەزایەتبەخش بێ کە تێکچوونی بەشێک لە بنەماکانی شایانی ئەوە بێ من و تۆ فرمێسکی بۆ هەڵوەرێنین؟

**ئاسۆی حەسەن زادە**: ئێستا لە بارەی ئەوەدا کە دەفەرموون تاراوگە نەبۆتە جێگایەک بۆ خۆناسین و خۆ دۆزینەوەی کورد بەڵکو جێگایەک بووە بۆ ونبوون و توانەوە، ئەگەر ئیجازەم بدەی ئەمن بە جۆرێکی دیکە چاو لە شتەکە دەکەم و پێموایە مەسەلەکە لەوە ئاڵۆزترە کە لە خانەی تەعریفێکی یەگانەدا جێگای بێتەوە. وەک بۆ زۆر مەسەلەی دیکەش هەموو شتێک بەوە بەستراوەتەوە کە ئایا کونجی ڕوانینمان کامەیە، چونکە بەپێی بوار و بەپێی ئەو گۆشەنیگایەی بۆ تێڕوانین هەڵیدەبژێرن ڕەنگە ئاکامگیرییەکان زۆر جیاواز بن. لە باری کۆمەڵایەتییەوە شکی تێدا نییە کە تاراوگە بەشێک لە کوردەکان بەتایبەت لاوەکانی تووشی جۆرێک لە ونبوون و توانەوە کردووە. تازە لێرەشدا شتەکە ڕێژەییە. باشە ونبوون لە چی؟ توانەوە لە چیدا؟ ستاندال دەڵێ: "نیشتمانی تۆ ئەو شوێنەیە کە زۆرترین ژمارەی لەو تاکانە لێ بێ کە وەک خۆت دەچن". ئێمە ساڵی ١٩٩٩ لەسەر داوا و ڕێنوێنیی کاک کەندال نزان لە پاریس یەکێتیی خوێندکارانی کورد لە فەرانسەمان دامەزراند و ئەمن وەک یەکەمین سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردرام. هەر لەو سەروبەندەدا سکرتێری لقی لاوانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن (ئەمنێستی ئینترناشناڵ) لە ستراسبورگیش بووم. ئەو دوو ئەزموونە پێیان نیشاندام کە بەڕاستی زۆربەی خەون و حەسرەتەکانی لاوێکی کورد لە هی لاوێکی بێگانە زۆر نزیکترن تا لە هی بەساڵداچوویەکی کورد. لاوێکی کورد کە لە ئەوروپا گەورە بووە یا تەنانەت لە ئەوروپا لەدایکبووە، نە شتێکی ئەوتۆ هەیە لێی ون بێ و نە شتێکی وایش هەیە تێیدا بتوێتەوە. بۆ ئەو ڕەنگە ژیان ڕووبارێکی مەیلەو ئارام بێ کە ئەگەر لاسای قسەی سیاسەتمەدارێک بکەمەوە بەشێکی کەمی بە خڕی ناوزەنگدا ڕۆیشتووە و بەشی زۆری لە کەنارەکانی دانووب تێپەڕیوە. قەزاوەت ناکەم کە داخوا گوزینە و ئاراستەکانی ژیانی ئەو لاوە چەندە گونجاون، تەنیا دەڵێم ئەو بۆ زۆر شت وەک هەر لاوێکی دیکەی موهاجر یا تەنانەت ئەوروپایی دەچێتە پێش. تەنانەت سەبارەت بەوانەی تەمەنێکیان لە کوردستان تێپەڕکردووە و دوایە هاتوونە ئەوروپا (بەتایبەتی ژنان)، تۆ بڵێی ئەو قالبسازییە کە کۆمەڵی کوردەواری بەسەریدا سەپاندوون ئەوەندە ڕەوا و سازەندە و ڕەزایەتبەخش بێ کە تێکچوونی بەشێک لە بنەماکانی شایانی ئەوە بێ من و تۆ فرمێسکی بۆ هەڵوەرێنین؟ کەوابوو سەرەڕای بوونی زۆر تایبەتمەندیی جوان و بەنرخی کۆمەڵی کوردەواری کە پێویستە نەوەکانی کوردی لە تاراوگە پێ ئاشنا بکرێن و هەوڵی پاراستنیان بدەن، لە باقیی لایەنە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکاندا من بە دروستی نازانم لە گۆشەنیگایەکی سیرفەن کوردییەوە لە مەسەلەی خۆناسین و خۆدۆزینەوەی کورد لە تاراوگە بڕوانین. ئەوەڵەن کێشەکە سیرفەن کوردی نییە، بەڵکو کەلتوری بە مانا فراوانەکەیەتی. پاشان هەوڵی سەپاندنی جۆرێک لە ئاکار و کرداری گۆیا کوردی بەسەر جیلەکانی کورد لە تاراوگەدا نە سەرکەوتوو دەبێ نە بەکەڵکیشە.

ئەوەی لێرەدا بۆ من گرینگە لایەنی سیاسیی خۆناسین و خۆدۆزینەوەی کورد لە تاراوگەیە. ئەوەی کوردەکان لەچاو یەهوودییەکان یا ئەرمەنییەکان تێیدا کەمیان هێناوە، بواری سیاسیی شوناسی کوردییە. کەمهێنانەکەش لە یەکگرتن و نیهادسازی و ڕێکخستنداپە نەک لە هەست و نەستی تاکەکاندا. ئەگەر مەوریدی لاو و منداڵە کوردەکانی ئەورووپای لێدەرکەین کە پێویستە بەجیا و ئاگاهانە چاوەدێری بکرێ، بە باوەڕی من تاراوگە بۆ زۆربەی کوردانی تاراوگەنشین ڕێک جێگایەک بووە بۆ خۆناسین و خۆدۆزینەوە. لەبیرمە کاتێک کوردستانم بەجێهێشت زۆر لەمێژ بوو فرچکم بە کوردبوون گرتبوو، بەڵام بەجێهێشتنی کوردستان بوو کە ئەوینی نیشتمانەکەمی بە یەکجاری لە دڵمدا چەسپاند و کردیشی بە فەریحەیەک بۆ ئەوەی دواتر بزانم کە لە سیاسەتیشدا لایەنگری کام جۆر لە کوردایەتیکردن بم. ئەگەر هەتا ئەودەم کوردبوون لە نائاگای مندا بەڵێنێک بوو، خەونێک بوو، سروودێک بوو، شتێکی نامەلمووس بوو، ئەوجار کوردبوون لێم بوو بە زامێک، بە ختووکەیەک، بە شتێکی هەموو ڕۆژی و هەموو کات هەستپێکراو کە دەبوو لە هەناوی لەمەولا بەخەبەری خۆمدا ئیدارەی بکەم. بۆ نموونە لە یەکەمین ڕۆژی سەفەردا بە سەرنجدان بە جیاوازیی گەشەکردن لەنێوان ناوچە کوردییەکان و ناوچە تورکنشینەکانی تورکیەڕا بوو کە زانیم لەو ڕێگایەدا کە پێیدا رادەبردم سنووری کوردستان کوێیە. لە تەواوی ئەو ساڵانەدا کە لە ئەورووپا بووم یەک ڕۆژیش نەبووە شتێک کوردبوونی خۆمم وەبیر نەهێنێتەوە. هەوەڵەکانی کە تازە هاتبووم، لە هەر جێگایەک فەرهەنگێکم دیتبا یەکسەر دەپەڕیمە سەر ئاخیرەکەی کە بۆ بەشی ناوەکان تەرخان کراوە هەتا لە پیتی "ک"دا بگەڕێم داخوا وشەی کوردستانی تێدایە؟ زۆر فەرهەنگم دەدین کە ناوی کوردستانیان تێدا نەبوو (هەروەک چۆن کە ئەودەمیش هێشتا زۆر کەس هەبوون نەیاندەزانی کورد بەری چ باخێکە و دەبوو بۆیان ڕوون بکەمەوە).

کاتێکیش وشەی کوردستانم لە فەرهەنگێکدا دەدیتەوە، خۆشحاڵییەکی بێسنوور دایدەگرتم، لائیرادی بزەم دەهاتێ، هەر دەتگوت ناوی خۆمیان تێدا تۆمار کردووە! کاتێک چووین بۆ خوولی فێربوونی زمان، ئەو وەجبە بۆرسیەی منی تێدا بووم (بەداخەوە) هەر هەموومان کوڕە سەرکردە و کچە سەرکردە بووین کە لە سێ پارچەی کوردستانەوە هاتبووین. هەر ڕۆژەکانی هەوەڵ لەگەڵ چەند قوتابیی فارس و عەرەب ئاشنا بووین. کاتێک گوێیان لە ئێمە بوو کە لەنێو خۆماندا بە کوردی قسە دەکەین و وشەی فارسی و عەرەبی زۆر بەکار دەبەین، گاڵتەیان پێدەکردین و دەیانگوت وریا بن هەموو شتێکتان لێ حاڵی دەبین، کوردی زمان نییە و لەو قسانە. ئیدی هەر ئەودەم کۆبوونەوەم بە کوردەکان کرد و پێمگوتن کە کاتێک لەلای ئەو زڕخزمانە پێکەوە بە کوردی قسە دەکەن، نابێ یەک وشەی فارسی یا عەرەبیش بەکار بێنن. دوایە کوردییەکەمان ئەوەندە پاراو و داتاشراو ببوو کە زۆر جار بۆخۆمان لە یەکتر نەدەگەیشتین و لە قاقای پێکەنینمان دەدا... ئەو ڕۆژانە تێگەیشتم کە بانگی "هەر ماوە قەومی کورد زمان" لەلای دوو بیانی و لە تاراوگە زۆر چاکتر دەنگ دەداتەوە تا لەنێو هەزار کورد و لە کوردستان. سەرتاسەری ئەو دە ساڵ و تۆزەی لە ئەورووپا بووم پڕە لە بیرەوەریی لەو بابەتە. دڵنیام ئەزموونی هەموو کوردەکانی تاراوگەیش پڕە لە شتی وا. کەوابوو بە پێچەوانەوە دەڵێم کورد لە تاراوگە چاکتر خۆی دیتەوە و چاکتر خۆی

ناسی. ئەگەر سەرنج بدەی ئەو هەستە بەتینە نەتەوەیی و پان-کوردییەی ئەمڕۆ لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بڵێسە دەدا یەکەم جار لە ئەورووپا گڕیگرت، چونکە لەوێ بوو کە کوردی هەر چوار پارچە بە ئازادی یەکتریان دیت(ەوە) و پێکەوە ئاشنا بوون(ەوە). لە تاراوگە بوو کە بۆ یەکەم جار بێژەرانی دیالێکتە کوردییەکان دەگەڵ هەڤدی بە" سۆرمانجی" ئاخافتن. لە تاراوگە بوو کە ئاڵای کوردستان تەکسیر کرا. لە ئەمریکا و ئەورووپا بوو کە راگەیەنەی گشتیی جیهانی بە زمانی کوردی دامەزرا. کارم بە بوعدە سیاسی و حیزبییەکەی نییە. تەنیا دەمەوێ بڵێم کە لە باری سیاسییەوە نەک هەر کوردی تاراوگە خۆی لێ ون نەبوو، بەڵکو خۆناسینی ئەوان یارمەتیی بە چاکتر لەخۆحاڵیبوونی کوردەکانی کوردستانیش کرد. ڕادیکاڵترین کوردپەروەرەکانی ئێمە ئەوانەن کە سەردەمێکیان لە تاراوگە تێپەڕاندووە. ئەمن قەت سیاسەت و ئارەزوو تێکەڵ ناکەم. بەڵام بوونی ئەو عونسورە رادیکاڵە کوردییەی پەروەردەی تاراوگە کە هەمیشە لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد شتێک ئەولاتر داوا دەکا بە شتێکی زۆر باش دەزانم، بە مەرجێک کە بزانێ لە کاتە هەستیارەکاندا بەرپرسانە بجووڵێتەوە. ئەوە سەبارەت بە تەشخیسی من لە خۆناسینی سیاسیی کوردەکانی تاراوگە. بەڵام ئەو جێگایەی کە دەبێ هەق بە جەنابت بدەم بریتییە لە عەجزی سەرتاسەریی کوردەکانی تاراوگە بۆ بەهرەبەردارییی بە قەولی فارس بەهینە لەو هەستە بەهێزە نەتەوەیییە. کوردی تاراوگە و لەنێو ئەوانیشدا کوردی ڕۆژهەڵات بەو هۆیانەی ڕەنگە دواتر باسیان بکەین بەداخەوە هێشتا نەیتوانیوە بە جۆرێک بەسەر کۆسپە دابەشکەرەکاندا باز بدا کە شوناسی نەتەوایەتیی خۆی لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بە شێوەیەکی هەمەلاگیر و ڕێکخراو بباتە پێش.

**پرسیار**: لەنێو کوردە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتدا جۆرێک بێبەرنامەیی و لێکترازان و یەکتر قەبووڵ نەکردن دەبینرێ، بە شێوەیەک کە دەتوانین بڵێین شتێک بە ناوی جالییەی کوردی ئێران لە دەرەوەی وڵات بوونی نییە، هۆکاری ئەمە چییە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە**: جالییە هەیە، بەڵام لۆبیمان نییە. شەرمەندەم کە لە وڵامەکانمدا ناچارم شتەکان فراوانتر چاو لێبکەم و هەر باسی "کوردی ئێران" نەکەم. دەردەکە هەر دەردی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، دەردی هەموو کوردە. تۆ هەر بەشێکی کوردستان بگری یان لە ئاستی پێوەندیی نێوان هەموو پارچەکانیشدا چاوی لێ بکەی سەرنج دەدەی کە بێبەرنامەیی و لێکترازان و یەکتر قەبووڵ نەکردن لەنێوان ڕۆڵەکانیدا هەر هەیە. باسی یەهوودییەکانمان کرد کە خاوەنی فاکتەرێکی بەهێزی ئینسجامبەخشن. دوو کورد لە هەر کوێ تووشی یەکتر بن کوردبوونەکەیان لێکیان نزیک دەکاتەوە، بەڵام کوردبوونی ئەوان ئەگەر لە باری عاتیفییەوە گرێدەرە، لە باری ڕوانین و لە مەیدانی کردەوەدا هێندەیش ئینسجامبەخش نییە، چونکە تەفسیرەکانیان لە کوردبوون و کوردایەتی هەمیشە وەک یەک نین. من هەرسێکی ئەو ئاوەڵناوانەی جەنابت لە پرسیارەکەتدا هێناوتن لە پەرش و بڵاویدا خولاسە دەکەمەوە. کار و هەوڵ و پرۆژە زۆرن، تەنانەت هێندێکیان هاوبەشیشن، بەڵام لەسەریەک پەرش و بڵاون و بوردیان کەمە. سەرچاوەی سەرەکیی ئەو پەرش و

بڵاوییەش بەر لە هەموو شتێک دابەشبوونی کوردستانە. بە باوەڕی من ئەگەر هەر ئەوڕۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێ و قەڵەمڕەوەکەشی تەواوی خاکی کوردستان لە هەر چوار پارچە بێ، شوێنەوارەکانی دابەشکرانی کوردستان هەتا سەت ساڵی دیکەیش بە تەواوی لاناچن. ئەوە هەندیکاپێکە کە کورد بۆوەی بتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ دەبێ فێر بێ لەگەڵی بژی. دیارە خوێندنەوەی تەنیا مێژوویی دیاردەکان قەت ئەمن ڕازی ناکا و سازکردنی عوزرێکی موتڵەق و ئەبەدییش لە دابەشبوونی کوردستان بە ڕێگەچارەیەکی زۆر ئاسان دەزانم و پێم دروست نییە. بە باوەڕی من زۆر شتی دیکە لەو کێشەیەدا دەخیلن کە هێندێکیان سروشتێکی ستاتیکیان هەیە و هێندێکیشیان ئەوڕۆیین. کورد بە سروشت بنیادەمێکی سەرکێشە. مرۆڤێک کە هەورامانتەختی دەستەمۆ کردبێ ڕەنگە هەروا ئاسانیش بە چوارچێوە خۆکردەکان دەستەمۆ نەکرێ. هۆکارێکی دیکە کە دەیبینم ڕێکەوتێکی مێژووییە کە ئەمن لەو لایەنەوە زۆرتر وەک بەدشانسیی کورد چاوی لێدەکەم. ئەویش ئەوە کە ئەو سەردەمەی ئێستا کە کورد تێیدا بە شێوەیەکی چارەنووسساز هەستاوەتە سەر پێ، سەردەمی هەموو کۆمپلێکسەکانە، سەردەمێکە کە دەتوانین ناوی بنێین سەردەمی فرەچێتی یا تەعەددود و کیسەرەت گەرایی لە هەموو شتێکدا، لە کێشەکاندا، لە حەزەکاندا، لە ئامانجەکاندا، لە شوناسەکاندا، لە دەرفەتەکاندا، لە قەرائەتەکاندا، لە هەرچی بتەوێ. ئەو تەعەددودە وای لە بنیادەمی ئەمڕۆ کردووە کە دەتوانێ دەستی وە هەموو شتێک ڕابگا و پێبوایە هەموو شتێکی پێدەکرێ، بەڵام هەر لەو کاتەدا هەموو شتێک لەچاو جاران ئاڵۆز تر و پرتەگەرە تر و پڕ دەردیسەر ترە. جا ڕەنگە ئینترپرایزی نەتەوەیی تەنانەت لە شکڵە فەرهەنگییەکەیدا لە سەردەمی ئاوادا و ئەویش لە پێوەندی لەگەڵ گەلێکی وەک گەلی خۆماندا زۆر ئاسان نەبێ. کە چاو لە ئەزموونی گەلانی دیکە دەکەین کە کیانی خۆیان دامەزراندووە یان بە ئازادی گەیشتوون، دەبینین کە ئەگەر "یانسیب"ی مێژووشیان بۆ دەرنەچووبێ و لە سایەی فاکتەرە دەرەکییەکانیشەوە لەپڕێک نەبووبن بە کوڕێک، لانیکەم لە هەنگاونانی خۆیاندا نەکەوتوونەتە بەر ڕەهێڵەی ترازێنەری ئەو فاکتەرانەی ئەمڕۆ ئینسجامی بەشەری لە هەر چوارچێوەیەکدا لاواز دەکەن.

**پرسیار:** باشە ئەحزابی کوردی لەو پێوەندییەدا دەتوانن چ ڕۆڵێکیان هەبێ؟ ئایا ئەوان تا چەندە دەتوانن ئەم درزەی نێوان کوردەکانی دەرەوەی وڵات پڕ بکەنەوە و بۆچی نەیانکردووە؟

**ئاسۆی حەسەن زادە:** ئەساسەن ئەمن پێموایە مرۆڤی کورد دەبێ ئەو فکرە لە مێشکی خۆی وەدەرنێ کە هەرچی کارە هەر بە حیزبە کوردییەکان دەکرێ یان ئەگەر قەرار بێ کارێک بکرێ دەبێ بێ ئەملا و ئەولا بە کەناڵی پارتە سیاسییە کوردییەکاندا تێپەڕێ. ئەگەر ڕاستە کە لە کوردستان بەداخەوە بەبێ پشتیوانی یا هەر نەبێ ئۆکەی حیزبەکان کەم پرۆژە سەردەگرن، خۆ تاراوگە و ئەورووپا کوردستان نین کە ئەحزاب موخاتبی ئەرجەحی دامودەزگا دەوڵەتییەکان بن. حیزبە کوردییەکان بۆخۆیشیان لە تاراوگە هەر ناچارن نیهادگەلێکی غەیرە سیاسیی خاوەن کەسایەتیی حقووقی دابمەزرێنن بۆ

ئەوەی بیانکەنە تەرەف مەعامەلەی نیهادە دەوڵەتییەکان. بەگشتی چ لە کوردستان و چ بەتایبەتی لەو تاراوگەیەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، پێویستە مرۆڤی دڵسۆز و شارەزای کورد ئەمڕۆ متمانەی بە هێزی خۆی و خەللاقییەتی خۆی هەبێ و هەستی ئینیسیاتیڤ (ئیبتکار) لە خۆیدا پەروەردە بکا. ڕاستە سیاسەت کاتالیزۆری هەموو شتێکی کۆمەڵە، بەڵام کۆمەڵگەیەکی بەختیار و پێشکەوتوو زۆر زیاتر و ئەولاتر لە سیاسەتی پێویستە. لێوەشاوەترین و بەرپرسیارترین سیاسەتمەدارەکانیش لە کۆمەڵێکی خەولێکەوتووی دەست و پێ سپیلکەدا دەبن بە ئۆلیگارشییەکی گەندەڵی بێتەحەممول. بۆ زۆر کار و پرۆژە لەسەر ئەحزاب پەک نەکەوتووە. زۆر کار و پرۆژە هەن تەنانەت ئیشی ئەحزاب نین. بۆ نموونە سازکردنی سیستەمێکی فێرکاریی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی وڵاتانی تاراوگە بۆ منداڵانی کورد لە چوارچێوەی مەنهەجێکی زانستیی یەکدەستدا کە دەوڵەتانی ئەورووپایی تەمویلی بکەن کارێکی یەکجار پێویست و حەیاتییە. من زۆر خەم بەوەوە ناخۆم کە پەنجا ساڵی دیکە نەوەی سێیەمی کورد لە تاراوگە لە ژیانی تاکەکەسیی خۆیدا گوزینەکانی کامانە دەبن، هەستان و دانیشتنە کۆمەڵایەتییەکەی کوردی دەبێ یا کوردی نابێ، مادام نەوەیەکی سالم و سەرکەوتووی لێدەرچێ. لە عەوەزدا زۆر بۆم گرینگە کە ئەو نەسلانەی دوایە کە دێن بە کوردی قسە بکەن و بخوێننەوە و بنووسن و مێژووی میللەتی خۆیان بناسن و هەستی نەتەوەییان ئەوەندە تێدا بەهێز بێ کە لە سەرکەوتنە جۆربەجۆرەکانیان لە بواری هاوگونجی (ئینتێگراسیۆن)دا بە قازانجی قەزیەی سیاسیی میللەتەکەشیان کەڵک وەربگرن. جا بۆ نموونە ئەو ئەمرە گرینگەی خوێندنی کوردی شتێکە کە دەکرێ لە دەرەوەی ئەحزابیشدا جێبەجێ بکرێ. کورد لە دەرەوە کەسانی پسپۆڕ و دڵسۆزی زۆرە ئەگەر زۆرتر بێنە مەیدان و چاکتر قۆڵ لە بەجێگەیاندنی ئەرکە مەدەنی- نەتەوەییەکانیان هەڵماڵن. من تەنیا کەمایەسییەکی تێیاندا دەبینم ئەوەیە کە ئیستعدادی وێکحاوانەوە و پێکەوە کارکردنیان کەمە. زۆر جار دەبینی لە بوارێکی زۆر گرینگ و "پیرۆز"دا پرۆژەیەکی گەورە و هیوابەخش وەڕێخراوە، کەچی دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن یەک، دوو کەسەوە یان ڕکەبەرییەکی ناسالم و تەنانەت گوێپڕووچکێنەیەکی لەسەری ساز بووە بۆتە هۆی شکست یان هەر نەبێ کەمتر سەرکەوتنی پرۆژەکە. زۆر بواریشمان هەن کە بەڕاستی هیچیان بۆ نەکراوە. بۆچی دەبێ ئەلحەیات و شەرقولئەوسەت لە هەموو کیۆسکێکی شارەکانی تاراوگە هەبن بەڵام بۆ دەرمانیش کورد تاقە یەک دانە ڕۆژنامەی کوردیشی لە ئەورووپا نەبێ؟ ئایا هەتا کەنگێ کوردی تاراوگە لە بوونی ڕایەڵکە خزمەتگووزارییە سەرتاسەرییەکان کە هی خۆی بن بێبەش بێ؟ ئایا بەڕاستی بە قازانجە کە هاوکات لە هەمان پێتەختی ئەورووپاییدا چەندین نوێنەرایەتیی کوردی (چ ئەوانەی سیاسیین و چ ئەوانەی فەرهەنگیین) ئیددیعای ئەوە بکەن کە نەخشی سەفارەتی کوردستان یاری دەکەن؟ بۆچی دەبێ کوردی تاراوگە نەتوانێ سیستەمی کۆپێراتیف (هەرەوەزی) لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بەتایبەتی لە بواری بەرهەمهێناندا دابمەزرێنێ و بە کوردی لەسەر بەرهەمەکانی بنووسێ؟ ئایا بەڕاستی ئیمکانی ئەوە نییە کە کورد بۆخۆی و بە دامودەزگا و ڕێکخراوەی خۆیەوە لەگەڵ دیاردەگەلی وەک توندوتیژیی ناموسی خەبات بکا و زێهنییەتەکان تێکهەڵشێلێ و دیالۆگێکی بەسوود لەنێوان نەسلەکانی تاراوگەنشینیدا جێگیر بکا؟ چما ئەورووپییەکان لە خۆمان باشتر ئێمە دەناسن؟

سەبارەت بە نەخشی حیزبەکانیش لەو نێوەدا بەڕاستی بە پێویستی نازانم بە شێوەی تایبەتی باسی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات بکەم. مەسەلەکە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە. یا باسی شتی سیرفەن سیاسی و حیزبی دەکەین یا مەبەستمان کاری نەتەوەیی بە مانا گشتییەکەیەتی. لە حاڵەتی یەکەمدا کار کاری حیزبەکانە و دەبێ کوردەکان ڕێخۆشکەر و یارمەتیدەر بن، لە حاڵەتی دووەمدا کار کاری کوردەکان خۆیانە و دەبێ حیزبەکان ڕێخۆشکەر و یارمەتیدەر بن. ڕاستە کە لە تاراوگەش حیزبەکان و خەڵک زۆر ئاسان لێک جیا ناکرێنەوە. مەبەستی من چوارچێوەیە: کەسێک دەتوانێ لە چوارچێوەی حیزبەکەشیدا کاری سیاسی بکا و لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەشدا خزمەتی میللەتەکەی بکا. سەبارەت بە کارە حیزبییەکان، من پێموایە وێڕای گوێڕاگرتن و ئیلهاموەرگرتن لە خەڵکی تاراوگە، پارتە سیاسییە کوردییەکان دەبێ هەوڵ بدەن چ لە ئاستی هەر پارچەیەکدا و چ لە ئاستی سەرتاسەریی کوردستاندا پێوەندی و هاوکارییەکانیان لە تاراوگە بە چەشنێک نەهادینە بکەن کە بە قازانجی چوونەپێشی هەموو مەسەلەی کورد تەواو بێ. ئەحزابی کوردی بۆ ئەوەی لە دەرەوەی وڵات پێکەوە هاوکاریی گەورەتر و چارەنووسیتریان هەبێ و بۆ ئەوەی لەلای بێگانەکان یەکقسە بن قەت لەسەر ئەوە پەکیان نەکەوتووە کە هەموویان هەمان ستراتیژیی سیاسی تاقیب بکەن. ئێرە کوردستان نییە؛ زۆر شت هەیە کە لە تاراوگە بە جۆرێکی دیکە مەترەحە. بە باوەڕی من شکستی هێندێک ئەزموونی وەک کۆنگرەی نەتەوەیی و شتی لەو بابەتەش نابێ پارتە پێشڕەوە کوردییەکان لە هەوڵی دامەزراندنی نیهادگەلێکی نەتەوەیی هەمەلاگیر هەڵگێڕێتەوە. کوردی پارچە جۆربەجۆرەکان ئەگەر بۆ دەوڵەتی کوردییش خەبات نەکەن هەر دەبێ پێکەوە فۆرومێک، شتێک ساز بکەن. لەبەر ئەوەش کە تا ئێستا تەنیا پارچەیەکی کوردستان ئازاد کراوە، بەبێ شک مەیدانی ئەسڵیی کار و تێکۆشانی ئەو جۆرە نیهادانە هەر تاراوگە دەبێ. یەکێک لە خەونەکانی من ئەوەیە کە لەگەڵ نوخبەی کوردییەکانی دەرەوەی وڵات، ئەوانەی هێشتا حیزبایەتی ئاسۆی بیر و کردەوەی تەواو تەسک نەکردوونەوە، بتوانین ئێنجیۆیەکی موعتەبەر ساز بکەین کە لە فۆرومە نێونەتەوەییەکاندا نوێنەرایەتیی یەکدەستی کورد بکا و سیغەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژێک کورد لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لانیکەم کورسیی چاودێری پێ ببڕێ، وەک چۆن گەلانی بوومیی دنیا هەیانە. دووپاتی دەکەمەوە ئەوە کە ئێمە لە ئاستی بۆ نموونە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا یا هەموو کوردەکاندا پرۆژەیەکی گەورەی نەتەوەیی وەڕێخەین یان کار بکەین بۆ پەرەپێدانی ڕووحی نەتەوەیی - کە مەرج نییە تەنیا بە مانای سەربەخۆییخوازییش بێ- ئەمە هیچ لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە هەر کاممان لە پارتێکی سیاسیی کوریدا کار بکەین لە دژایەتیدا نییە. ناڵێم شتی وا قەت ئیستکاک ساز ناکا، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو دوو شتە زاتەن ناساز نین. ئەوە سەبارەت بە شتی سیاسی. سەبارەت بە شتی دیکەیش کە سیرفەن سیاسی و حیزبی نیین بەڵام ڕاندومانی نەتەوەییان ئەگەر لە شتی سیاسی و حیزبی زیاتر نەبێ کەمتر نییە، هەروەک عەرزم کردی قەتیسهێشتنەوەی هەوڵی لەو بابەتە لە چوارچێوەی ئەحزابدا بە کارێکی هەڵە و مەحکوم بە شکست دەبینم. حیزبەکان لەسەریانە کە نەک هەر ئیبتکارە سەربەخۆیەکان بۆخۆیان نەقۆزنەوە، بەڵکو بۆخۆیان دەسپێشخەر و

ڕێنیشاندەری خەڵک لەو بوارانەدا بن. هەربۆیە ئەگەر دۆستایەتی و پێوەندیی نێوان حیزبەکان نەهادینە بکرێن، شانسی سەرکەوتنی ئینیسیاتیڤە نەتەوەییە غەیرە حیزبییەکانیش زیاتر دەبێ.

**وەک دوایین پرسیارم، پێم باشە بپرسم پێشنیاری ئێوە سەبارەت بە باشتر بەکارهێنانی تاراوگەنشینی لە سیاسەتی کوردیدا چییە؟**

**ئاسۆی حەسەن زادە:** قەت کەس بە ڕووک بوون نەمردووە. با ئێمەش خەت لەبن شتێک بدەین. بەگشتی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد قەت لە بەرامبەر تاراوگەنشینیدا سیاسەت و بەرنامەیەکی ڕوونی نەبووە. وەک بۆ زۆر شتی دیکە، لەوەشدا هەڵوێستەکان زۆر جار هەڕەمەکی و لە کورتخایەندا بوون. دوورمان نەڕوانیوە و تەنانەت جاری وا بووە بەدەستی خۆمان دیاردەی ڕۆیشتن بۆ تاراوگە و تاراوگەنشینیمان کردووە بە فورسەت و بیانوویەک بۆ جێگیرکردنی کەشی بێوەفایی و ئەمەگنەناسی. دیارە ئەو مەسەلەیە هۆکاری زۆرن و نایشتوانم زۆر خۆمی لێ بدەم. ئەگەر کەیسی کوردەکانی باکووری کوردستانی لێدەربکەین کە لەوێ کۆچبەری بۆ دەرەوەی وڵات مێژوو و سروشت و حەجمێکی جیاوازی هەیە، بەداخەوە زۆر جار تاراوگەنشینی هۆکارێکی ونبوونی زمانی هاوبەش لەنێوان تاراوگەنشینان و سەرکردایەتیی سیاسیی کورددا بووە. ئەمن هەمیشە ترسی (ڕاستی یا بە قەستیی) ئەو کەسانەم کە دەیانگوت "ئەگەر ئاوا بڕوا هەتا بیست ساڵی دیکە کوردستان یەک کوردی تێدا نامێنێ" پێ ترسێکی بێبنەما و پێکەنیناوی بووە. ئەو قسەیە هەمیشە تیۆرییەکەی مالتووسی ئابووریزانی وەبیر من دەخستەوە کە مەرگ و میری دانیشتووانی ڕووی زەویی بە شانسێک لەقەڵەمدەدا بۆ ئەوەی بەرەکەتەکانی سەر ڕووی زەوی بەشی هەموو لایەک بکا! بە باوەڕی من بوونی دیاسپۆرای کوردی بەتایبەتی لە ئەورووپا و لە ڕۆژئاوا بەگشتی نەک هەر شتێکی خراپ نییە بەڵکو دەکرێ زۆریش بەکەڵک بێ ئەگەر ئێمە بزانین دیاسپۆرایەکی چالاک و لێزان و نیشتماندۆست پەروەردە بکەین. دەڵێن "هیوایەک ئەگەر هەبێ ئەو هیوایە لە تاراوگەڕا دەگەڕێتەوە". بەخۆشییەوە جیلی ئەمڕۆی دانیشتووی کوردستان زۆر وشیار و لێهاتوویە و ئەگەر ئێلیتی حاکمی خۆماڵی بە باشی دەرفەتەکەی پێکبێنێ دەتوانێ لە داهاتووی نزیکدا کوردستان بکاتە ژینگەیەکی تەواو سەردەمییانە. بەڵام کوردەکانی تاراوگەیش شتیان زۆر پێیە و چ لە کوردستان و چ لە تاراوگە دەتوانن هێزی ئینسانیی خۆیان بە باشترین شێوە و بە چەشنی جۆربەجۆر بۆ خزمەت بە مەسەلە ڕەواکەمان بەکاربێنن. بەوێنەی زۆر شتی وەک مەسەلەی ئەندامەتیی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا، بوونی دیاسپۆرای کوردیش لە ڕۆژئاوا فاکتەرێکی حاشاهەڵنەگری بەنێونەتەوەییکردنی دوفاکتۆی مەسەلەی کوردە. جا ئەگەر کوردەکان و پارتەکانیان بزانن ئەو هێزە ئینسانییە باشتر ڕێکخەن، نەهادسازیی بۆ بکەن، پلانی درێژخایەنیان بۆی هەبێ، ئەو دیاسپۆرایە لە تاراوگە زۆر بەکەڵکتر دەبێ تا ئەوەی بگەڕێتەوە کوردستان. بەڵام لەو لایشەوە دەبێ ئاگامان لەوە بێ کە بەدەستی خۆمان کوردستان لە نوخبەکان تەسفیە نەکەین و نەک هەر دەبێ پێش لە هەڵاتنی مێشکەکان بگیرێ، بەڵکو

دەبێ زۆر زیاتر لە ئێستا نوخبە کوردییەکانی تاراوگە بۆ گەڕانەوەی یەکجاری و بۆ خزمەتی دایمی بە گەلەکەمان هان بدرێن. کەوابوو شێلگیرترین هەنگاو بۆ باشتر بەکاربردنی تاراوگە لە سیاسەتی کوردیدا ئەوەیە کە بە جۆرێکی دیکە چاو لە تاراوگەنشینی بکرێ. من نالێم دەورانی شۆڕشی شاخ تازە بۆ هەمیشە چۆتە نێو ئالبۆمی وێنەکانمان، بەڵام لەگەڵ هەموو ڕێز و ستایشێک کە بۆ فیدراکارییەکانی نەسلی پێش خۆم قایلم، پێم وایە ئێمە چی دیکە نابێ قودسیەت و شەرعییەتی شۆڕشگێڕی بکەینە چاویلکەی خوێندنەوەی هەموو شتێک. وەکی دیکەش فکر زۆرن، قسە زۆرن، پێشنیاری چاکیش هەموو کەس دەتوانێ بیکا. بەڵام قسە لەوەیە داخوا چەند کەس حازرن جێبەجێیان بکەن و چەندەیش ڕێگایان پێدەدرێ جێبەجێیان بکەن. لە تاراوگە زۆر کەناڵی حقوقی، دیپلۆماسی، مێدیایی و ... هتد هەن کە کوردەکان هەر بەتاقیشیان نەکردوونەوە. بەڵام بەهەرحاڵ ئەمن لەوە کە داخوا لە کورتخایەندا سیاسەتی کوردی چەندە کوردی تاراوگە بە کوڕی شایستەی خۆی قەبووڵ دەکا زۆر نیگەران نیم و هیوام هەیە کە لە ماوەیەکی کەمدا تاراوگە زۆر زیاتر لە ئێستا دەبێتە مەیدانی پرسەرکەوتنی بزاڤی سیاسیی هەموو کورد. بەڵام دڵنیا نیم کە لە درێژخایەندا کورد بەگشتی لە ئەزموونی تاراوگە وەک شانسێک و وەک بەستەرێکی بەرێز بۆ ساغکردنەوە و پەرەپێدانی شوناسی خۆی کەڵک وەربگرێ. هیوادارم ترسەکەم ترسێکی بێجێ بێ. نابێ لەبیرمان بچێ کوردستانیش ئازاد بێ، تاراوگەنشینی هەر درێژەی دەبێ.

سەرچاوە: ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە - ڕێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠٠٦

-----------------------------------------------

## حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی گەنج دەکاتەوە

**ئامادەکردنی: سۆران پاڵانی.**

ئاسۆی حەسەن زادە، کوڕی مامۆستا عەبدوڵای کەسایەتی ناسراوو سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە لەکۆنگرەی ئەم دواییەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، گەنجترین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەیانە. ئەو کە تەمەنی ٣٢ ساڵە، لە ٢٩ی سێپتەمبەری ١٩٧٦ لەبەغدا لەدایکبووە. کۆلیجی یاسای نێودەوڵەتی لەزانستگای فەرەنسا تەواوکردووە. لەزانکۆی ستراسبۆرگ مافی سیاسی و مافی مرۆڤ و کەمایەتییەکانی گوتۆتەوە. ئێستا لە ئەنستیتۆی توێژینەوەی نێونەتەوەیی جنێڤ لەبەشی مافی نێونەتەوەییدا، مامۆستای یاریدەدەرە.

**ئاسۆی حەسەن زادە سەبارەت بەپێگەی ژن و ئەندامە گەنج و دێرینەکانی حیزبی دیموکرات دەدوێت.**

**پرسیار**: ئێوە بۆچی لەم کۆنگرەیەدا ناوی حیزبتان نەگۆڕی؟ بۆچی دروشمی حیزب و ئارمی حیزبتان گۆڕی بەڵام ناوی حیزب وەک خۆی مایەوە؟

**وەڵام**: سەرەتا با دوو شت ڕاست بکەمەوە. کۆنگرەی چاردە تەنیا بڕیاری گۆڕینی ئارمەکەی پەسند کردووە و ئەوە کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوە کە دەبێ لەسەر هێمایەکی نوێ بڕیار بدات. هەرچی ناوی حیزبیشە، ئەوە کە گۆیا ئەو گۆڕانکاریيانەی پێناسەی حیزب کە ئەو کۆنگرەیە پەسەندی کردوون ناوی حیزبی نەگرتۆتەوە ڕاست نیە، چونکە ناوی حیزبیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئێمە لە پاش ٦ی دێسامبری ٢٠٠٦ ەوە تا کاتی بەستنی کۆنگرەی چاردە بە شێوەی ڕەسمی لە ژێر ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان - ئێراندا درێژەمان بە خەبات و تێکۆشانی خۆمان داوە، بەڵام لە کۆنگرەدا ناوی حیزب کرا یان باشتر وایە بڵێم کرایەوە بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. کەوابوو ناوی حیزبیش گۆڕانکاریی تێدا پێک هاتووە. ئەنگیزەی هەموو دەسکاریيە سیاسیيەکانیش یەک شتە کە ئەگەر پوختی بکەمەوە بریتیيە لەوە کە ئێمە بەبێ ئەوەی ئەو واقعییەتە سەختەی مەسەلەی کورد کە هێشتا موعتەبەرە لە خۆمان ون بکەین، پێویست بوو خەت و ڕوومایەک لە هۆویەتی سیاسی بکەینە هی خۆمان کە وڵامدەری ئاستی هەنووکەی وشیاریی نەتەوەیی و قۆناغی ئەمڕۆی مەسەلەی کورد و داخوازیيەکانی گەلەکەمان بێ. کۆنگرەی ئێمە دەرفەتی هاویشتنی چەند شەقاوی دیکە بوو لەڕێی پوخت کردنەوەی گوتاری نەتەوایەتیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات بە چەشنێک کە هێندەی دیکەش شوێنەوارەکانی هێژێمۆنیی ئێلیتی حاکم لە ئێران و سنووربەندیيە ئیدئۆلۆژیکە بەسەرچووەکان لە پێناسەی جەوهەریی مەوجوودییەتی سیاسیی خۆمان داماڵین. دیارە ئەو شتانە تەنیا بەرهەمی کاری ئێمە و ئەو کۆنگرەیەمان نین و دەکەونە نێو چوارچێوەی پرۆسەیەکەوە کە بە شێوە و ڕادەی جیاواز لە دوایین کۆنگرەکانی حیزبەکەماندا وەڕێ کەوتبوو و لەلای ئەحزابی دیکەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش بەرچاو دەکەوێ. لە ڕوانگەی منەوە هیچ کام لەو گۆڕانکاریيانە پێوەندیيان بە لەتبوونی حیزبەوە نیە و قەناعەتم وایە کە بەبێ لەتبوونی حیزبیش پێویست بوو کۆنگرەی ئەمجارە ئەو گۆڕانکاریيانە بکات. ئێستا کە لایەنی بەرامبەری ئێمەش کۆنگرەی لە پێشە هیوادارم ئەوانیش گۆڕانکاریی لەو چەشنە بکەن، چونکە ڕۆژ ڕۆژی ئەوەیە کوردی ڕۆژهەڵات قورس و قایمتر، باوەڕبەخۆتر و یەکگرتووتر لە ڕابردوو خۆی بەوانی دیکە بناسێنێ و لەگەڵیان بکەوێتە مامەڵەوە. کردەوەی هاوبەش ڕوانینی هاوبەش و وتاری هاوبەشی دەوێ. بۆ ئەوەش پێویستە پارتە سیاسیيەکانمان لە بواری خۆ پێناسەکردندا هەماهەنگیيەکی لانیکەم زیمنیيان لەگەڵ یەکدی هەبێ بۆ ئەوەی دواجار هەموویان پێکەوە بەو ئاراستەیەدا بڕۆن کە لە بەرژەوەندی بزوتنەوەدایە بەبێ ئەوەی مەودای سیاسی و فکریی زۆر گەورە بخەنە نێوان خۆیانەوە.

**پرسیار**: ئایا ئەو ناوەی پەسندتان کردووە نابێتە هۆی ئەوەی کە کۆسپ لەسەر پەیوەندیيەکانتان دروست بکات لەگەڵ

**لایەنی بەرامبەر کە ئەوان لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئێوە مەرجی ناو گۆڕینیان دانابوو؟**

**وەڵام**: ئێمە لەو کۆنگرەیەدا هیچ بڕیارێکمان نە لەداخ و نە لەبەر دڵی ئەم لایەن یا ئەو لایەن نەداوە. بێ ئەوەی لە داوی ئەوە بکەوین کە هۆویەتێکی ساختە بۆخۆمان ساز بکەین، لەسەر بەستەری حیزبی دێموکراتی مێژوویی ئەوەی بە دروستمان زانیوە بیهێڵینەوە هێشتوومانەتەوە و ئەوەش کە پێمان وابووە دەبێ بگۆڕدرێ گۆڕیومانە. ئێستا ئایا ئەو ناوەی حیزب کە لە کۆنگرەدا پەسند کراوە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێوەندیی نێوان ئێمە و هاوڕێیانی ئەوبەرمان دەبێ، هەر ئێستا ئەوان بە دەرکردنی راگەیاندراوێک وڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە کە هیوادارم ئەوە دوا قسەیان نەبێ. ئەو هەڵوێستەی وان ئەگەر لە نێوەرۆکدا چاوەڕواننەکراو نەبوو، لە دەربڕیندا چاوی ڕەشی هەموو ئەو کەسانەی کاڵ کردەوە کە بە هۆی ئەو تەزاد و نەوەسانانەی لە راگەیاندنی واندا بەرامبەر بە ئێمە هەیە ئومێدێک لە دڵیاندا چەکەرەی کردبوو بەوە کە رەنگە ئەو هاوڕێیانەمان بە قەناعەت هێنان بە راستییەکان و بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی پرۆسەی تەتبیع لە نێوان ئێمە و ئەوان کە ئارەزووی دڵسۆزانی یەکڕیزیی کوردی رۆژهەڵاتە و ئێمەش بە ئیمانەوە پێشوازیی لێ دەکەین دەست پێ بکات. لەڕاستیدا کێشەکە کێشەی ناو نیە. دڵنیام ئەگەر ئێمە ناوی خۆمان بنێین "پارتی ژێنگەی ئەفریقای جنووبی"یش، ئەوان هەر بە خەنیمی پلە یەکی خۆیانمان دەزانن. ئێمە هەر ئێستا دوو ناوی تەواو لێک جیاوازمان هەیە و ئەوان بۆخۆشیان دەزانن کە ئەو مەرجەیان چەندە ناڕەوا و چەند ناواقعبینانەیە. کێشەکە کێشەی ئەقلییەتێکە کە دەبێ بگۆڕدرێ. ئەو ئەقلییەتە ئەگەر لە رابردوودا بۆخۆشمان کارمان پێ کردبێ، دەرکەوتووە بە زیانی گەلەکەمانە و گەلەکەمان لێی بێزارە. ئەوجار با شتێکت پێ بڵێم: ئەمن دەمهەوێ رۆژێک ئەو دوو حیزبە لەسەر بنەمایەکی قایم یەک بگرنەوە. دڵنیا بە ئەگەر چ لە ناو و چ لە هۆویەتی سیاسیدا زۆر لێک دوور کەوتینەوە، ئەوودەم ئیدی قەت یەک ناگرینەوە!

**پرسیار**: مەسەلەی دروشمی ستراتیژی کە پێکهێنانی کۆماری کوردستانە لە چوارچێوەی ئێراندا جەنابتان لە کتێبی "فیدرالیزم بۆ کورد، فیدرالیزم بە کوردی"دا ئەم پێشنیارەتان کردووە. ئەمە داوا و پێشنیاری تۆ بوو بۆ کۆنگرە؟

**وەڵام**: ئەمن چوار ساڵ لەمەوبەر لەو نووسراوەیەدا ئەوەم گوتبوو و دواتریش لە هەیئەتی نووسینەوەی بەرنامە و پێڕەوی حیزبدا کە تێیدا ئەندام بووم باسم کردۆتەوە. بەڵام نەخشی من لەو تازەگەرییەدا هەر ئەوەندەیە کە کەسێک دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ رای گشتی و بە هیچ جۆر ئیزن بە خۆم نادەم بڵێم هی من بووە. نەک هی من، بەڵکوو هی ئێمەش نیە، هی مێژوویەکی رەسەنە کە چوارچراکەی بە درێژایی ئەو شەست و چەند ساڵە لە هەناوی هەموو شۆڕشگێڕانی وڵاتپارێزی کورددا بریسکەی داوە. ئێمە تەنیا ئیلهاممان لەو مێژووە وەرگرتۆتەوە و پێم وایە وەختی ئەوە هاتبوو ئەو کارە بکەین.

**پرسیار**: دەڵێن ئەم دروشمە تازەیەی ئێوە هەڵتان گرتووە هی پارتی ئازادیی کوردستانە. لەو بارەیەوە چ دەڵێن؟

**وەڵام**: ئەو نامیلکەیەی من کە ئیشارەت پێ کرد دوو ساڵ پێش کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە ئازیزە نووسراوە. هەرچەند دووپاتی دەکەمەوە کە کەس بە باوکی ئەو دروشمە تازەیە نازانم. وەک پێشتر عەرزم کردی ئەمن قازانجی گەلەکەمان لەوەدا دەبینم کە پارتە سیاسییەکانمان لەسەر ئەو شتە بنەڕەتییانەی پێوەندییان بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە هەیە کۆک و هاودەنگ بن. ئەگەر شتێک بە قازانجی مەسەلەکەمانە با هەموومان بیکەین، گرینگ نییە کێ هەوەڵ کردوویەتی. ئەوە جیا لەوە کە کۆماری کوردستان ئیبداعی هیچ حەیی و حازرێک نییە. بەڵام سەبارەت بە خودی دروشمەکەی ئێمە و نزیکایەتیی لەگەڵ دروشمی پارتێکی دیکە، من پێم وایە ئەو دروشمەی ئێمە زیاتر لاقی لەسەر عەرزێن چونکە هەر لەوێدا دەڵێ کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا. جیا لەوەش دەکرێ دوو کەس شتێک تاو بدەنێ و وەک یەکیشیان پێ هەڵنەگیرێ.

**پرسیار**: دیارترین ئاڵوگۆڕەکانی کۆنگرە چی بوون؟ ئایا دەتوانین ئەم کۆنگرەیە بە کۆنگرەی ریفۆرمی حیزبی دێموکڕات ناو بەرین کە بۆ یەکەم جارە ٨ رۆژی خایاند؟

**وەڵام**: ئەوە کە کۆنگرە چەند رۆژی خایاندووە بە تەنیا خوودیی خۆی شتێک ناگەیەنێ. گرینگ ئەوەیە لەو چەند رۆژەدا چ کراوە. هەر کۆنگرەیەک دەبێ لەبەر رووناکایی ئەو دۆخەی تێیدا دەبەسترێ و ئەو چاوەڕوانییانەی لێی دەکرێ هەڵسەنگێندرێ. ئایا کۆنگرەی ئێمە کۆنگرەی ریفۆرم بوو؟ بە دڵنیاییەوە بەڵێ! ئایا کۆنگرەی هەموو ریفۆرمەکان بوو؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر! بە دڵنیاییەوە بۆ پێداچوونەوە و نوێبوونەوە چەند هێندەی تر کار ماوە کە دەبێ لەمەبەدوا بکرێن. بە زۆر هۆ بەداخەوە نەمانتوانی خەڵکی دەرەوەی حیزب وەک شایەت و چاوەدێر بێنینە نێو کۆنگرە. تەنیا دەتوانم لێرەدا وتەی کەسایەتییەکی بێلایەن کە حیساب لەسەر خۆی و بۆچوونەکانی دەکرێ و وەک میوان لە کۆنگرەی ئێمەدا بەشدار بوو بە نیشانە بێنمەوە کە پاش کۆنگرە نووسیبووی ئەو کۆنگرەیە کۆنگرەیەک بوو کە دەبوو نەک هەر ئەحزابی کورد و ئێرانی بەڵکوو هی ناوچەش لێی فێر بن. ریزکردنی هەموو ئەو کارانەی ئەو کۆنگرەیە کردوونی لە کەلامێکدا زۆر دژوارە. بۆ من ئەو رێگایەی ئێمەی گەیاندە ئەو ئاکامانە لە خودی ئاکامەکان کەمتر نییە. بۆ یەکەمجار لە مێژووی حیزبدا لە نزیک بە ساڵێک بەر لە کۆنگرەوە کۆمەڵانی خەڵک و رووناکبیران لە پرۆسەی شەففافی ئامادەسازیی فکریی کۆنگرەدا بەشدار کران. بەپێچەوانەی کۆنگرەکانی رابردوو کە هەمیشە بەرنامە و پێڕەوی پێشوو دەکرایە بنەمای دەسکارییەکان، ئەم جارە دەقێکی تەواو تازە لە بەرنامە و پێڕەو بۆ باس و تاوتوێ خرایە بەردەم کۆنگرە. لە کۆنگرەدا فەزای یەکجار دێموکراتیک و ئاستی تێگەیشتوویی و بەشداریی چالاکانەی نوێنەران بە چەشنێک بوون کە لە زۆر بڕگەدا باسەکان زۆر زیاتر لە رادەی

ماقووڵیان دەخایاند و کۆنگرە وەک دەڵێن قوربانیی دەستی سەرکەوتنی خۆی بوو. بۆ من زۆر خۆش بوو کە ئێستاش کەس نەیتوانی ئەساسێکی ناعەقلانی بۆ دابەش کردنی بەشدارانی کۆنگرەم بداتێ و بەهەق کۆنگرە کۆنگرەی گوڵ کردنی هزر و هەڵوێستی تاکەکان بوو. لەباری سیاسی‌یەوە دیارترین ئاڵوگۆڕ قووڵکردنەوە و پوخت کردنەوەی ویست و وتاری نەتەوایەتی بوو. ئێمە هەروەها شارتێکی حقووقیی دەوڵەمەندترمان بۆ نیهادەکانی حکوومەتی کوردستان تەنزیم کرد و خوێندنەوەیەکی نوێشمان لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک پەسند کرد. لە ئاستی نێوخۆی حیزبدا گرینگی‌دان بە موشارکەتی دێموکراتیک و نەخشی بەدەنە، دێسانترالیزە کردنی دەسەڵات و ئیجماعی کردنی مێکانیزمی بڕیاردان، ڕێزگرتنی ڕەنگاوڕەنگی‌یەکانی نێو حیزب و بەرەسمی ناسینی مافی پێکهێنانی گرووپ و ڕەوتی فیکری لە حیزبدا، قبووڵ کردنی مافی رادەربڕین و ڕەخنەگرتنی ئەندامانی حیزب تەنانەت لە دەرەوەی حیزبدا، و هەروەها هێندێک گۆڕانکاری لە ستروکتوری ڕێبەرایەتی و دانانی هێندێک ئۆرگانی نوێ وەک ناوەندی لێکۆڵینەوە و پلاندانان شیاوی ئاماژە پێکردنن. جیا لەمانەش بە پەسند کرانەوەی دەقی هێڵە گشتی‌یەکانی ڕێبازی ئێمە لە ڕاپۆرتدا و پەسند کرانی کۆمەڵێک بڕیارنامە هێندێک پرەنسیپی نوێ لە بواری بەخۆداچوونەوە و مایەدانان بۆ ڕا و بۆچوونی خەڵکی دەرەوەی حیزب و ڕێکارەکانی بەستنەوەی زیاتری حیزب بە کۆمەڵگا و ئەکتیڤتر کردنی چەرخی تێکۆشانی حیزب لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا باشتر نەهادینە بوون. شتێکی دیکە کە جێی خۆیەتی قامکی لەسەر دا بنێم دەستاودەست کردنی دەسەڵاتە: ئەگەر هەتا ئێستا ئەو بۆچوونە باو بوو کە نەسلی سێهەم و چوارەمی حیزبی دێموکڕات قەت مەیدانی خۆ تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەیان پێ نەدراوە، لە ئەنجامی ئەو کۆنگرەیەدا ئەو دەرەتانە بە تەواوی دروست بوو. سەرەنجام پێم خۆشە بڵێم کە ئەو کۆنگرەیە کە بێگوومان کەموکوڕیی خۆیشی هەبوو، لەو بارەوە تایبەتی بوو کە بە شێوەی نەگوتراو سەنتێزێکی مەعقوولی ساز کرد لەنێوان نوێبوونەوە و ڕەسەنایەتی، لەنێوان ئیدئالیسم و واقیعگەرایی، لەنێوان ئازادی و ئینسجام،... هتد.

**پرسیار**: تۆ وەک گەنجترین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە کۆنگرە هەڵی بژاردووی تا چەند پێت وایە کە ئەم کۆنگرەیە توانی بەشداریی ژنان و گەنجان دابین بکات؟

**وەڵام**: ئێمە هەم لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەدا و هەم لە خوودی کۆنگرەدا مێکانیزمی تایبەتمان بۆ هەڵبژاردنی ژنان دانابوو. لە ئاکامدا ڕێژەی نوێنەرانی ژنی بەشدار لە کۆنگرەدا گەیشتە چوار هێندەی ڕێژەی بەشداری‌یان لە کۆنگرەکانی پێشوودا و ژمارەیەکیش لە تێکۆشەرانی ژن هاتنە نێو ڕێبەرایەتیی حیزب. هەر ئێستا پێنج ژن ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبن کە سێ کەسیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیین و پێشبینی دەکەم پاش دیاری کرانی ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی ژمارەی یەکجاری‌یان لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا بگاتە حەوت تا هەشت کەس، شتێک کە لە مێژووی حیزبدا تەواو بێوێنەیە. سەبارەت بە لاوان نە لە کۆنفرانسەکاندا و نە لە کۆنگرەدا هیچ مێکانیزمێکی تایبەت لە نەزەر نەگیرابوو کە دەکرێ ئەوە

وەک کەمایەسییەک چاو لێ بکەین. بەو حاڵەش لانیکەم زیاتر لە یەک لە سێی نوێنەرانی کۆنگرە لە لاوان پێک هاتبوو و لە کاتی هەڵبژاردنی رێبەریی حیزبیشدا ئەگەرچی جگە لە یەک کەس تەواوی ئەو هاوڕێ بەئەزموونانەی چاوەڕوانیی خۆ کاندید کردنیان لێ دەکرا خۆیان کاندید کرد و لەحاڵێکدا ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەر وەک خۆی مایەوە (٢١ کەس)، بەڵام پێنج شەش کەس لە کادرە لاوەکانی حیزب وەک ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. دەزانم بەشداریی سیاسی تەنیا لە هەڵبژاردندا چڕ نابێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ پێم وایە کۆنگرەی چارەە بۆ بەشداریی ژنان و لاوان لە بەڕێوەبردنی حیزبدا نەمامێکی چاکی چەقاندووە.

**پرسیار**: لەو کۆنگرەیەدا کەسانی دێرینی نێو حیزبی دێموکڕات وەک مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە، جەلیل گادانی، ...هتد کۆمیسیۆنێکیان پێک هێناوە. دەڵێن ئەم کۆمیسیۆنە لە ژێرەوە بەرنامە بۆ حیزب دادەنێ و سەرکردایەتیی لە دەستدا دەبێ و سەرکردایەتیی حیزب ناتوانێ بێ ئەم کۆمیسیۆنە هیچ کارێک بکات. وایە؟

**وەڵام**: جارێ ئەو کۆمسیۆنە تەنیا لەو کەسە دێرینانەی ناوت بردن پێک نەهاتووە و زۆربەی ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە سەر بە نەسلی تێکۆشەرانی پاش ئینقلابی ئێرانن. پاشان ئەوە ئەوان نەبوون کە ئەو کۆمیسیۆنەیان پێک هێنا، بەڵکوو ئەو ئۆرگانە لەژێر ناوی کۆمیسۆنی پارێزگاری لە ئەساسنامەی حیزب لە دەقی ئەو بەرنامە و پێڕەوەدا هاتووە کە گەڵاڵەکەی بە هاوفکری لەگەڵ رووناکبیران و بە هیممەتی کەسانی کارناس لە بواری یاسا و سیستمە دێموکراتیکەکاندا ئامادە کرابوو و کۆنگرەش پەسندی کرد. ئەو کۆمیسیۆنە ئەگەرچی سروشتی کارەکەی تازەترە، بەڵام لە حیزبی دێموکڕاتدا بێ پێشینە نییە و پێشتریش ئۆرگانی لەو چەشنەمان هەبووە. هەمیشە لە سیستمە دێموکراتیکە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی‌یەکاندا ئۆرگانێک بۆ پێڕاگەیشتنی ئەو سکاڵایانە پێک دێ کە پێوەندی‌یان بە چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی یاسای بنەڕەتی‌یەوە هەیە. ئەو کۆمیسیۆنە شتێک نیە جگە لەمە بەڵام لە ئاستی نێوخۆیی حیزبێکدا. لەلایەکی دیکەوە ناکۆکی‌یەکانی پێش لەتبوونی حیزب نیشانیان دا کە خوودی بەرنامە و پێڕەو دەکرێ وەک ئامرازێک بۆ مونقەلیب کردنی مێکانیزمە دێموکراتیکەکان و تەجاوز بە رووحی مەتن بەکار ببرێ. بۆیە دانانی ئەو کۆمیسیۆنە لەو روانگەیەشەوە مووەجە بوو. بەڵام سەبارەت بەو تیر و توانج و ناو و ناتۆرانەی ئەم رۆژانە لەو ئۆرگانە دەدرێ، بۆ ئاگاداریتان ئەم کۆمیسیۆنە هیچ دەسەڵاتێکی ئیجرایی نییە و سەڵاحییەتی هیچ بەرنامەدانانێکیشی نییە. بۆ نموونە ئێستا کە ٧حەوتوو لە تەواوبوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرە تێ‌دەپەڕێ، تەواوی ئۆرگانە هەڵبژێراوەکان و زۆربەی کۆمیسیۆنەکان چەندین کۆبوونەوەیان گرتووە بەڵام ئەو کۆمیسیۆنە تاقە یەک کۆبوونەوەشی نەگرتووە. هۆیەکەشی ئەوەیە بەپێی سروشتی حقووقیی کارەکەی هەتا سکاڵایەکی ئەساسنامەیی نەیەتە گۆڕێ ئەو کۆمیسیۆنە کارێکی نییە و دەکرێ بڵێین خەوتوویە تا ئەو وەختەی هەڵی

دەستێنن. لێم گەڕێ بڵێم تۆمەت لێدانی ناڕەوا و پێش وەخت لەو کۆمیسیۆنە و لە پێکهاتەکەی گوێزەبانی کۆنگرەیە بۆ ئەو کەسانەی دەستی چەپڵە لێدان بۆ خۆکشانەوەی ئازایانەی تێکۆشەرە بەتەمەنەکانیان نییە.

**پرسیار**: بۆچی لەو کۆنگرەیەدا سکرتێرتان دیاری نەکرد؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە وەک دەڵێن یەکترتان قبووڵ نەبوو؟

**وەڵام**: ئێمە لەو کۆنگرەیەدا لە ڕێگای هەڵبژاردنی تەواو کراوە ڕێبەرییەکی شایستەمان هەڵبژارد کە هەموو ئەو ڕەنگاوڕەنگی‌یانەی دەکرێ لە پێکهاتەی حیزبێکی وەک حیزبی ئێمەدا هەبن لەوێدا ڕەنگدانەوەیان هەیە. ئەگەر یەکترمان قبووڵ نەکردبا ڕەنگ بوو بەو ئاکامە نەگەیشتباین. هەر ئێستا تەواوی ڕەدیفەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب بە دەفتەری سیاسی و جێگر سکرتێرەکانیشەوە هەڵبژێردراون و کەم و زۆر تەقسیمی کاریش کراوە. سکرتێریشمان هەڵبژاردووە و تەواوی ئەو دەسەڵاتەشی لە ئیختیار نراوە کە سکرتێری گشتیی حیزب دەتوانێ هەیبێ. بەڵام ئەوە کە جارێ بە سکرتێر ناوی نابەین لەسەر خواستی خۆی و لەبەر وەزعییەتی تایبەتیی خۆیەتی. لەگەڵ هەموو ئۆگرییم بە سکرتێرەکانی تا ئێستای حیزبی دێموکڕات، بۆ من یەکێک لە خاڵە ئەرێنی‌یەکانی ئاکامی ئەو کۆنگرەیە ئەوە بوو کە لەو بارەوە جۆرێک ئوبوهەت زودایی کرد و گیانێکی نوێی کردەوە بەر چەمکی ڕێبەریی بەکۆمەڵ .

**پرسیار**: مەسەلەی پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردی‌یەکان بەتایبەتی پژاک و پێوەندی لەگەڵ حیزبە ئێرانی‌یەکان بەتایبەتی موجاهیدینی خەڵق چۆن باس کرا؟

**وەڵام**: ئێمە لە بڕیار و پەسند کراوەکانی کۆنگرەدا سەبارەت بە هێزە کوردستانی‌یەکان جگە لە هاوڕێیانی ئەوبەرمان ئیشارەمان بە هیچ پارت و لایەنێکی تایبەتی نەکردووە. سەبارەت بە هێزە ئێرانی‌یەکانیش ڕوانینی خۆمان لە داهاتووی سیاسیی ئێران دەستنیشان کردووە و گوتوومانە لەو پێناوەدا پێوانەی ئەولەوییەت لە پێوەندی‌یەکانماندا چییە. لە کۆنگرەدا مەسەلەی پێوەندی لەگەڵ هیچ کام لەو دوو هێزەی ناوت بردن نەهاتە بەر باس چونکە ئوسووڵەن ئەوە کاری کۆنگرە نییە کە هەموو ئەو شتانە تاو و توێ بکات و بڕیاریان لەسەر بدا. بەڵام وەک هەڵوێست دەکرێ بڵێم کە ئێمە وەک هێزێکی وڵاتپارێز چاو لە پژاک دەکەین، بەڵام ئێستاش لەو باوەڕەداین سووککانی ئەو هێزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەسالەتی نییە. هەرچی موجاهیدینیشە دابەستنەوەی پێوەندی لەگەڵیان لە ئاجێنداادا نییە.

**پرسیار**: ئایا مەسەلەی بە ئەندامبوونتان لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا باسی لێ کرا؟

**وەڵام**: ئێمە لە پاش لەتبوونی حیزب لە "هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە"دا بە بایەخەوە باسی ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەمان کردووە و کۆنگرەش دەقی هێڵە گشتییەکانی وەک پاشکۆی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی پەسند کردۆتەوە. سروشتییە کە هێزێکی وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرامبەر بەو جۆرە کۆڕ و کۆمەڵانە بێتەفاوەت نەبێ، هەروەک چۆن کە ئەگەر ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەش بۆیان گرینگ بێ کە کوردی ڕۆژهەلات لەوێدا نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی هەبێ ناتوانن ئێمە نادیدە بگرن.

بەڵام لەهەرحاڵدا ئێمە خەبات و تێکۆشانی خۆمان لەسەر ئاکامی مشت و مڕی پێوەندیدار بەو دوو ڕێکخراوەی ناوت هێنان پەک ناخەین. ئەگەر شتەکە هەر بۆ بەڕۆخ کێشانی تەبلیغاتی و حیزبییانەیە، ئەوە چقلێک لە لەشی گەلەکەمان دەرناهێنێ. ئەگەریش بەڕاستی لە خەمی میللەتەکەمانداین، پێویستە هەموومان پێکەوە لە فکری لۆبیگەرییەکی کاریگەر و بەکردەوە بۆ مەسەلەی بزوتنەوەکەماندا بین و چیدیکەش دڵی خۆمان بە دیپلۆماسیی تەعارووفاتی ڕازی نەکەین.

**پرسیار**: مەسەلەی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەم کۆنگرەیەدا چۆن باس کرا؟ ئایا ئامادەن بۆ وتووێژ یان نا؟

**وەڵام**: لە کۆنگرەدا باسێک لەو مەسەلەیە نەکراوە و سیاسەتی ئێمەش لەو پێوەندییەدا هەر ئەو سیاسەتەیە کە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان لە پاش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو ڕایگەیاندووە.

* دوا پرسیارم پێوەندیی بە باری ڕاگەیاندنی ئێوە و بەتایبەتی تەلەفزیۆنەکەتانەوە هەیە. ئایا کورد کاناڵ هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە یان دەبێتە کەناڵێکی سەربەخۆ؟

**وەڵام**: هەموو ئەو هەنگاوانەی ئێمە لەم دواییانەدا هاویشتوومانن بەبێ ڕاگەیاندنێکی بەهێز ناتوانن زۆر دوورمان ببەن. کوردکاناڵ هێشتا یەکجار زۆر دوورە لەو نوختەیەی پێویستییەکانی ئێمە و چاوەڕوانییەکانی خەڵک وەدی بێنێ. هۆی سەرەکییش بۆ ئەمە گیروگرفتی ماڵی و فەننییە. هەوڵی ئێمە لە کورتخایەندا بۆ ئەوەیە کە بەرنامەکانی سیغەی ئێستای کوردکاناڵ دەوڵەمەندتر و ڕێکوپێکتر بکرێن و دواتریش تێدەکۆشین کەناڵێکی تایبەت بە خۆمانمان هەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٩ی مەی ٢٠٠٨

---------------------------------------------------

## كورد گەورەترین غایبی بزوتنەوەی ئەمڕۆی ئێرانە

كوردیش پرسپكتیف: د.ئاسۆ عەبدوڵلا حەسەن زادە، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموكراتی كوردستان، كە ئێستا لە رێكخراوی "كۆنترۆڵی دیموكراتیكی هێزە سەربازییەكان"كار دەكات و بنكەكەی لە ژنێڤە و ئەركی ئامادەكردنی راپۆرتێكی پێسپێردراوە، لەسەر داوای حكومەتی فەلەستین بۆ چاكسازیی لەزیندانەكانیاندا.

رۆژنامەی ئاوێنە كە لە باشووری كوردستان بڵاو دەكرێتەوە دیدارێكی لەگەڵ د.ئاسۆ حەسەن زادە سەبارەت بە رووداوەكانی ئەم داوییەی ئێران ساز داوە كە لە خوارەوە دەقی چاوپێكەتنەكە دەخوینەوە.

**ئاوێنە:** خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو بزوتنەوەیە كە بەناوی بزوتنەوەی سەوز لەئێران سەریهەڵداوە، چییە؟

**ئاسۆ عەبدوڵلا حەسەن زادە:** من پێموایە ئەو جۆش و خرۆش و شڵەژانەی لەشەش مانگی رابردوودا لەئێراندا وەڕێكەوتووە، هەمووی لەقاڵبی ئەو شتەدا كە بەبزوتنەوەی سەوز ناسراوە، جێی نابێتەوە، مەگەر ئەوە پێناسەیەكی نەرم و فراوانمان بۆ بزوتنەوەی سەوز هەبێ. چاوگی دیاردەناسانەی بزوتنەوەی سەوز بێگومان بۆ ئەو دینامیزمە رێكخراوە دەگەڕێتەوە كە میر حوسێن موسەوی بۆ سەركەوتن لەهەڵبژاردنی سەركۆماریدا وەڕێی خست و بێزاریی لەكودەتای هەڵبژاردنیشی لێكەوتەوە. دواتر ئەو دینامیزمە بوو بەدەرەتانی مەیین و پەلوپۆهاویشتنی دینامیزمێكی دیكە كە ئەمەیان نارێكخراوو خۆڕسك و هەمەلاگیرە، ریشەكەی لەناخی كۆمەڵگای ئێراندایەو پەیوەندی بەو حەزو نیازە پەنگخواردووانەی خەڵكەوە هەیە كە نەك هەر بەو دەورەیە لەهەڵبژاردن نابەسترێنەوە، بەڵكو بۆ رابردوویەكی زۆر درێژتر لەتەمەنی كۆماری ئیسلامیش دەگەڕێنەوەو درێژەی ئەو رەوتە دیموكراسیخوازییەیە كە هەر لەبەرەبەیانی مێژووی نوێی ئێراندا دەستیپێكردووە.

**ئاوێنە:** خاڵی بەهێزو لاوازی ئەو بزوتنەوەیە چیە؟

**ئاسۆ عەبدوڵلا حەسەن زادە:** بزوتنەوەی سەوز ئەگەرچی دەزانین لەچیڕا دەستیپێكردووە، بەڵام هێشتا ئەوەندە مونسەجەمو خاوەن پلاتفۆرم نیە كە روون بێت بەكوێ دەگات و چ كەسانێك بەمەقسەدی دروستی خۆی دەگەیەنن. ئەو تایبەتمەندییە لەلایەك بەقازانجە، چونكە بەمجۆرە بزوتنەوەكە هەم زیاتر خۆڕادەگرێ‌و دەرەتانی لەنێوبردنی بەزەحمەتتر دەبێ، هەم گەورەتریش دەبێتەوەو چین و توێژی جۆربەجۆری كۆمەڵ بەویست و داخوازی جۆربەجۆرەوە بۆ لای خۆی رادەكێشێ. لەلایەكی دیكەوە ئەو تایبەتمەندییە بەزیانە، چونكە هیچ بزوتنەوەیەكی سیاسی بەبێ بوونی ستراكتۆرێكی رێكخراوو روومایەكی

دیاریکراو لەبەرامبەر دەسەڵاتدا سەرناکەوێ. مەسەلەیەکی دیکە کە ئەویش هەم لایەنی ئەرێنی هەیە، هەم لایەنی نەرێنی، سروشتی ئەو هێزەیە کە بەجۆرێک وەک پێشڕەوی ئەو بزوتنەوەیە هاتۆتە مەیدان، کە بریتییە لەو ئێلێمێنتانەی "وەک کەڕوبی و موسەوی" کە بۆ خۆیان هەڵقوڵاوی حاکمییەت بوون و لەڕاستیدا قەیرانی شەرعییەتیان لەخانەی تەنیا نێوان خەڵک و دەسەڵات تێپەڕاندووە. لەنەبوون یان نائەکتیڤبوونی ئەلترناتیوی دەرەوەی ڕژێمدا، بێگومان هەڵوێست و ڕەفتاری ئەو ئێلێمنتانە بەتایبەت ئەوانە کە روحانین، دەبێتە هۆی ئەوەی مەنزلگا هەرە ئاسایی و ئارامەکانی حەوزەی حاکمییەت ببنە باشترین مەیدانی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ حاکمییەت و خەڵک بەچەکی خودی دەسەڵات، دەسەڵات بکەنە نیشانە. بەڵام ئەو ئێلێمنتانەی پێشووی دەسەڵات وێڕای هەڵگەڕانەوەیان لەحاکمییەتی واقعی، دەرەتانی بەرەوڕووبوونەوەی بنچینەیی لەگەڵ دەسەڵاتیان نییە،

یان ئەو دەرەتانە بەخۆیان نادەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە دژایەتیی وتاری لەنێوان ئەوان و نوخبە سیاسییەکانی دەرەوەی حاکمییەت دروست بێ و لەئاکامدا سیناریۆی جۆربەجۆر پێشبینی بکرێ و هێزە ئازادیخوازەکان نەتوانن هەموویان بەیەک ئاراستەدا پێکەوە هەنگاو بنێن.

**ئاوێنە: ئایا بزوتنەوەی سەوز هیچی بۆ کورد پێیەو هەڵوێست و چاوەڕوانیی کورد لەبەرامبەریدا دەبێ چی و چۆن بێت؟**

**ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لەکاتی هەڵبژاردندا کاندیدە بەقەول ریفۆرمخوازەکان، هەندێک شتیان لەپەیوەندی لەگەڵ مافی گەلانی ئێراندا باسکرد، کە بەبێ ئەوەی لەڕادەبەدەر گەورەی بکەینەوە، هەقوایە بەهەنگاوێکی ئەرێنێ لەپێناوی تێگەیشتنی گەل یان گەلانی باڵادەستی ئێران لەنیاز و چاوەڕوانییەکانی گەلانی دیکەی ئەو وڵاتە لەقەڵەم بدرێ. زۆربەی ئەو شتانەش کە ئێستا لەبواری مافی مرۆڤ و ئازادییە دیموکراتیکەکاندا لەڕیزە هەمەڕەنگەکانی ئەو بزوتنەوەیە دا دێنە گۆڕێ، یان لەپەراوێزەکانی دادەچۆڕێن، شتی باش و بەکەڵکن و کوردیش پێویستی پێیەتی. بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە کورد وەک خۆی و بەگشتی مەسەلەی مافی نەتەوەکانی ئێران، گەورەترین غایبی باس و خواسەکانی هەڵقوڵاوو هەڵگیرساو لەبزوتنەوەی ئەمڕۆی ئێرانن. بۆ وێنە ئەو قانوونە ئەساسییە پێشنیارییەی نزیکانی بزوتنەوەی سەوز دایانڕشتووە، لەڕوانگەی مافی نەتەوەو کەمینەکانەوە نەک هەر وەڵامدەر نییە، بەڵکو کارەساتیشە. یەکێک لەهۆیەکانی دیارنەبوونی خەڵکی کوردستانیش لەو نێوەدا، هەر ئەو سەرنجنەدانە گونجاوەی بژاردەکانی ئەو بزوتنەوەیە لەنێوخۆو پشتیوانەکانیان لەدەرەوەی وڵات بەپرسی فرەنەتەوایەتی لەئێراندایە. بەڵام ئێمە نابێ ئەوە بکەینە هۆکار و پاساوێک بۆ سستبوونی خۆمان و پێویستە لەهەموو ڕێگایەکی مومکینەوە سەرجەم بژاردەکانی کۆمەڵگای سیاسیی ئێران لەسەر مەسەلەی خۆمان بێنینە قسە. ئەوە کە کوردەکان ئەم ڕۆژانە نەیانەوێ باجی لەڕادەبەدەر بۆ پرۆسەیەک بدەن کە هێشتا

نایانخوێنێتەوە، تەواو لەجێی خۆیدایە. بەڵام ڕێگای دیکەش زۆرن بۆ شوێندانان لەسەر ئەو پرۆسەیە. بەزۆر هۆ، ڕەنگە وەک لەعێراق بۆ کوردەکانی باشوور ڕەخسا، لەئێران ئەو دەرەتانە بۆ ئێمە دژوارتر بێ کە وەک کورد لەڕەوتی دیموکراسیخوازیدا پێش هەمووان بکەوین و ئەوانی دیکە بەدوای خۆماندا پەلکێش بکەین. بەڵام گەلی کورد لەئێران لەباقیی خەڵکی ئێران ڕێکخراوترە و ئەزموونێکی سی ساڵەشی لەهەمان ئەو خەباتەدا هەیە. لەلایەکی دیکەوە کورد لەئێران هەڵگری باری هەموو ئەو ستەم و هەڵاواردنانەیە کە ئێستا لەپەیوەندی لەگەڵ چین و توێژەکانی سەرجەم کۆمەڵگای ئێراندا باسیدەکرێ (ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی مەزهەبی، ستەم بەدژی ژنان و زەحمەتکێشان، لەژێرپێنانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، توندوتیژیی دەوڵەتی). بۆیە ئەگەر کوردەکان یەکدەست و ژیرانە بجوڵێنەوە، زۆر چاک دەتوانن ببنە کاتالیزۆر لەڕەوتی بنیاتنانی ئەو سیستمە بۆ داهاتووی ئێراندا کە لەبەرژەوەندەی سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو وڵاتەدایە.

**ئاوێنە: لەدۆخێکی لەمجۆرەدا، کوردی ئێران دەبێ لەگەڵ بزوتنەوەی سەوز وەک ئۆپۆزیسیۆن مامەڵە بکات، یان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵات؟**

**ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هەر پەیامێکی سیاسی بۆئەوەی شوێندانەر بێ و کاریگەری بخاتە سەر هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکانی دیکە، پێویستە موخاتەبەکەی ڕوون و دیاریکراو بێ. ئێمەش وەک کورد بێگومان دەبێ سیناریۆی جۆربەجۆرمان لەبەرچاو بێ و بەقازانجی گەلەکەمان میتۆدی فرەچەشن تاقی بکەینەوە. بەڵام دەبێ بزانین ڕووی قسەمان لەکێیە. لەڕوانگەی منەوە ئێستا کۆماری ئیسلامی یانی ئەو ناوکە لەسەرەڕۆیی کە ئەم ڕۆژانە خەڵکی ئێران ئازایانە بەدژی هاتوونە مەیدان و بەشێک لەئێلیمێنتەکانی پێشووی خۆی لێی هەڵگەڕانەوە. جا بۆیە هەر چەشنە مانۆڕێکی سیاسی دەبێ لەپێناوی هەرچی لاوازکردن و گەمارۆدانی چارەنووسسازی ئەو ناوکە لەسەرەڕۆیی بێ .

**ئاوێنە: سیاسەتی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەپاش هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێرانەوە تا ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پرۆسەی هەڵبژاردنی دەوری دەهەمی سەرکۆماری لەئێران و ڕووداوەکانی دوای ئەو هەڵبژاردنە بەجۆرێک هەقانییەتی هەر کام لەو دوو هەڵوێستەی دەرخست کە لەکاتی هەڵبژاردندا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دابەش کردبوو. لەلایەک کودێتا لەدەنگی خەڵک بۆ جارێکی دیکە نەبوونی دەرەتانی هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە لەچوارچێوەی ئەو نیزامەیدا سەلماند، بەڵام لەولاشەوە، هاتنە مەیدانی خەڵک بەدژی دەسەڵات نیشانیدا کە سازوبازەکانی خودی ئەو دەسەڵاتە دەتوانن بکرێنە مەیدانێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جیدی لەگەڵی. لەدوای هەڵبژاردنەوە زۆربەی لایەنەکانی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەرامبەر ئەو دۆخە نوێیەدا کە هاتۆتە گۆڕێ لەسەرهەست بوون. بەڵام بەداخەوە ناهەماهەنگی و لێکدوورییەکی زۆری گوتار نەک تەنیا لەنێوان حیزبەکاندا بەڵکو جاری وایە لەنێوان چەند هەڵوێستی یەک لەدوای یەکی هەمان حیزبیشدا بەدیدەکرێ کە بێشک ئەوە بەزیانی بارستایی کورد لەبازنەی هاوکێشەکانی ڕۆژدا تەواو دەبێ. سەبارەت بەنێوەرۆکی هەڵوێستەکانیش، دەبێ بزانین کە هەر هەڵوێستێک کاتی گونجاوی خۆی هەیە. دەبینی لایەنێک لە پڕ شتێک دێنێتەوە گۆڕێ کە سەردەمی بەسەرچووە، لەوەڵامدا لایەنێکی دیکە شتێک دێنێتە گۆڕێ کە هێشتا وەختی نەهاتووە. ئێستا ئەگەر هێزەکانی ڕۆژهەڵات نەشتوانن بەو دەمودەستە بەرە پێکبێنن، پێویستە هەرچی زووتر لە ڕێگای مێکانیزمێکەوە کە دەکرێ فەرمییش نەبێ بۆ یەکخستنی وتاری کوردی ئێران لەو هەلومەرجەدا هەنگاو هەڵێننەوە. گرینگ ئەوەیە ئێمە نێوەرۆکێکی دەوڵەمەند لەویستە سیاسییەکانی گەلەکەمان وەها ببەینە پێش کە نە دەرەتانەکان لەکیس خۆمان بدەین و نە دەرەتانیش بۆ سەرەڕۆیی بێڵینەوە. لەلایەکی دیکەوە نابێ چیدیکە زەرووڕەتی هاتنە مەیدان و هاوخەباتیی هەمەلایەنە بەهۆی دەمەتەقێی زێڕنگەرانەوە پەک بخەین. بۆ نموونە ئەوە کە بەشێک لەپێشڕەوانی بزوتنەوەی نێوخۆی ئێران هەروا خۆیان لەچوارچێوەی قانوونی ئەساسییدا دەبینن، ئەوە نابێ نە رازیمان بکا، نە لەخۆشمانی بکەین بەمانیع. پێوداگی ئەوەڵ و ئاخرمان دەبێ مافەکانی خۆمان بێ و پێویستە تێبکۆشین کاریگەریمان لەسەر هەموو ئەو کەسایەتی و ناوەند و لایەنانە چ لەنێوخۆی ئێرانو چ لەدەرەوەی ئێران کە بەدژی ماهییەتی ئەزموونکراوی کۆماری ئیسلامی هەڵوێست دەگرن هەبێ هەتا ئەو قەناعەتەیان تێدا پێکبێنین کە جێگای ئارەزووی خۆمان و گەلەکەمانە.

**ئاوێنە: میرحسێن موسەوی بەربژێری ریفۆرمخوازی سەرکۆماری ئێران چەند ڕۆژێک لەوەوپێش بەنووسراو چەند خاڵێکی هێناوەتە گۆڕێ بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە کە لەپاش هەڵبژاردنەکان لەئێراندا سەریهەڵداوە. ئایا ئەو پێشنیارانە وڵامدەرن و بەگشتی ئەم قەیرانە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات؟**

**ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بەیاننامەی ژمارە ١٧ی موسەوی خوێندنەوەو پێشوازیی جۆربەجۆری لێکراوە. ئەو بەیاننامەیە بۆخۆی هەڵگری هەموو ئەو تەزادانەیە کە دیاردەی "موسەوی"یان پێشیدەکرێتەوە. لەکاکڵدا، ئەو بەیاننامەیە قەیرانی پێوەندیی نێوان خەڵکو دەسەڵات لەئێرانی ئەمڕۆدا بەباشترین شێوە پێناسە دەکا. کەچی لە ڕواڵەتدا ئەو پێشنیارانە لەکۆمەڵێک هەنگاو بۆ چاکسازی لەدەروونی ئەو نیزامە بەولاوە ناڕۆن، چونکە باسی تێکدانی بنەماکانی دەسەڵات ناکرێ (بەڕاستییش چاوەڕوانیییەکی ئەوتۆ لەکەسێکی وەک موسەوی و لەو هەلومەرجە دا چاوەڕوانیییەکی زۆرە). ئەو پێشنیارانە بۆ جارێکی دیکە ئەو پرسیارە قوتدەکەنەوە کە چەندە دەرەتانی ریفۆرم لەکۆماری ئیسلامیدا هەیە. بەڵام واش شتەکە لەدوو حاڵەت بەدەر نییە: حاڵەتی یەکەم ئەوەیە کە ئەو پێشنیارانە بەڕاستی جێبەجێ دەکرێن و لەوەها حاڵەتێکدا ئەگەر قەرار بێ خەڵکی ئێران هەقی ڕاستەقینەی مومارسەی ئەو مافانەیان پێبدرێ کە لەو راگەیاندراوە هاتووە، ئەوا ئەودەم

ئەو مومارەسەیە بۆ گۆڕینی دەسەڵات و کۆتاییهێنان بەتەمەنی کۆماری ئیسلامی بەکاردەبەن. هەربۆیە حاڵەتی دووهەم زیاتر ڕێی تێدەچێ، ئەویش درێژەدانی کەللەرەقی و زەبروزەنگ لەلایەن ناوکی سەرەڕۆییەوەیە. لێرەدا تەنیا کاتێک دەرفەتی چوونەدەر لەقەیرانەکە بەقازانجی خەڵک پێکدێ کە یان بەشێکی گرینگی نیزامییەکان لەتوندئاژۆیانی ئێستا حاکم هەڵگەڕێنەوە یان ئەوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەشێوەیەکی جیدی و کارساز بێتە نێو قەیرانەکە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردیش پرسپکتیڤ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێویری ٢٠١٠

------------------------------------------

## شۆڕشە ڕەنگییەکان و بزووتنەوەی سەوز وەک شۆڕشێکی ڕەنگی لە وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ دوکتور ئاسۆی حەسەن زادەدا

**د.ئاسۆی حەسەنزادە**: "هەموو شۆڕشە ڕەنگییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە کە پێم وایە هەموویان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بزووتنەوەی ئێستای ئێرانیشدا کە بە بزووتنەوەی سەوز ناوبانگی دەرکردووە وەبەرچاو دەکەون".

**دیمانە: لاوان**

**گۆڤاری لاوان**: دوکتور ئاسۆ پێناسەی ئێوە بۆ دیاردەی شۆڕشی ڕەنگی چییە؟

**د.ئاسۆی حەسەنزادە**: شۆڕشی ڕەنگی دەستەواژەی کەمتر ناسراوی ئەو بزووتنەوە گۆڕانخوازانەیە کە بە دەستەواژەی باوتری شۆڕشی مەخمەری ناویان دەرکردووە. شۆڕشی ڕەنگی ـ کە بە هۆی هەڵبژاردنی ڕەنگێک یان گوڵێک یان گۆرانییەک وەک سەمبولی بزووتنەوەکە وای پێ دەڵێن ـ بریتییە لە بزوتنەوەیەکی خەڵکیی ئاشتیخوازانە و دەکرێ بڵێین خۆڕسک کە عادەتەن پاش هەڵبژاردنێکی قسەلەسەر یان دزراو، بە دژی دەسەڵاتێکی گەندەڵ و سەرەڕۆ وەڕێ دەخرێ و ئامانجی هێنانەسەرکار یان هێنانەوە سەرکاری نوخبەیەکی سیاسیی لیبڕاڵ و میانەڕەو و بەرپرسیارە بە بێ ئەوەی توندوتیژی روو بدا.

**گۆڤاری لاوان**: مێژووی شۆڕشە ڕەنگییەکان بۆ کەی و بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟

**د.ئاسۆی حەسەنزادە**: ساموێل هانتینگتۆن لە پۆلێن بەندییەکەی خۆیدا سەبارەت بە شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی

ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە جیهاندا، ئاڵ و گۆڕە دێموکراتیکەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات لە پاش رووخانی دیواری بێرلینەوە بە شەپۆلی سێهەم ناو دەبا. بەو پێیە دەتوانم شۆڕشە مەخمەری یەکان وەک قووڵ کردنەوەی ئەم شەپۆلی سێهەمە یان تەنانەت شەپۆلی چوارەمی دێموکراتیزاسیۆن لە دنیادا دابنێم. یەکەم شۆڕشی مەخمەری کە ناوی مەخمەڵیش هەر لەوڕا هاتووە، ئەو شۆڕشە بوو کە ساڵی ١٩٨٩ لە چێکۆسلۆواکی رووی دا و بە کەمترین توندوتیژی کۆتایی بە دیکتاتۆریی کۆمۆنیزم لەو وڵاتەدا هات. دواتر لە کۆتایی دەیەی نەوەددا نموونەی سلۆواکی ـ کە جیابوونەوەکەشی لە کۆماری چێک هەر بە جیابوونەوەی مەخمەڵی ناوی دەرکرد ـ و کرۆواسی و بە تایبەتی سێربستانمان هەیە کە لەوانیشدا بە هەمان شێوە ئاڵ و گۆڕی سیاسی بە بێ شەڕ و گرژی جێبەجێ بوو. بەڵام دوو نموونەی هەرە ناسراو و باس کراو ئەو شۆڕشە بوو کە ساڵی ٢٠٠٣ لە گۆرجستان بە ناوی شۆڕشی ڕۆزەکان رووی دا، و شۆڕشێکیش کە ساڵێک دواتر لە ئۆکراین بە ناوی شۆڕشی نارنجی بەڕێوە چوو. دیارە کەمێک دواتر لە قێرقیزستانیش شۆڕشێکی لەو چەشنە هەڵگیرسا کە بە شۆڕشی گوڵاڵەکان ناودێر کرا .

**گۆڤاری لاوان**: ئایا ئەو شۆڕشانە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە؟

**د.ئاسۆی حەسەنزادە**: مەسەلە ئەوەیە مەبەستمان لە سەرکەوتن چیە. ئەگەر مەبەست سەرکەوتنی کورت خایەن و جێگۆڕکەی ئێلیتی حکوومەتییە، بەڵێ هەموو ئەو نموونانەی ئیشارەم پێ کردن سەرکەوتوو بوون. دیارە نموونەی وڵاتی واشمان هەر لە ناوچەی یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو هەیە کە هەوڵی بەڕێوەبردنی شۆڕشی مەخمەری دراوەو سەرکوت کراوە یا بەهەرحاڵ سەری نەگرتووە، بۆ نموونە لە ئۆزبەکستان و بێلۆڕووس. ئەگەریش مەبەست سەرکەوتن لە درێژخایەندا و لە دوورەدیمەنی سەقامگیر بوونی خەڵک سالاری و باش حکوومەت کردن دایە، ئەوا مەسەلەکە ئاڵۆزترە. بۆ نموونە هەم لە گورجستان و هەم لە ئوکراین ئەو نوخبەیە کە براوەی شۆڕشە مەخمەری-یەکان بوون، لەو دوو سێ ساڵەی رابردوودا، جا لەژێر تەوژمی گیروگرفتە نێوخۆیی‌یەکاندا بووبێ یا بە هۆی واقعییەتی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکان، لە تاقیکاریی دەوڵەتداریدا تەواو سەرکەوتوو نەهاتوونە دەر. شتێک کە ڕێگای گەڕانەوەی دۆڕاوەکانی شۆڕشە مەخمەرییەکان بۆ دەسەڵاتی خۆش کردەوە. بەڵام بەهەرحاڵ لە ڕەوتی درێژخایەنی دێموکراسی و سالم سازیی حکوومەتدا شۆڕشە مەخمەری یەکان دەبێ وەک دەسکەوت و سەرکەوتنێکی بەنرخ و حاشاهەڵنەگر چاو لێ بکرێن کە سوود و بەرهەمیان تەنیا بە دەورەیەک لە مێژووی سیاسیی وڵات یان بە تەیفێک لە تەیفە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە مەحدوود نابێ.

**گۆڤاری لاوان** : ئایا ئەم شۆڕشانە تەنیا لە ناوچەکانی یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوودا سەریان هەڵداوە؟

**د.ئاسۆی حەسەنزادە**: ئەگەر تەنیا لە ڕوانگەی ئامانج و نێوەرۆکەوە نەڕوانینە شۆڕشە مەخمەرییەکان، بەڵکوو مێتۆد و

شێوازی بزووتنەوەش بکەینە پێوانە، زۆر بزووتنەوەی هاوشێوە لە مێژووی نوێدا دەبینین. بۆ نموونە شۆڕشێک کە لە نێوەڕاستی حەفتاکانی زایینی دا لە پۆرتوغاڵ رووی دا و بە شۆڕشی گوڵە مێخەک ناودێر کرا یەک لەو بزوتنەوە نەرم و گۆڕان سازانە بوو. وەک دەزانین پاش تێرۆری رەفیق حەریریش لە لوبنان بزووتنەوەیەکی ئاشتی خوازانەی نەتەوەیی وەڕێ کەوت کە درەختی سەرڤی کە سەمبولی ئەو وڵاتەیە کردبووە هێمای خۆی (دیارە دەزانین کە لەو مەوریدەدا بزووتنەوەکە پێوەندیی بە هەڵبژاردنەوە نەبوو، بەڵکوو داوای چوونە دەری هێزەکانی سووریە لەو وڵاتەی دەکرد). دوو نموونەی کەم بایەخ تر بەڵام سەرنجڕاکێش هەیە کە پێوەندی‌یان بە دوو وڵاتی عەرەبی‌یەوە هەیە و بە ناوی رەنگی ئەو جەوهەرانەوە کراونەوە کە لە کاتی دەنگدان لە قامکی دەنگدەرانیان دەدەن. لە کوەیت پاش ساڵی ٢٠٠٥ بزووتنەوەیەک بۆ بەخشینی مافی دەنگدان بە ژنان وەڕێ کەوت بە ناوی بزووتنەوەی شین. پاش هەڵبژاردنەکانی هەمان ساڵی عێراقیش ئەمریکایی‌یەکان ئەو سەرفەسڵە لە پرۆسەی سیاسیی ئەو وڵاتەیان بە شۆڕشی ئەرخەوانی ناوزەد کرد.

**گۆڤاری لاوان**: هەروەک ئاگادارن لە دوای هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماری و هاتنە سەرکاری حکوومەتی کوودێتا لە ئێران بزووتنەوەیەکی بەرینی نارەزایەتی بە ناوی بزووتنەوەی سەوز وەڕێ کەوتووە. بە بڕوای ئێوە ئایا دەتوانین ئەم بزووتنەوەیە بە شۆڕشێکی رەنگی دابنێین؟

**د.ئاسۆی حەسەنزادە**: هەر دیاردە یا بزووتنەوەیەک زەمینەی عەینی و زەینیی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام هەموو شۆڕشە رەنگییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە کە پێم وایە هەموویان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بزووتنەوەی ئێستای ئێرانیشدا کە بە بزووتنەوەی سەوز ناوبانگی دەرکردووە وەبەرچاو دەکەون. با ئاماژە بە دوو جۆر لەو تایبەتمەندییانە بکەم کە پێوەندییان بە بواری سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی لەم چەشنە و بە بەڕێوەبەرانی بزوتنەوەکەوە هەیە. ئەگەر چاو لەو دەسەڵاتە بکەین کە شۆڕشی رەنگی لە دژی بەڕێوە دەچێ دەبینین کە وەها شۆڕشێک لە وڵاتانێک دا بەڕێوە دەچێ کە لە تەوسەعەی سیاسی بێبەشن، هەڵبژاردنیان تێدا دەکرێ، بەڵام فرت و فێڵ و دەست بادان و وەڵام نەدانەوەی خەڵک و بە گشتی تۆتالیتاریسمیان تێدا حاکمە. ئەگەر لە روانگەی خودی بزووتنەوەکەشەوە چاو لێ بکەین لە شۆڕشە مەخمەری‌یەکاندا نەخشی شەقام یان کۆمەڵانی خەڵک لە نەخشی نوخبەکان کەمتر نیە ئەگەر زیاتر نەبێ. رێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان و خوێندکارانی زانکۆ بڕبڕەی ئەو جۆرە بزووتنەوانە پێک دێنن. ئەو نوخبانەش کە خەڵکەکە وەپێش خۆیان دەدەن کەسانێکن کە پێشتر لە دەسەڵاتدا بوون و لە هەڵبژاردندا - هەڵبژاردنێک بە بەشداریی بەربڵاوی خەڵک ـ غەدریان لێ کراوە. لەوەش ئەولاتر چ لە مێتۆد و مێکانیزمە بەکارهاتووەکاندا و چ لەو ویست و چەمکانەدا کە زەق دەکرێنەوە، گەلێک خاڵی هاوبەش لەنێوان بزووتنەوەی ئێستای خەڵک لە ئێران و بزووتنەوە رەنگی‌یەکانی دیکەی جیهاندا بەدی دەکرێن.

**گۆڤاری لاوان** : کۆماری ئیسلامی هەمیشە ئاماژە بەوە دەکات کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکا و بریتانیا لە پشت ئەم جۆرە شۆڕشانە بە تایبەت بزووتنەوەی سەوزن. ئایا ئەوە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ و چەندە ڕاستە؟

**د.ئاسۆی حەسەنزادە**: بە شێوەیەکی گشتی ئەوە یەکەم جار نیە کە چ کۆماری ئیسلامی و چ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی دیکە بەرچەسپی "بەستراوە بە بێگانە" و "دەستکردی بێگانە" و لەو جۆرە ناو و تۆمەتانە لە بزووتنەوەیەکی ئازادی خوازیی نێوخۆی وڵاتەکەیان دەدەن. بەڵام سەبارەت بە ئینقلابە ڕەنگییەکان هۆکارێکی تایبەتییش بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە. وەک گوترا زۆربەی شۆڕشە مەخمەرییەکان لەو وڵاتانەدا ڕوویان داوە کە یان بەشێک لە یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو بوون یان لە سەردەمی شەڕی سارددا بە ئەقماری شووڕەوی حیساب دەکران. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم شۆڕشانەش لە ڕاستیدا جێگیر کردنی سەربەخۆیی ڕاستەقینە و کۆتایی هێنان بە بەستراوەیی بە مۆسکۆ بووە، و ئێلیتی چالاک لەو شۆڕشانەشدا لەسەریەک لایەنگری دۆستایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا بوون. لەلایەکی دیکەوە دەگوترێ کۆمەڵێک ناوەندی ئەمریکایی وەک بنیاتی ژۆرژ سۆرۆس لەگەڵ بەشێک لە نوخبەکانی ئەم شۆڕشانەدا پێوەندیییان هەبووە. بەڵام هەمووی ئەمانەش ناتوانێ کەمترین شەرعییەت بەو تۆمەتانە بەتایبەت لە مەوریدی بزووتنەوەی ئێستای ئێراندا ببەخشێ کە سەرەڕای وێکچوونەکان، زەمینە و ماهییەتەکەی لەگەڵ ئەو شتە کە لە وڵاتانی کۆمۆنیستیی پێشوودا ڕووی داوە جیاوازە. لە دنیای بچووک و پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆدا هەموو جەمسەرەکان و نوخبەی هەموو وڵاتان بە جۆرێک ئاگایان لە یەکترە و ئەگەر بە ئەنقەستیش بە شوێن ئەوەدا نەبن کە تەئسیر لەسەر یەکتر دابنێن، بەملا یا بەولادا هەر دەکەونە ژێر شوێنەواری یەکتر. ئەسڵەن چ شتێک لەوە باشتر و مەشرووعتر کە ئەو چەمکانەی لە ژێر سایەیاندا دیکتاتۆری و شکەنجە و ئێعدام بنەبڕ دەبن بە هەموو دنیادا بڵاو ببنەوە. واقعییەتەکەی ئەوەیە ئەگەر بێزاری لە دەسەڵاتی مەوجوود و ویستی ئازادی و دێموکراسی لە ناخی کۆمەڵگادا کەڵەکە نەبووبێ، گەورەترین هێزی جیهانیش ناتوانێ کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵک بێنێتە سەر شەقامەکان، ئەویش لە وڵاتێکی وەک ئێرانی ئێستادا کە خۆپێشاندەران دەبێ لە گیانی خۆشیان مایە دابنێن.

**گۆڤاری لاوان**: بە بڕوای بەڕێزتان بۆچی تاکوو ئێستا بزووتنەوەی ڕەنگیی ئێران نەی توانیوە لە هێنانەدیی ئامانجەکانی دا سەرکەوتوو بێ؟ ئایا شۆڕشێکی لەم شێوەیە دەتوانێ لە ئێراندا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە چۆک دا بێنێ؟

**د.ئاسۆی حەسەنزادە**: ئیجازە بدە لە بەشی دووهەمی پرسیارەکەت ڕا دەست پێ بکەم. ئەگەر مەبەست لە بەچۆک داهێنانی کۆماری ئیسلامی ڕووخاندنیەتی (شتێک کە ئاواتی هەموو ئازادی خوازانی ئێرانە و دەکرێ هیوادار بین کە ئاکامی بزووتنەوەی خەڵکیی ئێستاش هەر ئەوە بێ)، لە ڕووی مەفاهیمەوە شۆڕشی ڕەنگی یا مەخمەری ئینقلاب نیە بە مانا سوننەتییەکەی ئینقلاب کە بریتییە لە لەبەریەک هەڵتەکاندنی بنەما سیاسی یەکان و تێک هەڵشێلانی بنەما

کۆمەڵایەتی‌یەکان. دەستەواژەی شۆڕشی مەخمەری زۆرتر بەو حاڵەتانە دەخوا کە لەواندا نیهادەکان و قەوارەی سیاسی لەسەر یەک وەک خۆیان دەمێنێنەوە، بەڵام نوخبەی حاکم دەگۆڕدرێ. مەسەلەن ئەگەر سبەی ڕۆژ لە ئاکامی فشاری خەڵک و پێداگریی نوخبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حاکمییەتدا هەستەی ئیستبداد ئەوەندە ناچار بە پاشەکشە بێ کە ریفۆرم خوازە مەغدوورەکانی هەڵبژاردنی جۆزەردانی پار بێنە سەر کار و ئەوانیش هەم دەسەڵاتی پێویستیان هەبێ و هەم ئەو دەسەڵاتەش بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و بە هارمۆنی لە گەڵ چاوەڕوانی‌یەکانی خەڵک دا بەکار بەرن، ئەوا ئەودەم دەکرێ بڵێین لە ئێران شۆڕشێکی مەخمەریی بە تەواوی مانای وشە بەڕێوە چووە. بەڵام مەرج نیە ئەوەندە شۆڕشە مەخمەری یەش هەمووی ئەو ئاڵ و گۆڕە بێ کە خەڵکی ئێران ئارەزوویەتی و داوای دەکا. چونکە پارامێترێکی ئەساسی کە ئێرانی ئێستا لە مەوریدەکانی دیکە جوێ دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە ئێران بنەمای ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵات بە تایبەتی بەو جۆرە کە لە دەستوور و لە پراکتیک دا قاڵب کراوە، سەرچاوەی هەموو کێشەکانە. ئێستا ئایا بۆچی بزووتنەوەیەکی لەم چەشنە هێشتا لە ئێراندا بە ئامانجی خۆی نەگەیشتووە؟ ئەمن پێشتر نموونەی دوو وڵاتم هێنایەوە کە بەشێک لە شووڕەویی پێشووش بوون و هەوڵی ئینقلابی مەخمەرییش تێیاندا سەری نەگرتوە، لە عەوەزدا باسی وڵاتی واشم کرد کە هیچ پێوەندیی بە شووڕەویی قەدیمەوە نیە و ئینقلابی نەرمیشی تێدا روو داوە. ئەوە ئەمن دێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بۆ سەرگرتنی ئینقلابێکی رەنگی یا مەخمەری ئەوە زەمینەی عەینی‌یە کە زۆرتر بڕیاردەرە نەک زەمینەی زێهنی. بەو مانایە کە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی شۆڕشێکی لەم چەشنە ئەوەندەی بە هاوکێشەی هێزەکان و پارامێترە مەیدانییەکانەوە بەستراوەتەوە، ئەوەندە بە عەقڵییەت و کولتووری سیاسی یا بە سووننەتی دەوڵەتداری‌یەوە نەبەستراوەتەوە. شۆڕشی مەخمەری بۆیە مەخمەری یە چونکە لەودا موعادڵەکە بە جۆرێکە کە دەسەڵات ئیدی پەنا بۆ سەرکوت نابا و لە بەرامبەر هێزی خەڵک دا پاشەکشە دەکا. لە ئێرانی ئێستادا فاکتەری سەرکوت نەک هەر ئامادە و کارایە، بەڵکوو بۆخۆی بۆتە دەوڵەتدار و حاکم. لەلایەکی دیکەوە لە بزووتنەوە و شۆڕشە رەنگییەکاندا، تۆڕەکانی پێوەندی و هاوپێوەندی وەک رۆژنامە و ئینتەرنێت و مێدیا بە گشتی و چالاکانی مەدەنی و رێکخراوەکانیان نەخشی سەرەکی دەگێڕن. لە کۆماری ئیسلامی‌دا ئەوەندی بۆیان بلوێ ئەو تۆڕانە دەقرتێنن و بە دڕندانەترین شێوەش هەوڵ دەدەن نوخبە نەیارەکانیان دمکوت بکەن و لە یەکتر و لە خەڵک دایان ببڕن.

**گۆڤاری لاوان**: بە بڕوای ئێوە پێویستە چ بکرێ بۆ ئەوەی لەو رێگایەوە دێموکراسی لە ئێراندا بە مانای واقعی بچەسپێ؟

**د.ئاسۆی حەسەنزادە**: بە باوەڕی من بزووتنەوەی رەنگی یا مەخمەری باشترین نوێنگە و دیارترین نوختەی پێک گەیشتن و تێکەڵ بوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی سیاسی‌یە. بەو مانایە کە شۆڕشی مەخمەری پۆتانسیەلی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە ئاراستەیەکی سیاسی‌دا دەبا، لە هێز و حەزی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا کەڵک وەردەگرێ و لە ویست

و مێتۆدەكانیان هەڵ دێنجێ هەتا بە مەجرایەكی دیاری كراوی سیاسی و نیهادیدا و بەرەو بەستێنێكی كراوەتر و عادڵانەتری حەوزەی عموومییان بەرێ. بەڵام ئەگەر بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی دەتوانێ رێبەری نەبێ، سترۆكتۆری نەبێ، پەرش و بڵاو بێ، دەسەڵات نەكاتە ئامانج و لە ئیدئال بە مانا سوننەتییەكەی بێبەری بێ، بزووتنەوەیەكی سیاسی بۆ چوونە پێش و بۆ سەركەوتن دەبێ خۆی لە هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دوور راگرێ. بە شێوەی كۆنكرێتیش هەموو ئەو شتانەی كە ئەم رۆژانە جۆرێك ئیجماعیان لەسەر دروست بووە شتی باشن و پێویستە رەچاو بكرێن. بۆ نموونە یەكگرتنی ئازادی خوازان لە هەموو ئاستەكاندا،

درێژەدان بە دووری لە توند و تیژی، بەكارهێنانی هەموو كاناڵە مومكینەكان بۆ پاشەكشە بە سەرەڕۆیی بە دوور لە دۆگماتیسم، ئەزموون كردن و بەكاربردنی هاوكات و سەراسەریی تاكتیك و مێتۆدی بەكارهاتووی وڵاتانی دیكەی جیهان، فشارهێنان بۆ نوخبە رەسمییەكان بۆ خۆ ساغ كردنەوەو ئازایەتیی زیاتر و هاودەنگ بوونی تەواو لە گەڵ ویستە بنەڕەتییەكانی خەڵك، قووڵ كردنەوەی هاوپێوەندییەكان و هەوڵدان بۆ زیاد كردنی زەرفییەتەكانی بزووتنەوەی ئێستا بۆ ئەوەی سەرجەم چین و توێژەكان بە تایبەتی هێزی هەرە ساختاریی كۆمەڵگای ئێران كە میللییەتەكانی ئەم وڵاتەیە خۆیانی تێدا ببیننەوە و چالاكتر بۆی بێنە مەیدان، كاركردن بۆ هانابەخش كردنی فاكتەری نێونەتەوەیی، و ... هتد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لاوان - ڕێكەوتی: ٢٠ی جوولای ٢٠١٠

------------------------------------------------

## كورد، هەڵبژاردنی سەركۆمار و "پرێسترۆیكا"ی ئێرانی

**د. ئاسۆ حەسەن زادە، ئەندامی سەركردایەتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان، لە وتووێژێكدا دەگەڵ ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ**

**ئامادەكردنی: كەریم مەرەسەنە**

**كەریم مەرەسەنە:** زۆر كەس چاوەڕوانیان دەكرد كە ڕەفسەنجانی، بتوانێ بەشێك لەو ماف و ئازادییانە دەستەبەر بكا كە "ئیسلاحتەڵەبەكان" ساڵانێكە بانگەشەی بۆ دەكەن، هەتا بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش لە بن لێوانەوە بە هاتنی وی خۆشحاڵ بوون، ئایا شتێك هەیە كە بڵێی گەلانی ئێران، بە نەمانی ڕەفسەنجانی لە مەیدانەكەدا لە دەستیان

داوە؟ دەمەوێ بپرسم ئایا بە ڕاستی شتەکە بەو جۆرە بوو کە خەڵک لە ناوخۆ و دەرەوە هەگبەیان بۆ هەڵدرووبوو؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** ئەگەر مەبەست لە "گەلانی ئێران" لێرەدا ئەو پێکهاتە نەتەوەییانەی وەک گەلی کوردە کە بۆ دانپێدانان بە تایبەتمەندیی کولتوریی خۆیان و وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکانیان لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکدا خەبات دەکەن، ئەوا پێش هەموو شتێک پێویستە بڵێین کە ویست و ئارەزووی گەلانی ئێران لەگەڵ نیاز و مەرامە سیاسییەکانی بە قەولی ئێوە "ئیسلاحتەڵەبەکان" یان "ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات" ئەوەندە هاوبەش و هاوشێوە نین کە پێمان وابێ بە لەمەیدان دەرکرانی کاندیدایەک کە ئەمانە ئومێدیان پێ بەستبوو، ئەوان (واتە گەلانی ئێران) شتێکی هەرچەند گریمانەییشیان لەدەست چووبێ. هەر لەو کاتەدا بەڵام حاشا لەوە ناکرێ کە کرانەوەی هەرچەند رێژەیی فەزای سیاسی لە ئێراندا یا لانیکەم لابردن و کەمکردنەوەی سەرکوت و فشاری سەر خەڵک دەیتوانی و دەتوانێ بە قازانجی هەناسەهەڵکێشان و پێشوەچوونی هەر لایەن و پێکهاتەیەک بێ کە لە سایەی دیکتاتۆڕی و سەرەڕۆییدا چەوسابێتەوە و مافی ژیان و گەشەکردنی ئازاد و ئاسوودەی لێ زەوت کرابێ. سەبارەت بە خودی رەفسەنجانی، بە باوەڕی من، چ بەهۆی جێگە و پێگەیەک کە سەرکۆمار لە مەنزوومەی قانوونی و سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا هەیەتی و چ لەبەر پرۆفایلی تایبەتیی رەفسەنجانی کە سەرباری هەموو کێشە نێوخۆییەکانیان ئەو و کۆماری ئیسلامییان هاوچارەنووس کردووە، پێم وایە ویلایەتێکی سەرلەنوێی ناوبراو نە ئەو کرانەوەیەی لە فەزای سیاسیدا لەگەڵ خۆیدا دەهێنا کە باس دەکرا و نە بەتایبەتیش دەروویەکی ئەوەندە روونی بەڕووی پێکهاتە نەتەوایەتییەکانی ئێراندا دەکردەوە. تەنیا فاکتەری جیددی و حەقیقی کە دەکرا لەو نێوەدا حیسابێکی بۆ بکەین ئەوە بوو کە بەو قورساییەوە کە رەفسەنجانی لەنێو ئەو نیزامەدا هەیەتی و بە پڕاگماتیسمێکی زۆرتر لە جاران کە لەبواری رەواندنەوەی گرژی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا رەچاوی دەکرد، رەنگە مەیدانداریی ئەو لە پۆستی سەرکۆماریدا رووبەڕووبوونەوە نێوخۆییەکانی رێژیمی خستبایە نێو فازێکەوە کە سیناریۆی چارەنووسسازتری بۆ ئایندەی ئەو رێژیمە لێ کەوتبایەوە.

**کەریم مەرەسەنە:** ئایا دەتەوێ بڵێی کە کۆی ئەو رەوتە کە بە "باڵی ئیسلاحتەڵەب" ناوی دەبرێ کلیلی چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەکانی ئێران و پرسی ئازادی و باقیی کێشەکانی ئێرانی پێ نییە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** جارێ هەر لە بنەڕەت ڕا ریزبەندیی نێو ئەو کەسایەتی و لایەنانەی دەروونی رێژیم کە لەگەڵ ناوکی سەرەڕۆیی (بە رێبەرایەتیی خامنەیی) کێشەیان هەیە و بە رەوت یا باڵی ئیسلاحتەڵەب ناویان دەبرێ، ئەوەندە روون و یەکدەست نییە کە بتوانین هەڵسەنگاندنێکی هەمەلاگیر و رەها بۆ روانگە و نییەتەکانیان بکەین. ئەوان زۆرتر لە ئاکامی سیاسەتی تەسفیەی رێبەریی نیزامدا وەلایەک کەوتوون نەک ئەوە کە حەتمەن هاوبەشییەکی روون و راستەقینەیان لە

بیروباوەڕ و روانین بۆ چۆنییەتیی رووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی رێژیم و چارەسەری گیروگرفتەکانی وڵاتدا پێکەوە هەبێ. ئەوە کە لە سەردەمی ئێستادا "ئیسلاحتەڵەبەکان" لە ساخت و سازێکی پتەوی نیهادی بۆ رێکخستنەوەی خۆیان بێبەشن تەنیا ئاکامی بەربەستکرانەوەی مەیدانی مانۆڕیان لەلایەن ناوکی سەرەڕۆییەوە نییە، بەڵکوو بەشێکیشی بۆ ناکاراییان لە رێککەوتن لەسەر پلاتفۆرمێکی لانیکەم زیمنی دەگەڕێتەوە کە بتوانێ وێڕای ئاوەڵا هێشتنەوەی دەستی خۆیان بۆ تێکۆشان لەچوارچێوەی رێژیمدا، زۆرترین پشتیوانی لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا بۆ لای خۆی راکێشێ. تەنانەت جیاوازییە دەروونییەکانی نێو کەمپی ناسراو بە ئیسلاحتەڵەب جاری وایە بە چەشنێکە کە دەتوانین بەپێی مەودایان لەگەڵ روانگەکانی ناوکی سەرەڕۆیی پلەبەندیی لایەن و کەسایەتییەکان بکەین.

لەگەڵ ئەوەدا کە دەزانم بەستێنی تایبەت بە کۆمەڵگای ئێران لەژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا زۆر ئاڵۆز و بەربەستەکانی سەر رێگای کرانەوەش یەکجار زۆرن، بەڵام بە موتڵەقی چاو لە هیچ پرۆسەیەک ناکەم و پێم وایە "گۆرباچۆف"ەکان رێک لەنێو رێژیمە چەقبەستوو و سەرەڕۆکاندا هەڵدەکەون. بەوحاڵەش پێم وایە کە ئیسلاحتەڵەبەکان مەوعید و قەراری خۆیان لەگەڵ مێژووی گەشەسەندنی سیاسی لە ئێران لەکیس چووە و ئیدی دەفەرتەکان لەپشت سەریانەوەن. هۆکاری ئەمەش بۆ شتێک دەگەڕێتەوە کە هێشتا لە رەفتاری سیاسیی واندا رەنگدانەوەی هەیە، ئەویش بریتییە لە دوودڵییان لە قبووڵکردنی ئەو راستیە کە کێشەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران - کە لەنێو واندا ئازادیی سیاسی جێگا و نەخشێکی بناخەیی و کاتالیزۆری هەیە- بەبێ بردنە ژێر پرسیاری ئەو بنەمایانەی حاکمییەتێکی "ئیلاهی"یان خستۆتە بان حاکمییەتی خەڵکی چارەسەر ناکرێن. دیارە رەنگە زۆر سەیر نەبێ کەسانێک کە لە دەمەساتی دەسپێکەوە لە دارشتنی ئەو بنەمایانەدا بەشدار بوون و نەخشی گرینگیشیان تێدا گێڕاوە نەتوانن بە ئاسانی و بێ دڵەڕاوکە خۆیان لەو جەغزە دەرباز بکەن. روانگەی ئیسلاحتەڵەبەکان بۆ پرسی بە قەولی ئێمە فرەنەتەوایەتییش لە ئێران پاشکۆ و ئاکامی روانینیان بۆ پرسی ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا بە گشتییە. ئەگەرچی بێگومان مامەڵەی وان لەگەڵ ئەو پرسە لەگەڵ هی توندئاژۆکان بەراورد ناکرێ و زۆر لیبراڵترە (تەنانەت ئەگەر ئەوە ئاقارێکی تاکتیکییش بێ لەلایەن وانەوە)، بەڵام ئەوەندە هەنگاوەی لە رابردوودا هەڵیان هێناوەتەوە و ئەوەندە بەڵێنەی تا ئێستا لەو بوارەدا خستوویانەتە روو، زۆر لەوە کەمترن کە شیاوی ئەوە بن کە بڵێین ئیسلاحتەڵەبەکان کلیلی چارەسەری کێشەی نەتەوەکانیان لە ئێراندا پێیە.

**کەریم مەرەسەنە:** ئەدی چارە چییە، وەختێک سیستەم "گۆرباچۆف"ێکی تێدا هەڵنەکەوتبێ و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی سنوورەکانیش بێجگە لە بایکۆت نەیتوانیبێ رێگایەکی دیکە بدۆزێتەوە، چارەنووسی "پرێسترۆیکا" لە ئێران چیی لێ دێ؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** دوو سێ رۆژ لەمەوبەر سەرۆک وەزیری پێشووی فەڕانسە پییەر مۆروا کۆچی دوایی کرد. یەکێک لە قسە

بەناوبانگەکانی ئەو ئەوە بوو کە دەیگوت ئێمە بەڕاستی کاتێک دەتوانین گۆڕانکاریی پایەدار لە کۆمەڵگادا جێ بخەین کە واز لە تەوەهومی ئینقلاب بێنین. مەبەستم لێرەدا بردنە ژێر پرسیاری خەباتی شۆڕشگێڕی یا ئامانجی رووخاندنی رێژیم نییە و ئەگەر دەرەتانی ئەوە هەبێ کە هەر سبەینێ کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی راسانێکی خەڵکیدا بڕووخێ، چ باشتر. قسە لەوەیە کە لە روونەدانی سیناریۆیەکی لەو چەشنەدا دەبێ چ رێگایەکی دیکە بگرینە پێش. سیاسەتی دروست و کاریگەر هیچ بە مانای پێچانەوەی نوسخەیەک بۆ هەمیشە نییە کە تازە نوسخەکەش بەرهەمی روانینێکی ئەرزشی و مێتافیزیک بۆ مەسەلەکان بێ. زۆر جار دەسەڵاتەکان هەر لە شوێنی خۆیانن بەڵام رەوتی ئاڵوگۆڕە دەرەکی و گەشەسەندنە نێوخۆییەکان کاریگەری دەخاتە سەر جێگە و پێگە و رەفتاری لەمەودوایان. نەیارانی دەسەڵات و خوازیارانی گۆڕانیش پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەر و داتاکانی تایبەت بە هەر قۆناغێک مامەڵەی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتەکە دیاری بکەن. کاتێک دوکتور قاسملوو "لیەیک"ی بە پەیامی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی ئایەتوڵڵا خومەینی گوت و ئامادەیی خۆی و حیزبەکەی بۆ دانوستان لەگەڵ رێژیم لەسەر چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێران راگەیاند، چەند ساڵێک بوو جەهانبینی و مەرامە درێژخایەنەکانی خومەینی لانیکەم بۆ دوکتور قاسملوو روون ببوونەوە و چەند مانگێکیش بوو فەتوای جیهادی خومەینی بەدژی خەڵکی کوردستان جێبەجێ دەکرا. ئەگەر سبەی رۆژیش دەرەتانێکی هەرچەند کەم بەڵام واقیعی بۆ یاریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی گۆڕانخواز لە زەمینی کۆماری ئیسلامیدا دروست بوو (کە دیارە من پێی خۆشبین نیم)، ژیرانە نابێ ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن لە دەرفەتی لەو چەشنە راست بە مەبەستی پاشەکشەکردن بە سەرەڕۆیی کەڵک وەرنەگرێ.

بەڵام ئەوەندەی چاوەڕوان مانەوە بە گۆڕانی رێژیم لە ئاکامی هێرشێکی دەرەکی یان ئینقلابێک کە بۆخۆمان هیچ کارمان بۆ نەکردبێ بێجێیە، ئەوەندەش باوەڕ بەوە کە لە غیابی سیناریۆیەکی رادیکاڵی لەم چەشنەدا تەنیا بژاری بەردەست یاریکردنە لە زەمینی کۆماری ئیسلامیدا بەبێ ئەوە کە لەو بڕگە دیاریکراوەدا هیچ پاڵنەرێکی لۆژیکی بۆ گرتنەبەری ئەو تاکتیکە لەگۆڕێ بێ نادروستە. هەڵەی گەورە راست ئەوەیە کە خۆمان رووبەڕووی دیلەمایەک بکەینەوە و پێمان وابێ کە تەنیا مەوعیدی سیاسیی ئێمە لەگەڵ رێژیم و لەگەڵ کۆمەڵگا کاتی هەڵبژاردنەکانە و ئەوەدەمیش سنووربەندییەکان لە فۆرموولی سادەکەرەوەی "یا بایکۆت یا بەشداری"دا کورت بکەینەوە، یان پێمان وابێ کە بایکۆت بەخودیی خۆی مەترسی لەسەر ئایندەی رێژیم ساز دەکا و بەشدارییش حەتمەن رێژیم بە چالش دەکێشێ. لەجیاتی ئەوە، کۆمەڵگای گۆڕانخوازی ئێرانی بە هەموو جۆراوجۆری و پێکهاتەکانییەوە پێویستە چارەی هەموو ئەو درز و درِدۆنگی و سستی و بێمشوورییانەی بکا کە دەیان ساڵە بەدەستیانەوە دەناڵێنێ و یەک دنیا رێکاریش لەبواری یەکخستنی گوتار و رەفتاری بژاردە سیاسییەکانی و پەرەپێدانی خۆڕاگریی خەڵکی و چالاکیی مەدەنی و لۆبیگەریی دیپلۆماسی و شەڕی راگەیاندن و... هتد دا هەن کە پێویستە بەشێوەی هەماهەنگ لەسەریان ساغ بێتەوە و ئەکتیڤیان بکا. رێگاچارە نە ئومێد بەستن بە میزاجی مام سام (ئەمریکا)یە و نە چاوەڕوانمانەوەی بەگۆڕباچۆف بوونی عەممامە لەسەرێک، بەڵکوو بەمەیدانی کردنی خەبات و خۆڕاگریی خەڵک و

هەماهەنگ کردنی رەهەندە جیاوازەکانی ئەو خەباتە بە دوور لە دۆگماتیزم لە هەردوو بەستێنی مەدەنی و شۆڕشگێڕی و لە هەردوو ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا. ئەو وەختەیە کە درزە دەروونییەکانی رێژیمیش ئاکامی کارسازتریان لێ دەکەوێتەوە و هەل و زەمینە بۆ گوزار و گواستنەوە، جا چ یەکساتە بێ و چ هەنگاو بە هەنگاو، دروست دەبێ.

**کەریم مەرەسەنە**: بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە تۆ باسیان دەکەی لە پەیوەندییەکی چڕ و پڕدان دەگەڵ گرتنەبەری سیاسەتێکی پرۆئاکتیڤ، سیاسەتێک کە لەسەر بنەمای دەستپێشخەریی سیاسی ڕۆنرابێ، بەڵام ئەوەندەی من تێبینیی دەکەم ئەو جۆرە سیاسەتە ئێستا لەناو ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانیدا نابینم، دەگەڵ ئەوەش کە نزیک بە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات دروشمی ڕووخاندنی ڕژیمیان بەلاوە ناوە، سیاسەتێکی جێگرەوەیان بۆ دانەڕشتووە!

**ئاسۆ حەسەن زادە**: ئەمن پێم وا نییە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بەگشتی وازی لە ویستی ڕووخانی ڕێژیم هێنابێ. بە پێچەوانەوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لە ساڵانی رابردوودا ناوکی سەرەڕۆیی لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوەندە زەرفییەتە کەمەش کە بۆ کەنالیزەکردنی نالێکییە دەروونییەکانی خۆی پێکیهێنابوو لەنێوی بردووە و ئازاری خەڵک و سەرکوتی جیابیران چۆتە نێو فازێکی ترەوە، گوتاری هەرە باڵادەست ئێستا لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا یەکلاکردنەوەی تەکلیفی خەڵک لەگەڵ ئەو رێژیمە و وازهێنان لە تەوەهومی ئیسلاحە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە پێمان وابێ بەتەنیا بەرزکردنەوەی دروشمی ڕووخانی ڕێژیم دەتوانین ئەو ڕێژیمە بڕووخێنین. ئەو سیاسەتە پرۆئاکتیڤەی جەنابت بەدروستی ئاماژەی پێ دەکەی لەهەرحاڵدا هەر پێویستە. ئەتۆ ڕووخێنەر بی یا ئیسلاحخواز، ئەگەر بتەوێ شوێنەوارێک لەسەر رەوتی رووداوەکان دابنێی و جێگە و پێگەیەک لە مەیدانی سیاسەتی بەکردەوەدا بۆخۆت دروست بکەی، دەبێ خاوەن دەسپێشخەری و رووداوساز بی. ئەوەش تەنیا کاتێک دەکرێ کە زۆر ئۆرتۆدۆکس و مەزهەبییانە سیاسەت نەکەی.

**کەریم مەرەسەنە**: لە ڕاستیدا بێجگە لە یەک دوو حیزب و ڕێکخراوی کوردی - کە یەکیان لەمسەری چەپ و ئەوی دیکەیان لەوسەری ڕاستە - ئەوانی دیکە هەموو دروشمی ڕووخانیان هەڵگرتووە، هەرچۆنێک بێ دەمەوێ هەر لە درێژەی ئەو بابەتەدا بڕێک باسی لێدوانەکەی حیزبی ئێوە بکەین سەبارەت بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان. ئەو لێدوانەی ئێوە، بە پێچەوانەی لێدوانی حیزبەکانی دیکە، بە ئەدەبیاتێکی نەرمتر داڕێژراوە و بە تایبەتی باس لە ڕۆڵی چالاکانی سیاسیی ناوخۆی وڵات کراوە، ئەوە بێجگە لەوەی کە پێشتریش کەسی یەکەمی حیزبەکەتان هێندێک باسی سەبارەت بە دانوستان دەگەڵ دەوڵەت وروژاندبوو. دەمەوێ لەو سۆنگەوە بپرسم کە داخوا ئەو "نەرمییە" بەشێکە لە پرۆسەی خۆ دوور خستنەوە لەو سیاسەتە "ئۆرتۆدۆکس" و "مەزهەبییانە"ی تۆ باسی دەکەی؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: ئەوەی کە سکرتێری حیزب لە پێوەندی لەگەڵ وتوویژ و شتی لەو چەشنە (وەک ئەسڵ و باوەڕێک و نەک

وەک پرسێکی نێو رۆژەڤ) باسی کردووە لەگەڵ هەڵوێستمان سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرکۆماریی ئێران دوو شتی لێک جودان و سروشت و بەستێن و هۆکار و دەرەنجامیان یەک نییە. بەڵام بەڵێ، هەردووکیان دەچنە نێو خانەی سیاسەت کردنێکی سەردەمیانەی نائۆرتۆدۆکس کە ئەمڕۆ بەڕوونی رەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێمەدا هەیە. ئەدەبیاتی نەرم مەرج نییە بە مانای هەڵوێستی نەرم یان پاشەکشە لە ویستەکان و داشکاندن بۆ خەنیمەکانمان بێ. بەڵکوو پێش هەموو شتێک دەتوانێ تەعبیر لە روانینێکی واقیعبینانە بۆ دیاردەی سیاسی بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئاڵۆزییەکەی و بە سەرجەم رەهەندەکانییەوە بکا. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی ئێستای سیاسەتی کوردی لە ئێران فرە ئەکتەری و فرە بەستێنیی خەباتی ئەو گەلەیە. ئەگەر ئێمە لەو فرەچەشنییە نەترسین و بە هۆکارێکی گەشەسەندنی سیاسی و پێشوەچوونی گوتاری نەتەوایەتیمانی بزانین، دەبێ ئەوەش قبووڵ بکەین کە قولاوگە (خاستگاە) و جەهانبینی و ئەرک و پێگەی هەموو ئەکتەرەکان وەک یەک نییە. ئێمە لە بەشی زۆری راگەیاندراوەکەماندا ئاماژەمان بەو هۆکارانە کردووە کە هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرکۆماری لەوەی پێشوو جیا دەکاتەوە و دەمانهێنێتە سەر ئەوە کە ئەو هەڵبژاردنە بایکۆت بکەین. هەر لەو کاتەدا بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ریسالەت و مەوقعییەتی چالاکانی نێوخۆ لەگەڵ ئەوەی ئێمە جیاوازە، پێمان وابووە کە نابێ بە چاوی گومان و دڕدۆنگییەوە لە هەوڵ و هەڵوێستەکانی وان بڕوانین. بە باوەڕی من ئەگەر لەنێوان هێز و بژاردەکانی گەلێکدا کارەکان بەدروستی دابەش بکرێن، ئەو هێزانە هاوکات دەتوانن ئاقاری جیاواز بەڵام تەواوکەری یەکتر بگرنە پێش. لەبیرمە کاتێک خەباتی پەرلەمانی و مەدەنی لە باکووری کوردستان پەرەی گرت، خەباتی چەکداری و بەرزەفڕانەی شاخ لەوپەڕی خۆیدا بوو. کەچی چ ئەوسا و چ دواتریش ئەو دوو بەستێنەی خەبات لەگەڵ ئەوەدا کە شێواز و ئامانجی راگەیانراویان زۆر لێک جیاواز بووە، لە ئەنجامگیریدا پێکەوە کۆک و هەماهەنگ بوون. مەبەستم ئەوە نییە کە هەلومەرجەکان تێکەڵ بکەم یان بڵێم هەرچی کوردەکانی باکوور کردوویانە دروست بووە، بەڵام بەهەرحاڵ ئێمەش پێویستە زیاتر خۆمان بەو فرەڕەهەندییە رابێنین.

**کەریم مەرەسەنە:** شتێک کە کەمتر لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنەکاندا باسی لێ دەکرێ، هەڵبژاردنی شووراکانە کە دەوڵەت ئەو دەورەیە دەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری کردوویەتە یەک و بەو جۆرە دەگەڵ بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئەو هەڵبژاردنەش دەکەوێتە بەر بایکۆت، ئەوە لە کاتێک دایە کە لە ناو بەربژێرانی شووراکاندا کەسانی زۆر شیاو و خۆشناو بەرچاو دەکەون و ڕەنگە شووراکان بۆ بەهێز کردنی دەستەڵاتی خۆجێیش گرینگ بن!

**ئاسۆ حەسەن زادە:** ئێمە لە مامەڵە لەگەڵ هەر هەڵبژاردنێکدا جیا لە کەمایەسییەکانی پێوەندیدار بە پێوەرە نێونەتەوەییەکان و رادەی دەسەڵات و بڕشتی دامەزراوە هەڵبژێراوەکان، پێویستە دوو دەستە فاکتەر لەبەرچاو بگرین کە هەڵوێست گرتن لەسەر بنەمای هەر کامێکیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تر تووشی هەڵەمان دەکا. ئەو فاکتەرانەش

بریتیین لە پرۆفایل و بەرنامە و باوەڕ و بەڵێنی بەربژێرەکان لەلایەک، و زەرفییەتی گشتیی هەڵبژاردن و چارەنووسی سەرجەم پرۆسەکە لەلایەکی ترەوە. بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری کە زۆربەی جارەکان تەحریممان کردووە و کەمتر جار پێمان وابووە کە ریزبەندیی کاندیداکان و باس و بەرنامەکانیان بە چەشنێکە کە بۆ ئەوە دەبێ خەڵکی کوردستان لە رێگای بەشدارییەوە پەیامی تایبەت بەخۆیان رابگەیەنن، سەبارەت بە هەڵبژاردنی شووراکان راست لەبەر ئەو هۆیانەی بۆخۆت باست کردوون لەسەریەک هەمیشە هەڵوێستێکی نەرمترمان گرتۆتە پێش. بەهۆی سروشتی لۆکاڵی و هەستیاریی سیاسیی کەمتری هەڵبژاردنی شووراکان، لەڕابردوودا کەسانی خۆشناو و نیشتمانپەروەر ئاسانتر لە سافیی رەدی سەلاحییەت تێدەپەڕین و جیا لەوە کە بە هەڵبژێرانیان دەرفەتێکی هەرچەند سنووردار و دەست و پێ گیراویان بۆ خزمەت بە خەڵک بۆ دەرەخسا، دەشیانتوانی بەم چەشنە بارستایی دێمۆگرافیی کوردیش لەو ناوچانەدا کە دانیشتووانیان لە نەتەوە و کەمایەتیی جۆراوجۆر پێکهاتووە نیشان بدەن. بەڵام ئەمجارە بە دوو هۆ ئێمە داوامان نەکردووە کە خەڵک لە هەڵبژاردنی شووراکاندا بەشداری بکەن: یەکەم، لەبەر ئەوە کە بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، ئەمجارە رەد کردنەوەی سەلاحییەتی ئەو بەربژێرانە کە زۆر پەسندی رێژیم نین یەکجار زۆر بەرفراوان و گشتگیرە؛ دووەم، لەبەر ئەوە کە مادام رێژیم هاوکاتکردنی هەردوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووراکان وەک ئامرازێک بۆ فراوانکردنەوەی بە قەولی خۆیان "حەماسەی میللی" بەکار دەبا، پێمان وابووە کە ئەوە نەخشی ئێمە نییە کە ئەسبابی حەماسەی میللی بۆ رێژیم دابین بکەین. ئەگەر لە شوێنێکیش خەڵک پێیان وابوو کەسانی جێگای پەسندی وان لە ریزی بەربژێراندا ماونەوە و شانسی هەڵبژێرانیان هەیە، هیچ بە کارەساتی نازانم ئەگەر خەڵک لەو حاڵەتانەدا، کە پێم وا نییە زۆر بن، دەنگیان دا.

**کەریم مەرەسەنە:** لەوانەیە بەشێک لە ئامانجی رژیم، لەو هاوکات کردنەی دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووراکان، ئەوە بێ کە نەیارەکانی بخاتە ناو هەڵوێستێک کە رەنگە بە تەواوی بە دڵی خۆیان نەبێ . وەک ئەوەی کە ناچار بن هەردوو هەڵبژاردن بایکۆت بکەن بۆ ئەوەی وەک ئێوە دەڵێن " حەماسەی میللی" بۆ رێژیم دابین نەکەن! داخوا نەدەکرا رێگایەکی دیکە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی نەکەونە ناو هەڵوێستێکی ئاوا؟ مەبەستم ئەوەیە داخوا نەدەکرا بە جۆرێک ئەو گەمەیەی دەوڵەت بەتاڵ بکرێتەوە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** جارێ با ئەوە بڵێم کە فۆکووسی سەرەکیی رێژیمیش و ئۆپۆزیسیۆنیش لەسەر هەڵبژاردنی سەرکۆمارییە و هەڵبژاردنی شووراکان بایەخ و مانایەکی دووەمییانە و لاوەکیی لەو یارییە سیاسییە مەفتەعییەدا هەیە. پاشان، ئەمن پێم وا نییە کە رێژیم ئەوە بە قازانجی خۆی بزانێ کە ئەو ژمارە زۆرە لە هێز و لایەن و بژاردەکانی نێو کۆمەڵگای سیاسیی ئێران بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات تەبلیغ بۆ بایکۆتی هەڵبژاردن بکا، چونکە کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە یەک شتدا راست بکا لەوەدا کە پێی خۆشە ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە خەڵک بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان راست دەکا.

دیارە ئەگەر لە بڕگەیەکدا خەڵک یان ئۆپۆزیسیۆن وەک تاکتیک بەشداریی لە هەڵبژاردنی پێ لە بایکۆت پێ بەبەرهەمتر بوو، ئەوا پێویستە بێ گوێدانە نییەتی ڕێژیم بۆ نیشاندانی حەشیمەتی دەنگدەران بەڕووی جیهانی دەرەوەدا، ئەو کارە بکرێ. ئەمن لە هەردوو حاڵەتدا، واتە چ بەشداری و چ بایکۆت، و بۆ هەموو هەڵبژاردنێک، پێم وایە نە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە و نە چالاکانی نێوخۆ و نە بەگشتی خەڵک نابێ لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە کە ڕێژیم بە گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن دەیەوێ شەرعییەت بۆخۆی بکڕێ هەڵوێست بگرن. ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا هەرچەندێک بێ و دەنگی خەڵکیش بە هەر کەس درابێ، ناوکی سەرەڕۆیی ڕێک بەو جۆرە گوزارش لە ڕێژەی بەشداری دەکا کە بۆخۆی پێی خۆشە و ئاکامی دەنگدانیش بە ویستی خۆی رادەگەیەنێ، جا جاری وایە (وەک بۆ خاتەمی) ئاکامەکە لەسەریەک وەک هەیە رادەگەیەنێ، جاری واشە (وەک بۆ ئەحمەدینژاد) ئاکامێکی جیاواز و پێچەوانەی دەنگی خەڵک رادەگەیەنێ. بۆیە بە باوەڕی من پووچەڵ کردنەوەی گەمەی ڕێژیم لەو سۆنگەیەوە مەسەلە سەرەکییەکە نەبوو، چونکە ئێستا ئیدی هەم ڕێژیم و هەم خەڵک و هەمیش بیرورای گشتیی جیهانی بە باشی دەزانن کە شەرعییەتی ڕێژیم چەندە بە چەندە و هەڵبژاردنەکان لە ئێران چۆن بەڕێوە دەچن و خەڵک لەژێر باری چ جۆرە هەلومەرج و تەوژمگەلێکدا دەنگ دەدا. لەجیاتی ئەوە، مامەڵەی تاکتیکی لەگەڵ هەڵبژاردن پێویستە زۆرتر لەسەر بنەمای ئەوە بێ کە داخوا تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردنەکە، بەتایبەتی لەڕووی جیاوازیی نێوان کاندیداکان و ئەگەری کودێتا کردن یا نەکردن لە دەنگی خەڵک، دەتوانێ هەڵگری کامە دەرەنجام و ئاکامانە بێ هەتا ئۆپۆزیسیۆنیش بە هەڵوێستی خۆی یارمەتی بە وەدیهاتنی سیناریۆیەک بکا کە پاشەکشەی دیکتاتۆری و کرانەوەی سیاسیی لێ بکەوێتەوە.

**کەریم مەرەسەنە:** زۆر لە چاودێران دەڵێن کوردی ڕۆژهەڵات بێ سەرکردەیە، یانی ڕێبەرێکی دەخۆڕادیو و خاوەن پێگە و قورسایی سیاسیی وای نییە کە بۆ نموونە ئیرادەی هەڵێنانەوەی هەنگاوی جیاوازتری هەبێ، زۆر کەس دەڵێن ڕێبەرەکانی ڕۆژهەڵات لە بن لێوانەوە باسی خەباتی سیاسی لە ناوخۆی وڵات دەکەن بەڵام کەسیان دە خۆی ڕانابینێ هەنگاوی بۆ هەڵێنێتەوە - وەک چۆن کاتی خۆی د. قاسملوو دە خۆی ڕادی بڵێ ئەگەر مافەکانمان دەستەبەر بێ "لەببەیک" بە کۆماری ئیسلامی دەڵێین!

**ئاسۆ حەسەن زادە:** ئەمن ناڵێم کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕێبەرانی "دەخۆڕادیو و خاوەن پێگە و قورسایی"یان نییە. بەپێچەوانەوە کێشەی ئێمە ئەمڕۆ ئەوەیە کە ڕێبەری یەکەتازمان زۆرن و زۆری دیکەشمان لە سەفی بوون بە ڕێبەردا ڕاوەستاوین! دروستتر وایە بڵێین ئەمڕۆ کوردی ڕۆژهەڵات لەنێو زیندووەکانیدا کەسی نییە کە بتوانێ هەموو لایەک لە دەوری کەسایەتیی خۆی کۆ بکاتەوە. بە تێگەیشتنی من چاوەڕوانیی ئەوەش کە لەم قۆناغەدا کەسایەتییەکی لەم جۆرە سەرهەڵبدا و جێ بگرێ، چاوەڕوانییەکی بێجێیە. ڕێسای گەمەی سیاسی لە هەموو دنیادا و یەک لەوان لە کوردستانەکەی خۆمان گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتووە. فرەچەشنی و فرەبەستێنی و ڕەوتی روو لە مۆدێرنیتەی سیاسی وایان

کردووە کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا تەنانەت ئەو کۆمەڵگایانەی هێشتا لەحاڵی خەبات بۆ ئازادیدان پێشوەچوونی خۆیان لە فرەڕوخساریدا ببینن نەک لە کاریزماپەروەریدا. ئەمن دەزانم کە رابردووی سیاسیی کوردەکانی ئێران جێگە و پێگەیەکی مێژوویی کەموێنەی بۆ هێندێک هێز دروست کردووە و دڵنیام کە لە داهاتووشدا - بەتایبەتی ئەگەر هەلومەرج بگۆڕێ- ئەم هێزانە نەخشی مێحوەری لە کاری سیاسیی ئەو گەلەدا دەگێڕن. بەڵام بۆ ئەمڕۆ با بەدوای قاسملووسازیدا نەگەڕێین. دوکتور قاسملوو وەک خۆی مرۆڤێک بوو لە چەشنی مرۆڤەکانی دیکە، بەڵام وەک دیاردەی سیاسی، ئەو جیا لە کەسایەتییە کەموێنەکەی، بەرهەمی مێژوویەکی زۆر تایبەتی بوو. هەربۆیە ئەگەر ئەمڕۆ هەبن کەسانێک کە خەون بە بوون بە قاسملووەوە ببینن، حەتمەن دەرکێکی زۆر دروستیان نە لە کەسایەتیی خۆیان و نە لە خیسڵەتی کاری سیاسی لە سەردەمی ئێستادا نییە. ئەمن پێم خۆش بوو شەترەنجی سیاسیی کوردی رۆژهەڵات وەک هی ئەو گەلانەی بۆ رزگاری لە ئیستعمار خەباتیان کرد سادە با و ئەوەندە شلووغ نەبا. بەڵام ئەوە واقیعێکە و دەبێ لەگەڵی بڕۆین. جا لەجیاتی ئەوە کە تەما بەوە ببەستین کە ئەمڕۆ کەسێک بێ ببێتە رێبەری هەمووان و ئەو یارییە سیاسییە گەورە و فرەچەشنە بکا کە تۆ مەبەستتە، باشتر وایە لە هەموو پۆتانسیەلەکانی کۆمەڵگای خۆمان کەڵک وەربگرین و بە هەموو فرەییەکانمانەوە ئەو یەک گوتاری و هاوهەنگاوییە دروست بکەین کە بۆ قۆناغی ئێستامان زەرووره. خۆ ئەگەر چاو لە کەیسەکانی دیکەش بکەین، بۆ نموونە گەلی کۆسۆڤۆ یان هەر دوور نەڕۆین لە باکووری کوردستان، ئەوەی ئەمڕۆ باوە و بەقازانجە کاریزماسازی لە رێبەرێک و دوو رێبەر نییە، بەڵکوو دەکارخستنی بژاردەیەکی پێشەنگ کە هەم فرەڕوخسارە و هەم لە دەروونی خۆیشیدا لە نوێبوونەوە و جێگۆڕکە ناترسێ.

**کەریم مەرەسەنە:** مەبەست لەو بێ رێبەرییە ئەوە نەبوو کە بڵێی بەدوای دروستکردنی رێبەری کاریزماتیکەوە بم، نا، بەڵام ئەمن دەبینم کە زۆرێک لە حیزبەکان لە بن لێوانەوە خوازیاری دەستپێکردنی خەباتی سیاسین لە ناوخۆی وڵات، کەچی هیچکامیان دە خۆیان ڕا نابینن کە ئەو بابەتە بە ئاشکرا باس بکەن . هێندێک لایەن تەنانەت بنکەیان بۆ هەڵاتووەکانی بزووتنەوەی سەوز کردەوە، ئەوانی دیکە دروشمی ڕووخانی ڕژیمیان هەڵگرت، هێندێک هەر دایان نەنا، جا لێرەدایە کە دەڵێم رێبەرێکی دەخۆڕادیو نییە کە توانای هەڵسووڕاندنی بە ئاشکرای ئەو سیاسەتەی هەبێ، بێ ڕێبەرییەکە لێرە دایە!

**ئاسۆ حەسەن زادە:** ناکرێ رێبەر هەبوون تەنیا لەوەدا ببینین کە رێبەرەکان ئەو ئاقارە سیاسییە دیاریکراوە بگرنە بەر کە بۆخۆمان بە دروستی دەزانین و مەبەستمانە. ئەگەر کەمێک گشتی قسە بکەین، رێبەری راستەقینە ئەو کەسەیە کە بە دەستنیشانکردن و پۆلێنبەندیی گیروگرفت و حەز و ئاواتەکانی خەڵک، نەخشەرێگای چارەسەر و وەدیهاتنیان دەکێشێ و بە ئایندەنگەری و پەرۆشەوە لەو پرسانە پرۆژەیەکی تەبا لەگەڵ بەها و بایەخ و باوەڕەکانی خۆی دادەڕێژێ و قۆناغ بە قۆناغ دەیباتە پێش. سەرکردەی ژیر بێگومان پێش هەر هەنگاوێک تێچووەکانی کارەکە هەڵدەسەنگێنێ و لە هەموو

هەلومەرجێکدا دەست ناداتە هەر کارێک. هەر لەو کاتەدا بەڵام زەرووڕەتی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بەکردەوە بە زیندوویی لە رۆژەڤی کار و بەرنامەکانی خۆیدا رادەگرێ و هەنگاو بە هەنگاو تێدەکۆشێ ئەو زەرووڕەتە بە خەڵک و لایەنەکانی دیکە بقەبووڵێنێ و لەو رێگایەدا بیانکاتە هاوپەیمانی خۆی و لەگەڵ هەر سەرکەوتنێکیش بە نەهادینەکردنی دەسکەوتەکان فەرهەنگسازی دەکا بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی هەر قۆناغێک ببنە سەکۆی هەنگاونان بۆ دەسکەوتەکانی قۆناغ و قۆناغەکانی دواتر.

ئێستا، بەدەر لەو هەڵوێستە سیاسییانەی باست کردوون و قسە زۆر هەڵدەگرن، ئەمن لەوەدا لەگەڵتم کە چ بەهۆی درندەیی و بێ ئابڕوویی کۆماری ئیسلامی و چ بەهۆی بەپاشکۆ بوونی لەڕادەبەدەری رەفتاری سیاسیی ئێمە بە بزوتنەوەی سەراسەری، یەکێک لە گرفتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵات ئەوەیە کە جیا لەوە کە هەلومەرج پەڕ و باڵی بەستووە، بۆخۆیشی بەهۆی کوردەناموسی و مەسایلی ئەرزشی، دەرەتانی کۆمەڵێک مانۆڕی لە خۆی بڕیوە کە بۆ کوردی پارچەی دیکەی کوردستان یان گەلانی دیکەی ئازادیخواز لە جیهاندا زۆر ئاسایی و رەوان. لێرەدا دەرفەت نییە کە قەزاوەت لەسەر ئەو مژارە بکەم کە ئاماژەت پێ کردووە واتە خەباتی سیاسی لە نێوخۆی وڵات، تەنیا ئەوە دەڵێم چ بۆ ئەمە و چ بۆ هەموو پێویستییەکانی دەرچوونی ئێمە وەک هێزەکانی رۆژهەڵات لەو دۆخەی ئێستامان، نە بەرپرسیارێتیی ئەم دۆخە بەتەنیا بۆ کارکردی ئەم رێبەر و ئەو رێبەر دەگەڕێتەوە، نە بەتەنیا ئەم رێبەر و ئەو رێبەریش هیچ موعجیزەیەکی پێ دەکرێ. ئەمن پێم وایە لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی ئەوە کە لە کاریزمای کۆکەرەوە بێبەشین، هەتا کۆمەڵگای سیاسیی ئێمە لە تەواوەتیی خۆیدا تەنشە دەروونییەکانی چارەسەر نەکا و بە یەکێتییەکی گوتاری و کرداری نەگەین، هەر رێبەرێک دەست بداتە نەریت شکێنییەکی کارا، ئەوە جیا لەوە کە لەسەر حیسابی ئیعتیباری خۆی تەواو دەبێ، زۆریش بەبەرهەم نابێ، چونکە باوەڕ ناکەم هیچ کەس و لایەنێک ئەمڕۆ بەتەنیا بتوانێ لە بوعدێکی نیشتمانیی هەمەلاگیردا سیناریۆخوڵقێنی بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - رێکەوتی: ١٢ی جوونی ٢٠١٣

---

## پرسی دروستکردنی ئوستانێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### دیمانە: کوردستان و کورد

**ئاسۆ حەسەن زادە**: "ناکرێ بۆ چارەسەری کێشەی لە پەراوێزدابوونی کورد لە ئوستانێک پشتیوانی لە پێشنیارێک بکەین کە لە پەراوێز کەوتنی زیاتری گەلەکەمان لە ئوستانەکانی دیکەی لێ بکەوێتەوە"

**کوردستان و کورد: لە پێوەندی لەگەڵ جیاکردنەوەی پارێزگایەکی دیکە لە پارێزگای ورمێ، لە دیمانەیەک لەگەڵ بەڕێز دوکتور ئاسۆی حەسەنزادەدا:**

**کوردستان و کورد**: وەک دەوترێ نزیک بە ٢٠ ساڵە ناوە ناوە ئەو باسە دێتە گۆڕێ، بەڵام هەر بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە. پێتان وایە ئامانجێکی تایبەت لە پشت ئەم مەسەلەوە هەبێ؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: ئەوە کە ئامانجێکی شاراوە لەپشت ئەو مەسەلەیە (چ مەترەح کردنی و چ بە هەڵپەسێراوی هێشتنەوەی) هەبێ یا نا، بەستراوەتەوە بەوە کە ئەو کەس و لایەنانەی پێشنیاری لەو چەشنە مەترەح دەکەن کێن و ئەو کەس و لایەنانەش کە دەبنە هۆی بە هەڵپەسێراوی مانەوەی کامانەن. بە باوەڕی من لێرەدا دوو ئاستی ئانالیز هەیە کە سەرەڕای پێوەندیی نێوانیان پێویستە لە یەکتریان جیا بکەینەوە. یەکێکیان لۆژیکی بەڕێوەبەریی وڵاتە کە چ لە ئەنجامی فشار و داواکاریی خەڵک و نوێنەرانی ناوچەکاندا و چ بەهۆی زەروورەتە ئیدارییەکان دەکرێ کەسانێک تەنانەت لەنێو ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و ناوەندگەرای وەک کۆماری ئیسلامیشدا هان بدا کە بەشێوەی رووکەشانە و سنوورداریش بێ هێندێک لە ئامراز و کەرەسە نیهادی و قانوونیەکانی چەمکی باشحوکمڕانی(Good governance) کە لامەرکەزی و نزیک کردنەوەی ناوەندی بڕیار لە خەڵک بەشێکیەتی، دابین بکەن. هەربۆیە سروشتییە کە (وەک لە دە پازدە ساڵی رابردوودا دیتوومانە) لە وڵاتێکی وەک ئێرانیشدا کە رووبەری خاکەکەی سێ ئەوەندەی خاکی فەڕانسەیە کەچی ژمارەی ئوستانەکانی لە ژمارەی ئوستانەکانی فەڕانسە کەمتر بوو، کۆمەڵێک ئوستانی نوێ دروست بکرێ. ئاستەکەی تری هەڵسەنگاندن لۆژیکی سیاسییە کە بەتایبەتی لەسایەی ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیدا دەتوانێ لۆژیکە بەڕێوەبەرییەکە بەلارێدا ببا و بۆ هێندێک مەرامی بەدخوازانە کەڵکی لێ وەربگرێ. ئەوە کە نوێنەرانی ناوچەکانی کوردستان دەرهەق بە شەپۆلی نوێی ئوستانسازی لە ئێراندا بێتەفاوت نەبن و تەنانەت پێشنیاری تایبەت بە خۆشیان هەبێ شتێکی ئاسایی و ڕەوایە. بەڵام پێویستە لە داڕشتن و ساغکردنەوەی پێشنیار و هەڵوێستی خۆیاندا ئاگایان لەو ڕاستییەش بێ کە ڕێژیم هەم بە ڕێگەدان بە هاتنە ئارای ئەم جۆرە باسانە و هەم بە نامەعلوم هێشتنەوەی تەکلیفی ئەو پرسە ئامانجە نامەشرووعەکانی خۆی بپێکێ، چونکە باسێکی لەو

چەشنە ئەگەر بە کەناڵێکی زانستی و لە کەشێکی داماڵراو لە دەمارگرژیدا بەڕێوە نەچێ دەتوانێ ببێتە هەوێنی گرژی و دڕدۆنگێ نەک تەنیا لە نێوان کورد و غەیری کورددا، بەڵکوو لەنێو خودی کوردەکانیشدا، بەبێ ئەوەی هەر لە بنەڕەت را ڕێژیم بەجیددی بەنیاز بووبێ کە تەرحێکی لەو چەشنە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هیچ شکڵێکیدا جێبەجێ بکا. ڕاستییەکەشی هەر ئەوەیە کە ئەو باسە تا ئێستا زیاتر مشت و مڕی نێوان نوێنەران یان خەڵکی سەر بە ناوچە پێوەندیدارەکان بووە نەک ئەوەی بووبێتە باسی سەر مێزی کاربەدەستان و نیهادە دەوڵەتییە پێوەندیدارەکان.

**کوردستان و کورد:** ئەوەندەی تا ئێستا دەرکەوتووە چالاکانی دەرەوە و ناوخۆی وڵات پێکهێنانی وەها پارێزگایە بە زیانی کورد دەزانن. ئێوە لەم پێوەندییەدا ڕاتان چیە؟ ئایا بەڕاستی پێکهێنانی وەها پارێزگایەک دەتوانێ چ زیانێکی هەبێ؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** دروستتر وایە بڵێین ئەو بژاردانەی کورد کە سەرنجیان داوەتە ئەو بابەتە زۆربەیان (و نەک هەموویان) موخالفەتیان لەگەڵ تەرحێکی لەم چەشنە کردووە، چونکە کەسانێکیش هەن (بەتایبەتی لەو مەڵبەندەی پێشنیار دەکرێ ببێتە ناوەندی ئوستانە پێشنیارکراوەکە) کە بەبێ ئەوەی لە مەرامە شاراوەکانی بەدخوازان غافڵ بن، بیرۆکەی دروستکردنی ئوستانێکی دیکە لە موکریان "فی‌النفسە" بە شتێکی باش و پێویست دەزانن. ئێستا سەبارەت بە قازانج و زیانەکانی پێشنیارێکی لەم جۆرە، لە موتڵەقدا و لە وڵاتێکدا کە ئەو پرسانە ئەوەندە بە مەبەستی سیاسی و لە ڕەهەندی ئێتنیکییەوە سەیر ناکرێن و لەڕوانگەی زانست و ئەقلانییەتی حوکمڕانییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، ئەوە کە یەکە گەورە بەڕێوەبەرییەکان بچووک بکرێنەوە و نیهادە بڕیاردەرەکان لە سووژە بڕیاربەسەردراوەکان نزیک بکرێنەوە و کەسایەتیی یاسایی کۆمەڵگەکانی خوازیاری بەرەسمی ناسین دانی پێدا بنرێ و دامەزراو و بودجە و خزمەتگوزاریی زۆرتریان بۆ دابین بکرێ، لە قازانجی هاووڵاتییان و کاربەراندایە. تەنانەت ئەوەش کە لە وڵاتێکی بە پێکهاتە فرەنەتەوەدا، گەلێک خاوەنی ژمارەیەکی زۆرتر لە یەکە ئیدارییەکانی تایبەت بە خۆی بێ لە درێژخایەندا هەر بە قازانجیەتی. بەڵام لە وڵاتێکدا کە لۆژیکی ئیداری و لۆژیکی سیاسی تێکەڵی یەکتر بن و پێکهاتەی قەومیی ناوچەکانیش ناهاوچەشن و ئاڵۆز بێ، نە دەکرێ بە دیدێکی سیرفەن لۆکاڵی و نە دەکرێ بە دیدێکی سیرفەن تێکنیکییەوە چاو لە بابەتەکە بکەین. بەڵکوو پێویستە کاریگەریی گۆڕینی نەخشەی بەڕێوەبەریی ناوچە هەم لەسەر باڵانسی دێموگرافیی نێوخۆی سەرجەم ئوستانە پێوەندیدارەکان و هەم لەسەر کەیفییەتی بەشداریی ئایندەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا لەبەرچاو بگرین. لەلایەکی دیکەشەوە، پێویستە کاریگەریی گۆڕانکارییەکە لەسەر پێگەی ئایندەی ئوستانەکان لەڕووی رووبەر و حەشیمەت و کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانەوە لەسەر ئاستی سەراسەریی وڵاتیشدا وەبەرچاو بگرین، چونکە عادەتەن لەو وڵاتانەدا کە هەڵاواردنی بەئەنقەستیان تێدا ناکرێ ئەم پارامێترانەی دوایی وەک پێوەرێکی فیکس و

نەگۆڕ بۆ دیاریکردنی بڕی بودجەی هەرێم و ناوچەکان بەکار دێن کە دیارە زۆربەی کات ئامانجی دەرچوون لە بەجێمان و هاندانی گەشەسەندنیشیان وەک پێوەرێکی ئیسلاحی و بگۆڕ پێوە زیاد دەکرێ.

لەو ئوستانەدا کە لە ئەدەبیاتی ئیداریی ئێران و وەزارەتی کیشوەردا پێی دەگوترێ "ئازەربایجانی رۆژئاوا"، تێکەڵکردنی لۆژیکی ئیداری و لۆژیکی سیاسی و قوربانی کردنی یەکەمیان بۆ دووەمیان بۆتە هۆی ئەوە کە سەرەڕای ئەوە کە کوردەکان بە ژمارە زۆرینەی دانیشتووان پێک دێنن، کەچی لەڕووی بەشداری لە پرۆسەی بەڕێوەبەری و بڕیاردانی ناوچەییدا لەژێر هێژێمۆنیی نوخبەی ئیداریی ئازەری یان بەهەرحاڵ غەیرە کورددا بکەونە حاڵەتی کەمایەتییەوە و لەڕووی خزمەتگوزاری و گەشەسەندنیشەوە هەست بە بێبەشی و هەڵاواردن بکەن. ئەمە جیا لەوە کە بۆ ماهیەت و کارکردی هەڵاوێرکارانەی رێژیم دەرهەق بە کوردەکان دەگەڕێتەوە، پێوەندیشی بە نەگونجانی دابەشکردنی بەڕێوەبەریی وڵات (تقسیمات کشوری) لەگەڵ پێکهاتەی مرۆیی و فەرهەنگیی ناوچەکانەوە هەیە. بەپێی ستاندارده سەردەمییەکانی رێکخستنی پێکەوە ژیانی گەلان لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا و هەروەها هەموو ئەو رێوشوێنانەی ئەمڕۆ لە یاسای نێونەتەوەییدا بۆ پارێزگاری لە کەمایەتییەکان پەسند یا گەڵاڵە کراون، تا ئەو جێگایەی زەرووەرەتە جوغرافی و ئابوورییەکان رێگە بدەن، پێویستە سنووری یەکە ئیدارییە گەورەکان لەگەڵ پێکهاتەی ئێتنیکی و ناسنامەی فەرهەنگیی خەڵکی ناوچەکان گونجاو بێ و دەوڵەت بۆی نیە لە کاتی داڕشتن یان گۆڕینی نەخشەی ئیداریی وڵاتدا سنووری ئەو یەکانە بە جۆرێک دەسکاری بکا کە لەڕووی هاوکێشەی دێموگرافییەوە بە زیانی گەل یا کەمایەتییەک تەواو بێ و دوچاری پەرش و بڵاوی و بەکەمایەتی بوونەوە و گەمارۆدرانی بکا. کەوابوو زیان یا زیانگەلێک کە لەو نێوەدا باسی لێوە دەکرێ پێوەندیی بەوەوە نیە کە ئوستانی موکریان وەک خۆی دەبێ بە چی، بەڵکوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاریگەریی دروستکردنی ئەو یەکە تازەیە لەسەر سنوور و هاوکێشە نێوخۆییەکانی ئوستانە کوردییەکانی سەرەوە و خوارەوەی خۆی و هەروەها لەسەر پێکەوە گرێدراویی نێوان سەرجەم ناوچە کوردییەکان چی دەبێ. ئێمە ناکرێ بۆ چارەسەری کێشەی لە پەراوێزدابوونی ناوچەیەک پشتگیری لە پێشنیارێک بکەین کە لە پەراوێز کەوتنی هەرچی زیاتری خەڵکانی سەر بە هەمان گەل لە ناوچەکانی دیکەدا بەدوای خۆیدا دێنێ، بەبێ ئەوەی لە پێگەی داهاتووی خودی ئوستانە تازە دامەزراوەکە زۆریش دڵنیا بین.

**کوردستان و کورد**: ئەوەی تا ئێستا روونە ئازەرییەکانیش لە ئەگەری پێکهێنانی ئەم پارێزگایە تووڕەن. بەڵام بەشێک لە نوێنەرانی ئازەری لە پارلمان پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن کە ئەگەریش پێک بێت نابێ مەهاباد یان هەر شارێکی دیکەی کورد ببێتە ناوەندی ئەم پارێزگایە. ئەوان لە چی نیگەرانن؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: هەر ئەوە کە بژاردەکانی هەردوو گەلی کورد و ئازەری دژایەتی لەگەڵ پرۆژە یان پێشنیارێکی لەم جۆرە

دەکەن بۆخۆی ئاماژەیەکی باشە بۆ ئەوەی ڕێژیم دەتوانێ بە ڕێگەدان بە پەرەگرتنی ئەو پرسە هاوکات هەم بوارێکی نوێ بۆ گرژیی نێوان ئەو دوو گەلە بڕەخسێنێ و هەم پرۆژەکەش ڕاست لەسەر دەستی خودی بژاردە و نوێنەرانی ئەو گەلانەوە زیندە بەچاڵ بکا و لە ئاکامدا دۆخی ئیداریی مەوجوود کە دیارە بە هیچ جۆر وڵامدەر نیە وەک خۆی بهێڵێتەوە. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر دژایەتیی ئەو نوێنەرە ئازەرییانە لەگەڵ بەناوەندی ئوستان بوونی مەهاباد پاساو و بیانووەکان هەرچی بن (بۆ نموونە دەگوترێ کە مەهاباد لەو دەڤەرە پڕ حەشیمەتترین شار نیە، غافڵ لەوە کە حەشیمەتی شارەکان تەنیا پێوەری بە پێتەخت یان بەناوەندکردنیان نیە)، بەدواداچوونێکی زۆری ناوێ بۆ ئەوەی تێ بگەین کە ئەو دژایەتییە بۆ ئەو نەخش و جێگەیە دەگەڕێتەوە کە مەهاباد لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (بەتایبەتی لە سەردەمی کۆماری کوردستان و پاش ئینقلابی ٥٧) بوویەتی. ئەو جۆرە کەسانە بەو هەڵوێستەیان هەروەها دەیانەوێ بە کوردەکان بڵێن ئەگەر لە ورمێ بە هێژێمۆنیی ئێلیتی ئیداریی ئازەری ڕازی نین، مەرج نیە لێ گەڕێین لە موکریانیش هەوایەکە زۆر لەوە خۆشتر بێ. هەمدیسان ئەنگیزەکە ئەنگیزەیەکی ئیداری نیە، بەڵکوو سیرفەن سیاسییە و بە کورتی و بە کوردی حەساسیەت نیشاندان بە بەناوەند بوونی مەهاباد حەساسییەت نیشاندانە بە مەوجودییەت و ناسنامەی سیاسی و مێژوویی کوردستان بە گشتی. ئەوەش تەعبیر لە مەزنیخوازییەکی ئازەری دەکا کە تەنیا ڕێژیم بە گەشانەوەی پۆلووەکەی دڵخۆش و سوودمەند دەبێ و کەمترین خێری بۆ ئایندەی پێکەوە ژیانی تەبایانە و برایانەی دوو گەلی کورد و ئازەری نیە.

**کوردستان و کورد**: ئەگەر پێکهێنانی ئەم پارێزگایە حەتمی بوو، پێتان وایە کورد دەبێ چ هەڵوێستێک لە خۆ نیشان بدات؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: وەک باسم کرد پێم وا نیە دەوڵەت لەو پێوەندییەدا هیچ جیددی و بەپەلە بێ و بەشی زۆری ئەو باس و خواسانەی تا ئێستا لەو پێوەندییەدا کراوە لە دەرەوەی بازنەی حاکمیەتی بڕیاردەردا بووە. سەبارەت بە هەڵوێستی کوردەکانیش (کە لەهەر حاڵدا پێویستە بۆ ئەو پرسە چارەنووسسازانە هەماهەنگ و یەکگرتوو بێ)، ئەوە کە چ بە هۆکاری سیاسی و مێژوویی و چ لەبەر پێویستییە بەڕێوەبەرییەکان، مەهاباد گرینگیی پێ بدرێ و بایەخی بۆ بگەڕێندرێتەوە شتێکی بەجێ و حاشاهەڵنەگرە. بەڵام ئەگەر قەرار بێ ئێمە هەموو کوردستان بەسەریەکەوە چاو لێ بکەین (کە پێم وایە دەبێ وا بکەین)، پێویستە زۆر بە پارێزەوە مامەڵە لەگەڵ پێشنیارگەلی لەو چەشنەدا بکەین. ئەوەش نەک لەبەر ئەوە کە مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەر یان بەگشتی موکریان شیاوی جێگە و پێگەیەکی نیهادی و بەڕێوەبەریی شیاو و تایبەت بە خۆیان نەبن، بەڵکوو لەبەر شوێنەوارەکانی کارێکی لەم جۆرە لەسەر هاوکێشە نێوخۆییەکانی سەرجەم ئوستانەکانی دیکەی کوردستان. پێشتر باسی کاریگەریی ئەو باسە لەسەر پێوەندییەکانی نێوان دوو گەلی کورد و ئازەریمان کرد. ڕەهەندێکی لەوەش گرینگتری بابەتەکە پێوەندییە نێوخۆییەکانی خودی کوردەکانە و لێکەوتەکانی ئەو پرسە نەک هەر جوغرافیای دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو گوتار و ناسنامەی نەتەوەیی سەرجەم نەتەوەی کورد دەگرێتەوە کە لەو

پێوەندییەدا دەتوانین ئیشارە بە ناولێنانی ئوستانە پێشنیار کراوەکە بە "کوردستانی باکوور" بکەین کە بەهۆی وێکچوونی لەگەڵ باکووری کوردستان (لە تورکیە) رەخنەی هاتۆتەوە سەر. جیا لە هەڵسەنگاندنم لە تەواوەتیی ئەو پرسە، خودی ئەو جۆرە ناولێنانە لە دیدی منیشەوە خراپە چونکە کاریگەریی ئەدەبیاتی ئیداریی حاکمییەتێکی بەسەرەوەیە کە ناوی "کوردستان" لە یەکێک لە چوار ئوستانەکەی نیشتمانی کوردان لە ئێران دەنێ و لەولاشەوە ئوستانێکی دیکەی کوردستان بە ئازەربایجان ناو دەبا. هەق وابوو داهێنەران و پشتیوانانی ئەو ناوە بیریان لەوە کردبایەوە کە کوردستان خوڕاسان نیە کە ناوەکەی بە هەموو ئاقارەکانی جوغرافیای ئیداریدا سەرف بکرێ. بەهەرحاڵ بە باوەڕی من هەڵوێستی دروست ئەوەیە کە بژاردەکانی کورد بەشێوەی هەماهەنگ و یەکگرتوو کێشەی ناگونجاو بوونی ناسنامەی قانوونی و پێکهاتەی ئیداریی سەرجەم ئوستانەکانی ئێستای رۆژهەلاتی کوردستان بکەنە بنەمای بیرکردنەوە لە خواستی ریفۆرمێکی گشتی و هەمەلاگیری جوغرافیای ئیداری لە دوارۆژدا کە بەرژەوەندییەکانی بالانسی دێمۆگرافیی نەتەوەیی لە هەموو ئوستانە کوردییەکاندا لەبەرچاو بگرێ، نەک ئەوە کە لەسەر حیسابی زیاتر کەوتنە کەمایەتی و توانەوەی کورد لە هەموو ئوستانەکانی دیکەدا پشتیوانی لە دروستکردنی ئوستانێکی تازە بکەین کە پێکهاتە و روخسارە کوردییەکەی کەمتر لە مەترسیدایە. با ئەوەش بڵێم زەرفییەتی سیستمی کۆماری ئیسلامی لەبواری شۆڕکردنەوەی دەسەلات بۆ ئوستان و یەکە بەڕێوەبەرییەکانی خوارتردا ئەوەندەش نیە کە بڵێین دەسکەوتەکانی دامەزرانی ئوستانێکی لەم جۆرە (لانیکەم لەو شکڵەدا کە ئێستا باسی لێوە دەکرێ) ئەوەندەش زۆر و پڕ بایەخ بن کە شایانی ئەوە بێ کە لە سەردەمی ئێستادا باجێکی ئەوەندە گەورەی لەبواری دڕدۆنگی و نالێکی چ لەنێوان کورد و غەیری کورددا و چ لەنێو خودی کوردەکاندا بۆ بدەین. لەو پێوەندییەدا رەنگە بەراوردێکی بارودۆخەکە چ لەبواری کەشی گشتی و فەرهەنگی و چ لەبواری کارگێڕی و خزمەتگوزاریدا لەنێوان ئوستانی سنە و ئوستانی ورمێدا زۆر دەرسی تێدا بن و زیاتر هانمان بدا کە بە پشوودرێژیی زۆرترەوە مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا بکەین و خوێندنەوەمان بۆ پرسەکە لە ئاستی سنووورداری ناوچەیەکەوە بگوازینەوە بۆ سەر ئاستی هەموو رۆژهەلاتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێویری ٢٠١٤

---

## پەسندکرانی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان

**ئا: عەلی بداغی**

**(وتووێژی« کوردستان» لەگەڵ دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، ئەندام و ڕاپۆرتۆری لیژنەی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان)**

**لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ی پارلمانی کوردستاندا، پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان پەسند کرا. دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتۆری لیژنەکە بووەو سیاغی کۆتایی ئەو ڕەشنووسە لەلایەن بەڕێزیانەوە نووسراوەتەوەو بۆ پەسند کردن بەڕێی پارلمانی کوردستان کراوە.**

**« کوردستان» بۆ باس لە سەر هەندێک لایەنی ئەو یاسایەو ڕوونبوونەوەی زیاتر بۆ خوێنەرانی، وتووێژێکی لەگەڵ دوکتور ئاسۆ حەسەنزادەپێک هێناوە کە سەرنجتانی بۆ رادەکێشین:**

**کوردستان: دوکتور ئاسۆ سەرەتا بەگشتی کەمێک باسی پرۆسەی پەسندکردنی ئەو پرۆژە یاسایەمان بۆ بکە.**

**دوکتور ئاسۆ: ئەو پرۆژە یاسایە دوو ساڵ لەمەوبەر واتە لە سەردەمی کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێم و خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا ئامادە کراوە. بیرۆکەکەی و پەسند کرانەکەی پێش هەموو کەس دەگەڕێتەوە بۆ بەخەمەوە بوون و بەدواداچوونی پارێزەر تارق جەمباز کە لەگەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی قانوونییە، بەڵام هەرچی دەیکا بە دیدی نەتەوەیی و بەمەبەستی پاراستن و پەرەپێدانی زمان و ناسنامەی کوردەوە دەیکا. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک بە سەرپەرستیی ناوبراو و بە ئەندامەتیی دوو زماناناس (بەڕێزان د. عومەر مەحمود کەریم و د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو) پێکهات و منیش وەک راپۆرتۆری لیژنەکە ئەرکی نووسینەوەی پرۆژە یاساکەم لەسەر شان بوو. بۆ ئەو مەبەستەش ئیلهامم لە سیاسەتی زمانی لە کێبێک و کانادا وەرگرت، چونکە پێم وایە نموونەی ئەو هەرێم و وڵاتە لەڕووی دیمۆگرافیی قەومی و جێگە و پێگەی زمانەکانەوە زۆر وەک هی کوردستان و عیراق دەچێ. پاش تەواو بوونی کاری لیژنەکەی ئێمە، کۆبوونەوەیەک لە ئەنجومەنی وەزیران بە بەشداریی ئێمە و وەزیرە پێوەندیدارەکان و نوێنەری ئەکادیمیای کوردی بۆ باس و پەسند کردنی پرۆژەی کۆتایی یاساکە پێکهات. پاش سیمینارێک کە هەر لەو بارەوە لە پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە چوو، لە دوایین مانگەکانی**

خولی پێشووی پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکە کرا و سەرەنجام بەخۆشییەوە حەوتووی رابردوو پەرلەمانی کوردستان یاساکەی پەسند کرد و ئێستاش بەپێی رەوالّی پەسند کرانی یاساکان، پاش جێکرانەوەی تێبینیەکانی پەرلەمانتاران یاساکە بۆ فەرمیەت وەرگرتن دەچێتە سەرۆکایەتی هەرێم و ئینجا لە وەقایعی کوردستاندا بلاو بێتەوە.

**کوردستان: مەبەست لە ئامادەکردنی ئەو پڕۆژە یاسایە چییە و هۆکارەکانی گەڵالەکردنی چی بوو؟مەگەر تا ئێستا زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان ڕەسمی نەبووە؟**

**دوکتور ئاسۆ:** مەبەست لەم پرۆژە یاسایە دارشتنی سیاسەتی زمانییە کە لە هەر ولاتێکی فرە نەتەوەدا پێویستە بە قانوون رێک بخرێ. زمانی کوردی نەک هەر لە ماوەی ئەو بیست و سێ سالّەدا کە بەسەر ئازادیی باشووری کوردستاندا تێدەپەڕێ، بەڵکوو لە زیاتر لە نیو سەدە پێشتریشەوە بەشێوەی رەسمی لە باشووری کوردستان و تەنانەت لە عیراقیش کاری پێ کراوە. کەمایەسییەکە لە دوو شتدا بوو:

**یەکەم**، لەسەر ئاستی قانوونیدا لەبەر ئەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان هێشتا پەسند نەکراوە، هیچ بنەمایەکی قانوونیمان بۆ فەرمییەتی زمانی کوردی نەبوو و ئەوە تەنیا لە دەستووری عیراقدا هاتبوو.

**دووەم**، لە کردەوەدا ناڕوونی و بێسەروبەرەیی‌یەک کە لەبواری بەکاربردنی زمانی کوردی وەک زمانی رەسمی و پێوەندیی لەگەڵ زمانەکانی دیکە بەتایبەتی عەرەبییدا نەک هەر لە کەرتی تایبەتدا بەڵکوو لە کەرتی گشتی و لەنێو خودی پەرلەمان و حکومەت و دادگاکاندا هەبوو، هیچ بە قازانجی زمانی کوردی نەبوو. ئەو یاسایە نەک هەر وڵامدەری پێویستیەکی روونی ناسنامەپارێزانە و سەروەری خوازانە بۆ کوردە، بەڵکوو بۆشاییەکی گەورەی قانوونییش پڕ دەکاتەوە و ئەرک و ئیلزام لەسەر هەموو لایەنێک و لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا دروست دەکا هەتا رێز لە رەسمییەتی زمانی کوردی بگرن و پەرەی پێ بدەن.

**ئاستەنگەکانی سەر داڕشتن و پەسندکردنی ئەم یاسایە چی بوون؟**

**دوکتور ئاسۆ:** هەر ئەوە کە پاش بیست و سێ ساڵ حاکمییەتی ئازاد و نیمچە سەروەری کورد تازە یاسایەکی ئاوا گرینگ و بنەڕەتی بەتایبەتی لە کانتێکستی گەلێکی وەک گەلی کورددا پەسند دەکرێ، نیشانەی ئەوەیە کە کارێکی لەم چەشنە ئاستەنگی زۆر لەسەر رێگا بووە. لێرەدا تەنیا ئیشارە بە دوو ئاستەنگ دەکەم کە هەر ئەو دووە هەموو کێشە و گیروگرفتەکانی نێوخۆی کورد لەپێوەندی لەگەڵ زمانەکەیدا کورت دەکاتەوە (چونکە وەک دەزانن کێشەی زمان و ناسنامەی

کورد تەنیا لەپێوەندی لەگەڵ مامەڵەی حاشاکارانە و زاڵمانەی دوژمندا نیە، بەڵکوو بەشێکیشی بۆ نالێکی و هەمەچەشنییە دەروونییەکانی خودی کورد دەگەڕێتەوە). ئاستەنگی یەکەم ئەوە بوو کە هێندێک کەس بە هەڵە لە مەبەستی یاساکە تێگەیشتبوون و ئامانجی ئەو یاسایەیان لەگەڵ پرسی زمان و ڕێنووسی یەکگرتوو تێکەڵ دەکرد. هەربۆیە لە قۆناغێکدا بەهۆی حەساسیەتی ناوچەیی و لەهجەیی کەمی مابوو دەسپێشخەرییەکەی ئێمە بە سیاسی بکرێ و لەبار بچێ. ئێمەش هەم لە لیژنەکەماندا و هەم بەتایبەتی لە پەرلەمان زۆر زوو ئەو پەیامەمان گەیاند کە مەسەلەی زمان و ڕێنووسی یەکگرتوو و پێوەندیی نێوان شێوە زارەکان لە بەستێنی فەرمیدا نەک هەر لە توانا و دەرەقەتی یاسایەکی وەهادا نیە، بەڵکوو تەنانەت لە قۆناغی ئێستادا سەلاح نیە پەرلەمانی کوردستانیش بەبێ زەمینەیەکی عیلمی و سیاسیی گونجاو و کارلەسەرکراو هەر بیریشی لێ بکاتەوە. ئاستەنگی دووەم، نەبوونی متمانە بەخۆ بوونی کورد لەبواری زمانی رەسمیدایە. بۆ نموونە (و ئەوە لە کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا بە زەقی دیار بوو) زۆر کەس پێیان وایە کە کوردی زمانی قانوون نیە، هەربۆیەش هەتا پەسندکردنی ئەو یاسایە زمانی ئەسڵی و خاوەن متمانەی قانوونی هەم بۆ یاساکان و هەم لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا زمانی عەرەبی بوو نەک کوردی. لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە لەجێ خستنی ئەو باوەڕەدا کە مادام ماتێماتیک و بایۆلۆژی و فیزیا و کیمیا دەکرێ بە کوردی بکرێن، قانوونیش دەکرێ بە کوردی بکرێ تا ڕادەیەکی بەرچاو سەرکەوتین، بەلام ئەو دیدە بەکەمگرە خۆماڵییە بۆ زمانی خۆمان لەڕاستیدا کاریگەریی هەبوو لەوەدا کە پرۆژە یاساکە ئەگەرچی زۆر واقعبینانە نووسرابوو، بەلام هێندەی دیکەش لە بەرزەفڕییە رەواکانی کەم بکرێتەوە.

**کوردستان**: ئایا ئەم قانوونە هەر بەشی پەروەردەیی‌و ئیداری دەگرێتەوە، یان لە هەموو ڕەهەندەکاندا جێ دەخرێ؟

**دوکتور ئاسۆ**: ئەو قانوونە زۆر لەوە فراوانترە چونکە جگە لە هێندێک بواری وەک ژیانی تایبەتیی تاکەکان لەڕاستیدا هەموو بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. لە زمانی یاسا و دادگا و دامەزراوە گشتییەکان و پێوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانیدامەزراوە حکومییەکانەوە بگرە هەتا نووسینی سەر تابلۆ گشتی‌یەکان و ناوی شوێنەکان و زمانی خوێندن (بە دامودەزگا پەروەردەییە ئەهلیەکانیشەوە) و زمانی کار و بازرگانی و نووسینی سەر ڕێکلام و کەلوپەل و بەرهەمەکان و ... هتد لە خۆی دەگرێ.

**پرسیار**: وەک دەزانین زۆر پێکهاتەی نەتەوەیی‌و کەمایەتیی دیکە لە کوردستان دەژین، لەو پرۆژە یاسایەدا زمانی ڕەسمی لەو شوێن‌و ناوچانە چۆن پێناسە کراوە؟

**دوکتور ئاسۆ**: لێرەدا ئێمە وێڕای ئیشارە بە زمانی هێندێک لەو پێکهاتانە وەک تورکمانی و سریانی، ئاسانترین و

مەشرووعترین پێوەرمان بۆ وەها پێناسەیەک هەڵبژارد کە بریتییە لە ئیرادەی خەڵک و چوارچێوەی کارگێڕی. بەو مانایە کە لە هەر یەکەیەکی ئیداریدا (کە دەکرێ زۆر بچووکیش بێ) زۆرینەی دانیشتووان ویستی خۆیان بۆ بەکاربردنی زمانی خۆیان وەک زمان ڕەسمی لەپاڵ زمانی کوردیدا دەرببڕن، پێویستە داواکارییەکەیان بە ئەرێنی وڵام بدرێتەوە.

**پرسیار**: ئەم قانوونە چۆن دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ میکانیزمەکانی جێبەجێبوونی کامانەن؟

**دوکتور ئاسۆ**: ئەوەش بابەتێکە کە مشت و مڕی زۆری لەسەر بوو. لە سیاغەکەی ئێمەدا، کۆمیسیۆنێکی زمانە فەرمییەکانمان هێناوە کە وەک دەزگایەکی باڵای فەرمی چ لەنێو حکومەتدا و چ ئەگەر بکرێ بە شێوەی سەربەخۆ سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا داڕێژێ و بەڕێوەشی ببا. ئەو کۆمیسیۆنە لە دوو لیژنە پێک دێ کە یەکێکیان (لیژنەی زمان) ئەرکی زاراوەسازیی فەرمیی بەتایبەتی لەبواری قانوونی و کارگێڕیدا لەسەر شان دەبێ، ئەوەی تریشیان (لیژنەی بەدواداچوون) کاری ئەوەیە کە چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی سیاسەتی زمانیدا بکا لە هەردوو ئاستی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا و تەنانەت پرۆگرامی باشکردنی فەرمیەتی زمانی کوردیش بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت یا دامەزراوە گشتییە پێویستەکان دادەنێ. کۆمسیۆن هەروەها ساڵانە ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی سیاسەتی زمانی دەداتەوە حکومەت و پەرلەمان و لەو بوارەدا سەلاحییەتی گەڵاڵەکردنی ڕاسپاردە و ڕێنماییشی هەیە.لەلایەکی دیکەوە، لەسەر ئاستی سزاکاندا کۆمسیۆن وێڕای دەسەڵاتی هۆشداری دان و لەقاودان، دەسەڵاتی ئەوەی دەبێ کە کەیسی سەرپێچییەکان بداتە دادگا. بەڵام ئەوەندەی من بزانم یاساکە بەو جۆرەی پەسند کراوە لەجیاتی ئەو میکانیزمە ورد و بەهێزەی ئێمە پێشنیارمان کردبوو، زۆرتر ڕۆڵی داوە بە ئەکادیمیای کوردی کە هیوادارم سەرکەوتوو بن.

لە ژمارە ٦٤٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی ئاگۆستی ٢٠١٤

--------------------------------------------------

## ئەمەریکا و فڕەنسا زۆر زیاتر لە رابردوو سەرنج دەدەنە فاکتەری کورد لە ئێران

بوونی نزیکەی ١٠ ملیۆن کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەلای ئاسۆ حەسەنزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی کوردستان، فاکتەرێکی گرنگە کە دەکرێ لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا رۆڵی بەرچاو بگێڕێت. حەسەنزادە کە هاوکات هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرای یاسای نێودەوڵەتییە لە زانکۆی جنێف، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی "وشە"، پەردە لەسەر هەندێ نهێنی لادەدا. ئەو دەڵێت، "ئێستە ئەمەریکا و فڕەنسا زۆر زیاتر لە رابردوو سەرنج دەدەن لە فاکتەری کورد لە ئێران و بۆیان گرنگە بزانن لە گشتیی هاوکێشەکەدا دەتوانین چ رۆڵێکیان بۆ بگێڕن."

**وشە**: بەم دواییانە ئۆپۆزسیۆنی کوردی رۆژهەڵات بە گشتی و حزبی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی، باس لە رۆژهەڵات میحوەری دەکات. بۆ ئەوکاتە ئێوە بەو تەوەرە دەوروژێنن؟ بۆ پێشتر هیچتان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان نەکردووە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: ئێمە کە ئەو چەمکەمان بەرجەستە کردەوە، بەو مانایە نییە تا ئێستە خەباتمان بۆ رۆژهەڵات نەکردووە و هاوکات بەو واتایەش نایەت کە لەمەودوا پارچەکانی تری کوردستانمان بۆ گرنگ نەبێ. کۆمەڵێک فاکتەری جیۆپۆلەتیکی و ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ناوچە رووی داوە و جیا لەوەش، جێگە و پێگەی هەرێمی کوردستان و پرسی باکوری کوردستانیش بوونە هۆی ئەوەی لە دوو دەیەی رابردوودا، ناوەندی بارستایی پرسی کورد بۆ باشووری کوردستان و لەو دواییەشدا بۆ باکوری کوردستان بگوازرێتەوە. هاوکات کەمڕەنگبوونەوەی ئامادەبوونی مەیدانیی ئێمە و ئەو هۆکارانەش کە باسم کرد، بوونە هۆی ئەوەی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا کەمتر لە رۆژەڤدا بێ و بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی تر، لە هەمووان کەمتر باسی لێوە دەکرێت. لەلایەکی ترەوە هەستمان بەوە کردووە کە نەک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بژاردەی کوردی سەرجەم کوردستان ئەو سەرنجەی شیاوی رۆژهەڵاتە پێی نادات، بەڵکوو زەینییەت و کارکردی سیاسیی کوردی رۆژهەڵات لە رادەبەدەر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەجێندا گەورە کوردییەکە کە ناوەندەکەی باشوور و باکوری کوردستانە. ئێمە بەو هۆکارانە رۆژهەڵاتی میحوەریمان هێنایە بەرباس. ئەوەش بە واتای هێنانی شتێکی تازە نییە، بەڵکو بە مانای هێنانەی شتێکە بۆ جێگەکەی پێشووی خۆی..

**وشە**: ئایا لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە پێتان وابێ رۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە قوربانیی بەرژەوەندیی پارچەکانی تری کوردستان؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: من ناڵێم بووەتە قوربانی، چونکە هەموو پارچەکان قوربانییان بۆ یەکتر داوە، بەڵام قبووڵی ئەوە

دەكەم لەو هاوپێوەندییەی دەبێ لە نێوان كوردی پارچەكانی تردا هەبێت، بێگومان ناهاوسەنگییەك رووی داوە. ئەو روانگە نەتەوەییە فراوانە و ئەو تێچووەی كە رۆژهەڵاتی كوردستان و حزبەكانی ئامادە بوون بۆ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەكانی تایبەت بە باشووری كوردستان یان پارچەیەكی تر بیدەن، بەداخەوە بەرامبەرەكەیمان نەبینیوە..

**وشە**: ئەو ناهاوسەنگییە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەكانی هەرێمی كوردستان یان هاوكێشە نێودەوڵەتییەكان؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: پێش هەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی نێودەوڵەتی كە بەداخەوە لە بەرژەوەندی كۆماری ئیسلامیی ئێراندا تەواو بووە. هاوكات پێوەندی نێوان ئێران و هەرێمی كوردستانیش، كاریگەری لەسەر هاتنەئارای ناهاوسەنگییەكە هەبووە. ئێمە چاوەڕوانیمان ئەوەیە هەرێمی كوردستان چۆن لەسەر پرسی كوردی باكوری كوردستان لەگەڵ توركیا سیاسەت دەكات، بەو شێوەیەش لە پێوەندی لەگەڵ پرسی كورد لە رۆژهەڵات لەگەڵ ئێران سیاسەت بكات.

**وشە**: بەڵام بۆ حكوومەتی هەرێمی كوردستان ئەوە ناكات؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: بۆ نەبوونی دیدێكی یەكدەست لە نێو هێزە سیاسییەكانی باشووری كوردستان دەگەڕێتەوە و بەشێكیشی بۆ كاریگەریی دابەشبوونی هێزە كوردییەكان بەسەر هێزە ناوچەییەكاندا دەگەڕێتەوە.

**وشە**: یانی یەكێتی هۆكارە بۆ ئەوەی حكوومەتی هەرێم چۆن هەڵسوكەوت لەگەڵ توركیادا دەكات، بەو شێوەیەش بەرامبەر بە ئێران نەبێت؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: ئێمە واقیعێكی ئیداریمان لە هەرێمی كوردستان هەیە كە سەرچاوە لە واقیعێكی سیاسی وەرگرتووە. من ناڵێم تاوانی یەكێتی یان پارتییە. بە قازانجی هیچ بەشێكی كوردستان نییە كە پرسی كورد لە پارچەیەكی تردا پەك بخرێت، بە پێچەوانەوە تا پرسی كورد لە پارچەكانی تری كوردستان بەهێزتر بێت، بەرژەوەندییە درێژخایەنەكانی باشووری كوردستانیش باشتر دەپارێزرێت.

**وشە**: گوایە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەو ماوەیەدا ٣ جار لەگەڵ حزبی دیموكراتی كوردستان دانیشتووە و داوای كردووە كۆتایی بە جموجۆڵی ناوخۆیی بێنن و تەنانەت دووپاتی كردووەتەوە لە پاراستنی تەناهیی ئێوە و بنەماڵەكانتان بەرپرسیار نییە، ئەوە راستە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: من ئاگەداری ئەوە نیم کە تا ئێستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی گلەیی لە جموجۆڵی سەربازیی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردبێت. ئەگەر ئەوەش ڕوو بدات، بە شتێکی سروشتیی دەزانم، چونکە ڕەنگە ئەوانیش نیگەرانی کاردانەوەکانی جموجۆڵێکی لەو شێوەیە بن. ئێمە ئاگەدارین که حکوومەتی ئێران، لە تاران و تەنانەت لە ئەمەریکاش نیگەرانی خۆی لەو جموجۆڵانە دەربڕیوە. گرنگ ئەوەیە ئێمە و هەرێمی کوردستان بتوانین لەوبارەیەوە بە چەشنێک دیالۆگ بکەین کە لە ئەنجامدا هەم بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و هەم بەرژەوەندی بووژانەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵات، لەبەرچاو بگیرێن.

**وشە**: پێشتر کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان پێنج حزبی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا و لەوێ بڕیار درا هێز بۆ ناوخۆ بنێرنەوە، ئەدی بۆ بەس ئێوە ناردتانەوە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: ماوەیەکە کۆبوونەوەکان هەن و دەمانەوێ لە هەندێ پرسدا هاوئاهەنگی و هاوکاریی یەکتر بکەین، ئەوە زیاتر بواری سیاسی دەگرێتەوە. ئەمساڵ گۆڕانکاری نێودەوڵەتی و ناوچەیی ڕووی دا و قسەکانی سەرۆک وەزیرانی فەڕەنسا و گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا سەبارەت بە کۆبانی، نیشانی دا ئەگەر کورد یەکگرتووانە هەڵسوکەوت بکات و بە ڕاشکاوی وەڵام بداتەوە، دەکرێ بازنەی هاوئاهەنگی و پشتیوانییان بەرفراوان بکەنەوە و تەنیا بۆ باشوور نەبێ و بۆ ڕۆژئاواش بێت. ئەگەر کورد یەکدەست و یەکگرتوو بێت، ئەوان دەتوانن وەک فاکتەرێک لە سەرجەم کورد و پارچەکانی کوردستان بڕوانن. هەلومەرجی نوێ بۆتە هۆی ئەوەی زیاتر کۆ ببینەوە، بەڵام بڕیاری ناردنەوەی پێشمەرگە پێوەندی بەو کۆبوونەوانەوە نییە. ئێمە پێش لە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی، بڕیاری ناردنەوەی هێزمان دابوو.

**وشە**: چوونەوەی پێشمەرگەکانی ئێوە بۆ ڕۆژهەڵات، هیچ پێوەندی بە بڕینی بودجەتان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە**: ئێمە هیچ بودجەیەکمان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە و ئەوەی هەیە، تەنیا بۆ خزمەتگوزاری و پێداویستی ئیسانی کۆمەڵێک خەڵکی کەمپەکانی ڕۆژهەڵاتە کە بە هەموو پێناسەیەک پێڕاگەیشتنیان هەر لە ئۆدەی حکومەتی هەرێم دەبوو. حزب سەرچاوەی داهاتی تایبەتی بەخۆی هەیە. چوونەوەی پێشمەرگەکانمان پێوەندیی سەرەکی بەوە نییە، بەڵکو ئامانجمان خەبات لە نێو خەڵکی خۆماندایە. ئەگەر لە کاتی ئامادەبوونمان لە نێو خەڵکی خۆشماندا یارمەتی کۆ بکەینەوە، زۆر شتێکی ئاساییە.

**وشە:** توانیوتانە سوود لە هاوسەنگی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وەربگرن بۆ ئەوەی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات بخەنە ناو ڕۆژەڤەوە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** کورد هەمیشە لە کاری لۆبیدا لە پاش بووە. ئێمە بە تەواوی هەوڵ دەدەین لە دنیای دەرەوە، کار بۆ ناساندنی پرسی کورد بکەین، لەوانە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس بکرێ و روون بکرێتەوە کە چیمان دەوێ. ئێمە کاری زۆرمان کردووە، بەڵام پێویستیمان بە یەکدەستی هەیە و ئەگەر هەر حزبێک لەلایەن خۆیەوە کار بکات و لایەنەکانی دەرەوە ببینێت، وزەکە بڵاو دەبێ و لە ئەنجامدا نمایشێکی هێزی یەکدەستمان پێ ناکرێت. سەرووی هەموو ئەوانەش، رەخسانی هەلومەرجە.

**وشە:** یانی دەتانەوێ دەست لەسەر دەست دانێن و چاوەڕێی رەخسانی هەول و مەرج و دۆخێکی تایبەت بن بۆ ئەوەی لە ئێراندا گۆڕانکارییەک روو بدات؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** هەموو شتێک لەسەر گۆڕانکاری نێودەوڵەتی پەک ناخەین و چاوەڕێی ئەوە نین هێزێک بێت و وڵاتمان بۆ رزگار بکات، چونکە ئەوکات هێزەکە بۆ خۆی دەکات نەک بۆ ئێمە، بەڵام ئەگەر هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی بێتە پێش، دەبێ بقۆزرێتەوە. ئێمە دەبێ شتێک وەرێ بخەین کە چاوەڕێی هاتنەئارای دۆخی تایبەت نەبێت. کاتێکیش دەبینە ڕۆژەڤ کە جموجۆڵمان لە نێو خەڵکی خۆماندا هەبێ و بەو شێوەیە دەبێت بە فاکتەر.

**وشە:** ئەو هاوینە ئێوە پێشمەرگەتان بۆ ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناردووەتەوە، دۆخەکەتان پێ هەلە یان ئەوەی کە لایەن یان چەند لایەنێکی نێودەوڵەتی گڵۆپی سەوزیان بۆ داگیرساندوونە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** ئێمە پێشتریش ئەو کارانەمان کردووە. ئێستە ئەجێندا و بەرژەوەندییەکان وەک یەک نین، بۆ نموونە فەرەنسا و ئەمەریکا بە یەک چاو سەیری ناوچە و دۆخەکە ناکەن. ئێستە هەموو لایەنەکان یاریی دووانە دەکەن و بەبێ ئەوەی ریسکی زۆر گەورە بکەن، دەیانەوێ بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن. گڵۆپی سەوز یا سووری هیچ لایەنێکمان نییە بۆ ئەنجامدانی هیچ کارێک. پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات، دروستکراوی دەرەوە نییە تا لە دەرەوە بەرنامەی بۆ دابندرێ .

**وشە:** دنیای دەرەوە چاوەڕوانی لە ئێوە هەیە کە لە نێو ئەو فاکتەرەدا، ڕۆڵ بگێڕن؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** بەڵێ، ئێستە ئەمەریکا و فەرەنسا زۆر زیاتر لە رابردوو سەرنج دەدەن فاکتەری کورد لە ئێران و بۆیان

گرنگە بزانن لە گشتیی هاوکێشەکەدا دەتوانین چ ڕۆڵێک بگێڕین .

**وشە: بەو پێیە ئەوان خەریکی چاودێری و لێکۆڵینەوە لە کوردی ڕۆژهەڵاتن؟**

**ئاسۆ حەسەن زادە:** ئەگەر کوردی ڕۆژئاوا کێشە ناوخۆییەکانیان چارەسەر بکەن و لە پێوەندی لەگەڵ هاوپەیمانییە دەرەکییەکاندا خۆیان یەکلا بکەنەوە، ئەوکات تابلۆیەک دێتە بەرچاو کە سێ گۆشەی دیارە و تەنیا گۆشەیەکی دەمێنێتەوە کە ئەویش ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەو تابلۆ گشتییەدا دەبێ چالاک بکرێت. ئێستە کورد دەبێ ئاستی ڕوانین و ئەنالیزی بۆ نێو هاوکێشە جیهانییەکان بگوازێتەوە. ئەو پەیامە بەروونی بە هەموو کوردەکان دراوە. دنیای دەرەوە دەبێ بە هەموو ئاڵۆزیی ناوخۆیی نێوان کورد، بەسەریەک چاو لە کورد بکات و لەو نێوەشدا ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ گرنگ بێ، چونکە لە تەواوی کێشە ناوچەییەکاندا، کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆڵی گەورەی هەیە.

**وشە: ئێستە کام لەو دوو وڵاتە سەری ڕمەکەیە، ئایا سیاسەتی ئەمەریکا و فڕەنسا بەرامبەر بە کورد وەک یەکە؟**

**ئاسۆ حەسەن زادە:** ئەوان سەرەڕای ئەوەی ئێستە لە بەرەیەکدان، بەڵام خوێندنەوە و پاشخانیان لەسەر پرسی کورد و ناوچەکە وەک یەک نییە. هەردوولا چاودێری پرسی کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن. پێم وایە فڕەنسا ئامادەیی باشی زۆر باشی بەرامبەر بە پرسی کورد هەیە و دەسپێشخەرییەکانی ئەم دواییەی پاریس، نیشاندەری ئەوەیە. فڕەنسا دەیەوێ لە پرسەکاندا هاوهەنگاوی لەگەڵ ئەمەریکادا هەبێت، بەڵام بە ڕوانین و ئەجیندا و قورسایی خۆیەوە دەیەوێ بێتەوە ناو هاوکێشەکانن. ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ هەردوو دەوڵەت هەیە.

**وشە: سەرنجەکەی ئەوان لەسەر چ لایەنێکە؟ دەیانەوێ چییان بۆ بکەن، لەوەدا مەبەستم ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات بە گشتییە؟.**

**ئاسۆ حەسەن زادە:** من ناتوانم بەناوی هەموو ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵاتەوە قسە بکەم، چونکە ئێمە ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوومان نییە، بەڵام وەک حزبی دیموکراتی کوردستان ئێمە دەمانەوێ ڕوانگەی خۆمان بۆ ئەوان ڕوون بکەینەوە و هەست دەکەم ئەوانیش ڕوانینی ئێمەیان بۆ گرنگە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## بۆ کوردستانی نوێ: بەهێزبوونی کورد لەخانەی سەربازیدا دەتوانێ هەیمەنەیەکی کوردی بۆ کورد لەناوچەکەدا دروستبکات

**کوردستانی نوێ**: هەندێک دەڵێن ئەجێندایەکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە، کوردیش بەشێکە لەم گۆڕانکارییانە، باشە کورد چی بکات؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە**: لەگەڵ ئەوەدا کە هۆکارە مێژوویی‌و جیۆپۆلەتیکییەکانی لێکدابڕانو دابەشبوونی کورد هێشتا هەر لەجێی خۆیانن، بەڵام هەم لەڕووی هەلومەرجەوەو هەم لەڕووی زەینییەوە ئەمڕۆ بەستێنێکی لەبار دروستبووە بۆئەوەی کوردەکان هەموو بەسەریەکەوە دیدێکی ستراتیژی سەبارەت بەئایندەی خۆیانو جێگەو پێگەی لەمەودوایان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەنێوان خۆیاندا پەسند بکەنو کاری پێبکەن، بەڵام ئایا ئەو خۆڕێکخستنو یەکگرتنە کوردییە دەبێ لە پێناوی چیدابێ؟ ئەگەر چاو لەئەجێندای ئەو دەوڵەتانە بکەین کە لەباروودۆخی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەکانتێکستی شەڕ لەگەڵ داعشدا رۆڵدەگێڕن، جارێ نیشانەیەکی بڕیاردەر نابینم بۆئەوەی بڵێم دەوڵەتانی دەستڕۆیشتووی جیهان ساغبوونەتەوە کە گۆڕانکارییەکان بەمانای کێشانەوەی سەرلەنوێی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بێ.

هەروەک ئەو باسو خواسانەی کاتی خۆی لەژێر ناوی «خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە یا تازە»دا بۆ گۆڕینی هاوکێشەکانی ناوچە لەگۆڕێدا بوون، ئێستاش ئەوەی بەڕێوەیە گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ناوچە نییە، بەڵکو لەباشترین حاڵەتدا هەوڵدانی دەوڵەتانی رۆژئاواییە بۆ بەهێزکردنو لاوازکردنی ئەم دەوڵەتو ئەو دەوڵەت، یان بەهێزکردنو لاوازکردنی ئەم فاکتەرو ئەو فاکتەر لەنێو خودی دەوڵەتە مەوجودەکاندا، تازە لەمەشدا مەرامو ئەجێنداکان نەک تەنیا لەنێوان رکابەرە نێودەوڵەتیو ناوچەییەکاندا، بەڵکو لەنێو خودی بەرەی رۆژئاواشدا یەک نین. ئەو نەخشانەش کە بڵاوبوونەوەو گوزارشت لەدابەشکردنی دەوڵەتانی مەوجودی ناوچە بۆ سەر چەند ئەوەندە دەوڵەتی نوێ دەکەن، تەنیا کۆمەڵێک پێشنیازو پێشبینین کە لەسەر دەستی هەندێک گرووپی گوشارو کۆڕو کۆمەڵی لۆبی (بۆ نموونە هەندێک ناوەندی نیو کۆنسێرڤاتیڤ) کێشراون. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە رووداوەکانی ئێستاو ئاڵوگۆڕەکانی لەمەودوا شتی باشیان بۆ کورد لێناکەوێتەوە. بەپێچەوانەوە، دۆخی هەنوکە لەگەڵ ئەوەدا کە بۆتە هۆی دوورخستنەوەی خەونی سەربەخۆیی، بەڵام بۆ کورد لەهەر وڵات یا پێکهاتەیەکی دیکەی ناوچە زیاتر سەرچاوەی بەهێز بوونو رۆڵگێڕان بووە، ئەوەش نەک هەر لەباشووری کوردستان، بەڵکو لەسەر نزیک بەتەواوی رووبەری بزووتنەوەی کورد.

**کوردستانی نوێ:** سەرەتای لێدانی داعش لەهەرێمی کوردستان وتیان لەبەر ئەوەی ئیکسۆن مۆبیلو تۆتالو..تاد. لەکوردستانن، بۆیە ئەوروپاو ئەمریکا زوو هاتنە دەنگ، کەچی دەبینین هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەمریکا بەهەمان شێوەو قەبارە بۆ کۆبانێ کە نەوتی لێ نییەو کۆمپانیای ئەمریکاشی لێ نییە هاتە دەنگ کەواتە ئەمە نایسەلمێنێ ئەجێندایەک بۆ دابەشکردنی ناوچەکە هەیە؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** هەروەک چۆن تێوەگلانی سەربازیی رۆژئاواییەکان لەهەرێمی کوردستان بەرهەمی پلانێکی سیاسیی پێشتر دارێژراو و بیرلێکراوە نەبوو، بەڵکو وەڵامێکی کتوپڕ بەو مەترسییە جددییە بوو کە داعش بۆ سەر سەقامگیریو بەرژەوەندییەکانیان لەناوچەکەو تەنانەت لەوڵاتانی خۆیاندا دروستیکردووە، فراوانکردنی مەیدانی کرداری سەربازیی هاوپەیمانانیش بۆ کۆبانێو رۆژئاوای کوردستانیش بەپلەی یەکەم پەیوەندیی بەنیازی دابەشکردنی ناوچەکەو پشتگیری لەخەونی کوردییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەکۆمەڵێک ئیمپراتیڤی روونی سەربازییەوە هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕێک کە دیارە دەتوانێ ئاکامی سیاسیی گەورەشی هەبن. رۆژئاوا دەزانێ کە لەو شەڕەدا کوردەکان نەک هەر دەتوانن نەخشی یەکەمی سەربازی لەشکاندنی هەیبەتو هەیمەنەی داعشدا بگێڕن، بەڵکو جیهانبینیو بەهاگەلێکیش کە کورد بەڕووی دنیای دەرەوەدا نیشانی دەدا، بۆ ناوەڕۆک بەخشین بەئاکامە سیاسییەکانی کۆتایی ئەم شەڕە بەفاکتەرێکی باشو بنیاتنەر دادەنێن. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە نیازی دابەشکردن یان دابەشکردنەوەی ناوچە بێ کە ئەوانی بەم چەشنە بێوێنەیە لەگەڵ ئێمە هێنابێتە سەرخەت. لەبیرمان نەچێ ئەو لایەنەی هەر لەیەکەم رۆژەوە باسی کۆتاییهێنان بەسایکس بیکۆی کردووە رۆژئاواییەکان نەبوون، بەڵکو داعشە، ئەگەرچی کۆتایی سایس - بیکۆ بۆ داعش هەمان ئەو مەبەستو مانایەی لەپشت نییە کە دەکرێ بۆ کورد هەیبێ.

**کوردستانی نوێ:** ئەگەر ئەم ئەجێندایە هەبوو بۆ دابەشکردنی ناوچەکە، کورد چی بکات بۆ خۆئامادەکردن بۆ بارودۆخی نوێی ناوچەکە؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** هەروەک وتم من جارێ وەها ئەجێندایەک نابینم، بەڵام نەبوونی ئەجێندایەکی روون بۆ دابەشکردنی ناوچەکە بەمانای ئەوە نییە، کە لەپەراوێزی رووبەڕووبوونەوەی جیهانی لەگەڵ داعشدا فاکتەری کوردی هێز وەرناگرێ. لەوەها هەلێکی مێژووییدا کورد دەبێ نێومالی خۆیو پەیوەندییە دەروونییەکانی نەک هەر لەباشوور، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەچەشنێک رێکبخاتەوە کە جیهانی دەرەوە فاکتەری کوردی هەمووی بەسەریەکەوە ببینێو حسابێکی یەکدەستی بۆ بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە کورد ئێستاش ناتوانێ لەمەیدانی کارتێکەرییە نێوخۆییەکانی عێراقو ناوچەکە (بۆ نموونە تەواجود لەبەغدا) غایب بێ، بەڵام پێویستە ئەولەویەتو فۆکس بخاتە سەر دینامیزمی تایبەت

بەکورد خۆی، ئەمەش بە پێناسەیەکی فراوانی کوردی کە هەموو بزووتنەوەی کورد لەبەرچاو بگرێ. نەخشی سەربازیی کورد نابێ بەمانای پەکخستنی تێگەیشتنو دیدگای سیاسیی کورد بێ. بەهێزبوونی کورد لەخانەی سەربازیدا دەتوانێ هێمەنەیەکی کوردی بۆ کورد لەسەر خاکی خۆیو شکۆیەک بۆ ئەو لەناوچەدا دروستبکات. کە دواتر ئاکامی سیاسیی گەورەشی هەبێ. ئەو ئاکامانە ئەگەر سەربەخۆیی کوردستانو یەکگرتنەوەی هەموو کوردستانیشیان لێ نەکەوێتەوە، لانیکەم دەبنە هۆی ئەوە کە جێگەو پێگەی کورد هەم لەهاوکێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو هەم لەچوارچێوەی ئەڵتەرناتیڤی سیاسیی ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بەشێوەیەکی چارەنووسساز ئەوەندە بەهێز بێ کە هیچ لایەنێک ئیدی نەتوانێ داواکارییە رەواو بنەڕەتییەکانی کورد لانیکەم لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا نادیدە بگرێ.

**کوردستانی نوێ**: پێتانوانییە هاتنی وەک دەوترێت (عسى ان تكرهوا شيئا وهو خير لكم)، خێر بداتەوە بۆ کورد کە سەرنجی دونیای بۆ کوردستان راکێشا، وایکرد کورد ببێ بەشەریکی هاوپەیمانییەتییەکی نێودەوڵەتی؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە**: ناکرێ رووداوێک کە بەقیمەتی یەکێک لەتاڵترینو جەرگبڕترین کارەساتە مرۆییەکانی مێژووی گەلەکەمان تەواو بوو، جەرگی هەموومانی بڕی. بەڵام لەڕووی سیاسیو سەربازیو میدیاییەوە حاشای لێناکرێ کە لەئاکامی هێرشی داعشدا بوو کە فاکتەری کوردی بەشێوەیەکی بێوێنەو سەرسامکەر کەوتەبەر زوومو سەرنجی کۆڕو کۆمەڵە بڕیاردەرەکانی جیهان، شتێک بۆ میللەتێک کە هەمیشە حاشای لێکراوەو پێش بەناسرانی گیراوە، بایەخێکی گەورەی سیمبولیو سیاسیشی هەیە. هەر لەو کاتەدا، بەڵام نابێ ئاکامە مەیدانییەکانی هێرشی داعش بەکەم بگرین. جیا لەوە کە ئەوجار کورد دەبێ بۆ هەمیشە خۆی بۆ شەڕو رووبەڕووبوونەوەی مەترسیی تیرۆریزمو بنیاتگەراییو تێچووە سیاسیو مرۆییەکانی ئەو رووبەڕووبوونەوە درێژخایەنە ئامادە رابگرێ، لەڕووی خاکیشەوە، نەک هەر سەریەککەوتنەوەی هەموو ناوچە کوردییەکانی باشوور کە لەدوای کەوتنی موسڵەوە روویدابوو وەک خۆی نەماوە، بەڵکو حزوری هەندێک هێزی عەرەبو میلیشیای دیکەی غەیرە کورد لەو ناوچانە نەخشەی سەربازیو بگرە ئایندەی سیاسیی ئەو ناوچانەی وەک جاران ئاڵۆز کردۆتەوەو پاکبوونەوەی ئەو ناوچانە لەتەواجودی سەربازیی غەیرە کوردەکان کارێکی ئاسان نابێ.

**کوردستانی نوێ**: هاوکاریکردنی داعش لەلایەن تورکیاوە، خەریکە وابکات تورکیا لەدەوروبەری خۆیو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داببڕێت، ئەمە چەند لەخزمەت دۆزی کوردە بۆ ئەوەی وڵاتانی خۆرئاوا بەدوای بەدیلێکی بەهێز بگەڕێن بۆ شەراکەتکردن؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە**: راستە کە سیاسەتی لێڵو گوماناویی تورکیا لەپەیوەندی لەگەڵ داعش بەگشتیو کۆبانێ بەتایبەتیدا

بوونە هۆی ئەوەی کە ئەو دەوڵەتە دەستپێشخەریی‌و کارایی سیاسیی خۆی لەو قەیرانەدا لەدەستبداو هاوپەیمانان لەخۆی دڕدۆنگ بکات. بەڵام مەرج نییە ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا تاسەر وەک ئێستا بەردەوام بێت‌و هەر ئێستا نیشانەکانی ئاڵوگۆڕ لەو سیاسەتەدا هەست پێدەکرێ، بەتایبەتی پاش ڕێگەدان بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ چوونە نێو کۆبانێ لەڕێگای خاکی تورکیاوە. هەر ئێستا ئەحمەد داود ئۆغلو لەهەلومەرجێکدایە کە بەتەواوی هەستدەکات کە ئەو تێزانەی کە لەو سەردەمەدا کە وەزیری دەرەوە بوو لەپەیوەندی لەگەڵ قووڵایی ستراتیژیی‌و سیاسەتی نەرمو بوژانەوەی عوسمانییانەدا دایڕشتبوون، بەسنووری خۆی گەیشتوون‌و وەک ئەندامێکی ناتۆو لەژێر بارستایی مەترسیی ئەمنیی رادیکاڵیزم بۆ سەر سەقامگیریی ناوخۆیی‌و ناوچەیی تورکیا ناچارە هەندێک هەموارو وەرچەرخان لەسیاسەتی دەرەوەیدا بکات. لەلایەکی دیکەوە، ڕاستە فاکتەری کوردی بەشێوەیەکی پێشتر نەبینراو و بەهێز بووەو ئەوەش لەخانە فراوانەکەدا (واتە هەموو کوردستان بەتایبەتی بەباکوورو ڕۆژئاواییەوە) زۆر بەدڵی دەوڵەتی تورکیا نییە، بەڵام بەو گرنگییە سیاسی‌و فەرهەنگی‌و جیۆستراتیژییەوە کە تورکیا هەیەتی‌و بەو هاوپەیمانییە سیاسی‌و سەربازییانەشەوە کە تەنانەت لەسەردەمی حکومەتی ئەکەپەدا سەرەڕای ئەکتیڤ نەبوونیان هەر لەجێی خۆیان مانەوە، نابێ پێمانوابێ کە لانیکەم جارێ ڕۆژئاوا تورکیا بەکورد دەگۆڕێتەوە یا کوردستان دەکاتە بەدیلی تورکیا. ڕۆژئاواییەکان ئێستا سۆراغی ئەوە دەکەن کە هاوتەریبییەک لەنێوان کوردو تورکیادا دروستبکەن‌و ئەوان لەخانەی هاوپەیمانێتی خۆیاندا بەشێوەی درێژخایەن ئەکتیڤ‌و کارا بکەن‌و هەوڵدەدەن وێڕای سەرنجدان بەچاوەڕوانییەکانیان، هەردووکیان ئەوەندە لەحەدو سنووری خۆیاندا ڕابگرن کە گرژی‌و ناتەبایی نێوانیان نەبێتە هۆی لەباربردنی کارایی هاوپەیمانەتییە گشتییەکە بەدژی داعش‌و ئەگەر بکرێ بۆ ساغکردنەوەی ئایندەی سوریا.

**کوردستانی نوێ**: ئەم هەڵسوکەوتەی تورکیا، زیانێکی گەورە بەنفوزو پێگەی تورکیا ناگەیەنێت‌و ڕێگە خۆش ناکات پەکەکە لەلیستی تیرۆر بێتە دەرێ؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە**: ڕۆڵێک کە گەریلاکان لەپاش کارەساتی شنگال گێڕایان‌و لەوەش زیاتر خۆڕاگریی شەڕڤانانی یەپەگە لەشوێنێکی وەک کۆبانێ کە هەم لەڕووی مەیدانداری‌و هەم لەڕووی ئابڕووی سەربازییەوە لەشەڕی دژە داعشدا ستراتیژیکە، سیمای پەکەکەی لەدنیای دەرەوەو بەتایبەتی لەئەوروپاو تەنانەت لەوڵاتێکی وەک ئەڵمانیادا باشتر کردووەو ئێستا سەمپاتییەکی ڕۆژئاواییەکان بۆ لای ئەوان شکڵی گرتووە. پەکەکە پێویستە ئەو هەلە لەکیس خۆی نەداو لەو ململانێ ناوچەییەدا کە لەسوریادا لەئارادایە بەشێوەیەکی ڕوونترو چالاکتر لەڕابردوو خۆی یەکلایی بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەدگومانی دەرهەق بەمەرامەکانی دەوڵەتی تورکیاو ئۆپۆزسیۆنی سوریا ئێستاش لەجێی خۆیدایە، بەڵام وەسڵ بوونی پەکەکە بەهاوکێشەی جیهانیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش تەنیا بەهەنگاوی سەربازی ناکرێ، بەڵکو خۆناساندنەوەیەکی سیاسیشی پێویستە. ئەوان ئەگەر ئەو کارە بکەن وەک باشوور بەچەشنێک لەجاران بەهێزتر دەبن‌و ئەوودەم دەتوانن لەجاران باشتر ڕووبەڕووی نیازە بەدەکانی تورکیا یا هەندێک ئێلێمێنتی نێو ئۆپۆزسیۆنی سوریا ببنەوە.

هەمووی ئەمانەش بێگومان دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بەوە کە پەکەکە لەلیستی تیرۆریستی بهێنرێتەبەر. بەڵام هێنانەدەری ڕێکخراوێک لەلیستی ڕەشی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا پرۆسەیەکی قورس و کات هەڵگری یاساییەو لەهەرحاڵدا ئەو مەسەلەیە ڕێگر نییە لەهاوپەیمانیی کورد لەڕۆژئاوا لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی. مەرجی سەرەکی وەک وتم خۆپێناسەکردنەوە سیاسییەکەیە کە پێویستە پەکەکە بیکات.

**کوردستانی نوێ: پرسی هۆشیاری کۆمەڵگە بەتایبەتیش تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی کاریگەری گەورەی لەسەرهۆشیاریی نەتەوەیی و بەیەکگەیشتنی کورد لەهەموو پارچەکان و دونیا دروستکردووە و سەرەنجام بەشێک دەبێت لەپاڵنان بەپێشخستنی دۆزی کورد؟**

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** ئەو شەپۆڵە لەهاوپەیوەندیی نێوان کورد کە دیارە ئەوەی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لایەنێکیەتی دەستکەوتی هەرە بەنرخی ئەو قۆناغەیە کە هەم ڕوحی نەتەوەیی پێ پتەو دەبێ و هەم یارمەتی بەپێشخستنی دۆزی کوردیش دەکات. بەڵام لەکۆمەڵگەو کەلتوورێکی سیاسیدا کە گرفتاری چەندین بازنەی دابەشبوونەو هەموو شتێکیش بەحزبی کراوە، دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە هەموو ئەو شەپۆلی هاوپەیوەندییانە بۆ ئەوەی بەئاقاری هاوبەش و هەماهەنگدا بڕۆن و لەئاکامدا کورد نمایشێکی نەتەوەیی بەردەوامی بەڕووی جیهاندا لەخۆی نیشان بدا، پێویستە بژاردە سیاسییەکان و بەتایبەتی هێزە سەرەکییەکانی بزوتنەوەی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان لەڕێگەی بەڵێننامەیەکی فراوانی کوردییەوە لەسەر کۆمەڵێک بەهاو بنەما ڕێکبکەون کە ئەوددەم کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردیش وەک کۆدێکی ڕەفتاری نەتەوەیی کاری پێبکات.

**کوردستانی نوێ: بارودۆخی ئێستای جیهان چەندە لەبارە ڕێککەوتنێکی لەبابەتی سایکس بیکۆ دوبارە ببێتەوە؟ بەتایبەت دەمێکە قسە لەسەر دابەشکردنی سوریاو عیراق دەکرێت؟ ئەگەر ناوچەکە دابەش ببێت ئەگەرە نزیکەکان (الاحتمالات الاقرب) چییە؟**

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** لەمێژووی نوێدا تەنیا لەو حاڵەتانەدا سەرجەم نەخشەی ناوچەکان سەرلەنوێ کێشراونەوەو دابەشکردنەوەی سەرزەمینەکان ڕوویداوە کە هەموو ناوچەو سەرزەمینەکانی جێگای مەبەست پێشتر لەژێر حاکمیەتێکی فراوانتردا (بۆ نموونە ئیمپراتۆریی عوسمانی، فیدراسیۆنە خۆرهەڵاتییەکان) بەسەریەکەوە بوون و لەئاکامی تێرامان و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ئەو حاکمییەتانەدا یەکەکانی پێشووتری نێو حاکمیەتەکە بەسەریەکەوەی بەشێوەی یەک بەدوایەکدا بەسەربەخۆیی گەیشتوون. لەسەردەمی ئێستاشدا مادام هەموو ئەو ناوچەیەی مەبەستمانە لەژێر حاکمییەتێکی هاوبەشدا نییە، باوەڕ ناکەم نە یاسای نێودەوڵەتی و نە ئەجێندا سیاسییە ڕکابەرەکانی نێو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

دەرەتانی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیەکی گشتیی ناوچەکە بدا، بەتایبەتی کە هیچ کۆدەنگییەک نە بۆ ئالیەتو چوارچێوەی ئەنجامدانی وەها ئاڵوگۆڕێکی هەمەلایەنەی نەخشەی سیاسیی ناوچەو نە سەبارەت بەچۆنیەتیو چەندایەتیی کیانە سەربەخۆ نوێیەکان لەگۆڕێدا نییەو پێشمواننییە دروست ببێ. ئەوەی کە دەکرێ رووبدات تەنیا مامەڵەی بەجیاو کەیس بەکەیس لەگەڵ ئەو حاڵەتانەیە کە لەواندا ویستی گەلێک بۆ سەربەخۆیی هەیە (کورد بەنموونە)و ئەو کاتە بەپێی بوونی زەمینەی لەبارو ژێرخانی پێویست بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ کەیسە دیاریکراوەکەدا دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## وتووێژی رۆژنامەی وشە سەبارەت بە لێکگەیشتنی ناوکی

### هیدایەت جان

له ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا زۆربەی حزبەکانی رۆژهەڵات هیواکانیان لەسەر هێرشی سەربازی ئەمەریکا بۆ ئێران هەڵچنیبوو و ستراتیژی سیاسییان لەسەر ئەو گریمانەیە رێک خستبوو، ئێستە ئەمەریکا و ئێران لەسەر پرۆگرامی ناوکیی ئەو وڵاتە یاداشتێکی لەیەک تێگەیشتنیان واژۆ کردووە و ئەو هیوایەی لای زۆربەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دروست ببوو، هەڵوەشایەوە. د. ئاسۆ حەسەن زادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی کوردستان، لەم چاوپێکەوتنەدا بۆ "وشە" لایەنەکانی ئەو رێکەوتنە شی دەکاتەوە و رای دەگەیەنێ: "سوودی هەرە گەورەی رێککەوتنەکە ئەوە دەبێ کە ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵات واز لەوە بێنێ کە تەنیا چاوی لەو دوورە دیمەنە بێت کە رەنگە رۆژێک دنیای دەرەوە هێرش بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران". هاوکات تیشک دەخاتە سەر پلان و ستراتیژی حزبەکەی بۆ داهاتووی رۆژهەڵات و یەکگرتنەوەی دوو حزبی دیموکرات دەبەستێتەوە بە هەڵوێستی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر ئەو کتێبەی لەلایەن سکرتێری گشتیی ئەو حزبەوە بڵاو کراوەتەوە و دەڵێ: "پێویستە لانیکەم حدکا روونی بکاتەوە کە ئایا ئەوەی لەو کتێبەدا هاتووە، تەنیا بۆچوونی نووسەرەکەیەتی یان سیاسەتی حزبەکەشیانە؟".

**پرسیار**: حزبەکانی رۆژهەڵات زۆربەیان هیوایان خستبووە سەر هێرشی سەربازیی رۆژاوا و بەتایبەتی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێنیتەوە، ئایا تەنیا پاساوێک بووە بۆ ئەوەی کەمپشینی و ناچالاکیی خۆیانی پێ پاساو

بدەن؟

**وەڵام**: وەک لە زۆر بابەتی تردا کە کۆدەنگی لەنێو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا نییە، لەو پێوەندییەشدا وا نەبووە کە بڵێین هەموو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر چاوەڕوانیی هێرشی سەربازی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی بوون، تەنانەت ئەو حزبانەش کە زیاتر تۆمەتبار دەکرێن بەوەی کە چاوەڕوانی ئەوەیان کردووە ئەمەریکا هێرش بکاتە سەر ئێران، ئێستە حاشای لێ دەکەن کە بەو شێوە بیریان کردبێتەوە. بەڵام حاشای لێ ناکرێت کە چ بەهۆی درێژبوونەوەی خەبات و تەمەنی کۆماری ئیسلامی و چ لەژێر کاریگەریی سیناریۆی ئازادیی باشووری کوردستان و بەگشتی دۆخی ناوچەکە، بەجۆرێک ئەو بیرکردنەوەیە لەلای بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست ببوو کە تەنیا لە چوارچێوەی سیناریۆی ڕادیکاڵ و دەستێوەردانی دەرەکییەوە ئەو ڕژێمە لادەچێ. خۆ ئەگەر شتێکی وا رووی دابا ئێمە پێشمان پێ نەدەگرت و دەبوو دەرفەتەکە لە بەرژەوەندیی گەلەکەماندا بقۆزینەوە. ئەوەندەی پێوەندیی بە (حدک)ەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمەش گرفتاری هەمان هەلومەرجی خەباتین کە بەگشتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدایە، بەڵام چ لە گوتاردا و چ بەکردەوەش هەموو هەوڵمان بۆ ئەوە بووە کە ئایندەی خەباتی خۆمان تەنیا لەسەر بنەمای ئاجێندای نێودەوڵەتی ڕێک نەخەین، بەڵکو تێبکۆشین بە هەموو ئەو بەربەستانەوە کە لەسەر هەردوو بەستێنی مەدەنی و شۆڕشگێڕیی خەباتەکەمان هەیە، تێبکۆشین دینامیزێک وەگەڕ بکەوێتەوە کە کوردی ڕۆژهەڵات بەپشتبەستن بە کەرەستەی خۆی و لەسەر بنەمای مەرام و ئاجێندای خۆی بێتەوە نێو ڕۆژەڤی ڕووداوەکان.

**پرسیار**: بینیمان زۆربەی ئەو حزبانە بە ڕێککەوتنی ناوکی دڵگران بوون، بەڵام ئاشکرایە کە لە بواری ئابووری و گوزەرانیی هاووڵاتییانەوە سوودی دەبێت، ئایا کاتی ئەوە نییە کە بیر لە پلان و ستراتیژیی تر بکرێتەوە بۆ خەباتکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**وەڵام**: جاریَ ناوەڕۆک و چارەنووسی ڕێککەوتنەکە یەکلا نەبووەتەوە، بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنەکە بکرێ، تەنیا لە یەک حاڵەتدا لۆژیکییە کە پێمان ناخۆش بێ ڕێککەوتنێکی لەو چەشنە ڕوو بدا، ئەویش ئەوە کە ڕێکنەکەوتن بە مانای یەکلابوونەوەی چارەنووسی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی بژاردەی سەربازییەوە بێ. لە هەمووان ئاشکرایە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر بژاری سەربازی لە مێژە لەسەر مێزی ئیدارەی ئەمەریکی لاچووە. بژاری تر ئەوەیە کە پێمان وابێ لە ئاکامی گەمارۆکاندا خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە ڕاپەڕن. بەڵام ئەزموونی عێراق و کوبا و زۆر شوێنی تر نیشانی داوە کە هەرگیز میللەتێک تەنیا لەژێر فشاری گەمارۆی ئابووریدا لە ڕێژیمی حاکم ڕانەپەڕیوە. مادام بژاری سەربازی لە ڕۆژەڤدا نییە و پاڵەپەستۆی ئابووریش نییە کە دەبێتە هۆی هەستانە سەرپێی خەڵک، بۆچی دەبێ پێمان ناخۆش بێ کە ڕێژیم مل

بۆ میکانیزمێکی نێونەتەوەیی رابکێشێ کە پێش بە دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمی بگرێ؟ من لەو باوەڕەدا نیم کە دوای ڕێککەوتنەکە ئەوجا کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆشدا ریفۆرم بکات و چیتر خەڵکی سەرکوت نەکات و ڕێگە بە کرانەوەی سیاسی بدا و بەگشتی لە ناوچەکەشدا سیاسەتێکی سالم و بنیاتنەر بگرێتە بەر. بەڵام خۆ لانیکەم بوارێک لە ئاستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا دەکرێتەوە بۆ سەرنجدان بە پرسی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە ئێراندا و چیتر ئەو مەسەلە سەرەکییانە ناکەونە پەراوێزی دۆسیەی ناوکییەوە. سوودی هەرە گەورەی ڕێککەوتنەکە ئەوە دەبێ کە ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات واز لەوە بێنێ کە تەنیا چاوی لەو دووره دیمەنە بێت کە رەنگە ڕۆژێک دنیای دەرەوە هێرش بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی. پلان و ستراتیژییەکەی تر کە پرسیاری لێ دەکەی، ئەوەیە کە بە خەباتێکی یەکگرتوو و فرەڕەهەند، هەم جەماوەر زیاتر بێنینە مەیدان و هەم لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی دەرەوە لە هەموو ئاستەکاندا ئامادەتر و ڕێکخراوتر بین. بۆ ئەوەش ڕێککەوتنی ناوکی نەک هەر بەربەست نییە، بەڵکو هاندەرێکی بەهێزیشە. راست لە هەلومەرجێکی وەک ئێستەدایە کە دەبێ ئێمە وەخۆ بێینەوە و خۆمان ڕێک بخەینەوە. ئەگەر خەباتی ئێمە زەمینگیر یان لاواز بووە، ئەوە پێوەندیی بە مشتومڕی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر دۆسیەی ناوکی نییە. لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێژیم ئەو پرسەش وەک یەکێک لە پارامێترەکانی یارییەکی هەمەلایەنە بەکار دەبا بۆ دەستەبەری هەرمانی خۆی، بەڵام بەدەر لە ژیئۆپۆلیتیکی نالەبار و بەسترانی زۆربەی بوار و بەستێنەکان، کۆمەڵێک گیروگرفتی زاتییش لەناو خەباتەکەماندا هەیە کە بوونە هۆکاری چوونەدەرمان لە ڕۆژەڤ و پێویستە ئەمڕۆ هەموو توانا و ئیرادە و لێبوردەیی خۆمان بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە دەکار بخەین.

**پرسیار**: سەرباری ئەوەی ڕۆژئاوا خەریکی ڕێککەوتن و نەهێشتنی گرژییەکانیەتی لەگەڵ ئێران، ئەوا هاوپەیمانێکی عەرەبی سوننە بە سەرۆکایەتیی سعوودیە لە دژی سەرەڕۆییەکانی ئێران لە یەمەن دروست بووە، ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات چۆن دەتوانێ ئەوە بقۆزێتەوە و بۆ بەردەوامی یان بووژاندنەوەی خەباتەکەی سوودی لێ ببینێ؟

**وەڵام**: ئەو هاوپەیمانییانەی لە سەردەمی ئێستە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شکڵیان گرتووە، لەگەڵ ئەوەدا کە بەگشتی یەکدەستن، بەڵام رووبەر و ئاست و ئاجێندایان یەک ناگرنەوە. لەبارەی ئەو هاوپەیمانییە زۆرتر عەرەبییەش کە بۆ یەمەن دروست بووە، هەرچەند راستەوخۆ نفووزی ئێران لە ناوچەدا دەکاتە ئامانج، نە لە نیازی واندایە و نە تەنانەت بە قازانجی خۆشمانە کە پرسێکی وەک خەباتی ئێمەی پێ گرێ بدرێتەوە. بەڵام ئەوەش راستە کە ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین لە خانەی هاوکێشە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکاندا شوێنێک بۆ دمدانی کوورەی خەباتی خۆمان بدۆزینەوە. دوای مەسەلەی داعش و دوای ئەوەی فاکتەری کوردی لە ناوچەکەدا بەپشتیوانیی ڕۆژئاوا زۆر بەرجەستە بووەوە، هەوڵی ئێمە وەک کوردی ڕۆژهەڵات و حزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە بووە کە ڕۆژئاواییەکان بەو راستییە هەستیار بکەین کە لەو تابلۆ کوردییەدا تەنیا گۆشەنیگایەک کە لاوازە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کاری پێ ناکرێت، گۆشەی کوردی ڕۆژهەڵاتە. ئەوان ئێستە بۆیان

گرینگە بزانن خوێندنەوەی ئێمە لە بارودۆخی ناوچە و ئاڵۆزییە نێوخۆییەکانی چییە، یان چەندە بۆ خۆمان ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیناریۆکانی ئایندەین، بەڵام هەتا ئێستە ئامادە نەبوون لەگەڵ ئێمە بەجۆرێک هەڵسوکەوت بکەن کە بە مانای ئەکتیڤکردنەوەی مەیدانی و چەکداریی گۆشەنیگای کوردی ڕۆژهەلات بێ.

**پرسیار**: ئێوە لەسەر رووخانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رای جیاوازتان هەیە، زۆرجار بەوە تاوانبار دەکرێن کە بڕواتان بە گۆڕانکاری هەیە لەناو سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئەو جیاوازییانە لە تێڕوانینی ئێوە و حدکا لە چ ئاستێکدایە؟

**وەلام**: هەردوو حزبی دیموکرات لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانی ئەمڕۆیان لە بواری فەرهەنگی حزبی و سیاسیدا، هەڵقوڵاوی یەک ئابستەنی مێژوویین و ئێستەشی لەگەڵدا بێ، میراتی ئەو مێژووەیە کە خەسڵەتەکانی خەباتی هەردوو لایەن دیاری دەکات. هەردووکیشیان دوو حزبی شۆڕشگێڕی خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامیین. بەڵام بەشێوەی برگەیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێراندا جیاواز بووە. بەداخەوە بەپێچەوانەی هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی جیهان و تەنانەت ئەوە کە لە پارچەکانی تری کوردستانیشدا باوە، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە رادەبەدەر گرفتاری کۆمەڵێک گرێی مێژوویی یان هێندێک رەفتاری بەهاگەرایانەیە و ئەوەش زۆربەی کات هەر جۆرە کار و بەرنامەیەک لە بواری مانۆڕدانی کوردەکانی ئێرانی لەبار بردووە. ئەگەر لایەنێکیش ویستبێتی تابووشکێنی و فەرهەنگسازی بکات، یا تەنانەت لە شێوازە نەریتییەکانی خەباتی شۆڕشگێڕیدا وەک بۆ نموونە حزووری پێشمەرگەدا تێهەڵچێتەوە، بەتەنیا نەیتوانیوە سیناریۆخوڵقێن بێ. ئێمە دەڵێین مادام رێکارە رادیکاڵەکان لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کاریان پێ ناکرێت و بەستێنیش بۆ خەباتی چەکداری ئەستەمە، دەبێ هەوڵ بدەین لە رێگەکانی ترەوە مەسەلەی کورد لە ئێراندا بێنینەوە ناو رۆژەڤ. بۆ ئەوەش نابێ تەنیا بەوەندە قەناعەت بکەین کە هەر دروشم بدەین و ئارەزوو بخوازین، بەڵکو لە هەر رێگەیەکی مومکین و بە بیانووی بچووک و گەورە دەبێ هەوڵ بدەین ئەوەندە خەبات بە جەماوەری بکەین کە سەرنج و سەرێشەکە، بۆ پرسی رۆژهەلات لە ئێران و لە ئاستی دەرەوەشدا بگاتە ئاستێک کە دەسەلات ناچار بە هێندێک پاشەکشە و تەنانەت وتووێژ بکات. ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئێمە تەوەهومێکمان لەبارەی کێشە نێوخۆییەکانی ئەو سیستمە هەبێ، بەڵام خەباتی زیندوو و هێنانە مەیدان و لە مەیداندا راگرتنی خەڵک، هەموو رۆژێ پێویستی بە شتی تازە و فرەچەشن هەیە.

**پرسیار**: لەم دواییانەدا هیوایەکی زۆر لەناو لایەنگران و ئەندامانی هەردوو حزبی دیموکرات هەبوو بۆ یەکگرتنەوە، بەڵام لە گەرمەی دانوستانەکاندا لەلایەن سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کتێبێک بڵاو بووەوە کە بووە هۆی

**گرژی نێوانتان و بنبەستی وتووێژەکان، ئایا ئەو کتێبە کاریگەری دەبێ لەسەر میکانیزمی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان؟**

**وەڵام**: بنبەستێک کە ئێمە لە دانوستانەکانماندا تووشی بووین، لەژێر کاریگەریی ئەو کتێبەدا نییە. ئێمە پێش بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبەش بە بنبەست گەیشتبووین. هۆکاری ئەو بنبەستەش ئەوە بوو کە پاش کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردوولامان، دوایین پلینۆمی ئەو هاوڕێیانە هێندێک هەڵوێستی کۆنی ئەوانی جارێکی تر بە چەشنێکی روونتر نوێ کردەوە و دەرکەوت کە ئێمە لەسەر بنەماکانی یەکگرتنەوە زۆر لەیەک دووریـن. هەتا ئەو مەودایەش لە روانین بۆ بنەماکانی یەکگرتنەوەدا بمێنێ، ئەو بنبەستە و دیاردەی دوو دیموکراتی هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە. بەڵام کتێبەکە لە شتێکی تردا ریسەکەی لێ کردووینەوە خووری، ئەویش لە بواری شێوازی روانین بۆ یەکتر و باسکردنی یەکتردا.

بە پێچەوانەی زۆر کەس، من هیچ لەوە کە لەو کتێبەدا یەکلایەنە مامەڵە لەگەڵ پرسەکان کرابێ بەگلەیی نیم، چونکە هەر لە بنەڕەتدا نابێ چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێ کەسانێک لەو جۆرە دۆخانەدا بۆ ئەوە کتێب بنووسن کە خۆیان مەحکووم بکەن. ئەوە کاری دەستەی تایبەتمەند و هاوبەش یان مێژوونووسان و لە ئەنجامدا بیروڕای گشتییە کە خەسارناسی و قەزاوەتی کۆتایی بۆ رووداوەکان بکەن. بێگومان ئەگەر روانین و خوێندنەوەی لایەنێکی دیموکرات بۆ "هاوڕێیانی پێشوو"ی خۆی بەو جۆرە بێ کە لەو کتێبەدا باس کراوە، بەدڵنیاییەوە قەت دیموکرات یەک ناگرێتەوە. بەڵام ئەوەی ئێستە زۆرتر کێشەساز و جێگەی داخە، هەر ئەو ستایل و ئەدەبیاتی بەکارهاتوو لەو کتێبەدایە و هەر ئەوەشە گرژیی مەجازیی لە نێوان ئەندامان و لایەنگرانی دیموکراتەکانی لێ کەوتووەتەوە و پێویستە هەرچی زووتر دەرەنجامەکانی سنووردار بکرێن. لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەش، بۆ ئەوەی پرۆسەی یەکگرتنەوە وەگەڕ کەوێتەوە، پێم وایە پێویستە لانیکەم حدکا روونی بکاتەوە کە ئایا ئەوەی لەو کتێبەدا هاتووە تەنیا بۆچوونی نووسەرەکەیەتی یان سیاسەتی حزبەکەشیانە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٥

--------------------------------------------

## پرسی کورد و چاوەدێریی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران وتووێژی "ئێران ترانسپێرنسی"

**دیمانە : جەماڵ ئیختیار**

**لە ئینگلیسی‌یەوە وەرگێڕراوە**

**ئێران ترانسپێرنسی:** شەفافیەتی مافەکان لە ئێران پرۆژەیەکی نوێیە بۆ تیشکخستنەسەر پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و چاوەدێریی نێودەوڵەتیی بارودۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە. سەرەڕای قسە و باسی زۆر لەسەر ئەم بابەتە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا باشتر نەبووە. راتان لەسەر ئەو پرۆژەیە چییە و بە باوەڕی ئێوە ئایا شەفافیەتی پێویست لەو بوارەدا چ لە ئاستی نێوخۆی ئێران و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیە؟

**ئاسۆ حەسەن‌زادە:** سەرەتا سوپاستان دەکەم کە دەعوەتتان کردووم بۆ ئەم وتووێژە. هەروەها بۆ تەرخانکردنی وێبسایتێک بۆ پرسی چاوەدێریی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەسخۆشیتان پێ دەڵێم. هەڵبژاردنی چەمکی شەفافیەت بۆ ئەو کارە لەلایەن ئێوەوە بەتایبەتی سەرنجی راکێشام. لە یەکەم روانیندا هیچ شتێک لەوە سروشتی‌تر نایەتە بەرچاو کە لە بوارێکی وەک مافی مرۆڤدا باسی شەفافیەت بکەین. چونکە کاریگەرترین رێگە بۆ رژێمە سەرەڕۆکان بۆ بەردەوامبوون لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک نەبوونی شەفافیەتە. بەو حاڵەش پێویستە بڵێم شەفافیەت وەک خۆی نە مافێکی مرۆڤە و نە تەنانەت چەمکێکی حقووقییشە. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زۆرتر باوە کە لە پێوەندی لەگەڵ خەبات بەدژی گەندەڵی و باش‌حوکمڕانیدا(Good Governance) باسی شەفافیەت دەکەن. ئەمانە بابەتگەلێکن کە بۆ مافەکانی مرۆڤیش مانا و گرینگی‌یان هەیە. تەنیا کاتێک حکوومەتەکان بەرپرسیار و وەڵامدەر دەبن کە رێز لە مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری‌یەکان و ئازادیی رادەربڕین ـ کە ئەمانە لە ریزی مافە سەلمێندراوەکانی مرۆڤدان ـ بگرن. ئەمن بەکاربردنی کانسێپتی شەفافیەتم لەو کارەی ئێوەدا راست بۆیە پێ سەرنجڕاکێشە کە پرسی مافی مرۆڤ راستەوخۆ بە کوالیتەی حوکمڕانی‌یەوە دەبەستێتەوە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێران، سەرەڕای رواڵەتی قانوون و رێوشوێنەکان، لەم بوارەدا وەک لە هەموو بوارەکانی دیکەدا، سانسۆر و تەمومژ زاڵە. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بێگومان دەکرێ هەموو جۆرە ساتوسەودایەکی ژێر بە ژێر لەگەڵ ئەو رژێمانەی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن و یەک لەوان لەگەڵ رژێمی ئێراندا هەبێ. بەڵام کێشەکە پێش هەمووان لە نێوخۆی ئێراندایە. ئەگەر ئێمە لە ئێران رژێمێکی بەرپرسیارمان هەبا کە رێگەی دابایە کێشە و گیروگرفتەکانی وڵات بە کراوەیی و بە بەشداریی هەمووان تاوتوێ و چارەسەر بکرێن، ئەودەم رەفتاری بەرپرسانە و شەفافی حکوومەت لە ئاستی

نێوخۆیی‌دا ڕەنگدانەوەی لە سیاسەتی دەرەوەی‌دا و لە بواری هاوکاری لەگەڵ بنیاتە نێونەتەوەیی‌یەکانی چاوەدێریی مافی مرۆڤیش‌دا دەبوو.

**ئیران ترانسپیرنسی**: دواتر دەگەڕێینەوە سەر باسی سیاسەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەربارەی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران. بەڵام ئایا لە روانگەی ئێوەوە وەک شارەزایەکی کورد سەرەکیترین کێشەکانی مافی مرۆڤ چ لە ئێران‌دا بە گشتی و چ بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ میللیەتە ژێردەستەکانی ئەو وڵاتەدا بۆ نموونە کوردەکان کامانەن؟

**ئاسۆ حەسەن‌زادە**: پرسی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بۆخۆی بەشێکە لە پرسی گشتیی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا. لەبەرامبەر یەکتردانان یان تەنانەت جیاکردنەوەی توندی ئەم دوو بابەتە بەزیان تەواو دەبێ. لە ئێران وەک لە هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان، دەبێ قبووڵ بکرێ کە تاکەکان نەک هەر تەنیا وەک هاونیشتمان، بەڵکوو لە بەستێنی ئێتنیکیش‌دا خاوەنی مافن. بۆ سادەکردنەوە دەتوانین بڵێین پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران‌دا دوو ڕەهەندی پێکەوەگرێدراوی هەیە : یەکەم، بە هۆی سیاسی و ئیدئۆلۆژی، هاونیشتمانان لە جەوهەری مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتی‌یەکان ـ بەو جۆرەی لە ستانداردە نێودەوڵەتی‌یەکانی ئەو بوارەدا قبووڵ کراوە ـ بێبەش کراون. دووهەم، بە هۆی بنەمایەکی قەومیی ئینحیساری کە بۆ ناسیۆنالیزمی ئێرانی (لە ڕووە نێوخۆیی‌یەکەی‌دا) دانراوە، فرەیی و جۆراوجۆریی پێکهاتەی ئێتنیکیی کۆمەڵگای ئێران وەبەر چاو نەگیراوە و ڕەنگدانەوەی لە بەستێنی گشتی‌دا نیە. لە ئاکام‌دا ناسنامەی دەزگای حکوومەتی لەگەڵ واقیعی فەرهەنگیی کۆمەڵگەدا یەک ناگرێتەوە. دیارە هەروەک گوتم ئەم دوو کێشەیە بەر وپشتی یەک میداڵن. چ ئەمڕۆ و چ لە رابردوودا، بێبەشکردنی هاونیشتمانان لە جەوهەری مافەکانی مرۆڤ و بێبەشکردنی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لە مافە تایبەتی‌یەکانیان هەردووکیان بۆ یەک مەبەستی سیاسی بەکار هاتوون کە بریتی‌یە لە هێشتنەوە و سەقامگیرکردنی نەزمێکی سیاسیی لەڕادەبەدەر سەرەڕۆ و ناوەندگەرا.

**ئیران ترانسپیرنسی**: ئێمە باسی دۆخی ئێستا دەکەین، بەڵام گەلانی ژێردەستە لە ئێران بە درێژایی مێژوو چ لە سەردەمی پاشایەتی‌دا و چ لە سەردەمی ئاخوندەکان‌دا هەر چەوساونەتەوە. کێشەی ئەم سیستمە لە چی‌دایە، ئایا کێشەکە پێکهاتەیی‌یە یان گرێبەستی کۆمەڵایەتی یان شتێکی دیکە؟

**ئاسۆ حەسەن‌زادە**: لە فەلسەفەی سیاسی‌دا باوە دەڵێن تیئۆریی گرێبەستی کۆمەڵایەتی شتێکی خەیاڵی‌یە. مەبەستیان ئەوەیە کە لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگە سیاسی‌یەکان‌دا ئەو دەمەساتەی لەودا هاونیشتمانان هەر بەڕاستی لەنێوان خۆیان‌دا یان لەگەڵ حوکمڕانان گرێبەستێکیان ئیمزا کردبێ بۆ ئەوەی بڵێن دەیانەوێ لە سایەی چ نەزمێکی سیاسی و

کۆمەڵایەتیدا بژین، رووی نەداوە. ئەو لێکدانەوەیە ئەگەر بۆ کۆمەڵگە سەرەتاییەکان راستە، بۆ کۆمەڵگە مۆدێرنەکان دروست نیە. لەبارەی ئێرانەوە زۆر فاکتەری پێکهاتەیی (ساختاری)ی تایبەت بە کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە هەن کە دەتوانن لانیکەم بەشێک لە هۆکاری سەرهەڵدان و مانەوەی نەزمێکی سیاسیی نەگونجاو و ناسەردەمی لەو وڵاتەماندا بۆ روون بکەنەوە. بەڵام پێم وایە مەترسیدار دەبێ ئەگەر بڵێین کۆمەڵگەی ئێران هەر لەجێدا توانای وەرگرتنی سیستمێکی دێموکراتیک یان مۆدێلەکانی پێکەوەژیانی بنیاتنەری نیە. هەر کاتێک کەلێنێکی ئەوەندە گەورە لەنێوان ویست و ئارەزووی خەڵک لەلایەک و بنەما و ئاقاری سیاسەتە گشتییەکان لەلایەکی دیکەوە دروست بوو، پێویستە بیر لە داڕشتنەوەی سەرلەنوێی سیستمەکە بکرێتەوە. ئەو کارەش بە پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی بنەماکانی شەرعییەتی سیستم دەست پێدەکا. کەوابوو بەڵێ، گرێبەستێکی دیکەی کۆمەڵایەتی.

**ئیران ترانسپیرنسی**: بزووتنەوەی میللیەتەکان لە ئێران خۆیان بە دێموکراتیک دادەنێن. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەت ئەوان بە بەکاربردنی توندوتیژی و تێرۆریزم تاوانبار دەکا. کێ راست دەکا؟ کێ تێرۆریستە و کێ قوربانییە؟

**ئاسۆ حەسەنزادە**: هەم حکوومەتەکان و هەم ئەو بزووتنەوانەی لەدژی حکوومەتەکان شکڵ دەگرن، بۆ ئەوەی ئامانج و مێتۆدەکانی خۆیان پاساو بدەن، زۆربەی کات پەنا بۆ تیئۆری و چەمکی وەها دەبەن کە بەرواڵەت رەوا و بەجێن. تەنانەت جاری وایە حکوومەتەکانیش و ئەو هێزانەش کە بەدژیان خەبات دەکەن لە چەمک و تیئۆریی وەکیەک یان هاوشێوە کەڵک وەردەگرن. ئەوە کە هێزێک بەدژی رێژیمێکی نادێموکڕات خەبات دەکا بەو مانایە نیە کە ئەو هێزە حەتمەن بۆخۆی دێموکراتە. هەرلەوکاتەدا ئەوە کە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن پەنا بۆ شێوازی توند و چەکدارانە دەبەن هیچ لە بەرپرسایەتیی دەوڵەت بۆ دروستکردنی فەزایەکی سیاسی کە لەودا کێشەکان لە رێگەی دیالۆگ و ئالیەتی سیاسییەوە چارەسەر بکرێن، ناگۆڕێ. حاشای لێناکرێ کە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەتوانن نەخشێکی گرینگ لە دیاریکردنی قانوونەکانی گەمەی سیاسیدا بگێڕن. بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوە حکوومەتەکانن کە شێوازەکانی خەبات بەسەر نەیارانیاندا دەسەپێنن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر تێرۆریزم، دەزانین کە ئەم تۆمەتە زۆر جار لەلایەن رێژیمە سەرەڕۆکانەوە لە موخالیفانیان دەدرێ. زۆر بزووتنەوە و سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن هەبوون کە پاش ئەوەی سەردەمێک بە تێرۆریست لە قەڵەم دراون، دواتر وەک پارتنێری سیاسیی بێئەملاوئەولا دانیان پێدا نراوە و تەنانەت هێندێکیان خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلیشیان وەرگرتوە. سەرەڕای رێکنەکەوتنی گشتی لەسەر پێناسەی تێرۆریزم، مەسەلەکە زۆر سادەیە : تێرۆریزم بریتییە لە بەئامانجگرتنی خەڵکی مەدەنی یان بەکاربردنی چەک بەبێ جیاوازیدانان لەنێوان ئەوانەدا کە دەبنە ئامانجی هێرشەکە. ئەمن هیچ بۆم

سەخت نیە کە هەر کەس یان هەر هێزێک کە کاری وا بکا، بە تێرۆریست لە قەڵەم بدەین. چونکە دەزانم هیچ هێزێکی بەرپرسیار لە وڵاتی ئێمەدا بەتایبەتی لەنێو کوردەکاندا نە قەت کاری وای کردوە و نە قەتیش کاری وا دەکا. لە هەرحاڵدا نە خەباتی چەکدارانە (کە ئەمن لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمانەدا کە سەرکوتکەرن و دەرەتانی خەباتی ئاشتیخوازانە ناهێڵنەوە بە مەشرووعی دەزانم) و نە تەنانەت تێرۆریزم (کە بێگومان دەبێ مەحکوومی بکەین)، لە شەرعیەتی ئەو ویست و ئامانجانە کەم ناکەنەوە کە ئەم یان ئەو شێوە لە خەباتیان لێ کەوتۆتەوە. پرسیاری سەرەکی شێوازی بەکارهاتوو لەلایەن ئەم گرووپ و ئەو گرووپەوە نیە. ئەو شێوازانە تەنیا دەرەنجامی بوونی کێشەیەک لە بناخەدا یان دەرەنجامی شێوەی مامەڵە لەگەڵ کێشەکەن. ڕێژیمەکان ناتوانن بە خۆشاردنەوە لە پشت مێتۆدەکانی بەکارهاتوو لەلایەن نەیارانیانەوە سووڕەتی کێشەکان بسڕنەوە.

**ئیران ترانسپێرنسی**: ئایا شوناسخوازی و هێڵی بەرگریکارانەی ناسیۆنالیستی دەتوانن یەک بگرنەوە؟ وەک باسمان کرد، پێش ئەوەی پرسەکە پرسی ناسیۆنالیزم بێ کە هەمیشە پرۆئەکتیڤە، قسە لەسەر مافی حاشاهەڵنەگری کوردەکان لە بواری ناسنامەدایە. ئەگەر نەتوانین ئەم دووانە پێکەوە ئاشت بکەینەوە، لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستێکدا کە دەوڵەتی بەناو مۆدێرن یان دەوڵەت-نەتەوەی دێموکراتیک قەت سەرنەکەوتووە، ئایا ئێوە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەکان چۆن دەبینن؟ ئەگەرچی ڕەنگە ئەوە سەیر بێتە بەر چاو، بەڵام ئایا کوردەکان مافی ئەوەیان نیە کە ئەوانیش وەک گەلانی دیکە ببنە خاوەنی دیکتاتۆرەکانی خۆیان؟ ئەمە لانیکەم لەو سەرکوت و چەوسانەوەیە کەم دەکاتەوە کە بە تاوانی کوردبوونەوە بەرەوڕووی دەبنەوە.

**ئاسۆ حەسەنزادە**: لەپێشدا با بڵێم ئەمن لەگەڵ ئەو بارە مەنفیەیە نیم کە سیستماتیک دەخرێتە گەڵ چەمکی ناسیۆنالیزم. بەهۆی تێکەڵکردنێکی بەئەنقەستی جەوهەری ویست و ئارەزووی ناسیۆنالیستی لەلایەک و هێندێک دەربڕین یان ئاکامی توندوتیژی ئەو ویست و ئارەزووانە لەلایەکی دیکەوە (بۆ نموونە نازیسم یان شەڕی یووگۆسلاڤی)، دیسکۆرسی زاڵ لە ئێراندا هەمیشە ناسیۆنالیزمی قەومیی وەک شتێکی ترسناک و بێزراو نیشان داوە. بەچەشنێک کە زۆر لە هێزە کوردییەکانیش لەوە کە خۆیان وەک ناسیۆنالیست پێناسە بکەن دوودڵن. لە ڕوانگەی منەوە، ناسیۆنالیزم ئیدئالێکی سیاسییە وەک هەر ئیدئالێکی دیکەی سیاسی. تا ئەو کاتەی ئێمە لە داوی ناسنامەخوازیی دەمارگرژانە و توندڕەوانە ناکەوین و بەمەرجێک دێموکڕات بین و ڕێز لە مافی مرۆڤ و کەمایەتییەکان بگرین، پێموایە نابێ لەوە شەرم بکەین کە بە خۆمان بڵێین ناسیۆنالیست. خۆ قسە لەسەر شتێک نیە غەیری داواکردنی مافێک بۆ گەلی خۆمان کە لەمێژە بۆ گەلانی دیکە بەڕەسمی ناسراوە. ئەوەش کە بۆ گەلانی دیکە بەڕەسمی ناسراوە، هەروەک بۆخۆت ئاماژەت پێکرد، مافی دیاریکردنی چارەنووسە.

بۆ نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورد کە لەڕووی فەرهەنگییەوە ئەوەندە جیاواز بێ، لەڕووی شوناسخوازییەوە ئەوەندە وشیار بێ و بەدرێژایی مێژووش ئەوەندە سەرکوت کرابێ، چ شتێک لەوە ڕەواتر کە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس بکا؟ بەڵام کە گوتمان داوای مافی چارەنووس دەکەین ئەوە بەو مانایە نیە کە بێئەملاوئەولا دەمانەوێ ئەو مافە لە پێشکەوتووترین شکڵیدا واتە سەربەخۆیی وەدی بێنین. سەرەڕای هەموو ئەو چەوسانەوە و سەرکوتە کە ئێستاش لەدژی کورد لە ئێراندا لە ئارادایە و سەرەڕای هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە کە لەپێوەندی لەگەڵ مافی گەلان لە جیهاندا رووی داوە، پێموایە ئێلیتی سیاسیی ئێمە ئێستاش حازرە لە چوارچێوەی ئێراندا بیر لە داهاتووی گەلەکەمان بکاتەوە، بە مەرجێک کە ئێران چیدیکە بۆ کوردەکان زیندانێک نەبێ و ئێرانێکی دێموکراتیک بێ کە لەودا تایبەتمەندیی ئێمە وەک کورد لەبەرچاو گیرابێ. ئەگەریش رۆژێک کوردەکان داوای دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان کرد، ئەوە سروشتیترین مافی ئەوانە. بەڵام ئایا ئەوە بۆ ئەوەیە کە ئەوانیش ببنە خاوەنی دیکتاتۆرەکانی خۆیان؟ بەبێ دوودڵی دەڵێم نەخێر. ئەگەر قەرار بێ ئێمە دیکتاتۆرەکانمان بۆ خەڵک نەوێن، هیچ هۆیەک نابینم بۆ ئەوەی دیکتاتۆرەکانمان بۆخۆمان بوێن. خەبات بۆ مافی نەتەوەیی و بۆ دێموکڕاسی لە هەموو ئاستەکاندا دەبێ هاوکات و هاوشان لەگەڵ یەکتر بچنە پێش.

**ئیران ترانسپێرنسی:** هێندێک لە کوردەکان بارودۆخی خۆیان تەنیا لە گۆشەنیگای ئێتنیکییەوە چاو لێدەکەن و بەو جۆرەی پێویستە سەرنج نادەنە روانگەی مافی مرۆڤ. بۆچی وایە و ئایا دەرەتانی پێکەوەگرێدانی ئەم دووانە هەیە؟

**ئاسۆ حەسەنزادە:** ئەگەر کوردەکان بارودۆخی سەختی خۆیان زۆرتر لە روانگەی ئێتنیکییەوە لێک دەدەنەوە، ئەوە لەخۆڕا نیە. هۆیەکەی ئەوەیە کە وشیاریی شوناسخوازانەی ئەوان و قبووڵنەکردنی زوڵم و ژێردەستەیی لەلایەن وانەوە هانی داون کە خۆیان رێک بخەن و بۆ مافە رەواکانیان خەبات بکەن. خەباتی ئەوان کە لە جەوهەردا خەباتە بۆ ئازادی (بە هەموو ئەو دەرەنجام و لق و پۆپانەوە کە لە ئازادی دەکەونەوە) لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە وەک مەترسییەکی سەرەکی بۆ مانەوەی حاکمیەتی سەرەڕۆیانەی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی ئێراندا چاو لێدەکرێ. هەر بۆیەشە حکوومەت تەنیا لە گۆشەنیگای ئەمنیەتییەوە لە پرسی کوردستان دەڕوانێ. تایبەتمەندیی ئێتنیکیی کورد یان باشتر وایە بڵێم حاشاکردن لەو تایبەتمەندییە سروشتی هەموو سیاسەتەکانی حکوومەت لەپێوەندی لەگەڵ گەلەکەماندایە. ئەوەش نەکهەر لە جیاوازیدانانی سیستماتیک لە دژی کوردەکاندا خۆی دەردەخا، بەڵکوو چەوساندنەوەی ئەکتیڤیش دەگرێتە خۆی. کوردبوون تەنیا نابێتە هۆی ئەوە کە منداڵەکانتان لە مافی خوێندن بە زمانی کوردی بێبەش بن. تەنیا هەلی خۆ کاندیدکردن یان دیاریکران بۆ پۆستە باڵاکان لە ئێوە زەوت ناکا. هەر ناوچەکەتان لە بەجێمانی ئابووری و پیشەسازیدا ناهێڵێتەوە. کوردبوون هەروەها ئێوە بەرەورووی قورسترین سزاکانیش دەکاتەوە، تەنانەت ئەو کاتەی بە ئاشتیخوازانەترین رێگا بۆ مافە هەرە سەرەتاییەکانی خۆتان تێدەکۆشن. کوردەکانی ئێران تەقریبەن مۆنۆپۆلی ئێعدامە سیاسییەکانیان لە ئێراندا

هەیە. هێزە ئەمنیەتی‌یەکانی ئێران تەنانەت زۆر بە ئاسانی تەقە لەو خەڵکە هەژارە دەکەن کە بەهۆی نەبوونی داهات و هەلی کار ناچارن بۆ پەیداکردنی پارووەنانێک لەنێوان سنوورەکاندا کۆڵکێشی بکەن.

ئێستا ئایا ئەوە کە ئێمە پێش هەموو شتێک بەهۆکاری ئێتنیکی دەچەوسێینەوە دەبێ هانمان بدا کە هەموو شتێک تەنیا لە گۆشەنیگای ئێتنیکی‌یەوە چاو لێبکەین، وەڵامەکەم بێگومان "نا"یە. هەروەک لە سەرەتادا گوتم، تەعەللوقی ئێتنیکی سروشتێکی بنەڕەتیی هەر مرۆڤێکە. بەڵام هەر کەس ئیددیعا بکا کە هۆگری ئازادی و لێبووردەیی‌یە، دەبێ هەوڵیش بدا خاڵە هاوبەشەکان لەگەڵ ئەوانی دیکە بدۆزێتەوە و پێویستە لە وڵاتدا لەنێوان گرووپەکانیشدا پرد هەبن. پێکەوەهەڵگرێدانەوەکە مومکینە ئەگەر قبووڵ بکەین کە گەڕان بەدوای یەکێتی و یەکسانیدا تەنیا بە ڕێزگرتن لە فرەچەشنیمان و ئاکامگیریی بەکردەوە لە جیاوازی‌یەکانمان جێبەجێ دەبێ. ئەمە دەبێ بمانهێنێتە سەر ئەوە کە دێموکڕاسی لەسەر پرەنسیپی دوو کۆڵەکەی سەرەکی بنیات بنێین؛ یەکسانیی نێوان هاونیشتمانان و یەکسانیی نێوان ئەو گرووپانەی کۆمەڵگە پێک دێنن.

**ئیران ترانسپێرنسی**: **چالاکانی مەدەنیی کورد دەڵێن حکوومەت ناهێڵێ کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بەشێوەیەکی سروشتی گەشە بکا. ئەوان فشاریان زۆر لەسەرە و زۆریان ناچارن وڵات بەجێ بێڵن. ئایا ئێوە ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان لە خستنەبەرباس و بردنەپێشی پرسەکانی مافی هاونیشتمان و مافی نەتەوەیی‌دا چۆن دەبینن؟**

**ئاسۆ حەسەن‌زادە**: ئەمن پێموایە ئەو دابڕان و مەودایە کە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێرانی دابەش کردوە تەنیا لەسەر ئاستی پێوەندیی نێوان خەڵک و حکوومەت نیە، بەڵکوو لەسەر ئاستی پێوەندیی نێوان خەڵک خۆیان یان پێوەندیی خەڵک لەگەڵ ئەو بژاردانەش‌دایە کە بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە خەبات دەکەن. ئەوەش تەنیا لەلای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە زۆر پەرش و بڵاوە و زۆریش لە واقیعی مەیدانیی کۆمەڵگەی ئێران دوور کەوتۆتەوە نابینرێ. بەڵکوو لەلای ئۆپۆزیسیۆنی کوردیش بەدی دەکرێ کە ئەویش بەداخەوە پارچە پارچەیە و روانینێکی هاوبەشی بۆ چۆنیەتیی خەبات لەگەڵ ڕێژیم و چۆنیەتیی ئەرکدارکردن و هێنانەمەیدانی خەڵک لەو خەباتەدا نیە. لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە هەموو جومگەکانی دەسەڵات لە نێوخۆ و هەموو ئەهرومەکانی سیاسەتی دەرەوە بۆ پایەدارکردنی حاکمیەتی ئاسنینی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بەکار دەبا، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە نەخشەرێگای خەباتێکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە بکێشین کە هەموو شێوازەکانی تێکۆشان و هەموو پۆتانسیەلەکانی کۆمەڵگە بەشێوەی هەماهەنگ لە پێناوی ئەو ئامانجەدا بەکار ببا کە بریتی‌یە لەوەی ڕێگا بۆ گۆڕانی سیاسی یان هەرنەبێ باشترکردنی بارودۆخ خۆش بکرێ.ئەوە کە دەرەتانی خەباتی مەدەنی یان خەبات لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە لە ئێراندا یەکجار زۆر بەرتەسکە، نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە ئێمە کۆمەڵگەی مەدەنی پشتگوێ بخەین. کۆمەڵگەی مەدەنی نەک هەر لە بنیاتنانی کۆمەڵگای سبەینێ‌دا پارتنێرێکی چارەنووس‌سازە، بەڵکوو لە

مۆبیلیزەکردنی جەماوەریشدا کە بۆ بووژانەوە و بەمەیدانیکردنی خەبات پێویستە، فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە.

**ئیران ترانسپێرنسی: دەگەڕێمەوە سەر باسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئێران. ئایا ئێوە کاریگەریی سیاسەت و چاوەدێریی نێودەوڵەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا ئەو سیاسەت و چاوەدێرییە سەرکەوتوو بووە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو بوارەدا لە ئاستی بەرپرسیارەتیی خۆیدایە؟**

**ئاسۆ حەسەنزادە:** کێشەکە پێش هەموو شتێک ئەوەیە کە بە هۆکاری پێوەندیدار بە قازانجی ئابووری یان چالێنجی ئەمنیەتی هەتا ئەم دوایانەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا تەواو دابەش ببوو. جیاوازیی قازانجەکان و نەبوونی روانگەیەکی هاوبەش بەڕووی ئەم رێژیمەدا هەمیشە بە قازانجی تەواو بووە. لەلایەکی دیکەوە، هەڵکەوتی ستراتژیکیی ئێران و توانای رێژیم بۆ ئاژاوەنانەوە لە ناوچەدا هەمیشە وایان کردووە کە زلهێزەکان لەوە دوودڵ بن کە هەڵوێستێکی توند و پایەداریان لە بەرامبەر ئێراندا هەبێ. وەک ئاکامێکی هەموو ئەمانەش، لە پێناسەی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ئێراندا هەمیشە فایلە سیاسی و ئەمنیەتییەکان (دوێنێ پرسی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نزیک و ئەمڕۆ پرۆگرامی ناوکیی ئێران) وەپێش پرسی مافی مرۆڤ و دێموکراسی لەو وڵاتەدا خراون. هەربۆیە سەرەڕای رێتۆریکی بەردەوامی رەخنەگرتن و مەحکوومکردنی رێژیم بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە، هەتا ئێستاش ئەولەوییەتی دەوڵەتانی رۆژئاوا چارەسەری ئەو پرسانەی سەرەوە بووە و ئەوەش هەمیشە بە زیانی ماف و ئازادییەکانی خەڵک لە ئێراندا بووە. کەواتە لە کەیسی ئێراندا وەک لە هی زۆر رێژیمی سەرەڕۆی دیکەدا، هەنگاوی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی زۆر لەوە کە بە خوێندنەوەی پرەنسیپ و بایەخەکانی نێو پەیماننامە نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی مەنشووری مافی مرۆڤ لێی چاوەڕوان دەکەین، شلتر و لاوازترە.

**ئیران ترانسپێرنسی: ئێوە چاوەدێریی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن و چۆن دەڕواننە کارنامەی ئەحمەد شەهید راپۆرتۆری تایبەتیی یوو ئێن بۆ ئێران؟**

**ئاسۆ حەسەنزادە:** ئەگەر ئێمە کاری تا ئێستای د. ئەحمەد شەهید لەگەڵ هی راپۆرتۆرەکانی پێش خۆی بەراورد بکەین، پێویستە بڵێین کارنامەی ناوبراو پۆزەتیڤە. ئەو پیاوێکی بەتوانا و بەبیروباوەڕە کە وێڕای پاراستنی پرۆفشنالیزم لە کارەکەیدا، زەرفیەتەکانی مەئموورییەتەکەی تا ئەوپەڕی خۆی بەکار بردوە هەتا بە راشکاوانەترین شێوە تیشک بخرێتە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا. دیارە ئەحمەد شەهید لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیدا کەند و کۆسپی گەورەی لەسەر رێگان، چونکە حکوومەتی ئێران هاوکاریی ناکا. رێژیم، هەروەک لە پێوەندی لەگەڵ میکانیزمەکانی دیکەی چاوەدێریی

نێونەتەوەیی‌دا دەیکا، لەوەش‌دا وا دەنوێنێ کە گەمەکە یاری دەکا و حازرە لەگەڵ ڕاپۆرتۆری تایبەتی دیالۆگ بکا. بەڵام ئەم ڕێژیمە لە سەرەتاوە تا ئێستا ئەو بڕیارنامەیەی ڕاپۆرتۆرێکی تایبەتیی بۆ کەیسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا پێ دیاری کراوە ڕەت کردۆتەوە و هەرگیز ڕێی نەداوە ئەحمەد شەهید سەردانی ئێران بکا. سەرەڕای ئەوەش، زۆر خاڵی پۆزەتیڤ لە کارنامەی ئەحمەد شەهید دا هەن. ئەو توانیویەتی بابەتی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بەشێوەیەکی بەردەوام لەبەر زووم و سەرنجی مێدیای جیهانی‌دا رابگرێ و ڕۆڵیەتی تەواو بە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی بدا. هەروەها زۆر زیاتر و ئاسانتر لە ڕاپۆرتۆرەکانی پێش خۆی ڕێگە بە چالاکانی دەرەوەی وڵات و نەیارانی ڕێژیم دەدا کە دەستیان وێی ڕابگاو زانیاری‌یان لێ وەردەگرێ. لە گۆشەنیگای خۆشمانەوە وەک کورد، ئێستا لە ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا سەرنجێکی هەرچەند ناکافی بەڵام زیاتر و باشتر لە ڕابردوو دەدرێتە پرسی سەرکوتی میللییەتەکان و کەمایەتی‌یەکان لە ئێراندا. هەر ئەوەکە کۆماری ئیسلامی بەردەوام ڕەخنە لە ناوبراو دەگرێ کە گۆیا لە کارەکەی خۆی‌دا بێلایەن نیە، بەڵگەی ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیم زۆری پێ قەڵسن و ناوبراو لە کارەکەی‌دا سەرکەوتوویە.

هەمووی ئەمانەی گوتم بەو مانایە نیە کە ئەحمەد شەهید دەتوانێ ڕێژیم ناچار بکا کە ڕەفتاری خۆی لەو بوارەدا بگۆڕێ. کێشەکە کەیفیەتی کاری ڕاپۆرتۆری تایبەتی نیە، بەڵکوو کێشە کاریگەریی مێکانیزمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاوەدێریی مافی مرۆڤ بەگشتی‌یە. سەرەڕای هەموو ئەو پێشکەوتنانە کە لە سایەی شووڕای مافی مرۆڤدا (بە بەراورد لەگەڵ کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ) وەدی هاتوون، مێکانیزمی نوێش هەروا مێکانیزمێکی نێوان حکوومەتەکانە و بەستراوەتەوە بە هەڵکشان و داکشان و ئەگەر و ئەمەمای باڵانسە سیاسی‌یەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا. هەتا ئەو کاتەی لێپرسینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتێکی وەک ئێراندا تەنیا لە گەڵاڵەکردنی کۆمەڵێک ڕاسپاردە و لە باشترین حاڵەتدا مەحکوومکردنی دەوڵەتی پێشێلکاردا خولاسە بێتەوە، نابێ چاوەڕوانی هیچ موعجزەیەک بین. لە بەرامبەر ڕێژیمێکی وەک ئێراندا دیالۆگ و وشەکان کافی نین، بەڵکوو هەنگاوی کۆنکرێت و زۆری‌لێکردن پێویستە. ئەو ڕۆژە کە ڕاپۆرتەکانی ئەحمەد شەهید تەنیا نابنە بنەمای ڕاسپاردەکانی شووڕای مافی مرۆڤ یان ڕاپۆرتەکانی سکرتێری گشتی، بەڵکوو دینامیزمێکی سیاسییشیان لێ دەکەوێتەوە کە فایلی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بخاتە سەر مێزی شووڕای ئەمنیەت، ئەودەم دەتوانین هیوادار بین کە بارودۆخەکە بەرەو باشی بڕوا. دیارە دەزانین کە هێندێک کەس لە بەرامبەر فکرێکی وەهادا زۆر بەربەستی حقووقی دێننە گۆڕێ، بەڵام ئەگەر ئیرادەی سیاسی هەبوو، قانوونیش بەدوای‌دا دێ.

لە ژمارە ٦٧٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێویری ٢٠١٦

## وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان" بە بۆنەی سەت ساڵەی پەیمانی سایکس - پیکۆ

### ڕۆژنامەی "کوردستان"

"ئیشکالێکی فۆکووسی لەڕادەبەر لەسەر سایکس-پێکۆ لەوەدایە کە بە بنەماگرتنی ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو غەدرە مێژوویە کە لە کورد کراوە، ئۆتۆماتیک دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی مەسەلەی کورد لە دووەمین پارچەی کوردستان کە لەڕووی سیاسییەوە بەڕابردووترینیشە، واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"

ئەمساڵ، سەد ساڵ بە سەر ئیمزا کردنی پەیمانی سایکس - پیکۆ تێپەڕ بوو. ئەم ڕێکەوتە باس و موناقشەیەکی زۆری لە نێوان ڕووناکبیران و کەسایەتیە سیاسییەکانی کورد بە گشتی بە دواوە بوو. هۆیەکەشی ئەوەیە کە گەلی کورد یەکێک لەو میللەتانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە زۆرترین زەرەر و زیانی لە هەمبەر ئیمزاکرانی ئەو پەیمانە بەرکەوتوە. بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو بابەتە "کوردستان" وتووێژێکی دەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕات و پسپۆر و شارەزا لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان پێکهێناوە کە دەقەکەی بەمجۆرەیە:

**پرسیار**: بۆ ئەوەی بچینە نێو باسەکەمان، با بزانین بەستێن و هۆکارەکانی هاتنە گۆڕ و ئیمزاکرانی پەیمانی سایکس پیکۆ چی بوون و ئەم ڕێککەوتنە بە چ شێوەیەک نەخشەی ناوچەی داڕشتەوە؟

**وەڵام**: لەگەڵ ئەوەدا کە هیچ ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی ئەوەندەی سایکس - پیکۆ بۆ کورد ئاشنا نیە، بەڵام پێم وایە تێگەیشتنی باو لەلای ئێمە بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە هەمیشە زۆر ورد و دروست نەبووە. ئەو ڕێککەوتننامەیە لەگەڵ ئەوەدا کە بەناوی ئەو دوو دیپلۆماتەوە ناوی دەرکردوە کە ئامادەیان کردبوو، بەڵام لەڕاستیدا لەلایەن وەزیری دەرەوەی بریتانیا و باڵیۆزی فەڕانسە لە پاریس لەو سەردەمەدا (ئێدوارد گرێ و پۆل کامبۆن)ەوە ئیمزا کراوە. ئەگەرچی ئامانجی ڕێککەوتنەکە دابەشکردنی ناوچەی حزوور و نفووزی ئەو زلهێزانە لە سەرزەمینە پێشتر عوسمانییەکان و بەگشتی ڕۆژهەڵات لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانییە، بەڵام پێش هەموو شتێک بەرهەمی پێویستیی ئیدارەی ململانەی نێوان ئەو زلهێزانە لەپێش شەڕەوە و پێویستییە سەربازییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و تەنانەت پلانەکانی "لۆرانسی عەرەبی" بۆ دەستنیشانکردنی فەرمانڕەوایی کوڕەکانی خانەوادەی هاشمی بووە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەڕ ململانێکانی پێشووتری زلهێزەکان بۆ نموونە ئینگلیزەکان کە لەو سەردەمەدا لە میسر بوون هەمیشە سەبارەت بە مەرامەکانی فەڕانسە لەسەر کانالی سوئێز نیگەران بوون، لەو لاشەوە ئینگلیز بۆی گرینگ بووە کە رووسەکان دەست بەسەر ئەو دەڤەرانەدا نەگرن کە سەرەڕێی هیندی ئەو کات

حەیاتی بۆ بریتانیا بوون. سەبارەت بە پێویستییەکانی شەڕیش، هاوپەیمانان بەهۆی گیروگرفتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵمان لە بەرەی ڕۆژئاوادا پێویستیان بە کردنەوەی بەرەیەک لە ڕۆژهەڵات هەبووە، بەتایبەتی کە دەوڵەتی عوسمانییش لایەنگری لە ئاڵمان دەکرد. بەلەبەرچاوگرتنی ڕکابەرییەکانیش، کردنەوەی ئەم بەرەیە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بەبێ جۆرێک هەماهەنگی و ڕێککەوتنی ئەو زلهێزانە سەبارەت بە ئایندەی ئەو ناوچانە ئیمکانی نەبوو. بەمچەشنە جیا لە وەخۆکەوتنی ڕووسیە لەو بەرەیەدا بەنیازی کۆنترۆڵی گەرووە گرینگەکانی وەک داردانێل و بۆسفۆر و نیمچە دوورگەی گالیپۆلی و تەنانەت خەونی وەدەستهێنانەوەی قوستەنتەنیە و بەڵێنی نفووز لە ناوچە ئەرمەنی نشین و کوردنشینەکانی عوسمانیدا، هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە نێوان دەریای مێدیتەرانە و دەریای ڕەش لە پێنج زۆندا لەنێوان فەڕانسە و بریتانیادا دابەش دەبن (فەڕانسە لوبنان و سیلیسی - ئاناتۆلیی ئێستا-ی وەک ناوچەی بەڕێوەبەری ڕاستەوخۆ و باکوری سوریەی ئێستا و موسڵی وەک ناوچەی نفووز وەبەر دەکەوێ؛ بریتانیاش کوەیت و مێزۆپۆتامیی وەک ناوچەی بەڕێوەبەریی ڕاستەوخۆ و ئوردون و فەلەستینی وەک ناوچەی نفووز دەدرێتێ، ئورشەلیم و هەیفا و هەندێک دەڤەری دیکەش بۆ ژێر ئیدارەیەکی نێودەوڵەتی دیاری دەکرێن). دابەشکارییەکە کە تەئیدی ڕووسیە و دواتر ئیتالیاشی لەسەر دەبێ، دوای کۆتایی شەڕ لە کۆنفرانسی سەن ژان دو مۆریەن و سان ڕێمۆ بە پەسندی کۆمەڵی نەتەوەکان دەگا و لە چوارچێوەی سیستمی مانداکاندا شەرعیەت وەردەگرێ، بەڵام نەک لە سیغەی ئەسڵیی خۆیدا، چونکە لەلایەک موسڵ دەخرێتە سەر عیراق و فەڕانسە ڕازی دەبێ کە لە بەرامبەر پشکدارییەکی بەرچاو لە نەوتی کەرکووکدا موسڵ بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا. لەلایەکی دیکەوە، تورکەکان ناوچەی سیلیسی وەدەست دێننەوە و ئەو ناوچانەی قەرار بوو لەسەر بنەمای پەیمانی سێڤر چارەنووسیان بە پرسکردن بە دانیشتووانی ئەو ناوچانە (بەتایبەتی کوردەکان) دیاری بکرێ، دەگەڕێنەوە نێو ئەو چوارچێوە جوغرافیاییە کە تورکیەی ئەمڕۆ پێک دێنێ.

**پرسیار**: ئەگەر بمانەوێ بەراوردێک لەنێوان ئەو سەردەمەدا کە پەیمانی سایکس بیکۆی تێدا ئیمزا کراوە و سەردەمی ئێستادا بکەین، ئایا چ شتێک لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟

**وەڵام**: بێگومان سایکس-پیکۆ و ڕێککەوتننامە پێوەندیدارەکانیش ڕەنگدانەوەی واقیعی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هاوکێشەی هێز لە جیهانی ئەو سەردەمەدا بوون. پێش هەموو شتێک سایکس - پیکۆ ڕێککەوتننامەیەکی نهێنی بوو کە هەروەک دەزانین پاش هاتنە سەرکاری بۆلشڤیکەکان ئاشکرا بوو. ئەمڕۆ سەردەمی ڕێککەوتننامەی نهێنی بەسەر چووە و ئاشکرایی و تۆمارکرانی ڕێککەوتننامەکان یەکێک لە مەرجەکانی ئیعتباریان لە یاسای نێودەوڵەتیدایە. پاشان، لە سەردەمی سایکس - پیکۆ و پاش سایکس - پیکۆشدا بەهۆی ئەوە کە ڕووسیە سەرقاڵی کێشە نێوخۆییەکانی بوو و ئەمریکاش بەهۆی نەهاتنی بۆ نێو کۆمەڵی نەتەوەکان بۆ دەورەیەکی دیکە لە گەمەی گەورەی سیاسیی ناوچەکە کشایەوە،

دوو زلهێزی ئەسڵی فەڕانسە و بریتانیا بوون و هیچ هێز و دەسەڵاتێکی ئیقلیمییش وجوودی بەکردەوەی وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین نەبوو. لە سەردەمی ئێستادا لەگەڵ ئەوەدا کە چەشنێک لە فرەجەمسەری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام لە ناوچەی ئێمەدا ئەوە ئەمریکا و رووسیەن کە بوونەتە دوو زلهێزە هەرە دیار و شوێندانەرەکە. ئەوە جیا لەوە کە چەندین دەسەڵاتی ناوچەیی وەک ئێران و تورکیە و عەرەبستان پەیدا بوون و لە کێشە و ململانێکانی ئەم ناوچەیەدا نەخشیان هەیە. لەلایەکی دیکەوە، لە سەردەمی ئەمڕۆدا کۆمەڵێک ئەکتەری ناودەوڵەتی سەریان هەڵداوە کە تەرسیمی ئایندەی ئەم ناوچەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بوونی ئەوان واقعبینانە دەرناچێ. بەشێوەیەکی گشتی، سەردەمی ئەمڕۆ بێجگە لەوە کە سەردەمی تەکنۆلۆژی و بەجیهانیبوونی زانیاری و وشیاریی گەلانە، دەتوانین بڵێین هەموو ئەو فۆرموولبەندییانەش کە لە دەورە یەکبەدوای یەکەکاندا دیزاینی سیاسی و ستراتژیی ناوچە و بەگشتی بنەما و ئاقاری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان دیاری دەکرد، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

**پرسیار: هۆکاری ئەوە کە کورد لە سەردەمی سایکس پیکۆدا لەبەرچاو نەگیراوە بۆچی دەگەڕێتەوە و ئایا وەک دەڵێن نەهامەتیی گەلی کورد بەڕاستی لە پەیمانی سایکس پیکۆوە سەرچاوە دەگرێ؟**

**وەڵام:** ئەوە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ئاکام و کۆتایی ئەم پرۆسەیەی بە رێککەوتنی سایکس پیکۆ دەستی پێ کردبوو ویست و بەرژەوەندیی کوردی نادیدە گرت، بێگومان راستە. بەڵام ئەوە تەنیا پێوەندیی بە پلان و بڕیاری زلهێزەکانی ئەودەمەوە نیە، بەڵکوو دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە نەبوونی فاکتەرێکی بەهێز و یەکگرتووی کوردی لەوکاتەدا کاریگەریی گەورەی هەبووە. دابەشبوونی بژاردەکانی کورد لەو سەردەمەدا لەنێوان ئەوانەی بە کاریگەری وەرگرتن لە کەلتوری عوسمانی تەنیا بیریان لە شتێک بۆ کورد لە چوارچێوەی قەوارەی جێنشینی ئەو ئیمپراتۆرییەدا دەکردەوە و ئەوانە کە پێیان وابوو پێویستە کورد لەو بازنەیە دەربچێ و چارەنووسی خۆی بە تەواوی بگرێتە دەست، و نەبوونی بزوتنەوەیەکی یەکدەست و رێکخراوی کورد کە ئەو هەستەی لەلای دەسەڵاتە ئیمپریالی و پۆست-ئیمپریالییەکان دروست کردبا کە کوردەکان هەم دەتوانن دەسەڵاتی خۆیان جێ بخەن و هەم لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بە شێوەیەکی گونجاو و جێگای متمانەی وان یاری بکەن، هەمووی هۆکارن بۆ وەدینەهاتنی خەونی کوردی بەو چەشنەی ئەمڕۆ ئێمە باسی دەکەین. سەرباری ئەوەش ئەوە کە بڵێین ئەوە رێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ بووە کە سەرچاوەی نەهامەتیی گەلی کوردە، پێموایە زۆر عیلمی نیە. یەکەم، لەبەر ئەوەی هەروەک دەزانین دابەشبوونی هەرە گەورەی کوردستان بۆ چوار سەدە پێش سایکس-پیکۆ دەگەڕێتەوە. ئیشکالێکی فۆکووسی لەڕادەبەر لەسەر سایکس - پیکۆش رێک لەوەدایە کە بە بنەماگرتنی ئەو رێککەوتننامەیە بۆ راستکردنەوەی ئەو غەدرە مێژووییە کە لە کورد کراوە، دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی مەسەلەی کورد لە دووەمین پارچەی کوردستان کە لەڕووی سیاسییەوە بەڕابردووترینیشە، واتە رۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە هەروەک دەزانین بەهۆی

بەشدارنەبوونی ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا سایکس - پیکۆ هیچ گۆڕانێکی بەسەر سنوورەکانی ئێراندا نەهێنا؛ دووەم، لەبەر ئەوەی نەخشەی سایکس - پیکۆ قەت وەک خۆی جێبەجێ نەکرا؛ سێهەم و لە هەمووی گرینگتر، خۆ سایکس و پیکۆ نەیانگوتبوو کە چارەنووسی ئەو ناوچانەی دەکەوتنە ژێر ئیدارە و نفووزی زلهێزەکان دەقیق چی دەبێ و چۆن دەبێ. هەروەک دەزانین ئەوە لەدرێژەی پرۆسەی سایکس - پیکۆدا و بە پەسندی کۆمەڵی نەتەوەکان بوو کە سیستمی مانداکان دامەزرا و کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەش کە یەک لەوان پەیمانی سێڤر بوو ئیمزا کران. سیستمی مانداش و ئەو ڕێککەوتننامانەش ئەگەر هەمووی وەک خۆی و بەبێ تەبعیز جێبەجێ کرابا، دەکرا هەر ئەوەدەم کورد لەسەر بەشێک لە خاکەکەی ببێ بە خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆی.

**پرسیار**: ئێستا کە سەت ساڵ بەسەر سایکس پیکۆدا تێدەپەڕێ، رستەیەک بە دایم دووپات دەبێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن "سایکس پیکۆ" کۆتایی پێهاتووە. بە بڕوای ئێوە ئەو رستەیە لە چیەوە سەرچاوە دەگرێ و تا چ ڕادەیەک دەگەڵ ڕاستی یەک دەگرێتەوە؟

**وەڵام**: تێپەڕینی سەت ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەیەکدا بە خودیی خۆی کۆتایی بەو ڕێککەوتننامەیە ناهێنێ. دیارە لە یاسای نێونەتەوەییدا ڕێککەوتننامەمان هەن (بۆ نموونە لەبواری بەکرێدانی سەرزەمینێک بە دەوڵەتێکی دیکە) کە ماوەکەی دیاریکراوە و پاش تەواو بوونی ئەو ماوەیە ئەگەر لایەنەکان گرێبەستەکەیان نوێ نەکەنەوە، ڕێککەوتننامەکە هەڵدەوەشێتەوە. بەڵام ئەمە سایکس - پیکۆ ناگرێتەوە، بەتایبەتی کە بنەمای قانوونیی نەخشەی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەراست سایکس - پیکۆ نیە بەڵکوو ڕێککەوتنەکانی دواترن و کۆمەڵێک پرەنسیپی یاسای نێودەوڵەتیشیان هاتوونە سەر. ئەگەر تەنانەت سایکس پیکۆش بە بنەما بگرین، نەک پاش تێپەڕینی سەت ساڵ، بەڵکوو تەنیا چەند ساڵ پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، شۆڕشەکانی کورد و هێندێک بزوتنەوەی ناسیۆنالیستیی عەرەبی نیشانەی ناڕەزامەندیی گەلانی ناوچە لەو دابەشکارییە بوون. سەت ساڵەی سایکس-پیکۆ بە مانای هەڵوەشانەوەی میراتی ئەو ڕێککەوتننامەیە نیە، بەڵام دەرفەتێکە بۆ ئاوڕدانەوە لە هەموو ئەو ناعەدالەتی و نالەبارییانەیە کە مشووری ئیمپریالیی سایکس - پیکۆ بەدووی خۆیدا هێنان. ئەمڕۆ نەک هەر کورد، زۆر لایەنی دیکەش بە جۆرێک پێیان خۆشە "نەزم"ی پاش سایکس-پیکۆ کۆتایی پێ بێ، ئەگەرچی دەزانین کە مەرام و مەبەستی هەموویان لە کۆتایی سایکس - پیکۆ وەکیەک نیە. بۆ نموونە ئەگەر بۆ گەلێکی وەک گەلی کورد کۆتایی هاتنی سایکس - پیکۆ بە مانای ڕاستکردنەوەی ئەو غەدرە مێژووییەیە کە لێی کراوە، بۆ پان-تورکیسم ئەمە گەڕاندنەوەی شکۆیەکی لەدەستچوو و لەڕاستیدا فراوانخوازییە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەو لایەنەی لە هەمووان زیاتر و پێش هەمووان باسی کۆتایی سایکس پیکۆی کردووە، واتە داعش، بەپێچەوانەی ئیدیعاکەی نەک هەر کۆتایی بە سایکس پیکۆ نەهێناوە، بەڵکوو لەڕاستیدا سایکس - پیکۆی لە سیغەی ئەوەڵی خۆیدا جێبەجێ کردوە، چونکە ناوچەی ژێر

دەسەڵاتی داعش راست ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە بە ناوچەی ژێر نفووزی فەڕانسە داندرابوون. مێژووناسێکی فەڕانسەوی لەبارەی سایکس-پیکۆوە دەڵێ رۆژئاواییەکان خەتەکانیان کێشایەوە، عەرەبەکانیش رەنگیان کرد. بە باوەڕی من خەتەکان هەر لە شوێنی خۆیان ماون، بەڵام رەنگرێژییەکە لە زۆر لە خانەکانی ئەو هێڵکارییەدا ژەنگی هەڵێناوە و سەردەمی بەسەرچووە. کەواتە ئەگەر ناتوانین بڵێین نەخشەی سیاسیی ناوچە هەڵوەشاوەتەوە یا تەنانەت هەڵدەوەشێتەوە، لانیکەم ئەو نەزمە سیاسییەی ئەو نەخشە سیاسییەی لەسەر داڕێژرابوو، لە زۆر لاوە چۆتە ژێر پرسیار و زەواڵی هاتووە.

**پرسیار**: ساڵی ٢٠٠٦ ئامریکا باسی گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناوینی نوێی هێنایە گۆڕێ. ئایا دەکرێ ئەم باسە وەک لە دایک بوونی سایکس پیکۆی تازە یان بە وتەیەکی دیکە لە ئێعتبار کەوتنی پەیمانی سایکس پیکۆ سەیر بکرێ؟

**وەڵام**: باسکردن لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تازە یا گەورە پێش ئەو کاتەش لەنێو ئیدارەی جۆرج بووشدا مەتروح بوو. دیارە ئەو کاتەش ئەوەندەی مەبەست گۆڕینی هاوکێشە و پرەنسیپەکانی زاڵ بەسەر یاریی سیاسی لەو ناوچەیەدا بوو، ئەوەندە مەبەست سەرلەنوێ کێشانەوەی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە نەبوو. دۆخی زاڵ بەسەر یاسای نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافی جودابوونەوە و سەربەخۆیی هەتا کۆتایی شەڕی سارد بارێکی زۆر ناعادڵانە بوو و لەڕاستیدا لە غەیری لێکجیابوونەوەی مەخمەلی یان بەڕەسمی ناسرانی قەوارەی گەلێک کە حاکمیەتی خۆی بە زۆری وەدەست هێنابێتەوە، ئەو مافە تەنیا بۆ موستەعمەرەکان بە رەوا دەزانرا. دەزانین کە لە دوو دەیەی رابردوودا تابووی تەواوەتیی ئەرزی بە تەواوی شکاوە و دۆخە حقووقییەکە بۆ ئەو حاڵەتانە کە موستەعمەرە نین، گۆڕانی باشی بەسەرداهاتووە. ئەوەش راستە کە کێشە و ئاڵۆزییەکانی سەت ساڵی رابردووی ناوچە و دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لوتکەی قەیرانەکانیەتی، شکستی ئەو پارادیگمانەیان سەلماند کە لە پاش سایکس-پیکۆوە قەوارە و نەزمی سیاسیی ناوچەیان لەسەر دامەزرابوو. بەچەشنێک کە ئەمڕۆ دۆخی زاڵ بەسەر وڵاتانی وەک سوریە، عیراق، لوبنان، یەمەن کە زۆربەیان چوونەتە حاڵەتی دەوڵەتی شکستخواردووەوە (Failed State) و کێشەی پێکەوە هەڵکردنی سوننە و شیعە و هەروەها دۆزی کورد، هەمووی دەبیرخانە رەسمییە رۆژئاواییەکانیشی خستۆتە فکری ئەوە کە بڵێی وەختی سایکس - پکۆیەکی دیکە نەهاتبێ؟ تەنانەت زۆرگرووپی لۆبیگەری و ناوەندی نیئۆکۆنسێرڤاتیڤ هێندێک نەخشەی غەیرە رەسمیشیان بۆ داهاتووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە چەکمەجەکانیاندا هەیە. لەگەڵ هەمووی ئەمانەش، جارێ بەدوور دەزانرێ کە نەخشەی ئەو ناوچەیە سەرلەنوێ دابرێژرێتەوە. بۆ ئەوەی ئەم کارە بکرێ دوو شت کە لە سەردەمی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی هەبوون، ئێستا وجوودیان نیە. یەکەم پێویستە هەموو ئەو ناوچانەی کە باس لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سنوورەکانیان دەکرێ وەک سەردەمی عوسمانی یان وەک سەردەمی سۆڤیەت لەژێر حاکمییەتێکی هاوبەشدا بووبن بۆ ئەوەی لە ئەنجامی نەمانی ئەو حاکمییەتەدا قەوارە گشتییەکەش لەبەریەکهەڵوەشێ. دووەم، پێویستە چوارچێوەیەک بۆ رێککەوتنی نێودەوڵەتی لەسەر چۆنیەتی داڕشتنەوەی

نەخشەی ناوچەکان لە گۆڕێدا بێ. شتێک کە لەسەردەمی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ململانەی زلهێزەکان و هێزە ئیقلیمییەکان وەها بنەما و چوارچێوەیەک لەبەردەست نیە و وێ ناچێ لە ئایندەیەکی نزیکیشدا شکڵ بگرێ. ئەو تەوافوقە "ئیمپریالیستی"یەی لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لەسەر ناوچەیەک کرا کە لە بەرامبەر نەخشە نێودەوڵەتییەکان تا رادەیەکی زۆر پاسیڤ بوو، ئەمڕۆ بەدی ناکرێ و ژینگەکەش بە چەشنێک سێکتاریستی بووە کە بە پێچەوانەی ئورووپا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئالیەتێک بۆ کۆنترۆڵی توندوتیژی نیە. هەربۆیە زلهێزەکان هێشتا پێیان وایە بەردەوام بوون لەسەر چوارچێوەکانی مەوجوود کەم زیانترین بژارە (هەوڵەکانی لێکنزیکبوونەوەی ئەم دواییانەی ئەمریکا و روسیە سەبارەت بە ئایندەی سوریە نیشانەیەکی ئەم راستییەیە). هەربۆیە ئەوەی دەکرێ روو بدا جاری تەنیا تەزعیف و تەقویەتی ئەم دەوڵەت لە بەرامبەر ئەو دەوڵەت یا ئەم فاکتەر لەنێو دەوڵەتەکەدا لە بەرامبەر ئەو فاکتەر لە هەمان دەوڵەتدا، سەرهەڵدانی قەوارەگەلی مەیلەودەوڵەت (Quasi State)، و مامەڵەی بەجیا و کەیس بە کەیس لەگەڵ ئەو حاڵەتانەیە کە لەوندا گەلێک (وەک بۆ نموونە کورد لە باشووری کوردستان) هاتۆتە سەر رێڕەوی سەربەخۆیی. ئەو کاتە بەپێی بوونی زەمینەی لەبار و ژێرخانی پێویست بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ کەیسە دیاریکراوەکە دەکا.

**پرسیار**: بۆ ئەوەی میللەتی کورد بتوانێ لەم هەل و مەرجە بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێ، دەبێ چ بکا و چ رێوشوێنێک بگرێتە بەر؟ ئێستا کە زۆر باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکرێ، ئایا کورد دەتوانێ بۆخۆی لە داڕشتنەوەی سیاسەتی جیهانی بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەوری هەبێ؟

**وەڵام**: کورد لە بازنەی بڕیاردان لەسەر سیاسەتی جیهانی دا نیە هەتا لە داڕشتنەوەی ئەو سیاسەتە لەپێوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەوری هەبێ. بەڵام پێشوەچوونی مەسەلەی کورد و جێگە و پێگەیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کە کورد ئەمڕۆ بەتایبەتی لە پەراوێزی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعشدا وەدەستی هێناوە، هەم لەڕووی زەینییەوە و هەم لەڕووی هەلومەرجەوە بەستێنێکی لەباری دروست کردووە بۆ ئەوەی کورد بتوانێ لە ئاقاربەخشین بە سیاسەتی جیهانی لەپێوەندی لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا وەک ئەکتەر و نەک هەر وەک کارتێکراو دەور بگێڕێ. سەرکەوتنی کورد لەو دۆخەدا پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر کورد خۆی و یەکەم مەرجیشی ئەوەیە کە کورد هەموو هیوا و تەمای بە پلانێکی نێودەوڵەتی نەبەستێ کە گۆیا دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ بەدیاری دێنێ و لە ئاکامدا خۆی لە پێویستیی خۆ حازر کردن و چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی بێنیاز ببینێ. نابێ لەبیرمان بچێ خودی سایکس-پیکۆ لەسەر بەستێنی چەشنێک لە خیانەتی نێودەوڵەتی دروست بوو، چونکە ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٥دا لەسەر دەستی کۆمیسێری باڵای خۆیان لە قاهیرە (ماک ماهۆن) بەڵێنی مەملەکەتێکی یەکگرتووی عەرەبییان بە شەریفی مەککە دابوو. دەشزانین ساڵێک پێش تەواو بوونی

شەڕ بەڵێنی بەلفۆریان بۆ دروست کردنی کیانێکی قەومی بۆ جوولەکە راگەیاند. تەنانەت پێش شەڕی یەکەمی جیهانی کاتێک لە باڵکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی شەڕ هەڵایسابوو، فەڕانسەییەکان بۆ خاتری پاراستنی نفووز و ئیمتیازاتیان لە عوسمانیدا زۆر نیگەرانی هەڵوەشانی عوسمانی بوون و قازانجی خۆیان لە پاراستنی ستاتووکۆ (وەزعیەتی مەوجوود)دا دەدی. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەگەر تەنانەت ئاشکرا بوو کە قەول و قەرارێکیش بە کورد دراوە، هێشتا کورد نابێ ئەو ئەزموونانەی رابردووی لەبیر بچێتەوە کە لەودا زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچە خیانەتیان پێ کردوە. ئێستا بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ دوورەدیمەنی هەلومەرجێک کە لەودا سەربەخۆیی کوردستان (لانیکەم لە باشوور) عەمەلی ببێ، پێویستە کورد نێوماڵی خۆی و پێوەندییە دەروونییەکانی نەک هەر لە باشوور بەڵکوو لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە چەشنێک رێک بخاتەوە کە جیهانی دەرەوە فاکتەری کوردی هەمووی بەسەریەکەوە ببینێ و حیسابێکی یەکدەست یا لانیکەم هەماهەنگی بۆ بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە کورد ناتوانێ لە مەیدانی کارتێکەرییە نێوخۆییەکانی تایبەت بە هەرکام لە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا غایب بێ، بەڵام پێویستە ئەولەویەت و فۆکووس بخاتە سەر داینامیزمی تایبەت بە کورد خۆی، هەم بە دروستکردنی ژێرخانەکانی سەروەری و هەم بە پێناسەیەکی فراوانی کوردی کە هەموو بزوتنەوەی کورد لەبەرچاو بگرێ. ئەگەر نەخشی سەربازیی کورد لە قەیرانی ئەمڕۆی ناوچەدا دەتوانێ حاکمییەتی ئەو گەلە لەسەر خاکی خۆی بچەسپێنێ و بشیکاتە پارتنێرێکی نێودەوڵەتی، پێویستە ئەمە پشت بە رۆئیایەکی سیاسیی هاوبەشی کوردییش ببەستێ. ئاکامی سیاسی و حقووقیی ئەو رەوتە ئەگەر تەنانەت لە کورتخایەندا سەربەخۆیی کوردستان یا یەکگرتنەوەی هەموو کوردستانیش نەبێ، لانیکەم دەبێتە هۆی ئەوە کە جێگە و پێگەی کورد هەم لە هاوکێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و هەم لە چوارچێوەی ئالترناتیڤی سیاسیی ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بەشێوەیەکی چارەنووساز ئەوەندە بەهێز بێ کە هیچ لایەنێک ئیدی نەتوانێ حاشا لە کورد بکا و سات و سەودا بە چارەنووس و مافە رەوا و بنەڕەتییەکانی بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی مەی ٢٠١٦

------------------------------------------

## وجودی مسعود بارزانی هۆکارێکی بەهێزە بۆ ئەکتیڤبوونی پرسی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەروبەندی گۆڕانکارییەکی خێرا و حەتمیدایە، لەناو ئەم بارودۆخەدا کوردستان دەرفەتێکی گەورەی مێژوویی بۆ هاتۆتە پێشەوە و هاوکات سەرۆک بارزانی رێبەرایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی دەکات و داوای کردووە ئامادەباشی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بکرێت، بەڵام وێڕای ئەمانەش کۆمەڵێک تەحەددی و هەڕەشە رووبەڕووی کوردستان بۆتەوە و دەبێت ئامادەباشی بۆ رووبەڕووبونەوەیان بکرێت، لەلایەکی دیکەوە پرسی کورد لەسەر ئاستی هەموو کوردستان جۆرێک لە جووڵە و ئەکتیڤبوون بە خۆیەوە دەبینێت. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسیی ئێستای کوردستان و ناوچەکە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ د.ئاسۆ حەسەنزادە پسپۆڕ و تایبەتمەند لە یاسا و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان سازکرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.

**گوڵان**: ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بارودۆخێکی هەستیار و ئاڵۆز و گۆڕانکاری حەتمیدا تێدەپەڕێت و باس لە دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان دەکرێت. ئایا وەک پسپۆڕێک لە یاسای نێودەوڵەتی بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەخوێنێتەوە؟

**ئاسۆ حەسەنزادە**: پێش ئەوەی شەڕی تیرۆریستانی داعش دەست پێبکات، لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش-یش، باس لەوە دەکرا نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوە هەیە، بەڵام دوای هاتنی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی، ئەم باسە بەرجەستەتر بۆتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەی ئەم باسوخواسە بە گەرمی هەیە، من پرۆژەیەکی یەکدەستی هەمەلایەنی جددی بۆ دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان نابینم، پێموایە پرسی داڕشتنەوەی سنوورەکان کاتێک دەبێتە پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی جددی، کە هەموو ناوچەکە لە ژێر یەک دەسەڵاتدا بووبێت و ئەو دەسەڵاتەش لەبەریەک هەڵبوەشێتەوە، دروست وەک هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەر بۆیە پێش ئەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەبەر یەک هەڵبوەشێت، رێککەوتنێکی هەمەلایەنەی نێودەوڵەتی بۆ دابەشکردنی میراتی عوسمانی هەبوو، وەک رێککەوتنی سایکس پیکۆ، یان وەک هەڵوەشانەوەی فیدراسیۆنەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، یان یوگسلافیای پێشوو، بۆیە ئەم دوو فیدراسیۆنەش هەمووی پێکەوە هەڵوەشانەوە و سنوورەکان سەرلەنوێ کێشرانەوە، لەم روانگەیەوە دەبینین رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازە و هەموو ناوچەکە لە ژێر دەستی یەک دەسەڵاتدا نییە، هەتا بڵێین هەمووی پێکەوە لەبەریەک هەڵوەشاوە و دەبێت سنوورەکان سەرلەنوێ تەرسیم بکرێنەوە. بۆیە من پێموانییە سنوورەکانی هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە بکێشرێتەوە، بەڵام لێرەدا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە توخمی ناو هاوکێشەی هێزی ئەو دەوڵەتانە هەندێکیان بەهێزتر

بن و هەندێکیان لاوازتر بن، واتە هاوکێشەیەکی تازەی هێز بێتە ئاراوە، هەر وەک بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەی راستەوخۆ پشتگیری پرۆژەی سەربەخۆیی باشوور ناکات، بەڵام ناچارە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کەیسی کورد لە باشووری کوردستان بکات، بۆیە لەم حاڵەوە دەتوانین بڵێین، جیا لە شەرعییەتی یاسایی کە شەرعییەتی سەروەریی دەوڵەتە، جیا لە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی عەینی و زەینی کە گرنگە لە یاسای نێودەوڵەتی، بەڵام بە هۆی ئەو مامەڵە جیاوازەی لە گەڵ باشووری کوردستان دەکرێت، ئاراستەی خەباتی باشووری خستۆتە سەر ئەو رێچکەی کە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵبگرێت.

**گوڵان**: سەرۆک بارزانی داوای کردووە کە بۆ ریفراندۆم خۆئامادەبکرێت و پێیوایە لەم دەرفەتە باشتر بۆ کورد نایەتە پێشەوە. ئایا تاچەند ئەم هەنگاو و گوتارە نەتەوەییەی بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی، کاریگەری لە سەر بووژاندنەوەی فیکری نەتەوەیی لە هەر چوارپارچەی کوردستان هەیە؟ لەمەش زیاتر ئایا تاچەند گرنگە ئەم دەرفەتەی بۆمان هاتۆتە پێشەوە لەدەستی نەدەین؟

**ئاسۆ حەسەنزادە**: ئەو دەرفەتەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی ودەوڵەتی کوردستان ئاماژەی پێدەکات، بەڕاستی دەرفەتێکی گرنگە، خۆزگە ئەم دەرفەتە هەموو کوردستانی بگرتایەتەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەم دەرفەتە تەنیا بۆ باشووری کوردستانە، وێڕای ئەمەش دەبووا لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا لەسەر ئاستی هەموو پارچەکان، پرۆژەیەکی نەتەوەیی هەبووایە بۆ ئەوەی لەسەر ئەجێندای نەتەوەیی رێکبکەوتینایە، ئەم پرۆژە نەتەوەییەش بەو مانایە نییە کە هەر چوارپارچەی کوردستان بە یەک شێوە خەبات بکەن، لەبەر ئەوەی ماکی دابەشبوون تایبەتمەندی بۆ هەر پارچەیەک دروستکردووە و دەبێت بەپێی هەلومەرجی خۆی خەبات بۆ مافەکانی بکات، بەڵام دەکرا لەسەر رەهەندە گشتییەکان رێکبکەوتینایە، ئێستاش ئەگەر نییەت هەبێت، دەتوانین رێکبکەوین، ئەگەر سەیری باشووری کوردستان بکەین، دەبینین ئەم پارچەیە لە چاو پارچەکانی دیکەدا هەندێک هۆکاری مێژوویی هەیە کە پێش پارچەکانی دیکە کەوتووە لە پرسی سەربەخۆیی، ئەگەر سەرنج بدەین لەو رۆژەی دەوڵەتی عێراق بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە پاشخانێکی کۆلۆنیاڵی هەبوو، هەروەها ماندێت لەسەر عێراق هەبوو، هەر ئەو کات کۆمەڵەی گەلان مەرجی ئەوە بوو ئەو دەوڵەتەی دەبێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە دەبێت بەڵێن بدات رێز لە مافی کەمینەکانی دەگرێت، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی پرسی کورد لە باشوور پێش بکەویت و بووە هۆکاری ئەوەی جۆرێک لە نێونەتەوەیی بوونی پرسی کورد لە باشووری کوردستاندا بناخەی بۆ دروست بێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لە پارچەکانی دیکە بوونی نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشکەوتن و دەستکەوتانەی لە باشوور بەدەست هاتوون، کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان هەبووە، هەروەها ئەو بە نێودەوڵەتی بوونەی پرسی کورد لە باشوورەوە، مەسەلەیەکە هیچ پارچەیەک ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات و بڵێت کاریگەری

لەسەر پارچەکانی دیکە نەبووە.

**گوڵان**: ئایا بێجگە لە فاکتەرە مێژووییەکان، لە ئێستادا چ هۆکارێکی دیکە بۆتە هۆکاری ئەوەی پرسی کورد نەک تەنیا لە باشوور بەڵکو لە هەر چوارپارچەی کوردستان وەرچەرخانی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە؟

**ئاسۆ حەسەنزادە**: ئەگەر سەرنجی بارودۆخی ئێستای کوردستان بدەین، بێگومان دەبینین سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر بەنێودەوڵەتی بوونی پرسی کورد هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان هیچ سەرکردەیەکی کورد نییە هێندەی جەنابی مسعود بارزانی لە سەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بەهێز بێت، دەکرێت بڵێین وجوودی بەڕێز مسعود بارزانی فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ئەکتیڤبوونی پرسی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی هاوسۆزییەکی نێودەوڵەتی گەورە بۆ باشووری کوردستان بوونی هەیە، بەڵام پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەکتیڤ بۆتەوە، بۆیە ئەوەی لە باشووری کوردستان دەیبینین، ڕێگەخۆشکەرە بۆ پارچەکانی دیکە، بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە باسی پڕۆژەی ئەنجامدانی ریفراندۆمیش بکەین، ئەگەر هەموو هەلومەرجەکانیش بە تەواوەتی بوونیان نەبێت، ئەوا من پێموایە ئێستا کاتی ئەوەیە ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی لە رووی یاساییەوە پرسی کورد و گوتاری کوردی دەباتە نێو قۆناخێکی دیکە، بەڵام ئەمەش کارێکی زۆری دەوێت، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی هەر چوارپارچە هاودەنگییەکی هاوبەش نییە، لەسەر ئاستی باشووری کوردستانیش یەکدەنگیی پێویست بوونی نییە، لە کاتێکدا بۆ پرۆژەیەکی گەورەی لەمجۆرە پێویستمان بە دوو خاڵی سەرەکی هەیە، یەکەمیان: بوونی ئیرادەیە، دووەمیان: ژێرخانە، ئێمە لە هەردووکیاندا کێشەمان هەیە، سەبارەت بە خاڵی یەکەم ئیرادەکە بوونی هەیە، بەڵام وەک ئیرادەیەکی هاوبەش لەسەر ئاستی هەموو ئەکتەرەکانی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان فۆرمەڵە نەکراوە، سەبارەت بە ژێرخانیش دیارە پرۆسەی دەوڵەتبوون، پێویستی بە کۆمەڵێک ژێرخان هەیە، لە باشووری کوردستان زۆر لە توخمەکانی دەوڵەتبوون بوونی هەیە، واتە نیمچە دەوڵەتە، بەڵام پێویستە ئەمەش کاری زیاتری لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی هەرگیز هەموو توخمەکان تەواو نابن، لەمەشدا مەبەستم ئەوەیە نابێت پرۆسەی ریفراندۆم لەسەر ئەوە دوابخرێت کە هەموو ژێرخانەکانی دەوڵەتبوونمان نییە، بۆیە وێڕای هەموو ئەو قەیرانانەی بوونیان هەیە، ئێستا هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی، دەرفەتێکی گرنگی بۆ کورد درووست کردووە و نابێت لەدەست بدرێت. من لەوە نیگەرانم ئەگەر پێش کۆتاییهاتنی شەڕی داعش سوود لەم دەرفەتە وەرنەگرین، ئەوا ترسی ئەوە هەیە دوای نەمانی داعش، ئەو هاوسۆزییە نێودەوڵەتییەی ئێستا بۆ باشووری کوردستان هەیە، وەک ئێستا نەمێنێتەوە، بۆیە ناکرێت بە هیچ جۆرێک ئەو دەرفەتە لەدەست بدرێت.

**گوڵان**: ئەگەر هەر لەسەر ئاستی هاوسۆزی نێودەوڵەتی بەرامبەر باشوور زیاتر هەڵوەستە بکەین، دیارە لەناو دەوڵەتە گەورەکاندا بەتایبەتی فەرەنسا هەست بە هاوسۆزییەکی زیاتر دەکرێت، سەرۆک هۆلاند خۆی هاتە هەولێر و ئێستاش بەڵێنی داوە زیاتر هاوکاری کوردستان بکات، ئایا ئەم پشتگیرییەی فەرەنسا بۆ کوردستان چی لێ دەخوێندرێتەوە؟ ئایا دەبێتە پاڵپشتییەک بۆ سەربەخۆیی کوردستان؟

**ئاسۆ حەسەن‌زادە**: ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ ساڵی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کە فەرەنسا چەندین پشتگیری کوردستانی کردووە، ئەوا لە دوای ئەوەی رژێمی پێشووی عێراق رووخا، فەرەنسا یەکەمین دەوڵەت بوو کە کونسڵخانەی لە هەولێر کردەوە، هەروەها لەگەڵ هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، سەرۆک هۆلاند تەنیا سەرۆکی وڵاتێکی گەورەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو کە هەر زوو سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، بۆیە راستە خۆشەویستییەکی زۆر گەورە لە نێو گەلی فەرەنسا و تەنانەت ناوەندەکانی فیکر و بڕیار بەدەستیشدا بەرامبەر کوردستان هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا دەتوانین بڵێین تەواوی ناوەندەکانی بڕیار بەدەست لە فەرەنسا بە ئاشکرا پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن؟ من پێموایە جارێ ناتوانین وابڵێین، لەبەر ئەوەی فەرەنسا ئێستا لە چوارچێوەی سیاسەتی هاوبەشی یەکێتی ئەوروپادایە، خۆشتان دەزانن سیاسەتی هاوبەشی یەکێتی ئەورووپاش داوای یەکپارچەیی عێراق دەکات، بەڵام ئەگەر بە دیوێکی دیکەدا پرسیارەکە بکەین کە ئایا ئەگەر کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی دا، فەرەنسا لەدژی رادەوەستێت؟ من پێموایە فەرەنسا دژی سەربەخۆیی کوردستان نابێت، لەمەش زیاتر لەوەش دڵنیام ئەو هەڕەشانەی دوای راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دروست دەبن، وەک ئەو هەڕەشانە نابن کە لە سەدەی رابردوو لە کورد دەکران، لە سەدەی رابردوو ئەگەر کورد هەنگاوێکی وای هەڵبگرتایە، تورکیا و ئێران دەیانتوانی لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان بکەن، بەڵام ئێستا ناتوانن، من بە خۆم لە وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسام بیستووە، ئەو لە دانیشتنێکی دۆستانەدا پێی گوتین، ئەگەر بۆ خۆتان بتانەوێت دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنن، خەڵکی دیکەش پشتگیریتان لێدەکات، مانای ئەم قسەیە ئەوەیە کە دەبێت و پێویستە پێش هەموو کەس کورد متمانەی بە خۆی هەبێت و ژیرانە هەنگاو هەڵبگرێت، راستە ئێمە لە ناوچەیەکین کە بە گورگ دەورە دراوین، بەڵام دەبێت ئەو راستییەش لەبەرچاوبگرین لە ساتە چارەنووسسازەکانی نەتەوەدا هەندێک دەرفەت دێنە پێشەوە دەبێت سوود لەو دەرفەتانە وەربگرین و لەدەستی نەدەین، بۆیە لە ئێستا ئەگەر زوو سوود لەم فرسەتە وەرنەگرین، ئەوا دەبێت بزانین، دەوڵەتان دیپلۆماتی دەکەن، ئەگەر بارودۆخەکە بگۆڕێت، ئەوانیش هەڵوێستیان لەوانەیە بگۆڕێت، بۆیە دەبێت ئەم فرسەتە لەدەست نەدەین، هەروەها دەبێت قەناعەتی تەواومان هەبێت بەوەی کە دەبێت کورد خۆی دەوڵەت بۆ خۆی دروست بکات و بێگانە سەربەخۆییمان بەدیاری بۆ ناهێنێت.

**گوڵان**: هەر لەسەر هاوسۆزی فەرەنسا، ئێمە دەبینین، ئەم هاوسۆزییەی فەرەنسا شۆڕبۆتەوە بۆ ناو رای گشتی و

**ناوەندەکانی فیکر و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، هەر بۆ نموونە ئێستا لە سەر شەقامەکانی پاریس وێنەی پێشمەرگە دادەنرێت، بیرمەندانی هاوشێوەی ڕیجس دوبریە و ئالان تۆرین و بیرنارد هنری لیڤی پشتگیری دەوڵەتی کوردستان دەکەن، ئایا تاچەند شۆڕبوونەوەی ئەم هاوسۆزییە بۆ رای گشتی و ناوەندەکانی فیکر بۆ ئێمە گرنگە؟**

**ئاسۆ حەسەن‌زادە**: فەرەنسا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە گرنگییەکی زۆر بە دیپلۆماتیەتی نەرم (سۆفت دیپلۆماتی) دەدات، ئەمەش مانای ئەوەیە بردنەپێشەوەی پرۆژە سیاسییەکان تەنیا بە ڕێگەی سەربازی بەرەوپێشەوە ناچن، بەڵکو لە ڕێگەی دامودەزگای فەرهەنگی و پێوەندی دروستکردن و پەنابردنە بەر کەلتوور و بە ڕێگەی دەستەبژێری بونیادی فیکرەوە دەچێتە پێشەوە، لە فەرەنسا ئەم ناوەندانە کاریگەری گەورەیان هەیە، بەتایبەتی هەندێک لەو کەسایەتییانەی کە لەسەر ئاستی جیهان وەک بیرمەند سەیر دەکرێن، بۆ نموونە وەک بیرنارد هنری لیڤی، ئەم کەسایەتییە نەک تەنیا بۆ کوردستان بەڵکو لە زۆر پرسی دیکەشدا کاریگەری لەسەر بڕیای سیاسی فەرەنسا هەبووە، بۆ نموونە وەک سیاسەتی فەرەنسا بەرامبەر یۆگسلافیا لە سەر پرسی سەراییڤۆ، هەروەها لەسەر بەشداری فەرەنسا لە هێرشکردنە سەر لیبیا بە سەرکردایەتی ناتۆ، سەبارەت بە کوردستانیش، بێگومان هنری لیڤی کاریگەری لەسەر بڕیاری فەرەنسا هەبووە لەسەر هەڵویستی فەرەنسا بەرامبەر باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەو ناوەند و دامودەزگایانە گرنگن، بەڵام بڕیاری کۆتایی لە پێوەندی بە دروستکردنی بڕیار لە فەرەنسا، زیاتر لای نیهادە سیاسییەکانن، دەبێت گرنگی زیاتر بەوان بدرێت، ئەوانیش ئەو کاتە هەڵوێستی خۆیان یەکلایی دەکەنەوە کە کورد ئەو یەکڕیزییەی پێویستە لەناوخۆیدا هەیبێت و ئەمە پیشان بدات، بۆ ئەوەی ئەوانیش شاهیدی ئەوە بدەن بە هەق کورد شایستەی ئەوەیە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت.

**گوڵان: ئەوەی بۆ کورد جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە ئەمجارەیان کورد بە فەرمی لە بەرەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعشە، ئەمەش مانای ئەوەیە کورد نە لە بەرەی سوننەیە و نە لە بەرەی شیعەدایە، ئایا بوونی کورد لە بەرەی ئەم هاوپەیمانییە تاچەند فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەربەخۆیی؟**

**ئاسۆ حەسەن‌زادە**: ڕۆڵی کورد لەرووی مەیدانییەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیررۆریستانی داعش، لەهەموو لایەک ئەکتیڤترە، ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دۆزی کورد لەسەر ئاستی جیهانی دروستکردووە. واتە ئەم ڕۆڵە وایکردووە لەسەر روانگەی جیهانییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد بکرێت، بەڵام هەرچی بەرەی شیعە و سوننەیە لەگەڵ ئەوەی ئەوانیش رەهەندێکی جیهانییان هەیە و کاریگەرییان لەسەر جیهان هەیە، بەڵام ئەم بەرەیە واقیعێکی ئیقلیمییە، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەو دووبەرەیە کورد دابەش نەکات، دەبێت کورد خۆی لەسەر هیچ کام لەو دووبەرە ساخ نەکاتەوە، هەرچەند بەداخەوە لە ئێستادا کوردیش تا رادەیەکی کەم بۆتە ئەو واقیعە، بۆیە پێویستە کورد لە باشووری کوردستان بەتایبەتی و لە هەر چوارپارچەی کوردستان بەگشتی، ئاستی تێڕوانینی خۆی لە ئاستی ئیقلیمییەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستی جیهانی، واتە

مامەڵەیەکی جیهانی لەگەڵ جێگە و پێگەی خۆی بکات، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی کورد لە ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە لە کەمپی دژە تیرۆرەوە پێناسەی چارەنووسی خۆی بکاتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا دیپلۆماتییەکی ژیرانەش پیادەدەکات و هەموو هێلکەکانی خۆی نەخستۆتە یەک سەبەتەوە، دیپلۆماتییەکی فرەڕەهەند پیادە دەکات و لەگەڵ دەوربەریشی پێوەندی باشی هەیە، بێگومان ئەم دیپلۆماتییە فرەڕەهەندەش یارمەتیدەرێکی زیاتر دەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی سەربکەوێت.

**گۆڵان**: دیارە ناوچەکە لە سەر ئاستی ئیقلیمی دابەش بووە، سعودیە نوێنەرایەتی بەرەی سوننە دەکات، ئێرانیش بەرەی شیعە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئێران زۆر بە گەرمی داکۆکی لە یەکپارچەیی عێراق و سووریا دەکات، لە کاتێکدا سووریا و عێراق وەک دوو دەوڵەت نەماون، ئایا ئێران شەڕێکی بێهودە ناکات؟

**ئاسۆ حەسەنزادە**: ئێران سیاسەتێکی پراگماتیکییانە هاوشان بە بەرژەوەندی و پێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادە دەکات، ئەگەر سەیر بکەن پێوەندیشی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمەش کارێکی باشە لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان و ئێران هاوسێی یەکترین، ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری سیاسەتەکانی ئێران لەگەڵ کورد بکەین لەناو ئەو سیاسەتەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادەی دەکات، بەهیچ جۆرێک نابێت پێمانوابێت کە سیاسەتی ئێران لەسەر ئاستی رەهەندی دوورمەودا دۆستی کورد بێت، لەبەر ئەوەی ئێران بە ئاشکرا و جیا لە هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە رایدەگەیەنێت کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران وەک دراوسێ ئەمە کارێکە دەبێت بکرێت، بەڵام خۆگرێدانەوە بە ئێرانەوە بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی کوردستاندا نییە، سەبارەت بەو شەڕەشی کە ئێستا لەسەر یەکپارچەیی عێراق و سووریا دەیکات، ئەمە شەڕێکی بێهودە نییە وەک ئێوە ئاماژەی پێدەکەن. لەبەر ئەوەی ئەوانەی بڕیاردەری سەرەکین لە ئێراندا ئەم شەڕە بە بێهودە نازانن و بەداخەوە هەتا ئێستاش بە جۆرێک لە جۆرەکان لەم شەڕەدا سەرکەوتوو بوون، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە کە ئەمریکا هاتە عێراق، ئێران سیاسەتی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە داڕشتووە، کە ئەگەر لە دەوروبەری خۆی و ناوچەکە ئاگربکاتەوە، ئەوا بەرژەوەندی رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا دەخاتە مەترسییەوە و بەوەش باشتر خۆی دەپارێزێت و ئەو پرسانەی وەک دۆسیێ ناوکی، پرسی دیموکراتی و مافی مرۆڤ کە رۆژئاوا دژی ئێران دەیجووڵێنن، دەشاردرێنەوە، رۆژئاواییەکانیش ناچار دەبن بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە مامەڵە و دانوستاندن لەگەڵ ئێران بکەن، ئەوجا بە هۆی ئەوەی لەم سیاسەتە سەرکەوتوو بوون، ئێستا ئێران تەنیا شەڕی بەوەکالەت ناکات، بەڵکو لە سووریا ئەفسەر و سەرباز و پاسداری ئێرانی راستەوخۆ خۆیان شەڕ دەکەن، بۆیە مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە لەبەر ئەوەی سوودیان لەم ناسەقامگیرییە وەرگرتووە، ئەوا لە ئایندەدا ئەم بازنەیە فراوانتریش بکەنەوە.

**گۆڵان**: باسی ئەوەتان کرد بە شێوەیەکی گشتی بزاڤی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان ئەکتیڤ بووە، ئایا پێویستە پێوەندی پارچەکانی دیکە لەگەڵ باشووری کوردستان چۆن بێت؟

**ئاسۆ حەسەنزادە**: ئەگەر سەرەتا باسی رۆژهەلات بکەم، هەمیشە پێوەندیەکی زۆر پتەو لە نێوان باشوور و رۆژهەلاتی کوردستان هەبووە، تەنانەت لە رۆژە پرشنگدارەکاندا خەباتی هاوبەشیش هەبووە، وەک بەشداری هێزی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستاندا، بۆیە ئێستاش من هەر وای تێدەگەم کە دید و بۆچوونی هەردووک لایان زۆر لێک نزیکە، رۆژگارێکی زۆر بزووتنەوەی رزگاریخوازی رۆژهەلات، خەباتی خۆی خەواند بۆ ئەوەی سەقامگیریی باشووری کوردستان تێکنەچێت، ئێستاش پێموایە ئەگەر پێویست بێت، ئەوا کوردی هەموو پارچەکانی دیکە دەبێت قوربانی بدەن بۆ ئەوەی سەقامگیریی باشووری کوردستان تێکنەچێت، نابێت قەت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە وا بزانین خەواندنی پرسی کورد لە پارچەیەک لە خزمەتی پارچەیەکی دیکەی کوردستاندایە، دەکرێت قسە لەسەر شێوازی خەبات بکرێت، بەلام بەداخەوە لە هەندێک ناوچەی باشووری کوردستان میدیاکان سانسۆریان خستۆتە سەر پرسی کورد لە رۆژهەلات، پێویستە چۆن باسی باکوور دەکەن، باسی رۆژهەلاتیش بکەن. هەروەها لە مەسەلەی پەکەکەدا خیتابی سیاسی کوردستان زۆر راشکاوانەیە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەلێت: ئێمە لە بری تورکیا شەڕ دژی پەکەکە ناکەین، لەگەلّ ئەو هەموو گوشارەی خرایە سەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەلام ئامادە نەبوو بە پەکەکە بلێت تیرۆریست، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەکە بە سیاسی چارەسەر دەکرێت، ئامادەشن هاوکاری هەردوولا بکەن، بە بڕوای من دەبێت ئەم خیتابە بگوازرێتەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستانیش، بەو مانایەی کوردی رۆژهەلاتیش پێویستی بە زیندووبوونەوەی گیانی شۆڕشگێڕی هەیە، بەداخەوە لە ولاتێکدا دیموکراتی نەبێت، کە بتوانین بە رێگەی دیالۆگ و سیاسی باسی مافەکانی خۆمان بکەین، ئەوا ئامادەبوونی کردەیی لە مەیدانەکە تەنیا پێشمەرگەیە، بۆیە گرنگە خیتابی سیاسی هەرێمی کوردستان بەرامبەر رۆژهەلاتیش بەو جۆرە بێت، کە مافی کورد لە رۆژهەلات مافیکی رەوایە و بە سیاسی چارەسەر دەکرێت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چۆن بۆ باکوور ئامادەباشی پیشانداوە هاوکاری ئاشتییانەی چارەسەری کێشەکەیان بکات، بەهەمان شێوە پێویستە بۆ رۆژهەلاتیش ئەو ئامادەباشییە پیشان بدات.

سەرچاوە: مالپەڕی رۆژنامەی گولان - رێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە

### جێگری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان: نە لایەنگری یەکێتیم و نە لایەنگری پارتی

ئاسۆ حەسەن زادە، جێگری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا دەڵێت "بۆ ماوەی ٦ ساڵ راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بوم، کاتی خۆی لەزەمانی (دکتۆر بەرهەم)دا دەستمپێکرد، دوای ئەوەی کە (نێچیرڤان بارزانی) گەڕایەوە، ئەویش بەجۆرێک درێژەی بەکارەکەی من دا".

**دیدار: م.ئازاد**

**ئاوێنە: لەماوەی رابردودا ئێوە پلۆنیۆمێکتان بەست، لەو پلۆنیۆمەدا تۆ وەکو جێگری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان کاندیدبوی، چۆن بیرت لەوە کردەوە، کە خۆت هەم بۆ سکرتێر، هەم بۆ جێگری سکرتێر کاندید بکەی؟**

**ئاسۆ حەسەن زادە:** من لەماوەی رابردودا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوم، بەڵام دوای ئەوەی (خالیدی عەزیزی) وازی لەپۆستەکەی هێنا، ئەو پرسە هاتەپێش، کە کێ جێگەی بگرێتەوە؟ لەهەمانکاتدا نەک هەر من، بەڵکو سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەیانتوانی خۆیان کاندید بکەن، منیش بەو چاوەڕوانییەی کە بۆ من هەبو، خۆم بۆ ئەو پۆستە کاندید کرد، چاودێرییەکی زۆر سادەو دیموکراتیک لەنێوان (مستەفا مەولودی)و مندا رویدا، لەئەنجامی ئەو چاودێرییەدا، بەڕێزیان بون بەسکرتێر، بەڵام من هەر پێش ئەوەی هەڵبژاردنی سکرتێر بەڕێوەبچێت، رامگەیاندبو کە ئەنجامی ئەو ململانێی هەڵبژاردنە هەرچی بێت، ئەگەر منیش نەبم بەسکرتێری حزب، بێگومان لەبەشێکدا کە حزب داوام لێبکات، دەبم بەهاوکاری ئەو کەسەی کە دەبێت بەسکرتێرو یارمەتی دەدەم، چونکە ئەوەی بۆ من گرنگە پۆستو پێگەی خۆم نییە، پێموایە دەبێت هەموان پێکەوە یارمەتیدەر بین بۆ پێشکەوتنو سەرکەوتنی حزب، دوای ئەوەش کە هەڵبژاردنی سکرتێر ئەنجامدرا، پیرۆزباییم لێکردو بەڵێنمدا کە هاوکاری بکەم، بەڵام دواتر دیتم ئەو چاوەڕوانییە هەبو، کە خۆم بۆ پۆستی دوەم کاندید بکەم، بەمجۆرە گوێڕایەڵیم کردو ئەو شەرەفەم قبوڵکرد.

**ئاوێنە: باس لەوە دەکرێت، کە لەو هەڵبژاردنەدا دەنگەکانتان زۆر لەیەکەوە نزیکبوە، بۆ نمونە ١٠ بە ١١ بوە، واتا تۆ تەنها بەیەک دەنگ کەمتر لەدەنگی (مستەفا مەولودی) بویتە جێگری سکرتێر، بەشێک لەچاودێرانی نزیک بەحزبی دیموکراتی کوردستان پێیانوایە ئەم ژمارانە، بەهۆی کاریگەری (عەبدوڵلا حەسەن زادە)وە، بەڵام (عەبدوڵلا حەسەن زادە)**

دەڵێت "من هەر پێم خۆش نەبوە، تەنانەت بۆ جێگری سکرتێریش پێم خۆش نەبوە خۆی کاندید بکات"، وتم: چۆن بڕوا بکەم؟ وتی: تۆ "دەتوانی بڕوا نەکەی"، ئایا ئەم حیکایەتە ڕاستە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بەدەنگدانەکەوە، من هیچ شتێک نائێم، بەڵام تەنها دەتوانم بڵێم "ئاکامی ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە نیشانیدا، کە دو پێویستی هەیە بۆ ئیدارەو ئایندەی ئەو حزبە، یەکێکیان ئەوەیە، کە دەبێت ئەزمونی ئیدارە بپارێزرێت، بێگومان لەم خاڵەدا (مستەفا مەولودی) ڕابردویەکی زۆر دورودرێژو بەنرخی لەخزمەت، بەڕێوەبردن، ئیدارەو سەرجەم مەیدانەکانی تری حزبدا هەیە، دەتوانم بڵێم "بەئەندازەی تەمەنی من خزمەتو خەباتگێڕی کردوە". دوەمیشیان، پێویستی تەیارکردنی ئەو حزبەیە لەئیدارەو سیاسەتی خۆیدا، بەکەرەستەی نوێ، بەو مانایەی کە جیلی نوێ بێتە پێش، کە بێگومان ئەو ئەزمونەی کە جیلی ڕابردو هەیەتی، جیلی تازە نییەتی، بەڵام جیلی تازەش، ڕەنگە بەهۆی گەنجیەتیو تێکەڵبونی بەدونیای دەرەوەو زمانی سەردەمیانە، بتوانێت لەو پەیوەندییەدا یارمەتیدەر بێت. ئەوەی پەیوەندی هەیە بە(عەبدوڵلا حەسەن زادە)وە، من بەتەواوی پشتگیری ئەوە دەکەم، کە ئەو زۆر لایەنگرو خۆشحاڵ نەبوە، کە من خۆم بۆ پۆستی یەکەمی حزب کاندید بکەم، بەڵام لەکاری سیاسییدا، کاری سیاسی جیاوازە لەبڕیاری کەسەکە، لەهەمانکاتدا کوڕو باوکایەتی شتێکی دیکەیە، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا، کە باوکم گەورەترین شانازی ژیانی منەو هەر بەوشێوەیەش دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم، کە بونی من وەک کوڕی ئەو پیاوە، ڕەنگە کۆمەڵێک کاریگەری باشو خراپ لەسەر سیمای من هەبێت، بەڵام من وەکو خۆم هاتومەتە ئەو مەیدانە، بێگومان ئەوە ڕاستە، کە ئەو لەو پرۆسەیەدا کەمترین دەوری نەبوە، واتا نەک هەر داوای نەکردوەو ئەو پەیامەی نەگەیاندوە بەسەرکردایەتی حزب، یان بەهیچ کەس کە دەنگ بەمن بدرێو لایەنگری من بکرێ، بەپێچەوانەوە ئارەزوی ئەو نەبو، کە من ببمە سکرتێر، هەتا زۆرێک لەهاوڕێو خەڵک زانیویانە، کە وابێت ڕاستە، کە ئەو پێی خۆش نەبو من ببمە سکرتێری حزب، بەڵام سەرباری ئەوەش پێموابو، کە چونە نێو ئەو مەیدانە، جائەنجامەکەی هەرچی بوبێت لەو قۆناغەدا، بەبڕوای من بەلەبەرچاوگرتنی ئەو چاوەڕوانییەی، کە لەمن دەکرا کارێکی دروستبو.

**ئاوێنە:** بەم پێیە بێت، سکرتێر ئیدارەی حزب دەداتو بەڕێزیشت نوێنەرایەتی نەوەی گەنج دەکەی لەناو ئەو حزبەدا، بەم دەلیلە بێت، پێشتر نەوەی گەنج لەناو ئەو حزبەدا غائب بوە، یان وەکو پێویست گوێی لێنەگیراوەو وجودی نەبوە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** بۆنمونە (خالیدی عەزیزی) نەک ئەو ڕۆژەی بو بەسکرتێر، بەڵکو ئەو ڕۆژەی وازی لەپۆستەکەشی هێنا، لەدیدگای منەوە هەر گەنجە، بەبڕوای من گەنجێتی بەتەمەن نییە، بەڵکو بەبیروباوەڕە، بەڵام ڕەنگە ئەنجامی ئەو پرۆسەیە بۆ سکرتێرو جێگری سکرتێر، ئەو بۆچونەی تێدا بوبێت، کە پێویستە دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەرفەتێک بێت،

بۆ دەستاودەستکردنی جیلەکان.

**ئاوێنە:** دەستلەکارکێشانەوەی سکرتێری پێشوی حزبی دیموکراتی کوردستان، لەژێر فشاری دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندییدا بو، سەبارەت بەو گوتارەی کە لەماوەی رابردودا رایگەیاندبو "ئێمە کۆماری ئیسلامیمان پێناڕوخێت"، لەبابەتی ئەوەی "دانوستان بکرێت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران" لەبابەتی ئەوەی، "ئێمە لەگەڵ ریفۆرمین نەک شۆڕش"، ئەمانە هۆکار بون بۆ دەستلەکارکێشانەوەی سکرتێر؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** بەشێک لەو شتانەی کە (خالیدی عەزیزی) وتویەتی، لەمێژوی ئەو حزبەدا وتراوە، دکتۆر قاسملۆو سکرتێرەکانی تریش وتویانە: ئەم حزبە بەردەوام فرەڕەهەند جوڵاوەتەوە، سیاسەتی بەشێوەیەکی تاک رەهەندی سەیر نەکردوە، لەهەمانکاتدا ئەو سیاسەتی (خالیدی عەزیزی) رایگەیاندوە، بەردەوام لەڕێبەرایەتی ئەو حزبەدا قسەی لەسەر کراوەو سیاسەتی حزبی راگەیاندوە، من ناتوانم بڵێم "خالیدی عەزیزی بۆچی وازیهێنا"، ئەوە دەبێت لەخۆی بپرسی، بەڵام لەهەمانکاتدا نەخێر، رەنگە گفتوگۆ لەسەر ئەو باسانە، لەگەڵ (خالیدی عەزیزی)و کەسانی دیکەش لەڕێبەری ئەو حزبەدا لەکۆمیتەی ناوەندیدا بوبێت، لەئاییندەشدا بەردەوام دەبێت، چونکە ئێمە حزبێکی زیندوی دیموکراتیکین، بەڵام بەهیچ جۆر نە لەسەر ئەو بابەتە، نە لەسەر هیچ بابەتێکی تر، کەمترین زەختو فشارهێنان نە بەکۆ، نە لەلایەن تاقە ئەندامێکی رێبەری حزب، یان لەدەرەوەی رێبەری حزب بۆ (خالیدی عەزیزی) نەبوە، واتا هۆکارەکانی تەنها پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە کە وازیهێنا.

**ئاوێنە:** گوایە (مستەفا هیجری) هاتوە بۆ پیرۆزبایی لەئێوە، بیستومە ئارەزوی دەکرد تۆ ببیتە سکرتێر؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** بەڵێ هاتبو بۆ پیرۆزبایی، بەڵام نازانم پێی خۆشبوە من ببمە سکرتێر، یان کەسێکی تر، من (مستەفا هیجری)یم خۆشدەوێ، رەنگە ئەویش بەوشێوەیە بێت، بەڵام لەبابەتی حزبایەتیو بەرپرسیارێتیدا، دەلیلێک نابینم، کە پێی باشتر بوبێت من ببمە سکرتێر تاکەسێکی دیکە.

**ئاوێنە:** رەنگە پێخۆشبونەکەی لەبەرئەوە بوبێت، کە بیسەلمێنێ جیابونەوەی ساڵی ٢٠٠٦ حزبی دیموکراتی کوردستان لەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ئەوەبوە کە بڵێ (عەبدوڵلا حەسەنزادە) ویستویەتی کوڕەکەی خۆی بکاتە سکرتێر؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** من دڵنیانیم، کە (مستەفا هیجری) بەوشێوەیە بیربکاتەوە، بەڵام ئەگەر کەسێک وابیربکاتەوە،

ئەنجامی ئەو پرۆسەیە دەرکەوت، خۆشت لەئەوت بیستوە، کە پێی خۆش نەبوە، من ببمە سکرتێر، منیش پشتگیریم کرد، ئەنجامی پرۆسەکەش دەرکەوت، کە ئەو حزبە نەک لەسەر من، بەڵکو لەسەر پێگەی شەخسی هیچ کەسێک لەت نەبوە.

**ئاوێنە:** پێتوایە (حدکا) لەکۆنگرەی شانزەدا، کە بڕیارە دوای چەند مانگێکی تر ببەسترێت، بیر لەوە بکەنەوە چەند کەسێکی گەنجی وەکو تۆ بهێننە پێشەوە، یان سکرتێرو جێگری سکرتێری تازە هەڵبژێرن بۆ خۆیان؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** من ناتوانم بەوشێوەیە قسەبکەم، کە هەرچی باشە ئێمە کردومانە، هیچ کەموکوڕیو هەڵەمان نییە، لەلای ئەوانیش کەسانی گەنج لەکۆمیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسییدا هەیە، بەڵام پێموایە کارێکی باش دەکەین، ئەگەر بەردەوام خوێنی تازە بێتە ناو دامودەزگای بەڕێوەبردنی ڕێکخراوێک.

**ئاوێنە:** تێڕوانینی ئێوە سەبارەت بەخەباتی چەکداری چییە، لەکاتێکدا حزبی دیموکرات چەند مانگ پێش ئێستا، واتا لەساڵی ٢٠١٦ دا بانگەشەی بۆ دەکرد، تەنانەت بەشێکی زۆر لەهێزەکانی کۆمەڵەو ئێوەش ڕەخنەی جددیتان لەو گوتارانە دەگرت، کە سەبارەت بەسەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بو، دەرئەنجامیش دەرکەوت کە سەرکەوتو نەبو، تێڕوانینی ئێوە سەبارەت بەو گوتارانەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چییە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** سیاسەتی هەردو حزبی دیموکرات بەشێوەیەکە، کە ئەو حزبە پێشنیار دەکات، کە پرسی کورد لەئێران لەڕێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکرێت، لەکەناڵی دیموکراتیکو بەڕێگەیەکی مەدەنیو سیاسی مەسەلەی خۆمان بەرینە پێش، نە کوردی ئێران، نە ڕۆژهەڵات، نە حزبی دیموکرات، ئاشقی کوشتو کوشتار نین، تائارەزومان بێت خەباتی چەکداری بکەین. ئەگەر لەپاش لەتبونەوە سەیری بکەی، هیچ ساڵێک نەبوە پێشمەرگەی ئێمە لەوێ نەبێ، ڕاستە دەچن کاری سیاسیو تەشکیلاتی دەکەن، بۆ ئامانجی نزامیو عەسکەری ناچن، بەڵام کاتێک لەگەڵ ڕژێمێکی وەهادا بەرەوڕو دەبیت، ناچاری چەکدار بیت، چونکە ئەگەر بتبینێت دەتکوژێت، دەبێت پارێزگاری لەخۆت بکەی، ژمارەیەکی زۆر شەهیدیشمان لەو ساڵانەدا هەبوە، بەڵام ڕاستە کە لایەنی (حدکا) لەم ساڵانەی کۆتاییدا زۆرتر باسی ئەو بابەتەیان کردوە. بۆیە پێموایە دەبێت دو خاڵ لەبەرچاو بگرین:

**یەکەم:** ئەگەر هێزێک بیەوێت لەهەلومەرجی ئێستادا بچێتە دەرەوە، لەکاتێکدا هەلومەرجی ئێستا بەشێوەیەکە، کە ئەگەر حزوری مەیدانانەو چەکدارانانەت نەبێت، کەس باست ناکات، ئەگەر هەوڵ نەدەی لەناو خەڵکی خۆتدا بیت، ئەگەر هەوڵ نەدەی دیار بیت، بەفاکتەر حساب ناکرێیت، لەو نێوانەدا ئەگەر هێزێکی وەکو (حدکا) بیەوێت بۆ دەرچون لەو بارودۆخە،

تێچوی مرۆیی گەورەش بدات، بەڕێزت دەڵێی "سەرکەوتو نەبو"، هەرکەس دەتوانێت بەجۆرێک لێکیبداتەوە.

**دووەم:** ئەگەر هاتو هێزێک، یان لایەنێک تێبینی هەبێت، لەسەر ئەوەی ئامانجی خەباتی چەکداری چییە؟ بارودۆخی خەباتی چەکداری چییە؟ ئایا دەبێت خەباتی چەکداری لایەنێک بەتەنها بیکات، یان چەند لایەنێک پێکەوە کاری بۆ بکەن؟ چی پێویستە بکرێت؟ چونکە سەردەم زۆر گۆڕاوە، هەم لەڕوی کاری سیاسییەوە، هەم لەڕوی خەباتی چەکدارییەوە، ئەگەر هێزێک رەخنەو تێبینی هەبو، ئەو هێزەی کە زیاتر دەیەوێت خەباتی چەکداری زیندوبکاتەوە، نابێت پێیوابێت خەڵک نیشتیمانپەروەر نییە، شۆڕشگێڕ نییە، خەباتگێڕ نییە، خەڵک فریوی خواردوەو پێیوایە رژێمی کۆماری ئیسلامی چاکسازی دەکات، بەڵکو دەبێت هەردولا لەبەرچاو بگیرێت.

**ئاوێنە:** تۆ لەگەڵ شۆڕشی، یان لەگەڵ ریفۆرمی؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** بێگومان هەمو کەسێک ریفۆرمی پێخۆشترە، بەڵام وەختێک ناچاردەبیت شۆڕش بکەی، دەبێت شۆڕش درێژەپێبدەی، بۆیە لەگەڵ ئەوەو لەگەڵ بەستێنی مەدەنی ناوخۆیی وڵاتیشدا ئەو دیدە هەیە، کە یەکێک پێیوایە بەستێنی شۆڕشگێڕی هەڕەشەیە لەسەر بەستێنی مەدەنی، من پێموایە دەبێت هەردو بەستێنەکە تەواوکەری یەکتربن، بەهەر جۆرێکیش بێت من کوڕی حزبێکم، دەزانم هەتا ئێستا حزب خەسڵەتی شۆڕشگێڕانەی لەدەست نەداوە، ناشبێت لەئاییندەیەکی نزیکدا ئەو خەسڵەتە شۆڕشگێڕییە لەدەستبدات، بەڵام ئەگەر بکرێت بەڕێگەی ئاشتیخوازانە، دیموکراتیو سیاسی بچینە پێشتر، زۆر باشتر دەبێت.

**ئاوێنە:** بەڕێزت کاری مەدەنیو کاری رۆژانەت لەهەولێرە، واتا لەزۆنی زەردە، لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانە، راوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانیت لەهەولێر، کارە سیاسیو حزبییەکەشت لەکۆیەو لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیو زۆنی سەوزە، لەمبارەیەوە بەردەوام سەرنجێک لەسەر کەسایەتییەکانی حزبی دیموکراتو کۆمەڵەکان هەیە، گوایە حزبەکەی ئێوەو هەم خۆتو هەم باوکیشت بەجۆرێک لەجۆرەکان لەژێر کاریگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندان، لەهەمانکاتدا دەخالەتی یەکێتی نیشتمانی هەیەو عەتفو سۆزتان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی زۆرترە، بەپێچەوانەی باڵەکەی (مستەفا هیجری)، کە زۆرتر پشتگیری سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، ئەگەر ئەمە راستە، تۆ چۆن ئیدامە بەم سیاسەتە دەدەی، ئایا ئەم نزیکبونەوەیە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**ئاسۆ حەسەن زادە:** کاری پێشوی من، بەوپێیەی لەسەرکردایەتی حزبیدا بوم، ئێستا کە کارەکەم تەواو بوە، دەتوانم

باسیبکەم، من بۆ ماوەی ٦ ساڵ راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بوم، کاتی خۆی لەزەمانی (دکتۆر بەرهەم)دا دەستمپێکرد، دوای ئەوەی کە (نێچیرڤان بارزانی) گەڕایەوە، ئەویش بەجۆرێک درێژەی بەکارەکەی مندا، هەتا ئەم دو ساڵەی دوایی راوێژکار بوم لەفەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، کارەکانی من تەنها بەمشێوەیە بو، بەڵام ئێستا وازم لەکاری حکومەت هێناوە، کەواتە کارو ئیلتیزامی من لەئێستادا تەنها لەناو حزبدایە، کە حزبی دیموکراتی کوردستانە، کە پێش هەمو شتێک خەبات دەکات بۆ رۆژهەلاتی کوردستان. بەڵام هەم خودی خۆم، هەم وەکو حزب، بارەگا، بنکەو کەمپمان لەناوچەی جۆربەجۆری ژێر نفوزی هەر دو هێزی گەورەی باشور هەیە، بێگومان حەز ناکەم بڵێم "دو زۆن، دو ئیدارە"، باوەڕبکە من بەسیفەتی شەخسی خۆم بەهۆی ئەو کارەوە، نە بوم بەلایەنگری یەکێتی، نە بوم بەلایەنگری پارتی، واتا دۆستایەتی شەخسیم هەیە لەگەڵ هەردو حزب، لەهەمانکاتدا هەردو هێز بۆ ئێستای پرسی کورد لەعێراق، بۆ ئایندەی مەسەلەی کورد بەگشتی گرنگن، بێگومان بۆ ئێمە گرنگە پەیوەندی نێوان ئەو دو هێزە سەرەکییەو بارودۆخی هەریەکێکیان بەتەنها باشبێت، بەڵام سیاسەتی حزبی ئێمە ئەوە بوە، کە بالانسێک رابگرین، چونکە لەسوننەتی سیاسی حزبی ئێمەدا سەربەخۆیی سیاسی هەیە، کە میراتی (دکتۆر قاسملۆ)یەو حزب درێژەی پێداوە، هەتا ئێستاش لەسەری بەردەوامینو نەکەوتوینە ژێر کاریگەری هیچ کام لەهێزەکان، بێگومان لەکارکردنی شەخسی منیشدا هەتا ئێستاش هەبووە هەتا کۆتاییش بەردەوام دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی مارچی ٢٠١٧

---------------------------------------------

## وتوویژ لەگەڵ رۆژنامەی کوردستان.

### کاریگەریی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە لەسەر شێوازی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە بەرە بەری دەرچوونی ژمارەی نوێی «کوردستان»دا کۆمەڵە ڕووداوێک لە کوردستان و ئێران ڕوویان دا کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها ڕوانین و بەرنامەکانی ئەم حیزبەوە هەیە. لەنێو ئەم ڕووداوانەدا ڕووداوەکەی گوندەژوور و ئالۆزییەکانی دواتر لەلایەک و، کابینەی نوێی حەسەن ڕووحانی و پرسی هاوبەشی و دابەشینی بەرپرسایەتییەکان لە دەوڵەتی نوێدا لەلایەکی دیکەوە، جێگای سەرنج بوون. ئەو دوو بابەتە لەگەڵ ئەوەدا هیچ پێوەندییان بە یەکترەوە نین و لێک جیاوازن بەڵام خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە کە هەردووکیان بۆ ڕوانینی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە شێوازەکانی خەبات قسە هەڵدەگرن. هەربۆیە بە پێویستمان زانی بیانکەینە سووژەی وتووێژێکی

«کوردستان» لەگەڵ دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**پرسیار**: ڕووداوەکەی گوندەژوور کە بووە هۆی هێرشکردنە سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەلات لەو ناوچەیە، چەندە پێشهاتێکی نەخوازراو و چەندە کارێکی بەبەرنامە و پلان بۆ داڕێژراو بوو و ئەوەی لە کاردانەوە بەو ڕووداوە لێی کەوتەوە چەندە سروشتی دێتە بەرچاو؟

**وەڵام**: ئاشکرایە کە هەم ڕووداوەکە و هەم دەرەنجامەکانی بۆ هەر کەس و لایەنێکی بەرپرسیار و نیشتمانپەروەر نەخوازراو و جێگای داخن. بەڵام هەڵسەنگاندنی ئەوە کە ئەم ڕووداوە و گرژییەکانی بەدوایدا، چەندەی پێشهات و چەندەی بەبەرنامە بووە، بەستراوەتەوە بە واقعیەتی مەسەلەکە کە هیوادارم لێکۆڵینەوەکان بە تەواوی ئەوە ڕوون بکەنەوە. خۆ ئەگەر ڕووداوێک لە ڕیشەوە پلان بۆ داڕێژراویش نەبێ، لە بەستێنێکی وەها و لە هەلومەرجێکی وەک ئەوەی ئێستادا، گومانی تێدا نیە کە لایەنی دژە کورد (لێرەدا کۆماری ئیسلامی) هەوڵ دەدا چەندی بۆی بکرێ دەستی خۆی تێ بخا و بەو ئاقارەیدا ببا کە پیلان و مەبەستەکانی بۆ تێکدانی یەکریزی و برایەتیی کورد و بۆ لەبارېردنی هەوڵەکانی هەستانەوەی زیاتری خەباتی ڕۆژهەلات، جێبەجێ بن. یەک شت بەڵام ڕوونە : نە چەک کێشان و کوژرانی دوو هاووڵاتیی خەڵکی گوندەژوور بە دەست پێشمەرگەی ڕۆژهەلات و نە هێرش بۆ سەر بنکەکانی هێزەکانی ڕۆژهەلات لەو شوێنە و سووتاندنیان، نابێ بە شتێکی سروشتی بزانین. لەلایەک ئەو کارەساتە کە بەداخەوە لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ ڕووی دا (جا چەند و چۆنی واقعییەتەکە هەرچییەک بووبێ) هەتا بڵێی هەڵەیەکی گەورە بوو. لەلایەکی دیکەشەوە، سەرەڕای ئەوەی تووڕەیی و دڵ بریندارىی خەڵکی ئەم دەڤەرە خۆشەویستە قابیلی دەرکە، بەڵام خۆزگە هەرگیز ئاکامەکەی ئەو هێرشە بەکۆمەڵە و هەرگیز نەدیتراوە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی پارتەکانی ڕۆژهەلات نەبا. ئومێد دەخوازم لە ئایندەدا هیچیان هەرگیز جارێکی دیکە دووپات نەبنەوە.

**پرسیار**: حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشێک نەبوو لەو کێشەیە. سەرەڕای ئەوەش کە بە ناهەق هێرش کرایە سەر بنکە و بارەگاکانی، بەڵام هەڵوێستی زۆر بەرپرسانەی هەبوو. ئەم هەڵوێستە بەرپرسانەیە لەچیدا خۆی دەدیتەوە؟

**وەڵام**: ئێمە هەر دوابەدوای ڕوودانی ئەو کارەساتە و وەڕێکەوتنی گرژییەکانەوە هەتا چەند ڕۆژ دواتر بەردەوام لەگەڵ بەرپرسانی خۆمان لەو ناوچەیە و لەگەڵ دۆستان و لایەنە پێوەندیدارەکان لەپێوەندیدا بووین. هەروەک لە ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی و لێدوانی هاوڕێیانمان لەو پێوەندییەدا هاتبوو هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە بەبێ ئەوەی ببین بە تەرەفێکی قەزیەکە، ئەوپەڕی یارمەتی بە ئارامبوونەوەی دۆخەکە بکەین. ئەوەش پێش هەموو شتێک لەوەدا خۆی دەدیتەوە کە

پێشمەرگەکانمان لەو دۆخەدا بەرپرسیارانە بجوڵێنەوە. ڕەنگە ئەو شتانەی بەسەر بەشێک لە پێشمەرگەکانمان هات هیچ شایانی مەقامی بەرزی ئەوان نەبێ، بەڵام بەشبەحاڵی خۆم ئەوەش بە شانازییەکی دیکە بۆ پێشمەرگەکانمان دەزانم کە بەم چەشنە ڕەفتاریان کرد. لەلایەکی دیکەوە، ئێمە پشتئەستوور بە دۆستایەتیی پتەو و دەتوانم بڵێم دەیان ساڵەی حیزب لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە بەتایبەتی خانەوادەی قوربانییەکان، زۆر زوو هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبیمان نارده ئەو دەڤەرە بۆ ئەوەی هەم هاوخەمیی خۆمان بە بنەماڵەی قوربانییەکان و خەڵکی ئەو ناوچەیە ڕابگەیەنین، هەم بە گفتگۆ لەگەڵ خەڵک و کەسایەتی و لایەنە پێوەندیدارەکان زەمینەی گەڕانەوە بۆ بارودۆخی پێش ئەم ڕووداوە خۆش بکرێ. پێشوازیی گەرمی خەڵکی ئەو ناوچەیە لە هاوڕێیانمان و تەقدیری ئەوان لە هەڵوێستمان لەو نێوەدا هەمووی دەرخەری ئەوەیە کە سەرباری هێندێک دەرەنجامی ناڕاستەوخۆی بوونی ئێمە لەو ناوچەیە، هەتا پێش ئەو ڕووداوە خەڵکی ئەو ناوچەیە ئێمەیان لە خۆیان بەجیا نەدیوە. هیوادارم ئەو دۆخە سەرلەنوێ زاڵ بێتەوە و هەم ڕەعایەتی بەرژەوەندیی خەڵکی ئەو ناوچەیە بکرێ، هەم پێشمەرگەکانمان لە بەجێگەیاندنی ئەرکی خەباتگێڕانەیان لەوێ بەردەوام بن.

**پرسیار**: بوونی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە ناوچە سنوورییەکان پێویستیی نوێی خەبات و تێکۆشانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەپێی وڵامی پرسیاری پێشووشت بێ، ئایا حیزبی دێموکرات ئەو شوێنانە بەجێ دێڵێ یا ئەگەر شوێنێکی بەجێی هێشتوە لێی جێگیر دەبێتەوە؟

**وەڵام**: نزیکەی دوو ساڵ و نیوە هێزەکانی ئێمە لە چەند شوێنێکی سنوورەکان حزووریان هەیە. ئەوە کە ئایا هێزەکانمان لە خودی شوێنی ڕووداو و گرژییەکان جێگیر دەکەینەوە یا نا، باسێکە لێرەدا لێی دەگەڕێین. قسە زۆرتر لە پرەنیسپی حزوور و جێگیر بوونەوەی هێزی پێشمەرگەی پارتەکانی ڕۆژهەڵات یا لانیکەم دێموکراتەکان لە سنوورەکانە. هەروەک بۆخۆشت ئیشارەت پێ کرد، جێگیربوونەوەی ئەو هێزانە لە هێندێک لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وڵامدەری پێویستیی خەبات و تێکۆشانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

جەنابت ئەو پێویستییە بە پێویستییەکی نوێ ناو دەبەی، ئەمن پێم خۆشە بە پێویستییەکی هەمیشەیی و بە پێویستییەکی ڕوون و حاشاهەڵنەگر وەسفی بکەم. بوونی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد لە ناوچە شاخاوییەکانی سنوورە دەسکردەکانی کوردستان (جا بە هەر دیوێکدا بیگرین) واقعییەت و زەروورەتێکی لەمێژینەی نێو بزوتنەوەی کوردە. بۆ ئەمرۆش و هەتا ئەو ڕۆژەی کورد هەمووی ڕزگار دەبێ یا لانیکەم دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دێموکراتیزە دەبن، پێویستە ئەوە بە مافی سروشتیی هێزە شۆڕشگێڕەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان بزانین کە ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆیان مافی جموجۆڵ و تێکۆشانی ئازادیان نەبوو، پەنا بۆ شاخەکانی کوردستان ببەن و لە سنوورەکان جێگیر بن. لە حاڵەتێکدا کە وڵاتەکەت

ئازاد نەبێ، بتەوێ و نەتەوێ ئەمە شاخە سنوورییەکانی ئەمدیوی سنوور دەگرێتەوە. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە پێشمەرگەکانی هیچ پارچەیەکی کوردستان خۆیان لە خاکی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بە ساحێب بکەن و مەرجی ئەو حزوور و مانەوەیە دەبێ ئەوە بێ کە هەڵسوکەوت و رەفتاریان خوانەخواستە لە بەرژەوەندیی هیچ دەوڵەتێکی حاکم بەسەر کوردستان و بەدژی هیچ پارچەیەکی کوردستان نەبێ. هەربۆیە هەروەک زۆر بەر لە ڕووداوەکەی گوندەژۆر و پاش ڕووداوەکەش ڕامانگەیاندووە، حیزبی ئێمە لە بەرنامەیدا نیە کە هێزەکانی خۆی لە سنوورەکان بکشێنێتەوە و ئوسوڵەن تا ئێستا هیچ داوایەک لەو ڕاستایەدا لە ئێمە نەکراوە. لە حاڵەتێکی وادا دەتوانین بیر لە ئاڵوگۆڕ لە شێواز، قەبارە و نەخشەی حزوورمان لە سنوورەکان بکەینەوە. بەڵام لە بنەڕەت ڕا داوای ئەوە کە بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات هەر لە قووڵایی خاکی باشووردا بپەستێوێندرێ و هەرچی زیاتر لە کۆمەڵگای خۆی دوور بخرێتەوە، داوایەکی ناڕەوایە و زۆر خراپ دەبێ ئەگەر بۆخۆمان وەپێش ئاقارێکی وەها بکەوین. پێم خۆشە شتێکی دیکەش لێرەدا زیاد بکەم. بوونی ئێمە لە سنوورەکان هیچ بەستراوە بە شێوازی خەبات نیە. تەنانەت ئەگەر باس لە خەباتی مەدەنی و چالاک کردنی خەڵک لە ناوخۆش بکەین، باشترین ڕێگا بۆ یارمەتیدان بە خەبات لە نێوخۆی وڵات ئەوە نیە کە بۆخۆمان پێشوەخت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵێین کە ڕازیین فشارمان بۆ بێنن کە هێندەی دیکەش لە نێوخۆی وڵات دوور بکەوینەوە.

**پرسیار: بەڵام ئایا ئەوە بیانوو ناداتە دەست کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی زیان بە بەرژەوەندیی خەڵکی ئەو ناوچانە یا بەگشتی باشووری کوردستان بگەیەنێ؟**

**وەڵام:** حاشا لەوە ناکرێ کە هەم بۆ کۆتایی هێنان بە حزووری سەرلەنوێمان لەو ناوچانە کە هەتا چارەگە سەدەیەک لەمەوبەر لێی بووین هەم بۆ تەگەرە دروستکردن بۆ سەر پرۆژەی سیاسیی باشووری کوردستان، کۆماری ئیسلامی حزووری هێزەکانی ئێمە لەو ناوچانە دەکاتە بیانوو بۆ ئەوەی لە ڕێگای تۆپباران و زەرەر گەیاندن بە سەقامگیریی ئەو ناوچانە فشار لەسەر ئێمەش و لەسەر حکومەتی هەرێمیش دروست بکا. لەو بارەوە پێم خۆشە چەند شت بڵێم:

**یەکەم**، بەرپرسیارێتیی هەموو پارچەکانی کوردستان لە بەرامبەر یەکتردا پێویستە بەرپرسیارێتییەکی دوولایەنە بێ؛ نە ڕەوایە و نە تەنانەت بە قازانجی نەتەوەی کوردیشە کە خەباتی پارچەیەکی کوردستان (کە بە باوەڕی من بۆ ئەوەی کاریگەر بێ دەبێ خەباتێکی مەیدانی بێ نەک هەر قسەکردن و فەزای مەجازی) بۆ خاتری پارچەیەکی دیکە بە موتڵەقی و تا قیامەت بخەوێندرێ.

**دووەهەم**، بەڵام، لەو حزوور و مانەوەیەدا کە ئێمە لە سنوورەکان بۆ بووژاندنەوەی خەباتی خۆمان بە زەرووری دەزانین، پێویستە و دەتوانین لە شێوازی تێکۆشانمان و نەخشە و قەبارەی حزوورمان بەرژەوەندیی خەلکی ئەو ناوچانە و بە گشتی

باشووری کوردستان لە بەرچاو بگرین.

**سێهەم**؛ و لە هەمووی گرینگتر، خۆشخەیاڵییە ئەگەر پێمان وابێ تەنیا بە کشانەوەی هێزەکانمان لە سنوورەکان یان بە خۆبواردنمان لە حزوور و چالاکیی مەیدانی، کۆماری ئیسلامی واز لە پیلانگێڕییەکانی بەدژی باشووری کوردستان یا لانیکەم بۆ پێشگرتن لە خەونی سەربەخۆیی باشووری کوردستان دێنێ، بەتایبەتی کە دەزانێ کە باشووری کوردستان نەبۆتە و نابێتە ئەو کۆریدۆر یا حەسار خەڵوەتەی بۆخۆی مەبەستیەتی. بۆ نموونە دروستکردنی بەنداو و گرتنەوەی ئاوەکانی ڕووباری سیروان و زێی بچووک بە دەیان و ڕەنگە سەدان قات زیاتر زیان لە ژیان و مانی خەڵکی باشووری کوردستان دەدا و هیچ پێوەندیشی بە حزوور و چالاکیی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات نەبووە.

**پرسیار**: بابەتێکی گرینگی دیکەی ئەو ماوەیە، ناساندن و دەنگی متمانەدان بە کابینەی نوێی حەسەن ڕوحانی بوو. دیتمان کە ئەگەرچی ڕووحانی ڕادەیەکی زۆری سەرکەوتنی قەرزداری دەنگدەرانی کورد و کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکانە، بەڵام پێکهاتەی کابینەکەی پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان بوو. هەر لە جێدا ئایا هەڵبژاردنی جێگری سەرکۆمار و دانانی وەزیر یا جێگری وەزیر دەتوانێ وەڵامدانەوەی پێویست بە پرسی نەتەوە و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێران بێ کە تا ئێستا حاشایان لێکراوە؟

**وەڵام**: ڕەنگە دروستتر وا بێ بڵێین جۆراوجۆرییەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران لە بوعدی واقعیی خۆیدا دانی پێ دانەنراوە یان بۆ ئەو بڕەش کە دانی پێ دانراوە هەنگاوی بەکردەوە هەڵنەهێنراوەتەوە، دەنا ئەم جۆراوجۆرییانە نە لە قانوونی ئەساسیدا حاشای لێ کراوە و نە لە موناقشەی سیاسیی نێوخۆیی ڕێژیمدا (بە گوتاری سەرکۆمار و کاندیداکانی سەرکۆماریشەوە) غایبە. ئێستا ئایا دیاریکردنی کەسانی سەر بە نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران دەتوانێ وڵامی پرسی ئەو نەتەوە و پێکهاتانە بێ، لە جوابدا دەبێ بڵێین نەخێر، بەڵام دەتوانێ سەرەتای وڵامەکە بێ و بەشێکی هەرچەند کەم لە وڵامەکە پێک بێنێ. ئەزموونی پێکەوە ژیانی گەلان لە چوارچێوەی وڵاتانی فرەنەتەوەدا دەری خستووە کە وڵامی گونجاو و ڕاستەقینە بە پرسێکی وەها تەنیا کاتێک دەدرێتەوە کە فرەچەشنیی نەتەوایەتیی نێو کۆمەڵگاە وەک خۆی، لە بەستێنێکی مێژووییدا و بە ئەقڵیەتێکی تەواو یەکسانیخوازانە ببیندرێ و لە زەرفێکی دێموکراتیکشدا موناقشە و تەعامولی لەگەڵ بکرێ. هەرلەوکاتەدا بەڵام وەڵامی ڕاستەقینە بە پرسێکی وەها ئاڵۆز تەنیا بە گوتاری گەورە یان فۆرموولێکی گشتی نادرێتەوە، بەڵکوو گوتار یا فۆرموولەکە ئەگەر بەڕاستی لەڕووی زانستییەوە تۆکمە و لەڕووی سیاسییەوە ئازایانە بێ، پێویستە ناوەرۆکەکەی خورد بکرێتەوە. ئەوە مێتۆدی نیهادە نێونەتەوەییەکانیشە لە پێوەندی لەگەڵ مافی کەمایەتییەکان و بەگشتی ڕێکخستنی پێکەوە ژیانی جۆراوجۆرییەکان لە بەستێنی گشتی و

حکوومەتیدا. بەو مانایە کە ئەگەر فۆرموولە گشتییەکە بۆ ئەو پرسە لە یاسای نێودەوڵەتیدا بریتی بێ لە بەشداریی سیاسیی کەمایەتییەکان، دیاریکردنی کەسانی سەر بە کەمایەتی یا نەتەوەکانی دیکە لە پۆستە بەڕێوەبەرییەکانی وڵات (چ لە ئاستی ناوەند و چ لە ئاستی ناوچەییدا) یەکێک لە ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی بەشداریی سیاسیی ئەوانە. بەڵام ئەم ڕێکارە بە تەنیا خودی خۆی نەک تەنیا ناتوانێ پرسەکە چارەسەر بکا، بەڵکوو ئەگەر کێشەکە تەنیا لە شتی وادا خولاسە بکەینەوە، ئەوە دەبێتە هۆی بچووککردنەوەی پرسەکە و نەدیتنی لە بوعدی واقعیی خۆیدا و لە ئەنجامدا مانەوەی بە چارەنەکراوی. لە تەواوی عومری عیراقدا وەزیری کورد هەبووە، تەها محێدین مەعروف کە جێگری سەدام حوسێن بوو کورد بوو، تەنانەت بەحیساب ئۆتۆنۆمییش هەبوو. بەڵام لەبەر ئەوە کە نە دێموکڕاسی هەبوو و نە ئەو هەنگاوانەش کە هەڵگیرابوون بە بەشداری و لە ئاکامی گفتگۆ لەگەڵ نوێنەرانی ڕاستەقینەی کورد بوو، پرسی کورد لە عیراق چارەسەر نەکرابوو. هەر لەو کاتەدا بەڵام ئەو هەنگاوە ڕووکەشییانەش کە کاربەدەستانی نادێموکرات لە عیراق لەبواری دانپێدانان بە کورد لە بەستێنی حکومەتیدا هەڵیانهێنابوو، قازانجی سەمبولیک و درێژخایەنیان بۆ کورد هەر هەبوو. کەوابوو تەنانەت لە سایەی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامییشدا ئێمە نابێ پرسی دیاریکردنی کورد و پێکهاتە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێران لە پۆستە کلیلییەکاندا نادیدە بگرین. چونکە هەنگاوی لەو چەشنە لانیکەم ڕێگە بۆ هەنگاوی دیکە خۆش دەکا، یارمەتی بە تابووشکێنی دەکا و لە پرۆسەی دانپێداناندا دەبێتە هۆی ئەوە کە حکومەتەکانی دواتر (بەتایبەتی ئەگەر ئیدیعای دێموکرات بوون بکەن) نەتوانن بۆ دواتر بگەڕێنەوە. چارەسەری پرسی نەتەوایەتی هەروەک خودی دێموکڕاسی پرۆسەیەکی بەردەوامە و پێویستە هەنگاوە هەر چەند بچووکەکانی قۆناغێکیش وەک بناخەی هەنگاوە گەورەترەکانی درێژخایەن بەکار ببرێن.

**پرسیار**: حەسەن ڕووحانی چەند ڕۆژ لەوە پێش باسی لەوەی کرد مادام کەمایەتییە ئاینییەکان ناتوانن ببنە وەزیر، بۆیان هەیە نەچنە سەربازی و ماڵیاتیش نەدەن. ئەویش لە حاڵێکدا هەر بۆ خۆی هیچ کەسێکی لەو جۆراوجۆرییانە لە کابینەکەیدا جێ نەکردۆتەوە، یان تەنانەت لە چوار پارێزگای کوردستان کەسێکی خۆجێی نەکردە پارێزگار. لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەو جۆرە لێدوان و ئاخاوتنانەی حەسەن ڕووحانی چییە؟

**وەڵام**: لە یەکەم ڕوانین لەو لێدوانەی ئاغای ڕووحانیدا، ڕەنگە هێندێک کەس بە قسەیەکی ئازایانەی بزانن و پێیان وابێ قسەی چاکی کردووە. وەک خۆم باوەڕم بە پێچەوانەکەی هەیە. جارێ ئەو قسەیە نووشداررووی پاش مەرگی سۆهراب یان بە قەولی کورد کەپەنکی پاش بارانە و لەوەشدا ڕووحانی بۆخۆی تاوانبار و بەرپرسیارە چونکە بۆ ئەوەی وای لێ نەیە هیچ خۆی ماندوو یان پیاوخراپ نەکرد. پاشان، کەمترین شت کە دەبێ بیڵێین ئەوەیە کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بیرکردنەوەیەکی ئاناکرۆنیک (سەردەم بەسەرچوو)یە، ئەگەر نەڵێم هی سەدەکانی نێوەڕاستە. لە مێژووی کۆندا ئەوە

هەبووە کە کەمایەتییەکان ڕێک بەهۆی بێبەشییان لە ئیمتیازاتی هاووڵاتیبوون بۆ کۆمەڵێک ئەرکیش یەک لەوان ماڵیات و چوونە سەربازی مەعاف بکرێن. سەرنجڕاکێشە سەرکۆمارێک کە ئیدیعا دەکا لە ئینگلستان دوکتوڕای وەرگرتووە و مەنشوورێکی مافەکانی هاووڵاتیشی گەڵاڵە کرد یان بە گەڵاڵە کردنی دا (چاک یا خراپ لێرەدا کارمان بە خودی مەنشوورەکە نیە)، ئێستا دێ وەک ڕێگاچارە یا تەنانەت ئەگەر بە ئیعتراز لە دۆخەکەش بێ، شتێک دەڵێ کە تەواو لەگەڵ فەلسەفەی هاووڵاتی بوون لە دەوڵەتی مۆدێرندا لە دژایەتی دایە. واقعییەتەکەی ئەوەیە کە لە دوو دەهەی ڕابردوودا هەم کرانەوەی سیاسی و فەرهەنگی و هەم ئاوڕدانەوە لە مافی نەتەوە و پێکهاتە پەراوێزخراوەکانی ئێران تەنیا ڕێتۆریک و بابەتی سەفسەتەی نێوان باڵەکانی ڕێژیم و گەرمداهێنانی فەزای ڕەقابەتیی نێوخۆی ئەو ڕێژیمە بووە. نەفسی باسکردن لە کێشەی پێکهاتەکان لە موناقشەی ئاوەڵای ئێراندا بە شتێکی موسبەت دەزانم، بەڵام ئێستا ئیدی وەختی ئەوە هاتوە کە خەڵک، بەتایبەتی کورد و نەتەوەکانی ئێران، ڕازی نەبن کە پرسی ماف و داخوازییەکانی ئەوان تەنیا ئەو کەڵکە ئامرازییەی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشە و ململانێ ناوخۆییانە کە هیچ پێوەندییان بەو ماف و داخوازییانەوە نیە کەڵکی لێ وەربگیرێ بەبێ ئەوەی هیچ هەنگاوێکی بەکردەوە بۆ ئەو ئامانجەی ئیدیعای دەکەن هەڵبێننەوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خودی ڕووحانییش، بۆ کاری باش قەت درەنگ نیە. ئێستا کە لە دیاریکردنی کابینەدا لەو بارەوە کەمتەرخەمیی کردوە، ئەگەر ڕاست دەکا با لە دیاریکردنی ئوستاندارەکاندا تێی هەڵێنێتەوە، خۆ لەمەیاندا بەربەستێکی قانوونیی ئەوتۆشی لەسەر ڕێ نیە.

**پرسیار**: ئەو وڵامەت دەقیقەن دەمانکێشێتە سەر باسی ئەرکی خەڵک لەو پێوەندییەدا. پێت وایە کاردانەوەی کۆمەڵگای کوردی بەو جۆرە ڕەفتار و مامەڵەیەی دەسەڵات لەگەڵ ماف و داواکانیان دەبێ چۆن بێ و ئایا لە بنەڕەت ڕا کاریگەریدانان لەسەر کاردانەوەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات لەو پێوەندییەدا هیچ جێگایەکی لە سیاسەتی حدک دا هەیە؟

**وەڵام**: حیزبی ئێمە بە نۆرەی خۆی نوێنەرایەتیی پرسی سیاسیی نەتەوەیەکی بندەست بە پاشخانێکی مێژووییەوە دەکا و هەڵگری وتارێکی سیاسییە، گوتارێک کە دەیەوێ لە ئاستی گەورەیی ئەو پرسە و ئەو هەموو قوربانییە بێ کە گەلەکەمان بەو هۆیەوە یا لەو پێناوەدا داویەتی. بەڵام تایبەتمەندیی حیزبی ئێمە ئەوەیە کە تێدەکۆشێ لە هەموو مەیدانەکاندا و بە هەموو شێوازەکانی خەبات ئەو پرسە بباتە پێش یا لانیکەم زەمینەی چوونەپێشی هەمەلایەنە و لە هەموو کەلێن و کولێنەکانەوەی بۆ خۆش بکا. بۆ ئەوەش دەمانەوێ هەم ئێمە وەک هێزە سیاسییەکان خەللاقییەتی زیاتر لە خۆمان بە خەرج بدەین، هەم خەڵکیش لە نێوخۆ ئەرکدارتر بێ. پێویستە خەڵکی ئێمە لە نێوخۆی وڵات بەتایبەتی چالاکانی مەدەنی و ئەو بژاردە کوردانەی لەنێو هێندێک لە دامەزراوە ڕەسمییەکانی نێوخۆی ئێران حزووریان هەیە، ڕێژیم و بەرپرسانی بە خودی زەرفییەت و بەڵێنە سنووردارەکانی خۆیەوە بە چالش بکێشن. بەڵام شتێک کە لەم دواییانەدا هاتۆتە نێو گوتاری

حدک ئەوەیە کە ئێمە پێمان وایە ئەگەر پارتەکانی ڕۆژهەڵات ڕەخنە هەڵدەگرن، کارکردی چالاکان و نوێنەرانی کوردیش ئەو ڕەخنەیەیان لەسەرە کە دەبوایە و دەبێ لەو بەستێنەدا جەسوورتر و شێلگیرتر بجوڵێنەوە. وەک پێشتر باسم کرد نابێ پرسی کورد و مافی پێکهاتەکان تەنیا وەک ئامرازێکی گەرمکردنی موناقشە و ململانەی سیاسیی نێوخۆی ڕێژیم بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا کایەی پێ بکرێ، بەڵکوو خەڵک دەبێ نیشانی بدا لەسەر بەدواداچوون و بەدیهێنانی مافەکانی سوورە، ئەوەش بە مانای وەرگرتنی مافێک لە ڕێژیم یان شەرعیبەتدان بە ڕێژیم نیە، بەڵکوو پاشەکشەکردن بە ڕێژیم لە زەوتکردنی کۆمەڵێک ماف و ئازادییە کە لەسەر ئاستی نێونەتەوەییشدا بەڕەسمی ناسراون. کەواتە بەدەر لە ڕوانین و تەعامولمان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆڕ و سەرکوتکەر، ئێمە ئەوە کە خەڵک سەبارەت بە مافەکانی باشتر خۆی ڕێک بخا و چالاکتر بێ، بە شتێکی باش و پێویست دەزانین و پێمان وایە پێویستە حیزبەکانیش هاندەر و پشتگیری بزوتنەوەی خەلک بەو ئاقارەدا بن.

**لە ژمارە ٧٠٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧**

---

## لێدوانی جێگری سکرتێری حیزب بۆ ڤی ئۆ ئەی تورکی سەبارەت بە خۆپێشاندانەکانی ئێران

**کوردەکان چۆن دەڕواننە خۆپێشاندانەکانی ئێران؟**

زۆربەی ئەو سیاسیانەی لە ناو پارتە سیاسییەکانی کوردی ئێران و زۆرێک لە ڕێکخراوەکان کە چالاکییان هەیە، بەهۆی گوشارەکانی رژێمی ئێران، لە ناوچەی کوردی عێراق یان ئەورووپا دەژین. بەهۆی خۆپێشاندانەکانی ئێران، ئێستە چاوەکان لەسەر کوردەکانی ئێرانە. سیاسییەکانی کورد چۆن دەڕواننە خۆپێشاندانەکان؟

دکتۆر ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان کە یەکێکە لە کۆنترین ڕێکخراوەکانی سیاسیی کوردانی ئێران، لە نزیکەوە چاودێری خۆپێشاندانەکان دەکات. حەسەن زادە لە پەیوەندییەک لەگەڵ بەشی تورکیی دەنگی ئەمەریکا ئاماژە بەوەدا کە خۆپێشاندانەکانی ئەمجارە جیاوازە لە خۆپێشاندانەکانی رابردوو، بارودۆخێک هاتۆتەئاراوە کە

نموونەی لە رابردوو نەبینراوە، وتیشی: هۆیەکەی ئەوەیە کە خۆپێشاندانەکان زۆرێک لە شارەکانی گرتۆتەوە، خۆپێشاندەران بە چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی یان ئایۆلۆژیکەوە سنووردار نین، ئەگەر چی خۆپێشاندەران بەهۆی ئەوەی حکومەت لە توانایدا نیە گەندەڵییەکان و نەبوونیەکان چارەسەر بکات هاتنە سەر شەقام، بەڵام دروشمەکان ئاماژە بە خواستی گۆڕانکاری سیاسیی دەکەن کە دگەڕێتەوە بۆ نائومێدبوون لە ریفۆرم و پێویستی تێپەڕین لە ڕێژیم لە تەواوەتی خۆیدا. لەلای ترەوە ئەمجارە ترسی خەڵک زیاتر شکاوە و دژکردەوەی نێونەتەوەییش زەقترە. بەڵام هێشتا ئەگەری نشوستی بزاڤەکە بەهۆی نەبوونی ئاقاری روون و چوارچێوەیەک بۆ رێکخستنی خەڵک و پەنابردنی ڕێژیم بۆ سەرکوتی خوێناوی هەیە.

حەسەن زادە ئاماژەی بەوەکرد کە لەگەڵ لایەنگریی کوردەکان لە چارەسەری ئاشتیانە و خواستیان بۆ بەشداریی سیاسی بەڵام هەمیشە بە سەدان کەسی سڤیل و چالاکی سیاسیی کورد بەردەوام لە بەندیخانەکانی ئێران دەستبەسەر دەکرێن و بە دەیان کەس لەژێر هەڕەشەی لەسێدارەدان دان، هەربۆیە ئەوان بە روونی خوازیاری رووخانی ئەم رژێمە و هاتنە سەر کاری سیستەمێکی دیموکراتیکن کە بتوانێت خواستە نەتەوەییەکانیان بەجێبگەینێت. بە وتەی ناوبراو کوردانی ئێران زۆر زیاتر لە خەڵکی ئێران خۆپێشاندانی لەم جۆرەیان کردوە. ئێستاش سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ خۆپێشاندانەکان دان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتگیر نەرژاونەتە سەر شەقامەکان، چونکە هێزەکانی ئەمنی رژێم ئاسانتر ئاگر دەگرنە خۆپێشاندەرانی کوردستان. خاڵی بەهێزی کوردانی ئێران لەوەدایە کە بە بەراوردی گەلانی دیکە، لە ناو خۆیاندا رێکخستووترن و دەزانن چییان دەوێت. ئەو دەڵێت پێویستە لەوە تێبگەین کە کوردەکان بەپێی دۆخ و خواستی تایبەت بە خۆیان هەڵسەنگاندن بۆ تێکەڵاوبوونیان بە نارەزایەتیەکان بکەن، بەڵام لە ئەگەری پێچەوانەبوونی مەرجەکان و بەرەو کۆتایی چوونی رژێم، ئەوە پێویستە ئامادەبین و یەکگرتوو بین.

حەسەن زادە هەروەها دەڵێت بە بڕوای من سێ خاڵی گرنگ لە سەرکەوتنی ئەم جووڵانەوەیە نوێیەدا رۆڵ دەگێڕێت: یەکەم خەڵک لە چوارچێوەی پلانێکی هاوئاهەنگ بەردەوامی بە جووڵانەوەکە بدات. دووەم، یەکگرتنی لایەنەکانی نەیاری ڕێژیم و دروستبوونی ئەلتەرناتیڤێکی جیددی. سێهەم دژکردەوەی نێودەوڵەتی بۆ پێشگرتن لە لەناوبردنی ئەم جووڵانەوەیە لەلایەن رژێمەوە لە رێگای سەرکوتکردنی.

سەرچاوە: VOA/tr

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی جانێویری ٢٠١٨

## د.ئاسۆ حەسەنزادە: کۆماری ئیسلامی ناتوانێ وەڵامدەری داوای خەڵکی ناڕازی بێ

**دەنگی کوردیی ئەمریکا بۆ تاوتوێی خۆپیشاندانەکانی مانگی بەفرانباری ئێران وتووێژێکی لەگەڵ دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە. دەنگی کوردیی ئەمریکا بە ئاماژە بە ڕەوتی خۆپیشاندانەکان لە ئێران، دروشمی خۆپیشاندەران و ناڕەزایەتیی خەڵک لە بارودۆخی ئابووریی وڵات و سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە لە سەر حسێبی سەروەت و سامانی گشتیی خەڵکی ئێران دەکرێ؛ ئەو بابەتە لەگەڵ دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە دێنێتە بەرباس کە ئایا کۆماری ئیسلامی توانای وەڵامدانەوە بە داوای شەقامی ئێرانی هەیە؟**

**«کوردستان» بەباشی زانیوە دەقی ئەو وتووێژە بۆ خوێنەرانی بڵاو بکاتەوە:**

**پرسیار: دوکتور ئاسۆ لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئێران خۆپیشاندانێکی زۆری تێدا بیندراوە کە لە مەشهەد دەستی پێکرد و دوایی تەشەنەی کردە شارەکانی دیکە و بەپێی ئامارەکان لانیکەم لە ٩٥ شاری ئێران خۆپیشاندان بووە. خۆپیشاندانەکان بە درووشمی ئابووریی دەستیان پێکرد بەڵام دواتر درووشمەکان تەواوەتیی دەسەڵاتی سیاسی و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کردە ئامانج و وەلانانی ئەو سیستەمە. بەڕای بەڕێزتان بە چ هۆیەک ئەو خەڵکە ئێستا لەسەر شەقامن و بۆ چی درووشمە ئابوورییەکان ئاوا زوو ڕەنگ و بۆی سیاسی و ڕادیکاڵی بەخۆیەوە گرت؟**

**وەڵام:** هۆکارەکەی ئەوەیە ئەگەر حکوومەتێک لە وڵاتێکدا ئەگەر کارەکەی بەڕێوەبردنی وڵات و چارەسەری کێشەکانی وڵاتە لە رووی ئابووری یا لە رووەکانی دیکەوە، ئەوە پرسێکی سیاسییە. یانی ناکارامەیی سیاسیی بەڕێوەبەرانی ئەو وڵاتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئارێشەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و بەتایبەتی ئابووریی لێ بکەوێتەوە. هەر وەکوو باست کرد بزووتنەوەی ئێستا زۆر بەربڵاوترە و ئەوە خەسڵەتە تازانەشی تێدان، یانی هۆکارەکانی ئەگەر ئابوورین بەڵام مەعنای سیاسیی پێ بەخشراوە و پاشانیش خەڵک بە شێوەیەکی گشتی زۆر نەترسانەتر لە ڕابردوو دەیانەوێ تەواوی حاکمییەت بکەنە ئامانجی ئێعترازی خۆیان و نایانهەوێ لە گەمە سیاسییە نێوخۆییەکانی باڵەکانی ڕێژیمدا قەتیسی بکەنەوە و بەتەواوی نائومید بوون لەوەی کە ئەوە سیستمە دەتوانێ بۆ چارەسەری کێشەکانی وڵات شتیکی ئەوتۆ بکا. بێگومان کێشەی ئابووری هەیە، بەڵام مەسەلەی پرسی ئازادییەکانیش گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە و تەنانەت دەتوانین بڵێین بە سروشتی سیکولارەوە ئەم خەڵکە لە مەیدان دایە. بۆیە مەعنای سیاسیی یەکجار زۆرە، بەڵام حاشای لێ ناکرێ کە پاڵنەرە هەرە گەورەکە و دەتوانم بڵێم ئەوەشە کە زۆر هیوابەخشە پاڵنەرێکی ئابووری بووە و ئەو پاڵنەرە دەتوانێ یەکلاکەرەوە بێ لە بەردەوامیی هاتنە مەیدانی خەڵک لە حەرەکەتێکی لەم چەشنەدا.

**پرسیار:** بە ڕای ئێوە کۆماری ئیسلامی دەتوانێ داواکارییە ئابوورییەکانی خەلک کە دەبێتە هۆی بەرەنگارییەکی سیاسی و ئاوا ڕادیکاڵ چارەسەر بکا؟ واتە کۆماری ئیسلامی ئیمکانی ئەوەی هەیە کە لە بواری دارایییەوە، یان لەڕووی ماهییەتی خۆی هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکان بنێ یان ئەوەی خۆپیشاندانەکان بە زوویی یان بە درەنگی تێکشکانی کۆماری ئیسلامیی لێ دەکەوێتەوە؟

**وەڵام:** ئەمن باوەڕ ناکەم شتێکی لەم چەشنە بتوانێ ڕوو بدا دیارە ئێستا دەبینین کە لەسەریەک خەریکە یەکدەست بوونەوەیەک لە نێو حاکمیەتدا ڕوو دەدا بۆ پاراستنی تەواوەتیی نیزام و ڕەنگە هێندێک سووڕەتبەندییەکی تازە لە نێو حاکمیەتدا ڕوو بدا. لەوانەیە لە ئاستی نێونەتەوەییشدا هێندێک شتی نوێ لە موناسباتی جمهووری ئیسلامیدا بێتە کایەوە، تەنانەت ڕەنگە کۆماری ئیسلامی بیەوێ هێندیک هەنگاو هەڵێنێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو وەزعە، بەڵام لە نیهایەتدا بە باوەڕی من لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە لە کۆماری ئیسلامیدا باڵادەستن - هەستەی ئیستبداد - یان ناوکی سەرەڕۆیی لەو باوەڕەدایە کە هەرمان و بەقای ئەو ڕێژیمە بەستراوەتەوە بە گەمە نێودەوڵەتی و ناوچەییە تێکدەرەکانی ئەو ڕێژیمە و، بۆ ئیدامەدانی ئەو گەمانەش بیگومان بە تالانبردن و سەرفکردنی سەروەت و سامانی وڵات پێویستە. یانی ناتوانن لەوە بکشێنەوە، پاشان توانای چارەسەرکردنی پرسە ئابوورییەکانیشیان نیە. ئەوە بەدەر لەوە کە لە بەستێنە سیاسییەکەشدا کە وەک گوتمان ئەوەش داوای خەڵکە و کۆماری ئیسلامی لە میژە بەسەر ئەو خەتە و ئەم جۆرە قەناعەتەدا ڕۆیشتووە و ئەگەر پاشەکشە بکا، وردەوردە نەمانی خۆی لێ دەکەوێتەوە. کەوابوو نیهایەتی ئەو حەرەکەتە هەر شتێک بێ بە درەنگ یان زوو هەر دەبێ بە لانیکەم پاشەکشەیەکی ئەوتۆی ڕێژیمی لێ بکەوێتەوە کە لە واقیعدا نەمانی ئەو ڕێژیمە لە ئاخری داستانەکەدا بنووسرێ.

**پرسیار:** دوکتور ئاسۆ کورد لە کوێی ئەو هاوکێشەیەدا جێ دەگرێ؟ هەر لە سەرەتاوە کرماشان لەگەڵی بوو و دواتر ئیلام و سنە و بۆکان و ورمێ. بەڵام ئێستا لە زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان ئێمە حزووری کوردمان نەبینیوە. ئایا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نیگەرانیی گەلی کورد لەوەی کە خۆپیشاندانەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن یان نا شێوازێک ئیستراتژیی تازەیە کورد هەڵی بژاردووە بۆ ئەوە کە تەنیا کاتێک بە بەربڵاوی بێتە نێو کایەکە کە لە بردنەوەکەی دڵنیا بێ؟

**وەڵام:** هەموو ئەو هۆکارانەی کە خەڵکی لە شارەکانی دیکەی ئێران هێناوەتەوە سەر شەقام چەند قات لە کوردستان ئەو هۆکارانە خەڵک بە ڕەگ و پێستەوە هەستیان پێ دەکا و خەڵکی کوردیان وەزاڵەی هێناون. بەڕاستی ئەگەر لە ئاستی ئێراندا و لە دەیەکانی ڕابردوودا تەنیا چەند جارێک بزووتنەوە یا حەرەکەت و خۆپیشاندانی لەو چەشنە بیندراوە، لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو ساڵێ چەند شتی لەو چەشنە ڕوو دەدا و کوردستان غایب نیە لەو شتەی کە ئێستا لە ئێراندا ڕوو دەدا. ڕاستە زەمینەی ئەو جۆرە حەڕەکەت و خۆپیشاندانانە لە هەموو شارەکانی کوردستان وەک یەک نیە بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە شارە هەرە گەورە و ئیستراتژیکەکان و بە تایبەتی کرماشان زۆر بە گەرموگوڕی لە ئێعترازەکاندا دەرکەوتبوون، ئیمە دەتوانین بڵێین کوردستانیشی لەگەڵە. بەڵام جێی خۆیەتی بڵێین کە تێچووی ئەو جۆرە حەرەکەتانە لە کوردستان لەسەرترە. بۆیە کورد پێویستە بە کارکردن لەسەر خۆی و بە نیشاندانی هاوپێوەندی لەگەڵ ئەوە جۆرە بزووتنەوانە، لە تەنیشت ئەوەشدا دەبی چاوی لەوە بی کە ئاکامی ئەم ئاڵوگۆڕانە لە ئێراندا دەتوانی چی بۆ کورد بەدوادا بێ و بە تێبینییەوە بجووڵێتەوە. دیارە لە هەر حاڵدا کورد لەگەڵ ئەوە فەزا ئێعترازییە هەیە و ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانیی لێ دەکەین بەڵام ئایا میتۆدەکە، بەستێنەکە، تیکنیکی کارەکە، کات و شوێنەکان بە چ جۆرێک دەبێ تەنزیم بکرێن لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی کە وەزنی ئێعترازی کوردیش یارمەتی بدا بە یەکلابوونەوەی ئەو ئێعترازانە لە سەراسەری ئێران ،ئەوە شتێکە کە لە ڕۆژەکان و حەفتەکانی داهاتوودا بە پێی زەمینە و زەرفیەتەکان ئێمە دەبێ قسەی لەسەر بکەین.

**پرسیار**: چەند پێتوایە لایەنگری و پشتیوانیی دەرەکی لەو کاتەدا بۆ گەلی ئێران گرینگە. هێندێک بۆچوون هەیە کە هەر چەشنە لایەنگرییەکی دەرەکی و لەوانە پشتیوانیی ئەمریکا دەتوانێ ببێتە هۆی سەرکوتکردنی ئاسانتری خەڵک و ناتوانێ قازانجی بێ، یان دەتوانێ بێتە هۆی هێرشی سەربازی وەک پلانێک بۆ داهاتوو و ئەوەش هێندێک لە خەڵک بە دڵیان نیە و هێندێک لایەنیش دەڵێن ئیستا ئەرکی ئەمریکا و ئەو وڵاتانەی کە داوای دێموکراسی و ئازادی دەکەن پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بکەن. جەنابت پێت باشە ئەو لایەنگری کردنە؟

**وەڵام**: تەنانەت ئەوە کاتانەش کە هیچ چەشنە وەدەنگهاتنێکی نێودەوڵەتی نەبووە لە حەرەکەتی ئێعترازی و ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران و یان خەڵکی کوردستان، هەمیشە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئەو جۆرە حەرەکەتانەیان نیسبەت داوە بە بێگانە و دەستی دەرەکی. کەوابوو ئەوەی کە ئێمە بڵێن دەبێ پشتیوانیی نێودەوڵەتی هەبێ جیا لەوە کە ئەوە شتێکی ڕەوایە و وەدەنگهاتنە لە مافە سرووشتییەکانی مرۆڤ کە شتێکی نێونەتەوەییە. بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە کۆبوونەوەی شووڕای ئەمنییەتدا ڕووسیە یان هێندێک وڵاتی دیکە گوتویانە ئەوە پرسێکی نێوخۆییە کە وانیە. کەوابوو جیا لەوە کە ئەوە شتیکی ڕەوایە، ئەوە وەدەنگ هاتنە پێویستیشە و دەتوانێ یارمەتیدەر بێ. بەڵام ئەوەی کە ئایا سروشتی ئەو یارمەتیدانە دەبێ چ بێ، بەڵێ ئەوە دەتوانی کاریگەری و کارتێکەریی جیاوازی ببێ. بەڵام بە باوەڕی من ئەگەر هێزی خەڵک لە مەیداندا بێ و بەڕاستی خەڵک بتوانێ خۆی ڕێک بخا، بەبێ یارمەتیدان و بەهاناوەهاتنی نێودەوڵەتی و عەمەلیش ئەو حەرەکەتە دەتوانێ سەربکەوێ، بەڵام لە هەر حاڵدا ڕاستە کە وەدەنگهاتن و دەنگدانەوە بەخشین بە دەنگی

خەڵک و دروستکردنی ڕایەڵەیەکی هاوپێوەندی لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێران بە تایبەتی گەلانی ئێران بە تایبەتی گەلی کوردیشی ئەگەر تێدا بێ و ئەکتیوتر بێ؛ ئەوە دەتوانی کاریگەریی هەبێ و هیوادارم شتێکی لەو چەشنە ڕووبدا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئەو جارە ئیدی بێدەنگ نەبێ.

**پرسیار:** سپاس دوکتور ئاسۆ بۆ بەشداریتان لەو وتووێژەدا

**وەڵام:** سپاس بۆ ئێوەش و هەر بژین.

(لە ژمارەی ٧١٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

----------------------------------------------

## د. ئاسۆ حەسەنزادە بۆ ڕۆژنامەی "ئەلقەبەس"ی کوەیتی: ڕێژیمی تاران مەحکووم بە نەمانە

**دیمانە: مەسعود محەممەد**

ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە خەڵکی ئێران گەیشتۆتە خاڵێکی بێ گەڕانەوە، ئەوەش بەهۆی بێ توانایی ڕێژیمی ئێران بۆ پێشخستنی وڵات و دابینکردنی گوزەران و دێموکراسی و بەفیڕۆدانی توانا و ئیمکاناتی خەڵکی ئێران لە پڕۆژەی فراوانخوازی و دژمنکارانە لە ناوچەدا.

لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلقەبەسی کوەیتی، حەسەنزادە باسی ئەوەی کرد کە ڕێژیمی ئێران خەڵکی ئێران دەکاتە قوربانیی گرژی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی دەست دەکاروباریان وەردەدا و گوتی: "خەڵکی ئێران لە سیاسەتە نێوخۆیی و ناوچەییەکانی ڕێژیم بێزار بووە. کۆماری ئیسلامی ئایندەی نیە و درەنگ یا زوو هەر دەبێ ڕێژیمێکی دێموکراتیک جێگای بگرێتەوە".

لەبارەی نارەزایەتییە یەک لەدوای یەکەکانی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیم کە ناوبەناو ڕوو دەدەن و لە تارانەوە هەتا کوردستان و ئەهواز دەگرنەوە، حەسەنزادە گوتی: "ئەمە یەکەم جار نیە کە خەڵکی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی دەڕژێنە سەر شەقام. بەڵام خۆپێشاندانەکانی ئەمساڵ لە هێندێک ڕووەوە لە نارەزایەتییەکانی پێشووتر جیاواز بوو. قەبارە و بەربڵاویی خۆپێشاندانەکان بێ وێنە بوو، چونکە ئەگەر بەشێوەی پچڕ پچڕ و ناهاوکاتیش بێ، زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتبۆوە. ئەوە جگە لەوە کە خۆپێشاندانەکان ئەگەرچی پاڵنەری سەرەکییان پاڵنەرێکی کۆمەڵایەتی بوو کە بریتییە لە هەژاری و گەندەڵی،بەڵام بەڕاستی جەماوەری بوون و لە تاقە توێژێکی کۆمەڵایەتی یان ئیدئۆلۆژیدا خولاسە نەبوونەوە".

## بە ئامانج گرتنی خامنەیی

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەروەها سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە "نارەزایەتییەکانی ئەمساڵ ڕێژیمیان لە تەواوەتیی خۆیدا کردۆتە ئامانج بە ڕێبەری باڵاشەوە کە عەلی خامنەییە، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە خەڵکی ئێران چیدیکە باوەڕ بە ئیمکانی ڕیفۆرم لە سایەی کۆماری ئیسلامیدا ناکا و لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەنێوان باڵەکانی ڕێژیم ماندوو بوون". بە باوەڕی ناوبراو "کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم و فشارە نێودەوڵەتییەکان دۆخەکەی لەبارتر کردووە بۆ ئەوەی چاوەڕوانیی خەڵکی ئێران وەدی بێ". بەڵام حەسەنزادە دانی بەوەش دانا کە "شەپۆلی ئەمجارەی نارەزایەتییەکان لەگەڵ کۆمەڵێک کەموکوڕی و دژواری بەرەوڕووویە، وەک نەبوونی سازوکارێکی شۆڕشگێڕانە یا سیاسی کە ڕێکی بخا و ئاقارێکی ڕوونی پێ بدا، هەروەها نەبوونی سەرکردایەتییەک کە بتوانێ ببێتە ئەلترناتیڤی ڕێژیم". ئەو هەروەها گوتی: "لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵکی ئێران ئێستا ترسیان لە ڕێژیم شکاوە بەتایبەتی کە ئەمجارە ڕێژیم لەوە کە دەست بۆ سەرکوتی بەربڵاو و خوێنڕشتن ببا دوودڵە، بەڵام ئەگەر کار بگاتە چارەنووس و هەرمانی ڕێژیم، ئەو ڕێژیمە هەر جۆرە بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی بە توندی سەرکوت دەکا، ڕێژیمێک کە بە سەرکوتی بێباکانە و دەستبردن بۆ توندوتیژی بەناوبانگە، ئەوەش نەک تەنیا لە بەرامبەر خەڵکی ئێران بەڵکوو لە وڵاتانی دیکەش وەک لە عێراق و لوبنان و سووریە و یەمەن. هەربۆیە سیاسەتی بەربڵاوی سەرکوت و تیرۆری ڕێژیم بەدژی خەڵکی ئێران لەمەودواش بەدوور نازانرێ".

## داهاتووی نارەزایەتییەکان

ئاسۆ حەسەنزادە لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە: "ئەگەر تەنانەت ڕێژیم بتوانێ دەرەنجامەکانی شەپۆلی ئەم دواییانەی نارەزایەتییەکانیش بۆ ماوەیەک سنووردار بکا، خەڵکی ئێران گەیشتۆتە نوختەیەکی بێ گەڕانەوە. ئەوەش بەهۆی بێتوانایی ڕێژیم بۆ پێشخستنی وڵات و دەستەبەرکردنی گوزەران و دێموکراسی بۆ خەڵک و هەروەها بەهۆی بەفیڕۆدانی وزە و تواناکانی ئێران لە بەرنامەکانی فراوانخوازی و دەستدرێژی لە ناوچەدا کە تەنیا نەیاری ئەو

دەوڵەتانەی لێ دەکەوێتەوە کە کۆماری ئیسلامی دەست لە کاروباریان وەردەدا. خەڵک لە سیاسەتە نێوخۆیی و ناوچەییەکانی رێژیم ماندوو بوون. کۆماری ئیسلامی ئایندەی نیە و درەنگ یا زوو هەر دەبێ شوێنی خۆی بدا بە ئەلترناتیڤێکی دێموکراتیک".

حەسەنزادە لەبارەی داهاتووی ناڕەزایەتییەکان گوتی "سەرکەوتنی ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارەی خەڵک بە سێ هۆکار بەستراوەتەوە: یەکەم، بەشداریی هەرچی زیاتر و بەرفراوانتری خەڵک لە ناڕەزایەتییەکانی لەمەودوادا؛ دووەم، توانای ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە یەک بگرێ و بتوانێ ئەلترناتیڤێکی جێگای متمانە پێشکەش بکا؛ سێهەم، هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەهاناوەهاتنی خەڵکی ئێران لە حاڵەتێکدا کە رێژیم لەسەر ئەوە ساغ بێتەوە کە بڵێسەی بزووتنەوەی جەماوەری بە ئاگر و ئاسن دامرکێنێ".

## هەڵسەنگاندنی [کوردەکان] بۆ بزوتنەوەکە

سەبارەت بە روانینی کوردەکانی ئێران بۆ نارەزایەتییەکانی ئەم ساڵ، حەسەنزادە گوتی: "کوردەکانی ئێران ڕابردوویەکی دوور و درێژیان لە خەباتی ڕێکوپێک بەدژی کۆماری ئیسلامی هەیە و بزاڤی ئەوان لە ڕووی چالاکی و ڕێکخستنەوە لە هی هەموو گەلانی دیکەی ئێران دەوڵەمەندترە. کاتێک ئەم ڕێژیمە هاتە سەر کار، کوردەکان تەنیا بەشی خەڵکی ئێران بوون کە "نا"یان بە ڕێژیمی خومەینی گوت و ڕێگای بەرەنگارییان هەڵبژارد، ئەمەش وەک وڵامێک بۆ لاساری و ملنەدانی ئەو ڕێژیمە کە چارەسەری ئاشتییانەی ڕەت کردەوە و کوردەکانی بە کافر و مولحید دانا و بە ناوی ئایینەوە شەڕی لەدژی گەلی کورد ڕاگەیاند. لەو ڕێگایەشدا کوردەکان باشترین ڕێبەرانی خۆیان لە کوشتارگای خەبات بۆ ئازادیی ئێراندا بەخشی وەک ڕێبەرانی حیزبی ئێمە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی کە لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە تێرۆر کران. ئێمە هەمیشە حازر بووین کێشەکان لە ڕێگای سیاسی و ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکەین، بەڵام ڕێژیم هەمیشە وڵامی داخوازیی ئاشتیخوازانەی ئێمەی بە تێرۆر و سەرکوت و دادگای ناعادلانە و بە گوللە و پەتی ئێعدام داوەتەوە".

حەسەنزادە دواتر گوتی: "هاوینی ڕابردوو، وەک هاوپێوەندییەک لەگەڵ ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان و بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بەرامبەر کوشتنی ڕۆژانەی خەڵکی بێگوناح لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێرانەوە بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان، خەڵکی کوردستان چەندین خۆپێشاندانیان وەڕێ خست. بە شێوەی دائیمی سەدان کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە زیندانەکانی ڕێژیم دان و دەیان کەس لەوان لەگەڵ مەترسیی ئێعدام بەرەوڕوون".

## ڕووخانی ڕێژیم

سەبارەت بەوە کە کوردەکانی ئێران چییان دەوێ، حەسەنزادە گوتی: "کوردەکانی ئێران ڕووخانی ڕێژیم و جێگرتنەوەی بە سیستمێکی دێموکراتیکیان دەوێ کە داواکاریی نەتەوەیی ئەوان جێبەجێ بکا، بەڵام ئەوەی کورد لەپێوەندی لەگەڵ باقیی شارەکانی ئێراندا تا ئێستا لە خۆی نیشان داوە تەنیا جۆرێک لە پشتیوانی دەربڕین و هاوپێوەندی بووە و تا ئێستا بزوتنەوەیەکی نارەزایەتیی گشتگیر هەموو کوردستانی ئێرانی نەگرتۆتەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە کوردەکان لەوە نیگەرانن کە وەک هەموو جارێک ئەوان لە درێژەدانی خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا بە تەنیا بمێننەوە، بەتایبەت کە هێزەکانی ڕێژیم لە کوردستان زۆر ئاسانتر تەقە لە خەڵکی نارازی دەکەن".

ئاسۆ حەسەنزادە لە درێژەدا ئەوەشی زیاد کرد کە "زۆربەی کوژراوەکانی نارەزایەتییەکانی ئەمساڵ خەڵکی کوردستان و لۆرستان و خوزستان بوون، خەڵک لەو ناوچانە بەتایبەتی لە کوردستان زەرفیەتی نارەزایەتی و بەرەنگاریی ڕێکخراویان زۆرە، و بە ڕوونی دەزانن چییان دەوێ. بەڵام دەبێ لەوە تێ بگەین کە خەڵکی کوردستان بەپەلە لەگەڵ بزوتنەوەیەکی سەراسەری ناکەون کە پرۆژەیەکی سیاسیی ڕوونی لەپشت نەبێ. هێشتا یەکگرتوویی سەبارەت بە وەها پرۆژە و ڕوانینێک دروست نەبووە. بەوحاڵەش پێویستە هەموو لایەک پێکەوە خۆ بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکەن کە ئەو ڕێژیمە دەڕووخێ و ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن دروست بجووڵێتەوە، ئەو ڕۆژە زۆر دوور نابێ".

دیمانە: مەسعود محەممەد

(لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٨

---

## وتووێژ لەبارەی دەرەنجامەکانی لەبارچوونی بەرجام

د. ئاسۆ حەسەنزادە: تەنیا کاتێک لە ئێران ڕێژیمێکی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرپرسیارمان دەبێ کە ئەو ڕێژیمە لەپێشدا لە بەرامبەر هاووڵاتییانی خۆیدا وڵامدەر بێ (وتووێژی «ڕووداو» لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەبارەی دەرچوونی ئەمریکا لە بەرجام)

(لە ئینگلیسییەوە وەرگێڕدراوە)

**پرسیار**: تێگەیشتنتان لەبارەی بڕیاری ترامپ بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران چییە؟

**وەڵام**: هەر نەتەوەیەک بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی بڕیارێکی نێونەتەوەیی بە باش یا بە خراپ لە قەڵەم دەدا. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ناوکی بڕیارێکە لەپێوەندی لەگەڵ ڕێژیمێکدا دراوە کە ئێمە بەدژی خەبات دەکەین، سروشتیترین هەڵوێست بۆ ئێمە ئەوەیە کە پێشوازی لەو بڕیارە بکەین. بەو حاڵەش، لەجیاتی ئەوەی لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی یا تەنانەت سیاسی بۆ ئەو بڕیارە بڕوانم، پێم باشە لێرەدا لە ڕوانگەیەکی قانوونییەوە بۆی بچم. بەپێچەوانەی بۆچوونی باو کە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ناوکی بەپێچەوانەی قانوونی نێونەتەوەیی دەزانن، ئەمن لەو باوەڕەدام کە ئەو بڕیارە شتێک نیە جگە لە ئەنجامی مەنتقیی کار و کردەوەکانی ئێران. هەر دەوڵەتێک لەسەریەتی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بە حوسنی نییەتەوە جێبەجێ بکا، واتە هیچ کارێک نەکا کە بەپێچەوانەی مەبەست و ئامانجی ڕێککەوتنەکە بێ. ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە چەکی ناوکی چەکێکی کۆمەڵکوژ و ئامرازێکی برەوپێدانی نفوزی سیاسی و نیزامیی دەوڵەتانە، ناکرێ دەوڵەتێک لەلایەک بچێتە نێو پرۆسەیەکی داماڵینی ناوکی و لەولاشەوە هاوکات دەست بکا بە پرۆگرامێکی مووشەکی بالیستیک، یان درێژە بە دەستێوەردان لە وڵاتانی دەوروبەری خۆی بدا. دەزانین کە ئەم پرسانە بەشێک نەبوون لە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران، بەڵام ئەنجامەکەیان شتێک نەبوو جگە لە بنکۆڵ کردنی متمانە کە مەرجی بنەڕەتیی جێبەجێبوونی سەرکەوتووانەی ڕێککەوتنی ناوکی بوو.

**پرسیار**: ئایا پێتان وایە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا کە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێرانی لێ کەوتەوە، ستراتژییەکی دروست بوو؟

**وەڵام**: بەشێوەیەکی گشتی، ڕووداوەکانی ساڵانی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەریانخست کە کشانەوە لەو ناوچەیە و

بەجێهێشتنی بەسەر خۆیدا باشترین ستراتژی نیە. تا ئەو جێگەیەش کە پێوەندیی بە ڕێککەوتنی ناوکییەوە هەیە، ئەو کاتە ئێمە پێمان وابوو کە ئەمە دەتوانێ ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی بێ بەو مەرجەی بەڕاستی مەیدانی مانۆڕی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامی سنووردار بکا و چیدیکەش پرسی ناوکی هەموو سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆخۆی نەبا، بەڵکوو ئەمجارە ئاوڕ لە پرسی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران بدرێتەوە. کەموکوڕیی هەرە بنەڕەتیی «بەرجام» ئەوە بوو کە بەپێچەوانەی ناوەکەی «جامع» نەبوو و تەنیا گەشەپێدانی ناوکیی دەگرتەوە. دەزانین کە باڵی هەرە توندڕەوی ڕێژیمی ئێران بە توندی موخالف بوو کە پرسەکانی دیکە بخرێنە بازنەی دانوستانەکان. بەڵام ئەوە کە بەرجام دەرفەتی ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی هێشتبۆوە کە ئەو سەرچاوە داراییانەی لە ڕێگەی ڕێککەوتنەکەوە وەدەستی هێنابوونەوە بە ئازادی بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی تێکدەرانەی خۆی لە ناوچەدا بەکار ببا، جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی مەحکووم بە شکست کردبوو.

**پرسیار**: سزا ئابوورییەکان هاووڵاتییانی ئێرانیش ئازار دەدەن. شرۆڤەی ئێوە لەو بارەوە چیە؟

**وەڵام**: کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکا کە سزا ئابوورییەکان لەپێشدا زیان بە خەڵک دەگەیەنن، بەتایبەتی چین و توێژە هەرە بێدەرەتانەکان. بەڵام کێ دەبێ بۆ ئەمە لۆمە بکرێ؟ بێگومان ڕێژیمی ئێران. جێگەی داخە کە خەڵکی وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک ئێران بەمجۆرە لەلایەن حکومەتی خودی ئەم وڵاتەوە بە بارمتە گیراوە. پێویستە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە هەڵگرتنی گەمارۆکان لەسایەی ڕێککەوتنی ناوکییەوە ئەسڵەن نەببووە هۆی باشبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک. ئەمە دەری دەخا کە کێشەکە لە شوێنێکی دیکەیە. لەوەش زیاتر هەروەک لە مانگەکانی ڕابردوودا دیتمان ئەم دۆخە خەڵکی هان داوە کە هەستنە سەر پێ و چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن، ئەمەش خراپ نیە.

**پرسیار**: ئیدارەی ترامپ ڕایگەیاندووە کە ستراتیژیی گۆڕینی ڕێژیم لە ئێرانی نیە. کەوایە بۆچی ئێوە هێشتا پشتیوانی لە سزا و گەمارۆ خستنەسەر ئێران دەکەن؟

**وەڵام**: نە ڕێککەوتنی ناوکی و نە کۆتایی ڕێککەوتنەکە و گەمارۆ پێوەندیدارەکان بڕارگەلێک نین کە ئێمە داوامان کردبن یان لەبارەیانەوە پرس و ڕاوێژمان پێ کرابێ. ئەمانە کۆمەڵێک فاکتن کە ئێمە تەنیا دەتوانین دەرەنجامە سیاسییەکانیان هەڵسەنگێنین. ئێمە دەڵێین گەمارۆکان بەتەنیا کافی نین. بەڵکوو پێویستە گەمارۆکان بخرێنە چوارچێوەی ستراتژییەکی هەمەلاگیر و مونسەجیم. ئەمریکا وەها ستراتژییەکی نە سەبارەت بە ناوچە و نە سەبارەت بە ئێران نەبووە. لەگەڵ ئەوەدا کە پاش هاتنەسەرکاری سەرۆک ترامپ زۆر شت گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئێمە هێشتا لە ستراتژییەکی ڕوونی ئەمریکا کە ئومێد و متمانەی خەڵک و هێزەکانی لایەنگری گۆڕان لە ئێران بۆخۆی ڕابکێشێ دووریین. ئەوە کە ئەمریکا

گۆڕینی ڕێژیم بۆ خەڵکی ئێران بەجێ دیلێ شتێکی خراپ نیە. بەڵام بەبێ هەنگاوی بەکردەوە بەدژی سیاسەتی تێکدەرانەی ڕێژیم لە ناوچەدا و بەبێ مێکانیزمی پشتیوانیی بەکردەوە لە خەڵکی ئێران لە بەرامبەر ڕەفتاری سەرکوتکەرانەی ڕێژیم، نە ناوچە ئاشتی و ئارامی بە خۆیەوە دەبینێ، نە خەڵکی ئێرانیش بە ئازادی و پێشکەوتن دەگەن.

**پرسیار**: گەڕانەوەی سزا و گەمارۆکانی سەر ئێران چ کاریگەرییەکی لەسەر ستراتیژیی خەباتی ئێوە بە دژی ڕێژیمی ئێران دەبێ؟

**وەڵام**: ئێمە خەباتێک بەڕێوە دەبەین کە بەستراوە بە دۆخی پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و دنیای دەرەوە نیە و هەر بەردەوام دەبێ. بەڵام ئەوەشمان لەبەرچاوە کە فشاری زیاتری نێودەوڵەتی بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بە قازانجی خەباتی ئێمەشە. گەمارۆکان بەتەنیا شتێکی وا لە وەزعیەتی خەباتی ئێمە ناگۆڕن. ئەگەر بێت و - وەک هیوامانە - ستراتژیی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ئێراندا بەڕاستی خواستەکانی گەلانی ئێرانیش لەبەرچاو بگرێ، ئەو وەختە پێمان وایە کە بەهۆی ڕابردووی خەباتگێڕیمان و بەهۆی توانامان بۆ ڕێکخستنی خەڵک، ئێمە دەتوانین بەردەنگ و هاوبەشێکی کارساز بین. لە هەر حاڵدا، بۆ ئەم قۆناغەی لەپێشمانە، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەولەوییەتمان ڕێکخستنی خەڵک لە نێوخۆیە، هیچ کام لە شێوە مەشرووعەکانی خەبات بەدژی ئەم ڕێژیمە وەلا نانێین و خۆمان بۆ ئەو کاتە ئامادە دەکەین کە بارودۆخی نێوخۆیی و هەلومەرجی نێونەتەوەیی کۆمەک بە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەکەن.

**پرسیار**: لە ڕوانگەی ئێوەوە باشترین سیاسەتی دەرەوە کە ئەمریکا بیگرێتە بەر کامەیە؟ دەتانەوێ یەکیەتیی ئورووپا لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا چی بکا؟

**وەڵام**: باشترین ستراتیژی بۆ ئەمریکا لە بەرامبەر ئێراندا ئەوەیە کە لە دیلەمای هەڵبژاردن لەنێوان درێژەدانی بێکۆتایی وەزعیەتی مەوجوود لەلایەک و لەلای دیکەش هێرشێکی نیزامی کە مەعلووم نیە کەنگێ و چۆن ڕوو دەدا، بێتە دەر. ئەمن پێم وایە ڕێگایەکی سێهەم هەیە کە هەق وایە تاقی بکرێتەوە. ئەویش بریتییە لە بەشدارکردنی بەکردەوە و کارکردن لەگەڵ ئەو هێزانەی لایەنگری گۆڕانن لە ئێران، هاوکات لەگەڵ مێکانیزمێک بۆ پێشگرتنی ڕێژیم لە سەرکوتی خوێناویی بزوتنەوەی ئاشتیخوازانەی خەڵک. ئێمە ئامادەین لە دۆزینەوەی ئەو ڕێکارانەی هەم لەباری قانوونی و سیاسییەوە پەسندن و هەم لەگەڵ واقعییەتەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی کۆمەڵگەی ئێران گونجاون، یارمەتیدەر بین. ئێوە بە دروستی ئیشارەتان بە ئورووپاییەکان کرد. ڕێژیمی ئێران هەمیشە سوودی لە جیاوازیی ڕوانین لەنێوان ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا وەرگرتووە. ئێستا ئورووپاییەکان وێڕای هەوڵدان بۆ پاراستن و پەڕاندنەوەی ئەو کۆمپانیایانە کە لەگەڵ ئێران مامەڵە

دەکەن، دان بەوەش دادەنێن کە ڕێککەوتنێکی نوێ کە هەمەلاگیر بێ و ئەمریکاشی لەگەڵ بێ، پێویستە. واتە دوو ئاقاری هاودژ و پێچەوانە. بەبێ یەکخستنی هەڵوێست لەنێوان ئورووپا و ئەمریکادا، هیچ سیاسەتێکی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ئێراندا سەرکەوتوو نابێ، مەگەر ئەوەکە ئامادەی دووبارەبوونەوەی سیناریۆی عیراق لە ئێران بن. ئێستا کاتیەتی بۆ ئەوە کە ئورووپاییەکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە درێژخایەندا چاو لێ بکەن. ئێمە تەنیا کاتێک ڕێژیمێکی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرپرسیارمان دەبێ، کە ئەو ڕێژیمە پێشدا لە بەرامبەر هاوولاتییانی خۆیدا وڵامدەرەوە بێ.

لە ژمارەی ٧٢٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## کاری هاوبەشمان نابێ هەر بەیاننامە دەرکردن بێ!

**دیمانە: مەنسوور مروەتی**

لە دۆخی ئێستای ئێراندا چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە کۆماری ئیسلامی لەبەردەم دووڕییانی رووخان و گۆڕان دایە. ئەوەی بەلای خەڵکی کوردستانەوە گرینگە ئەوەیە کە ئایا پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات چەندە یەکگرتووانە ڕووبەڕووی سیناریۆکانی گۆڕان لە ئێران دەبنەوە، چ لەنێو خۆیاندا و چ ڕوو بە دنیای دەرەوە و دەسەڵات و هێزە سیاسییەکانی ئێران.

«کوردستان» ئەو بابەتەی لە وتووێژێکدا لەگەڵ دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاوتوێ کردوە.

**کوردستان:** ئایا وەزعیەتی ئێستای حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وەهایە کە بتوانن پێکەوە و یەکدەنگ ڕووبەڕووی دۆخی ئەمڕۆ و ئایندەی ئێران ببنەوە؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** سەرباری گرژی و ناکۆکییەکانی ڕابردووی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، دۆخی ئێستای نێوانیان لە جاران باشترە، بەڵام ئەویش بە هیچ جۆر لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک و پێویستییەکانی دۆخەکەدا نیە. ئاساییە کە

هەموو گەلێک لە کاتی پشێوی و گۆڕاندا زۆرتر بیر لە یەکگرتن و خۆکۆکردنەوە بکاتەوە. بەڵام هەڵەیە ئەگەر بڵێین کە تەنیا لە ئەگەری ئاڵوگۆڕدا ئێمە دەبێ یەک بگرین. هەر میللەتێک کە هەڕەشەی لەسەر بێ و لە حاڵی خەبات بۆ ئازادیی خۆیدا بێ، دەبێ یەکگرتن وەک ئاسۆیەکی بێ کۆتایی لەبەردەم خۆی چاو لێ بکا. یەکگرتنیش بە دروشم و بەڵێن و ڕاگەیاندنی نیەت ناکرێ، بەڵکوو بە ڕێکار و مێکانیزم و نەخشەڕێگا دەکرێ.

**کوردستان:** باسی ئەوەت کرد کە دۆخی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئێستا لە جاران باشترە. چی هەیە کە وەک شتی باش لە پێوەندی و هاوکاریی نێوان حیزبەکاندا باس بکرێ؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** شتی خراپ کە کۆتایی پێ دێ ئەوە بۆخۆی دەبێ بە شتی باشی حیساب بکەی. لە ڕابردوودا لایەن هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەسەر مەسایلی ئیدئۆلۆژیک لەگەڵ لایەنی دیکە گرژیی ساز کردووە و بەگشتی پلۆرالیزم لەلای ئێمە بەداخەوە ئیدەئالێکی دژوار و بەژان بووە. ئەمڕۆ گوتاری نەتەوایەتی بۆتە ئەولەوییەت. تەنانەت شێوازی چارەسەری پرسی کورد لە ئێرانیش، لەگەڵ هەموو کەموکوڕیی فۆرموولەکردنی و هەموو ڕەخنە و تێبینیەکانی بژاردەکانی کۆمەڵگە و سەرەڕای بێ متمانەییمان بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بەڵام ئیجماعێکی نیسبیی لەسەر دروست بووە. پاشان پارتەکانی ئێمە لەگەڵ ئەوە کە دیاردەی زیانبەخشی تازەیان لەنێودا پەیدا بووە واتە لەتبوون و دابەشبوون، بەڵام هاوهەڵوێستی و هاوکاریی نێوانیان ئێستا زۆر زیاتر لە پێشوویە و تا ڕادەیەک بەرهەمیشی بووە.

**کوردستان:** مەبەستت لەو بەرهەمە بە دیاریکراوی چیە؟ ئایا مەبەستت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانە؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** ئەوە یەک لە بەرهەمەکانە. ناوەند بۆخۆی بەرهەمی ماوەیەکی زۆر دانیشتن و تەمرینی هاوفکری و هاوهەڵوێستی لەنێوان پێنج لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی حیزبە سیاسییە هەرە بەڕابردووەکانە. ئەو ناوەندە لەگەڵ ئەوەدا کە تا ئێستا شتی باشی کردوە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا کراوە بە هیچ جۆر کافی نیە. چونکە جیا لەوە کە پێویستە ڕوانینێکی هاوبەش سەبارەت بە ئێستا و ئایندەی خەباتی خۆمان دروست بکا و مێکانیزمی فراوانبوونەوەی خۆی و تەئسیردانانی زیاتر لەسەر خەباتی خەڵک و وەسڵ بوونەوەی زیاتر بە کۆمەڵگەی نێوخۆش دروست بکا، دەبێ کەرەستەی خەبات لەنێوان حیزبەکان خۆیان و لەنێوان حیزبەکان و کۆمەڵگەدا یەک بخا. ڕەنگە هەر ئێستا زەحمەت بێ بەرەی کوردستانی دروست بێ، بەڵام ئەگەر ناوەند هەنگاوێک بەرەو ئەوە نەنێ کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئیئتلافێکی واقیعیی بلۆکی کوردی لە ئێراندا شکڵ بگرێ، ئەدی چ دەکا؟ لێرەدایە کە هەم لە بەستێنی گوتاریدا، هەم لەبواری کاری بەکردەوەدا (دیپلۆماسی، پێشمەرگە، تەشکیلات، مێدیا، حیزب و کۆمەڵگە و...) و تەنانەت بۆ بیرکردنەوەی هەر لە ئێستاوە لەو ئارێشانەی کۆماری ئیسلامی پاش ڕووخانی وەک میراتی مەنفی بۆمان بەجێ دێڵێ و لە پێناوی سالمسازیی

کۆمەڵگەی دواڕۆژ و مەسایلی ستراتژیکی گەلەکەمان بە چەشنێک چاو لە ڕۆڵ و ئەرکی خۆی بکا کە هەر فەسڵە لە فەسڵی پێشوو چەند هەنگاو زیاتر چووبینە پێش.

**کوردستان: خەڵک چاوەڕوانی دروستکردنی بەرە بوو. مادام حیزبەکان نەیانتوانیوە شتێکی وەها دروست بکەن، لە بنەڕەت ڕا ئێوە چۆن چاو لە پێکەوە کارکردن دەکەن؟**

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** هەر حیزبێکی ڕۆژهەڵات خۆی بە هەڵقوڵاوی بەستێنێکی مێژوویی و فیکریی تایبەت بە خۆی دەزانێ و جەهانبینی و ڕوانینی تایبەت بە خۆی بۆ پرسی خەبات و چارەسەری مەسەلەی کورد هەیە. قەتیش نابێ چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێ هەمووومان وەک یەک بیر بکەینەوە و ببینە یەک. بەڵام سەربارێ ئەو جیاوازییانە کە هەر بوون و هەر دەشمێنن، دەبێ چەند شتمان لەبەر چاو بێ. یەکەم، ئێستا و لە داهاتووشدا بە پێشبینیی من هیچ پارتێکی سیاسیی ڕۆژهەڵات ناتوانێ بە تەنیا تەواوی کایەی سیاسیی کورد لە ئێران کۆنترۆڵ بکا. مادام ئیمکانی ئەو باڵادەستییە نییە، ئێمە دوو ڕێگامان لە پێشە: ڕێگای ئەوەڵ ئەوەیە درێژە بە تەکڕەوی و بەجیا و بەتەنیا کارکردنی خۆمان بدەین. جا مادام حیزبەکانی دیکە دەیکەن، بۆچی حیزبەکەی منیش نەیکا؟ کێشە ئەوەیە کە جیا لەوە کە ئەمە، پەرش و بڵاوبوونی وزەی خەباتی لێ دەکەوێتەوە، مەعلومیش نییە ئەگەر ڕۆژێک گەڕاینەوە سەر خاکی خۆمان، ئەو ڕکابەری و ململانێیانە چیان لێ شین دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە خیسلەت و سروشتی سەرەکیی سیاسەت ڕکابەرییە، بەڵام بۆ ئەمڕۆی ئێمە ڕکابەریی بێ سنوور و بێ چوارچێوە زەرەرمەندەکەی هەر کورد لە ئێران بە گشتی دەبێ. دەبێ بزانین کە لە سبەینێی پاش کۆماری ئیسلامیدا کورد لە هەر حاڵدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕکابەری و ململانە لە دەرەوەی خۆی ڕا دەبێتەوە: بۆ نموونە هێزە توندڕەو و سەلەفییەکان؛ لایەنی توندڕەوی قەومی لەو شوێنانە کە دیموگرافیمان لەگەڵیان تێکەڵە؛ دەستێوەردانی هێزی پارچەی دیکەی کوردستان؛ ئەوە جیا لە پیلان و مەزنیخوازییەکانی بیری شۆڤێنیستی و ناوەندگەرا و زۆر چالشی دیکە کە تازە ئەودەم سەر وەدەر دەنێن. مادام ئێمە وەک کورد هەر ڕووبەڕووی ئەو ڕکابەرییانەی غەیری خۆمان دەبینەوە کە ڕەنگە بەشێوەی مەترسیدارتر لە ڕابردووش دووبارە ببنەوە، ڕێگایەکمان جگە لە بژاری دووەم لەپێش نییە. ئەویش ئەوە کە بەڕاستی قەناعەت بەوە بێنین کە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمە بەتایبەتی لەسەر بناخەی ناوکە ڕەسەن و بەڕابردووەکەی بە تەفاهومێکی واقیعی و پایەدار بگا، کە هەر تاکتیک یا بۆ قۆناغێکیش نەبێ بەڵکوو هەروەک گوتم ئاسۆیەکی بێکۆتایی لەپێش خۆی دابنێ کە ڕکابەری و ململانێی نێوان حیزبەکان لە هەر حاڵدا بێ، پرسە گەورە و هاوبەشەکانی چارەنووسی گەلەکەمان پێکەوە و بە یەکدەنگی ببەینە پێش.

**کوردستان: حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەڕووی دنیای دەرەوە و بەڕووی ئێرانییەکاندا نەیانتوانیوە هەیئەتێکی هاوبەش دروست بکەن. بۆ نموونە جەنابت وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتەنیا سەردانی ئەمریکات کرد. دواتر حدکا و**

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ پێکەوە چوون، بەڵام لەویش لێک هەڵبڕان. هەمووی ئەو چالاکییانەش جۆرێک ڕکابەریی جێگای نیگەرانیی لە فەزای مەجازیدا لێ کەوتەوە. ئایا ئەمە دروستە؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** هەتا کاتێک بەستێن و کەرەستەی هاوبەش بۆ تەعامول لەگەڵ دەرەوەی خۆمانمان نییە ناتوانین گلەیی بکەین کە بۆچی لایەنێک بەجیا ئەم دیدار و سەردانانە دەکا. حیزبەکانی ڕۆژهەڵات چ بەهۆی بەردەوامیی زێهنیەتی ڕکابەری، چ بەهۆی جیاوازیی ڕوانین، هێشتا نەبوونە خاوەنی ئەو ئالیەت و کەرەستە هاوبەشانە. دیارە وەک حیزبەکەی خۆمان، حیزبی دێموکراتی کوردستان قسەم زۆرە کە بڵێم چەندە خۆمان ماندوو کردوە و چەندە مایەمان لە خۆمان داناوە بۆ گەیشتن بەو کەرەسە هاوبەشە، بەڵام ڕەنگە باشتر وا بێ بەگشتی وەک کوردی ڕۆژهەڵات چاو لە بابەتەکە بکەین و خەمی لێ بخۆین.

**کوردستان:** کاتی خۆی د. قاسملوو ڕچەشکێنی ئەوە بوو کە تەنیا حیزبیانە بیر لە دروستکردنی دیپلۆماسیی کوردی نەکاتەوە و پێشدا وەک کورد دەجوڵایەوە. ئێستا چۆن دەکرێ بە قەولی خۆت لانیکەم وەک کوردی ڕۆژهەڵات بۆ ئەو بابەتە بچین؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** ئەوە بە لایەنێک بەتەنها ناکرێ. ئەگەر لایەنەکانی دیکە پێیان وابێ ئەو کەرەسە دەڵەمەیەی هاوکاریی نێوانمان (واتە ناوەند) بۆ ئێستا کافییە و بەوەندە قەناعەت بکەن، لایەنێک کە پێی وابێ کە پێویستە زۆرتر و خێراتر بچینە پێش، بەتەنیا ناتوانێ بەو ئامانجە گشتییە بگا. پێویستە هەموو پێکەوە بەتایبەتی ئەو لایەنانەی قورساییان زۆرترە بە تەفاهوم بگەن، ئەوەش پێویستی بە تەوازووع و خۆماندووکردنی زۆرتر و چارەسەری کێشەی شێوەی ڕوانین لە خۆمان و لە دەرەوەی خۆمان هەیە. هێندێک لایەن ئێستاش بە شێوەی ئیدئۆلۆژیک چاو لە جەمسەربەندییەکانی دنیای دەرەوە و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەکەن، شتێک کە ئێستا باوی نەماوە. ئێمە پێویستە بەدوور لە بەستراوەیی، مەسڵەحەتی میللەتی ئێمە لە کوێ بوو پێکەوە کاری لەسەر بکەین. دیارە یەکخستنی ڕوانگە زۆر شتی دیکەی پێوەندیدار بە ئامانج و شێوازی خەباتیش دەگرێتەوە. ئەو ڕوانینە هاوبەشەمان کە دۆزیەوە، ئەودەم کەرەسەی هاوبەش دەبێ بۆ ئەوە دروست بکەین کە کاری هاوبەشمان تەنیا لە بەیاننامە دەرکردندا خولاسە نەبێتەوە، بەڵکوو لە هەموو بەستێنەکانی خەبات و لە هەموو بوارەکانی تێکۆشانماندا پۆتانسیەل و کەرەسەمان هەماهەنگ و تەنانەت یەک بخەین.

**کوردستان:** وەک گوتت پارتەکانی ڕۆژهەڵات لە هاموشۆ لەگەڵ تەیفەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا یەکگرتوو نین. حدک بۆخۆی لە شووڕای دێموکڕاسیخوازان دایە. هێندێک لایەن بەدووی سەڵتەنەتتەڵەبەکاندا دەڕۆن. هێز هەیە لەگەڵ

موجاهیدینە. لەسەر ئەمە دەڵێن چی و چارە چییە؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** نالێکی و نایەکگرتوویی بۆخۆی نەخۆشییەکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییە (دیارە شتی وا هەیە کە زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی بەناو سەراسەری لەسەری کۆکە، بۆ نموونە خەمی تەواوەتیی ئەرزیی ئێران و ئەقڵیەتی ناوەندگەرا). بارتەقای ئەو ناڕوونی و پەرش و بڵاوییانەی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا دەبینرێ، ڕوانین و ڕەفتاری ئێمەش وەک کورد لەگەڵیان جیاواز و نایەکدەستە. لێرەشدا بۆ ئەوەی ڕێکاری هاوبەش بدۆزینەوە، پێویستە لە پێشدا ڕوانگە و مێتۆدی تەعامولمان بکەینە یەک. لەگەڵ ئەوەدا کە لە مانگەکانی ڕابردوودا باسی موجاهید و سەڵتەنەتتەڵەب زۆر مەترەح بووە، ئەولەوییەتی ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جێیەکی دیکەیە. ئێمە بە مێتۆدێکی ماهیەتی کار دەکەین، واتە لەجیاتی ئەوەی سەرمایەگوزاری لەسەر لایەن یا کەسایەتییەکی بەئیستلاح مەترەحتر بکەین، تێکۆشاوین بۆ شکڵگرتنی ئەو بلۆکبەندییانە کار بکەین کە لەوێدا نێوەرۆکی ویست و داخوازەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ڕەنگدانەوەیان هەیە. ئەوەمان لە شووڕای دێموکڕاسیخوازانی ئێراندا کردووە، لەگەڵ هێندێک هەمایشی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ هەمان مەبەست لە هەوڵ داین و بەهیواین بتوانین دواتر ئەم جەمسەرانەی کە زۆرترین دەرکی پرسی ئێمەیان تێدا دەستەبەر دەبێ، پێکەوە گرێ بدەینەوە. شەڕی ئێمە لەسەر شکڵ و ناو و فۆرم نییە، بەڵکوو شەڕ لەسەر نێوەرۆکە. ئێمە هاوکات لەگەڵ یەکخستنی پایەداری نێوماڵی کورد و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دوفاکتۆیەکی دەسەڵاتی کوردی لە ڕۆژهەڵات، دەبێ بە دووور لە سنووربەندیی ئیدئۆلۆژیی و فیکری و تەنانەت بەدوور لە سنووربەندیی مێژوویی و سیاسییش بۆ چەسپاندنی کاکڵی ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان تێ بکۆشین. هەربۆیە دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ هیچ تەیفێکی ئۆپۆزیسیۆن نابێ بە عەیبە دابندرێ و پێویستە کوردی ڕۆژهەڵات بە یەکگرتوویی لە هەموو مەحفەلەکاندا بچێ قسەی خۆی بکا و قورسایی بلۆکی خۆی نیشان بدا. ئەگەر قبووڵمان بێ لەگەڵ هەمووان قسە بکەین، پرسیار ئەوەیە ئەدی لەگەڵ کێهانە ڕێک بکەوین؟ لێرەشدا ئەمن لەگەڵ تابۆسازی نیم. ڕوانین و کارنامەی سەرجەم تەیفەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە چاک و خراپەوە دەرهەق بە کورد لەسەریەک زۆر دڵخواز نیتە، چونکە هەروەک گوتم لەلای زۆرینەی تەیفە بەڕابردوو و مەترەحەکان دەمارگرژی بۆ تەواوەتیی ئێران و جۆرێک لە بیری شۆڤێنیستی یا لانیکەم ناوەندگەرا زاڵە. هێندێک تەیفیش هەن کە پاشخان و ئەزموونێکی ناخۆشتر و تاڵتر لە تەعامول لەگەڵ کوردیان هەیە. ئەوانە پێویستە پێشدا حازر بن پێداچوونەوە بەو میرات و پاشخانە لە زوڵم و ناهەقی لەگەڵ کورد بکەن. چونکە هەر بە دروشم و قسەی جوان ناکرێ متمانەیان پێ بکرێ.

**کوردستان:** نالێکی و ناهەماهەنگیی هێزەکانی ڕۆژهەڵات شێوەکانی خەباتیش دەگرێتەوە. دەبینی مانگرتنێک دەبێ، هەر لایەنە بۆخۆی خۆی لێ بە خاوەن دەکا. یان لایەنێک لەپڕ تەئکید لە شێوازی چەکداریی خەبات دەکا و بۆخۆی بەجیا بەدوایدا دەچێ. لایەنیش هەیە وەک حدک کە وێڕای خەباتی پێشمەرگانە، سەرمایەگوزاری لەسەر خەباتی خەڵک لە نێوخۆ

**دەکا. ئەم ناڵێکی و ناهەماهەنگییە چۆن چارەسەر دەکرێ؟**

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** پێش هەموو شتێک لەو باوەڕەدام کە هیچ لایەنێک نابێ ئیدیعای ئەوە بکا کە مۆنۆپۆلی شێوەیەک لە خەبات لە دەست وی دایە. بۆ نموونە حیزبی ئێمە لەو دە دوازدە ساڵەدا ڕچەشکێنی چوونەوەی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات و حزووری چەکداری بووە، ئاماری شەهیدە تازەکانیشمان باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەیە. بەو حاڵەش، ئیجازە بە خۆمان نادەین بڵێین هەر ئێمە چالاکی ئەو مەیدانەین و لایەنەکانی دیکە باوەڕیان پێی نییە. ئینجا، پێویستە کایەی سیاسی خۆمان لە تەنیا شێوازێکی خەباتدا نەبینین. خەباتی ئێمە لە هەرحاڵدا دەبێ خەباتێکی فرەڕەهەند بێ و بە یەکێک لە شێوازەکانی خەبات کارەکەمان بۆ جێبەجێ نابێ. دیارە دەکرێ هەر وەرزە بەپێی هەلومەرج و بەپێی دەرفەت و بەربەستەکان ئەولەوییەت بدەینە یەکێک لە شێوازەکانی خەبات. بەڵام ئەوەش کاتێک سەرکەوتوو دەبێ کە پێکەوە لەسەری ساغ بینەوە و بە هەماهەنگی بیکەین. بە باوەڕی خۆم دوو شت هەن کە وا باشە هیچ حیزبێک ئەمڕۆ بە تەنیا و بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە نەیکا، دەنا شتەکە بەرهەمی چاوەڕوانکراوی نابێ و هەم تێچووی ئینسانی و هەم تێچووی سیاسیی کارەکە لەسەرێ دەبێ. یەکەمیان خەباتی چەکدارییە، ئەوی دیکە وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمە. سەبارەت بە بەستێنی نێوخۆش، لەگەڵ ئەوەدا کە ریسالەتی مێژوویی پرسی کورد لە ئێران لەسەر شانی حیزبەکانە بەتایبەتی حیزبی دێموکرات، بەڵام حیزبێک کاتێک دەتوانێ بەڕاستی کاریگەر بێ و بەرنامەی خەباتگێڕانەی خۆی جێبەجێ بکا کە پشت بە هێزی خەڵک ببەستێ و بە کۆمەڵگەی خۆی وەسڵ بێتەوە. لێرەدایە کە پێویستە ئێمە وەک حیزبەکان هەموومان لەسەر ئەوە ڕێک کەوین کە متمانە و شەخسیەتی زۆرتر بدەین بە چالاکانی نێوخۆ و هانیان بدەین کە هەرچی لە دەستیان دێ بۆ هێنانە مەیدانی خەڵک و بەجەماوەریکردنی خەبات هاوکاریمان بکەن. لەولاشەوە ئەوانیش دەبێ بزانن تەئسیر و ئیلهامی زیاتر لە حیزبەکان وەربگرن و لە ڕێگای ئەوانەوە باشتر بە ڕەهەندی سیاسی و مێژوویی پرسی کورد لە ئێران وەسڵ ببنەوە. کەواتە هەردوو بەستێنی شۆڕشگێڕی و مەدەنی لەبری ئەوەی بە هەڕەشە و موزاحیم و بەدیلی یەکتر ببینین، پێویستە بە تەواوکەری یەکتریان دابنێین و پێکەوەش بەرنامەڕێژیی ئەم هەماهەنگسازییە بکەین. بۆ ئەوەش دەبێ پشت بە گوتارێکی هاوبەشی هەمەلاگیر ڕوو بە نێوخۆی کۆمەڵگە ببەستین کە هەموو جۆراوجۆرییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە چ لە ڕووی فەرهەنگی و جوغرافیەوە، چ لەڕووی جنسیەتییەوە و چ لەڕووی فیکری و سیاسییەوە وە خۆ بگرێ.

**کوردستان:** سەبارەت بە پێوەندیی نێوان حیزبەکان خۆیان، هێندێک کەس دەڵێن ئەو حیزبانەی دابەش بوون مادام ناتوانن پێکەوە کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن و یەک بگرنەوە، چۆن دەتوانن لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکاندا پێکەوە کار بکەن و لەوێدا یەکگرتوو بن. لەلایەکی دیکەشەوە کاتێک لە فەزای مەجازیدا چاو لە ڕەفتاری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکان دەکەین، بەڕاستی ئەو نیگەرانییە لای خەڵک دروست دەبێ کە سبەی ڕۆژ لە مەیدان و لەسەر خاکی وڵاتی خۆیان چەندە

**دەتوانن تەحەمولی یەکتر بکەن و لە بەرامبەر یەکتر ڕانەوەستن؟**

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** یەک لەو زەرووڕەتانەی حیزبەکان لەپێشیانە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی گونجاوی خۆیدا خەسارناسییەکی ڕابردووی گرژی و ناڵێکییەکانیان بکەن بۆ ئەوەی لە سبەینێی ئاڵوگۆڕدا بەهۆی دووبارەبوونەوەی ئەم نێوان ناخۆشی و ناڵێکییانە دەرفەتەکان بۆ کورد لەبار نەچن یا ڕیزی کوردی ڕۆژهەڵات لاواز و ناڕێک نەبێتەوە. بۆ ئێستا دەمەوێ پێش هەموو شتێک جەخت لەسەر بەرپرسایەتیی تاک بکەم کە پێش ئەوەی شتێک بکا یا شتێک بڵێ پێویستە بیر لە دەرەنجامەکانی ڕەفتارەکەی بکاتەوە. لە بەستێنی جەمعییشدا هەر وایە و زێهنیەت و ڕەفتاری لایەنەکان کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێ. بەڵام ئەوە کە مادام حیزبە پارچە بووەکان ناتوانن یەک بگرنەوە دەبێ لە یەکگرتنی وانیش بێ ئومێد بین، ئەمن وا فکر ناکەمەوە. موشکلێک هەرچەند گەورەش بێ، کاتێک خرایە نێو زەرفێکی گەورەترەوە، لەوێدا چووکتر دەنوێنێ. دەبێ بزانین کە ژینگە و بەستێنەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری سیاسیی تاکەکان و لایەنەکان هەیە. حاشای لێ ناکرێ کە دوو حیزب کە لە تەعامولی نێوانیاندا هەر لە فکری حەزف و تەزعیفی یەکتردا بن، لە چوارچێوەی فراوانتریشدا ڕەنگە تا ڕادەیەک لەسەر ئەو ئەقڵییەتە بڕۆن و ئەگەر هەست بە بەرپرسایەتی نەکەن، دەتوانن ئەوێش وێران و نەزۆک بکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی لەوێدا لایەنی دیکەش هەن و ئەساسەن سووڕەتی مەسەلەکە لەوێدا جیاوازە، وردە وردە بە قەواعیدێکی دیکەی بازی ڕادێن کە دەتوانێ لە زەرەرەکانی ڕکابەری و ململانەی ڕاستەوخۆ و دوولایەنەیان کەم بکاتەوە.

**کوردستان:** لەسەر فۆرموولی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران پێت وایە دەبێ چی بکرێ بۆ ئەوەی لەم مەسەلە ستراتژیک و ئەساسییەدا حیزبەکان هەماهەنگ بجوڵێننەوە؟

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** لایەکی مەسەلەکە هەبوونی تریبوون یان ئالییەتێکی یەکگرتووی نوێنەرایەتیکردنی کوردی ڕۆژهەڵات ڕوو بە دنیای دەرەوە و هێزەکانی پێکهێنەری ئالترناتیو و دەسەڵاتە. لایەنی دیکەی کارەکە ڕوانگەمان بۆ جۆری چارەسەری پرسی کورد لە ئێرانە. پێشتر گوتم ئیجماعێکی نیسبی هەیە کە لەگەڵ ئەوەدا کورد خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و تەنانەت جیابوونەوەیە، بەڵام ئەگەر ماف و مەوجودییەتی بەڕاستی لە ئێراندا تەزمین بێ، بە هۆکاری سیاسی هێشتا قابلییەتی کارکردن لەسەر فۆرموولێکی پێکەوە ژیانی گەلان لە ئێرانی تێدایە، جا ئەو فۆرموولە هەرچییەک بێ. بۆ سیاسەت و کارکردنی هاوبەشیش لەسەر ئەوە، پێم وایە دەتوانین پرەنسیپێک لەپێش خۆمان دابنێین کە بریتییە لە ئینعتاف لە فۆرموولی گشتیی ئێراندا بەڵام پێداگری سەبارەت فۆرموولی تایبەت بە کورد. مەسەلەی کورد لە ئێران هەم گرێدراوە بە باقیی ئێران هەم تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەو مەعنایە کە کورد نابێ غافڵ بێ لە هاوچارەنووسی لەگەڵ

لایەن و پێکهاتەکانی دیکەی نێو ئەو وڵاتە و نابێ ئینکاری پێویستیی دێموکراسی بکا (چونکە دێموکراسی کەمەکەشی هەر سوودی زۆرە بۆ میللەتی ئێمە). بەڵام کورد دەبێ پێش هەموو شتێک مافەکانی خۆی و دەسەڵاتی نەتەوەیی و جوغرافیایی خۆی بۆ گرینگ بێ. بۆ ئەوەش پێویستە دەستئاوەڵایی تەواوی هەبێ بۆ ئەوە کە بەدەر لە کوللی ئێران داوا بکا مەسەلەی کوردستان حەللی تایبەت بە خۆی وەربگرێ. ئەوەش هیچ دژایەتیی نییە لەگەڵ فیدرالیزم یا لامەرکەزیکردنی سەرجەم وڵات. زۆر وڵاتمان هەیە (بۆ نموونە ئیسپانیا) کە لەودا وێڕای سیستمی هاوبەشی ئیدارەی وڵات، گەل یا پێکهاتەیەک ستاتووسێکی پێ دراوە کە لە ستاتووسی پێکهاتەکانی دیکە جیاواز و لەپێشترە. ئەو ئینعتاف و دەستئاوەڵاییە هەروەها دەبێ بە مانای ئەوە بێ کە مادام کوردستان ستاتووسی موستەحەقی خۆی هەبێ، کێشەیەکمان لەگەڵ شکڵی حکومەتیی سەرجەم وڵات نییە. بۆ نموونە ئێمە لە بەرنامەی خۆماندا گوتوومانە سیستمی کۆماری و فیدرالی دەتوانێ دەستەبەرێکی پێکەوەژیانی دادپەروەرانە و ئاشتییانەی گەلانی ئێران بکا. مانای ئەوەیە کە وێڕای ئەرجەحییەتمان بۆ سیستمی کۆماری و فیدراڵی، شەڕی ئێمە بە پلەی یەکەم سیستمێکی حکومەتیی دیاریکراو بۆ سەرجەم وڵات نییە بەمەرجێک لە ماهییەتدا ئەو سیستمە گشتییە ژینگەیەکی لەبار بۆ جێبەجێبوون و پاراستنی مافە نەتەوایەتییەکانی ئێمە بڕەخسێنێ. لە دنیادا زۆر نموونەمان هەیە کە فیدراڵیشن و کۆمارییش نین.

**کوردستان: تەوافوق لەو نێوەدا چ جێگایەکی هەیە؟**

**د. ئاسۆ حەسەن زادە:** لە بەرامبەر یەکتر دانانی تەوافوق و دێموکڕاسی لەڕووی عیلمییەوە هەڵەیە. جیا لەوە کە هەموو سیستمە دێموکراتیکەکان لەڕاستیدا بەرهەمی تەوافوقی نێوان نوخبەکانی نوێنەری فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگەن، ئەم لەبەرامبەر یەکتردانانە کورتکردنەوەی دێموکڕاسی لە دێموکڕاسیی ئەکسەرییەتیدایە. دێموکڕاسیی تەوافوقی بۆخۆی یەکێک لە شکڵەکانی دێموکڕاسییە. بەرنامەی حیزبی ئێمە هەر لەدوای کۆنگرەی چاردەوە کۆمەڵێک پرەنسیپی تێدا هاتووە کە تەعبیر لە دێموکڕاسیی تەوافوقی دەکەن.

لە ژمارەی ٧٣٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## وتووێژی "کوردستان" لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتیی حیزب

### د. ئاسۆ حەسەنزادە: با جارێک بۆ هەمیشە قبووڵی بکەین کە هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستییان بە یەکترە

(وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتی و وتەبێژی دەفتەری سیاسیی حیزب)

گۆڕانکارییەکان لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر خێرا و بەلەز ڕوو دەدەن و کورد بەشێکە لە ئەکتەرەکان و لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەدا، بە تایبەت لە سووریە و ڕۆژاڤای کوردستان کە گۆڕانکارییەکان تا ڕادەیەک بە زیانی کورد شکاوەتەوە. نارەزایەتییەکان لە لوبنان و عیراق و لێکەوتەکانی کە تا ڕادەیەک پێی ئێرانی گرتووەتەوە و ئەم باس و خواسانەی ئەم دواییانە لەسەر پرسی نەتەوەیی لە ئێران هاتنە گۆڕێ؛ هەمووی باسهەڵگرن.

"کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەم بابەتانە و لێکدانەوەی چەند تەوەرێکی تر وتووێژێکی لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.

**کوردستان:** ئەو ماوەیە چ بۆ کورد و چ لە ناوچەدا مانگێکی پڕ ڕووداو و پێشهاتمان تێپەڕ کرد، بۆ نموونە مەسەلەی ڕۆژئاوای کوردستان، کێشە و نارەزایەتییەکان لە هێندێک لە وڵاتانی ناوچەدا،... هتد. ئەگەر لە سۆنگەی ئایندەی کورد و نەخشی ئێرانەوە چاو لە دۆخەکە بکەین، هەمووی ئەم گۆڕانکارییانە چەندە لە بەرژەوەندیی خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** لەگەڵ ئەوە کە گرینگترین ئاڵوگۆڕەکانی ئەو ماوەیە ئەوانە بوون کە باست کرد بەڵام ئێمە پێویستە چ بۆ دۆخی خۆمان وەک کورد و چ لە ئاستی ناوچەدا تەنیا بە دیدێکی مەحەللی بیر نەکەینەوە. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆخۆی زۆر لەمێژە ناوەندی قورسایی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. لە ساڵانی ڕابردووشدا زیاتر لە هەر کاتێک بووە بە تێئاتری ململانە و ڕکابەریی زلهێزەکانی دنیا. دەتوانم بڵێم کە دەوروبەری ئێمە ناوچەیەکە هەڵگری دینامیزمێکی ئەوەندە ڕاکێشەری سەرنجی دەرەکی و بەریەککەوتنی نێوخۆییە کە هیچ ناوچەیەکی جیهان نیەتی. لە جیهانی پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆشدا پێویستە هەمیشە ئاستی ئانالیزمان بەرەو فاکتۆرە جیهانییەکان بەرز بکەینەوە. ئەوە بە مانای لەبیر کردنی هۆکارە لۆکاڵییەکانی کێشە و پێشوەچوونەکان نییە، بەپێچەوانەوە هەموو کاری ئێمە دەبێ بۆ باشتر ناسین و ئاقاربەخشیی زیاتر بە دینامیزمە نێوخۆییەکان بێ، چونکە دۆخی ئێمە لەگەڵ ئەوە کە بەرهەمی دەستێوەردان و سیاسەتی ناعادڵانەی زلهێزەکانی دنیایە، تەنیا لەسەر ئەو عەرزەی کە لێی دەژین و لەو واقیعە مەیدانییەدا کە لەگەڵی بەرەوڕووین قابیلی

گۆڕانە. کورد لە خەباتی خۆیدا دەبێ هەمیشە پشت بە هێز و توانای خۆی ببەستێ و تێبکۆشێ بالانسی هێز لە پێشدا لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان و ڕکابەرە مەحەللییەکانی خۆی بگۆڕێ. بەڵام هەڵە دەبێ ئەگەر زەرووڕەتی سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی پشتگوێ بخەین. سەبارەت بە پێشهاتەکانی ئەم دواییانە، نموونەکانی ئیشارە پێ کردوون لە جنسی جیاوازن و مەلامح و لێکەوتەکانیشیان بۆ ئێمەی وەک کورد وەک یەک نییە. لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕووی دا بۆ هەموو کورد زۆر تاڵ بوو. بەهۆی بەستێنێکی سیاسیی پێشووتر کە لەلایەن ئەکتەرە کوردییەکان خۆشیانەوە کۆمەڵێک هەڵە و کەمایەسیی تێدا بوو و بەهۆی سیاسەتی دەمدەمی و قازانجپەرستانەی ئیدارەی ئێستای ئامریکا، ئەوەی لێی دەترساین ڕووی دا و مەیدان بۆ جێبەجێکردنی پیلانی لەنێوبردنی ئەزموونی ڕۆژئاوا خۆش بوو. ئەوەی ڕووی دا یان لە حاڵی ڕوودانە، بە زیانی هەموو کورد و بە قازانجی هەر چوار دەوڵەتی حاکم بەسەر کوردستانە بە کۆماری ئیسلامیشەوە. ئەمن لەگەڵ ئەوە نیم بەدەستی خۆمان شەرعیەت بە پشتتێکردنی ئامریکا لە کورد بدەین و بڵێین مادام دەوڵەتانی دیکە بەدووی بەرژەوەندیی خۆیانەوەن، هەر جۆر لەگەڵمان بجووڵێنەوە هەقیانە. بەڵام پێم وایە پێویستە لە خۆمان بپرسین بۆچی کورد نەیتوانیوە ئەوەندە یەکگرتوو بێ و خۆی ئەوەندە سەرنجڕاکێش بکا، کە زلهێزەکان هەر چەند دەیە و هەر چەند ساڵ جارێک و چەند جار پشتی بەرنەدەن. دیارە با ئەوەش ببینین کە هێرش و داگیرکاری بۆ سەر ڕۆژئاڤا دەرفەتێکی نوێ لە خۆدەرخستنی کورد و وەدەنگ هاتنی بیوێنەی ناوەندە سیاسییە نێونەتەوەییەکان و تەنانەت خەڵکی دنیا لە کوردی دروست کرد. هەمووی ئەمە بۆ دەکارخستنی زیاتر دەبێ و پێم وایە ئەگەر بژاردەی کوردی ڕۆژئاوا بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی پارچەکانی دیکەی کوردستان دانیشن بیرێک لەو دۆخە بکەنەوە کە کوردی تێدایە و مشوورێک لە پێوەندییەکانی نێوان خۆیان و ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەر کورد بکەنەوە، ئێستاش زەرفیەتی باش بۆ پێچەوانە کردنەوەی ئاقاری ڕووداوەکان بەدەستەوەیە. بەڵام شتی وا بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، پشووی درێژ و لە هەمووی گرینگتر باوەڕ و پێبەندیی نێوان کوردەکان پێویستە. دەبێ جارێک بۆ هەمیشە ئەوە قبووڵ بکەین کە سەرەڕای واقیعی سیاسی و ئاجێندای جیاوازیان، هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستیان بەیەکترە.

**کوردستان: لە پێوەندی لەگەڵ خۆپێشاندنەکانی عێراق و لوبنان و پێوەندیی بە ڕۆڵی ئێرانەوە چ دەڵێن؟**

**د. ئاسۆ حەسەن‌زادە:** دەستێوەردان و ڕۆڵی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و لوبنان و لە نموونەکەی پێشووشدا واتە سووریە، لە کەس شاراوە نییە. لەبیرمە جارێکیان ڕۆژنامەنووسێکی بیانی لە سەرکردەیەکی پێشووی حیزبی ئێمەی پرسی کە ئایا ئێران لە عێراقدا دەستێوەردان دەکا؟ ناوبراو بە زمانی تەنز وڵامی دایەوە و گوتی نەخێر نایکا، چونکە ئێرە ماڵە خۆیەتی! دیارە لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندیی ئێراندا زەمینە و زەرفیەتی نارەزایەتییەکانی ئێستای عیراق و لوبنان یەک نین. بەڵام یەک شت لە هەردووکیاندا حازرە و دەتوانێ بۆ ئایندەی کۆماری ئیسلامی و ناوچە بە گشتی گرینگ

بێ. ئەویش ئەوە کە لە هەردووکیان دەنگەکان بەدژی خۆتێهەڵقورتاندن و خراپکاریی کۆماری ئیسلامی تا دێ زەلاڵتر دەبن. لەخۆڕا نییە کە خامنەیی بەو لەحنە ئیشارەی بە خۆپیشاندەرانی عێراقی کرد. ئەمن هیچ گومانم نییە کە ئەو سناپیەرانەی گیانی خۆپێشاندەرانی عیراقی دەستێنن، بەکرێگیراوی ئێرانن، ئەگەر ئێرانی نەبن.

**کوردستان**: **ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕەنگدانەوەی لە فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێرانیشدا هەبوو. یەک لەوان ئەو باسانە بوو کە لە پاڕلمانی ئێران کرا. لێکدانەوەتان بۆ ئەم باس و بابەتانە چین کە لەو پێوەندییەدا پارلمانی ئێراندا هاتنە گۆڕێ؟**

**د. ئاسۆ حەسەن‌زادە**: لەپێشدا ئەوە کە پارلمانی دەوڵەتێکی سەرکوتکەری کورد دانیشتنی تایبەتی لەسەر دۆخی کورد لە بەشێکی کوردستاندا دابنێ، بە شتێکی باش دەزانم. هەرچەند موشکلی کورد بەوە حەل نابێ، بەڵام ئەو جۆرە شتانە فاکتەری کوردی لە زێهنی سیاسیی بڕاردە حاکمەکاندا زیاتر وەک پرسێکی حاشاهەڵنەگر لێ دەکا. لەو باس و خواسانەدا هێندێک شتی باشیش گوتراون. بەڵام بەو دەلیلە ئیشکالیان تێدا دەبینم کە زۆرتر لە سۆنگەی دژایەتیی تورکیە یان گرژیی نێوان تورکەکانی ئێران و کوردەوە چوونە پێش. بەشێک لە نوێنەرە کوردەکان تەنیا بە دیدی دژایەتیی ئەردۆغانەوە قسەیان کرد. وتە و ڕەفتاری نوێنەرە تورکەکانیش بە ئاشکرا ڕق و دژمنایەتی لەگەڵ هەموو کوردی لێ دەباری. ئەمن پێم وایە ڕێژیم هیچکام لەوانەی پێ ناخۆش نییە، واتە ئەوە کە بڕاردەی کوردی ڕۆژهەڵات پارچەکەی خۆی لەبیر بچێتەوە و هەر لە بەرەی دژە عوسمانیدا چالاک بێ؛ لەولاشەوە گرژیی نێوان نەتەوەکانی ئێران پەرە بستێنێ و لاوازبوونی کوردی لێ بکەوێتەوە.

**کوردستان**: **بەڵام کورد و تورک وەک هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بەتایبەتی کە دراوسێشن، دەبوو هاوخەم و هاوخەبات بن. بۆ وا نییە؟ چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە یاریگەی تەورێز دروشمی «مەرگ بۆ کورد» درا. چی وا دەکا کورد و تورک بەجێی ئەوەی هاوخەبات بن، تورک کورد بە ڕکەبەر و نەیاری خۆی دابنێ؟ مەترسییەکانی پەلوپۆ هاویشتنی ئەم گرژییانە کە وا دیارە سیستماتیکە و دەستی ڕێژیمیشی لەپشتە چین و ڕێگاچارە چیە؟**

**د. ئاسۆ حەسەن‌زادە**: ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ڕێژیم شتەکە ڕوونە: جومگەکانی دەسەڵات لە ئێران بە تورکان تەنراوە و ئێلیتی فارس لەنێو دەسەڵاتیش پێی خۆشە بۆ دژایەتی و لاوازکردنی کورد (چونکە هەمیشە کورد بۆ مافی خۆی و بەدژی دیکتاتۆری مکوڕتر بووە) یان بۆ ترساندنی سەرجەم خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن لە باڵکانیزە بوونی ئێران، گرژییە قەومییەکان بە زیندوویی ڕابگرێ و بەپێی شوێن و هەلومەرج کەم و زیادی بکا. بێخەبەر لەوە کە دووکەڵی ئەو ئاگرە ئاخری دەچێتەوە

نێو چاوی دەسەڵاتی ناوەندی و تەواوەتی ئەرزیی ئێران کە گۆیا زۆری لە خەمدان چاکتر دەچێتە ژێر پرسیار. ئەمڕۆ بەشێکی گرینگ لە نوخبە و تەنانەت خەڵکی ئاسایی لەنێو تورکەکانی ئێران ڕوویان زۆرتر لە تورکیە و پان - تورکیسمە تا لە تاران. سەبارەتبە پێوەندیی کورد و تورکیش، دەبێ بزانین کە دۆخی کورد و تورک لە ئێراندا قەت وەک یەک نەبووە و تورکەکان ئەوەندەی نەتەوە و کەمایەتییەکانی دیکە ژێردەستە نەبوون. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمەش شۆڤێنیستانە بجووڵێینەوە و حاشا لە مەوجوودیەت و مافەکانی ئەوان بکەین. پرسیار ئەوەیە چۆن دەکرێ مافەکانی هەمووان وەدی بێ، بەبێ ئەوەی مافخوازیی گەلێک لەسەر حیسابی هەقی گەلێکی دیکە بێ. ئەمن پێم وایە بۆ پێشگیری لە کارەساتەکانی ئایندە، پێویستە دوو کار بکەین: یەکەم و لە هەمووی گرینگتر، یەکگرتوویی و خەباتی هەمەلایەنەی کورد بۆخۆیەتی. ئێمە بەداخەوە ئێستاش بەو جۆرەی پێویستە داتا و زانیاریمان لەسەر واقیعیەتە مێژوویی و جوغرافییەکان و ئاڵوگۆڕەکانی دێمۆگرافیی ئێتنیکی و وردەکاریی بنەما ستراتێژییەکانی قەوارە و نیهادەکانی ئایندەی خۆمان نییە؛ بەرنامەڕێژی چڕوپڕ و درێژخایەن و یەکگرتوومان نەکردوە؛ ڕێکارەکانمان نیوەچڵ و پرشوبڵاو و کاتین. دەبێ بزانین پرسی ئێمە بە خەون و ئارەزوو و دروشمی قەبە جێبەجێ نابێ. دەبێ دووردیمەنێکی سەروەریخوازانە بۆخۆمان دابنێین، بەڵام ئەوە لە هەموو بوارەکاندا هەنگاوی ورد و پلانمەند و درێژخایەنی دەوێ. دووەم، لەبارەی پێوەندیی کورد و تورک، من پێم وایە لەگەڵ ئەوە کە دەبێ بۆخۆمان وەها بەهێز بین کە چیدیکە کەس بیر لە کۆمەڵکوژیمان نەکاتەوە و خاک و ناسنامەمان جرجانخواردوو نەکەن، بەڵام گرژیی نێوان نەتەوەکان و زەمینەی یەکتر پاکتاوکردن بە قازانجی کەس نییە. زۆرتریش بە زیانی کوردە، چونکە ئەگەر ڕۆژێک کارەساتی بەربڵاو ڕوو بدا، ئەو نەتەوەیەی بێکەسترە، تورکەکان نین، بەڵکوو کوردە. هەربۆیە ئێمە وێڕای ساغکردنەوەی خاک و نیشتمانی خۆمان و بەهێزکردنی بنەما سیاسی و ئیداری و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی ئەمنیەتی قەومیی خۆمان، دەبێ کار لەسەر دیالۆگ و لێکگەیشتنی نێوان ئەو دوو نەتەوە گرینگەی ئێران بکەینەوە و وا بکەین کە لە موناسباتی ئێستا و ئایندەی نێوانماندا ئەقڵ و مەنتق و عەداڵەت و بەرژەوەندیی هاوبەش باڵادەست بن. بۆ ئەوە ئێمە دوو ئەزموونی مێژوویشمان هەیە، یەکیان هیی سمایل ئاغای شکاک (سکمۆ)یە، ئەوی دیکەش هیی پێشەوا قازی محەممەدە. وەک خۆم پێم وایە دەبێ بۆ ئەمڕۆ و ئایندە تەلفیقێک لە هەردووکیان دروست بکەین؛ واتە هەم بۆخۆمان بەهێز بین و مەیدانداریی ڕەوا بکەین، هەم بۆ لێکگەیشتن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پێوەندیی بنیاتنەری نێوانمان هەوڵ بدەین.

**کوردستان: هەڵوێستی بژاردەی نەتەوە غەیرە کوردەکانیش جێی تێڕامانە. لە کاتە ناسکەکاندا هەموویان شمشێر و خەنجەر لە کالان دێننە دەرێ و ڕوو بە کورد ڕایدەوەشێنن لەبەر ئەوەی وەک دەڵێن کورد جیاییخوازە. لەحاڵێکدا کە کورد ئەوەندەی بۆ مافی خۆی خەباتی کردوە، ئەوەندەش بۆ نەهێشتنی سەرەڕۆیی لە ناوەندا تێکۆشاوە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە کورد خۆی یەکلا بکاتەوە و وێژمانی خۆی بگۆڕێ؟**

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** ڕەنگە پێت سەیر بێ ئەگەر بڵێم نەخێر! ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە لەگەڵ بوونی دەرفەتی نوێ بۆ گەلان، بەربەستی نوێش لەسەر ڕێگایان زۆرە. ناکرێ بە فۆرموولە سادەکانی سەردەمانی پێشوو مامەڵە لەگەڵ واقیعییەتەکانی دنیای ئەمڕۆ بکەین. لە بنەڕەتڕا ئەمڕۆ هیچ گەلێک و تەنانەت هیچ دەوڵەتێک بۆ هیچ پرسێک بەموتڵەقی و بۆ هەمیشە خۆی یەکلا ناکاتەوە. بەڵکوو دیپلۆماسیی هاوتەریب و جووڵەی هەمەلایەنە و ئاڵۆز بەڵام ئاراستەکراو دەگرێتەبەر. هێندێک کەس لەخۆڕا ئامانج و مێتۆد و بەستێن و پۆتانسیەلە جیاوازەکان دابەش دەکەن و لە بەرامبەر یەکتریان دادەنێن. هەموو شتێک بە دیاریکردنی دوورەدیمەن و ئەولەویەت و پۆلێن و یەکخستن و ڕێکخستنی شتەکانەوە بەستراوەتەوە. مەعلوومە خەباتی ئێمە وەک کورد پێش هەموو شتێک بۆ مافی خۆمان، بۆ خەڵکی خۆمان و بۆ خاکی خۆمانە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە خۆمان لێ ببێ بە تاکە ئەکتەر و بڕیاردەری مەیدانەکە و کەسی دیکە نەبینین. مادام لەگەڵ یار و نەیاران ڕووبەڕووین، مادام ئەکتەری دیکەی تەنانەت لە ئێمە بەهێزتر لە مەیداندان، دەبێ جۆری ڕوانین و ڕەفتاری ئەوانمان بۆ گرینگ بێ. لێرەدایە کە پێم وایە لەگەڵ ئەوە کە ئەولەویەتی ئێمە هەر دەبێ مافەکانی کورد و یەکگرتوویی و بەهێزبوونی خۆمان بێ، لەگەڵ ئەوە کە ئامانجی کۆتایی ئێمە سەربەستیی کورد وەک نەتەوە و بەختیاریی کورد وەک ئینسانە، بەڵام دێموکراسی لە وڵاتانی ناوچەدا و ڕەفتاری ئەقلانی ئەکتەرەکانی دیکە هەرچەندە زەحمەت و دوورەدەستیش بێ، هەر دەبێ بۆمان گرینگ بێ و لە هەوڵیدا بین. ئەوە ئەو کاتەی کورد خەتی خۆی جیا بکاتەوە و بۆ سەربەخۆیی خەبات بکا، پێویستتریشە. لەو شوێنەدا کە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا خاڵی بەهێزی خۆیان لە مووشەک و تانک و تەیارەدا دەبینن، خاڵی بەهێزی ئێمە ئیرادەیە، جەهانبینییە، باوەڕ و بەهایە. بە قەولی قانع «چەکی شۆڕشگێڕیی من نووسین و بیروباوەڕە، ئەو دژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە». بە دڵنیاییەوە ئەو هەوڵانە کە بۆ دێموکراتیزاسیۆنی بەرامبەرەکانمان یان بۆ وەدەنگ هاتنی نیهادە نێونەتەوەییەکان دەیدەین، لەپێشدا لەپێناو بەرژەوەندیی خۆماندا دەیدەین. ئەمن قبووڵمە کە نابێ وەکیلی خەڵکانی دیکە و بەڵاگێڕەوەی کەس بین، بەڵام با واشی لێ نەیە کە لەژێر ناوی واقعبینیدا سەرەتاییترین چەمک و بەهاکان بێنینە ژێر پرسیار. کاری ئێمە لە هەر حاڵدا سەختە، بۆیە دەبێ لە هەموو لایەکەوە و بە هەموو ڕێگایەکی مومکین و مەشرووع لە فکریدابین.

**کوردستان:** د. ئاسۆ با بێینە سەر باس و بابەتێکی دی. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیسبەت پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆر لەسەر هەستە، بەڵام بە نیسبەت دۆخی خۆی لە بەستێنە گشتییەکەدا تا ڕادەیەک بێخەمە. بۆ نموونە کۆڵبەرکوژی یا چارەنووسی «زارا» ئەوەندەی «چیچەک» لەلای بژاردەکانی خۆشمان گرینگیی پێ نادرێ. هۆی ئەمە بۆ چی دەگەڕێننەوە؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** لەپێشدا با بڵێین چیچەکیش کوردە و پێویستە هەموو کورد خۆی لێ بە خاوەن بکا. کێشە سەرنجدانی ڕۆژهەڵاتییەکان بە چیچەکەکان نییە، کێشە سەرنجنەدانی کوردی پارچەکانی دیکە و سەرنجدانی کەمی خودی ڕۆژهەڵاتییەکان بە زاراکانە. ئەوەش هۆکاری زۆرە. لە بنەڕەتڕا مادام لە ئێراندا دەرفەتی ڕاستەقینەی چالاکی بۆ کوردەکان لە پێوەندی لەگەڵ ماف و مژارەکانی خۆیان نیە، ئەو ئێنێرژییە ئینسانی و نەتەوایەتییە بۆ ماف و مژاری کورد لە پارچەکانی دیکەدا دەکار دەخرێ، بەتایبەتی ئەگەر بێت و بابەتەکە بووبێتە سووژەی بیروڕای گشتیی جیهانی. ئەمن ئەوەم پێ ئاساییە، بەمەرجێک کوردی ڕۆژهەڵات ماف و مژارەکانی خۆی لەبیر بن و ماف و مژاری پارچەکانی دیکەش وەک دەرفەت و بیانوو بۆ خستنەڕووی ماف و مژارەکانی خۆیشی بەکار ببا. لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە بۆ هاودەستیی ناڕاستەوخۆی دەسەڵات و هێندێک لایەنی کوردی بۆ لە پەراوێزخستنی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە. لەوەش گرینگتر (گرینگتر چونکە ئەوەیان بەدەست خۆمانە) دەمەوێ ئیشارە بە نایەکگرتوویی و نەبوونی وەرەقەیەکی کاری هاوبەش لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا و لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ کۆمەڵگە بکەم. لەبیرمان نەچێ ئەو هاوپێوەندییەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات پاش مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات نیشانی دا، بۆ هیچ پرسێکی پارچەیەکی دیکەی کوردستانی نەکردوە. من پێم وایە نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان، نوێنەرانی پارلمان و ئۆرگانە محەللییەکان و بەگشتی بژاردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەک خۆمان ڕەخنەیان زۆر لەسەرە و پێویستە بوێرانەتر و شێلگیرانەتر دۆخی کوردی ڕۆژهەڵات و خاوەنداریتی لە ڕۆڵەکانیان و لە پرسی سیاسیی میللەتەکەیان بکەنە سەردێڕی کارەکانیان. بەڵام ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە هێزە سیاسییەکانیش بەستراوەتەوە کە یەکگرتووانە و مەیدانیتر بجووڵێنەوە، ڕوانگەی هاوبەش و پەیامی ڕوون و خۆراکی وێژمانی و کەرەستەی خەباتگێریی کاراتریان بدەنێ. بەکورتی هەر خەڵکی ناوخۆ نییە کە پێویستە ڕۆژهەڵاتیان زیاتر لەبیر بێ، ئێمە بۆخۆشمان دەبێ زیاتر لە خەمی ڕۆژهەڵاتدا بین.

**کوردستان:** لە پێوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکاندا، وێ ناچێ ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆژاوا، دوو ساڵ لەمەوبەر کەرکووک و تەنانەت گۆڕانکارییەکانی ئێستا لە بەغدا و لێکەوتەکانی بوونە هۆی بەخۆداچوونەوە و یەکگرتنی لایەنەکانی کورد. دەبێ چی ڕوو بدا کە ئێمە لەو قۆناغە دەرباز ببین؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** ئەوەی سێ سەت ساڵە بەسەر گەلی کورد دێ بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمەوە دەبوو زۆر پێش ئەو ڕووداوانەی باسیان دەکەی یەکیان خستباین. بەداخەوە وەرزشی میللیی کوردان نایەکگرتووییە. بەڵام ئەوە عەیبێکە کە وەک نەخۆشییەک دەبێ هەم لەگەڵی بژین، هەم لەگەڵی شەڕ بکەین. ئەگەر پێنج ساڵ پێش ئێستا ئەو پرسیارەت لێ کردبام، دەمگوت نا ئێستا شکور پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد زۆر لە جاران باشترە و شتی ناخۆشی ڕابردوو دووبارە نابێتەوە. ئێستا لەو قسەیەی خۆم وە گومان کەوتووم. من پێم وایە بۆ ئەوەی سادەترین کاری هەر میللەتێکی ژێر هەڕەشە

بکەین، واتە یەکگرتوو بین، پێویستە هەموو تاکەکان و هەموو لایەنەکان تەوازوعیان هەبێ و واز لە خەونی تاکەکەسی و بەرژەوەندیی بەرتەسک و مەزنیخوازی بێنن. هیچ کەس و هیچ لایەنێک نابێ لە مەنزەڵەتی قەییومیەتی هەموو ئەوانی دیکە قەرار بگرێ. پێویستمان بە کۆمەڵگەیەکی هەمیشە چاودێر و لە مەیدان و لەسەر خەت هەیە؛ پێویستمان بە بژاردەی ژیر و بەرپرسیار هەیە؛ پێویستمان بە ڕێبەرانی وایە کە بە دیدی مێژوویی بەڵام بە مەهارەتی ئەمڕۆیی نەخشەڕێگایەک دابڕێژن و جێبەجێی بکەن کە هەموو ئاستەکانی کایەی سیاسیی کورد لەنێوان پارچە جیاوازەکان و لە هەر پارچەیەکدا ڕوو بە خۆمان و ڕوو بە نەیاران و دنیای دەرەوە هەماهەنگ بکا؛ پێویستمان بە سیاسەتکردنێکی دابێژراو و داماڵڕاو لە پەراوێزی واریداتی و لە ئەقڵیەتی بچووکی زیانبەخش هەیە، سیاسەتکردنێکی باوەڕبەخۆ، نەتەوەویست و نەتەوەساز، لاق لەسەر عەرز، فرەڕەهەند، دەرسوەرگر لە ڕابردوو و خاوەن دووورەدیمەنی ڕوون و هیوابەخش. سیاسەتکردنێک کە متمانەی تاکی کوردی بخاتە سەرووی هەموو شتێک، هەموو فرەچەشنییەکانی دەروونی خۆمان ببینێ، لە درز و دابەشبوونەکان کەم بکاتەوە، بنەمای خاک و نیشتمان و پەرژینی نەتەوەییمان پتەو بکا و توانا و نەفەسی تاودانی مێژوویيمان چەند قات بباتەسەر.

**کوردستان:** دوکتور، ئێوە لەم دواییانەدا سەفەری دەرەوەی وڵاتتان کرد. ئایا دەسکەوتەکانی ئەم جۆرە سەفەرانە چین و بەگشتی وەزعیەتی کار و تێکۆشانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتانی دەرەوە و بەگشتی کوردەکان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** لەگەڵ ئەوە کە ئێمە نە لە هەلومەرجی دژواری ئێستا و نە لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ لە ڕادە و جۆری خەبات و تێکۆشانی خۆمان ڕازی بین و هەردەم پێویستە بۆ کاری زیاتر و دەسکەوتی باشتر تێبکۆشین، لەو باوەڕەدام کە پێویستە لە هەڵسەنگاندنی کار و هەوڵەکانمان لە هەر بەستێنێکدا مومکیناتی هەر قۆناغێکمان لەبەرچاو بێ. وەک دەزانن بە زۆر هۆکاری سیاسی و ژێوپۆلیتیک و بە دەلایلی تایبەت بە دۆخ و خیسلەتی کوردەکان خۆیان، کاری ئێمە لە بواری لۆبی و شوێندانان لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی لەو گەلانەی خاوەن دەوڵەتن یان بەهەرحاڵ جوغرافیا و مێژوو کەمتر غەدری لێ کردوون، سەختترە. کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات هەروەک لە خودی کوردستان پێویستی بە پەسندکردنی ڕوانگەی ستراتژیتر، ڕێکاری ژیرانەتر و یەکبوونی واقعیتر هەیە. بەڵام ئەمڕۆ لە چاو پەنجا ساڵ و تەنانەت دە ساڵ پێش ئێستا کورد لە دنیادا جێگە و پێگەیەکی دیکەی هەیە. ئەوەش بەشێکی بۆ خاوەنداریيەتییەکی تۆکمەتر و بەرچاوتر و بەربڵاوتری دیاسپۆرای کوردی لە مەسەلەی سیاسیی نەتەوەکەی دەگەڕێتەوە. دیارە ئێستاش بە تابعیەت لە لایەنە سیاسییەکانی کورد، کەموکۆڕی و پرشوبڵاوی و تەسکبینی زۆر دەرفەت نەزۆک دەکەن، بەڵام ئەمن بە چاوی ڕێز و ئومێدەوە دەڕوانمە پۆتانسیەلی کوردەکانی دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی کوردی ڕۆژهەڵات. ئێمە

لەو ماوەیەدا ئەوەمان هەم لە ساڵیادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و هەم بەتایبەتی لە کاتی هێرشی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەباشی بۆ وەدەرکەوت. ئەگەر تەنیا وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش چاو لە مەسەلەکە بکەم، ڕێم بدە بڵێم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتانی دەرەوە و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات بە هەموو چاوەڕوانییەکی هەردەم زیاتر کە لێمان هەن، لەنێو بژاردەکانی گەلانی هاوشێوە و لەنێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا سەرتۆپی لێهاتوویی و دڵسۆزی و لەخۆبوردوویی بێ چاوەڕوانین، لە کاتە هەرە سەختەکاندا هانابەخش و پشتیوان و دەست و چاوی ئێمە بوون.

**کوردستان**: سپاس کە کاتت بۆ ئەم دیمانەیە دانا.

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئێوەش ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧٢٠ی کورد = دێسەمبەری ٢٠٢٠ی کوردی**






وتوویژ پرسێکی فەلسەفی نییە هەتا بەشێوەی ڕەها حوکم لەسەر دروست یا هەڵەبوونی بدەین، بەڵکوو پرسێکی سیاسییە کە دەبێ وەک یەکێک لە شێوازەکانی گەیشتنی لایەنێک بە بەشێک لە ئامانجەکانی چاو لێبکرێ. دەکرێ لە سەردەمێکدا شێوازێکی خەبات مومکین و کاریگەر بێ، لە سەردەمێکدا شێوازێکی دیکە. جاری وایە شێوەیەکی خەبات هیچ چەشنە کارایییەکی سیاسی و عەینیی نییە، بەڵام لە بەستێنی حقووقی و مێژوویی‌دا مانادار و بەجێیە. مادام هیچ کێشەیەکی سیاسی لە دنیادا لە درێژخایەندا ڕێگاچارەی نیزامیی نییە، دەتوانین بڵێین هەموو شێوەکانی خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە بۆ ئەوە بەکار دێن کە لە کۆتاییدا لایەنەکانی کێشە لە ڕێگای گفتگۆوە بە چارەسەرێکی ڕاستەقینە و چەندی بکرێ هاوسەنگ بگەن. هەربۆیە قسە نەک لە ڕوانینێکی ئیدەئالیستانە و بەهاگەرایانە، بەڵکوو لە باڵانسی سوود و زیانەکانی ئەم شێواز یان ئەو شێواز لە دۆخی هەنووکە و لە چارەنووسی درێژمەودادا هەم لەباری زەینی و جەهانبینییەوە و هەم لەباری عەینی و سیاسییەوەیە.

بەو پێیە ئەوەی دەبێ قسەی لەسەر بکرێ ئەسڵی وتوویژ نییە، بەڵکوو ئەو فاکتەرانەن کە شانسی سەرکەوتن و بەرهەمدار بوونی وتوویژ و سنووردارکردنی زیان و مەترسییەکانی وەها ڕێکارێک دیاری دەکەن و پێمان دەڵێن کە ئەگەر وتوویژ دەکەین، چۆنی بکەین.

د. ئاسۆ حەسەن زادە